https://t.me/kurdistanbooks

کریس کۆچرا

https://t.me/kurdistanbooks

# کورد

## له سه‌ده‌ی نۆزده وبیسته‌م دا

وه‌رگێڕانی له فارسییه‌وه

حه‌مه که‌ریم عارف

https://t.me/kurdistanbooks

ناوی کتێب : کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا
بابەت: مێژووی کورد
نووسەر: کریس کۆچرا
وەرگێر: حەمە کەریم عارف
تایپ: زنار محەمەد
هەڵەچن: سەرگوڵ محەمەد ئەمین
چاپی یەکەم:٢٠٠٣، کتێب فرۆشی سۆران، هەولێر
چاپی پێنجەم:٢٠٠٩
لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارە(٦٢٢)سپاردنی ساڵی دراوەتێ

https://t.me/kurdistanbooks

## پێڕستی بابەتەکان

پێشکەش
دەربارەی نووسەر
وتەیەك..........حەمەکەریم عارف
بەشی یەکەم : سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی
١- میر بەدرخان،شای کوردستان
٢- شێخ عوبەیدوڵڵای شەمدینان
٣- دامەزراندنی کۆمەڵەو یانە کوردیەکان
٤- ماڵباتی بەدرخان
٥- شەریف پاشا
٦- رەوت وریێبازە سەرەکییەکانی ناسیونالیزمی کوردی
٧- پارچەبوونی بزاڤی کوردی
٨- گەڕان بە دووی زێرەڤان وپشتیوانێکدا
٩- سەرچاوەو پەراوێزان
بەشی دووەم : ساڵانی سەرکوتکاری
فەسڵی یەکەم : شۆرشی کوردستانی تورکیا(١٩٢١)
١- ئینگلیزەکان وشۆڕشی کورد
٢- نەخشەی خەلیل بەدرخان
٣- کۆمەکی یۆنان
٤- بڕیاری چەرچیل
٥- سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردان
٦- سەرچاوەو ژێدەران
فەسڵی دووەم : سمکۆ
١- گرتنی سابلاٚغ(مەهاباد)١٩٢١
٢- سمکۆ
٣- سمکۆوئینگلیزەکان
٤- سمکۆوترکان
٥- سمکۆ وروسەکان
٦- شەڕیمیاندواو ١٩٢٢/٤
٧- شەڕی شەکریازی ١٩٢٢/٧/٢٥
٨- شەڕی ساری تاش ١٩٢٢/٨
٩- بەجێهێشتنی ولاٚت
١٠- پێشوازی شێخ مەحموود
١١- ساڵانی ئاوارەیی
١٢- سەرچاوەو پەراوێزان

https://t.me/kurdistanbooks

فەسڵی سێیەم : شۆڕشەکانی شێخ مەحموود
١- میر فەیسەڵ
٢- ڕاپرسی:ریفراندۆمی گشتی
٣- مەلیك فەیسەڵ
٤- جموجوڵی ترکان لە کوردساتاندا
٥- چۆڵکردنی سلێمانی ١٩٢٢/٩/١
٦- گەڕانەوەی شێخ مەحموود
٧- شێخ مەحموود (مەلیکی کوردستان)
٨- چاپەمەنی کوردی لە زەمانی پاشایەتی شێخ مەحموودا
٩- مەسەلەی کەرکوك
١٠- شێخ مەحموودوترکەکان
١١- بەیاننامەی سەری ساڵی ١٩٢٢ی بەریتانیا
١٢- لێخستنی شێخ مەحموود
١٣- بۆردومانی سلێمانی
١٤- شەڕی ئۆزدەمیر
١٥- دانانی سەید تەها بە حوکمداری رەواندز
١٦- گرتنەوەی سلێمانی ١٩٢٣/٥/١٦
١٧- فەشەلهێنانی رژێمی هاوکاران
١٨- گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ١٩٢٣/٧/١١
١٩- ئەنجوومەنی دامەزرێنەران وپەیمان وریکەوتن لەگەڵ بەریتانیای مەزندا
٢٠- بۆردومانی سلێمانی ١٩٢٤/٥
٢١- گرتنەوەی سەرلەنوێی سلێمانی ١٩٢٤/٧/١٩
٢٢- ئاقیبەتی کار
٢٣- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی چوارەم : شۆڕشی شێخ سەعید(١٩٢٥)
١- شۆڕشی شێخ سەعید
٢- شێخ سەعید
٣- سازدانی شۆڕش
٤- رۆڵی سۆڤیەتەکان
٥- هەڵوێستی پیاوماقوڵوخانەدانانی شارەکان
٦- سەرەتای شۆڕش
٧- گرتنی خەرپوت (١٩٢٥/٢/٢٦)
٨- گەمارۆدانی دیاربەکر ٤-١٩٢٥/٣/٧
٩- پەرەسەندنی شۆڕش
١٠- دەزگای سەرکوتکاری

https://t.me/kurdistanbooks

١١- عەمەلیاتی عەسکەری دژی کوردان
١٢- سەرکوتکاری
١٣- دادگایی
١٤- دەرەنجامەکانی شۆڕشی شیخ سەعید
١٥- پەنابردنە بەر عێراق
١٦- لە سەرکوتکاریەوە بۆ پاکتاوکرنی نەژادی
١٧- سەرچاوەوپەراوێزان
فەسڵی پێنجەم : کۆماری ئارارات(١٩٢٧-١٩٣١)
١- دامەزراندنی خۆیبوون
٢- رووبەرووبوونەوەکانی ساڵی ١٩٢٧
٣- هەڵوێستی سۆڤیەت
٤- ئیحسان نوری‌و راپەرینی ئارارات
٥- ئارارات
٦- دان‌وستاندێن ساڵی ١٩٢٨
٧- سەرەتای شەرەکان
٨- دژە هێرشی کوردان(نیوەی یەکەمی ١٩٣٠/٧)
٩- ململانێی ترکیا وئێران
١٠- موداخەلەی شێخ ئەحمەدی بارزان
١١- شۆرشی حاجۆ
١٢- روخانی کۆماری ئارارات(ئەیلولی ١٩٣٠)
١٣- تەشەنەکردنی شەڕ بۆ ناو ئێران(بەهاری ١٩٣١)
١٤- هێزەکانی ئەو ناوچەیە
١٥- یەکەمین قۆناغی شەڕی ئێرانییەکان(ئایاری ١٩٣١)
١٦- قۆناغی دووەمی شەڕی تەموزی ١٩٣١
١٧- هاوکاری ئێران‌وترکیا دژی کوردان
١٨- چارەسەری ترکان بۆ مەسەلەی کورد
١٩- سەرچاوەوپەراوێزان
فەسڵی شەشەم : دوا شۆڕشی شێخ مەحموود
١- شەڕی ١٩٢٥
٢- شەڕەکانی ١٩٢٦
٣- گفتوگۆ دەگەڵ کورنوالیس ١٩٢٦/١٠/٩
٤- پەرەسەندنی (کۆمەڵەێن کوردی)لە کوردستانی عێراق ١٩٢٦-١٩٢٧
٥- راپەڕین‌وشۆڕشێن سلێمانی ١٩٣٠/٩/٦
٦- شۆڕشی شێخ مەحموود لە مانگی ١٩٣٠/١١دا
٧- دوا شەڕی دژ بە شێخ مەحموود

https://t.me/kurdistanbooks


٨- سەرچاوەو پەراوێزان

فەسڵی حەوتەم : شێخ ئەحمەدی بارزان..شەجەرەنامەی شێخانی بارزان

١- شێخ ئەحمەدوشۆڕشی ئارارات

٢- شەڕی شێخ رەشیدی لۆلان

٣- یەکەمین لەشکرکێشی بۆ سەر شێخ ئەحمەد(١٩٣١/١٢)

٤- دووەمین لەشکرکێشی بۆ سەر شێخ ئەحمەد(شوباتی ١٩٣٢)

٥- سێیەمین لەشکرکێشی بۆ سەر شێخ ئەحمەد(١٩٣٢/٣)

٦- کەوتنە زۆنگاوەوە(١٩٣٢/٤)

٧- دوا شەڕەکان(١٩٣٢/٦)

٨- شۆڕشی شێخ محەمەد سەدیق ومەلامستەفا بارزانی

٩- سەرچاوەوپەراوێزان

فەسڵی هەشتەم : شۆڕشی دەرسیم

١- نەخشەی عابدین ئۆزمەن بۆ سڕینەوەی کەسایەتی کوردی...

٢- قانوونی ساڵی ١٩٣٧

٣- سەید رەزا (١٨٦٢؟-١٩٣٧)

٤- بەیاننامەی سەید رەزا

٥- پەشێویە سەرەتاییەکان(١٩٣٧)

٦- هۆکاروفاکتەرێن راستەوخۆی شۆڕشی ١٩٣٧

٧- سەرکوتکردنی شۆڕش

٨- گفتوگۆ

٩- دەسەڵاتی عەلی شێروکوشتنی

١٠- کۆتایی شەڕ

١١- گرتنی سەید رەزا

١٢- سەرچاوەو پەراوێزان

بەشی سێیەم : خەبتین لە ڕای خۆیبوون

فەسڵی یەکەم : یەکەمین شۆڕشی بارزانی و سەرهەڵدانی حیزبان(١٩٤٣-١٩٤٥)

١- برایەتی

٢- رێکخراوی دارکەر

٣- دامەزراندنی هیوا

٤- راکردنی بارزانی(١٩٤٣/٧/١٣)

٥- گفتوگۆ

٦- پچڕانی پەیوەندییان

٧- بارزانی وئینگلیزەکان

٨- نامەی نێوان بارزانی-کورنوالیس

٩- ناوبژیوانی ماجید مستەفا

https://t.me/kurdistanbooks

١٠- ڕاگەیاندنی دەربڕینی گوێڕایەڵی بارزانی لە بەغدا
١١- ژێوان بوونەوە
١٢- نوری سەعیدوکوردان
١٣- ئاکربڕ(٦/١٩٤٤- ٦/١٩٤٥)
١٤- شەڕی ١٩٤٥
١٥- جیاوازی بۆچوونی ئینگلیزوعێراق
١٦- یەکەمین هێرشی سوپای عێراق
١٧- شکستەکانی دیکەی سوپای عێراق
١٨- تەسلیم بوونی مەحموود ئاغای زێباری بە دژمن
١٩- دوا شەڕ
٢٠- ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی جیهانی ئەم کارە
٢١- بارزانی وحیزبی هیوا
٢٢- پارچەبوونی هیوا
٢٣- حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ومەسەلەی کورد
٢٤- چونونی بارزانی بۆ ئێران....
٢٥- سەرچاوەو پەراوێزان.
فەسڵی دووەم : سۆڤیەتەکان لە کوردستانی ئێران،وکۆماری مەهاباد
١- مەهاباد
٢- ماڵباتی قازی محەمەد
٣- نێوان ئینگلیزوروسەکان
٤- ئینگلیزوکورد و سۆڤیەتەکان
٥- قازی محەمەدوسۆڤیەتەکان
٦- یەکەم سەفەری ناودارانی کورد بۆ باکۆ(١١/١٩٤١)
٧- ڕەنگدانەوەودەنگدانەوەی سەفەری باکۆ لە جیهاندا
٨- ترسی ترکەکان
٩- دەنگدانەوەی سەفەرەکەی باکۆ لە ناوچەکەدا
١٠- ڕقبەڕقێی ناوخۆ
١١- دەوری (ناوبژیوانی)سۆڤیەتەکان لە کوردستاندا ساڵی ١٩٤٢
١٢- ئاژاوەی ڕەزاییە(٤-٥/١٩٤٢)
١٣- کۆنفرانسی شنۆ(ئەیلولی ١٩٤٢)
١٤- مانۆرەکانی قازی محەمەد
١٥- دامەزراندنی کۆمەڵە
١٦- دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان
١٧- سەفەری دووەم بۆ باکۆ(ئەیلولی ١٩٤٥)
١٨- ڕاگەیاندنی کۆمار(٢٢/١/١٩٤٦)

https://t.me/kurdistanbooks


١٩- سوپای مەهابادوبارزانییەکان

٢٠- قەیرانی نێوان ئازەربایجان وکوردستان

٢١- ئاگربڕ(٥-٩/١٩٤٦)

٢٢- سەرکۆمار قازی محەمەد

٢٣- مەهاباد لە سەردەمی (کۆماری)دا

٢٤- دوا گفوگۆ

٢٥- روخانی کۆماری مەهاباد(١٩٤٦/١٢/١٧

٢٦- دادگایی کردنی قازی محەمەد

٢٧- هۆکارەکانی روخانی کۆمار

٢٨- چارەنووسی هەڤاڵانی بارزانی

٢٩- رێپێوانە دووورودرێژەکەی بارزانی بۆ سۆڤیەت

٣٠- سەرچاوەو پەراوێزان

فەسڵی سێیەم : حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای روخانی کۆماری مەهاباد

١- کۆمیتەی کۆمۆنیستی کوردستان وحیزبی دیموکرات

٢- حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی مسەدەقدا

٣- جیابوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە حیزبی تودە

٤- کۆمیتەکانی مەهابادوسنە

٥- کۆمیتەی ناوەندی،١٩٥٤

٦- پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(١٩٥٦)

٧- سەرچاوەو پەراوێزان

فەسڵی چوارەم:حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە دامەزراندنییەوە...

١- گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق

٢- دامەزراندنی حیزبێکی کوردی لە عێرقدا

٣- یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستای عێراق(١٩٤٦/٨/١٦)

٤- حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە بێ بارزانی(١٩٤٧-١٩٥٨)

٥- بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت

٦- بونیاتناوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق

٧- حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد

٨- حیزبی دیموکراتی کوردستان و(لقی کوردستانی)حیزبی کۆمۆنیستی عێراق

٩- حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەر لە شۆڕشی ١٩٥٨

١٠- سەرچاوەو پەراوێزان

فەسڵی پێنجەم: لە شۆڕشی عێراقی ساڵی ١٩٥٨وە تا شەڕی قاسم

١- قۆناغی نائومێدی

٢- بوژانەوەو رەونەق پەیداکردنی چاپەمەنی

٣- ناکۆکییەکانی ڕژێمی تازە

https://t.me/kurdistanbooks

٤- گەڕانەوەی جەنەراڵ بارزانی لە تاراوگە
٥- بارزانی کێ بوو
٦- پێشنیازی بارزانی سەبارەت بە کۆنگرەی سەرانسەری کوردستان
٧- کودەتای موسڵ(١٩٥٩/٣/٨)
٨- نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩
٩- بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق(١٩٥٩/٥)
١٠- هەستانی فیۆداڵە کوردەکانی ناوچەی رەواندز
١١- تێکچوونی بەینی بارزانی وقاسم
١٢- هۆکارەکانی بڕینی پەیوەندی دەگەڵ قاسمدا
١٣- تەرازنامەوئەنجامی کارەکان
١٤- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی شەشەم:شەڕی قاسم
١- سەرەتای شەڕوشۆڕ
٢- هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان
٣- هەوەڵین تێشکانی کورد
٤- حیزبی دیموکراتی کوردستان وهێزی رێکخراوی دەزگای بەرگری
٥- پەیوەندی بارزانی وحیزبی دیموکراتی کوردستان
٦- رۆشنبیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
٧- ناکۆکییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی
٨- مەسەلەی ئۆتۆنۆمی
٩- بارزانی وگەمەی دەسەلات
١٠- شەڕۆئۆپراسیونی سوپایی
١١- کەوتنی قاسم
١٢- ڕاوی کۆمۆنیستان
١٣- کاردانەوەی کوردان
١٤- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی حەوتەم : پشووی یەکەم،شوبات-حوزەیران ١٩٦٣
١- پەیوەندییە سەرەتاییەکان
٢- سەرۆك ناسرومەسەلەی کورد
٣- خۆدزینەوەی عێراقییەکان
٤- دیداری کانی ماران
٥- داخوازییەکانی بارزانی
٦- خەیاڵ وگومانان
٧- چاوڕاوی بەغدا
٨- خاوبوونەوەی پەیوەندی بارزانی وبەعسییەکان

https://t.me/kurdistanbooks

٩- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی هەشتەم : شەڕی یەکەمی بەعسییان ٦-١٢/١٩٦٣
١- پرۆژەی لامەرکەزی ئیداری
٢- سەرەتای کریارێن سوپایی
٣- شەڕی بەعسییان
٤- سیاسەتی عەرەباندنی(هەندێ بەشی کوردستان)
٥- شەڕێن سوپایی
٦- بەشداری سوریا لە شەڕدا
٧- هەڵوێستی ناسر
٨- مامەڵەی وڵاتانی ڕۆژاوا دەگەڵ مەسەلەکەدا
٩- هەڵوێستگیری یەکێتیی سۆڤیەت
١٠- لە دەسەڵات کەوتنی بەعسییان
١١- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی نۆیەم:پشووی دووەم(٢/١٩٦٤-٤/١٩٦٥)قەیرنی ١٩٦٤
١- ئاگربڕی ١٩٦٤/٢/١٠
٢- بیانووی بارزانی بۆ(ڕاگەیاندنی ئاگربڕ)
٣- جیابوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وبارزانی
٤- کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کوردستان(٤-٩/٤/١٩٦٤
٥- دیداری بارزانی-تاهیر یەحیا(سەرەتاکانی ١٩٦٤/٦)
٦- پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ حیزب
٧- برایم ئەحمەد لە ئێراندا
٨- ئاقیبەت وشوێنەواری قەیرانی ١٩٦٤
٩- توندبوونی مامەڵەی بارزانی لەگەڵ بەغدادا
١٠- قەلاوحەساری کوردستان
١١- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی دەیەم:شەڕی عارف(٤/١٩٦٥-٦/١٩٦٦)
١- سەرەتای شەڕ
٢- پەیوەندی بارزانی لەگەڵ ئێراندا
٣- وشا....
٤- یەکەمین ڕووداوی نێوان ئێران وعێراق
٥- سەرچاوەێن دابینکرنی چەك
٦- پەیوەندی کردنی جەماعەتی تاڵەبانی بە حکومەتەوە
٧- شەڕی هندرێن٥،٦/١٩٦٦)
٨- ڕێکەوتنی ١٩٦٦/٦/٢٩
٩- سەرچاوەو پەراوێزان

https://t.me/kurdistanbooks

فەسڵی یازدەیە: پشووی سێیەم ٦/١٩٦٦-١٩٦٩
١- ژەنەراڵ عارف ومەسەلەی کورد
٢- بارزانی وشەڕی شەش ڕۆژە
٣- بەهای یارمەتییەکانی شا
٤- لابردنی جەنەراڵ عەبدوڕەحمان عارف
٥- کورد وبەعس
٦- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی دوانزەیەم: شەڕی دووەمی بەعسییان(بەهاری ١٩٦٩-٣/١٩٧٠)
١- هێرشی کەرکوك ١/٣/١٩٦٩
٢- هێرشی بەهاری ١٩٦٩
٣- کێشمانەکێشی نێوان ئێران وعێراق
٤- سێکوچکەی ئێران،عێراق،کوردستان
٥- گرووپی وەفاداران
٦- هێرشی هاوینی ١٩٦٩
٧- تەدەخولی ئێران(ئەیلولی ١٩٦٩)
٨- گفتوگۆ
٩- ڕۆڵی سەدام حوسێن
١٠- ڕێکەوتننامەی١١/٣/١٩٧٠
١١- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی سێزدەیەم: ئاگربڕی درێژخایەن٣/١٩٧٠-٣/١٩٧٤
١- سەرەتا وجێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە
٢- یەکەمین پەڵە هەور
٣- قەیرانی ١٩٧١
٤- شای ئێران وڕێکەوتننامەی ١١/٣/١٩٧٠
٥- دوا نێوانچیاتی سۆڤیەت
٦- ڕێکەوتن دەگەڵ(سیا) وشادا
٧- تێکچوونی نێوان بارزانی وبەغدایە
٨- فشە ئاشتی ساڵی ١٩٧٣
٩- بەرەی نیشتمانی(٧/١٩٧٣)
١٠- جەنەراڵ بارزانی وشەڕی عارەب وئیسرائیل(١٠/١٩٧٣)
١١- پرۆژەوپێشنیازی پەیوەست بە دەستوی بنەڕەتی
١٢- کوردستان لە نێوان ئۆتۆنۆمی،سەربەخۆیی ونەماندا
١٣- هووەیدا ومەسەلەی کورد
١٤- لە فشە ئاشتییەوە تا شەڕ
١٥- کورتە مێژوویەکی پچڕانی پەیوەندییان

https://t.me/kurdistanbooks

١٦- دوا هەواڵی ئیدریس لە بەغدایە
١٧- ئینزار
١٨- دوا پێشنیازی بارزانی
١٩- بەرپرسیارێتی
٢٠- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی چواردەیەم:شەڕی سێیەمی بەعسییان٣/١٩٧٤-٣/١٩٧٥
١- هاوکارانی کورد
٢- شەڕی سوپایی
٣- هێرشی بەهارە(٤/١٩٧٤)
٤- هێرشی هاوینە٧-٨/١٩٧٤
٥- پەیوەندی کردنی خەڵکی کورد بە بارزانییەوە
٦- هێرشی پایزە(٩-١٠/١٩٧٤)
٧- دامەزراندنی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی
٨- دوا(ڕۆژێن خۆشی)شۆڕشی جەنەراڵ بارزانی
٩- کابینەی حکومەتی کوردستان
١٠- ڕووی دووەمی دراوەکە
١١- بیافرایەکی دی
١٢- بێ توانایی شۆرشی کورد
١٣- دەوری ئێران
١٤- بایەخ وباجی کۆمەکی ئێران
١٥- سەرچاوەو پەراوێزان
فەسڵی پانزەیەم:ڕێکەوتننامەی جەزایرو(٦/٣/١٩٧٥)هەرەسی یەکجارەکی
١- دەوری سەرەك سادات وبۆمدیەن
٢- کۆنگرەی سەرانی ئۆپیك وڕێکەوتنی ٦/٣/١٩٧٥
٣- خاڵە رەسمییەکانی ریکەوتنی ئازاری ١٩٧٥
٤- خاڵە نهێنییەکانی ڕێکەوتننامەکە
٥- هەڵوێستی کورد بەرانبەر بە ڕێکەوتنی ٦/٣/١٩٧٥
٦- جەنەراڵ بارزانی وڕێکەوتنی ٦/٣
٧- دوا ڕۆژەکانی شۆرشی کورد
٨- هەرەسی شۆڕش
٩- هەڵاتنی بە کۆمەڵ
١٠- کۆتایی
١١- سەرچاوەو پەراوێزان

https://t.me/kurdistanbooks

بەشی چوارەم:تەرازنامەوچاوەنداز

فەسڵی یەکەم:بزاڤی کورد لە تورکیا ١٩٥٨-١٩٧٥

١- حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا

٢- کوردوحیزبی کرێکارانی تورکیا

٣- قەیرای ١٩٦٧

٤- دووبەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا(١٩٦٩)

٥- بنکە رۆشنبیرییە شۆرشگێرییەکانی (رۆژهەڵات)

٦- ئۆپەراسیونی کۆماندۆیی

٧- حیزبی کرێکارانی تورکیا ومەسەلەی کورد

٨- سەرکوتکاری پاش کودەتای ١٩٧١

٩- سەرچاوەو پەراوێزان

فەسڵی دووەم:حیزبی دیموکرتی کوردستانی ئێران لە ١٩٥٨-١٩٧٦

١- بادانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەلای ڕاستدا(کۆنگرەی دووەم ١٩٦٤)

٢- شۆرشی ١٩٦٧-١٩٦٨

٣- کۆنفرانسی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان(١٩٦٩)

٤- لە کۆنفرانسی سێیەمەوە(١٩٧١/٦)تاکۆنگرەی سێیەم(ئەیلولی ١٩٧٣)

٥- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،لە نێوان ڕکابەری ئێران وعێراقدا

٦- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پاش ١٩٧٤/٣/١١

٧- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پاش ٦ /١٩٧٥/٣

٨- سەرچاوەو پەراوێزان

فەسڵی سێیەم:وەزعی عێراق لە ساڵی ١٩٧٦دا

١- دەزگای سەرکوتکاری وگوشار

٢- دوا وتە

٣- پەند لە شکستی بارزانی

٤- گرێی جەنگی قەلآیی

٥- سنوورەکانی بزاڤی نەتەوەیی کورد

٦- سەرچاوەو پەراوێزان

٧- ژیاننامەی وەرگێڕی کوردی

تێبینی: ناونیشانی راستەقینەی ئەم کتێبە (بزاڤی کوردایەتی)یە،بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر مامۆستایەکی دیکە بە ناونیشانی (کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەم)دا پاچڤەی کردبوو، بە باشمان زانی هەر بەو ناونیشانەی ئەو بڕوات، تا خوێنەر لە لایەکەوە چەواشە نەبێ‌وابزانێ‌ دوو کتێبی جیاوازن‌و لە لایەکی ترەوە گەر ئارەزووی لێبوو بەراوردێکی هەرتك وەرگێڕانەکەش بکات.

https://t.me/kurdistanbooks

بەرهەمی رەنجی ئەم وەرگێرانە پێشکەشە بە :

دایکم ( رەحمە دەروێش کەریم )

باوکم ( عبدالکریم عارف )

( ح.ع )

https://t.me/kurdistanbooks

## دەربارەی نووسەر

Chris kuts cher

کریس کۆچرا نووسەری دڵپاکی فەرەنسی،لە ساڵی ١٩٣٨ لە دایك بووەو رۆژنامە نووسە.تا ئێستا چەندین ریپۆرتاژی سیاسی بە شەریکی دەگەڵ ژنەکەیدا،کە وێنەگرە لە بلاوکراوەکانی ناو فەرەنساودەرێی فەرەنسا بلاوکردووەتەوە لەوانە: بیافرا ١٩٦٩،کەنداوی فارس١٩٧٠-١٩٧٨، سودان ١٩٧١،کوردەکان ١٩٧١-١٩٧٥، شیلی ١٩٧٦ وفەلەستینیەکان ١٩٧٦-١٩٧٨.

ئەم کتێبە(بزاڤی کوردایەتی)بە پێنووسی ئەوە. کۆچرا وەکو وتمان رۆژنامەنوسە ومێژوونووس نیەو بۆیە خوێنەر نابێ ئەم کتێبە وەکو مێژوویەکی رووت بخوێنێتەوەو چاوەڕوانی شیکردنەوەو لێکدانەوەووردەکاری مێژوویی تەواوی لێ بکات .

ئەوتایبەتمەندیەی کە لەم کتێبەدا مایەی سەرنجە دڵپاکی وبە ویژدانی نووسەرەکەیەتی کە بێ لایەنگری لە زۆرداران وسیاسەتێن تایبەتیوبگرە زیاتر بە هاودڵیوهاوسۆزی دەگەڵ زۆر لێکراواندا رووداوەکان دەگێڕێتەوە.



Dear Chris,
These Days I Have Translated Your Book - Le Mouvement National Kurd- From Persian To Kurdish. It Was Translated By Muhammed Rabbani Before But Not So Good. I Entend To Print It. So I Have To Ask You And If You Accept, Give Me O.k..
With My Best Wishes

Yours,
Hama Kariem Arif
27/5/2000
Fax: 00441628477322

Kurdistan-Arbil

OK
please keep something for me.
Best wishes
Chris Kutschera

https://t.me/kurdistanbooks

**وتەیەك ....**

(١)

رەنگە ئەگەر بلێین چ شتێك لە دەرێی مێژوودا نیە هیچ نەبێتە زێدەرۆیی، بەڵكو خۆی لە خۆیدا ئامەژەبێت بۆ رۆڵی هەرە مەزنی مێژوو لە پێكهاتەی نەتەوەدا....كە دەڵێین مێژوو تەنیا رابردوومان مەبەست نیە،بەڵكو مەبەستمان ئیستاوداهاتووشە،ئەو زەمەنانە بە جۆرێ ئاوێتە بوون ولەحاڵی كارلێكدان،ئەگەرجیاكردنەوەوهەڵاوێركردنیان مەحاڵ نەبێ ئەوا یەكجار ئەستەمە،چونكە مێژوو پرۆسەیەكی بەردەوامەولەگەشەكردن وگۆڕانی بەردەوامدایە و زندویەتی خۆی لە رووداو ودیاردە زندووەكانی شوێن و زەمەنەكانەوە وەردەگرێ و تاریخیەتیان پێ دەبەخشێت.

(٢)

ئێمەی كورد هەر لە كۆنەوە نەهێڵراوە چاو بكەینەوە، سەركوت وچاوترسێن كراوین، غەدری زۆر گەورەو خیانەتی نامرۆڤانەمان لێكراوە ئیدی ئەمە چ لەلایەن گەلانی داگیركەرمانەوە بووبێ و چ لەلایەن ئیمپریالیستی رۆژهەڵاتی ورۆژئاواییەوە بووبێ،ئیدی چەندیشی خەتای خۆمان وبی توانایی خۆمان بووبێ لە بواری خوێندنەوەی واقعبینانەی ئاراستەی هاوكێشە رامیاری و ئابووری وبەرژەوەندیە فرەلایەنە كۆك وناكۆك و ناوچەیی و هەرێمایەتی و جیهانیەكان بە قازانجی خۆمان وبەمەبەستی سیاسەتاندنی دۆزەكەمان.. ئێمە لە هەموو ئارامی وئاسودەییەك كە خۆی لە خۆیدا فاكتەرێكی هەرەگرنگی بەرهەمهێنانی شارستانیەتە وسەرەتای كارلێك وتەفاعولە دەگەڵ مێژوودا،مەحرووم كراوین. بۆیە نەتەوەیەكی چەوساوەو هەرەشەلێكراوی وەكو كورد لەسەریەتی لە رابردووی خۆی بگەرێ‌وبە ئیستاوەی گرێ بدات،وبەپێی پێداویستەیەكانی ئیستا بیخوێنێتەوە.

راستە مێژوو گەلان دروستدەكات وگەلان لە ناوبۆتەوجەرگەی بونیادە مێژووییەكانەوە چێدەبن، لێ گەلانیش وەكو بوونی كۆمەڵایەتی زیندوودەتوانن لە نوێژەن مێژوو دروست بكەنەوەو بەشێوەیەكی مرۆڤانە ئاراستەی بكەن...پێویستە مێژوو بەهەردوو باری ئاسۆییوئەستونیدا بخوێنینەوەوبیكەین بە فاكتەری هەرە كارای یەكخستنی نەتەوەكەمان.لەسەرمانە هەوڵی یەكخستنی مێژووی نەتەوەییمان بدەین وبیكەین بە زامنی یەكبوونی نەتەوەییمان ورێگە لە پارچە پارچە كردنی سیاسی وئابووری وكۆمەڵایەتی ورۆشنبیریی نەتەوەكەمان بگرێ كە ناحەزان ونەیارانی كورد،دەیانەوێ ئەو پارچە پارچە كردنانە بە بەرنامە قوڵ بكەنەوەو لە كوردی بكەنە ئەمری واقع ولە گۆڕان نەهاتوو. بۆیە دەبێت هزرو زەین‌و ویژدانێكی  مێژوویی لەلای رۆڵەكانی نەتەوەی كورد دروست بكرێ. رەنگە خوێندنی مێژووی كورد لە قۆناغەكانی خوێندنی قوتابخانەدا دەورێكی زۆر مەزن لەم رووەوە بدینێ. ئەوەی مایەی دڵخۆشیە ئەوەیە كە جەماوەری خەڵكی كوردستان جەماوەرێكی یەكبوونخوازن نەك تەقسیمخواز. واتا زۆربەی خەڵكی كوردەواری خەون بە دەوڵەتی یەككگرتووی كوردییەوە دەبینێ نەك بە ناوچەگەریەتیەوە.بۆیە منەوەران ورۆشنبیرانی كورد بەر لە هەركەسێكی دی لە سەریانە هەوڵەكانی چەسپاندن وبە واقعیكردنی ناوچەگەریەتی– جا بە هەر هەنجەت وبیانویەك بێ–پوچەڵ بكەنەوەو بیسەلمێنن كە وابەستەیی نەتەوەیی لە هەر وابەستەییەكی دی باڵاترە وتەنیا لە سایەی ئەو  وابەستەییەدایە كە هەركاروكردەوەیەكی هەر گەل

https://t.me/kurdistanbooks

ومیللەتێك تاریخیەت وەردەگرێ ودەرژێتە نێو روباری مێژووی مرۆڤایەتیەوەو وبەمەش راستەوخۆ بەشداری لە تاودانی ڕەوڕەوەی مێژوو،و پرۆسەی بەرهەمهێنانی شارستانیەت دەكات.

(٣)

هەر لەو پێودانگەی سەرێرا وەكو خەمخۆرێك بۆ كتێبخانەی هەژاری كوردەواری چوومە ژێرباری قورسی وەرگێرانی ئەم كتێبە(برازی نەتەوەیی كورد یان برازی كوردایەتی) بەنرخەی كریس كۆچرای رۆژنامە نووسی دۆستی گەلی كورد،تا خوێنەرانمان بە زمانی زكماكی خۆیان مەسەلە و رووداو وقەوماو وواریقاتەكانی پاژێكی سەدەی نۆزدە وتەواوێكی سەدەی بیستەم بخوێننەوەو بەخۆیان حەقیقەتەكان هەلێنجن.

(٤)

گەلی برادەرینە،ئاشكرایە ئێمەی كورد كەمتر پەرژاوینەتە سەر ئەوەی سەربووردەو رووداوو هەوراز ونشێوەكانی خەباتی رەوای خۆمان بخەینە سەر كاغەزوببێ بە تۆمارێك بۆ خۆمان ونەوەكانی ئایندەمان ومێژوومان ببێ بە چرای روونكردنەوەی رێگەی ئایندەمان.بۆیە لە زۆر قۆناغی مێژووی كوردا،كە هەرقۆناغێكی بۆخۆی كارەساتنامەیەكی دڵتەزێنە.بێگانان هاتوون ئەم كارەساتنامەیەیان تۆمار كردووە،جا ئەمانە تیایانا هەیە دڵسۆزو واقعبین وراستگۆ ودۆست دۆستانە وتیایانیشدا هەیە رێك بە پێچەوانەوەو لە تۆماركردنی كارەساتنامەكەشدا غەدرێكی تریان لێكردووین،وبۆ مەبەستی خۆیان حەقیقەتەكانیان شێواندوە،بەهەر حاڵ بێگانە بێگانەیە ومەبەست وغەرەزی خۆی فەرامۆش ناكات.با خۆمان بە عەقڵیەتێكی شیكارانەو لۆجیكیانە خۆمان بخوێنینەوەو نەیەڵین گوڵمان لێبكرێ وكلاوانمان بكرێتە سەر،وەختی ئەوە هاتووە قۆڵی لێ هەڵماڵین وچاكی لێبكەین بەلادا وبكەوینە تاقیب وسۆراغ وساغكرنەوەی كارەساتنامەی خۆمان وهەرچی لەم بارەیەوە لەلایەن بێگانەوە تۆمار كراوە بیكەین بە زمانی كوردی وچاك وخراوی ،دروست ونادروستی لێكدی هەلاوێرین وتەتەڵەی بكەین وپوختەو وحەقیقەت وجەوهەری كاری كارەساتنامەكەمان،كە لە جەوهەردا پرۆسەیەكی پێشكەوتنخوازی شۆرشگێریە،بخەینە بەر دەست تا لەوێندەرەوە بە دیدێكی رەخنەگرانەوە،مێژووی خۆمان بخوێنینەوەودەرسی لێوەربگرین وبكەوینە سەر راستە رێگەی بیركردنەوە وحاڵی بوون وتێگەیشتن ،چونكە كە كەوتینە سەر ئەو رێگەیە ئیدی بەو ئاسانیە فریونادرێین ولە خشتە نابرێین ورێگەمان لێ نابەسترێتەوەو نابین بە قارەمانی ناو غەدرنامەكانی جیهان.

(٥)

ئەم كتێبە ئەگەر چی لەلایەن بێگانەوە نووسراوە،بەڵام بە نەفەسێكی دۆستانەو وبە شێوازێكی رۆژنامەوانی مێژووئامێز نووسراوەو نووسەر پابەندی بیرو راو بۆچوونەكانی خۆیەتی و ئەگەر لە هەندێ شوێندا پێچەوانەی بیرو بۆچوونی ئێمەش بێ،ئەمە لە بایەخی مێژوویی وگەورەیی كارەكەودەوڵەمەندی نێوەرۆكی كتێبەكە كەم ناكاتەوە،جا باخوێنەری كوردیش خوێندنەوەی خۆی هەبێ وبەزمانی زكماكی خۆی مەسەلەكان بخوێنێتەوەوحەقیقەتەكان هەلێنجێ. بەهەر حاڵ بەندە وەكو ئەمانەتی كاری وەرگێران،پابەندی نێوەرۆك ودەقی كتێبەكە بووم وئەگەر لە هەندێ شوێن وبۆ هەندێ رووداوولەمەر برێك بیروبۆچوونان پێویست بەپەراوێزو روونكردنەوەو راستكرنەوەو

https://t.me/kurdistanbooks

هەڵوەستە هەبووبێ–کەهەیە –ئەوا خۆم لێی بواردووەوئەو کارەم رووبەرووی خوێنەری شارەزا کردووەتەوە،با ئەوانیش بەباری سەرنج وتێبینی خۆیان بە شدارییەك لەم ئەرکە  قورسەدا بکەن کە بەندە تەنیا لە ڕووی خەمخۆرییەوە بۆ کتێبخانەی کوردەواری  شانم داوەتە بەری.

(٦)

لە بندێری ئەم کتێبەو زۆر کتێبی دییەوە ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێ کە کورد نەتەوەیەکی رەسەن ودێرینی ئەم دەڤەرەیە وهەموو بنەمایەکی مێژوویی ونەتەوەیی خۆی هەیە وهەر لەبەر ئەمەشە کە بەرگەی چەپۆکی رۆژگاری گرتووەوتا ئەمرۆکەش ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بەهەر نرخێك بووە پاراستوەودابەشکردنی بە ناهەقی کوردستان نەیتوانیوە بیسرێتەوە.دابەشکردنی بە ناهەقی کوردستان جۆرە سەنگەلاییەکی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا دروست کردووە. بۆیە تا مەسەلەی کورد وەکو دۆزێکی سیاسی چارەسەری رەوا نەکرێ–کە بریتیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی– نە رۆژهەلاتی ناڤین هاوسەنگی سیاسی بەخۆیەوە دەبینێ ونە گەلانی ناوچەکە ئارامی و ئاسوودەیی بە خۆوە دەبێنن.لەم سەر زەمینەدا سەدان دەوڵەتودەوڵەتۆکە هەیە ،چەندین دەوڵەتی ئەم دەڤەرە بەو شێوەوقاڵبەی ئێستایان لەسەر حیسابی دەوڵەتی کوردی دروست بوون . ئەگەر کورد وەکو مافی رەوای خۆی ببێت بە دەوڵەت نەدنیا ژێرو ژوور دەبێ، نەپردی سیراتێ دەپچرێ ،نەکابە کەچ دەبێت نە قیامەتیش رادەبێ.بەڵکو بە پێچەوانەوە گیروگرفت ودڵەراوکێی چەندین نەتەوەی رۆژهەڵات چارەسەر دەبێت وهاوسەنگی سیاسی بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین دەگەرێتەوە بەهەر حاڵ نامەوێ لەوەی پتر لەزەتی خوێندنەوە لە ئاشقانی حەقیقەت زەوت بکەم،فەرموون ئێوەوکتێبی(بزاڤی نەتەوەیی کورد) یان (بزاڤی کوردایەتی) بە هیوام بەم کارە سووکە خزمەتێکم بە کتێبخانەی هەژاری کوردەواری کردبێ وگلەیی خوێنەری ئازیزم نەیەتە سەر.

تێبینی :

هەرچەندە ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٩٠لەلایەن رێزدار مامۆستا محمد رەیانییەوە بە نێوی (مێژووی سەدەی نۆزدەو بیستی کورد)کراوە بە کوردی و چاپ وبلاٌوکراوەتەوە، بەلاٌم بەندە چ سوودێکم لە وەرگێرانەکەی ئەو وەرنەگرتووە وئاسایشە یەك بەرهەم لەلایەن چەند کەسێکەوە وەربگێردرێ ،بە تایبەتی ئەگەر بەرهەمەکە بایەخدار بێ وبەئاسانی دەستنەکەوێ.

حەمەکەریم عارف

هەولێر١/١/٢٠٠٠

https://t.me/kurdistanbooks

## بەشی یەکەم:سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی

### ١- میربەدرخان، شای کوردستان

((من شای وڵاتم،نەك سوڵتانی عوسمانلی–ئەگەر ئەو لەمن بەدەستەڵاترە،ئەوا من لەو شەریفترم))"١".ئەم قسە دلێرانەیە،کە نەجیبزادەیەکی کورد لە سەدەی حەڤدەدا، لە بەردەم نێردەی پاشای فەرەنسادا کردویەتی لە راستیدا جەوهەروپوختەی دنیای زەین وبەرزەفڕی ئەشرافی کوردی زادەی فیودالزمی ئاسیای کۆنە:ئەشرافزادەیەك کە سەرۆکی قەڵایەك یان ئاغای دۆڵێکە ویاسای تایبەتی خۆی بەسەر کۆمەڵە خەڵکێك یا بنەماڵەیەکدا پیادە کردووەوخۆی لە سوڵتانی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی ئاسیا بە شەریفتر دەزانیّ..... وبەچاوی داگیرکەر سەیری دەکات.... و بەو خەیاڵە گەورەیە دەژی تا هاوسەنگی هێز تێکبدات.

بەدرخان بەگ کە نەوەونەتیرەی یەکێك لە کۆنترین خانەدانەکانی کوردستانەولە ساڵیّ ١٨٢١میری بۆتان بووە هەمان رێبازورێچکەی گرتەبەر–لە کێشەی فیودالی نێوان میرانی کوردو سوڵتاندا،یەکەمین کەسە کە مەوداو رەهەندی نەتەوەیی بەم کێشانە بەخشیو وەکو باوکی ناسیۆنالزمی کورد لە مێژوودا جێی خۆی گرت.

ئەم میرو فیوداڵە گەورەیەی کورد، بە خۆی شان وشەوکەت وشایستەیی ئەم هەنگاوەی هەبوو: بە عەبای زەرچن وسورمەچن ومێزەری گەورەی حەریرودەستەسڕی ئاوریشمی گەورەی یەك مەتری وشەلوشەپکی ئاوریشمی موقەلەمی سپیورەش وکەوشی نوك هەڵگەراوەی سەرووپاژنە سورەوە،قەدوقەلافەتو سیمایەکی شاهانەی هەبوو،وگوندییانی کورد بە چاوی رێزو حورمەتەوە"٢" وەکو پەیامبەری ((دووەم)) سەیریان دەکرد.

هەوڵی دەدا، دیاری گرانبەها بۆ مەلایان بنێریّ و یارمەتی هەموو ئەو مۆسولمانانە بدات کە توانای کڕینی چەکیان نەبوو.پارەی تەواوی دەدانیّ کە تفەنگ و قەڵغان و شمشێری پیّ بکرن.

هەژاران وبێنەواو بێوەژن ونابینا وپیرو بیّ توانایان ناو بە ناو دەستە دەستە لە حەساری قەڵای ((دەرگولە))ی نزیکی جەزیرە گرد دەبوونەوەوئەویش لەو کیسە زێڕەی تەنیشتی بە دەست ودڵکراوەیی وهەرکەسەو بەئەندازەی پێوستی خۆی یارمەتی وێدەداوله زەرفی رۆژێکدا بەهای ١٢٥دۆلاری دەبەشییەوە، کە بۆ ئەو رۆژگارە پارەیەکی مۆڵ بوو. "٣"

بەدرخان، پیاوێکی دیندارو بە باوەر بوو ،زۆر بە وردی کاری بە یاساو رێسا وبنەماکانی ئاین دەکرد، بەپێی گوتەی ئەومژدەبەرو مسیونێرە مەزەبیە ئەمەریکاییانەی کە سەردانیان کردووەو دیتویانە،نوێژی لەوەختی خۆیدا دەکردو وەکو خۆی بە یەکێك لەو مژدەبەرانەی گوتبوو پیاوێکی (( سەر راست ودروست پەیمان)) بوو.

ئەو کەسانەی کە دیتویانە،ئەوە دووپات دەکەنەوە کە بیری ئیسلامی رۆڵێکی گەورەی لە ((بەهێز کردن وپتەوکردنی دەسەلاتی ئەودا))هەبووە.خۆ ئەو سەرۆك هۆزانەی کە گوێرایەڵی ئەو بوون، ئەگەر نەشیان ویستبا گوێرایەڵی بن،زاتی ئەوەیان نەبوو سەرپێچی بکەن ولە رووی بوەستن. ودەیانگوت:((خوا ئەودەسەلاتەی داوەتیّ،بۆیە بیّ سوودە ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین ئەو دەسەلاتەی لیّ بستێنینەوە))"٤"

https://t.me/kurdistanbooks

لێ میر بەدرخان دەیزانی چۆن لە بازنەی تەسکی تیرەگەری وتایفەگەری بێتەدەرێ و بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی تازەدا،دەسەلاتی نەتەوەیی کوردی دروست کرد.هەر ئەمەشە کە ئەم لە میرێکی ئاسایی کورد جیادەکاتەوە.

لەگەلّ هەموو ئەمەشدا،ئەو هەنگاوە سەرەتاییانەی کە لەم بوارەدا ناونی دیاروئاشکرا نین و ئەنجامگیرییەکی بنجڕ لەمەڕ ئەو هەنگاوانە کارێکی ئاسان وسادە نیە.میر بە خۆی لە سالّی ١٨٤٦دا بە میوانە ئەمریکاییەکانی گوتبوو کە هەشت سالّ لەوە پێش،واتا لەسالّی ١٨٣٨دا هێشتا میرێکی(لاوان)"٥"وهەژار ونەناسراو بووە.

محمودپاشا،میری کوردی سلێمانی،کە لە سالّی ١٨٢٠دا مالّبات وخانەدانە گەورەکانی کوردی بۆ دیپلۆماتکارێکی ئینگلیزی سەر ژمێری دەکرد،لە باسی ئەم بنەمالّەیەدا تەنیا ئاماژە بۆ وێران بوونی جەزیرەی پایتەختی میرنشینی بۆتانو((لە نێوچوونی ئەم مالّباتەی کە رۆژگارێك شکۆدار بووە)) دەکات وچیتر نالّی.

بە پێی هەندێ سەرچاوە،بەدرخان تا ماوەیەك لە سایەی میر سەیفەدینی میراتگری میرنشینی بۆتاندا حوکمرانی دەکرد.ئەو میر سەیفەدینەی کە یەزدانشێری کوڕی خۆی بەرلەوەی بگاتە پایەی جێنشینی ئەو حەپس کردبوو."٦"

بەلاّم میر بەدرخان کە لە سالّی ١٨٢١وە دەسەلاتی گرتبووە دەست،لە سالاّنی ١٨٢٨- ١٨٢٩دا هێزوتوانایەکی ئەوتۆ لە خۆیدا دەبینێ کە چیتر سوارەوتفەنگچی بە حکومەتی عوسمانی نەدات، وهەولّدەدات سەران وگەورە پیاوانی کورد،بە تایبەتی هاوسێکانی خۆی،واتا محمود خانی میری وان و نورولّلاّ بەگی هەکاری قەناعەت پێبکات کە سەربەخۆیی کوردستان کارێکی پێویستە.

میر بەدرخان،پاش ئەوەی لە سالاّنی١٨٣٦-١٨٣٨دا بە زەحمەت بەرپەرچی هێرشێکی عوسمانیان دەداتەوە،لە سالّی ١٨٣٩دا پەیمان دەگەلّ سولّتان دەبەستێت.چەند هەفتەیەك دوای ئەوە لەشکری ئیبراهیم پاشای میسر،لەشکری سولّتان راودەنێ.شکستی نزیب(Nisib شارۆچکەیەکی پارێزگای گازی ئانتپە) واتە شکستی شەڕی ٢٣-١٨٣٩/٦/٢٤ بۆ کوردەکان،کە جگە لە بیری تۆلّە ئەستاندن لە عوسمانیان چ شتێکی دیکەیان لەکەللەدا نیە، لە حوکمی نیشانەیەکدایە بۆ شۆڕشێکی گشتی.

دوای پێنج سالّ،واتا لە ١٨٤٤-١٨٤٦بەدرخان لە لوتکەی شکۆو دەسەلاتی خۆی دایە:سکە لێدەدات،وتاری نوێژی هەینی بە ناوی ئەوەوە دەخوێنرێ.ئێستا دەسەلاتی لە رۆژهەلاّتەوە، لە مەرزی ئێران تێدەپەڕێ و لە رۆژئاواوە دەگاتە دۆلی دوو رووبارو لە دەروازەکانی دیاربەکروە تا دەروازەکانی موسلّ دەگرێتەوەو سەروەت سامانی لە حیساب دەردەچێت.

مەخابن،شتێکی ئەوتۆ لەمەڕ شێوەی بەرێوەبردنی کوردستان لەم سەردەمە کورتخایەنەی حکومەتەکەی ئەو نازانین،لێ گومان لەوەدانیە کە چەتەیی ورێگری بە تەواوی بنبڕ بووەو،ئەمن وئاسایش لە هەموو کوردستاندا بەرقەراربووە-ڕێبواران وگەشتیارانی ئەوروپایی ئەو سەروبەندە،گەواهی لەسەر ئەم خالّە دەدەن.

دوو ئەمریکایی سەر بەشاندی مژدەبەری،بەناوانی ئێم ئێم رایت،وبریث کە بەدرخان بۆ"دەرگۆلّە " ی دەعوەت کردوون،لە سالّی ١٨٤٦دا بۆ ماوەی ٢٣ رۆژ بە پێیان هەموو کوردستان لە ورمێوە،لە

https://t.me/kurdistanbooks

ئێران تا جەزیرەی ئیبن عومەر دەگەڕێن بێ ئەوەی کەمترین کۆسپ ودژواریان بێتە رێ وبە جولەمێرگ وسەرچاوەکانی روباری خابورو زۆرناوچەی سەخت وسامناکی کوردستاندا تێدەپەڕن.

یەکێك لە فەرمانبەرانی کونسولخانەی فەرەنسا کە لە ١٨٤٥دا بە بۆتاندا رەت بووەو باسی ئەو جیاوازیە سەیرەی کردووە کە لە نێوان ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی حکومەتی ترکان وقەلمرەوی میر بەدرخاندا بەدی کردووە:

" پاش بڕینی نزیکەی پەنجا فەرسەخ لە دیاربەکرەوە بۆ دیجلە شۆر دەبیەوە یەکسەر سەرت لە گۆڕانی دیمەنی ناوچەکە سوڕدەمێنێ.کێڵگەومەزراکان،زۆر رێكوپێکترن،بونیادی دێهاتەکان باشترە، وا بەدیار دەکەوێ کە ژیانیان باشترە.ئەمە قەلەمڕەوی بەدرخانە.(بڕی ٢٥٠٠٠٠پیاستر (Piasstre)-ناوی جۆری دراوێکە)باج بە دەرباری عوسمانی دەدات.بە چاکی قەڵەمڕەوەکەی بەرێوەدەبات،میرێکی بەزەبرە،بەلاّم دادپەروەرە.ئاسایشی تەواوبالی بەسەر قەڵەمڕەوەکەیدا کێشاوە،خۆشگوزەرانی وبەختەوەرییەکی ئەوتۆ لە قەڵەمڕەوەکەیدا بەدی دەکرێ،کە مەحالە لە قەڵەمڕەوی سایەی حکومەتی ترکاندا شتی وەها بەرچاو بکەوێ."٧"

بەدرخان،پیاوێکی بەرزەفڕ وبە هۆش ودلێرە.لە هەموو میرە کوردەکانی سەردەمی خۆی دیارترولە بەرچاوتروبالاّترە.بەداخەوەئەو مژدەبەرە دیانانەی کە ماوەیەك هەڵسوکەوتیان دەگەڵیدا هەبووە،لەوانە دکتۆر رایت وبریث کە پتر لە چوار هەفتە دەگەڵی بوون،لەبەر ئەوەی پەرۆشی چارەنوسی دیانانی کوردستان بوون،چ شتێکیان لەمەڕ پەیوەندیەکانی میر دەگەلّ سولّتانی عوسمانلی و ئەو بەرنامە ونەخشانەی بۆ کوردستانی هەبوون،لێ نەپرسیوە.

لە ساڵی ١٨٤٦دا میر بەدرخان کە پێشتر،واتە لە ساڵی ١٨٤٣ناوچە ودەڤەرە دیان نشینەکانی داگیر کردبوو،هێرشی دووەمی کردە سەر نەستوریەکان کە ئاکامێکی کوشندەی بۆ بەدرخان لێکەوتەوە:سوڵتانی عوسمانی لە ئەنجامی نارەزایی توندی پاریس ولەندەندا،لە شکرێکی ناردە سەری.میر کە خۆی لە قەلاّکەی خۆیدا لە ئیڤروح Evroh، قایم کردبوو،لە ئابی ١٨٤٧دا خۆی تەسلیم بە عوسمان پاشا کرد ونەفی کرا بۆ شاری کاندیای-Candia دوورگەی کریت.پاشان نەفی دیمەشقیان کرد ولە ساڵی ١٨٦٨ یان ١٨٧٠ دا لە دیمەشق وەفاتی کرد."٨"

مێژوونوسان داوەری جیاوازیان دەربارەی بەدرخان کردووە: ئەو کوشتارەی لە دیانانی کرد،رۆلّی ئەوی لەبەرچاوی مێژوونووسانی وەکونیکیتن کەمکردووەتەوە،نیکیتین پێیوایە((ئەوانەی پاش بەدرخان))نەخش و رۆلی ئەویان بەرجەستەتر لەوەی کە بووە نواندووە.

لەلایەکی ترەوە مێژوونوسانی واقعبین تری (وەکو ئیگلتین) پێیان وایە کە بەدرخان کوردێکی ناسۆنالیست بووە،بەلاّم لە هەمان کاتیشدا پێیان وایە کەئامانج ومەبەستەکانی هەرگیز بە دروستی نازانرێن.

بەلاّم لە روانگەی گەلێك لەو کوردانەی کە ئەمرۆ لە حیزبانی پێشکەوتوخوازدا کاردەکەن، بەدرخان تەنێ دەرەبەگێکی گەورەبووەو هیچی دی.وێرای ئەمانەش میر بەدرخان بێ چەندوچون یەکێکە لە قارەمانانی سەربەخۆیی کوردی سەدەی نۆزدەیەم:بەدرخان جیاوازیەکی گەورەی لە هەموو ئەوانەی پاش خۆی هەیە:لە رۆژانی ئەفسانەییەوە، ئەو تاقە کوردێکە کە بە هەموو کورتی تەمەنی حکومەتەکەیەوە، توانی دەسەلاّتی خۆی بەسەر هەموو کوردستاندا واتە لە کوردستانی ئێرانەوە تا دیجلە بسەپێنێ.

https://t.me/kurdistanbooks

دەسەڵات وهەستی دادپەروەری وسەنگ وپایەی کۆمەڵایەتی ئەو پیاوە بەرادەیەك بووە کە هەشتا ساڵ لەوە دوواتر،کوڕان ونەوەونەتیرەکانی کە بەخۆیان سەنگ وبایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو،سوودیان لە ناوبانگی ئەو وەردەگرت بۆ خڕکردنەوەی دێهاتییان وپیاوماقوڵانی کورد لە دەوری خۆیان بەناوی سەربەخۆیی کوردستان.میربەدرخان یەکەمین کورد بوو،کەئاکام وکاریگەری ئەوەی کەپاشان شێوەی بەرخوردورەفتاری ئاسایی هێزە ئەوروپاییەکانی سەبارەت بە کوردان لە خۆگرت جەڕباند:خەمساردیو پشتگوێخستن ئەگەر نەڵێین دژمنایەتی-یەکەمجار لە ڕێگەی نەستوریوئەرمەنیەکانەوە بوو،پاشان بەهۆی نەوتەوە بوو!

بەدرخان بە هەمووتواناو شەوکەتیەوە،دەبوایە سەرنەکەویٚ،چونکە تاسەرنەڕۆیی وخۆی تەسلیم بە دەسەڵاتێك کرد کە ئومێدی هیچی پێیان نەبوو.

(ولیام ئیگلتن)ی نووسەری مێژووی کۆماری مەهاباد ڕای وایە کە سەدساڵ دواتر قازی محەمەدی سەرۆك کۆماری تەمەن کورت وبچکۆڵەی مەهاباد،هەمان کاری ئەوی دووبارە کردەوەومەخابن لە ساڵی ١٩٧٥ شدا مەلا مستەفا بارزانی هەمان شتی بەسەر هات !

**٢-شێخ عوبەیدوڵڵای شەمد ینان:**

پاش تەسلیم بوونی ئەو سەرۆکە کوردانەی کە دەگەڵ میر بەدرخاندا نەفی کران،کۆمەڵی کوردەواری لە ڕاستیدا بە ((بیٚ سەر))مایەوە ونەدانانی حوکمڕانانی ترك لەجێی سەرانی تەقلیدی کورد و نە هەوڵدانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەپاندنی دەزگایەکی ئیداری ڕاستەخۆ،نەیانتوانی ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکەنەوە کە هەرەسهێنانی فیودالیزمی کوردی هێنابوویە ئاراوە.

قۆناغێك لە ئاژاوەوپاشاگەردانی شوێنی ئەو سەردەمە ڕێك وپێکەی گرتەوە کە کوردستانی سەردەمی حکومەتی میر بەدرخان بە خۆیەوە دیتبوو .

پاشان، لە نێو کۆمەڵی پاشکەوتوی دێهاتییاندا تاقمێکی تازە لە((ڕێبەران ))پەیدا دەبن.ئەمانە ((شێخان))واتە سەرانی مەزهەبی و ئاینین،کە بە حکومی دەسەڵاتی گەورەیان لە نێو جەماوەری خەڵکی کوردا،دەبن بەجێنشینی میر وڕێبەرە غایبەکانیان.خەڵکانی سەر بەم تاقمە لە نیو سەدەی دواتردا ڕۆڵێکی سیاسی گرنگ دەگێڕن.

شێخانی شەمزینان((یان شەمدینان)) دەڵێن دەچنەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٨-١١٦٦)دامەزرێنەری تەریقەتی قادری .

شێخ عوبەیدوڵڵا کەماوەیەك بەر لە ١٨٣٠ لە دایك بووە،وسەروەت وسامانی زۆروپایەو وناوبانگی گەورەی لە پێشینانیەوە بە میرات بۆ مابووەوە،هەر زوو دەری خست کە (( لەوان زیاتر پابەندی ئەم دنیای دونەیە،ئارەزوومەندە لە هەمان کاتدا کە سەرۆکی ڕۆحانیە،سەرۆکی دونیاییش بێت)) ."٩"

لە شەری ساڵانی١٨٧٧-١٨٧٨ی نێوان ڕووس وعوسمانیاندا، شێخ عوبەیدوڵڵا بە سەرۆکایەتی گرووپێکی بچکۆڵەی کورد،بە شداری ئەو شەرەی کرد وزۆر بە خراپی لەبەردەم ڕووسەکاندا شکاو"١٠"بە دەستی بە تاڵ بۆ ماڵ گەرایەوە،بەڵام ئەمە نەبووە کۆسپ لەبەردەم ئەوەی کە زوو بە زوو وەکو سەرۆکی(میللەتی کورد) بناسریٚ."١١"ئەو پیاوێکی سادە و قانع ودادپەروەرو خواناس و زۆر بە دین بوو،ویەکجار پەرۆشی خۆشگوزەرانی خەڵکی کورد بوو،لە چاوی هاوڵاتیانی خۆیەوە وەکو نێردراوی خودا دەینوان.ئەمەش لە زەمانی ئەو گرانی وقات وقری ووێرانیە بیٚ پێشینەیەی لە

https://t.me/kurdistanbooks

دوا جەنگی روس‌وعوسمانیدا لە دەڤەرەکانی باکوری رۆژهەلاتی کوردستاندا رووی دا بە روونی بەرچاو دەکەوت.ئەو بە خۆی لەو باوەڕەدا بوو،هیچ هەڤرکێکی قەبولْ نەدەکرد، تەنانەت لە ناوچە دوورەکانی وەکو بارزانیشدا .

شێخ عوبەیدوڵلاْ کە پیاوێکی یەکجار نەتەوەپەروەر بوو،باوەری وابوو کە تاقە دەرمانی رۆژ رەشی خەڵکی کورد،دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیە کە کوردستانی ئێران وتورکیا لە خۆیدا یەکبخات.

لە یەکەمین بەیاننامەی نووسراودا کە دەربارەی ناسیۆنالیزمی کورد لە دەستدایە،شێخ عوبەیدوڵلاْ بە یەکێك لە نوێنەرانی هێزە رۆژئاواییەکان،کە دۆستایەتی لەگەڵیدا هەبووە دەڵێت:"میرو سەرانی کوردستان چ لە تورکیاو چ لە ئێران،وخەڵکی کوردستان،هەر هەموو رایان وایە کە ناکریٚ بەمجۆرە لەگەلْ ئەم دوو حکومەتەدا هەڵبکریٚ،دەبیٚ کارێك بکرێت کە دەوڵەتانی ئەورپایی لە دۆزەکە ئاگاداربن ولەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن،گەلی کورد نەتەوەیەکی جیایە...،ئێمە دەخوازین کاروباری خۆمان لە دەستی خۆمانا بیٚ!" ."١٢"

شێخ عوبەیدوڵلاْ،بەم بەیاننامەیە دەبێتە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ناسۆنالیزمی کوردی... بەلاْم ئەو دوو شۆرشەی کە لە سالانی ١٨٧٩–١٨٨٠دا لە بادینان Badman وئێران بەرپای کردن، تەنیٚ دوو شۆرشی کورتخایەن بوون وهیچی دی،بە تایبەتی لە شکرکێشیەکەی بۆ سەر ئێران هیچ مایەی سەربەرزی نەبوو:بە تالاْنکردنی میاندواو جارێکی دی بۆ دوژمنانی کوردی سەلماند کە کوردان "نازانن شەری نیزامی و رێك وپێکوپێك بکەن،ولە کۆمەڵە تالاْنچیەك بەولاوە چیتر نین"– و هێرش بۆ سەر ئێران بووە مایەی ئەوەی هێزە ئەوروپاییەکان،بە تایبەتی بەریتانیای مەزن و فەرەنسا خۆ لە کاروباری عوسمانی هەڵقورتێنن.

ئەم هێرش ولەشکرکێشیە بووە هۆی ئەوە کە ئەمەریکا بەفەرمی دان بە ئێراندا بنیٚ و لە سالْی ١٨٨٢ نوێنەری سیاسی بۆ دەوڵەتی ناقبری بنێریٚ تا دڵنیای بکات کە پارێزگاری لە هاولاْتیانی خۆی دەکات"١٣" ئەمە یەکەمین نیشانەی حەزی ئەمەریکا بوو بۆ پەیوەندی دەگەلْ ئێراندا، کە لە ئایندەدا سات بە سات زیاد دەکات!

چلْ سالْ پاش مردنی شێخ عوبەیدوڵلاْ کە لە ئۆکتۆبەری ١٨٨٣دا لە مەکە بە نەفی کراوی مرد. شێخ عەبدولقادری کوریو سەید تەهای نەوەی لە سایەی بەرەکەتی شۆرەت وپایە ودەسەلاْتی ئەوەوە رۆڵێکی گرنگیان لە کاروباری کوردستاندا گێرا .

### ٣- دامەزراند نی کۆمەڵەو یانە کوردیەکان:

تەنیا لەم سەردەمەدا،واتە لە رۆژانی هەوەڵی سەدەی بیستەمداو پاش نیو سەدە لە شۆرشێن پەراگەندە،ئەوجا((چینێکی ناوەنجی)) لە کوردستاندا سەر هەڵدەدات وپەیدادەبێت–ئەمانە لە راستیدا بریتن لە بورژوایانی گەورەو پاشماوەی لێکەوتووی میرانی مێژوویی.

رێبەرانی تازە کە پەی بە بێهودەیی ئەم شۆرشانەو،زەرورەتی رێکخستنی کورد دەبەن لە سالْی ١٩٠٨ دا یەکەمین رێکخراوی سیاسی کوردی دادەمەزرێنن.

مەدحەت بەگ بەدرخان لە سالْی ١٨٨٧ یەکەمین گۆڤاری کوردی بەنێوی"کوردستان" لە قاهیرە دامەزراندبوو( تێبینی: مقداد مەدحەت بەدرخان لە سالْی ١٨٩٨دا یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە

https://t.me/kurdistanbooks

قاهیره دامەزراند نەك یەكەمین گۆڤاری كوردی ، وەرگێری كوردی)كە زۆر بە توندی ڕەخنەی لە سیاسەتی عوسمانی لە كوردستاندا دەگرت. پاش ماوەیەك عەبدورەحمان بەدرخانی برای جێی ئەوی گرتەوەو گۆڤارەكەی لە جنێف وفۆلكستۆنی خوارووی رۆژهەلاتی ئینگلستان لە سالی ١٩٠٢دا بلاوكردەوە..لە گەرمەی یەكەم جەنگی جیهاندا،سورەیا بەدرخانی كوڕی میر ئەمین عالی بەدرخان،جارێكی دی گۆڤارەكە لە قاهیرە دەردەكاتەوە.

هەر لەهەمان سەروبەندا،واتە لە سالی ١٨٩٨دا لە توركیادا حیزبێكی سیاسی تازە بە نێوی (كۆمەلەی ئیتیحادوتەرەقی) لەلایەن چوار كەسی چالاكەوە دادەمەزرێ كە دوانیان كورد دەبن بەنێوی (ئیسحاق سكوتی وعبدالله جەودەت )"١٤" .

شێخ عەبدولقادری كوڕی شێخ عوبەیدوللا یەكێك دەبێت لەوخەلكانەی كە ئارمانجی تازەخوازیوریفۆرمیستانەی(كۆمەلەی ئیتیحاد وتەرەقی)سەرنجیان رادەكێشێت وپەیوەندی پێوە دەكەن وشێخ عەبدولقادر لە سالی١٨٩٦دا لە دەسیسەیەكدا دژی سولتان عبدالحمید بەشداری دەكات.

دوو كەسایەتی نێوداری دیكە،واتە عەبدورەحمان بەدرخان وحیكمەت بابان لە سالی ١٩٠٢دا لە یەكەمین كۆنگرەی((كۆمەلەی ئیتیحادوتەرەقی))دا لە پاریس بەشداری دەكەن.سەیر ئەوەیە كە ناسیۆنالیستانی كوردوترك نزیكەی دەسالێك پێكەوە لە یەك رێكخراوی سیاسیدا كار دەكەن،ئەم هاوكاری وپێكەوەكاركردنە تا سەرهەلدان وپەیدابوونی بزافی((تركانی جەوان)) لە سالی ١٩٠٨ بەردەوام دەبێت.یەكێك لە هەنگاوەكانی شۆرشگێران بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی مەشروتیەتی لیبرالی سالی ١٨٧٦:ئەم ماوەیە هەیڤی هەنگوینی(كۆمەلەی ئیتیحادوتەرەقی)وهەموو بزاڤە ناسیۆنالیستیەكانی توركیایە.پیاوماقولانی كورد رێگەی گەرانەوەیان بۆ قەستەنتەنیە پێ دەدرێ و هەر لەوێندەر یەكەمین رێكخراوی سیاسی كورد دادەمەزرێنن.

ئەمینعالی بەدرخانوشێخ عەبدولقادری شەمدینان وشەریف پاشا وئەحمەد زولفیق پاشا،لە سالی ١٩٠٨دا(كۆمەلەی تەعالی وتەرەقی كوردستان)وكۆمەلەیەكی تری هەندێ جەماوەریتر بەناوی((كۆمەلەی بلاڤكردنی مەعاریفی كوردی)) دادەمەزرێنن و قوتابخانەیەكی كوردی لە گەرەكی چەنبرلی تاشی ئەستەمولێ دەكەنەوە.

لە پایزی سالی ١٩٠٨دا یانەی ئەمین عالی بەدرخان گۆڤاری((تەعاونوتەرەقی كورد))بلاو دەكاتەوەو گوتارونووسینی ئیسماعیل حەقی بابانزادە وسەعید كوردی وعەبدولقادر شەمدینانی تێدا بلاودەكاتەوە.ئەم گۆڤارە بە تایبەتی هەندێ بابەت دەربارەی زەرورەتی زمانی ستانداردی كوردی كە كلیلی فێربوون وشارستانیەتە بلاودەكاتەوەوجەخت لەسەر گرنگیودەولەمەندی فولكلۆر وەكو ئەدەبیاتی راستەقینە ونەنووسراو دەكات.

رێبەروسەرانی كورد لە هەندێ گوتاری سیاسیدا،بەپارێزێكی زۆرو لە پشت پەردەی وشەوە ئەوە رادەگەیەنن كە فێربوون وخوێندنی تركی بۆ مندالانی كورد وەخت بە فیرۆدانە و پێشنیازی دامەزراندنی هێزێكی كورد لە لەشكرانی عەشایەری دەكەن. بەلام بە پارێزەوەولە ژێر پەردەوە ئەوە دەدركێنن.كۆمەلێك یانەی دیكەی كوردی لە بەغداوموسلێ ودیاربەكریش دەكرێنەوە. بەلام سەیر ئەوەیە كە قەستەنتەنیە هەروەكو جاران بە بنكەی قەومیەتی كورد دەمێنێتەوە.ژمارەی كوردی

https://t.me/kurdistanbooks

قەستەنتەنیە لە چاوخۆیا یەکجارکەمە:نزیکەی ٣٠٠٠٠ کەسن ولە توێژە زۆر هەژارەکەی خەڵکن واتە ئاوکێش وحەماڵ وئەو جۆرە خەڵکەن.
لێ زۆربەی ئەو میرە(لێخراوانەی) کورد کە توانیویانە لە وڵاتی میسر وکریت بگەرێنەوە،ناچار کراون لەم شارەدا و لە ژێر چاودێریدا نیشەجێ بن و توێژێکی"هەڵبژردە" وبە دەسەڵات پێك دەهێنن کە لە خەڵکەکەی خۆیان دابڕاون و بە ناچاری کەم و زۆر بوون بە ترك .

٤-ماڵباتی بەدرخان:

جا لە نێو ئەم توێژە هەڵبژاردەیەدا،نەوەکانی میر بەدرخان جێیەکی گرنگ دەگرن.کەس تانهوو نەیزانیوە کە ئەم میرە چەند منداڵی هەبووە،بە قسەی میجەر نوئێلێ"٩٠" کوڕی هەبووە. بە قسەی تراترکنسول ٤٠ کوڕ و ١٤ کیژی هەبووە و بە گوتەی ئەلفینستون ٦٥ کوڕی هەبووە.
میرکامەران بەدرخانی نەوەی(پاشای کوردستان) زۆر جار دەیگوت "دەڵێن باوە گەورەم ٩٩منداڵی هەبووە....ئەوەی ئاشکرایە ئەمەیە کە وەختێ مرد ٢١ کوڕ و٢١ کیژی لە ژیاندا بوون....من بە خۆم ١٥یا١٦ مام وبە قەد هەمان ژمارەش پۆری خۆم دەناسین"."١٥"بەهەرحاڵ،هەرچیەك بێ، هەندێ لە نەوەکانی میربەدرخان لە بزاڤی نەتەوەیی کوردا رۆڵی کەم تا زۆر گرینگیان گێڕاوە.

کـوڕەکــان:

– عوسمان وحوسێن(رێبەرایەتی شۆرشی ساڵی١٨٧٩یان کرد)حوسێن لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩١٠دا ئیعدام کرا.
– مەدحەد بەگ دامەزرێنەری رۆژنامەی کوردستان(رێبەرایەتی شۆڕشی ساڵی ١٨٨٩ی کرد.)
– کامیل بەدرخان،پەیمانێکی دەگەڵ روسەکاندا بەست،لە ساڵی ١٩١٧ لەلایەن روسەکانەوە کرا بە حاکمی ئەرزەرۆم،پاش ئەوە چووە تەفلیس ولەوێندەر ژیا.
– خەلیل بۆ حاکمی مەلاتیە پاڵێورا.
– حەسەن بەدرخان،لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩١٠دا وەکو نوێنەری کوردستان بۆ ئەندامەتی پەرلەمان پاڵێوراو لەگەل حسێنی برایدا بە نوێنەر هەلبژێدرا،لێ دوای شەش مانگ پاش ئەوەی حسێنی برای تەوقیف کرا،خۆی شاردەوەوسەرەنجام دەستگیر کراو لە زینداندا بەدرەفتاری زۆری لەگەڵدا کرا ،کە لە زیندان ئازاد بوو زۆر نەخۆش بوو.
– عەبدورەحمان،لەپاش مەدحەت بوو بە سەرنووسەری کوردستان.
– بەحری،هاوکاری دەگەڵ شێخ عەبدولقادردا کرد.
– ئەمین عالی(١٨٥١ – ١٩٢٦) پارێزەر بوو، یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یانەی کورد لە ساڵی ١٩٠٨دا.

نــەوەکــان:

– عبـدالرزاق کـوری نـەجیب پاشـای کـوری مـیر بـەدرخان بوو،لـە شـەڕێکی شەخسـیدا فەرمـانـداری قەستەنتەنیەی کوشت ولەگەڵ هەموو خێزانەکەیدا نەفی کراو پەنای بردە بەر روسیا ولـەوێ بـوو بـە پەردەداری دەرباری تزار.لە ساڵی ١٩١٨دا لە موسڵ کوژرا.

کوڕانی ئەمین عالی:

– سورەیا ١٨٨٣-١٩٣٨
– جەلادەت ١٨٩٣-١٩٥١

https://t.me/kurdistanbooks

- کامەران ١٨٩٥-١٩٧٨

ئـەم بەدرخانیانـەوپاشماوەکانی میرانـی سـۆران‌وبابان‌ونەوەو نـەتیرەی شـێخ عوبەیـدوڵلا-عەبدولقادروتەهای شەمدینان-ودوو جەنەرالی کورد نەژاد به نێوی شەریف پاشا ولوتفی پاشا و چـەند کەسـێکی دیکـە لـە پیاوماقولان‌وسـەرانی دیاربەکر،هەمووپێکـەوە بناغـەی رابـەرانی ناسۆنالیستی کورد پێك دەهێنن وپاش ماوەیەك هێزە گەورەکان سەروساخت لەگەڵ ئەمانەدا پەیدا دەکەن.

لە سەرەتاکانی ساڵی١٩٠٩دا لایەنگرانی سوڵتان دژە شۆرشێك ئەنجام دەدەن وسەرانی کوردی میللی بەشداری تێدا دەکەن.لێ ئەم دژە شۆڕشە لەلایەن((ترکانی جەوان))ەوە سەرکوت دەکرێت. رێبەرانی((ئیتیحادوتەرەقی))لە بەلێنەکانی خۆیان ژێوان دەبنەوەودەست بە کاری ئەنجامدانی سیاسەتی((ترکاندنی کوردەکان)) دەکەن وهەموو یانە وکۆمەڵە ورۆژنامە وگۆڤاروقوتابخانە کوردیەکان دادەخەن.

ئەمین عالی بەدرخان‌وشەریف پاشا حوکمی ئیعدام دەدرێن،لێ هەڵدێن.سورەیا بەدرخان کە لە قاهیرە گەڕابووەوەو درێژەی بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردستان دەدا،بە ناچاری وجارەکی دی وڵات بەجێ دەهێڵێت.

لە ساڵی١٩١٠دا،دوو خوێندکاری قوتابخانەی کشتوکاڵی هالکالی،بە نێوی خەلیل خەیاڵی، خەلکی مۆتکی ئۆمەرو خدربەگی جەمال پاشازادە،بە هاوکاری فوئادی تیمۆ، خەڵکی وان و زەکی ئەفەندی خـەڵکی دیاربـەکر ئەنجومـەنێکی خوێنـدکاری ((پێشـکەوتوتر)) لـە ئەنجومەنـەکانی پێشـوو دادەمەزرێنن و ناوی دەنێن هێڤی. ئەم ئەنجومەنە کە لە موسڵ دا بە((هیوا))ناسراوە تا سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم بەردەوام دەبێت،ودکارێت گۆڤارێك بە نێوی (رۆژی کورد)دەربکات .

هەروەها گۆڤاری سێیەم بە نێوی(ژین) لەلایەن دەستەیەك کوردەوە، مەمدوح سەلیم (سکرتێری گشتی ئایندەی ئەنجومەنی کورد) و کەماڵ فەوزی بەگ (کە لە ساڵی ١٩٢٥دا لە دیاربەکر ئیعدام کرا) و هەمزە ئەفەندیەوە بلاو دەکرێتەوە.

لە سـاڵی ١٩١٢دا هـەولێکی ئاشـتەوایی لـە بـەینی((ترکـانی جـەوان))وناسیۆنالیسـتانی کـورد دەبینین.دوا بە دوای ئەم هەوڵە هەندێ هەراوئاژاوە لە بۆتاندا روودەدات کە لە ئاکامدا سلێمان بەدرخان بە دەستی پۆلیس دەکوژرێ.

پاشان لە ساڵی١٩١٣دا لە ئاکامی دیکتاتۆریەتی ئەنوەرپاشادا،پەیوەندی " ترکانی جەوان" و ناسیۆنالیسـتانی کـورد بـە تـەواوەتی دەپچـڕێت. لـە سـاڵی دوواتـرا جـەنگی جیهـانی یەکـەم هەڵدەگیرسێت،کە،کوردەکان کەم‌وزۆر راستگۆیانە بەگەڵ عوسمانیان دەکەون و دژی هاوپەیمانان دەجەنگن و بەشێك لە کوردستان لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاو فەرەنساوە داگیر دەکرێت.

سەرکەوتنی هاوپـەیمانان سـاتێکی بـێ وێنـە بـەلام نـە زۆر شـانازیامێز،لە مێژوی کوردا پیشـان دەدات:بۆ یەکـەم جـار رێبـەرانی کـورد ڕاسـتەخۆ کـاری دیبلۆماسـی دەجـەڕبێنن: ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی ژێرکەوتووەو مەحکوم بە دابەشکردنە،وابەدیاردەکەوێ کە بە یەکجارەکی تێکشکاوەو وردوخاش بووە،ڕێبەرانی کورد دەرفەتیان دەدرێتێ لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا،دەنگی خۆیان بە دنیا بگەیەنن و لە هەمان کاتدا دەتوانن لە قەستەنتەنیەدا پەیوەندی بە نوێنەری زلهێزەکانەوە بکەن.

https://t.me/kurdistanbooks

((کوردستان)) هێشتا بوونی نیە،لێ نوێنەرانی کورد کەم‌وزۆر سەنگ‌وپێگەی سیاسیان هەیە. بە پێی بەڵێنەکانی سەرۆك ویلسن وبە گوێرەی بەیاننامە یەك لە داوی یەکەکانی ئینگلیزوفەرەنسا سەبارەت بە کوردان زەمانی(ئازادی تەواوویەکجارەکی)هاتووە-واتە ئەو زەمانە هاتووە کە بتوانن (لە رێگەی ریفراندۆم‌وهەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵکی کوردەوە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان)دابمەزرێنن.

بەلآم ئەم ئومێد وچاوەروانیە گەورەیە تراویلکەیە:سەربەخۆیی کوردستان بەرلەوەی بە دروستی بکەوێتە بەرچاو،لە قەڵەمڕەوی تەمومژی خەیاڵێکی دوورە دەستدا گوم دەبێ.خۆپەرستی وبێ شەرمی دەوڵەتانی گەورەی وەك:(بەریتانیاوفەرەنسا)وبچووکی وەك(ئیتاڵیاویۆنان) کە دەیانویست ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە رەگ وریشەوە دەربێنن،مەسئولیەتێکی گەورەی لەم رووەوە لەسەرە. لێ رێبەرانی کوردیش سادەیی‌وساویلکەیی‌و بێ توانایییەکی سەیریان لەم مەیدانەدا نیشان دا: ئەم سەرگەورانە بوونە ئالەت‌وگەمەی دەستی زلهێزەکان.

**٥-شەریف پاشا:**

لەپاریسدا،یەکێك لە سیاسەتوانانی عوسمانی کە لەپڕ نەژادی کوردی خۆی وەبیر دێنێتەوە،دەتوانێ وەکو(سەرۆکی شاندی نوێنەرایەتی کورد) خۆی لە کۆنفرانسی ئاشتیدا بسەپێنێ

شەریف پاشا لە سلێمانی لە دایك بووبوو،دەگەڵ شێخ محمودا لەلای بابە خواجە دەرسی خوێندبوو، پاشان لە قەستەنتەنیە ولە دام ودەزگای عوسمانیدا پلەکانی بەرزبوونەوەی بڕی بوو و،بوو بوو بە یەکێك لە دەوڵەتڕانان، ئیدی جگە لە نەژادو رەگەز چ نیشانەیەکی تری کوردبوونی نەبوو.لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٠دا لەلایەن سوڵتانەوە دەکرێ بەسەفیری عوسمانی لە ستۆکهۆلم و لەگەڵ گەلێك لەو سیاسەتوانانەی،کە کەمترین ئاگادارییان لەمەڕ کورد بوونی ئەو نەبوو،بوو بوو بە هاوپیاڵە!."١٦"

ئەم پیاوە زۆر پابەندی بیر وباوەڕ نەبوو،لە پێناوی پێشکەوتنی خۆیدا هەموو بیروباوەرێکی وەلاوە دەنا:سەرەتا دەگەڵ رێبەرانی(ئیتیحادوتەرەقی)دا یەکی گرت وپاش کودەتای ساڵی ١٩٠٨ چونکە نە یانکرد بە سەفیر لە پاریس،لەگەڵیان تێکچوو.

کاتێ کە شەڕ دەستی پێکرد،شەریف پاشا کە دژی یەکێتیی عوسمانی لەگەڵ ئەلمانیابوو،مۆڵەتی وەرگرت لە فەرەنسادا بمێنێتەوە،وزۆربەی رۆژانی جەنگی لە وێندەرو لە ڤێلا تایبەتیەکەی خۆیدا بە نێوی(مۆن کیف) لە مۆنتیکارلۆ بەسەر برد.

کوڕی یەکێك لە دەوڵەمەندەکان لە نوسینێکدا دەڵێ((شەریف پاشا نەجیمزادەیەکی بیست‌وچوار عەیار بوو .... پیاوێکی ئیسراحەتخوازبوو، ڕمودەی شامپانی وشەویانان بوو،شەیدای ژیانی خۆش بوو ...بەرواڵەت پارەیەکی زۆری هەبوو"."١٧"

بەلام ئینگیزەکان کە حەزیان لێنەدەکرد بە جۆرێکی دی باسیان کردووە:"ئەم کابرایە بە هۆی جل و بەرگە عەنتیکەکەیەوە لە نێو ترکاندا بە (شەریف کلاوخوار)ناسراوە. پیاوێکی یەکجار شۆرەت وپایە خوازە...لە رادە بەردەر کەودەنە!بەگوتەی جالیەی ترکی ئاکنجی سویسرا تەنیا لەبەر

https://t.me/kurdistanbooks

دەوڵەمەندیەکەیەتی کە لەنێو ترکان وموسوڵمانانندا تۆزە دەسەڵاتێکی هەیە:دۆتمیرێکی میسری دەوڵەمەندی خواستووە ..."" ١٨"

شەریف پاشا،دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩١٤دا پەیوەندییەکی ناکام لەگەڵ ئینگلیزەکاندا دەکات، لە کۆتایی جەنگدا سەرلەنوێ پەیوەندییان دەگەڵدا پەیدا دەکاتەوەو لە ١٩١٨/٦/٣دا لە مارسیلیادا "سێر پرسی کۆکس"ی کۆمیسەری وڵاتی بەریتانیا و بەرپرسی کاروباری دۆڵی دوو رووبار دەبینێ:(لەم دیدارەدا)پێشنیازی سیاسەتی (ئەمری واقیع)دەکات،و بە سیرپرسی کوکس دەڵێ کە بەریتانیا هەر لە ئێستاوە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدات و(بێ چ دوو دڵی وڕاڕاییەك موسڵ) بکات بە مەڵبەندی ئیدارەی کوردستان –هەڵبەتە موسڵ کەوتبووە شوێنێکەوە پێدەچوو بەر فەرنسا بکەوێت!

لێ پاش پەیمانی ئاگربڕی مەدرەس١٩١٨/١٠/٣١ دەروات بۆ سویسڕا،لە وێندەر داوا لە کۆنگرەی عوسمانییانی ئازادیخواز،بە سەرۆکایەتی پرنس سەباحەدین دەکات کە کۆبوونەوە بکەن و لە ئەنجومەن وکۆڕە سیاسیەکانی ئەوروپادا،خۆی وەکو داکۆکیکار لە مافی عوسمانیان دەناسێنێ ."١٩"

ئایا شەریف پاشا گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانێ سوود لە "ناو"ی کوردستان، واتە لە ناوی ئەو خەڵکەی کە بە رواڵەت کەس بەلایدا نەدەهات،وەربگرێ؟ نەخێر،هەرگیز !پەیوەندی خۆی لەگەڵ لەندەن و پاریسدا زیاتردەکات.

لە لەندەن بە ساردی پێشوازی دەکرێ،چونکە پێشنیازی"لامەرکەزی ئیداری" کە لە لایەن ئەوەوە دەکرێ بە هیچ جۆرێ لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیادا،کە سوورە لەسەر جیاکردنەوەی بەشە غەیرە ترکەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەدەگونجا:شەریف پاشا خوازیاری ئۆتۆنۆمی کوردستانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا،کە بێ چ دەستکارییەك وەکو خۆی بمێنیتەوە."٢٠"

پاریس،پێشوازییەکی گەرمتری دەکات، لەوێندەر یەکێك لە فەرمانبەرە گەورەکانی وەزارەتی دەرێ کە دەبینێ ئەم پیاوە خۆی بۆ بەرپرسی(ئیمارەتی کوردستان) کاندید کردووە، هیچ پێی سەیر نابێ و هانی دەدات کە ((داوای ئۆتۆنۆمی لە سایەی فەرەنسادا بکات ))"٢١" .

ئیدی لەوساتەوە شەریف پاشا دەست بە کۆششی بێ وچانی خۆی دەکات وپەیوەندی بە هەموو دەوڵەتان و سەرانی وڵاتان وسەفیرانەوە دەکات.

لە ١٩١٩/٢/٦یاداشتنامەیەك سەبارەت بە مافوداخازییەکانی کورد دەدات بە کلیمانسۆی (کلیمانسۆ١٨٤١-١٩٢٩ لە ساڵانی ١٩٠٦-١٩٠٩و١٩١٧- ١٩٢٠دا سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بوو) سەرۆکی کۆنفرانسی ئاشتی، لەم یاداشتنامەیەدا خوازیاری کوردستانێکی خودموختارە کە ویلایەتەکانی دیاربەکر،خارپوت، بەتلیس (بەدلیس) و موسڵ و باژێری ئۆرفە بگرێتەوە.

شەریف پاشا لەم یاداشتنامەیەدا دووپاتی دەکاتەوە کە ئەمە لایەنی کەمی پێشنیازی ئەوە ،چونکە "کوردستانی یەکپارچە" دەبێ بە ئەرزەرۆمدا تێ بپەرێ وکوردستانی ئێرانیش بگرێتەوە!

دوای چەند هەفتەیەك لە نامەیەکدا بۆ ویلسن وکلیمانسۆ و للۆید جۆرج ( Lioyd george )

https://t.me/kurdistanbooks

١٨٦٣- ١٩٤٥له سالآنی ١٩١٦-١٩٢٢سەرەك وەزیرانی ئینگلیز بووە)وئورلاندۆ ١٨٦٠-١٩٥٢ لە سالآنی١٩١٧-١٩١٩ سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیابووە).داوای دامەزراندنی "دەوڵەتی کاتی کوردستانی" دەکات"٢٢" ئیدی یاداشت لە دوای یاداشت لەمەڕ مەسەلەی کورد دەنێرێ."٢٣"

### دژایەتی فەرەنسا :

لێ فەرەنساهەر زوو دژایەتی دامەزراندنی((ئیمارەتێکی کوردی)) دەکات: چونکە ئەم نەخشەیە بە دەستکردوتەگبیری ئینگلستانوبە دژی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەزانێ.لێ شەریف پاشا کۆڵ نادات ولەسەر بەرنامەکانی خۆی دەڕوات وهەوڵ دەدات دڵی ئینگلیزەکان نەرم بکات.

### مامەڵەی بەریتانیای مەزن :

لە ١٩١٩/٥/٢٠دا شەریف پاشا داوا لە لویس مالت،سەفیری بەریتانیا لە پاریس دەکات کە هەڵبژاردنی ئەو بۆ بە دەستهێنانی ئیمارەتی کوردستان،بە بالفور(Balfor ئارتر جێمز ١٨٤٨-١٩٣٠، لە سالآنی ١٩٠٢- ١٩٠٥دا سەرۆك وەزیرانی ئینگلستان بوو) رابگەیەنێ! و زۆر زوو ئەم "مامەڵە و سەودایەی"ی خوارەوە بۆبەریتانیا پێشنیاز دەکات:بەریتانیای مەزن دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێ و" لەوێ حکومەتێکی مەرکەزی دابمەزرێنێ کە لەلای خۆیەوە مافی هەموو سەرانی کورد لە چوارچێوەی سیستەمی فیوداڵیدا قبول بکات"

جا لەبری ئەوە،دەوڵەتی بەریتانیا" دەتوانێ لەوە دڵنیا بێت کە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ئیداری و ئابووری و سوپاییدا دەستێکی بالآی دەبێ،وهەڵبەتە بەوپەڕی نهێنی پارێزیەوە- واتە بە هەمان ئەو نهێنی پارێزیوسڕقایمیەوە کە لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتی بەریتانیایە" .

شەریف پاشا،لەگەڵ راگەیاندنی ئەوەدا کە((هەموو سەرانی کوردونەجیمزادەکانی ئاکنجی قەستەنتەنیە ئەویان بۆ سەرۆکایەتی خۆیان هەڵبژاردووە...)) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەبێ بە دانی((مانگانەیەکی)) وەکو ئەوەی بە عەرەبەکان دەدرێ،ئەم سەرۆکانە بەلای خۆدا ڕابکێشن - هەڵبەتە نەك هەر بەوانەی کە لە ناوچەکەدا نیشتەجێن،بەڵکو بەوانەیش کە لە قەستەنتەنیەدا دەژین"٢٤" بەلآم ئینگلیزەکان لەگەڵی رێك ناکەون.

دوای چەند هەفتەیەك یەکێك لە گەورە فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرێی ئینگیلز دەنوسێت:(( دەوڵەتی بەریتانیا پێی وایە کە زۆری تەمەنی وئیقامەتی دوورو درێژی لە پاریس کۆسپن لە رێگەی ئەوەی کە بتوانێ لە پۆستی سەرۆکایەتی دەوڵەتی ئایندەی کوردا دەورێکی شایستە بگێڕێ))!

وفەرەنسیەکان هەندێ قەواڵە و بەڵگەیان لە لایە کە قەناعەت بە خۆیان بکەن کە شەریف پاشا لە ئینگلستاندا ((هەموو شتێکی دەستخستووە))"٢٥"

نەگبەتی شەریف پاشا ئەمەیە کە ئینگلیزەکان بە(هەوادارێکی نەگۆڕوکۆنەکاروکارامەی فەرەنسا)ی دەزانن!

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مێژوونوسان دەربارەی ئەم شەریف پاشایە،کە پیاوێکی زۆر هەلپەرستە،بە باشی داوەری دەکەن:دەڵێن ئەگەر ئەو نەبووایە دەنگی کوردستان نە دەگەییە گوێی سەرانی ولآتانوئەوسەرۆك وەزیرانەی کە لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریسدا کۆبوو بوونەووە .

https://t.me/kurdistanbooks

لێ ئەم قسەیە بە تەواوەتی نادروستە:لە راستیدا ئینگلیزەکان رێگەی چ پەیڤدارێکی دیکەی کوردیان نەدا بێت بۆ پاریس وبەمەش زەمینەیان بۆ ئەم تاقە نوێنەرەی کورد خۆش کرد،هەر وەکو چۆن لە بەیروت ودیمەشق بە دەستوری ئاشکرای کۆمیسەری ولاتی بەغدا رێگەی سەفەری دوو نوێنەری شێخ محمودی پاشای کوردستانی باشوور نەدرابوو،هەروەها هەموو نوێنەرە کوردەکانی دیکەش کە دەیانویست لە رێگەی قاهیرەوە بێن بۆ کۆنفرانسەکە(مۆڵەتنامەیان) نەدرایێ.

بەڵام پاشان بیرێکی سیاسی بلیمەتانە بە هزروبیری شەریف پاشادا هات کە بووە مایەی نابووتی ئەو! شەریف پاشا کە بەردەوام پەیوەندی بە سیاسەتوانانی ئەورپایی وئەمەریکاییەوە هەبوو،هەر زوو پەی بە زەروورەت وپێوستی حەل وفەسڵی دوژمنایەتی وناکۆکی نێوان کورد و ئەرمەنیان برد:ئەم دوو کەمینەیە خوازیاری یەك سەرزەمین بوون.ئەرمەنیەکان سوودیان لە رەوتی رای گشتی کە بە قازانجی ئەوان بوو وەردەگرت:چاپەمەنی ئەوروپا رۆژانە باسی ئەو کوشتارەیان دەکرد کە ئەرمەنیەکان بە درێژایی یەك سەدە دووچاری بووبوون.

بەڵی شەریف پاشا بوغوس نوباری(Boghos nauba) سەرۆکی شاندی نوێنەرانی ئەرمەنییانی قەناعەت پێکرد کە قەواڵە و ئاشتی نامەیەکی هاوبەش ئیمزا بکەن.بەڵام ئەم شاکارە سیاسیە قەرقەشەیەکی توندی لە قەستەنتەنیەدا هەڵگیرساندو حاشا لە شەریف پاشا کراو ئەویش ناچا بوو لە ١٩٢٠/٤/٢٧دا ئیستقاڵە بدات وچاوی لەو هەمووخەون وخەیاڵە پۆشی کە بە ((ئیمارەتی)) کوردستانەوەی دەیبینیێ.

### یانە کوردییەکانی قەستەنتەنیە :

هەرکە پەیمانی وەستانی شەر ئیمزاکرا،ئیدی یانە کوردییەکان کەوتنەوە چالاکی وچەلەنگی خۆیان.لە پایتەختی عوسمانیدا دوو کەسایەتی بە سەر کۆڕوئەنجومەنە نەتەوەییەکانی کوردا زاڵ بوون: یەکێکیان سیناتۆر عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا بوو کە لە کاتی لەشکرکێشی بابیدا بۆ سەر ئێران لە ساڵی ١٨٨٠دا رێبەرایەتی هێزەکانی بابی کردبوو،دووەمیان ئەمین عالی بەدرخان بوو کە لە پاش مەرگ یان بێ سەروشوێن بوونی ژمارەیەك لە براگەورەکانی،سەرۆکی بێ هەڤرکی تایفەی بەدرخان بوو.

ئەم دووانە((کۆمەڵەی تەعالی کوردستان))یان دامەزراند.عەبدولقادر سەرۆك و ئەمین عالی بەدرخان جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی ناڤبری بوون.ئەندامە سەرەکیەکانی دیکەی کۆمەلە بریتی بوون لە خەڵکانی وەك رەمزی بەگی خەڵکی خەرپوت،ئەکرەم بەگی جەمیل پاشا لە دیاربەکر ،نەجمەدین حسێن، مەمدوح سلیم،دکتۆر شوکری محەمەد، ئەمین زەکی بەگ،حسێن ئەمین بەگ نوێنەری جارانی خەرپوت ،محەمەد بەگ نوێنەری جارانی مەلاتیە، سەرهەنگ خەلیل بەگ لە دەرسیم، مەحمود نەدیم پاشا لە ئورفە، جەنەراڵ مستەفا پاشا لە سلێمانی،وجەنەراڵ حەمدی پاشا .

وەکو دەبینن تاقە یەك شۆرشگێڕ دەنێو ئەمانەدا نیە! رێبەرانی بزاڤی نەتەوەیی کورد، کەسانی ئیشڕان وزۆربەیان خودان پایەی بەرزن لە نێوسوپاو،دامودەزگاکانی حکومەتی عوسمانیدا .

سیناتۆر عەبدولقادر تەنانەت سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمڕانی ویەکێك لە سیانزە وەزیرەکەی حکومەتی داماد فرید بوو تاکاتی کەوتنی ئەم حکومەتە لە پاش داگیرکردنی سمیرنە لەلایەن یۆنانیەکانەوە (١٤-١٩١٩/٥/١٥). سەرهەنگ خەلیل بەگ سەرۆکی پۆلیسی قەستەنتەنیەیە.میر

https://t.me/kurdistanbooks

کامەران بەدرخانی کوڕی ئەمینعالی بەدرخان نیو سەدە دواتر دەڵێ:((زۆربەیان لاقێکیان لە نێوبەرەی کوردان بوو،ولاقەکەی دیکەیان دەنێو دامودەزگای عوسمانی وئیسلامی دابوو..... دەیانویست ببنە وەزیر))."٢٦"

ئیدی بە خێرایی یانەێن کوردی لە شارە گەورەکانی کوردستانی عوسمانیدا،لە شارانی وەك مەلاتیە وماردین وخەرپوت ودیاربەکر کرانەوە .

**٦-ڕەوت و ڕێبازە سەرەکییەکانی ناسیونالزمی کوردی:**

لێ،نەتەوە پەروەرانی کورد،چ لە شارەکانی کوردستان وچ لە پایتەخی عوسمانیدا زۆر ناتەباوجیاوازن لە نێو خۆیاندا، دەتوانرێ سێ ڕێبازی سەرەکیان تێدا دەستنیشان بکرێ:

– ڕێبازی((ترك–کورد))وپان ئیسلامی کە ناسیونالیستانی ترك پشتیوانیان دەکرد تا لەو ڕێگەیەوە لە کوردستانی باکوردا شۆڕشێك دژی ئینگلیز هەڵگیرسێنن ونەیەڵن لە ئایندەدا دەوڵەتی ئەرمەنی دروست ببێ،هەروەها لەوخاڵەش غافڵ نەبوون کە لە حاڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا ڕێ لەوە بگرن کە دەوڵەتی ناڤبری بکەوێتە ساوپەناو ژێر دەسەلاٚتی بێگانەوە!

– ڕێبازورەوتی ئۆتۆنۆمیخواز،کە سیناتۆر عەبدولقادر نوێنەری سەرەکی ئەم رەوەتەیە.

– ڕێبازورەوتی((خۆیبوونخواز))کە ئەمین عالی بەدرخان ڕێبەریەتی.

پەیوەندییە سەرەتاییەکانی نێوان کوردان ودەوڵەت بە بوونی مستەفا عارف بەگ،بە وەزیری ناوخۆ،لە کابینەی حکومەتدا ئاسان دەبێت:چونکە ئەم پیاوە دۆستی بەدرخانیەکانەو خەلیل بەگ دەکات بە حاکمی مەلاتیە وئەمین عالی بەدرخان بۆ پارێزگاری دیاربەکر کاندید دەکات"٢٧" .

لەوگفتوگۆیانەوە کە لە ساڵی١٩١٩دالەم بارەیەوە دەکرێن:وابەدیاردەکەوێ کە ناسیۆنالیستانی کورد،بێ مەیل نین هەندێك لایەنگری عوسمانی بکەن .

چەندین کۆبوونەوە لە نوسینگەی سەرۆك وەزیراندا ئەنجام دەدرێ،کە لە لایەنی کوردەکانەوە ئەم کەسایەتیانە بەشداری تێدا دەکەن:سیناتۆر عەبدولقادر،ئەمین عالی بەدرخان،مراد بەدرخان، مەولان زاد رەفعەت ودوو ئەفسەری کورد بەناوی:سەرهەنگی دووەم ئەمین بەگ وسەرگورد عەونی بەگ.

لە لایەن دەوڵەتیشەوە پەیڤدارانی سەرەکی بریتین لە:حەیدەری زادە(شێخولئیسلام)،ئابوك پاشا،کۆنە وەزیری جەنگ،و وەزیری کاروباری گشتی و عەونی پاشا، وەزیری دەریاوانی.

ترکەکان رازی دەبن ئۆتۆنۆمی لە سایەی حوکم ودەسەلاٚتی سوڵتان وپەرلەماندا(بە بەشداری نوێنەرانی کورد) بە کوردستان بدەن.

بەو پێیە حوکمران وپۆلیس وکاربەدەستانی ناوچەیی هەموو کورد دەبن.بەشی هەرە زۆری دارایی ناوچەکە لە کوردستاندا سەرف دەکرێ. کوردەکان ئازاد دەبن لەوەی کە سوود لە راوێژکارانی بێگانە وەربگرن،بەلاٚم ئەم دەوڵەتە کوردیە بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەبێ.

هەڵبەتە ڕێبەرانی کورد دەسڵەمنەوە،گومان لە نیازچاکی ترکان دەکەن،لەوە دەترسن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کوردستان گیرۆدەی داوی گرفتی نابووتی وهەرەسهێنانی عوسمانی بکرێ .

لێ ترکەکان– هەر زوو وەعدو بەڵێنەکانی خۆیان ژێبر دەکەن."٢٨"

https://t.me/kurdistanbooks

**قەرقەشەی نێوان یانە کوردییەکان و دەوڵەتی عوسمانی:**

بەلاَم زۆر زوو کاری گفتوگۆی ژێراوژێر ونهێنی دەبیٚ بە قەرقەشەی ئاشکرا، ودەوڵەتی عوسمانی شەری راگەیاندن دژی ناسیونالستانی کورد رادەگەیەنیٚ.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە گۆڤاری(Vakit) گوتارێکی دووروودرێژ وتوند دژی کوردەکان بلاَودەکاتەوە، لەم گوتارەدا دەڵێ:((ئەمرۆکە هەر باسکردنێکی سەربەخۆیی کوردستان خۆی لە خۆیدا پشتیوانیە بۆ سەرکەوتنی ئەرمەنیەکان! ئەو خەڵکانەی کە ئەم جۆرە بانگەشەیە بلاَودەکەنەوە...،کەمترین دڵبەندیوپەیوەندیان بەکوردەوە نیە.ئەگەروابان،لەجیاتی لە قەستەنتەنیەدا خەریکی خوتبەدان وگوتابێژی بوایەن، دەچوون بۆ کوردستان و وەختی خۆیان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی فیکری ورۆشنبیری خەڵکی کورد تەرخان دەکرد، کە ئەوەندە نەزان و پاشکەوتووە: ئەوانەی لەم وەزع و حاڵەدا داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، گەورەترین دژمنانی گەلی کوردن))"٢٩"

رێبەرانی کورد لە گۆڤارەکەی خۆیاندا (ژین) بیٚ ئەوەی خۆ لە مشتومڕوقەرقەشە بدەن داکۆکی لە هەوڵ وکۆششەکانی خۆیان دەکەن:((ئێمە دەزانین کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە وەزع و حالێکی دژواروناهەمواردا تێدەپەریٚ،بەلاَم ئایا لەلایەکی دییەوە دەکریٚ چاوەنۆڕی ئەوە لە کوردی مەینەتباری سەدان ساڵ بکریٚ کە داوای ماف وچاك بوونی وەزع و حاڵی خۆی نەکات؟ هەر کاتیٚ کوردان،شەکوای حاڵی خۆیان کردبیٚ بە ئاژاوەگێڕ تاوانبارکراون ودەسەلاَتداران لە بری بە عەدالەت وئینسافەوە مامەڵە دەگەڵ ئەم سکالاَوداوایانەدا بکەن(دایانمرکاندووەتەوە !))"٣٠" دەوڵەت شان بە شانی ئەم شەری راگەیاندنە،لە باژێرە کوردەکاندا کەوتە بلاَوکردنەوەی مەزبەتەی بیٚ بنچ وبناوان.نیوەرۆکی ئەم مەزبەتانە دژی جموجوڵی سەربەخۆیی کوردستان لە ساوپەنای بێگانەدا بوو:لە بروسکەیەکی سەرانی کوردی بەتلیسدا بۆ دەوڵەت(ك٢/١٩٢٠)دەگوتریٚ:((هەندیٚ بەدخوای خەڵکی کورد،داخوازیی دەستەجەمیان بەو مەبەستەی کە کوردستان لە سایەی دەسەلاَتێکی بێگانەدا بیٚ ئامادەکردووەو رێکخستووە،ئەم داخوازیانە دروستکراون وئێمە نەفرەت (بۆ ئامادەکارانی) دەنێرین)).سەرەنجام وەزیری ناوخۆ مۆڵەتی کارکردن بە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) نادات- ئەمە هەمان ناوە کە پاش ٢٥ ساڵ دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە باژێری مەهاباد لە حیزبەکەی خۆیانی دەنەن .

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە راستیدا رەنگدانەوەی سیاسی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستانە )ە، نەجمەدین حسێن سکرتێریەتی کە بەرلەوەی قەستەنتەنیە لە لایەن هێزەکانی مستەفا کەمالەوە بگیریٚ چەندین یاداشتنامە بۆ دەوڵەتی عوسمانی وهاوپەیمانان دەنێریٚ.

دەسەلاَتدارانی عوسمانی بەرادەیەك شولی لیٚ هەڵدەکێشن کە ژمارەیەك لە رێبەرانی کورد، لەوانە هەمزە بەگی بەرێوەبەری گۆڤاری کوردی ژین دەگرن.هەمزە بەگ دادگایی دەکریٚو لە کۆتایی ساڵی١٩١٩ حوکمی ئیعدام دەدریٚ،چونکە لە دانیشتنێکی تایبەتیدا لە ماردین گوتوویەتی کە((کوردان پێویستە خۆیان ئازاد بکەن ))"٣١"

ئاشکرایە کە لەوجۆرە هەلومەرجەدا،رێبەرانی کورد سڵیان لە دەربڕینی بۆچوونی ئاشکرای خۆیان سەبارەت بە خۆیبوونی کوردستان دەکردەوە:چاوەنۆربوون تا دڵنیابن لەوەی کە کۆنفرانسی ئاشتی جارێکی دی جڵەوی چارەنووسی کوردستان ناداتەوە دەستی ترکان! .

https://t.me/kurdistanbooks

**مشتومڕوگەنگەشەی ناوخۆی بزاڤی کورد لەمەڕ ئامانجی ستراتیژی بزووتنەوەکە :**
**ئۆتۆنۆمی بێ یان سەربەخۆیی ؟**

لێ ڕێبەرانی کورد هەر زوو ناچاربوون لە قاوغی خۆیان بێنە دەرێ: شەریف پاشای نمایندەیان لە پاریس لە (١٩١٩/١٢/٢٠) ڕێکەوتنامەیەکی دەگەڵ بۆغۆس نۆباری نوێنەری ئەرمەنیەکان ئیمزاکردبوو کە دەیگوت:((هەردوو میللەت ئاریایین و یەك بەرژەوەندی ویەك ئامانجیان هەیە،واتە سەربەخۆیی و ئازادی خۆیان.))

(( بەلاّم سەبارەت بە داوەری دەربارەی ئەو شوێنانەی کە مشتومڕیان لە سەرە وسەبارەت بە سنووری هەردوو ولاّتی ئایندە،ئێمە بە فەرمی رایدەگەیەنین کە هەموو ئەم مەسەلانە دەخەینە بەر دەستی کۆنگرەی ئاشتی بە قەرارو بڕیاری کۆنگرە دەکەین.)) "٣٢"

ئەم ڕێکەوتننامەیە کە ئۆمێدی ئەوەی لێدەکرا ببێتە مایە ی دۆزینەوەی سەرەداوی گومی کلاّفەی ئالۆزکاوی ناکۆکیەکانی نێوان کورد وئەرمەن ولەلایەن کۆڕوئەنجومەنە سیاسییە ئەورووپی و ئەمەریکاییەکانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا بوو،لە قەستەنتەنیە دا وەکو بۆمبا دەنگی دایەوە: ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی بکەن هەر نەیسە،چونکە هیچ کوردێك ڕۆژێ لەرۆژان گومانی لە حوکم و دەسەلاّتی ئاینی سولّتان-خەلیفە نە دەکرد-بەلام کە بێن وپەیمان دەگەڵ ئەرمەنیاندا ببەستن ،ئەمە ئیدی پەیمان بەستن بوو دەگەڵ دوژمنێك دا کەمایەی نەفرەت و رق و کینەی هەموو ترکێك بوو- ئەمە خیانەت بوو! .

دەمودەست ناکۆکی ودووبەرەکی کەوتە نێوان ڕێبەرانی کوردەوە:ڕێکەوتننامەکەی نێوان شەریف پاشا و بوغس نۆبار، لە راستیدا ناچاری کردن کە راو بۆچوونی خۆیان لەمەڕ مەسەلەی هەستیاروناسکی ئامانج و ستراتیژیەتی خۆیان دەربڕن:ئۆتۆنۆمی بێ یان سەربەخۆیی؟

ئەم بابەتە لە زەین وهزری زۆریاندا ئەوەندە روون نەبوو.هەر بۆیەش نەجمەدین حسێنی سکرتێری گشتی حیزبی(مۆڵەت نەدراوی)دیموکراتی کوردستان لە دوانامەیەکەدا بۆ((دەولەتی بەریتانیای مەزن))دەنوسێت:((سەربەخۆیی کوردستانی یەکپارچە لە چوارچێوەی سنووری ئاسایی ونەتەوەیی خۆیدا،باشترین ڕێگەیە بۆئەوەی بە یەکجاری وبۆ هەمیشە کۆتایی بە گیروگرفتەکانی ئاسیای بچووك (تورکیا ) بهێنرێ.))

بەلام خێرا بادەداتەوەودەلێت: ((کوردەکان تەنێ کاتێ دەتوانن ببن بە فاکتەری دابینکردنی ئاشتی جیهان،کە لە چوارچێوەی سنورێکی ئاوهادا ولە سایەی ئالاّی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدارا بژین))"٣٣"

میر ئەمین عالی بەدرخان، خێرا خۆی کرد بەسەرۆکی باڵی لایەنگرانی سەربەخۆیی تەواوی کوردستان وبە تایبەتی لە هەڤپەیڤینێکدا بۆ رۆژنامەی لوبوسفور رایگەیاند:((ئێمە هەمووکمان سولّتان بە خەلیفە دەزانین.بەلاّم جەماعەتێك-کە نوێنەری باڵی بەهێزتری بزووتنەوەکەن- دەیانەوێت لە باری سیاسییەوە بە تەواوی لە تورکیا جیابینەوە. هەندێکی دیکە کە هەلپەرستن و لەوەدەترسن کە ئەورووپا دەستبەرداریان ببێ،ئەمانە بزوتنەوەیەکن دەیانەوێ تورکیامان ڕووبەڕوو بکەنەوەو لە حاڵی حازردا بە ئۆتۆنۆمیەك لە چوارچێوەی تورکیادا خۆشحالّن.بەلاّم ئەمانە کەمینەن. جا کە ئیستا هەموو لایەك سوود لە پرەنسیپەکانی سەرۆك ویڵسن دەبین،بۆچی ئەم پرەنسیپانە

https://t.me/kurdistanbooks

سەبارەت بە کوردستانیش بەکار نەهێنین؟ئەم مامەڵەیەی ئێمە مایەی نارەزایی دەوڵەتی مەرکەزیە بە تایبەتی هێزە ناسیونالیستەکان؟ لەو رووەوە دەتوانین چ بکەین؟...))

ئەمە کارێکی بوێرانە بوو. زۆر بەدڵی باڵی هەلپەرستان بە سەرۆکایەتی سیناتۆر عەبدولقادر نەبوو!عەبدولقادر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی الاقدام (١٩٢٠/٢/٢٧) هەوڵیدا،رێکەوتن نامەکەی شەریف پاشاونوبار پاشا بێبایەخ نیشان بداتوگوتی:((ترکان هاونەژادو برای ئازیزی ئێمەن:وێرای ئەوەی کە ئێمە هەموو موسلمانین ومەحاڵە کینەو دوژمنایەتیمان بکەوێتە بەین! ئێمە تەنێ ئەوەندەمان دەوێ کە مافی گەشەکردن وپەرەسەندنی ئازادانەمان هەبێ.ئەو دەنگۆیەش کە گوایە رێکەوتننامەیەکی دژ بە تورکیا، لە نێوان شەریف پاشا وبوغوس نوباردا ، ئیمزا کراوە ئەسڵ وئەساسی نیە.باسی ئەوەش کە ئێمە رۆژێ لەرۆژان کاری لەو بابەتە بکەین لە ئارادا نیە!)).

کورەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا پاشان لەسەری دەروا:ئەمرۆکە ٥-٦ باژێرودەڤەری کوردنشین هەیە.دەبا دەوڵەت ئۆتۆنۆمی بەوباژێرانە بدات تا ئێمە بە پشتوانی خەڵکانی ئابروومەندو دادپەروەر خۆمان وەقفی پەرەپێدانی ئەو باژێرانە بکەین. وەکو گوتم ئێمە چ دژمنایەتیەکمان دەگەڵ ترکاندا نیەو تەنانەت حەز دەکەین لەو دەوڵەتە ئۆتۆنۆمیدارەدا کە داوای دەکەین ترکانیش بەشداری بکەن ...))(!)"٣٤"

پاش چەند رۆژێك شێخ عەبدولقادر لە هەڤپەیڤینێکی دیکەدا، ئەمجارەیان دەگەڵ رۆژنامەی (تصویر افکار)ئۆرگانی(ئیتیحادوتەرەقی) دێتەوە سەر هەمان بابەت:((ئەمە دۆریەکی تەواوە کە دەڵێن کوردەکان دەخوازن لە تورکیا جیاببنەوە.من بەش بە حاڵی خۆم دەگەڵ بیروبۆچوونی جودا خوازیدا نیم.ئایا دەکرێت پیاو لەو بارەیەوە جگە لەمە بیروبۆچونێکی دی هەبێت؟ تەنێ یەکێتیی موسوڵمانانە کە دەتوانێ پێشکەوتن وتەرەقیان دابینبکات. کوردان،بەتایبەتی سەبارەت بە خەلافەت رێزوحورمەتێکی فرەیان هەیە.

هەمووان ئەمەیان پێخۆشەومن بەش بە حاڵی خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە خوازیاری ئۆتۆنۆمی کوردستانن،ئەمە تەنێ خواستی من نیە، بەڵکو (کۆمەڵەی تەعالی کوردستانیش) خوازیاری ئەوەیە ئێوە بە خۆتان دەزانن کە ئەم کۆمەڵەیە بەگوێرەی ویست وخواستی کوردەکان دامەزراوە. هەڵەو خەتاکانی دام ودەزگای ئیداری عوسمانیان بەدرێژایی ساڵانی رابردوو،وای لە کوردەکان کردووە کە داوای ئۆتۆنۆمی بکەن ))"٣٥"

داکۆکی لە هەوڵو تێکۆشانەکانی شەریف پاشادەکاتودەڵێ :((ئەم چالاکی وچەلەنگیانە نەك هەر بە قازانجی کوردن بەڵکو بە قازانجی تورکیاشە.))

ئەم گوتانە بە هەموو نەرمی ونیانیەکی خۆیانەوە،تۆفانێکی لە ناو پەرلەمانی عوسمانیدا هەستاند:نوێنەرانی کورد(لایەنگرانی دەوڵەت) ئیعترازیان لە قسەکانی سیناتۆر عەبدولقادر گرت وتەنانەت خوازیاری دەرکردنیشی بوون لە پەرلەمان:دەیانگوت کارەکەی ئەو((پێچەوانەی ئەو سوێندی وەفادارییەیە کە دەرحەق بە وەڵات و میللەت وسوڵتان)) خواردوویەتی "٣٦"

لە ١٩٢٠/٣/١دا نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکانی وان وئەرزرۆم و تەرابزون وهەکاری وبایەزید،مەزبەتەی دەکردنی ئەویان دا بە ئەنجومەن!ئەنجومەن مەزبەتەکەی پەسەندکردوناردی بۆ پەرلەمان. لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا،عەبدولقادر بە رادەیەك بەرگوشار خرابوو ناچار بوو بوو گوتەکانی ٣/١٥/ خۆی بەدرۆبخاتەوە .

https://t.me/kurdistanbooks

**٧- پارچە بوونی بزاڤی کورد:**

بەڵام ئەو بیروبۆچوونانە لە نێو یانەی کوردیشدا جۆرە ئاژاوەیەکی نایەوە. بە تایبەتی ئەندامانی ماڵباتی بابان وەکو نارەزایی لە هەڵسوکەوتی سەرۆکی کۆمەڵە (یانە)دەستیان لە ئەندامیەتی کۆمەڵە کێشایەوە.لەسەرەتای هەیڤی چواری ١٩٢٠دا شێخ عەبدولقادر لە((ئەسنافی کورد))ی ئاکنجی ئەستەمولەوە ،کە نوێنەری توێژە زۆر نزمەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ئاکنجی پایتەخت بوو(ئاوکێشان وکۆڵکێشان وئەم بابەتانە)نامەیەکی پێگەیی دەڵێ کە تەنێ ئەوهەقی ئەوەی هەس بە ناوی گەلی کوردەوە قسانبکا!

لەلایەکی دیکەوە کۆمەلێك لەو رۆشنبیرانەی کە لەدەوری ئەمین عالی بەدرخان گردبوو بوونەوە ، عەبدولقادریان لە سەرۆکایەتی لابردو لە کۆمەڵە (یانە) دەریانکرد!.

لە ئەنجامدا دووبەرەکیەکە بوو بە راست و لە قەستەنتەنیەدا دوو رێکخراوی ناسیونالیستی کورد کەوتنە چەلەنگی:((کۆمەڵەی کۆمەلایەتی کورد)) کە ئەمین عالی سەرۆکی بوو، مەمدوح سەلیم سکرتێری گشتی بوو.وکۆمەڵەی (( کوردوکوردستان)) بە سەرۆکایەتی عەبدولقادر.

هەڤرکانی عەبدولقادر، بە تایبەتی ماڵباتی بەدرخان قەد بە چاکە باسیان نەکردووە. هەر هەموو ئەو سیاسەتوانە بێگانانەی کە مامەڵەیان دەگەڵ کردووە شایەتی بۆ دەدەن کە پیاوێکی بە سام وتام وبە شەخسیەت بووە.چونکە پیاوێکی زۆر مەزهەبی و ئایینی بوو، بۆیە رێزی لە حوکم ودەسەلاتی سوڵتان وەکو خەلیفەی موسلمانان دەگرت.هەڵبەتە ئەم پابەندیەی بە ئاینەوە یەکێك بوو لەو فاکتەرانەی کە کردییە کارێك پتر بەلای ئۆتۆنۆمی کوردستان لە سایەی ترکاندا دای بکێشێت .لێ کورەکەی عەبدولقادر بەڵگەو بیانووی سیاسی تری هەبوو بۆ سنورداركردنی داواکانی خۆی.

لە گفتوگۆیەکیدا دەگەڵ دیبلۆماتێکی بەریتانیایی سەر بەکۆمیسیاری بالای بەریتانیا لە قەستەنتەنیە، پەندێکی کوردی بۆ دەگێرێتەوە:((دژمنت گەر مێرولەیەکیش بێت مادامێکی دژمنە نابێ لێی غافڵ بی، دەبێت حەساوی بۆ بکەی))"٣٧"عەبدولقادر وێرای شکستی ترکان و داگیرکردنی بەشێك لە خاکی عوسمانی لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە،بە چاکی ئەوەی دەزانی کە ئەمە هێشتا سەرەتای کارە....ئەگەر هاوپەیمانان بۆناچارکردنی ترکان بەوەی هەموو مەرجەکانی ئاشتی قبوڵبکەن هێزی تەواویان لەبەردەستدا نەبێت،ئەوا کوردەکان بە داواکردنی سەربەخۆیی زەرەر بەخۆیان دەگەیەنن!..

****

بەلای عەبدولقادرەوە،دووشت بنەرەتی بوو:یەکەم زەمانەتی ئۆتۆنۆمی یان خۆیبوونی کوردستان ،دووەم(یەکێتیی کوردستان)ئەو بەپێچەوانەی ئەمینعالی بەدرخانەوە، پێی وابوو ئۆتۆنۆمی کوردستانێکی یەکگرتوو لەساوپەنای عوسمانیدا باشترە لە کوردستانێکی سەربەخۆی پر ئاژاوە وهەراوهەنگامە.سیناتۆر عەبدولقادر،بەخۆی نهێنی هزرویری خۆی بۆ ئێم.دیرۆبیك کە یەکێك بوو لە نێردەکانی حاکمی بالای بەریتانیا لە قەستەنتەنیە–ئاشکرا دەکات ودەڵێ:((ئەگەر دەوڵەتی پایەبەرز(پاشای ئینگلیستان)خوازیاری ئەمە بێ کە ئەو سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێ، و پارێزگاری لێ بکات،ئەو ئەمە دەکات. بەلام لەم هەلومەرج وبارە نادیارەی ئێستادا کاری وەها چ سودێکی نابێ))"٣٨" .

https://t.me/kurdistanbooks

**٨- گەڕان بەدوای زێرەڤان و پشتیوانێکدا:**

پاش چارەکە سەدەیەك لە خەباتی چەکداری لە ڕای سەربەخۆییدا، وسەرەنجام حاڵی بوون لەم خاڵەی کە هەر کارێکی چەکداری،بەبێ پشتیوانی کاری سیاسی ودیبلۆماسی، هیچ ئەنجامێکی نابێ، ڕێبەرانی کورد(کە زۆربەی هەرە زۆریان کوڕونەوەی ڕێبەرەکانی پێشوون)یەکسەر بادەدەنەوەوبەشی هەرە زۆری چالاکی خۆیان بۆ سەرنج ڕاکێشانی نوێنەرانی هێزە ئەورووپاییەکان تەرخان دەکەن:لە پێش هەموویانەوە بەریتانیای مەزن کە بە ڕواڵەت دەسەڵاتی خۆی بە سەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا کێشاوە،پاشان تا ڕادەیەك فەرەنسا.((هەر کوردێکی ئاقڵ، ئەمەی لا روون بووەتەوە،کە کوردستانی ئاینده بە بێ هاوکاری وپشتیوانی بەریتانیا ناژی وگەشە ناکات.ئێمە ئامادەین جڵەوی چارەنوسی خاکی خۆمان بدەینە دەست ئینگلیستان وهەرچیمان لە توانادایە بۆ خزمەتی ئەم هێزەی بەکار بهێنین!)).

ئێستا ڕاستە ئیشەکە دیارە....بەڵام ئەم قسەیە بەلای کەمەوە لەبەر ئەوەی لەلایەن ڕێبەرێکی ناسیونالی کوردەوە کراوە،جێگای سەرسورمانە: ئەمە بەشێکە لە نامەی نەجمەدین حوسێنی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆمیسەری باڵای بەریتانیا."٣٩"

هەموو ڕێبەرەگەورەکانی کوردی ئەم سەروبەندە بەهەمان شێوە دەخوازن لە ئینگلیستان وفەرەنسا نزیك ببنەوە....سیناتۆر عەبدولقادر لە ساڵی١٩٢٥دا لە پێناوی ئەم کارەدا گیانی خۆی لە دەست دەدا!.

ئەمین عالی بەدرخان لە یاداشتێکیدا بۆ کۆمیسەری باڵای فەرەنسا لە قەستەنتەنیە،پاش ئەوەی لیستێکی تەواوی ناوی ئەندامانی خێزانەکەی ڕێکدەخات کە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردا گیانی خۆیان بەخت کردووە،دەڵێت :((ئێمە دەسەڵاتێکی زۆرمان لە کوردستاندا هەیە بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە کەوتونەتە بەر سایەوزێرەڤانی فەرەنسە،جا دەوڵەتی ئێوە دەتوانێ بۆمەبەستی خۆی کە بریتیە لە دابینکردنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی ئەو ناوچانەی کە کەوتونەتە سایەیەوە ، سوود لە دەسەڵاتی ئێمە وەربگرێ))"٤٠"

لە مانگی چواری ١٩٢٢دا لە حاڵێکدا کە دەسەڵاتی بەریتانیا برێك لە کەمی داوەوفەرەنسا پەیوەندیەکانی خۆی دەگەڵ ناسیونالیستانی کەمالیدا باش کردووە،عەبدولقادر لە پوانکارە-poincare (١٨٦٠-١٩٣٤،لە ساڵانی ١٩١٢-١٩١٣،١٩٢٣-١٩٢٤دا سەرەك وەزیران،لە ساڵانی١٩١٣-١٩٢٠سەرکۆماری فەرەنسا بووە)دەگەیەنێ کە ئەگەر فەرەنسە لە دەوڵەتی مستەفا کەمالدا دەسەڵاتی خۆی وەگەر بخات وکارێك بکات کە دەوڵەتی ناڤبری ئۆتۆنۆمی بە کوردستان بدات، ((من وەکوسەرۆکی کوردستان ئامادەم قەولنامەیەك ئیمزا بکەم وبەڵێن بدەم کە هەموو دەسەڵاتی خۆم بۆ ئاسانکردنی ئەرکەکانی فەرەنسا لە سوریا بەکاربێنم))ولەسەری دەڕوات:((تەنێ کاڵای فەرەنسی لە بازاری کوردستاندا ڕێدەدەرێ))"٤١"

کامیل بەدرخان(لە دەقەکەدا-kiamil) کە پەیوەندی بە رووسەکانەوە کردبوو، ولە تەفلیس دەژیا لە مانگی یەکی ١٩١٨دا پێشنیاز بۆ ئیگلیزەکان دەکات کە لە((کوردستاندا ئاگرێکی گەورە هەڵگیرسێنێ کە لەسنوری ئێرانەوە تا ئەودیوی دیاربەکر بگەرێتەوە))ئەگەر هاوپەیمانان پشتیوانی نەخشەکەی ئەو بکەن!پاشان کامیل بەگ لەسەری دەڕوات((دەبێ من ببم بەسەرگەورەی ئەو کوردانەی کە لەدەورماندا خڕدەبنەوە))"٤٢"

https://t.me/kurdistanbooks

هەڵدانەوەی قەواڵەوپێشینە سیاسیەکانی ئەو ساڵانە ئەوە نیشان دەداکە هەموو رێبەرانی نەتەوەیی کورد هەمان(مامەڵەوسەوادیان)بۆ بەریتانیا وفەرەنسا پێشنیاز کردووە((ئەگەر ئێوە کارێکی وەها بکەن،ئێمە ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی وەربگرین ئەوا وڵاتی ئیمە دەئیختیاری ئیوەدا دەبێت))بەبێ ئەوەی تێبگەن کە ئەم مامەڵە کردنە خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی داواکاریەکەی خۆیانە!

هەرهەموو ئەو رێبەرانە لە هەمان کاتدا کە خوازیاری ئازادی کوردستانن، لە خەمی بەرژەوەندی خۆشیاندان و هەریەکەیان دەیەوێ ببێ بە میر یان پاشا یان سەرۆك کۆماری وڵاتی تازە-ئەمە جگە لەو مووچەو خەرجیانەی کە بۆخۆیانی داوا دەکەن- لە هەموو حاڵێکدا وا بیر دەکەنەوە کە دەبێ ئەو شتانەیان(پێبدرێت!)ودڵنیان کە ئەوانیش لە بەرانبەردا شت گەلێکیان هەیە کە سەرنجی هێزە گەورەکاندا رابکێشێ.

وەکو چۆن یەکێك لە فەرمانبەرە پایەبەرزەکانی ئەم کاتەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەم بارەیەوە دەنوسێت:((خەونی ئەم حیزبە تازەیەی کورد، کە دەیەوێ بە پارەوپشتیوانی خەڵکی بێگانە ببێ بەسەرەکی ئەو وڵاتە کوردیەی کە بۆی دادامەزرێ،خەونێکی بەتاڵەونایەتەدی))"٤٣"

لە ئەنجامدا کوردان، پاش زەرەرو زیانی زۆر بۆیان بەدەردەکەوێ کە سەربەخۆیی دەسێنرێ ونادرێت!.

بۆ کەمکردنەوەو سوککردنی باری مەسئۆلیەتی رێبەرانی کورد، دەبێ ئەم خاڵەش بگوترێت کە - جگە لە سیناتۆر عەبدولقادر- ئەمانە خەڵکێکی دەسکورت وزۆر(نەدارا)بوون،بەڵام وەکو پایەی کۆمەڵایەتی میرو خانەدان بوون، ناچاربوون دەست وپێوەند رابگرن وژیانێکی خۆش وپر خەرج بەرنەسەر.

لەو زەمانەدا قەستەنتەنیە بنکەومەڵبەندی دەسیسەوپیلانگێرییەکی سەیربوو کە لە وێندەرەوە بۆ سەرانسەری خاکی عوسمانی تەشەنەی دەکرد.لەوێندەر گەندەڵی گشتی هەبوو:یەکێك لە وەزیرانی دەوڵەت کە ئەوسا ١٩١٩ سەرۆکی(ئەنجومەنی دۆستانی بەریتانیا)بوو بە مەزەندەی فەرەنسیەکان مانگانە١٥٠٠٠٠هەزارلیرەی لە ئینگلیزەکان وەردەگرت....فەرەنسیەکانیش سەرەنجام وبەهەوڵ وکۆششێکی زۆر توانیان(ئەنجومەنی دۆستانی فەرەنسە)دابمەزرێنن،کە سەرۆکەکەی دەستکردی ئینگلیزەکان بوو!."٤٤"

لێ کوردستان دووربوو،ئینگلیزەکان بەشێکی گەورەی کوردستانی باشوریان داگیر کردبوو،و فەرەنسیەکانیش هەمووئەو رێگایانەیان بە دەستەوەبوو کە دەچوونەوە بۆ کوردستان...رێی باکوور لە لایەن ترك و روس وئێرانیەکانەوە گیرابوو.

لە کۆنفرانسی ئاشتیدا،کە رۆژی ١٩١٩/١/١٨ لە پاریس دەستی پێکرد، بەریتانیا وفەرەنسا مشت ومرێکی زۆریان لەمەڕ دابەش کردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرد، بێ ئەوەی گوێ بە داخوازیەکانی کورد بدەن،لە کاتێکدا خاکی کوردان لە ناوجەرگەی ئەو ناوچەیەدا بوو کەفەرەنساو ئینگلیز شەڕیان بوو لەسەری.

کوردەکان کە هەمووقسەوبەیانەکانی سەرۆك ویڵسنیان لە مەڕمافی دیاریکردنی چارەنوسی میللەتان لەبەربوو،لە نێو ئەمریکیەکانیشدا،ئەو دۆستانەیان نەدۆزییەوە کە بەتەمای بوون:ئەندامانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی(کینگ کرین)ی ئەمەریکایی چوون بۆ سوریا و قەستەنتەنیە ،لێ چ بایەخێکیان بە دۆڵی دوو رووباروئەنادۆڵ نەدایەوە"٤٥"

https://t.me/kurdistanbooks

زلهێزەکان بۆگەیشتن بە پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠/٨/١١ کە خۆی لە خۆیدا پارچە کاغەزێکی بۆش وبەتاڵ وخەڵقەندەیەکی لەبارچوو بوو، یەك ساڵو نیو لەگەڵ یەکتریدا چەنەیان دا،ئەوجاش ئەو پەیمانە نەبوو کە بتوانێت مەسەلەی رۆژهەلات چارەسەربکات،لێ لە روانگەی ژمارەیەکی زۆری کوردەوە،ئەو پەیمانە یەکەمین ئیعترافی کۆمەڵەی جیهانیە بە بوونی کورد .

مادەی (٦٢)ی ئەو پەیمانە ئەوەیە کە ئەنجومەنێك لە نوێنەرانی ئیتاڵیا وفەرەنسا وبەریتانیا کە بارەگاکەی لە قەستەنتەنیە دەبێ،لە ماوەی شەش هەیڤاندا زەمینە بۆ ((ئۆتۆنۆمیەکی ناوچەیی لەو دەڤەرانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، خۆش دەکات- واتە لە دەڤەرەکانی رۆژهەلاتی فورات وباشوری سنوری ئەرمەنستان- و لە باکوری سنوری تورکیا لەگەڵ سوریاودۆڵی دوو رووباردا)) .

بەپێی مادەی(٦٤)دەرفەتوئیمکانی سەربەخۆیی جڤاتی کورد((ناوچەی ئۆتۆنۆمی)) لە زەرفی ساڵێکدا پێشبینی دەکات! ."٤٦"

٩- سەرچاوەو پەراوێزان:


١- پتی دولاکروا ، لە ١٧٦٥ . یەکگرتووی دووری ئەفەندی ، پاریس ١٨١٠، ل ٩٥

٢- بجەر، نەستوریەکان و... ، ل ٣٠٥

٣- دکتۆر راید ، پەیکی پەیام ، بوستن ١٨٤٦- ل ٣٨١

٤- هەمان ژیدەر

٥- هەمان ژێدەر

٦- سێر ئاوستین هنری لیارد ، گەران و پشکنین لە شوێنەواری نەینەوا ١٨٥٣ ل ٥٤

٧- نامەی بەرواری ١٨٤٥/٧/١١ لە ئاوریلەوە وەرگیراوە ، لە کلدەی دیانان تۆمارکراوە ل ٦١

٨- بە گوتەی دکتۆر شێرکۆ (جەلادەت بەدرخا ن) ١٨٦٨ وبە گوتەی مێجەر نوئیل لە ١٨٧٠یە

٩- کوردەکان بە ریوایەتی خۆیان . باسیل نیکتین، ئاسیای فەرەنسا ١٩٢٥ ، ل ١٤٩

١٠- هەمان سەرچاوە ل ٩٩

١١- جۆرج کرزن ،مەسەلەی ئێران ،لەندەن ، ١٨٩٢ ل ٥٥٣

١٢- کتێبی شین ،ژمارە ٥ ، ١٨٨١ ،ل ٥٤

١٣- سامونیل جی .ویلسن ، ژیان و نەریتی ئیرانیان ، نیویۆرك ١٩٠٠ ، ل ١٢٢

١٤ - و.جوەیدە ،بزاڤی نەتەوەیی کورد،نامەیەکە دراوە بە زانکۆی سیراکوز، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ١٩٦٠ ، ل ٢٩٢

١٥- دیمانە دەگەڵ نووسەردا، پاریس ١٩٧٥/٧

١٥- دووبارە، بەیاننامەی فەرەنساوئینگلیز ١٩١٨/١١/٨

١٦- حەسەن ئەرفەع ، کوردەکان ،ل ٣١

١٧- هەمان سەرچاوە ،ل ٣١

١٨- نووسراوێك لەمەر ژیانی شەریف پاشا ١٩٢٠/٤/١٩ ئۆفیسی هند .

١٩- ئەرشیفی وەزارەتی جەنگی فەرەنسا ، پاریس.

٢٠- ئۆفیسی هند.

https://t.me/kurdistanbooks

٢١- نووسراوی ژانکۆ، یاریدەدەری بەڕێوەبەری کاروباری ئاسیا، ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرێی فەرەنسا،پاریس.

٢٢- نامەی بەرواری ١٩١٨/٤/١٥ ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ٣١١-٣٣١

٢٣- بەتایبەتی نووسراوی رۆژی ١٩١٩/٤/٩

٢٤- یاداشتێکی تەسلیم کراو بە رۆبرت وانستیارت ،سکرتێری یەکەمی سەفارەتی بەریتانیا لە پاریس ١٩١٩/٧/٢٩ بۆ بولفور، ئۆفیسی هند.

٢٥- پیشون ،دابەشکردنی رۆژهەلآتی نزیك ،پاریس، ل ١٧٤

٢٦- دیمانە لەگەڵ نووسەردا،پاریس ١٩٧٥/٧

٢٧- ئەمین عالی بەدرخان، لە بروسکەیەکدا لە ناوەراستی ١٩١٩/٤ بە ناوی پیاوان وناودارانی نەسیبین خۆیان بۆ ئەم پۆستە دەپالێون(یاداشتنامەی میجەر نوئیل)

٢٨-دەربارەی ئەم دانوستانە دوو ریوایەت هەیە:یەکێکیان یاداشتنامەی ئەو دەمانەی کالتروبی دەریاسالاری کۆمیسەری بالآی بەریتانیایە لە قەستەنتەنیە کە راپۆرێکی لەمەڕ دانوستانی ١٩١٩/٧/١٠ی نێوان ترك وکورد سازداوە.دووەمیان ریوایەتێکە کە پاشان دکتۆرشێرکۆ(جەلادەت بەدرخان) لە ساڵی ١٩٣٠دا دەربارەی ئەم رووداوانە دەیگێڕێتەوە. هەدروو هەواڵەکە کەم‌وکورییان هەیە.بروانە نووسراوی گاربت ١٩٢٠، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان،ژمارە ٣٧١٥٠٦٧ وژمارەی.....بەرواری١٩١٩/٧/١٠ ئۆفیسی هیند،ونووسینێکی دکتۆر شێرکۆ بەناوی مەسەلەی کورد، ١٩٣٠

٢٩- ئەرشیفی وەزارەتی جەنگی فەرەنسا ١٩١٩/١٢/١٧

٣٠- ئەرشیفی وەزارەتی جەنگی فەرەنسا،١٢/١١/ ١٩١٩ هەمان سەرچاوە.

٣١- دیمانەی ئەمین عالی بەدرخان لەگەڵ بسفوردا

٣٢- ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا ٣١١-٣١٢

٣٣- نووسراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کونسوڵی بالآی بەریتانیا لە قەستەنتەنیە، ١٩١٩/١٠/٨، وەزارەتی جەنگی فەرەنسا

٣٤- وەزارەتی جەنگی فەرەنسا.

٣٥- هەمان سەرچاوە.

٣٦- وەزارەتی جەنگی فەرەنسا.

٣٧- راپۆری کونسوڵی بالآ روبك ،قەستەنتەنیە ١٩١٩/١٢/٩ ئۆفیسی هند

٣٨- راپۆری ١٩٢٠/٤/١٦ وەزارەتی دەرەوەی ئینگلستان.

٣٩- پاشکۆی ژمارە پێنج، راپۆری بەرواری ١٩١٩/١٠/٢٢ وەزارەتی جەنگی فەرەنسا

٤٠- ١٩٢٠/٧/١٦ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا ٣١٢- ٣١٣ ل ١٦٩

٤١- نامەی بەرواری ١٩٢٢/٤/٥ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا٣١١-٣١٣

٤٢- نامە بۆ سەرهەنگی دووەم پایك ١٩١٨/١/٢٣ تەفلیس،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٥٠٦٨ .

٤٣- نووسراوی بەرواری شوباتی١٩٢٠گاربت،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٥٠٦٧

٤٤- وەزارەتی جەنگی فەرەنسا.

https://t.me/kurdistanbooks

٤٥- بروانەی کۆمیسونی کینگ کرین، نووسینی هار ی ها ورد، ل ۱۷۲-۱۷۳و ۲۱٥

٤٦- عەبدورحمان قاسملو، کوردو کوردستان، لەندەن ۱۹٦٥ ،ل ٤۹

https://t.me/kurdistanbooks

## بەشی دووەم :سالآنی سەرکوتکاری

پەیمانی سیڤەر کە جۆرە تراویلکەو سەرابێکی لە ئۆتۆنۆمی وسەربەخۆیی بۆ کوردان دەنواند، لە راستیدا راگەیاندنی ژیانەوەی تورکیا بە رێبەرایەتی مستەفا کەمال ولە دایکبوونی عێراقی سایەی حکومەتی فەیسەڵ پاشایە .مەسەلەی هێشتنەوەی موسڵ بە مۆڵەقی کە پەیمانی لۆزانیش نەیتوانی چارەســـەری بکـــات،وەکو جـــاڕدانی دەســـتپێکردنی ســـالآنی تـــەنگ وتاروگوشـــارو سـەرکوتکاریە.کوردەکـان کـە ئێسـتا کەوتونەتـە ژێـر حوکمودەسـەلآتی هەرسـێ دەوڵـەتی تورکیـا و ئێـران و(لـە رێگـای ئێراقـەوە) ئینگلستانەوە،دڵخۆشـی خۆیـان بـەوە دەدەنـەوە کـە دەتـوانن سـوود لەناکۆکی ئینگلیز و ترك یا ترك وئێران و یان ئێران و ئینگلیز ببینن.

لـە تورکیـادا((یانـەی کـورد))ی قەسـتەنتەنیە کـە دیـارە تـوانی بـووی هەنـدێ یارمـەتی لـە یۆنـان وەربگرێ،لـە سـەرەتادا هەوڵـدەدا سـوود لـە نـاکۆکی نێـوان ئینگلسـتان و تورکیـا ببینێ،ئەمـە لـە کاتێکدایە کە(( للوید جۆرج)) ئامادەیە  خۆی لەشەڕی مستەفا کەمال ئاسودە بکات.بەلآم ئـەم هـەوڵ و کۆششـە بێهودەیـە ودەوڵـەتی تورکیـا شۆڕشـی سـاڵی ١٩٢١ی کوردەکـان تێـك دەشـکێنێ و ئـەو یارمەتیەی کە کوردەکان بەپەرۆشەوە چاوەڕوانین هەرگیز لە بەغداوە ناگات.

لە ئێراندا ،سمکۆ کە هەست بە مەترسی سیاسەتی(مەرکەزیەتی) رەزاخان، شای ئایندەی ئێران دەکـات، هـەوڵ دەدات سـوود لـەو ناخۆشـیەی نێـوان ئینگلیـزو ئێـران وەربگرێـت کـە لـەدوای ئیمـزا کردنی پەیمانی ١٩١٩ کەوتبووە بەینیان– ئەم پەیمانە هەرگیز لەلایەن ئەنجومەنی ئێرانەوە پەسەند نـــەکرا.بـــەلآم ترکـــەکان خیانـــەتیان لێکـــرد( لـــە سمکـــۆ) و ئینگلیزەکـــان پشـــتیان تێکـــرد.

لە عێراقدا شێخ مەحمود بەپێی بەڵگەو قەوالآن دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە لە وەی پتر پشـت بـە ئینگلیـزان نەبەسـتێ،بۆیە روو دەکاتـە ترکـان کـە بـەلای کەمـەوە هێنـدەی روو دەدەنـێ کـە ئۆمێدی ئەوەی لەلا دروست ببێ کە بتوانێ ناکۆکی و ململانێی نێوان ترك و ئینگلیز بە قازانجی (قەڵەمرەوی حکومەتەکەی ) بقۆزێتەوە.لێ ئەو حیسابی یەك شتی نەکردبوو:حیسابی ئـەوەی نـەکرد بوو کە دوو پاشا لە هەرێمی عێراقدا جێیان نابێتەوە!.

ئەوەی سەیرەوجێی داخە ئەمەیە کە شۆڕشەکانی کورد تـا پتر لـە زەمـانی ئێمـە نزیك دەبنـەوە ئـەو پەردەی بێدەنگیەی کە دەکەوێتە سەریان ،قورستر دەبێ.

### فەسڵی یەکەم : شۆڕشی کوردستانی تورکیا ١٩٢١"١"

رێبــەرانی کــوردی ئــاکنجی قەســتەنتەنیە کــە نــەیانتوانی بــوو  ســەرنجی زلهێزەکان،بــە تایبــەتی بـــەریتانیای مـــەزن بـــەلای خۆیانـــدا رابکێشـــن نائومێدبووبوون،دەگـــەڵ کەمالیەکانیشـــدا هـــیچ سەرکەوتنێکیان بە دەست نەهێنا.

مستەفا کەمال کە لە ساڵی١٩٢٠دا لـە بـاری عەسـکەریەوە وەزعـی دژاوروخـراو بـوو،پـەیمانی دەگـەڵ کوردەکاندا بەست.بەگوتـەی سەرچاوە کوردیـەکان پـەیمانی دا کـە هەرکـە سـوپای یۆنـان ئـاودیوی سنوری تورکیا کراو پەیمانی ئاشتی بەسترا ((دان بـە هـەمان ئـەو مافانـەدا بنـێ کـە پـەیمانی سـیڤەر دانی پێدا نابوون وبریارەکانی پەیمانی ناڤبری لەمەڕ کوردان جێبەجێ بکات)).

لێ لە ساڵی١٩٢١دا هەرکە خەتەری لەسەر نەما،هەموو وەعد وبەلێنەکانی خۆی فەرامۆش کردو لە تۆ وایە هەرگیز قەولو قەرارێك لە نێواندا نەبووە.... .

https://t.me/kurdistanbooks

له بەهاری ساڵی١٩٢١بەملاوه چەندین شۆڕش له کوردستانی تورکیادا دەبینین، ئەم شۆڕشانه پتر ناوچەیی وسنوردارن،هەندێ جار زادەی نارەزایی وبێزاریه،لەوهەموو گوشارەی کە کەمالیەکان کردویانەته سەریان بۆ سەربازوپارەومەڕومالآت بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی جەنگی یۆنان وتورکیا .

بەلأم زۆری پێناچێت کە شوڕش دەتەنێتەوەو ورەهەندومەودای شۆرشی گشتی پەیدا دەکات. ترکەکان سیاسەتێك بەکاردێنن کە تا ئەمرۆکەش تایبەته بە خۆیان،وپەردەی بێدەنگیەکی تەواو بەسەر ئەم شۆرشەدا دەکێشن وهەر بۆیەش زۆر لایەن ورەهەندی ئەم شۆڕشه بەشاراوەیی ماوەتەوه....

لەسەرەتادا شۆرشگێرانی کورد له ناوچەی ماردین وبه فەرماندەیی پەریزاد بەکر،کە فەرماندەی سوپای چوارەمی لەشکری سەردەمی عەبدولحەمید دەبێ،چەندین سەرکەوتن بەسەر کەمالیستەکاندا بەدەست دێنن.

له حوزەیرانی١٩٢١ کەمالیەکان، هەندێ نوێنەری خۆیان بەمەبەستی گفتوگۆ بۆلای پەریزاد بەکر دەنێرن:کوردەکان خوازیاری ئۆتۆنۆمی باژێره کوردنشینەکانن،بەو مەرزانەی کە خۆیان دیاری بکەن وبەو ریکخستنانەی کە خۆیان بیانەوێ،و داوا له دەولەت دەکەن هەموو فەرمانبەره ئیداری وجەندرمە ترکەکان له کوردستان بگێرێتەوەو هەموو سەربازانی کورد له خزمەتی عەسکەری مەرەخەس بکات "٢".

شاندی نوێنەری مستەفا کەمال دەڵێ کە لەم بارەیەوه دەسەلأتی بریاردان وقایل بوونی تەواوی نیه، و بۆ ئەنکەره دەگەرێتەوه.

له ئەیلولی١٩٢١دا شاندێکی تازه له نوێنەرانی ئەنجومەنی نەتەوەیی ودەولەت بەرەو وان و بەتلیس دەروات.لێ لەراستیدا کەمالیەکان ئەم گەمەی پێشنیازو پێشنیازی پێچەوانەیەیان مەبەست نابێ،بەلکو وەختیان بەسەر دەبردودامرکانەوەی کەف وکوڵه نەتەوەییەکانیان مەبەست بوو... بەلأم ترکەکان له ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا کەوتنە(تازەکردنەوەی بونیاتی ئیداری ولأت)وسەرباز گیری و ئەمەش دەبێته مایەی هەڵگیرسانەوەی سەر له نوێی شۆرش، وشۆرش مەودای مەترسیدا وەردەگرێ وبەرەو دەرسیم دەکشێ.

**١-ئینگلیزەکان و شۆرشی کورد:**

فەرەنسیەکان چ گومانێکیان لەوه نەبوو کە ئەم شۆرشە ئینگلیزەکان هەڵیان گیرساندووە، چونکه دەیانویست بەم کاره هەرەشەی کەمالیەکان له ویلایەتی موسڵ و عێراق دوربخەنەوه. ژەنەراڵ (پله-pelle)،کۆمیسەری باڵای فەرەنسا له رۆژهەلأت، دڵنیابوو کە ئینگلیزەکان دەیانەوێ بەهەر شێوەیەك بووه پەره بە شۆرشی کوردان بدەن وبەهێزی بکەن تابتوانن له نێوان فەیسەڵ ناسیونالەکاندا ، گروپێك له زێرەڤانانی بەهێز بێننه ئاراوه."٣"

لێ ئێستا کەم وزۆر روون بووەتەوه کە ئەگەر ئینگلیزەکانش(دەستیان)له هەڵگیرساندنی ئەم شۆرشەدا بووبێ له سنوری هەڵگیرساندنەکه هێوەتر نەرۆیشتون.

https://t.me/kurdistanbooks

بۆ یەکەمجار بیری((موداخەلە)) لە پایزی ساڵی ١٩٢٠دا بەشێوەیەکی جدی هاتە ئاراوە... بەپێی نەخشەیەك کە لەم سەروبەندەدا ئامادەکرا بریار بوو کە بەشێوەیەکی کاتی(جەزیرە) داگیر بکرێ، چەك بە کوردان بدرێ‌وئەوە مسۆگەر بکرێ کە(پاش ئازادی! ناچنە ژێرسایەی حوکمی فەرەنسا).

ئەم پرۆژەیە لە ئەنجامی قایل نەبوونی وەزیری بەرعۆدەی کاروباری هیند کە چەك بە کورد بدرێ ولەبەر چەند هۆیەکی سیاسی وەلانرا(١٩٢٠/١/١٨).لە حوزەیرانی ١٩٢١ دا سێرپرسی کوکوس هاتە سەر ئەوەی کە ئەگەر شکستی کۆنفرانسی لەندەن(شوبات-ئازار ١٩٢١) ببێتە مایەی شەڕی ئاشکرا دەگەڵ کەمالیەکاندا. ئەوا ئەم نەخشەیە جێبەجێ بکات.

بۆیە بەوپەری نهێنی پێشنیازی کرد ئەگەر بەریتانیا بیەوێ ئەم نەخشەیە پەسند بکات ئەوا(( بە هاوکاری نوئیل ویەکێك لە ئەندامانی ماڵباتی بەدرخان)) کە بە رواڵەت هەمیشە((داردەستی)) ئینگلیزن، ئەم کارە راپەرێنێ.

لە ئۆکتۆبەری١٩٢١ لەگەڵ هاتنی خەلیل بەدرخان وچوار ئەندامی یانەی کوردی قەستەنتەنیە دا کارەکە شێوەیەکی تازەی گرتە خۆ."٤"

بە پێی گوتەی خەلیل بەدرخان، کۆمیسەی باڵای بەریتانیا لە قەستەنتەنیە کە مۆڵەتی هاتنی دابوون، ئاگاداری کاری ئەوان بووەو ئومێدی (سەرکەوتنی) بۆ کردبوون .

**٢- نەخشەی خەلیل بەدرخان:**

خەلیل بەدرخان لە یەکێك لە دیدارەکانیدا دەگەڵ سیرپرسی کوکس،کۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە عێراقا، گووتبوی ئەو شۆرشەی کە یانەی کوردی قەستەنتەنیە ((شەش ساڵە تەدارەکی دەبینێ )) لەئانوساتدایە هەڵبگیرسێ وکوردی دەرسیم ودیاربەکرو وان و بەدلیس هەموو وێکرا هەڵدەستن-ئەوە ساڵێکە باج بە ترکان نادەن و((چاوەنۆڕی منن کە وەکو نوێنەری ماڵباتی بەدرخانیەکان ، یەکیان بخەم!))

خەلیل بەدرخان نایشارێتەوە کە هاتووە داوای کۆمەك لە کۆمیسەری باڵا بکات!جا بۆ ئەوەی هانی بدات بۆ دانی ئەو کۆمەکە،بە زمانێك دەیدوێنێ کە بەداخەوە نە لە رووی شێوەو نە لەرووی ناوەرۆکەوە هیچ تازەییەکی تێدانیە))"٥"

ئەم نەوە مەغرورەی میربەدرخان دەڵێ((ئێمە بە دڵ وبەگیان لایەنگری بەریتانیاین.ئێمە خوازیاری سایەداری بەریتانیاین،ئەگەر بەریتانیای مەزن یارمەتی ئێمە بدات، ئەوا ئێمەش لەلای خۆمانەوە لە بەینی عێراق ودوژمنانیدا،واتە روسیاوتورکیا،وەکو ولاتێك دەبین بە دەهۆڵکوتو بەقەڵغانی بەریتانیا.هاوکاری لەگەڵ ئەرمەنی ومەسیحیەکان دەکەین!))

ئەو کۆمەکەی کە خەلیل بەدرخان لە بەریتانیای چاوەنۆرە-بەر لە هەموو شتێك ناردنی چەند ئەفسەرێکی ئینگلیزی وەکو میجەر نوئێلە، کە بە جلی کوردییەوە بچنە ناوچەکە تا بەچاوی خۆیان وەزعەکە ببینن وبە دەوڵەتی ئینگلستان رابگەیەنن کە ((ئەو شۆرشەی من بەڵێنتان دەدەمێ راستە یان نا)).

خەلیل بەدرخان داوای چەکیش دەکات:بەلای کەمەوە دوو تۆپی جەوەڵی، چەند رەشاشێك ، پێنج هەزار تفەنگ وتەقەمەنی- وەکو(وەجبەی یەکەم)، وپاشان چەكوتەقەمەنی زیاتر((بە پێی

https://t.me/kurdistanbooks

پێویست))!بەڵام لەسەری دەرواودەڵێ:((من پارەم ناوێ وئەوەی بە منی دەدن خۆی لە خۆیدا مامەڵەوسەودایەکی ئیعتیبارییەوقەرزێك دەبێت،هەرکە کوردستانی سەربەخۆ دامەزرا، دەدرێتەوە!
بە غرووروەوە لەسەری دەروات((ئەگەر ئێوەش رازی نەبن ئەوا من درێژە بەهەوڵ وکۆششی خۆم دەدەم وئەگەر تواناوئیمکاناتی هەڵگیرساندنی شەڕێکی رێکو پێکیشم نەبێ،بەلای کەمەوە دەتوانم شەڕێکی ناڕێك و پێك هەڵگیرسێنم!)) .

٣- کۆمەکی یۆنان :

بە گوتەی سێرپرسی کوکس شاندێك بە سەرۆکایەتی بەدرخان پێشتر دە هەزار لیرەی لە بانکی قەستەنتەنیە وەرگرت بوو، بۆ وەرگرتنی پارەی پتر بروسکەی بۆ دەوڵەتی یۆنان کردبوو-خەلیل بەدرخان، بۆ پەیوەندی کردن بە یۆنانیەکانەوە رەمزی تایبەتی دەئیختیاردا بوو.
دەوڵەتی یۆنان بەڵێنی یەك کەشتی چەکیشی دابوونێ،بەو مەرجەی ئینگلیزەکان رێ بدەن ئەم بارە لە عێراقەوە تێبپەرێ.

٤- بریا ری چەرچیل :

هەندێ مەفەرزەی چەکداری پەراگەندەی ترك لە هەیڤی حوزەیران بەملاوە، رەوزاندنزیان گرتبوو ،ئەنجومەن وکۆڕە رەسمیەکانی بەریتانیا بەرە بەرە گومانیان پەیداکردوئەم کارەیان بە ((پیلانێکی کەمالیستی))دژ بە عێراق دەزانی... و بۆیە بە بۆچوونی سێرپرسی کوکس ئاسایی بوو کە بایەخ ((بە بیرۆکەی یارمەتیدانی دژمنانی ترك بدرێت!)) .
بۆیە وەزیری کۆلۆنیەکان رادەسپێرێ یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە خەلیل بەدرخان دەیەوێن ((بەم مەرجەی کە ئەمانە کەسانێك بن کە وابزانرێ کە خۆیان ئەم کارەیان کردووەو هیچ دەوڵەتێك پشتیوانیان ناکات،تا دەوڵەت بتوانێت خۆی لە بەرعۆدەیی ئەم کارانە بپەرێنێتەوە کە ئەوان دەیکەن.!))لە ئەنجامدا کۆمیسەری باڵا دوپاتی دەکاتەوە کە دەوڵەتی بەریتانیا لەم بارەیەوە هەمان کار بکات کە ترکەکان دەرهەق بەنارەزایی بەریتانیا دژی بوونی ئەفسەرانی ترك لە رەواندزدا دەیکات.
دەبارەی پەڕاندەونەی چەك وتەقەمەنی لە رێگەی عێراقەوە سێرپرسی کوکوس پێشنیاز دەکات کە چاوپۆشی لەم کارە بکەن:((با کوردەکان بە باشترین شێوە سوودیان لێ وەربگرن)) بەڵام لە هەمان کاتدا داوا دەکات کە بەریتانیا بەخۆی چەکیان نەداتێ.
بەڵام پاش چەند رۆژێك چەرچێل بەرەسمی دەستور بە سێرپرسی کوکوس دەدات(( کە لەم کاتەدا خۆی لە هەموو جۆرە هاندان ودڵگەرم کردنێکی کوردان دوور بگرێت.))"٥"

٥- سەرکوتکردنی شۆرشی کوردان :

رژیمی مستەفا کەمال پاش ئیمزاکردنی دووەمین رێکەوتننامە دەگەڵ فەرەنسا لە ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا بەشێوەیەکی پراتیکی خۆی مسۆگەرکردوچ ترسێکی نەما،وشۆرشی ت٢/١٩٢١ شوباتی ١٩٢٢ی کوردان لەلایەن جەواد پاشاوە تێکشکێنرا ."٦"
لە بەغداش، رەفعەت بەگ کە دیبوی بەریتانیا هیچ جۆرە یارمەتیەکی شۆرش نادات،لە کۆتایی ساڵی١٩٢١دا بۆ قەستەنتەنیە چوو بوو وخەلیل بەگ کە دەبینێ ژیانی لەوێندەر دەکەوێتە

https://t.me/kurdistanbooks

مەترسیەوە،تا هەیڤی ئایاری ١٩٢٢ بەو هیوایەی پۆستێك وەدەست بێنێ لە بەغدا ئەم پێ وئەو پێی کرد ولەوەدوا بە ناچاری بۆ قەستەنتەنیە گەرایەوە."٧"

٧- سەرچاوە و ژێدەران:
١- دکتۆر شێرکۆ (جەلادەت بەدرخان) ،مەسەلەی کورد ١٩٣٠
٢- نووسراوی بەرواری ١٩٢١/١١/٢٩ی جەنەراڵ پەلە،کونسولی بالای ڕۆژهەلات،دەربارەی شۆرشی کورد، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا ٣١١-٣١٣
٣- هەمان سەرچاوە
٤- بە تایبەتی مەولانزاد رەفعەت بەگ ومستەفا پاشا، کە دەچێتە رەواندزومەهابادودیدەنی سمکۆ دەکات.
٥- سەبارەت بەم رووداوە بڕوانە راپۆری بەرواری ١٩٢١/١٠/٢٨ی سێرپرسی کوکس.ئۆفیسی هند
٦- بروسکەی بەرواری ١٩٢١/١١/١١ ئۆفیسی هند.
٧- کونسوڵی بالاّ،بەغدا، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٣٧١٠١٠٠٨٩

https://t.me/kurdistanbooks

## فەســـــــــــــــــــــاڵی دووەم: سمكــــــــــــــــــــــــــۆ"١"

ئیسماعیل ئاغا، ناسراو بە سمكۆ،كوری محەمەد ئاغای سەرۆكی هۆزی شكاك بوو ،كە لە ساڵی ١٩١٨ نزیكەی دوو هەزار خێزان بوو.( هۆزی شكاك دوو تیرە بوو: عەبدۆییەكان، كە نیشتە جێی دەوروبەری چەهریقی ئەوپەری باكووری ورمێ بوون و وابەستەی سمكۆ بوون ومامەدەییەكان كە لە بەشی باشورتری دەڤەرەكەدا دەژیان و سەر بە عومەر خانی مامی سمكۆ بوون، كە ملی بۆ حوكم ودەسەڵاتی سمكۆ دابوو) .

پاش مردنی محەمەد ئاغا ،سەرۆكایەتی هۆز كەوتە دەست جەعفەر ئاغای برا گەورەی سمكۆ، پایە و دەسەڵاتی جەعفەراغا لە ئاستێكدا بوو كە نیزامولسەڵتەنەی فەرمانرەوای تەورێز هاتە سەر ئەوەی ئەم كۆسپە لەسەر رێگە لابدات(پێشتر تزاری روسیا،نیكۆلای دووەم ، جەعفەراغاو عەبدورەزاق بەدرخان وسەید تەهای شەمدینانی بۆ روسیا بانگهێشت كردبوو).نیزامولسەڵتەنە كە بینی ئاژاوەو پاشاگەردانی باڵی بەسەر ناوچەكەدا كێشاوە ، بەتایبەتی لە دوای شۆرشی ١٩٠٦ وە،ناردی بە شوێن جەعفەر ئاغای شكاكدا كە بێت بۆ تەورێز تا دەربارەی ئەمن وئاسایشی دەڤەرەكە گفتوگۆ بكەن،ئیدی ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٠٧كۆمەڵێكی لە پشت دیوارێكەوە بۆ لە بۆسە نان.ئەم كۆمەڵە جەغفەر ئاغایان بە بەرچاوی ئەوەوە كوشت.

ئیدی لەو كاتە بە دواوە سمكۆ كەرب وكینەیەكی زۆری لە ئێرانیەكان هەڵگرت وكەوتە ئەوەی هاوپەیمانانێك دژی ئەوان پەیدا بكات- هەربۆیەش هەندێ جار رووی دەكردە تركەكان وهەندێ جار دەچووە نك روسەكان وجاروباریش رووی دەكردە ئینگلیزەكان...جا هەر لەبەر ئەمەشە كە پەیوەندی دۆستانە دەگەڵ كاپتن دیكسۆن،پاشكۆی سوپایی بەریتانیا لەوان پەیدا دەكات.

لە كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەمدا سەركردایەتی سوپای بەریتانیا ئومێدەواربوو بە یەكخستنی ئەرمەنیەكان و ئاشوریەكان و كوردەكانی سمكۆ دژی عوسمانیەكان بتوانێ قەرەبووی هەرەسهێنانی جەبهەی روسیا بكاتەوە.لێ سمكۆ خۆی لە گەمەی هاوپەیمانەكان نەداو لە جیاتی ئەمە لە ١٩١٨/٢/٢٥مارشیمونی سەرۆكی ئاشوریەكانی كوشت.

سمكۆ كە دوای پاشەكشێی هێزەكانی عوسمانیان وئیمزای پەیمانی شەڕ وەستان لە هەیڤی ١٠/ ١٩١٨بوو بوو بە گەورەو یەكە پیاوی دەڤەرەكە، بەرەبەرە ناوچەكانی نێوان دەریاچەی ورمێ و سنوری ئێران وعوسمانی داگیركرد.

دیارە هەرەسی دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندی لە دوا ساڵەكانی پاشایەتیماڵباتی قاجاریاندا ، یارمەتیەكی زۆری سمكۆی دا كە ئەو سەركەوتنانە بە دەست بێنێ: ئێران بۆ پاسەوانی لە هەموو خاكی بەرینی خۆی تەنێ ١٢٠٠٠ جەندرمەو ٧٠٠٠ هەزار قوزاقی(سەرباز) هەبوو!

تا كودەتای ساڵی ١٩٢١ی زەراخانش قوزاقەكان لە ژێر فەرماندەی بێگانانیدا بوون واتە لە ژێر فەرماندەیی ئەفسەرانی بێلەروسدا بوون وئازوقەوپێداویستی سەربازەكان لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە دەدرا،كە ئەمە خۆی لە خۆیدا یارمەتیەكی فراوانی بە دەوڵەتی ئێران كرد كە لە كۆتایی جەنگدا تووشی نابوتی بوو.

دەوڵەتی ئێران هەر لەسەرەتاوە هەوڵی دا كە سمكۆ لە نێوبەرێ:ئەوەبوو بەستەیەكی بۆمب رێژكراویان بۆ نارد،هەرچەندە بۆمبەكە تەقییەوەویەكێك لە براكانی سمكۆی كوشت،بەڵام سەرۆكی هۆزی شكاك خۆی لەم پیلانە دەربازبوو وبەسەلامەتی دەرچوو.

https://t.me/kurdistanbooks

لە هاوینی ١٩١٩سمکۆ ڕەزاییەی (ورمێ)ی گرتوو چەکدارەکانی شاریان تاڵانکرد.ئەوسا دەوڵەتی ئێران هەرچی هێزی لە ناوچەکە هەبوو هەمووی کۆکردنەوەو بە فەرماندەیی عەقید فیلیبۆفی روسی کە لە خزمەتی تیپی قۆزاق دابوو، ناردی بۆ سەر سمکۆ.

فیلیبووف لە ناوچەی شاپوردا(سەلماسی ئێستا-وەرگێڕ) هێرشی کردە سەر سمکۆ وتا چەهریق راوی نا ،بەڵام لەبری ئەوەی لە نێوی بەرێ، لەگەڵی کەوتە گفتوگۆ وئەویش بەڵێنی دا کە دەست نەخاتە کاروباری ناوچەی ڕەزاییەوە!

پاش گەرانەوەی فیلیبوف،سمکۆ وردەوردە هەموو ئەو ناوچانەی سەرلەنوێ گرتەوە کە پێشتر گرتبونی.ساڵی ١٩٢٠ونیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٢١تا رادەیەك ئارامن، بەڵام هاتنی هێزی یەدەگ و هیمداد لە تارانەوە بۆ تەورێز سمکۆی ناچارکرد بەر لەوەی ئەو هێزانە لەگەڵی بکەونە شەڕ سابلاغ(مەهاباد) بگرێ.

**١-گرتنی سابلاغ (مهاباد) پایزی:١٩٢١**

تەهای زاواو (تەها،لە راستیدا زاوای جەعفەراغای براگەورەی سمکۆیە واتە مێردی گوڵزارخانمی کیژی جعفەراغایە) راوێژکاری سمکۆ"٢" لە ١٩٢١/١٠/٦دا بە چەند سەد سوارێکەوە هێرشی بردە سەر سابلاغ (مەهاباد). ٥٥٠ جەندرمەی ئێرانی بەرگرییان لە شار دەکرد وچارەنوسی جەنگ نادیار بوو.بەڵام رۆژی دواتر سمکۆ بە دوو هەزار سوارەوە هاتە یارمەتیدانی سەید تەها، زۆر بە خێرایی سەنگەرەکانی پێشەوەی کوتا وجەندرمەکانی بۆ ناو شار راونا،لەوێندەر بێ رەحمانە قەتڵ وعامی کردن "٣".

تێکشکانی هێزە دەوڵەتیەکان حەیابەرە بوو: چوارسەد جەندرمەی ئێرانی وهەموو ئەفسەرەکانیان جگە لە دوو سێ نەفەر، لەگەڵ فەرماندەکانیاندا بەدیل گیران...کەوتنی شاری مەهاباد زیاتر ئەنجامی بێتوانایی فەرماندەی هێزە ئێرانیەکان بوو کە کەمترین تەگبیری بۆبەرگری لە شار نەکردبووجەندرمەکانی زەبت ورەبت نەکرد بوو، بەڵام هۆی راستە قینەی شکستی مەهاباد تەوقیف کردنی دوو کەسی خانەدانی کورد بوو کە ئەمە رقی خەڵکی شارەکەی هەستاند بوو .

هێزەکانی سمکۆ دوای گرتنی مەهاباد کەوتنە تالانکردنی شارو ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری خەڵکەکە لێی دوور بکەونەوە: لە ئەنجامی شەڕدا یەکێك لە گەورەپیاوانی شار بە نێوی قازی لەتیف کوژراو ماڵی هەموو گەورە پیاوانی دیکەش تاڵانکرا....دوای چەند هەفتەیەك سمکۆ لە گفتوگۆیەکیدا دەگەڵ مستەفا پاشای نێردەی یانەی کوردی قەستەنتەنیە رای خۆی لەمەڕ ئەم روداوانە دەربڕی.بە گوتەی ئەو کاتێ کە لە مەهاباد نزیك بووەوە ناردی بە شوێن سەران وگەورەپیاونی شاردا کەبێن بۆلای،بەڵام ئەوان نەچوون،وخەڵکی شاریش نوێنەرێکی خۆیان بۆلای ئەو(نەنارد!).سمکۆ لەسەری دەروات ودەڵێ کە ئێرانیەکان شاریان کرد بە شەرگەو خۆیان دایە پەنای دیوارەکانی شارولە ئەنجامدا شار بەزەبری هێرش و پەلامار گیراو خەڵکی شار بوونە قوربانی ئەم کارە وئەوەبوو شکاکەکان بە خۆشیان خەسارەتیان دا.

بەڵام سەبارەت بە تالانکردنی شار- سمکۆ پێی وایە هەرچەند ئەو رازی نەبوو،بەڵام ئەمە کارێك بوو رێی لێنەدەگیرا دەڵێ:((هەوڵدەدەم دڵی خەڵکەکە بدەمەوەو ئەمەیان لە دڵ دەربێنم)) ."٤"

https://t.me/kurdistanbooks

لێ وادیارە هەوڵی سمکۆ بۆ دڵدانەوەی خانەدانان وپیاوماقولانی مەهاباد بێ سوود بووە چونکە تا ئەمرۆش پیاوماقوڵانی مەهاباد،ئەگەرچی یەکێکە لە باوکانی ناسیونالیزمی کوردی ئێران بە خراپی باسی دەکەن.

لە داوی داگیر کردنی مەهاباد ئیدی ئەو هێزە دەوڵەتیانەی کە بە سەرۆکایەتی(عقید)لوند بیرگی سویدی،لە ئازەربایجاندا جێگیر بووبوون دووچاری زنجیرەیەك تێکشکان بوون.

سمکۆ هێرشی کردە سەر هێزێکی میلیشایی حکومەتی کە لە خەڵکی ئازەری پێکهاتبوو وئەمیر ئەرشەد سەرکردایەتی دەکرد،سمکۆ ئەم هێزەی بەزاندوئەمیر ئەرشەدو دوو سەد کەسی لە تفەنگچیەکانی کوشت.

ئەوجا بایدایەوە سەرهێزەکانی سەرهەنگ لوندبیرگ کە لە ئەنجامی کەمی تەقەمەنیدا ،زوو بە زوو پاشەکشێی کرد:جەندرمەکان تفەنگی ئینگلیزییان پێبوو،کەچی ئەو فیشەك وتەقەمەنییانەی کە لە دەڤەرەکەدا هەبوون هی تفەنگی روسی وفەرەنسی بوو."٥"

دوو تێکشکانی دیکەش،یەکەمیان لە ناوەراستی ١٩٢١/١١ لە ئەزدیکان ودووەمیان ،لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٢١ لە قەرەتەپە، هێزە دەوڵەتیەکانی ناچارکرد کە لە سەرەتاکانی مانگی ١٩٢١/١٢دا خوی چۆڵ بکات.

پاش ئەم زنجیرە سەرکەوتنانە ئیدی ئیحتوبارودەسەڵاتی سمکۆ بە جۆرێ سوار بوو کە هەموو تیرە کوردەکانی ئەو دەڤەرە ملیان بۆ فەرمانەکانی دا.ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سمکۆ هەموو رەخی رۆژئاوای دەریاچەی رەزاییەی، لە(خوی)یەوە لە باکور تا بانەی لە باشوور دەگرتەوەو وبەسایەی هاوپەیمانێتی دەگەڵ تەهادا تاکو بیراکەپرەی دەڤەری زێباریش رۆیی.

٢- سمکۆ:

ئیستا نیمچە سەربەخۆی تەواوە....سمکۆ هەرچەند ئێرانیەکان(حەسەنی ئەرفەع)و ترکەکان (ئوزدەمیر)بە(تالانچی، رێگروشەقاوە یان هیچ وبەرەڵا)ی نێودەبن بەڵام لە حەقیقەتدا کەسایەتییەکی ئاڵۆزە. وێرای ئەو بانگەشانەی کە ناسیونالیستانی کوردی ئێرانیش دەستیان تێدا بوو ودژی دەکراو دەیانویست وای بنوێنن کە شەقاوەیەکی سادەو جەنگاوەرێکی فێودالە ، ناسیۆنالیستێکی راستەقینە بوو.

https://t.me/kurdistanbooks





https://t.me/kurdistanbooks

سمكۆ پیاوێكی پاك‌وخاوێن وریك‌وپێك، جوانی جلو بەرگەكەی زۆر كاری لە ئینگلیزەكان كرد: بلوزێكی قۆپچەداری لەبەربوو،پانتۆڵەكەی دەتگوت دەستدروی(ساڤیل رۆ)یە.(ساڤیل رۆ–فرۆشگەیەكە لە لەندەن ) وجووتێ چەكمەی روسی جوانی لە پێ بوو... ئەم پیاوە بە دەعێیە ، كە رواڵەت وسیمای ئەوروپاییانی هەبوو، جووتێ سمێڵی هەبوو لە سمێڵی (ئەفسەرێكی ئینگلیز دەچوون)"٦"و زەردەخەنەیەكی ئاوێتە(بە شەرم و شكۆ)ی هەبوو.

بارەگاكەی لە(چەهریق)ی نزیكی سنوری توركیا ولەو پەڕی باكوری دەریاچەی وەرمێ دابوو. لە كەناری ئەو قەلاّیەدا كەبابی لەسەر تاوێرێكی ناوەندی روباریدا دروستی كردبوو كە بەراستی لە هێلانە هەڵۆیان دەچوو، كۆشكێكی گەورەو هاوچەرخی دروست كردبوو كە موبەق وتەویلە و شتی دیكەشی لە دەوری دروستكردبوو... ئێرانییەكان دوای شكستی سمكۆ، پیانۆیەكیان لەم كۆشكەدا دۆزییەوە"٧".لێ مێژوو باسی ئەوە ناكات كە چۆن ئەم پیانۆیە لەم نێوەندە كێوی و بەربەرییەی كوردستاندا ئاوارە بووەو كێ لێیداوە. یەكێك لە دیاردە سەیرەكانی(نوێخوازی) سمكۆ ئەمە بوو ،خەتی تەلەفۆنی لە بارەگاكەی خۆیەوە لە(چەهریق) بۆ ساباڵغ ودیلمان و زۆربەی ناوچە سەرەكییەكانی ژێر دەسەلاّتی خۆی راكێشابوو.

ئێرانیەكان زۆر بە ئاوو تاو دەیگێرنەوە كە سمكۆ نەیارانی خۆی لەسەر قەلاّتەكەی بابیەوە هەڵدەدانە خوارەوەودەیكوشتن.

بەلاّم ئەم حیكایەتەی خوارەوە كە گێرانەوەی یەكێكە لەو ئەفسەرە ئێرانیانەی بەشداری سەركوتكردنی شۆڕشی سمكۆی كردووە ئەوە دەسەلمێنێ كە سمكۆ ئەو كەسە(سەرەتایی و ساكارە) نەبووە كە ئێرانییەكان دەیانەوێ بەوشێوەیەی نیشان بدەن:

لە پاش جەنگی ئەزدیكان(ناوەراستی١١/١٩٢١) داوا لە یەكێك لە دەرەجەدارە دیلەكان دەكات كە چۆنیەتی بەكار هێنانی ئەو رەشاشە ئێرانییەی پیشانبدات كە لە ئێرانییەكانی گرتبوو. كابرای دەرەجەدار دەتوانێ رەشاشە سەقەتەكەی بۆ بەكاربخاتەوە،مەخزەنێكی دەخاتە سەرو لەپڕ لولەی رەشاشەكە بە قەستی كوشت دەكاتە سمكۆ.

سمكۆ كە لە نیەتی حاڵی دەبێ خێرا خۆی بەسەردا دەدات،دەستی دەگرێت ودەڵێ: ((سوپاس! حاڵی بووم چۆنی بەكار بێنم...)) سمكۆ هێندە بوێری ودلێری ئەم پیاوەی كە ویستبووی لە نێو ئەو هەموو بەرپرسە كوردەی كە دەوری سمكۆیان گرتبو بیكوژێت، لە كاتێكدا دەیزانی كە بێگومان خۆشی دەكوژرێتەوە ،بەدڵدا چوو كە نەك هەر ئەو بەڵكو هەموو ئەو دیلانەی لە گەڵیشی بوون ئازادی كردن و سەروسكەی زێری بە هەمووان دا فەرمانی دا تا سنوری ئێرانییەكان بەرێیان بكەن."٨"

بەلاّم سمكۆ ئەرخایەن بوو كە داڕوخان وهەرەسی رژێمی پاشایەتی ئێران جیابوونەوەی كوردستانی، چ بە سەربەخۆیی ،چ بە ئۆتۆنۆمی لێدەكەوێتەوە. لە ساڵی ١٩٢٢دا لە نامەیەكی تەوسئامێزدا بۆ زەفەرودەولە(حەسەن موقەدەم) (كە ئەو سەردەمە فەرماندەی فەوجێك بوو لە ئازربایجان و پاشان گەییە پلەی فەرماندەیی هێزەكانی ئێران لە ئازربایجان) دەنووسێت:((ببینن چۆن میللەتانی بچووكی جیهان كە چواریەكی هۆزە كوردەكانیش نین،خودموختاری خۆیان لە دەوڵەتانی گەورەی وەك دەوڵەتی ئەڵمان وەرگرت.ئەگەر میللەتی گەورەی كورد نەتوانێ مافی خۆی لە ئێران وەربگرێت،پێی باشترە لە((هەڵومەرجی ئاوادا)) بمرێ ونەمێنێ. دەوڵەتی ئێران بیەوێ

https://t.me/kurdistanbooks

ونەیەویٚ ئێمە کوردستان ئازاد وخودموختار دەکەین،لەبەر ئەمە گوناهە ئەگەر کەسێك بیەویٚ بە خۆرایی ببێتە باعیسی گیانی خەڵکی ))"١٠"

وادیارە سمکۆ هەلی بۆ نەرەخسا راوبۆچوونی خۆی دەربارەی شێوەی بەرێوەبردنی ئەم خود مووختارییە دەرببرێت.

لە وەڵامی مستەفا پاشای نوێنەرونێردراوی یانەکانی کوردی قەستەنتەنیەدا کە هاتبوو لە نیازونیەتی ئەو حاڵی ببیٚ ولێی دەپرسێت ئایا رێکخراوێکی هەیە، بە تەمایە چۆن ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەرێوەبەریٚ،و بۆچی ئالاّیەکی نییە،دەڵیٚ: لە حاڵی حازردا رێکخراوێکی تایبەتی نییە.من یەك تاکی کوردستانم، گرنگ رزگارکردنی وڵاتە، گرنگ نییە کیٚ حکومی بکات ، من لەم رووەوە چ تەماح وتەمایەکم نییە. سەبارەت بە ئالاّو بەیداخ وئەم جۆرە شتانە....پێم وایە پێوست بەوشتانە ناکات....دەنا وەکو بەخۆت دەبینی هەرتیرەوتایفەیەکی شکاکان بەیداخ و ئالایەکی هەیە)). "١١"

لە کۆتایی ساڵی١٩٢١دا رێبەرانی کوردی قەستەنتەنیە کە خەریکی سازدانی شۆرشێکی سەرانسەری بوون(بەشی دووەم،فەسڵی یەکەم)بیریان لەوە کردەوە کە سمکۆش بێننە ناو ئەم شۆرشەوە– رەنگە مەبەستی سەرەکی سەردانی سمکۆ لەلایەن مستەفا پاشاوە هەر ئەمە بووبیٚ، کە لەسمکۆی پرسی بۆچی لە بری شەڕی ئێران جاریٚ ناچیتە هیمدادوهاوکاری کردنی کوردانی وان وئەرزەرۆم و هەکاری وخەرپوت ،کە زۆر بەتوندی لەلایەن مستەفا کەمالەوە سەرکوت دەکرێن؟ سمکۆ وەڵامی دایەوە کە نایەویٚ بە یەکجارەکی پەیوەندی خۆی لەگەڵ تورکیا ببرێت،چونکە چەکی وێدەدەن.

لیٚ دوورنیە دژی بیرۆکەی دامەزراندنی(کوردستانی گەورە)بووبیٚ، چونکە بە خۆی نەیدەتوانی ببێت بە سەرۆکی!...مستەفاپاشا بێئومێدی خۆی ناشارێتەوەو بە زبری باسی سمکۆ دەکات و بۆ کوڕەکەی دەنووسێت:((سمکۆ پیاوێکی نەزانە،بەینی خۆشە دەگەڵ ناسیونالیستە کەمالیەکاندا، چونکە چەك وتەقەمەنی وێدەدەن.)) لە کۆتاییدا دەڵیٚ:((ئەم کارە بیٚ ئەنجامە)) .

### ٣-سمکۆ و ئینگلیزەکان:

سمکۆ، کە پێدەچێت بە تەگبیری تەها بووبێت، لە ساڵی١٩١٩لێڕا پشتیوانی بەریتانیای مەزن بەلای خۆیدا رابکێشێت:لە مانگی مایسی١٩١٩دا تەهای بۆ بەغدا نارد، تارەزامەندی ئینگلیزەکان وەربگریٚ کە کوردستانی ئێران بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردیەی کە لەو سەروبەندەدا باسی دامەزراندنی دەکرا.تەها چەندین جار ویڵسنی بینی ولە((خۆدوورگرتنی ویڵسن لەو مەسەڵەیە))زۆر نائۆمێد بوو:ئینگلستان سەرگەرمی گفتوگۆ بووسەبارەت بە بەستنی پەیمانێك دەگەڵ ئێرانداو بە گوتەی وەزارەتی دەرێی بەریتانیا((هەرچەند دەوڵەتی ئێران هەرگیز حکومڕانیەکی توندو تۆڵی کوردستانی ئێرانی نەکردووە، بەلاّم جیابوونەوەی یەکجارەکی ئەم دەڤەرە لە ئێران، بێگومان لە تاراندا هەراوهەنگامەیەك دەنێتەوەو دیارە ئەمەش سەرەتایەکی باش نابێت بۆ ئەم" سەردەمە" تازەیەی کە ئۆمێدی ئەوە هەیە بە مۆرکردنی پەیمانی دوو قۆڵی نێوان ئینگلیز و ئێران دەست پیٚ بکات). "١٢"

https://t.me/kurdistanbooks

سمكۆ لە ساڵی١٩٢١پەیوەندی بە سێرپرسی کوکسەوە کرد کە تازە لە کاری گفتوگۆ لەمەڕ پەیمان بەستن دەگەڵ ئێراندا بووبووەوەو بۆ بەغدا گەڕابووەوە.. ... وەزع و حاڵ گۆڕابوو،چونکە پەیمانی ناڤبری هەرکە لەلایەن دەوڵەتی وثوق الدولة وە ئیمزاکرا،"١٣"جەماوەری خەڵك رووبەرووی وەستانەوە وسەرەنجام لەلایەن دەوڵەتی سەید زیائەدین تەباتەباییەوە کە لە ١٩٢١/٢/٢٠ بە زەبری کودەتایەك هاتە سەرکار هەڵوەشێنرایەوە.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١ کاتێك سمکۆ رایگەیاند کە ئامادەیە بۆ دیداری کاربەدەستێکی ئینگلیزی تا شنۆ بڕاوت تا(( قەرارێك تەرتیب بکات کە بە قازانجی هەردوولا بێت)) وگوتبووی (زیاد لە هەر شتێك ئارەزوومەندە پەیوەندییەك لەگەڵ بەریتانیا دروست بکات)"١٤".ئەوسا سێرپرسی کوکس لە ١٩٢١/٨/١٩دا رازی بوو پەیوەندی لەگەڵ سمکۆدا بگیرێ .

هۆی چ بووکە سمکۆ لە هەرەتی دەسەلاْتی خۆیدا ئەوەندە پەرۆشی پەیوەندیویەکێتی دەگەڵ ئینگلیزان بوو؟

رەنگە هاتنە سەرکاری رژێمی تازەی تاران ئەوی نیگەران کردبێ: رەزاخان دەسەلاْتی قاجارەکانی لابردبوو، سمکۆ کە بەخۆی لە ساڵی ١٩١٤ وە هێرش و پەلاماری ترکان و روسان وئینگلیزانی لە کوردستاندا دیتبوو، هەقی بوو لە هاتنە سەرکاری تاقمێکی تازە،کە پیاوێکی چالاك و چەلەنگی وەکو رەزا خان سەرکردەیان بوو نیگەران ودڕدۆنگ بێ.

سمکۆ پەی بەوە بردبوو کە ئەگەر لەو دەڤەرەی سنوری ئێران و تورکیا دا ،کە خۆی لە خۆیدا بن بەستێکە لەو گۆرەی، بەتەنێ وەمێنێ، ناتوانێ بە هەموو ئازایەتییەکی خۆیەوە ماوەیەکی زۆر لەبەر هێرشی هێزەکانی ئێراندا خۆی بگرێت، مەگەر هێزێکی دەرەکی پشتیوانی لێ بکات.

سمکۆ بە ئاشکرا دەیگوت:((ئێمەی کورد لە هەموو شتێك پتر پێوستمان بە چەكو تەقەمەنیە ئەگەر چەك وتەقەمەنیمان دابین نەکرێ گیرۆدە دەبین))."١٥"

گفتوگۆی نێوان سمکۆ وبەرپرسانی ئینگلیزی ئاکنجی بەغدا لە رێگەی یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی نزیکی سنوور بەناوی بابەکر ئاغا بۆ ماوەی سێ هەیڤان بەردەوام بوو.

لێ لە مانگی ١٩٢١/١٠کوکس،هەر بۆ دڵنیاکردنی دەوڵەتی ئێران، لێبڕا کە چ کەسێك بۆ دیداری سمکۆ نە نێرێ وهەر بەوەندە وازبێنێ کە بە پێی توانا هەندێ زانیای لەمەڕ جموجۆڵ و ئەگەری سەرکەوتنو خۆڕاگرتنی لەبەردەم هێرشی هێزەکانی ئێراندا خڕبکاتەوە."١٦"

سمکۆ لە رێگەی مستەفا پاشاوە بۆ دواجار دەچێتە نك ئینگلیزەکان:((من وسەید تەها قەولی شەرەفتان دەدەینێ کە ئەگەردەوڵەتی بەریتانیا چەك وتەقەمەنیمان بداتێ...وراستەخۆ لە ژێرباڵی خۆیمان بگرێ و مەرجەکانی ئێمە قەبووڵ بکات...ئەوا وان وئەرزرۆم وسیواس وهەکاری وبەتیلس لە ناسیونالیستانی ترك پاك بکەینەوەودەرسێکی چاکی ئەوانەش دابدەین کە لە رەواندزدان...ئێمە دەتوانین ئەنقەرەش بگرین(!)ئەگەر بەریتانیا دەنگ نەکات دەتوانین لە ماوەیەکی کەمدا ئێرانیەکان لە سنە وەدەربنەین."١٧"

دەوڵەتی فەرەنسا دڵنیابوو کە سمکۆ((هەر لە هەوەڵەوە یارمەتی وپارەوپوڵی لە ئینگلیزەکان وەردەگرت)) بۆیە هەوڵی سمکۆ بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا(فەرەنسا) بێ ئەنجام بوو"١٨"

https://t.me/kurdistanbooks

**٤-سمكۆ و تركان :**

سمكۆ لە ئەنجامدا ناچاربوو یارمەتی لە تركان وەربگرێت!پەیوەندی سمكۆ دەگەڵ تركان دوولایەنەیە...سمكۆ لەلایەكەوە(لە ناسیونالیستە تركەكان بێزارەو سەبارەت بە كورد ئەوان بە دژمنتر دەزانیٚ لە ئێرانیەكان)."١٩"بەلاٚم هەرگیز پەیوەندی خۆی لەگەلیاندا نەبڕی،چونكە ئەو چەك وتەقەمەنیانەی كە زۆری پێویست پیٚ بوو،ئەوان(تركەكان) بۆیان دابین دەكرد.

بەلاٚم تركەكان- عەقید علی شەفیق ناسراو بە(ئۆزدەمیر) كە سەرەتا سمكۆ بە پیاوێكی گێل دەزانیٚ،سەرەنجام دوای ماوەیەك كە سمكۆ هەموو كوردستان دەخاتە ژێر ڕكێف ودەسەلاٚتی خۆیەوە،دەگاتە ئەم ئەنجامەی كە(پیاوێكی كارامەیەو شایستەی ئەوەیە كە لەلایەن ئەوانەوە بكرێت بە حاكم و فەرمانڕەوای دەڤەرەكە) "٢٠".

دەوڵەتی ئێران هەوڵدەدات بە یارمەتی تركەكان كۆتایی بە سمكۆ بێنیٚ بۆ ئەم مەبەستەش(بۆ كۆتایی هێنان بە هاندانی تیرە كوردەكان لە لایەن ئینگلیزەكان وفەیسەڵەوە لە قەڵەمڕەوی خۆدا)"٢١" لە ١٩٢٢/١٠/٢٥ لەگەڵ توركیا پەیمان دەبەستیٚ،ئەمەش یەكەمین پەیمانی ئەو زنجیرە پەیمانانەیە كە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا دژ بە كورد دەبەستریٚ.

**٥- سمكۆ و روسەكان:**

بەگوێرەی هەندێك پروپاگەندان،سمكۆ هەوڵیداوە یارمەتی وپشتیوانی سۆڤیەتەكان وەدەست ببێنیٚ وبۆ ئەم مەبەستە لەبەهاری ساڵی ١٩٢٢ نوێنەریكی خۆی بۆ باكۆ ناردووە"٢٢".

هەڵبەتە كاتێكی یەكجارنالەباروخراپی بۆ ئەم كارە هەڵبژارد:رژیمی تازەی ئێران بە بەستنی پەیمانی ١٩٢٢/٢/٢٦ پەیوەندییەكانی خۆی دەگەڵ یەكیتیی سۆڤیەتدا ئاسایی كردبووەوەو یەكێتیی سۆڤیەت یارمەتییەكانی خۆی لەرێبەرانی حكومەتی شۆرشگێری گەیلان (١٩٢٠-١٩٢١)بڕی بوو.

هەڤبەندی(سۆڤیەت و ئیران)"٢٣"هاوتای راگەیاندنی كۆتایی كاری سمكۆیە:لەمە بەدواوە شای ئایندەی ئێران لە راستیدا هەموو هەولێكی خۆی بۆ ئەو كارە تەرخان دەكات كە دە ئەستۆی گرتووە: هێنانی هەموو تیرەكان بۆ ژێر ركێف ودەسەلاٚتی دەوڵەتی ناوەندی،وچەككردنیان و تێكشكاندنی هیزوتوانای سەرانی تەقلیدیان.

رەزاخان لەمانگی١٩٢١/١وە سوپا تازە دەكاتەوە، قوزاق وهێزی جەندرمەوهیزە ناوچە ییەكان،كە تا ئەو كاتە بریتی بوون لەیەكەی جۆرا وجۆرو سەربەخۆ وفەرماندەكانیان خەریكی ركابەریی یەكدی بوون،یەكدەخات.

رەزاخان كە لێبرابوو كۆتایی بەكاری سمكۆ بێنیٚ پێی وابوو سەركەوتنە یەك لەدوای یەكەكانی سمكۆ زیاتر زادەی بێتوانایی فەرماندەكانی ناوچەكە بووە كە لەبری هێزی گەورە،وردە هێزیان دەناردە شەڕی سمكۆ وئەویش یەك لەدوای یەك دەیشكاندن.

**٦- شەڕی میاندوا و( ١٩٢٢/٤):**

جەنەراڵ شیبانی كە لە مانگی یەكەمی ١٩٢٢دا هاتووەتە تەوریز،یەكێكی دیكە لەم شكستانە دەجەڕبێنیٚ:جەنەراڵ شیبانی لەمانگی چواری ١٩٢٢دا پێنجسەد چەكداری جارانی شۆرشگێرانی گەیلان،بەسەرۆكایەتی یەكێك لە سەرگەورەكانیان بە ناوی خاڵۆ قوربان لە میاندواودا خڕدەكاتەوە

https://t.me/kurdistanbooks

تا لەوێندەرەوە پەلاماری مهاباد بدات. هیزەکانی سمکۆ هێرشیان دەکەنەسەر ،چەکدارانی خالۆ قۆربان(خالۆ قۆربان:دوای هەرەسهێنانی حکومەتی گەیلان بە پلەی سەرگوردی لەهێزی جەندرمەی ئێراندا دەسبەکار بوو) لەشەرگە هەڵدێن وخالۆ قوربان دێتە کوشتن!.

نزیکەی سێ مانگێك کارەکە دەگاتە کوێرە کوڵان:لەدوای تێشکانی میاندواوەوە ئیدی خەڵکی عەشایەر خۆ لە شەڕی کوردان دەدزنەوە.

وەکو جەنەراڵ رەزاخان، وەزیری جەنگی تازەی ئیران، بەپاشکۆی عەسکەری ئینگلیز دەڵێ گیرو گرفتی هەرە گەورەی ئەو بێ پارەییە! ئەگەر بەئەندازەی پێویست پارەی هەبێت دەتوانێت لەزەرفی چەند هەفتەیەکدا کۆتایی بە شەڕی سمکۆ بێنێت "٢٤"

گیروگرفتی رەزاخان لەشەڕی سمکۆدا گیروگرفتی نائاساییە:بۆ نموونە چوارسەد سەربازی مەشق دانەدراوی بێ چەك وتەقەمەنی لە سەربازخانەی سنەدان:ئەو فیشەکانەی کە پار بۆ ئەم سەربازخانەیەیان ناردووە هی تفەنگە روسیەکانی سەربازخانەی ئەسفەهان بووە،ئەو فیشەکانەی کە دەبوایە بۆ کوردستانیان بناردرایە، چووە بۆ ئەسفەهان."٢٥"

سمکۆش لەلایەن خۆیەوە،ناتوانێ سوود لەم وەزعە لەبارە وەرگرێ کە بۆی رەخساوە:ئەویش تەقەمەنی نیە!رکابەری ناوخۆیی عەشایەری وهەواڵی گەیشتنی هێزی هیمداد بۆ پشتیوانی هێزە دەوڵە تیەکان،دەکەنە کاریك کەنەتوانێت زیاترپەرە بە دەسەڵاتی خۆی لە باشوردا بدات.سمکۆ لە حوزەیرانی ١٩٢٢دا لە شەمدینان،لەگەڵ حەیدەربەگی والی جارانی موسڵدا کە سەرۆکی شاندی ترك دەبێ،دیدار دەکات، چ شتێك لە مەڕ ئەم دیدارو گفتوگۆیانە دیار نیەونەزانراوە، جگە لەوەی کە زۆر مایەی نیگەرانی کاربەدەستانی ئینگلیزی عێراقی بووە.

لە مانگی١٩٢٢/٧ ئەو هێزانەی کە لە تارانەوە هاتبوون،یا هەر لە ناوچەکەدا سازدرابوون ئامادەی کار دەبن:فەرماندەی تازە،جەنەرال جیهانبانی،تیپێکی هەڵبژاردەی لە تارانەوە هاتوو، و(تیپی تەورێز) کەپێکهاتبوو لە هەندێ یەکەی لەشکری ئازەربایجان وبەتالیۆنێکی خۆبەخشی ئەرمەنی،بەفەرماندەیی سەرهەنگ بەگزورابۆف،ئەفسەری جارانی تزاری،دەخزمەتدایە.

تێکڕا ٨٠٠٠ هەزارکەس لەوهێزانەی ئێران کە لە باکوری دەیارچەی ورمێدا مۆڵی خواردبوو لە ١٩٢٢/٧/٢٣دژی سمکۆ بەرەو سەڵماس جمان.

### ٧- شەڕی شەکریازی ١٩٢٢/٧/٢٥

شەڕی چارەنوسساز-ولە راستیدا یەکەمین ودوایەمین شەڕ-لە ١٩٢٢/٧/٢٥ لە شەکریازی روویدا. هێزی پیادەی کورد چوار جاران هێرشی کردە سەر هێزە ئێرانیەکان،ودزەیان کردە ناو ریزەکانی سوپای پیادەی ئێرانەوەو بە پێچەوانەی تەوەقوعەوە بە خەنجەروشمشێر لەگەڵیاندا کەوتنە شەڕی دەستەویەخە.زەرەرێکی زۆریان لە هێزە دەوڵەتیەکان داو زۆریان لێکوشتن، بەڵام لە ئەنجامدا پاشەکشەیان پێکرا.

سمکۆ دوای ئەوە هێزی سوارەی خۆی هێنایە مەیدان، بەڵام عەسکەری پیادەی ئێران ئەوانیشی شکاندو راونا.گوللەی تۆپخانەی کورد-کە تۆپچیەکانیان ترك بوون-نیشان پێك بوون،بەڵام زۆربەی گوللە تۆپەکان نەدەتەقینەوە،وئەنجام لە شەری دوای نیوەڕۆدا کوردەکان شکان.

https://t.me/kurdistanbooks

سمكۆ كە لەسەرەتای شەڕەكەدا دە هەزار كەسی لەگەڵ بوو،ئێستا،ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هەزار كەسێك پتری دەگەڵ نەمانەوە-ئەوانەیش ئەندامی عەشیرەتەكەی خۆین!هۆی شكسی سمكۆ زۆری ژمارەوبالادەستی رێكخستنی هێزە ئێرانیەكانە"٢٦".

هێزە ئێرانیەكان بەرەو ورمێ درێژەیان بە بە پێشرەوی خۆدا ولە هەیڤی هەشتدا چوونە نێو شارەوە،وپاش ئەوەی بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ژێر دەسەلاتی كورداندا بوو(ئازاد)یان كرد!.

هێزەكانی ئێران پاش ئەوە بەرەو چەهریقی بارەگای سمكۆ وەرێكەوتن،یەكەیەك لەو هێزانە چوو بۆ سەر سنور،تاداوا لە تركان بكات كە هەر چەكدارێكی سمكۆ لە سنور بپەرێتەوە چەكی بكەن.

**٨-شەڕی سا ری تاش ١٩٢٢/٨**

سمكۆ هێرشی كردە سەر ئەو یەكە ئێرانییەی كە گەیی بووە سەر سنوروناچاری كرد پاشەكشە بكات-بەلام ئێستا لە هەزار كەس پتری دەگەڵ نەبوو، گەیشتنی هێزی هیمدادی تازە نەفەس بە هێزەكانی ئێران، سمكۆیان ناچاركرد پەنا وەبەر كێوی ساری تاش بەرێ (هێزی هیمدادی تازە نەفەس بریتی بوو لە یەك هەنگی تۆپخانە).پاش زنجیرە شەرێكی قورس لە وێندەرەوە بەرەو توركیا هەڵكەنرا. تركەكان سمكۆیان گرتە خۆو پیاوەكانیان چەك كرد.

**٩- بەجێ هێشتنی ولات:**

لە ئۆكتۆبەری ١٩٢٢دا سمكۆ دەگاتە نزیكی عێراق-نزیكی هەولێر.ئێستا هەمووشتێكی لە دەستداوە:تۆپەكانی، رەشاشەكانی ،تەقەمەنی وكەرەستەی شەڕ،ژنەكەی كوژراوەو،كوڕە شەش سالانەكەی كە تاقانەی بوو،یەخسیر بووە.لێ بە گوتەی ئەو ئینگلیزانەی كە دەیبینن،چ رقوكینەیەكی تایبەتی بەرانبەر بە ئێرانیان نیە(بە گوتەی خۆشی) ئێستا پاك لە پاكن و چ هەق و حەساوێكیان دەگەڵ یەك دانیە."٢٧"

بەلام دەیویست تۆڵە لە تركان بسێنێ!چونكە بەڵێنیان دابوویە كە یارمەتی بدەن وپشتیان تێكردبوو.بێ پەردە دەیلێ كە بەو ئومێدە هاتووە كە ئینگلیزەكان لەو حاڵەدا ببینێ كە (ئامادەی پاراستنی بەرژەوەندیەكانی كوردان دژ بەودوو دەوڵەتە بێ كە دژمنیایەتیان دەگەڵیاندا هەیە)."٢٨"

سمكۆ لە گفتوگۆیەكی دووروودرێژدا دەگەڵ یەكێك لە پایەدارانی ئینگلیزدا(سی.جی .ئەدموندن) لە دیرە لە ١٩٢٢/١١/١٢پێی سەیر دەبێت كە دەبینێ ئینگلیزەكان ئەوەندە نیگەران وپەرۆشی ئێرانیانێكن كە بە درێژایی سنوور هاوكاری ئەو تركانەن كە دەیانەوێت ئینگلیز لە رەواندز وەدەرنێن!.

**١٠- پێشوازی شێخ مە حمود:**

سمكۆ كە لە رەفتاری ئینگلیزەكان نائومێدە لە تەها جیادەبێتەوەو دەڕوات بۆ سلێمانی و لە وێندەر لە ١٩٢٣/١/٨ وەكو سەرەك دەوڵەتێك پێشوازی لێدەكرێ- دەگەڵ هاتنی دا حەوت گوللە تۆپان بۆ بەخێرهانینی دەتەقێنرێ!شار بە بۆنەی هاتنی ئەوەوە تەعتیلە، سمكۆ لەو نمایشە سوپاییەدا كە بە خۆشی ئەوەوە سازكراوە بەشداری دەكات!.

https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام ئەو کۆمەك وهاوکارییەی کە عەوداڵ وپەرۆشی بوو لە دامودەزگاکەی شێخ مەحمودیشدا دەستی ناکەویٚ:پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا وسلیٚمانی لە خراپیدایە وشێخ مەحمود تەنانەت ناتوانیٚ لەبەرخاتری (جەنابی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ ،قارەمانی دلێری کوردستان)"٢٩" خۆی بخاتە بەر شەپۆلی رووداوی دوورەدەست.سمکۆ یەك مانگ و هەندێك لە سلیٚمانی دەمێنێتەوە، تا پچڕانی پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود وئینگلیزەکان:(هەنگینیٚ هاندەدریٚت کە سلیٚمانی بەجی بهیٚڵیٚ)"٣٠"

**١١- ساڵانی ئاوارەیی**

سمکۆ لەوە بەدواوە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە تورکیادا ون بوو، لە ساڵی ١٩٢٤دا سەر لە نویٚ لە ئێراندا سەری هەڵدایەوەو خۆی تەسلیم بە جەنەراڵ تەهماسوبی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە باکور کردو مۆڵەتی وەرگرت کە لە چەهریقدا دانیشیٚ،لە ساڵی ١٩٢٥دا رەزا شا پێشوازی کردوسمکۆ بەلێنی دایە کە هەتاهەتایە ئەمەکداری بیٚ!بەڵام دوای یەك ساڵ بە چەند سەد کەسێکی کوردی هەرکیەوە دەشتی سەڵماسی گرت وگەمارۆی سەڵماسی(شاپور) دا.بەرگەی هێزەکانی ئێرانی نەگرت وتا سنووری ئێران و تورکیا راونرا. هەر کە لەسنوور ئاودیو بوو هێزی ترك دەوریان گرت و چەك ودەست بەسەریان کرد.

دوای چەند مانگێك دیسان لە عێراقەوە سەری دەرهێنایەوە(کۆتایی ساڵی ١٩٢٦) پاشان لە تورکیاوە ١٩٢٧ ئەوجا جارێکی دیکەو لە ساڵی ١٩٢٨دا لە عێراقەوە سەری هەڵدایەوە،وەکو کەسێکی بیٚ ماڵ حاڵو دەربەدەر جگە لە دە- دوازدە کەس پتری لەگەڵدا نەبوو.

دەوڵەتی عێراق بەبیانووی ئەمەی کە تاوانەکانی سمکۆ (سیاسی)یە"٣١" داواکەی ئێرانی سەبارەت بە تەسلیمکردنەوەی سمکۆ قبوڵ نەکرد،بەڵام چونکە ترسی لە بوونی سمکۆ لە عێراقا هەبوو گۆشاری خستە سەر ئێران کە مووچەوخەرجیەکی بۆ ببرێتەوە....

ئەنجام سمکۆ مۆلەتی وەرگرت کە بۆ ئێران بگەریٚتەوەوبە فەرمانرەوای شنۆ دامەزرا-لیٚ رەزا شا لەلای خۆیەوە حوکمی دابوو،دوای چەند رۆژێك بە غەدر لەلایەن سەربازانی ئێرانەوە کوژرا(١٩٣٠).

**١١- سەرچاوەو پەراوێزان :**

١- حەسەنی ئەر فەع ، کوردەکان ، ل ٥٨

٢- ئەم مێژووە کونسولیٚ فەرەنسا لە تەوریٚز ،نەقڵی کردووە.بەگوتەی حەسەن ئەرفەعی سەر لەشکر، ئەم هێرشە لە ناوەراستی ئەیلولی ١٩٢١ ئەنجام دراوە.

٣- بەگوتەی کونسولی فەرەنسا لە تەوریٚز (خەڵکی)لایەنی هێرشبەرانی کوردیان گرت.بروانە بروسکەی بەرواری ١٣/١٠/١٩٢١ و٣١١-٣١٢

٤- نامەی مستەفا پاشا بۆ کورەکەی ١٩٢١/١١/٢ ،ئۆفیسی هند. ٣٧١٧٧٨١

٥- حەسەن ئەرفەع ، لەسەر دەمی پێنج پاشایاندا ، ل ١٢٢

٦- سی .جی ئەدموندز، کوردەکان،ل ٣٠٧

٧- حەسەن ئەرفەع ، لە سەر دەمی پێنج پاشایاندا .ل ١٣٧

٨- هەمان سەرچاوە ،ل ١٢٥

https://t.me/kurdistanbooks

٩- نامەی نێوبراوی مستەفا پاشا

١٠- نامەی بەرواری ١٩٢٢/٥/٣١ی سمکۆ بۆ زەفەرودەولە، ئەم نامەیە تەتەری سەر بە کونسۆڵی بەریتانیا لە تەورێز گەیاندویەتی .

١١- مستەفا پاشا دوای دوو گفتوگۆی تێروتەسەڵ لەگەڵ سمکۆ وتەهادا، لە نامەیەکی دوورو درێژدا بە شێوەی پرسیارو وەڵام ئەم بابەتانەی خستە روو.سانسۆری بە ریتانیا لە عێراق ، بەرلەوەی نامەکە بۆ جێ مەبەست بنێرێ نوسخەیەکی لەبەرگرتەوەو مستەفا پاشا کە لەم کارە کەوتبووە گومانەوە لە نامەیەکی دیدا نووسی(( هەموو شتێك لە نامەدا ناگووترێت)).

١٢- ئۆفیسی هند ٧٨٢ - ١٠/٧٨١ لپوس-Lpus ١٢/٧/٣ مایس/١٩١٩

١٣- بە گوتەی حەسەن ئەرفەع( لەسەردەمی پێنج پاشایاندا ، ل ١٠٩)و سوقودەولە بۆئیمزای ئەم پەیمانە ١٣٢ ٠٠٠ هەزار لیرەی وەگرتبوو.

١٤- نووسراوی نهێنی یاریدەدەری حاکمی سیاسی( ئەفسەری سیاسی) لە رانیە گۆلد ئیسیمت-بۆ حاکمی سیاسی سلێمانی لە ١٩٢١/٧/٢٠، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٦٣٤٧

١٥- نامەی مستەفا پاشا

١٦- پەیامی ١٩٢١/١٠/١٨ی گاربت، سکرتێری کونسوڵی باڵای بەریتانیا لە بەغدا، بۆ حاکمی سیاسی سلێمانی.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان.

١٧- نامەی مستەفا پاشا.

١٨- چەند زانیارییەك دەبارەی بزاڤی کورد لە مانگی ٧/ ١٩٢٢وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا ٣١٣-٣١١

١٩- نامەی مستەفا پاشا.

٢٠- وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٩٠٠٤

٢١- نووسراوی ١٩٢٢/٧/٢٨ دەربارەی شۆرشی کورد . وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ٣١٣-٣١١

٢٢- راپۆری ١٩٢٢/٧/٣کونسوڵی بەریتانیا لە کرمانشا،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٧٨٠٨

٢٣- حەسەن ئەرفەع ، لە سەر دەمی پێنج پاشایاندا .ل٩٤ و ٩٥ و ١٢٦

٢٤- وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٧٨٠٨، ١٩٢٢/٧/١٥

٢٥- وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٧٨٠٨ ١٩٢٢/٧/٣

٢٦- بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ جەنگی شەکریازی بروانە ،ل ١٣٥-١٣٦ی لە سەردەمی پێنج پاشا یاندا، نووسینی: حەسەن ئەرفەع

٢٧- هەمان سەرچاوە ل ١٤١لە راستیدا نووسەر دەیەوێ هێرشە هاوبەشەکەی ئێرانیەکان و ترکەکان وەژێر وشەودەستەواژان بخاتووەیشێرێت . سی. جی. ئەدموندز بە ئاماژە ئەمە دەڵێ ل ٣٠٥

٢٨- سی. جی. ئەدموندز . کوردەکان ل ٣٠٧

٢٩- ئەمە ئەم مانشێتانەیە کە لە ژمارە هەشتی گۆڤاری رۆژی کوردستانی شێخ محمود هاتوون.

٣٠- سی. جی. ئەدموندز. کوردەکان.

https://t.me/kurdistanbooks

٣١- راپۆری ساڵانە دەبارەی ئێران ،ساڵی ١٩٢٨ ،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیستان، ١٣٧٩٩,٣٧١

## فەسڵی سێیەم : شۆڕشەکانی شێخ مەحمود :

((من ئیدی هەرگیز بەشداری دروستکردنی هیچ پاشایەك ناکەم،کارێکی لەرادەبەدەر قورسە))"١"
ئەم ئیعترافەی گرترودبیل،یاریدەدەری سێرپرسی کوکس و ویلسن لە بەغدا بەجوانی، بێ شەرمی ئینگلیزەکان بەرجەستە دەکات کە هەمیشە گوتویانە ،عێراقیان لە پارچەی جیاواز پێکەوەناوەو فەیسەڵ زۆردوربووە لەو پاشا ئایدیالیەی  کە ئەوان ویستویانە.

بەرای لایەنگرانی سیاسەتی(ئیمپراتۆریەتی) بەریتانیای مەزن پێویست بوو دۆڵی دوو روبار لەژێر حوکمودەسەلآتی ئینگلیستاندا بماباوە،چونکە(ئەگەر دۆڵی دوو روبار برۆخێ ئێران دەروخێ وهندش بەناچاری دەروخێ)"٢"

مەرج ئەمەیە ئەم حوکمودەسەلآتە پایەداربێ،شێوەورواڵەتی کار گرنگ نیە.،ویڵسن بەخۆی لایەنگرێکی  تەواو ئاشکرای سایەنشینی(حمایە وانتداب )بوو،بەلآم پاش شۆرشی مەترسیداری هاوینی ١٩٢٠ کە بووە مایەی کوشتنی خەڵکانێکی زۆر لە هێزە هندی وئینگلیزیەکان دەسەلآتدارانی بەریتانیا لە دۆڵی دووروبار هیچ چارەیەکی تریان نەبوو،تەنیا ئەوە نەبێ کە سێر پرسی کوکس گوتەنی ((جلو پەلآسیان))کۆبکەنەوەو برۆن یان پاش بەرقەراری سەرلەنوێی ئەمن و ئاسایش،حکومەتێکی نیشتمانی دابمەزرێنن.

### ١- میر فەیسەڵ:

لەوکاتەدا میر فەیسەڵ کە فەرەنسیەکان لە ١٩٢٠/٧/٢٤دا لە دیمەشق دەریان کردبوو،لەگەڵ  ٢٥ هاوسەفەرو ١٧٥ گاردی شەخسی لە هێزەکانی حیجازو ٢٥ ئەسپ وچوار تۆن باروبنەدا لە بیابانی پشت ئەردەنەوە سەرگەردان بوو،حازرو ئامادە بوو."٣"

دەوڵەتی فەرەنسە بەو چاوە تێی دەڕوانی کە((پیاوێکی بودەڵەو نەفس نزم ،بەلآم کەسایەتیەکی خەتەرناکە))"٤".کە بیستی ئینگلیزەکان چاویان لەوەیە کە بیکەن بە پاشای عێراق((لە تورەییدا)) هاواری کرد-وئەمە بووە مایەی ئەوەی کە  کروزن بۆماوەیەك چاوپۆشی  لەم نەخشەیە بکات.

سەیر ئەوەیە کە کروزن بە خۆی بۆچوونێکی ئەوەندە باشی دەربارەی لێهاتوویی وتوانای ئەم  پیاوە نەبوو و پێی وابوو پیاوێکە (( بە ئاشکرا لاواز،و لە دیمەشقدا لە لیبۆکێك پتر نەبووە))"٥"

بەلآم چونکە دامەزراندنی ((کۆمار)) پێچەوانەی((سونەتی ئیسلامی))"٦"بوو،لە بەرنامەدا نەبوو و هەموو پاڵێوراوەکانیش رەفزکرابوون، کروزن ودەوڵەتی بەریتانیا سەرەنجام وپاش کۆنفرانسی دووەمی قاهیرە لە ١٢-١٩٢١/٣/٢٤ لێبڕان میر فەیسەڵ لە سەر تەختی پاشایەتی  دۆڵی دوو رووبار دابنەن و ناوچە کوردنشینەکانی بە گەڵ بخەن وبەمە رووبەرەکەی فەراوانتر بکەن.

لکاندنی ناوچە کوردنشینەکان بە((ولآتی عێراق))ەوە بە دوو قۆناغ ئەنجام درا:یەکەم ویڵسن بە ماوەیەکی کەم دوای کۆنگرەی قاهیرەو لە رۆژی ١٩٢١/٥/٦دا لە رێگەی پرسنامەیەکەوە لە کوردان دەپرسێت کە لە ولآتی عێراقدا چ جۆرە سیستەمێکی ئیداری پەسەند دەکەن-ئەم پرسنامەیە بە

https://t.me/kurdistanbooks

جۆرێ دارێژراوە کە مەسەلە بنەرەتیەکەی، واتە ئایا دەیانەوێ لە سایەی حوکمی دەوڵەتی عێراقدا بژین یان نا، بە تەواوی شاردووەتەوە.

ریفڕاندۆم لە هەڵومەرجێکی ناهەمواری باوەڕنەکردەنیدا ئەنجامدەدرێ:لە سلێمانیدا ،تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن راستەوخۆ دەنگ بدەن،کە ماڵەکانیان بایی هەزار ریاڵ ببێ، لەو ٢٠٠ دەنگدەرەی کە بەم شێوەیە هەڵبژێردران، ١٩٠ کەس لە دەنگداندا بەشداری دەکەن و لەو ١٩٠کەسە تەنیا ٣٢ کەس رازی دەبن کە دەڤەری سلێمانی بخرێتە سەر عێراق.

دەنگی ڕەمەکی مەردم دەنگی(فەقیروفوقەرایە).

گەڕەك بە گەڕەك پیاوان بانگدەکەن و داوایان لێدەکەن-پێدەچێت دەنگدانەکە بە دەست بەرزکردن بووبێ-دەنگ بدەن،ئاخۆ هەستی نەتەوەیی دەبێ چەند توندبووبێ کە بەو حاڵەشەوە چ کەسێك دەنگ بۆ لکاندنی سلێمانی بە عێراقەوە نادات، تەنیا لە گەرەکی جوولەکاندا نەبێ:لەوێندەر نەوەدو دوو دەنگ رازی وچوار دەنگ نارازی بوون.

لە ناوچەکانی دیکەی سلێمانیدا قایمقام پیاوەکانی خۆی بۆگوندەکان دەنێرێ. لە کۆی شەش هەزار دەنگدەر پێنج هەزاریان دژی لکاندنی ناوچەکە بەعێراقەوە دەنگ دەدەن وئەوانەی دی(نادیار) دەنگ بۆ بەریتانیا دەدەن.

چوار کەس لە پیاوماقولانی کورد لە کۆبوونەوەیەکدا دەگەڵ یەکێك لە پایەدارانی ئینگلیزدا دەیسەلمێنن کە گەمارۆی گومرکی کە (ئینگلیزەکان هەرەشەی ئەوەیان لێدەکەن کە ئەگەر رای دژ بدەن ئەوا گەمارۆی گومرگ دەخەنە سەر سلێمانی)،بۆ سلێمانی ئاکامی خراپ و ناخۆشی دەبێ، بەلأم دووپاتی دەکەنەوە کە ئەم ئاکامە خراپ وناخۆشەیان پێ پەسندترە(لەوەی لە سایەی رژێمێکی سەرکوتکاری عەرەبدا بژین).

کۆمیسەری وڵاتی بەریتانیا چ روون کردنەوەیەك دەربارەی شێوەی دەنگدانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، واتە دهۆك و زاخۆ و ئاکرێ و هەولێرو ئامێدی بەدەستەوە نادات ،بەلأم پێدەچێت کە دەنگدەرەکان راوێژیان بە (ئەنجومەنی پیاوماقولأنی ناوچەکان)ی خۆیان کردبێ.

بۆ نموونە لە هەولێردا دەنگدەرەکان دەچوون و تەگبیریان بەردێن سپیانی تورکمانی شار-لە ناوچەیەکەدا کە سەرلەبەری کوردنشینە-دەکرد!جا هەر لەمەوە بەدیاردەکەوێ کە ئەنجومەنی پیاوماقولأن چتۆ ئەنجوومەنێك بووە!.

سەرەنجام جگە لە سلێمانی هەموو ناوچە کوردنشینەکان دەنگیان بۆ چوونە پاڵ عێراق داو لە ریفراندۆمی دووەمدا- واتا لە دەنگداندا بۆ هەڵبژاردنی میر فەیسەڵ بە شای عێراق- بەشدارییان کرد!.

**٢- را پرسی گشتی- ریفراند ۆم:**

کۆمیسێری بەریتانیا دیسان دۆسیەی تەواوی هەڵبژاردن وریفراندۆم ودەرهێنانی ئەنجامی رایەکان بۆ لەندەن نانێرێ.

بەپێی ئەو نیشانەوبەڵگانەی کە لە دەستدان ،جۆری ریفراندۆم لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆرێ،لە هەندێك شوێندا یەکێك دێ بۆ بارەگای ڕاوەرگرتن ودەڵێ:(( من لە بری ئەم ژمارە

https://t.me/kurdistanbooks

دەنگدەرە(واتە ئەم ژمارە پیاوەی کە تەمەنیان لە ٢٠ ساڵ بە بانەوەیە)دەنگی ئەرێتی دەدەم))ولیژنەی سەرپەرشتیاری ریفراندۆم، رایەکەی لە((لیستی دەنگدەران)) تۆمار دەکەن!.

لە شوێنێکی دیدا سەرۆك عەشیرەتێك ٢-٣ هەزارکەس لەعەشیرەتەکەی خۆی دێنێ وبەخۆی رای رەزامەندی دەدات و... هەمو ئەوانی دی چاو لەو دەکەن.

جا مەسەلەکە هەر لێرەدا ناوەستێ،وگوشاری هەمەجۆر دێتە کایەوە: لە کەرکوك بەپێی هەواڵێکی فەرمی کە لە سێرپرسی کوکسەوە بەدەست کەوتوە،راوێژکاری ئینگلیزی نامەوپەیامێکی کۆمیسێری دەوڵەت بۆ ئەنجومەنی پیاوماقولانی شاردەخوێنێتەوەو ئەنجومەن بەتێکرای دەنگ فەیسەڵ هەڵدەبژێرن!.

لێ ئەندامانی ئەنجومەن کە بۆ ماڵی خۆیان دەچنەوە چەند کۆبونەوەیەکی تایبەتی دەکەن ولەوبریار ورایەی خۆیان ژیوان دەبنەوە! ولە٧/٢٣دا لە کۆبونەوەیەکی تایبەتیدا کە لە ماڵی موفتیەکدا دەکرێ، بڕیار دەدرێ فتوایەك دژی فەیسەڵ بدرێ!.

کارگوزارانی سێرپرسی کوکس سەرلەنوێ دەسبەکار دەبنەوەو ئەنجامی تەدەخولاتیان بەم جۆرە نوکتەوپێکەنینانە دەشکێتەوە:(( سەرۆکان رای دەگەیەنن کەبەدڵی بەریتانیادەنگ دەدەن، بەڵام نە فەیسەڵیان دەوێ ونە حکومەتێکی عەرەبی!))"٧"

بەپێی ئەنجامگیرییەکانی ئامادەکاری راپۆری رەسمی:((ناوچە کوردنشینەکان خوازیاری دەوڵەتی کوردین))بەلانەکی کاتێ لە ١٩٢١/٨/١٨ ئەنجامی ریفراندۆمەکە بەسەر پەرشتیاری ریفراندۆمەکە دەدەن ئەوە بەدیاردەکەوێ کە ٩٦٪ دەنگدەران بە(ئەرێتی) دەنگیان داوە-دیارە ئەم ئەنجامە،ئەگەر نەیاری شیعەکانی باشوری عێراق،کە هیچی لە نەیاریی کوردەکان کەمتر نیە، بەرانبەر بە فەیسەڵ، حیساب بکەی سەیروعەنتیکە دەنوێنێ"٨".

لە ١٩٢١/٨/٢٣دا میرفەیسەڵی کوری شەریفی مەکە، بەنەوای سرودی((خوا پاشا بپارێزێ))"٩" دەکرێ بە شای عێراق!- بێ ئەوەی نوێنەرانی سلێمانی یان کەرکوك ئامادەبن."١٠"

**٣- مەلیك فەیسەڵ:**

((لیبوك))ەکەی لەمەڕ کرونن هەرکە لەسەر تەختی پاشایەتی عێراق دادەنیشێت،ئارەزوو،وئەڵهایەکی ئەوتۆی وەدەستهێنانی دەسەلات دەنوێنێ کە زۆر زوو دەبێتە مایەی نارەحەتی ئینگلیزەکان.

چەرچڵ دەنووسێت:((لەم هەموو بروسکە دووروردرێژەی لەمەڕ فەیسەڵ و وەزع و حاڵی دەروونی ئەو دەگەن بێزاروبێتاقەت بووم، ئەوە شەش مانگە ئێمە پارەی لیستی حیساباتی میوانخانەکەی ئەو لە لەندەن دەدەین.ئێستاش واناچارم هەموو رۆژێك پەیامێن هەشت سەد وشەیی دەربارەی شوێن و پایەو پەیوەندیەکانی دەگەڵ وڵاتانی بیانیدا وەخوێنم.))"١١"

هەنوکە شێوەی مامەڵە کردن روون بووەتەوە!ئینگلیزەکان زوو زوو بیری فەیسەڵی دەخەنەوە کە لەبیری نەچێت ئەوان کردویانەتە پاشای عێراق،لێ فەیسەڵ تەنێ یەك شتی لەبیرە:قایم کردنی پایەو کۆڵەگەی دەسەلات، فراوانکردنی سنوری ئەو قەڵمرەوەی دراوەتە دەستی ئەو. هەر لە هەمان سەرەتاوە مەسەلەی کوردبایەخێکی بنەڕەتی پەیدادەکات:بەڕاستی فەیسەڵ باوەری وابوو کە ئینگلیزەکان لە هەمان کاتدا کە پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی سەربەخۆ

https://t.me/kurdistanbooks

دەکەن،ئامادەن کەجارجار ولەکاتی پێویستدا(بۆ قازانجی خۆیان کورد بەگژ عەرەبدا بکەن،ئەگەر مامەڵەی عەرەب دەربارەی((سەربەخۆیی)) زۆر بەدڵی ئێمە نەبێت ))"١٢"

مەسەلەی کورد بەلای تازە پاشای عێراقەوە،لایەنێکی گرینگی دیکەشی هەبوو،کە ئەویش بە هەمان ئەندازە گرینگ بوو:فەیسەڵ لەلایەن کەمینەیەکی زۆرکەمی سونیانی عەرەبەوە پشتیوانی لێدەکرا کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەغدا بوون.لایەنگری راستەقینەی فەیسەڵ تەنیا چەند ئەفسەرێك بوون کە لە((حیجازە))وە لەگەڵیدا هاتبون.

بەڵام هەموو خەڵکی باشوری عێراق کە شیعە مەزب بوون،دژایەتی کوڕەکەی شەریفیان دەکرد کە سونی مەزەب بوو...."١٣"لە مانگی ئەیلولی ١٩٢١وە فەیسەڵ بیری لەپەرلەمانێك دەکردەوە کە بە هەڵبژاردن دابمەزرێ،دەیویست پەرلەمانی ناڤبری،وێڕای زۆری(چەندیوچۆنی)خەڵکانی شیعە مەزەب،نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان."١٤"

فەیسەڵ دەیزانی کە کوردی ئێران بیر لەوە دەکەنەوە لە ئێران جیا ببنەوەوکوردی تورکیاش هەمان شتیان دەوێ و((زۆری پێناچێت کە هەندێ ناوچەی کوردنشینی عێراق یان هەموو کوردستانی عێراق لە عێراق جیا دەبێتەوە.تا پەیوەندی بە ناوچەکانی تری کوردستانەوە بکەن)) بۆیە بە سێرپرسی کوکسی، کە بووبوو بە کۆمیسێری باڵای بەریتانیا،گوت کە بەئاشکرا پێی بڵێ ((بەفەیسەڵ))ئینگلیزەکان بەتەمای چین ودەیانەوێ چ بکەن:((ئایە بەراستی دەمانەوێ هەموو ناوچە کوردنشینەکان لە عێراق جیاببنەوەو پەیوەندی بەکوردانی باکورەوە بکەن؟ ئەگەر وانیە ،ئارمانجی ئێمە چیە؟))

وەڵامی سێرپرسی کوکس زۆر تەم ومژاوی بوو:پاش بیرهێنانەوەی ئەم بابەتەی کە بەریتانیا لە دوای کۆنفراسی مارسی ١٩٢١ی قاهیرە،بریاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی داوە، بەڵام ئەو پێی وانیە کە ئامانجی دەوڵەتەکەی ئەمە بێت کە((ناوچە کوردنشینەکان))لەعێراق جیا بکاتەوە)) وپاش گەرانەوەی لە قاهیرە بۆی دەرکەوتووە کە(کوردەکان)لەمەڕ جیابونەوەیان لە عێراق یەك دەنگ و یەك رەنگ نین))"١٥"

وەڵامەکەی سێرپرسی کوکس هەرچەندە تاڕادەیەکی زۆر کوردەکانی((ئازاد))کردبوو،بەدڵی فەیسەڵ نەبوو.فەیسەڵ هەر دوای چەند رۆژێکی دی هەمان بابەتی هێنایەوەکایەو لە کۆمیسێری باڵای پرسی((ئایا دەبێت وەکو((عێراقیەك))قسە بکات کە کوردستان بە بەشێکی لە جیابونەوە نەهاتوی عێراق دەزانێ یان وەکو پاشای وڵاتێکی عەرەبی کە کوردستان بەشێکی ئەو وڵاتە نابێ؟))

سێرپرسی کوکس بەتوندی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.دەڵێ:((ئێمە قسە دەگەڵ هەمان فەیسەڵدا دەکەین کە بەر لەوەی بێتە سەر تەختی پاشایەتی رازی بووبوو ئەم مەسەلەیە بەو چاوەوە تەماشا بکات کەمەسەلەیەکی((باس هەڵگرە))!

فەیسەڵ کوڵی نەداو کۆمیسێری ((مندوب))باڵای بەزنجیرە پرسیارێکی ناخۆش داگرتەوە وەزع و حاڵەکەی بەباری قازانجی خۆیدا گۆری:((ئایا بەریتانیای مەزن ئامادەیە هەر دەستدرێژیەك یان زێدەگاڤیەك بکرێتە سەر کوردستان،داکۆکی لێبکات وتا چ ماوەیەك ئەمە دەکات؟ئایا بەریتانیای مەزن ئامادەیە مەسئولیەتی نەهێشتنی ئاژاوەی ناوخۆی کوردستان بگرێتە ئەستۆو تا چ ماوەیەك ئەمە دەکات؟))

https://t.me/kurdistanbooks

فەیسەڵ دەیزانی کە بەریتانیای مەزن لەم سەروبەندەدا تا چ رادەیەك لەشەروپێکدادانی تازە بێزارەو ئامادەنیە تەنانەت تاقە یەك سەربازیش بۆ داکۆکی وبەرەڤانی لە کوردستان، بنێریٚ .

بەریتانیای مەزن کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەنێوان دوو بەرداش دابوو،لەلایەك بەرداشی پەیمان وبەڵێنە نێودەوڵەتیەکان بوو،لەلایەکی دییەوە بەرداشی فەیسەڵ بوو،بۆیە هەوڵدەدا ئەوەندەی لەتوانادایە مەسەلەی (ئازادی) یەکجارەکی کورد دوابخات و کۆسپی بخاتە ڕێ.

بەلاٚم فەیسەڵ گەیی بووە مەرامی خۆی ومەگەر گۆڕانکاری و روداوی چاوەنۆرنەکراو یەخەیان پێ بگرتایە ،دەنا چ کۆسپ و لەمپەرێکی لە رێیە نەبوون.

## ٤- جمو جوڵی ترکان لە کوردستاندا :

فەیسەڵ کە ترکەکان بەچاوی هاولاٚتیەکی((تاوانبار)) تەماشایان دەکرد،هەرکە هاتە سەر حوکم ناچاربوو رووبەرووی هەڕەشەی ترکان لە کوردستانێکدا کە ئەو((فەیسەڵ))چاوی تەماعی تیٚ بری بوو بوەستێتەوە:وەزعەکە ئەوەندە ئالۆزبوو کە هەندیٚ ناوچەی کوردستان هێشتالە سایەی سەرپەرشتی راستەوخۆی ئینگلیزەکاندا بەرێوە دەچوو.سنووی نێوان تورکیاوعێراق هێشتا دیارنەبوو،ئینگلیزەکان رازی نەدەبوون گفتوگۆی راستەوخۆ لەنێوان فەیسەڵ و ترکەکاندا بکریٚ!

لە مانگی ١٩٢١/٦کەمالیەکان ئەفسەرێکیان بەنێوی فازڵ ئەفەندی بۆ کوردستان ناردبوو کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاٚتی سمکۆوە گەیی بووە رەواندز.

لە مانگی هەشتدا عاشایەری دەوروبەری رەواندز بەرەبەرە بەشێوەیەکی مەترسیدار هەستان و ئینگلیزەکان لە رەواندزدا((شوێنی خربونەوەی دوژمن))یان لە رۆژهەلاٚتوباکورەوە بۆردومان کرد

لە کۆتایی ساڵی١٩٢١دا دژواری بارودۆخەکە دەبێتە مایەی نیگەرانیەکی زۆری دەوڵەتی بەریتانیا.بەریتانیا ئەم ئاژاوەو نائارامیانە بەدەستی فەرەنساو((کە بە تەماحی نەوتی موسڵەوە هاوکاری ترکان دەکات))و بەدەستی کۆمپانیای ستاندارد ئویل دەزانیٚ."١٦"

پاش ئەوەی فەرەنسیەکان لە ١٩٢٢/١/٤دا کیلیکیە(ئەرمەنستانی بچوك-ئەمرۆ باژێری ئیجل و هەندێك لە باژێری مەرعەش دەگرێتەوە)چۆڵدەکەن،ئیدی کەمالیەکان دەیانپەرژیٚ هەموو هێزی خۆیان بۆشەڕی ئینگلیز لە ناوچەی موسڵ تەرخان بکەن.

لە ناوەراستی هەیڤی ئازاردا،کەمالیەکان قایمقامێك بۆ رەواندز دادەنێن،کە لە کۆتایی مانگی ئایاردا دەگاتە ئەوێندەر.ترکەکان لە مەیدانی بانگەشەوپرۆپاگاندەدا زووسەرکەوتنی باش بە دەستدێنن:لە کۆتایی هەیڤی ئایاردا کوردانی جەباری لەنزیکی چەمچەماڵ رادەپەرن . لەناوەراستی هەیڤی شەشدا دوو ئەفسەری ئینگلیز بەنێوی بۆند ومەکانت لە سەر دەستی کەریمی فەتاح بەگی سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند دەکوژرێن،عەشیرەتی ناڤبری دژی ئینگیزەکان دەجمێن.

لە نیوەی دوەمی حوزەیرانی ١٩٢٢دا عەقیدێکی ترك بەنێوی عەلی شەفیق ناسراو بە (ئوزدەمیر)دەگاتە ناوچەکە تافەرماندەیی یەکە چریکییەکانی رەواندز بگرێتە دەست.بەهەوڵ وکۆششی ئوزدەمیر،ترکەکان بەزوویی کۆمەڵێك سەرکەوتنی دی بەدەست دێنن.

لە دەڤەری سلێمانیش،وەزع وحاڵ شێوەیەکی ترسناك لە خۆدەگرێت.بەلاٚم لە بەغدادا لەو کاتەوە کە کوردانی سلێمانی رێگەی جیابوونەوە لە عێراقیان هەڵبژارد،زۆربەی پایەدارانی ئینگلیز(

https://t.me/kurdistanbooks

بەهەمان توندی و توندڕەوی هەر عەرەبێکی ناسیونالیست)ەوە خۆ لەم حەقیقەتە دەدزنەوە کە ئەم خەڵکە حەقی خۆیەتی چاوی لە هەر جۆرە هاوکاری ویارمەتییەکی ئەوان بێت.(١٧)

کۆمیسیێری باڵا کە هەموو ئەوزارو تواناکانی خۆی دەخزمەت دەوڵەتی عێراق وسەرکردایەتی هێزەکانی بەریتانیا نابوو،بەکردەوە چ توانایەکی نەبوو....تاقە مەسەلەی گرینگ بۆ سیر پرسی کوکس ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کەسایەتیەکی دیاروبەرجەستەی کوردەوە ناوچەکە بەڕێوە بەرێ.

لێ ئینگلیزەکان لە هەڵبژاردنی ئەم کەسایەتیەدا بۆچوونی جیاوازیان هەبوو: هەندێکیان دەیان ویست حەمیدبەگی بابان کە پاشماوەووەچەی میرانی بابانی سلێمانی بوو،بگەیەننە دەسەلاٌت.لێ حەمید بەگ زمانی کوردی نەدەزانی وئەوەندەی عاشقی مێژووی بنەماڵەکەی خۆی بوو ئەوەندە دڵی بەسیاسەتەوە نەبوو.

هەندێکی دی دەیانویست شێخ مەحمود بۆ سلێمانی بگەڕێننەوە کە لە سەرانی ناسراوی ناوچەکە بوو،وئینگلیزەکان لەساڵی ١٩٢١دا لێیان خستبوو.

ئەدمونـدز بـەخۆی دەیویسـت تـەها بکـات بـە دەسـەلاٌتدارو تـا کۆتـاییش هـەر بـەرگری لێکـرد.بـەلاٌم خێرایی روداوەکان،سیر پرسی کوکسی ناچار کرد کە بریاری خۆی بدات .

## ٥- چۆلکردنی سلێمانی ١٩٢٢/٩/١

لـەکۆتایی مـانگی٨/ ١٩٢٢دا ((هێـزی لیـوی-levies )) (هێـزی لیـوی ،بـەو کەسـانە دەگـوترا کـە ئینگلیز لە خەڵکی ناوچەکە پێکی دەهێنان ودەیخستنە ژێر چەك وڕێکی دەخستن)سلێمانی دەچێت بۆشەری ئەو یەکە چریکیە ترکانەی کە لە رەواندزەوە پێشرەوی دەکەن ودەگەنە نزیکی رانیە.ئەم یەکانە دوچاری ئاستەنگ دەبن، دوو لقی سیك بۆ هیمدادی ئەم یەکانە دەنێردرێن.ئەم تابورە کە بە تـابوری رانیـە نێـو نـراوە لـە٨/٣١دا لـە دەوروبـەری دەربەنـدو لـەنزیکی زێـی بچـوك ،بـەر هێـرش و پەلاماردەکـەوێت وناچـار پاشەکشـە دەکـاتو زۆری پێناچێت ئـەم پاشەکشـەیە دەبێـت بـە بـەزین و هەلاٌتن:((دوو تۆپ وهەرهەمو ئەوزار وکەرەستەو تفاقەکەیان لەوێدا بەجێ دەهێڵن ،دوو ئەفسەری ئینگلیز بریندار دەبنو ٣٠-٤٠ سەربازی سیك بریندار دەبن ودەکوژرێن ))"١٨"

ئینگلیزەکان لە ترسی ئەوەی نەبادا کوردو چریکی ترك پەلاماری سلێمانی بدەن،بە شێوەیەکی ((سەرشـۆرانە)) سـلێمانی چـۆل دەکـەن: بەرەبـەیانی١٩٢٢/٩/١ چـەند فرۆکەیـەك لـە قـەراغی شاردەنیشنەوەو کارگێران و پایەدارانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی شەرمەزارانە لە مەیدانی شەر هەڵدێن- پێشتر کلیلی خەزێنە کە بایی سی هەزار لیرەی ئەستەرلینی روپیەی تێدا بوو،هەروەها کلیلی جبەخانەکەشیان کە پێنج سەد تفەنگی ئینگلیزی و پێنج سەد تفەنگی ترکی تێدابوو،دابوو بە شێخ قادری برای شێخ مەحمود.

## ٦- گەڕانەوەی شێخ مەحمود:

پاشان سێر پرسی کوکس لێدەبڕێ شێخ مەحمود بۆ سلێمانی بگەڕێنێتەوە.کوکس وەکو خۆی دەڵێ ئەمە چارەسەرێك بوو کە خەڵکی سلێمانی بەسەریاندا سەپاند.کە هەموو یەك دەنگ ویەك قسە خوازیاری گەڕانەوەی کەسێك بوون کەتەنێ ئەو دەیتوانی((بارو دۆخەکە ئارام بکاتەوە!))"١٩"

https://t.me/kurdistanbooks

سیرپرسی کوکس که هێزی پێویستی بۆ سەر لە نوێ گرتنەوەی شار لەبەر دەستدا نەبوو،بە هیوا بوو بتوانێ نەتەوەییەکانی کورد لە دەوروبەری شێخ مەحمود کۆبکاتەوەو بیانکات بە گژ دەسەلاتی ترکاندا.کوکس بەخۆی بە بێشەرمیەوە دەڵێ:((ئێمە بە تاقیکردنەوەی سەرلەنوێی شێخ مەحمود چ شتێکمان لە دەست نەدەدا.))

بەلام وەزع وحاڵەکە مەترسیداربوو:جەنەڕاڵ fraser فریزەر،فەرماندەی بەرزی هێزەکانی بەریتانیا،ترسی ئەوەی هەبوو کە کوردەکان وترکەکان لە مانگی ئەیلولداولە دۆڵی زێی گەورەوە دەست بە هێرش بکەن و ببنە هەڕەشە بۆسەر ئاکرێ و هەلێر.!

شێخ مەحمود وەکو((حوکمدار))یان حاکمی کوردستانی سەربەخۆ پێشوازی دەکرێ،چاپەمەنیە ناوخۆکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە مێجەرنوئێڵ،ئەفسەری پەیوەندیەکانی بەریتانیا،لە حەقیقەتدا جگە لە(کونسوڵێك) یان پێناوێك،لە نێوان شێخ مەحمودو کۆمیسەری بالادا،چ شتێکی دی نیە.

٧- **شێخ مەحمود ( مەلیکی کوردستان )**:

شێخ مەحمود کە لە ساڵی ١٩٢٢دا تەمەنی٤٤ساڵە،پاشان دەبێ بە یەکێك لە دوژمنە سەرسەخت وسەرەکیەکانی بەریتانیا لە کوردستاندا ،پیاوێکی یەکجار دلێر وبێباك بوو.

شێخ مەحمود وێرای ئەوەی سەگڤان وتیرەندازێکی ناوازەو جەنگاوەرێکی بەناو ودەنگ بوو، هەموو سیفەت و تایبەتمەندیەکانی سەرۆکێکی کوردی تێدا بوو:باش قسەی دەکرد،گۆرانی فلکلۆری کوردی باش دەگوت ،سامودەسەلاتێکی زۆری بەسەر دەوروبەری خۆیدا هەبوو:((تەنیا بە نیگای تیژو بە سامی))خۆی ولە پایەی میراتگری شێخانی بەرزنجە،خەڵکی بە تەواوی دەخستە ژێر کاریگەری خۆیەوە."٢٠"

وا باوبوو کە گوللە نایبرێ- لایەنگرەکانی سوێندیان دەخوارد کە بەچاوی خۆیان دیتویانە گوللە دیواودەر کونی کردووەو برینداری نەبووە، وەکو کاك ئەحمەدی باوە گەورەی دەتوانێ بیری بەرانبەرەکەی بخوێنێتەوە.شێخ کە بەزمانی تورکی وعەرەبی وفارسی وکوردی قسەی دەکرد،بۆ هاولاتیانی خۆی نووسەرێکی((شایستە))بوو.

جگە لەمانە،پیاوێکی دەستە بالا بوو،روخساروشێوەی کوردانە بوو،سەری زۆر زل و دەموچاوی پان و چاوانی رەش بوون.کەم کەس توانیویەتی بە قەد ئەو رق وکینەی دژمنانی خۆی هەستێنی: تاقە ئینگلیزێك نابینیەوە کە بە باشی باسی ئەوی کردبێ. سۆن کە ئەفسەرێکی ئینگلیزیە ساڵانێك بەر لەم رووداوانە بە کوردستاندا گەشتی کردووە،لە کتێبەکەی خۆیدا بە نێوی ((گەشتی نەناسێك بۆ کوردستان))وێنەیەکی ناجۆر لەمەڕ بابی شێخ بە دەستەوە دەدات ودەڵێ: (( شێخ بە ئاشکرا لایەنی زولم و زۆرداری وتاوانەکانی بابی دەگرێ !))

مامۆریکی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩١٩دا راپۆرێکی بە ناوی(( پۆختەیەك لە مەڕ بارودۆخی کارو باری باشوری کوردستان))ئامادە کردووەونووسیوە شێخ((لە باری تێگەیشتن وئەقڵەوە وەك مندڵێکی منداڵ)) پیشان دەدات، ((بەلام منداڵێکی یەکجار دەغەڵکار و پرفێل و بە دەهۆ و بەرزەفری هەوسار پچڕاو ...لە مانەش بترازێ کۆمەڵێك زمان لوسی مەراییکەر دەوریان داوەو بیر وخەیاڵی عەجیب وغەریب وگەوجانەی ئەوتۆی دەبەنە مێشکەوە کە خۆی بە سوڵتانی هەموو کوردستان بزانێ!))

https://t.me/kurdistanbooks

مرۆڤ ناچار لە خۆی دەپرسێ کە شێخ ئەو جۆرە پیاوە بوو ، ئەدی بۆچی کاربەدەستانی بەرعۆدەی بەریتانیا ئەویان بە حوکمداری سلێمانی دانا؟ لە ساڵی ١٩٢٢شدا ، وەڵام هەر هەمان وەڵامی ساڵی ١٩١٨ بوو:لەم پوختەیەدا،ئەمە دەخوێنینەوە:(( بەبێ هاوکاری ،بەبێ یارمەتی ئەو دەبووایە حامیەیەکی بە هێز لە سلێمانی دابنرایە... کە ئەمەش لە بەرنامە دا نەبوو!))

شێخ مەحمود بە چەند رۆژێك پاش ئەوەی بە سەرکەوتویی بۆ سلێمانی گەرایەوە،لە ١٩٢٢/١٠/١٠دا بە فەرمانێك(( لە سلێمانی پایتەختی کوردستان))ەوە دامەزراندنی((کابینەی کوردستان))ی بە بەشداری هەشت وەزیر راگەیاند:

شێخ قادر، سەرەك وەزیران ، شێخ مەحمود وەزیری بەرگری.وەزیرەکانی دیکە برتین لە: کەریمی ئەلەکە کە((دیانە)) وەزیری دارایی ،شێخ محەمەد غالب ،وەزیری ناوخۆ، حەمەد ئاغا، وەزیری کاروباری گشتی ، شێخ عەلی کەڵداری وەزیری داد، سەید ئەحمەد سەرۆکی پۆلیس،حاجی مستەفا پاشا وەزیری فێرکردن.

دوای پتر لە یەك هەیڤ، واتە لە ١٩٢٢/١١/١٨دا شێخ مەحموود خۆی دەکات بە((پاشای کوردستان))!

ئاڵاکەی هەر هەمان ئاڵاکەی ساڵی١٩١٩بوو:سەوز،بازنەیەکی سوور،لە نێوان بازنەکەدا هەیڤۆکێکی سپی هەبوو.

شێخ هەندێ پولیش چاپ دەکات،نەخشی دوو خەنجەری کوردی یەکتربڕ،وئەم دەستەواژەیەی ((دەوڵەتی کوردستانی باشور))لەسەر دەبێ.

**٨- چاپەمەنی کوردی لە زەمانی پاشایەتی شێخ مەحموددا :**

مستەفا پاشا لە سەرەتای ئابی ١٩٢٢ گۆڤاری (بانگی کوردستان)ی دامەزراندبوو کە ١٣ ژمارەی لێ چاپ و بڵاوبووەوە.

شێخ مەحمود دوای ماوەیەك لە گەرانەوەی ،مستەفا پاشای لە وەزیفەکانی لابرد وگۆڤارێکی نوێی بە ناوی( رۆژی کوردستان) دامەزراندویەکەمین ژمارەی لە ١٩٢٢/١١/١٥دا بڵاوبووەوە.

رۆژی کوردستان کە لە نیازدایە گۆڤارێکی((فەرمی،سیاسی وئەدەبی)) بێ بە هاوکاری رۆشنبیران وشاعیرانی گەورەی سلێمانی بە تایبەتی عارف سائیب و رەفیق حلمی تا ١٩٢٣/٣/٣ هەفتەی جارێك بڵاو دەبێتەوە .

گۆڤارەکەی شێخ مەحمود هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ چاپەمەنیەکانی بەغدادا کە باسی کوردستانی باشوریان دەکرد کە گوایە ((بەشێکە لە عێراق)) و بە ((لیوای سلێمانی)) ناوی دەبەن و بە ((کابینەی کوردستان)) دەڵێن (ئەنجومەنی ئیداریی شار)دەکەوێتە مشتومرێکی توندەوە. نووسەری گوتاری((رۆژی کوردستان))پاش ئەوەی سەرسامی خۆی لەوە دەردەبڕێ کە ((هاوسێی گەورەو دۆستی ئێمە (عێراق) چۆن دەتوانێ مافی هەزار ساڵەی ئێمە ژێر پێ بنێ یا...فزونکاری بۆسەرسنوورەکانمان بکات))دووپاتی دەکاتەوە کە کوردوعەرەب بەلای کەمەوە بەرانبەرو یەکسانن!ئەم ئەنجامگیرییە دەکات کە کوردیش((هەقیان لەو ماف وسنوورانەدا هەیە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان دانی پێداناوە.))"٢١"

https://t.me/kurdistanbooks

خوێندنەوەومۆتالآی ئەم گۆڤارانە یارمەتی ئەوەمان دەدەن کە ڕەوتی پەیوەندیەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بزانین.

ئێستا وپاش تێپەربوونی نیو سەدە، زۆر زەحمەتە ئەوە بزانرێ کە چۆن ئینگلیزەکان کە جارێك شێخ مەحمودیان تاقیکردبووەوە،دیسان پەنایان بۆ بردەوە.بەتایبەتی وەکو دەبینین هەرکە ((گەرانیانەوە سەر کار))یەکسەر پەیوەندیەکانیان دەشێوێ!

شێخ مەحمود بە ئاشکرا وەکو جاران باوەری وابوو کە پەیام و ئەرکێکی مێژوویی دەئەستۆدایە و ئەم پەیامەش ئەوەیە کە کوردستانی باشوور لە سایەی حوکم ودەسەلآتی خۆیدا یەك بخات و بەپێی سەرەتاکانی سەرۆك وێلسن ولآتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

کاربەدەستانی ئینگلیزی ئاکنجی بەغدا خۆیان نەخشەو پلانێکی((یەك لاکەرەوە))ی تایبەتیان لەم بارەیەوە نەبوو،ودەیانویست شێخ مەحمود رۆلێکی ناوچەیی ببینێ:ئەرك و رۆڵی ئەو ئەمە بوو ،کە نەیەڵێ ترك لە ناوچەی سلێمانی ئارام بگرێ.

ئەگەرچی ئینگلیز بە وردبینی وکنەکاری ناسراون،بەلآم مرۆڤ لەم خالە ناگات کە چۆن هەرەمەکیانە شێخیان لە زیندان دەرهێنا،تا هەر کاتێ لە تەگبیر ورایان دەربچێت ، دیسان بەرەو داوی بەرن!.

**٩- مەسەلەی کەرکوك :**

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەکە-لە هەوەڵەوە-مەسەلەی کەرکوك بوو.شێخ مەحمود لە هەندێ گفتوگۆیاندا کە بەرلە گەرانەوەی بۆسلێمانی لە ناوەراستی ئەیلولی ١٩٢٢دا لە بەغدا دەگەڵ سێرپرسی کوکسدا کردبووی،بەڵێنی دابوو کە خۆی لە ئیدارەوبەرێوەبردنی ناوچەکانی کەرکوك و هەولێر هەڵنەقورتێنێ.کەرکوك لەم سەرو بەندەدا ،بارودۆخێکی تایبەتی هەبوو:بەرواڵەت سەربە عێراق نەبوو:زمانی رەسمی نێوان بەغداو کەرکوك زمانی ترکی بوو،قانوونی عوسمانی وەکو جاری جاران لەگەردا بوو.شارەوانی سەربەخۆیی تەواوی هەبوو، ئالآی عێراق بەسەر دەرگای قەلآی شارەوە نەبوو.

پارێزگارێکی ترك بەهاوکاری راوێژکارێکی ئینگلیزی کەرکوکی بەرێوە دەبرد،وێرای هەر هەموو ئەمانە بەرای یەکێك لە کارگوزارانی ئینگلیزی ئەو زەمانە،کەرکوك((لەراستیدا بەجۆرێك بەرێوە دەبرا وەك بڵێی بەشێك بوو لەعێراق))"٢٢"

هەڵبەتە بەزەبری گۆشاری فەیسەڵ ،ئەم وابەستەییەی کەرکوك بەعێراقەوە رۆژ بە رۆژ زیاتر بوو وکارگێرانی ئینگلیزی دەستوریان وەرگرت کە خانەدانوپیاوماقولآنی کەرکوك ناچاربکەن کە رازی بن ئەم ناوچەیە بەشداری ریفراندۆموهەڵبژاردنی ئەنجومەن بکەن(بروانە فەرمانی بەرواری ١٩٢٢/١٠/٢٣ی مەلیك فەیسەڵ)

شێخ مەحمود بەئاشکرا دژی ئەم رەوتە کاری دەکرد:بەلای ئەوەوە کەرکوك ناوچەیەکی کورد نشین بوو،هەرچەند دانیشتوانی شار ترکمان بوون.(کوردوترکمان بوون وکوردیش زۆرینە بوون نەك ترکمان)..شێخ مەحمود لە مانگی ١٩٢٢/١٢دا دوو کەرکولی زادەی کرد بە یاریدەدەری خۆی تا بەوە بیسەلمێنێت کە کەرکوك بە بەشێك لەقەڵەمرەوەکەی خۆی دەزانێ- ولە کۆتایی هەمان ساڵدا رۆژی کوردستان،هەواڵی سەردانی سەرۆك عەشیرەتەکانی کەرکوکی بۆ سلێمانی بلآوکردەوە.

https://t.me/kurdistanbooks

خۆلاسە، هەردوو لایەنەکە  کە تاکتیکی ناسراو بە تاکتیکی (سالامی) یان بۆ خۆبەکاردێنا، واتە هەرلایەنە دەیویست دەسکەوتی پتر بەدەست بێنێ تالایەنی هەڤرك ناچاری مامەڵەومەسلەت بکات.

**١٠- شێخ مەحمود و ترکان :**

بـــەلاّم شـــێخ مـــەحمود بەئانقەســـت خـــۆی لەگەمـــەی سیاســـەتەکانی بەغـــدا دەدزێتـــەوە: میجەرنوئێل،بەتایبەتی،لە بیری ئەمەدا بوو کە هاوکاری وهاوئاهەنگیەك لە نێوان شێخ مەحمود وسمکۆ وتەها دا،دژ بە ترکان دروست بکات.

سمکۆ، دڵی بەوەوە نەبوو کە بەشداری کارێکی تەواو ناوچەیی بکات.بەلاّم تەها یەکسەروبێ چەندوچۆن خۆی دەخزمەتوئیختیاری ئینگلیزەکان نا.ئینگلیزەکان لە ناوەراستی مانگی یازدەدا بە هێزێکی سەدوپەنجا سەربازی کوردی عێراقیەوە بۆ ناوچەی رەواندزیان نارد،بەو ئۆمێدەی کە ئۆزدەمیر لەو ناوچەیە راوبنێ.

جموجۆڵ وچالاکی لەشکری رەواندز چ سەرکەوتنێکی لێنەکەوتەوە:تەها لە مەیدانی پراتیکیدا ئەو تەهایە نەبوو کە چاوەنۆر دەکرا، ئەمە جگە لەوەش کە باران هێزەکەی لە کار خستبوو،خۆ کە ترکەکان لە ئەنجامدا رانیەیان چۆڵکرد لەبەر ئازایەتی ئەونەبوو.بەڵکو بەهۆی زەبری هێزی ئاسمانی رانیەیان چۆڵ کرد.

تاقە ئەنجامی عەمەلیاتی((لەشکری رەواندز)) بەرزبوونەوە وزیادبوونی ئیحتوباروەسەلاّتی شێخ مەحمود بوو کە ملی بۆ هاوکاری دەگەڵ ئینگلیزان دژی ترکان نە دابوو.

زۆری نەبرد کە شێخ مەحمود کەوتە نامە ونامەکاری دەگەڵ عەلی شەفیق ((ناسراو بە ئۆزدەمیر)) وگوتی کە((ئامادەیە لە پێناوی سوپای ترکیادا گیانی خۆی بەخت بکات))ورایگەیاند کە ئامادەیە لە جیاتی سەربەخۆیی،بە ئۆتۆنۆمی لە سایەی تورکیادا قاییل ببێ."٢٣"

ئاشکرایە کە شێخ دەیویست بەم بەرانبەرێنکردنەی ئینگلیز لەگەڵ ترکدابەهای ((مزایەدەکە)) زیادبکات!

بەلاّم ترکەکانیش ساکار نەبوون:عەقید عەلی شەفیق هەوەڵجار بە((پیاوی ئینگلیز))ی لە قەڵەم دەدات و سەرەنجام دەگاتە ئەم ئەنجامە کە((ئێمە چ کارێکمان بەم شێخە نیە- زۆر فێڵبازە!))بەلاّم ترکەکان بێ ئەوەی چ بەلێنێکی بدەنێ هەوڵدەدەن لە بازنەی هەوڵ وتەقەلای خۆیاندا بۆ وەرگرتنەوەی موسڵ کە لەم سەروبەندەدا چارەنووسی لە هەموو کاتێکی دی نادیارتر بوو، سوودی لێوەربگرن.

**١١- بەیاننامەی سەری ساڵی ١٩٢٢ی بەریتانیا :**

رۆژی جەژنی سەری ساڵی ١٩٢٢کۆمیسێری باڵای بەریتانیا لە بەغدایە بەیاننامەیەك بەم نێوەرۆکە بلاّودەکاتەوە((دەوڵەتی بەریتانیا وعێراق بەرەسمی دان بە مافی کوردی ناو سنوری عێراقدا دەنێن کە دەوڵەتی کوردی لە چوارچێوەی ئەو سنورەدا دابمەزرێنن وهیوادارن لایەنە جیاوازەکانی کورد بە زووترین کات لەسەر شێوەوسنووری ئەم دەوڵەتە لە نێوخۆیاندا رێکبکەون ونوێنەری بەرپرسی خۆیان بە مەبەستی گفتوگۆ لەمەڕ پەیوەندیە ئابووری وسیاسیەکانی خۆیان دەگەڵ هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو عێراقدا بۆ بەغدا بنێرن.))

https://t.me/kurdistanbooks

یەکێك لە ئەفسەرانی سیاسی بەریتانیا (ئەدموندن) کە رادەسپێردرێ ئەم بەیاننامەیە بۆ سەرانی عەشایەری کورد بخوێنێتەوە، سەرسامی خۆی لە نێوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە ناشارێتەوە:بەغدا هەرگیز تائەم رادەیە لەگەڵ ناسیونالیستانی کوردا نەچووبووە پێشەوە.بەڵام ئەمرۆ هەر کەسێك لە خۆی بپرسێت چ شتێك بووبووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی بەغدایە ئەم جۆرە بە یاننامەیە دەربکەن،بۆی بەدیاردەکەوێ کە بە نیازنەبوون بەلێن ونێوەرۆکی ناو ئەم بەیاننامەیە جێبەجێ بکەن.

**١٢- لێخستنی شێخ مەحمود:**

پاش ناکامی یەکەمین کۆنفرانسی لۆزان ١٩٢٣/٢/٤ ئاژاوەو پاشاگەردانی لە سەرانسەری کوردستاندا دەست پێدەکات وپایەدارودەسەڵاتدارانی بەریتانیا هەندێ زانیارییان دەست دەکەوێ کە گوایە شێخ مەحمود پەیوەندی بە رێبەرانی شیعەی کەربەلاونەجەفەوە کردووەو بە تەمایە شۆڕشێکی سەرتاسەری لە عێراقدا هەڵگیرسێنێ.هەروەها پێوەیە لە هەمان کاتداولە مانگی ئازاردا دەگەڵ ئۆزدەمیرا پەلاماری کەرکوك بدات."٢٤"
ئیدی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بەپەلە دەکەونە ئەوەی شێخ مەحمود لە کۆل خۆیان بکەنەوە: بە پێچەوانەی ساڵی ١٩١٩وە ئەمجارە باس باسی شۆرش نیە بەڵکو باسی(جولاندن وهاندانە)...
سێرپرسی کوکس لە مانگی تەمووز بەملاوە لە لەندەنە، چووە بەشداری گفتوگۆی تایبەت بەو سیاسە تەی کە پێویستە لە عێراق بگیرێتەبەر،بکات .سێر هنری دوبز کە پاشان لە جێی ئەو دادەنرێ کاروباری ئەودەکات.بەڵام چارەنووسی شێخ مەحمود دیاریکراوە!.
لە ناوەراستی شوباتدا،کاربەدەستانی گەورەی ئینگلیز لە عێراقدا، واتە سێر هنری دوبز، ئایر کمودوربورتون ،بوردیلون،سکرتێری کۆمیسەری باڵا،ئەدموندز کۆدەبنەوەو نەخشەوپلانی خۆیان دژی((پاشای کوردستان)) ئامادە دەکەن.لە ١٩٢٣/٢/٢١ دا کە هێشتا پتر لە پێنج هەیڤ بەسەر پاشایەتی شێخ دا نەبوری بوو، شێخ مەحمود ئەم ئاگادارییەی خوارەوەی پێدەگات: یان بە هەموو ئەندامانی دەوڵەتەکەیەوە بۆ بەغدا برواتونیازومەرامی خۆی رونبکاتەوە یان لێدەخرێ!.بڕیارە ئەم نەخشەیە بکرێت بە بەیاننامەو بەفرۆکە بەسەرشاردا بڵاوبکرێتەوە وخەڵکی سلێمانی لێ ئاگادار بکرێت.لە بەیاننامەکەدا ئەوە دەگوترێت کە ئەگەرمقاوەمەت وبەرەڤانی بکرێت ئەوا شار بۆردومان دەکرێت!.

**١٣- بۆردومانی سلێمانی:**

وەکو چۆن پێشبینی کرابوو،شێخ مەحمود بۆبەغدا ناچێت،لە١٩٢٣/٢/٢٢دا بیست فرۆکە هەڵدەستن تا بەیاننامە بەسەر شاری سلێمانیدا بلاوبکەنەوە- بەڵام هەژدە فرۆکەیان لەو تەمومژە خەستەدا کە کوردستانی داپۆشی بوو، رێ هەڵەدەکەن و تەنێ دوو فرۆکە دەگەنەجێ!.
نیوە شەوی ٢/٢٤شێخ مەحمود داوا لە ئەدموندز کە لە کەرکوکە دەکات بێتە تەلەگرافخانەو بەدرێژایی شەوەکە لە رێگەی تەلەگرافەوە گفتوگۆ بەردەوام دەبێت!"٢٥".ئەنجام لە ٣/٣دا لە کاتێکدا کە دوو نوێنەری شێخ مەحمود (شێخ قادری براو سەرۆك وەزیرانی ومستەفاپاشا)دەگەنە کەرکوك،فرۆکەیەك چەند بۆمبایەك بەسەر سلێمانیدا هەڵدەرێژێ .

https://t.me/kurdistanbooks

سپێدەی ١٩٢٣/٣/٢٤ شێخ مەحمود لەسلێمانی وەدەردەکەوێ وخەزینەو زۆربەی ((هێزی ناوخۆی ))سلێمانی لەگەڵ خۆیدا دەبات.

لە ئەشکەوتی جاسەنەی سورداش بارگە دەخات ولەوێندەر لە ٣/٢٨دا گۆڤارێکی تازە بە نێوی ((بانگی حەق))دەردەکات کەیەکەمین ژمارەی فتوای جیهادی تێدا بلاوکراوەتەوەو"٢٦" بە سوپای((میللی کوردستان))ەوە کە لە چەند سەد کەسێك پتر نیە بە فەرمانددەیی ساڵح زەکی ئامادەی شەڕ دەبێت.

**١٤- شەڕی ئۆزدەمیر:**

سێرجان سالموند، فەرماندەی هێزی بەریتانیا لە عێراق"٢٧" کە خەتەری ترکەکان بەجدی تر لە خەتەری شێخ مەحمود دەزانیێ،لێدەبرێ بە یەکجارەکی وبۆهەمیشە کۆتایی بەبوونی ترکان لە رەواندز بێنێ.تابورێك لە یەکە بەریتانیەکان بە نێوی تابوری کۆی(کۆی کۆل-koicol)وبەمەبەستی جیاکرنەوەودابرینی شێخ مەحمود لە ترکان لە موسڵەوە بەرەو هەولێر وکۆی سنجاق حەرەکەت دەکات.

تابورێکی دی بە نێوی تابوری سنوور(فرونتی کۆل) ،کە لە هێزی لیوی وپۆلیس پێکدێت راستەخۆ بۆ دێرێ وسپلیك ورەواندز دەراوت .

عەقید عەلی شەفیق (ئۆزدەمیر) کە چاوی بە زۆری هێزی دژمن دەکەوێ خۆی لە شەڕ دەپارێزێ و لە ١٩٢٣/٤/٢٢- کە رێکەتی رۆژی پێش دەستپێکردنی دووەمین کۆنفرانسی لۆزان دەکات- رەواندز چۆڵدەکات!.

**١٥- دانانی سەید تەها بە حوکمداری رەواند ز:**

ئینگلزەکان دوای چەند رۆژێك تەها دەکەن بە قایمقایمی رەواندز،ئەویش بەهاریکاری هێزێکی بچووك لە بەکرێگیراوانی ئاشوری دژی ترکان سەنگەر دەگرێ.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم نەوەیەی شێخ عوبەیدوللاوراوێژکاری جارانی سمکۆ، لەوە بە دوا دەورێکی گرنگی ئەوتۆ لە رووداوەکانی کوردستاندا نابینێ. وتاکۆتایی دەیەی بیست لەم پۆستە دەمێنێتەوە ولە ساڵی ١٩٣٩دا ولە کەش وهەوایەکی ئالۆزونادیاردا لە تاراندا بە هۆی ژەهراوی بوونەوە دەمرێ."٢٨"

**١٦- گرتنەوەی سلێمانی ١٩٢٣/٥/١٦:**

دەسەڵاتدارانی بەغدا ئێستا کە خەم وترسی هێرش وپەلاماری ترکیان نیە لە ئێستا بەدواوە دەتوانن هەموو تواناو هێزێکیان بۆ شێخ مەحمود تەرخان بکەن کە لە ئەشکەوتی جاسەنەی نزیکی سورداشەوە حوکمرانی ناوچەکانی دەوروبەر دەکات وەکو ئەوەی هیچ رووی نەدابێ باج وخەراج کۆدەکاتەوە .

بۆچوونی دەسەڵاتدارانی ئینگلیزیوعێراقی لە بەغدا، لەمەڕ ئەوەی کە چ سیاسەتێك لەو بارەیەوە بگیرێتە بەر،جیاوازە.دەوڵەتی عێراق بێ گوێدان بە بەیاننامەکەی جەژنی سەری ساڵی ١٩٢٢"٢٩"دەیویست دەزگایەکی ئیداری وەها لە کوردستاندا دابمەزرێنی کە کەموزۆر گوێرایەڵی

https://t.me/kurdistanbooks

فەرمانی ئەو بێ، ئەمە شتێك بوو كە ڕێبەرانی كورد پێی قایل نەبوون.لەلایەكی دیكەوە (سێرهنری دوبز) پێی وابوو تا شێخ ئازاد بێ مەحاڵە بتوانرێ ڕژێمی((ئۆتۆنۆمی)) لە كوردستاندا دابمەزرێنرێ....ئەمە خۆی لە خۆیدا بیروبۆچوونی دەسەڵاتدارانی ناوچەیی بەریتانیا لەمەڕ ئۆتۆنۆمی بە ڕونی نیشاندەدات!بەڵام كۆمیسەری باڵا پێی وابوو مادامێكی شێخ مەحمود نەكوژراوە یان ئەسیر نەبووە پێویستە پێكهاتنی لەگەڵ بكرێت. لێ لایەنگرانی سەر كوتكاری لەم ململانێیەدا گرەویان بردەوە: لە ١٩٢٣/٥/٨ هەندێ بلاوكراوە لە سلێمانیدا بڵاوكرانەوە كە رای دەگەیاند بەو زووانە سلێمانی دەگیرێتەوە.لە ١٩٢٣/٥/١٢ دوو فەوجی سوپای هند هاورێ لەگەڵ چەند ئەفسەرێكی ئینگلیزوئەدموندزا لە كەركوكەوە بۆ سلێمانی وەرێكەوتن.لێ ئەمجارەیان سلێمانی بەبێ شەروخوێن رشتن گیرا:شێخ مەحمود بەتەما بوو لە ملەی تاسلوجەدا بەردەمی هێزەكانی ئینگلیز بگرێ ،بەڵام پێشرەویی هێزەكانی ئینگلیز لە چەكدارانی شێخ خێراتربوو، كە بینی هێزی ئینگلیز لە ملەكە رەت بووە ،دایە شاخ. سلێمانی لە ١٩٢٣/٥/١٦دا گیرا .

ئەدموندز لە ئۆفیسەكەی شێخ مەحمودا،واتە لە قوتابخانەی ناوەندی سلێمانی كە لە ١٩١٩دا نوسینگەی كاری میجەر نوئێل بوو،بارگەی خست.

تاقە نیشانەی پاشای ئەم شوێنە،ئەمانەیە:وێنەیەكی شێخ مەحمود بە دیوارەوەیە كە شریتێكی سووری بە دەورەوەیە ،ئاڵای كوردستان،تاجێك كە لەسەر بەیداخی پاشایەتی پولەكە دۆزی كراوە.

ئەدموندز هەوڵدەدات بە هاریكاری ئەو گەورەپیاو وپیاوماقولانەی كە ئامادەن لەگەڵ بەغدا هاوكاری بكەن دام ودەزگای ئیداری ((ئۆتۆنۆمی)) كوردی لە ناوچەكە دا دابمەزرێنێ.شێخ قادری برای شێخ مەحمودوسەرۆك وەزیرانی جارانی كوردستان كە هەمیشە بەلای ئینگلیزدا دایكێشاوە ،دەكرێ بە بەرعۆدەی دابینكردنی ئاسایشی شار، بەرعۆدەیی دەزگای كارگێڕیو بەرێوەبردن بە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ دەسپێردرێ كە یەكێك بوو لە خانەدانانی سلێمانی. شارەوانی سەر لە نوێ دەكەوێتەوە كار.

لە ١٩٢٣/٥/٢٠دا هێزێك بەرەو ئەشكەوتی جاسەنە،كە شێخ مەحمود پاش وەدەركەوتنی لە سلێمانی سەكردایەتی خۆی لەوێ داناوە،دەنێردرێ.بە دیوارێك ئەشكەوتەكە كراوە بە دوو بەشەوە،بەشی پشتەوە تەنگترەو لە نەدیوی دایە.ناوەوەی ئەشكەوتەكە ژوورێكی بچوكە. شتەكانی نێو ئەم ژوورۆچكەیە بریتیە لە(( قەرەوێڵەیەكی ئاسنین، چەند تەختێكی دانیشتن ، تایپێكوتەلەفۆنێك كەپەیەوەندی نێوان كۆشكی پاشایەتی وگوندەكانی دەوروبەری دابیندەكات))..كە هێزە ئینگلیزییەكە نزیك دەبێتەوە شێخ مەحمود لەگەڵ چەند سوارێكدا ئەو ناوچەیە بە جێدێڵێ و بەرەو سنوری ئێران دەروات.

**١٧- فەشەلهێنانی رژێمی(( هاوكاران ))**:

بەڵام هەر زوو هەوڵۆكۆششی ئینگلیزان بۆ حوكمڕانی كوردستان بە یارمەتی گروپێك لەو پیاو ماقولانەی كە هاوكاریان دەكەن ڕووبەرووی كۆسپولەمپەرێن دژوار دەبێتەوە،پاشان كۆمیسێری باڵا ،ئیعتراف دەكات كە دۆزینەوەی كەسایەتیەكی كوردی وەها كە ((هێندە بە دەسەڵات بێ كە بێ پشتیوانی هێزی بەریتانیا بتوانێت بەرانبەر بە دەسەڵاتی شێخ مەحمود بوەستێ))كارێكی مەحاڵ

https://t.me/kurdistanbooks

بوو"٣٠"،ئەمە جگە لەوەی کە خانەدان وپیاوماقولانی کورد ئامادەبوون هاریکاری دەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکەن،بەڵام ئامادە نەبوون هاوکاری لەگەڵ فەیسەڵدا بکەن!

لە کۆتایی مانگی٥/١٩٢٣دا عەبدولمحسین ئە لسەعدونی سەرەك وەزیرانی عێراق لەگەڵ ساحیب بەگ نەشئەت(لە کوردی هەولێر بوو)سەرۆکی شارەوانی بەغدا،لەگەڵ کورنوالیس-کە کاربەدەستێکی گەورەی بەریتانیا بوو،دەچێت بۆ سلێمانی.

کورنوالیس،رای دەگەیەنێ کە دەوڵەتی بەریتانیا بریاری داوە ژمارەی هێزەکانی خۆی لە عێراقدا کەم بکاتەوەوتەنێ شەش فەوج بهێلێتەوەو،تابوری رانیە(رانی کۆل)ی لە نیوەی حوزەیراندا لە سلیمانی کشاندەوە.

سیرهنری دوبزو ئەدموندز وکورنوالیس باسی (سەفەرەکەی سەرەك وەزیران بۆ سلێمانی) ناکەن و پەردەی بەسەردا دەدەن، بەڵام ئەگەری گەورە ئەوەیە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بەو مەبەستە چووەتە سلێمانی تا هەندێك پێشنیازان دەبارەی پەیوەندیەکانی ئایندەی نێوان سلێمانی و عێراق بخاتە روو.

بەڵام وێرای هاتنی کۆمیسێری باڵا-سێر هنری دوبز- بۆسلێمانی لە ١٩٢٣/٦/٢ خانەدانان و پیاوماقوڵانی کورد نەیانتوانی لەگەڵ بەغدا پێکبێن وئەوەبوو لە ٦/١٤دا ئەنجومەنی کاتیی شاری سلێمانی((بە کۆمەڵ ئیستیقالیە یان کرد!)).

قەرار بوو هێزەکانی بەریتانیا لە١٩٢٣/٦/١٧ سلێمانی چۆڵ بکەن.سێ رۆژ لەپاش ئەوە بە بۆچونی ئەدموندز((مۆتەکەیەکی راستە قینە))بوو:شێخ قادر ئامادە بوو ئەمن وئاسایشی شار لە ئەستۆی خۆبگرێ،بەمەرجێك ئینگلیزەکان پارەی پێویست بۆ راگرتنی هێزێکی بەرگری ناوچەیی ٣٥٠نەفەری وبەلای کەمەوە ئەفسەرێکی ئینگیزی بۆ یاریدەدانی ئەو،بخەنە بەردەستی.لێ سێرهنری دوبز،نەرم نابێت ونایەتە ڕەدا:بڕیاری کشانەوەی بەریتانیای مەزن لە سلێمانی، بڕیاری یەکجارەکیە!و لە١٩٢٣/٦/١٧دا تابوری کۆیە(کۆی کۆل) لە سلێمانی وەدەردەکەوێ وحەشاماتێکی دوو هەزار نەفەری لەو(پەنابەرانە) کە کەم و زۆر هاوکاری ئینگلیزەکانیان کردووە ، بەدوایەوە!"٣١"

١٨- **گەرانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ١٩٢٣/٧/١١:**

دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کە پێشبینی گەرانەوەی شێخ مەحمودیان بۆ سلێمانی کردبوو لە رێگای ئەدموندزەوە کە لەو سەروبەندەدا قەرار بەدەست بوو،بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی شێخ دەست بەکۆمەڵێك هەنگاوی ئیداری دەکەن:رانیەو قەلادزێ لە باکورەوە ،چەمچەماڵ لە رۆژئاواوەو قەرداغ وهەڵەبجە لە باشوورەوە،لە ناوچەی سلێمانی جیادەکەنەوە.و(پاشای جارانی کوردستان) کاتێك لە١٩٢٣/٧/١١دا بە سوپای میللی کوردستانەوە- کە ئێستا لە ژێر فەرمانی ماجید مەستەفادایە-دێتەوە سلێمانی،دەبێ حوکمی کوردستانێکی کلك وگوێ کراو بکات-واتە( کەمەربەندێکی تەندروستی)*(کەمەربەندی تەندروستی ئاماژەیە بەو کەمەربەندەی کە هەوپەیمانان پاش شۆرشی ١٩١٧ روسیا بە دروستکردنی حکومەتانی وەکو حکومەتی ئەتاتورك لە تورکیا و رەزاشای ئێران ،کە بە دەوری وڵاتی تازەی یەکێتی جەماوەری سۆڤیەتی سۆسیالیستیدا کێشایان تا بەمە رێگە لە بڵابوونەوەی ((میکرۆبی کۆمۆنیزم))لە جیهاندا بگرن).بەدەوری ناوچەکانی

https://t.me/kurdistanbooks

دەوروبەری سلێمانیدا،کە کەوتوونەتە بەینی مەرزی ئێران وئەو ناوچە کوردنشینانەی کە لە ژێر حوکم ودەسەلاٌتی دەولٌەتی عێراقی دایە، دادەمەزرێنن.

ئەم ئیجرائە لە ١٩٢٣/٧/٢٠ لەلایەن کۆمیسەری بالاٌوە- سیر هنری دوبز- بە نامەیەك بە شێخ مەحمود رادەگەیەنرێ"٣٢"

لە هەمان کاتدا دەولٌەتی عێراق دەربارەی ئەو کوردانەی کە لەگەلٌ شێخ مەحموددا نین بەیانێك دەردەکات،لەو بەیانەدا رای دەگەیەنێ کە((جگە لە فەرمانبەرانی هونەری بەتەما نیە چ فەرمانبەرێکی دیکەی عەرەب لە ناوچە کوردنشینەکاندا دابمەزرێنێ.هەروەها پێوەنیە کە دانیشتوانی کوردی ئەم ناوچانە ناچار بکات لە نووسراوی رەسمیدا زمانی عەرەبی بەکار بێنن و مافی هاولاٌتیەتی وئاینی خەلٌکی ئەم ناوچانە پاریزراو دەبێت )"٣٣"

ئەم رووداوە جیاوازیەکی زۆری دەگەلٌ بەیاننامەکەی جەژنی سەری سالٌی ١٩٢٢دا هەیە!

راستە پەیمانی لۆزان تازە ئیمزا کرابوو ١٩٢٣/٧/٢٢ ئەم پەیمانە هەرچەندە مەسەلەی موسلٌی چارەسەر نەکردبوو،بەلاٌم لە جیاتی ئەوە نەخشەی خودموختاری کوردستانی زیندەبەچالٌ کردبوو.لە عێراقدا بۆ هەمو کوردێك(تەنیا ساویلکە ونەزانان نەبێت)روون وئاشکرا بوو،کە ولاٌتە موسیبەتبارەکەیان تەنیا یەك ئایندەی لەگینی لەبەردەمدایە،ئەویش ئەوەیە کە بەگەلٌ ولاٌتی عێراق بکەوێ "٣٤".

بەلاٌم شێخ مەحمود وادیارە تەسلیم نەبووبوو!شێخ ویٌرای هەرەشەکانی کۆمیسێری بالاٌ،دەستی لە دەڤەرەکانی دەوروبەر هەلٌ نەدەگرت ودرێژەی بە کاری خۆی دەدا.

کاربەدەستانی بەریتانیا بۆ ئەوەی کە((وەهۆشی بێننەوە)) لە ١٩٢٣/٨/١٦دا بارەگاکەی لە سلێمانیدا بۆردومان دەکەن،ولەم بۆردومانەدا بۆ یەکەمجار بۆمبای گەورەی(دوو سەدوبیست پاوەندی)بەکاردەهێنن.

دوای چەند مانگێك ولە رۆژی جەژنی سەری سالٌی١٩٢٣دا چەند فرۆکەیەك بەمەبەستی بۆدرمانکردنی سلێمانی لە هەولێرەوە هەلٌدەستن.بەلاٌم نیوەی ئەم فرۆکانە لە نێو تەم ومژدا رێ گوم دەکەن ولە نیوەی رێ دەگەرێنەوە.دوو فرۆکەش لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاٌتی شێخ مەحمودا بە ناچاری دەنیشنەوە.دەستەلاٌتدارانی ئینگلز دەستور((!))بە شێخ مەحمود دەدەن کە ئاگای لە فرۆکەکان بێ،ئەویش بە گوێیان دەکات! .

### ١٩- ئەنجومەنی دامەزرێنەران وپەیمان وریٌکەوتن لەگەلٌ بەریتانیای مەزندا :

لێ دەسەلاٌتدارانی بەریتانیاوعێراق نیگەرانی وخەمی دیکەشیان هەبوو:ئەم نیگەرانیەش سەبارەت بە هەلٌبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران بوو ، کە لە هاتنە سەرتەختی فەیسەلٌەوە تانهۆ بەردەوام تەگەرەی کەوتبووە رێ.دەسەلاٌتدارانی عێراقی پاش دامرکاندنەوەی راپەرینی شیعەیان، بە دورخستنەوەی هەندێك لە رێبەرەکانیان،نهۆدەیانتوانی هەلٌبژاردن بکەن- بە جۆرێ هەلٌبژاردن بکەن کە چ روداوێکی چاوەنۆرنەکراو وناخۆش نەقەومێ:لە هەلٌبژاردنە سەرەتاییەکاندا،هەموو پیاوانی پێگەییو((دەنگدەرانی دەوری یەکەم))دەنگدەرانی دەوری دووەم هەلٌدەبژێرن ولە هەلٌبژاردنێکی دیدا ئەم دەنگدەرانەی دەوری دووەم نوێنەرانی ئەنجومەن هەلٌدەبژێرن.

https://t.me/kurdistanbooks

سەیر ئەوەیە کە بەرپرسانی ئینگلیزی دوایی بەوپەڕی بێ شەرمی باسی کاریگەری وچاکی ئەم جۆرە کارە دەکەن:(( زۆربەی دەنگدەرانی دەوری دووەم-بە تایبەتی نوێنەرانی عەشایر داوای راوێژ لەبەرپرسان دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی مافەکانیان.لە ئەنجامدا کەرکوك و سلێمانی نوێنەرانێکی باش بۆ ئەنجومەن قڕێ دەکەن."٣٥"

هەڵبژاردن لە رۆژی ١٩٢٤/٣/٢٤((تەواودەبێ))!

کوردستان ١٧نوێنەری لە ئەنجومەنی دامەزرێنەراندا هەبوو.لەناو ئەم "نوێنەرە باشانە"دا لە هەموویان ناسراوتر شێخ قادری برای شێخ مەحمود و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (سلێمانی) و سالح نەوتچی زادە(کەرکوك)وجەمیل بەگی بابان (کفری) وشێخ حەبیبتاڵەبانی(عەشایەر)،بەرچاو دەکەون)"٣٦"

سەیر ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنە وێرای هەموو فەرمایشی بوونێکی بەو جۆرەش نەبوو کە دەینواند.

ئەنجومەن کەمێك پاش یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی،نارەزاییەکی توندی لەمەڕ پەیمانی رێکەوتن دەگەڵ بەریتانیادا-کە ماوەکەی لە بیست ساڵەوە بۆچوار ساڵ کەم کرابووەوە-دەربڕی!.هەراو هەنگامە،بەتایبەتی لە بەغدا بەرپابوو، بە قەستی کوشت هێرش کرایە سەر دوو نوێنەری قایل بە پەیمانەکە.

ئەم هەراوهەنگامەیە بە خیرایی تەشەنەی کرد بۆ کوردستان:لایەنگرانی شێخ مەحمود ئەو رووداوە ناخۆشەی کەرکوکیان بە قازانجی خۆیان قۆستەوە.لەو رووداوەدا بەکرێگیراوانی ئاشوری لە بازاڕدا تەقەیان لە خەڵکی کردبوو ونزیکەی پەنجا کەسێکیان لە خەڵکی کوشتبوو، جارێکی دی پایەوئیحتوباری شێخ مەحمود بە خێرایی بەرز بووەوە.ئەم هەراو هەنگامەیە ،جۆرە کاردانەوەیەکیش بوو بۆ ئەو بێ سەروبەرییەی پێش گفتوگۆی((زمانەی بسفور))، ئەم گفتوگۆیە بۆدیاری کردنی سنوری نێوان عێراق وتورکیا بوو بە پێی پەیمانی لۆزان."٣٦"

**٢٠- بۆردومانی سلێمانی (١٩٢٤/٥):**

دەسەلاَتدارانی بەغدا دەیانەوێ شەڕی شێخ مەحمود لە کوڵ بکەنەوە:بە تایبەتی گلەیی ئەوەی لێدەکەن کە بە ((بەبێ پرس کەوتۆتە سەرباز گرتن)) و((کۆکردنەوەی باجی نایاسایی)) و((سەرکوتکردنی خەڵکی)) و((بەرپا کردنی پەیوەندی دەگەڵ دوژمنانی ولاَتدا)).لە ١٩٢٤/٥/٢٠ بە فرۆکە بەیان بەسەر شاری سلێمانیدا بلاَودەکەنەوە وخەڵکەکە ئاگادار دەکەنەوە کە ئەگەر شێخ مەحمود تا ٥/٢٥/ نەچێت بۆ بەغدا،شار بۆردومان دەکرێ.

ئینگلیزەکان لە٢٨،٥/٢٧/دا سلێمانی بۆردمان دەکەن.کاریگەری ئەم بۆردومانە زوو بەدیاردەکەوێ.

بە پێی گوتەی سەرکردایەتی گشتی هێزی هەوایی بەریتانیا لە بەغدا ،چونکە خەڵکەکە پێشتر ئاگادارکرابوونەوە ،ژمارەی خەسارەو زیان کەمە ،لە کۆی سێ هەزار خانووی شار نزیکەی ٥٠ تا ١٠٠ خانوو، لەوانە خانووە کۆنەکەی شێخ مەحمود،زیانی زۆریان پێ کەوتووە "٣٧".

بەلاَم بە قسەی ترکەکان کە لە٩/٣/دا سکالاَیان بردە لای کۆمەڵەی نەتەوەکان:خەسارەتەکە قورس بووە ودوو سێیەکی شار وێران بووە!

https://t.me/kurdistanbooks

ئەم بۆردومانە وێرای توندی خۆی،کۆتایی بە مقاوەمەت وبەرگری شێخ مەحمود ناهێنێ، ولە بەغدایە دژایەتی پەیمانی(بەغداوبەریتانیا)زیاد دەبێت.

ئینگلیزەکان ناچار دەبن نوێنەرانی ئەنجومەنی دامەزرێنەران ئینزار بکەن کە ئەگەر پەیمانەکە بەر لە نیوە شەوی ٦/١٠پەسند نەکرێ لە روانگەی ئەوانەوە(ئینگلیز)بە رەفزکرن حەساودەکرێ- بە هەمووئەنجام وئاقیبەتێکەوە کە لە کاری وا دەکەوێتەوە.

هەنگینێ پەیمانەکە لە هەلومەرجێکی زۆر عەنتیکەدا لە لایەن ئەنجوومەنەوە پەسند دەکرێ: شەستونۆ کەس لە کۆی سەد نوێنەری ئەنجوومەن رازی دەکەن لەو کۆبوونەوەیەدا کە چەند دەقیقەیەك بەر لە نیوەشەوی ١٩٢٤/٦/١٠سازدەکرێ بەشداری بکەنوئیدی پێشنیازی پەسندکردنی پەیمانەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەن وپەیمانەکە بە ٣٧دەنگی رازی و٣٤ دەنگی نارازی٨ دەنگی بێلایەن پەسند دەکرێ.

نوێنەرانی کورد،لەگەڵ دوو نوێنەری دەڤەری موسڵدا پتر لە نیوەی دەنگە رازیەکان دابیندەکەن.

مەلیك فەیسەڵ هەقی بوو کە هەموو هەوڵ وکۆششی خۆی بۆ لکاندنی ناوچە کوردنشینەکان بە عێراقەوە تەرخان کردبوو!.

## ٢١-گرتنەوەی سەر لەنوێی سلێمانی (١٩٢٤/٧/١٩):

دەسەلاَتدارانی عێراق لەسەرەتای تەمووزی ١٩٢٤دا لێبران سەر لە نوێ سلێمانی بگرنەوە.هۆ وهەنجەتی ئەم بریارە بە دروستی دیارنیە.بێگۆمان پاش شکستی گفتوگۆی قەستەنتەنیە کە جارێکی دی درێژەی بە نادیاریو نارووني وەزعی دەڤەری موسڵ دەدا، و عێراقی وئینگلیزەکان دەیانویست((کارتی براوە))بەیەکجارەکی لە دەستی هەڤرك وبەرامبەرەکەیان دەربێنن وئەم کۆسپە بەتەواوەتی لە رێگەی خۆیان لابدەن:ئەم کارتە شێخ مەحمود بوو.بێگومان فەیسەڵیش دەستی لەم کارەدا هەیە.لێ ئەم بڕیارە،بەتایبەتی لەم رووەوە مایەی سەرنجە کە بێ راوێژ دەگەڵ دەوڵەتی لەندەندا،درابوو!

وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی کۆلۆنیەکان کە لەم بریارە ئاگاداربوون،کاردانەوەیەکی توندیان نیشان دا، وزۆریان بەلاوە سەیربوو کە((کۆمیسێری بالاَ بڕیارێکی وەها گرنگی بەبێ راوێژو تەگبیری پێشوەختە دەگەڵ خاوەنشکۆ پاشای ئینگلستاندا داوە))بەلاَم لێبران کە((بێدەنگی لێبکەن))"٣٨".

تازە درەنگ بووبوو:دەوڵەتی لەندەن کاتێ لە بڕیارەکە ئاگاداربووەوە،هێزەکانی بەغدا"٣٩" گەیی بوونە دەروازەکانی سلێمانی و لە ١٩٢٤/٧/١٩دا سلێمانی گیرا.

## ٢٢- ئا قیبەتی کا ر:

شێخ مەحمود بەبێ شەر سلێمانی بە جێ نەهێشت:دوای ئەوەی کە لە شار وەدەرکەت،بەخۆو ١٥٠ نەفەرێکەوە((بە گوتەی ئینگلیزەکان)) پەنای وەبەر گردێکی باکوری رۆژهەلاَتی ((پایتەختەکەی)) برد لە ویندەرەوە تا ٢٧ی تەمووز شەری هێزەکانی داگیرکەرانی کرد.پاشان چوو بۆ بەرزنجەو ئەوجا پێنجوێن،ولایەنگرەکانیشی تا کۆتایی ساڵ لە قەراخ شارەوە درێژەیان بە ئازاردانی هێزی داگیرکەرەکان دا.لە کۆتایی مانگی یازدەی ١٩٢٤دا ئەدموندز بە خۆی رێنوینی بۆردومانی ناوچەی

https://t.me/kurdistanbooks

سیتەکی سەر بەشارباژێر دەئەستۆ دەگرێ، وهێزی ئاسمانی بەریتانیا بۆیەکەمجار لە کوردستاندا بۆمبای سوتێنەر بەکاردێنێ!.

حوکمڕانی ناوچەی سلێمانی بە شێوەکی کاتی بە یەکێك لە پایەدارانی سیاسی بە ریتانیا بە نێوی چاپەمەن دەسپێردرێ کە ئەرکەکانی پارێزگار بەرێوەدەبات وراستەخۆ پەیوەستە بە کۆمیسەری بالاوە.

مەلیك فەیسەڵ رۆژی(١٩٢٤/١٢/٢٠)بۆ یەکەمجار بۆ کەرکوك دەروات.بەبۆنەی ئەم دیداروسەردانەوە ئالای عێراق بۆ یەکەمجار لەسەر سەرای حکومەتی کەرکوك هەڵدەکرێ.پاش ئەوەی مەلیك دەروات بۆ کفری ،ئالاکە هەر بە دەقی خۆیەوە دەمێنێتەوە،بەلام مەلیك ناچێت بۆ سلێمانی.دەسەلاتداران دەڵێن گوایە بەفر شاری گرت بووو رێگە وبانەکان خراپ بوو....بەلام راستییەکەی مەلیك فەیسەڵ زاتی نەکرد وا زوو بچێ بۆ پایتەختی کوردستانی باشور ڕقی ناسیونالیستانی کورد هەستێنێ.بەلام لە راستیدا مەلیك فەیسەڵ گەمەکەی بردبووەوە:شێخ مەحمود چووبوو بۆ ئێران.

ئیدی سالێك دواتر لە ١٩٢٥/١٢/١٦دا کۆمەڵەی نەتەوەکان،راپۆری ((کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی)) لەمەڕ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە پەسندکردو((هێڵی بروکسل))بە سنووری تورکیا وعێراق دانرا.(بۆیە بە هێڵی برۆکسل ناسراوە، چونکە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ ئەم مەبەستە لە برۆکسل کراوە"٢٩ی ئۆکتۆبەر")

سەبارەت بە کوردەکان کۆمەلەی نەتەوەکان داوای لە دەوڵەتی بەریتانیا کرد کە کاری پێویست بۆ ((دامەزراندنی دام ودەزگایەکی ئیداری ناوچەیی))بکات"٣٩"

٢٣- سەرچاوەو پەراوێزان :

١-گرترودبڵ ، نامەکان ل ٤٩٢

٢- هەمان سەرچاوە،ل ٣٩٥

٣ - نامەی ڤایکانت سموئیل ل ٢٠٤-٢٠٥

٤-برتولد،وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا،بۆ للویدجۆرج، قەوالەی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئینگلیز، نهێنی١ بەرگی ٢، ١٩١٩، ل ٧٢٠-٧٢١ لە ئی کدورییەوە نەقلکراوە.

٥ - نامەی ١٩٢٠/٨/١٥ی کرزن بۆ ڤایکانت ساموئیل ، ڤایکانت ساموئیل.

٦ - سێر پرسی کوکس ، نامەکانی گرترودبل ل ٤٣٢

٧- ئەنجامەکان سەبارەت بە کەرکوك بەم جۆرەیە :

| | ڕازی | ناڕازی |
|---|---|---|
| شاری کەرکوك: | ٦٤ | ٢٧٨٦ |
| شارۆچکەکان : | ١٩٧ | ٧٢٠ |
| ئالتون کوپری: | سفر | ١٥٠٠ |
| داقوق : | = | ١٠٠٠ |
| مەملەحە : | = | ١٥٠٠٠ |
| شوان : | = | ١٢٦٣ |

https://t.me/kurdistanbooks

٨-پیاوی مەزەبی بەغدایە بوو،لە نەوەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە،سەرۆکی کاتی حکومەت بوو.

٩-بۆهەڵبژاردنی مانگی پێنج و ڕاپرسی١٩٢١/٧ بڕوانە ڕاپۆری سیر پرسی کوکس،ئۆفیسی هند s10lpus ١٩٦٢

١٠-نامەکانی گرترودبل ل ٥٠٠

١١-نوسراوی بەرواری١٩٢١/١١/٢٤ ی چەرچل بۆ shuchbury یاریدەدەری وەزارەتی کۆلونیەکان ، کە لە کلمینەوە وەرگیراوە ،بناغەی سیاسەتی بەریتانیا لە ڕۆژهەلاتی ناڤین ل ١٦٦

١٢-ئا.وێلسن، لەپێشەکیەکدا بۆچاپی ساڵی١٩١٩ی کتێبەکەی سون گەشتی خۆگۆڕێك بۆکوردستان.

١٣-ئەو چیرۆکەی تا ئەمڕۆکەش لە باشووری عێراقدا دەیگێرنەوە:لە مەجلیسێکدا شێخێك بە فەیسەڵ دەلێت تۆ بە سواری کەر بۆئێرە هاتی ، ئیستا دەتەوێ حکوممان بکەی؟

١٤-نووسراوی بەرواری ١٩٢١/٩/٢٠ی سێرپرسی کوکس ،وەزارلەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٦٣٧٤٣٧١ لە راستیدا هەڵبژادرنی ئەنجومەنی دامەزراندن دوو ساڵ درێژەی کێشا....

١٥- هەمان سەرچاوە.

١٦- نووسراوی بەرواری ١٩٢١/١٢/١٣ی وەزارەتی کۆلۆنیەکان،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیستان ٣٧١٦٣٤٧.

١٧-سی.جی ،ئەموندز ، کوردەکان ل ١٢٣

١٨-راپۆری سۆن لەمەڕ چۆلکردنی سلێمانی ١٩٢٣و Jcasx .

١٩-نووسراوی سێرپرسی کوکس ، نامەکانی گرترودبل ل ٤٣٣

٢٠- بنەچەی شێخانی بەرزنجە دەگاتەوە ئیمام موسای کازم ولەگەڵ ماڵباتی سوڵتانی مەراکش و ئەمیر یەحیای یەمەن وشەریفی حەزرەمەوتدا چوار ماڵباتیان پێکدەهێنا کە رەگ ورەگەمایان بە ئیمامی ناڤبری دەگەیی ، وشەریفەکانی مەکە دەیانگوت خزمی ئەوانن!.

٢١- بڕوانە ئەولێکۆڵینەوەیەی کە ئەدموندز لە مەڕ چاپەمەنی سلێمانی کردوویەتی JCASX ١٩٢٥ ( گۆڤاری ئەنجومەنی پاشایەتی ئاسیای ناوەندی)

٢٢-ئەدموندز،کوردەکان ، ل ٢٨٠

٢٣-وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ، ٣٧١٩٠٠٤

٢٤-ئەدموندز ،کوردەکان ل٣١٤ هەروەها بڕوانە شەر لە باشوری کوردستاندا(گۆڤاری وەرزی سوپا)هەیڤی ١٩٣٦/١) ( کتێبخانە ئوفیسی هند)

٢٥-ئەموندز ،کوردەکان ل ٣١٤

٢٦-بڕوانە گوتاری ئەدموندز لە گۆڤاری ئەنجومەنی پاشایەتی ئاسیای ناوەندی، ژمارەی بەرواری ١٩٢٥:دوو ژمارەی دیکە لە بانگی حەق چاپ دەبن،بەڵام ژمارەی ٢ بلاونابێتەوە و ژمارە ٣ دامەزراندنی کۆمیتەی بەرگری میللی رادەگەیەنێ.

٢٧-یەکێك لە بریارەکانی کۆنفرانسی قاهیرە ١٩٢١/٣ سپاردنی فەرماندەیی هەموو هێزەکانی بەریتانیا دە عێراقدا ،بە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی بوو.

٢٨-نووسراوی سێر هنری دوبز، نامەکامانی گرترودبل ل٤٤٠

https://t.me/kurdistanbooks

٢٩-ئەدموندز، کوردەکان ، ل ٣١٢

٣٠-نووسراوی سێر هنری دوبز،نامەکانی گرترودبل، ل: ٤٤٠- ٤٤١

٣١-ئەدموندز،کوردەکان ، ل ٣٣٧

٣٢-لە راستیدا ئەم نامەیە ئەدموندز نووسی بووی .

٣٣-ئەدموندز، کوردەکان ، ل ٣٤٤

٣٤-هەمان سەرچاوە.

٣٥-هەمان سەرچاوە ٣٨٣

٣٦-ئەم گفتو گۆیانە تا رادەیەك لە ئەنجامی کەللە رەقی سیرپرسی کوکسەوە فەشەلی هێنا:سیرپرسی کوکس داوای هەندێ شوێنی دەکرد کە هەرگیز بەشێك نەبوون لە ولایەتی موسڵ ،وەکو دەڤەری هەکاری کەلە ساڵانی ١٩١٩ وە تا ١٩٢٣ حەوت هەشت هەزار کەسی لێ راگوێزابوون.

٣٧-نووسراوی سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی لەمەڕ شەری سلێمانی ١٩٢٤/٩/١٦ ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٠١١٣

٣٨-نامەی رۆژی ١٩٢٣/٧/١٨ی وەزارەتی کۆلۆنییەکان،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتاینا ٣٧١١٠١١٣

٣٩-هێزێکی تێکەڵی هاوبەش لە سوپای عێراق وبە کرێگیراوانی ئاشوری، لە دوو هەنگی سوارە، سەد پۆلیسێك، بە زرێپۆشەوەوبەشداری هێزی فڕۆکەوانی پاشایەتی(بەریتانیا) (نووسراوی سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی)

https://t.me/kurdistanbooks

## فەسڵی چوارەم : شۆڕشی شێخ سەعید (١٩٢٥):

هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە لایەن مستەفا کەمالەوەو راگەیاندنی رژێمی کۆماری لە ١٩٢٤/٣/٣دا پەردەی لەسەر نیازومەبەستی شاراوەی ترکان لابردودەری خست کە ناسیۆنالیستانی ترک بۆیە لە ١٩١٨وە دڵی کوردەکانیان رادەگرت تابۆ دژایەتی ئینگلیز و یۆنانیان و وەرگرتنەوەی ویلایەتی موسڵ سوودیان لێوەربگرن.

ئیدی ئەو هەودایەی کە کوردی بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە دەبەست- واتە حورمەت و رێزی ئەفسانە ئامێزی کورد دەر هەق بە خەلیفە ، کە خۆی لە خۆیدا وتارادەیەك مایەی شکستی خەباتی ناسیۆنالیستە کوردەکانی قەسەتەنتەنیە بوو-کە خۆی لە خۆیدا تا رادەیەك فاکتەری شکستی تێکۆشانی ناسیونالیستانی کوردی قەستەنتەنیەبوو- بە شێوەیەکی لە چارەنەهاتوو پچڕابوو.

لێ مخابن ئەم کارە زۆر درەنگ روویدا،چونکە کاتێك کە هەموو کوردی تورکیا ئامادەبوون لە پێناوی سەربەخۆییدا بخەبتن وبجەنگن،کاری پارچە پارچەکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تەواو بوو وسنورە تازەکان دیاری کرابوون،وئەم هەوڵ وتەقەلایەی کورد ئیدی سەرنجی کەسی رانەدەکێشا.کوردەکان کە لە ناوچەی ئەنەدۆڵ و ئێراندا بەتەنێ مابوونەوە،راپەرین،شەڕی زۆر سەخت و دژواریان کرد، بەڵام کەسێك شایەت وبینەری سەرکەوتنەکانیان نەبوو.

کوردستانی تورکیا لە ساڵی ١٩٢١تا١٩٣٧ بەکردەوە لە شۆرشی بەردەوامدایە، بەڵام شتێکی ئەو تۆ لەمەڕ ئەم شۆرشانە،کە تارادەیەك بە شێوەیەکی نادروست،ناوی شێخ سەعید ١٩٢٥ وشۆڕشی ئارارات ١٩٣٠ وشۆڕشی دەرسیم ١٩٣٧یان بەخۆوە گرتووەو، نەزانراوە .

### ١- شۆرشی شێخ سەعید :

لە ١٩٢٥/٢/١٥ ئاژانسی ئەنەدۆل کورتە هەواڵێکی دەربارەی قەومانی رووداوێك لە گوندی پیرانی نزیکی گەنج، لە نێوان مەفرەزەیەکی جەندرمەو پیاوێك بە نێوی شێخ سەعید کە ٥٠ کەس لە مریدەکانی دەگەڵ دەبێت بلاوکردەوە... بە پێی هەمان هەواڵ دوو جەندرمە لەم رووداوەدا کوژرا بوون.

لە ٢/٢٣ دا چاپەمەنیەکانی تورکیا بلاویان کردەوە کە ئەم(پەلامارە رێگرانەیە) شتێکی لەمە جدیتر بووە،بەڵام پاشکۆی عەسکەری بەریتانیا لە قەستەنتەنیە پێی وایە کە دەوڵەتی تورکیا بۆ مەبەستی سیاسی و سیاسەتی ناوخۆ و لە پێناوی ئاشتکردنەوە یان لە نێودانی نەیارانی خۆی ، مەسەلەکە((گەورەدەکاتەوە))(١) .

لە ٢/٢٤دا وەزیری ناوخۆی تورکیا رایدەگەیەنێ کەنەخشەو بەرنامەی کار ئەمە بووە کە لە ئاخر وئۆخری مانگی ئازاردا شۆرشێکی سەرانسەری هەڵگیرسێت، ژمارەی لایەنگرانی شێخ سەعید دەگاتە حەوت هەزار کەس و ژمارەیەك سەربازی فیراریشیان تێدا دەبینرێ.هەندێ لە رۆژنامەکان بلاوی دەکەنەوە کە بەریتانیای مەزن پشتیوانی شۆرشگێرەکان دەکات.وێرای هەموو ئەمانەش رۆژنامەی( وەتەن) پێی وایە رەگی شۆرش لەخراو بەرێوەبردنی ناوچەکەدایە.

https://t.me/kurdistanbooks

لـه ٢/٢٦دا چـاپەمەنیان رایدەگەیـەنن کـە هــەموو ناوچــەکە بەدەســتی شۆرشــگێرەکانەوەیە و بزوتنەوەکە لە بنەرەتدا تەبیعەت وسروشتێکی ئایینی هەیەوئامانجی ئەمەیە کە یەکێك لە کوڕانی سوڵتان عەبدولحەمید بێنێتە سەر حوکم!

بەلاّم هیچ رۆژنامەنووس یان دبلۆماتێکی ئەوروپایی نە لـە کاتی شۆرشی شێخ سەعیداونە تا سێ ساڵ لـەوە دواتـریش دەتـوانێ بچـێتە کوردسـتان.بۆیـە مـرۆڤ ناچـارە سـەبارەت بـەو هەواڵـە یـەك لایەنانـەی کـە لـە چـاپەمەنی ترکـدا بلاوبوونەتـەوە پـەنا وەبـەر مەزنـدەوگومانان بـەرێ....تەنانـەت ئەمرۆکەش  وێرای هەبوونی هەندێ قەواڵەوبەڵگەنامان، ساخ کردنەوەی ئەم رووداوانە ئەستەمە .

**٢-   شێخ سەعید :**

سەیر ئەوەیە زانیارییەکی ئەتۆ دەربارەی ئەوپیاوەی کە رژێمی مستەفا کەمالی هێنایە لەرزە نیە. تەمەنی،قەلافات وسیماودیمەنی،بۆ ئێمە ناسراو نیە!




ئەو گوتارانەی کە چاپەمەنیەکانی ترك دەربارەی دادگاییەکەی کە لە دیاربەکر ئەنجامدرا، بلاّویان کردووەتەوە بە هیچ جۆرێك بواری ئەوە بۆ پیاو خۆش ناکەن کە وێنەیەکی روون لەمەڕ کەسایەتی

https://t.me/kurdistanbooks

شێخ سەعید لە زەینی خۆیدا بەرجەستە بکات.ئەو شێخ سەعیدەی کە ترکەکان بەدێهاتی و نیمچە شێت وقەشمەرچاری باس دەکەن، جێنشینی شێخ عەلی بابی بوو کە لە شێخانی نەقشبەندی دەڤەری پالو بوو،شێخ سەعید پیاوێکی(جێگیر وبە دین ویەکجارخۆش ناوو ناوبانگ بوو)"٢" .

داوەری دەربارەی نیازومەبەستەکانی ئەویش ئەستەمە:ئایا شۆرشەکەی زیاتر مەزەبی و ئایینی بوو دژی حکومەتی ئەنقەرە کە ساڵێك لەوەوپێش خەلافەتی ئیسلامی هەڵوەشاندبووەوە، یان لە بنج و بناواندا شۆرشێکی نەتەوەیی بوو؟تەنانەت زانینی ناوی هاورێ وهاوکارەکانیشی،یارمەتی مرۆڤ نادەن کە وەڵامی دروستی ئەم پرسیارە بداتەوە.چونکە لایەنگرانی مستەفا کەمال،ئەم شۆرشەیان کرد بە هەنجەتێك بۆ سەرکوتکردنی تێکرای نەیارانی حکومەتی ترك وهەر هەموو رێبەرانی کوردیان چ بەشداربووانی شۆرش و چ بەشدارنەبووانیان لەنێو برد!. هەر بەم بیانووەوە ئەو کەسایەتیە ناسیۆنالیستە کوردانەی کە لە بزووتنەوەکانی ساڵی ١٩١٩دا(مامۆریەتی مێجەر نۆئێل) بەشداریان کردبوو، یاخود لەبەر ئەوەی وەکو رێبەرانی بزاڤی نەتەوەیی کورد ناوبانگێکیان هەبوو، گیران ولە سێدارە دران!.

هەڵبەتە چ بەڵگەیەکی بنجبڕ بە دەستەوە نیە کە خەڵکانی خوێندەواری وەکو دکتۆر فوئاد دیاربەکری و تۆفیق بەگی دادوەر،بەراستی(یاریدەدەرانی) شێخ سەعید بووبن.بەڵام شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا کە بوو بە قوربانی دەسیسەیەکی پۆلیسی– کەموزۆر سەلماوە کە بە هیچ جۆرێك لەم شۆرشەدا بەشداری نەکردبوو.تاقە هاوکارانی بێ چەندوچونی شێخ سەعید دوو کەس بوون:خالید بەگی سەرۆکی عەشیرەتی جەبرانلی وکەونە عەقیدی فەرماندەی یەکێك لە تیپەکانی حەمیدیە، عەقید نەڤرەس.

### ٣- سازادانی شۆرش:

سەرەتای بەسەرهاتی غەمگینی شێخ سەعید دەگەرێتەوە بۆ هەیڤی ١٩٢٤/١١:لەم مانگەدا بێ ئەوەی نیازومەبەستی خۆی وەشێرێ بە یاوەری نزیکەی ١٠٠ سوارەوە بە نیازی سەردانی عەشیرەت وتیرەکانی دەوروبەر لە دیاربەکرەوە تێدەپەرێ.ئەم کارە لەلایەن رێبەرێکی ئاینی یەکجار دەوڵەمەندەوە کە تائەوکاتە چ دژمنایەتیەکی حکومەتی نەکردبوو نابێتە مایەی سەرسورمانی هیچ کەسێك." ٣"

بەمجۆرە شێخ سەعید بێ ئەوەی چ گومانێك بوروژێنێ لە سەرانسەری ناوچەکەدا دەستی دایە بانگەشە((هەموو ئەو گوندانەی پێیانا رەت دەبوو ،دووی خۆی دەخست.))داوای لە فەلاو ورەزیرانی کورد دەکرد کە بێنە جیهاد دژی کافرانی ئەنقەرەو دڵنیای دەکردن کە چ زەرەرێکیان پێناگات،هەر لە پەنای ئەوەشەوە داوای لێدەکردن کە لە پێناوی((ئۆتۆنۆمی کوردستان))یشدا بخەبتن.

هۆی سەرکەوتنی خەباتی بانگەشەیی شێخ سەعید تا رادەیەك ئاشکراودیاربوو:دەوڵەتی ئەنقەرە لە ماوەی نێوان ئیمزای پەیمانی لۆزان وهەڵوەشانەوەی خەلافەتدا،زنجیرە کارێکی دژی کوردان ئەنجام دابوو– قوتابخانە کوریەکانی داخستبوو،ئاخافتنی بە زمانی کوردی قەدەغە کردبوو، سەرانی کوردی نەفی کردبوو.

ئەمە جگە لەوەی کە رەوشی ئابووری وڵات خراپ وکارەستئامێز بوو. تەقسیمبەندی ئیداری تازە لە وڵاتدا کرابوو ،ویلایەتەکانی جاران نەمابوون وشارۆچکەکانی جاران کە تازە کرابوون بە

https://t.me/kurdistanbooks

پارێزگا،خەڵکی وەها کرابوون بە پارێزگاریان کە زۆر لە حوکمدارانی جاران بە زەبروزەنگ و زۆردارتر بوون.

سەرەنجام دەوڵەتی ترك بە پەیرەوکردنی سیاسەتی((ترکاندن)) وبە ترك کردنی ناوچەکە ودانی بەشە موڵکی ئەرمەنیە نەفی کراوەکان یان قەتڵ وعام کراوەکان وتەنانەت دانی موڵکی کوردانی هەڵاتوو یان نەفی کراوی زەمانی جەنگی جیهانی بە کۆنە سەربازانی ترك،هەموو دێهاتیانی کوردیان لە خۆ بێزارو تەوەلا کردبوو.

٤- ((دەست ))ی ئینگلستان:

شۆرشی کورد لە کاتێکدا بەرپادەبێت کە ئەندامانی لێژنەی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی ئایندەی موسڵ وسنوری نێوان عێراق وتورکیا لە موسڵ دەبن!

مستەفا کەمال هیچ گۆمانێکی لەوەنیە کە بەریتانیا ئەم شۆرشەی هەڵگیرساندووە!

((تورکیا لە مەترسیدایە...بەریتانیا لە پشت کوردانە ... و بەردەوام دژایەتی تورکیایان پێ دەکات...پیاوان و نۆکەرانی لە ناوچەکەدا هاتوچۆدەکەن، تیرەو تایفەکان چەکداردەکەن وهانیان دەدەن. بەریتانیا موسڵ و نەوتی مۆسڵی گەرەکە. کلیلی موسڵ و عێراق لە دەستی کورداندایە))."٤"

چاودێرانی بێ لایەنیش هاوزەمانی ئەم دوو رووداوە دووپات دەکەنەوە:((رۆژنامەوانیی ترك، ئینگلستان تاوانبار دەکەن کە یارمەتی شۆرش دەدات.گریمان ئەمە بوختانێکەوتەواو،بەڵام دەبێ بەراستی ئافەرینی ئەم بەخت و نێوچاوانەش بکرێ کە بە خۆرایی دۆستانی ئینگلیزی لوتفباران دەکات!"٥"

لێ لە قەستەنتەنیەدا ئالبیرت سارو،سەفیری فەرەنسا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دادگاکان((قەواڵەو بەڵگانەمەیەکی سەلماویان نەخستۆتەروو کە نیشانەی دەست تێوەردانی ئینگلستان بێت)).

بەڵام ئەوەی راستی بێ ئینگلیزەکان لە سەرەتاوە لە خۆیان دەپرسی نەکا ئەم شۆرشە پیلانێکی تورکیا بێ تا بیەوێ لەو رێگایەوە یەکە سوپاییەکانی خۆی لە ناوچەی سنوری ویلایەتی موسڵ جێگیر بکات وپاشان بەو بیانووە کە نەیەڵێ کوردی دیاربکر،یارمەتی شۆرشگێرەکان بدەن، هێزەکانی خۆی بۆ ناوچەکە ڤڕێ بکات "٦"

٥- رۆڵی سۆڤیەتیەکان:

بە گوتەی ئینگلیزەکان"٧"خالید بەگی جەبرانلی پەیوەندی دەگەڵ کونسوڵی روس لە ورمێ کردبوو،ووەڵامی کونسوڵ نەرێتی بووە....جا ئەم گوتەیە دروست بێ یان نادروست ئەوە دەسەلمێنێ: کە شۆرشی شێخ سەعید بەدەر لە هەر هاندانێکی زلهێزەکانی رۆژئاوا پەرەی سەند و پاشان تێکشکاوهەرەسیهێنا،لە کاتێکا کە یەکێتیی سۆڤیەت بە شێوەیەکی فەرمی وبە زمانی ئیزڤستاوە بە شۆرشێکی فیوداڵی کۆنەپەرستی کوردی لە قەڵەم دا کە بووبووە ئالەتی دەستی ئینگلیزەکان. "٨"

٦- هەڵوێستی پیاو ماقولان و خانەدانانی شارەکان :

https://t.me/kurdistanbooks

هەر زوو دەبینین درزو ناکۆکیەك دەکەوێتە نێوان گوندوشارەوە:لەدیاربەکرا ژمارەیەك لە دەوڵەمەند وپیاوماقولاَن پەیوەندی بەکەمالیەکانەوە دەکەن:پرینجی زادە سدقی،سەرۆکی حزبی گەل و سیَ کەس لە نوێنەرانی ناوچەکە لە ئەنجومەنی ئەنقەرەدا،واتە پرینچی زادە فەیزی بەگی کەونە وەزیری ناوخۆو موفتی زادە شەرەف وزولفی زادە.

بەلاَم تەنانەت تیرەی جەمیل پاشا زادەش کە بێگومان لە مەسەلەکەدا بوو،زاهیری تێکەڵی مەسەلەکە نەبوو.قاسمی((برا؟))گەورەی کە لە ساڵی ١٩١٩دا بە هاودەستی لەگەڵ دوژمندا تاوانبارکرابوو،بۆ لابردنی هەر جۆرە گومانێك بە عالەمی ئاشکرا چووبوو بۆ قەستەنتەنیە .

ویەکێك لە ئەندامانی تیرەکە((محەمەدبەگ))تەنانەت بەشداری سەرکوتکردنی شۆرشەکەی کردوبە سەرکردایەتی ژمارەیەك لە چەکدارانی گوندەکەی خۆی شان بەشانی هێزی سوپایی چووە شەری لایە نگرانی شێخ سەعید.

٧- سەرەتای شۆرش:

زۆری پیَ ناچێت شێخ سەعید هێزێکی ١٠٠٠٠ کەسی لەو هەوادارانەی لەدەوری خۆی دەبینیَ کە بە دلَ وبەگیان هاتوون لە پێناویدا تێبکۆشن.بەلاَم ئەم هێزە چەك وتەقەمەنی نیە،زۆربەیان جگە لە شمشێرو نێزە چ چەکێکی دیکەیان پیَ نییە.یەکەمین پێکدادان لەنیوەی مانگی شوباتدا روودەدات.

دوا بە دوای ئەو رووداوەی کە لە ١٩٢٥/٢/١٣لە پیران دەگەلَ لایەنگرانی شێخ سەعیدا دەقەومیَ،فەرماندەی سەربازخانەی دیاربەکر ،پێنج فەوجی هەڵبژاردەی سەربازخانەکە بۆ سەر شۆرشگێرەکان دەنێریَ. لە ٢٢ی شوباتەوە بریندارا‌ن دەگەنە دیاربەکرو ئیدی داستانانی ئەفسانە ئامێز زارەو زار دەکات:کوردەکان هەرپێنج فەوجەکەیان بەتەواوەتی دەنێو بردوەو شتاقیان لیَ دەرنەچووە!.

لە ٢٤ی شوباتدا کە وەزع وحاڵەکە خراپ دەبێت،دەسەلاَتدارانی ترك لە دیاربەکر وخەرپوت و ئۆرفەدا حوکمی عورفی((حوکمی عەسکەری))رادەگەیەنن وژمارەیەك لە کەسایەتی نێودار دەگرن، لەوانە جەمیل پاشازاد ئەکرەم و دکتۆر فوئاد.

٨- گرتنی خەرپوت (١٩٢٥/٢/٢٦):

لە ٢٦ی شوباتدا جەنگاوەرانی شێخ سەعید دەچنە ناو خەرپوتەوەو پەیوەندی نێوان خەرپوت و دیاربەکر دەپچریَ...شار زوو بە زوو چۆلَ دەبێت،دیار نیە ئاخۆ هێزەکانی دەولَەت لە شار وەدەرنراون،یان بەخۆیان ئارەزومەندانە چەك وتەقەمەنی وتفاقەکانیان تەسلیم کردووەو لە شار وەدەرکەوتون.

بەلاَم ئێستا هەموو ناوچەکانی دیاربەکر بە ئەرگەنەوپالو وپیران وخەرپوتەوە لە دەستی شۆرشگێراندایە.

بەپێی گوتەی رۆژنامەی جەمهوریەتی دەولَەتی،یەکە سوپایی وجەندرمەییەکان کە خەڵکی ناوچەکە بوونە-لە خزمەت هەلاَتوون وپەیوەندییان بە شۆرشگێرانەوە کردووە.دەزگا دەوڵەتیەکانی ئەنقەرە ئێستا((بە راستی سەراسیمەو شپرزەن))"٩".

https://t.me/kurdistanbooks

**٩- گەما ڕۆدانی دیاربەکر (٤-١٩٢٥/٣/٧):**

ڕۆژی دووی ئازار،هێزەکانی شێخ سەعید تەنیا چەند سەعاتێك لە دیاربەکرەوە دوورن.دەسەڵات دارانی ترك لە ٢/٢٧ دا خەڵکی شاریان چەك کردووە.

لە ٣/٤دا کە شار دەکەوێتە گەمارۆوە، فەرماندەی سەربازخانەکە ٢٠ تۆپ لەسەر قەڵای شار دادەمەزرێنێ،هەر هەموو قوتابخانەوسەربازخانەو خەستەخانەکانی دەرێی حەساری شار چۆل دەکات،ئەو کەلەبەرانەی کە بۆ هاتوچۆ لە حەسارەکە کراون،بە کەرەستەی کاتی وبەردەست دەگرێ نیوە شەوی ٣/٧ هێرش بۆسەر شار لە دەروازەی خەرپۆتەوە دەست پێدەکات. هێرشەکە دەشکێ و کوردەکان زەرەروزیانی قورسیان لێدەکەوێ...بەڵام لە سەعات دووی پاش نیوەشەو،لە دەروازەی ماردینەوە دەست بە هێرشێکی قورس دەکەنەوە.دەستەیەکی سەدکەسیان دەتوانن بەنهینی دزەبکەنە ناو شارەوە.ئەم گروپە ڕەبایەیەکی نزیکی حەسارەکە دەگرن وهەمووسەربازەکانی دەکوژن. ئەوجا دەڕۆن تالە پشتەوە هێلی بەرگری شار بگرن، لە ناکاودا ڕووبەڕووی مەفرەزەیەکی سوارەی ترك دەبن ولە ناو کۆڵانەکانی شاردا لە نێودەچن...لەسەعات ٣دا بەرەبەرە ماندوو بوون بەکوردەکانەوە دەردەکەوێ.لەسپێدەدا پاشەکشە دەکەن....سەربازخانەی دیاربەکر کە لەچەند سەد سەربازێك زیاتری تێدا نیە،بەرانبەر بە ٦-٨هەزار کوردا دەوەستن و بەرەڤانی دەکەن.ڕاستە سەربازەکان لەپەنای حەسارێکی قایم ومکومەوە دەجەنگین-بەڵام بە هەر حاڵ بەرەڤانیان کرد!.ئەم فەشەلهێنانە بۆ شێخ سەعید شکستێکی قورس بوو: لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی ئەو دیاربەکر بوو،گەیشتنی هێزی هیمدادی ترك ،ئەو ئومێدەی پوچەڵکردەوە کە هێرشێکی تازەی بۆ بکرێ.

کاربەدەستانی ترك لە٣/٨دا جەنازەی ئەو کوردانەیان کە شەوێ کوشتبوویانن لە کوچەو کۆڵانەکاندا نمایش کرد.هەموو دانیشتوانی دیاربکر لە نێو چواردیواری شاردا حەپس بوون و ماڵ بەماڵی گەڕەکە کوردەکان پشکێنرا.سەدان کوردی زازایی بە تۆمەتی هاریکاری دەگەڵ شۆڕشگێرانا گیران.لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی ئەو پروپاگەندانەی کە لە ئەنقەرەوقەستەنتەنیە بڵاوبووبووەوە،ئەم خەڵکە یارمەتی شۆڕشگێرانیان نەدابوو کە بێنە ناوشارەوە،بەڵام ئەمە بیانوویەکی باش بوو((بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی گومان لێکراو)) .

بەڵام بە درێژایی شەوی دوایی دەنگی تەقەودەستڕێژ لەو کوردانەی کە لە پشکنین هەڵدەهاتن و دەیانویست لە شار هەڵێن،لە دیاربەکردا نەبڕایەوە.

**١٠- پەرەسەندنی شۆڕش:**

شێخ سەعید کە لە نزیکی دیاربەکر بوو لە ٣/١٠ بەملاوە بەرەو باکورو ڕۆژئاوای ناوچەکە دەجمێ و سلیڤان وهازرو وئەرگەنە و چەرمك دەگرێ و بەرەو سیڤەرەك دەچێت.پاش ٣/١٥ کە شۆڕش پەرەدەسێنێ،هەمووناوچەی ڕۆژئاوای وان دەکەوێتە دەستی لایەنگرانی شێخ سەعید. شۆڕشگێران پاش تێکشکانی هێرشەکانی سوپای تورکیا، بینگۆل و کێگی دەگرن و لە ڕۆژهەڵاتەوە تا مەلازگرد دەچنە پێشێ و لە باکوری سیرت دا دەست بەسەر شاری سلیڤاندا دەگرن وماردین دەدەنە بەر پەلامار!لە ڕۆژئاواوە تا مەلاتیە دەڕۆن - پەلاماری مەلاتیەش دەدەن"١٠"

https://t.me/kurdistanbooks

دەوڵەتی تورکیا بە جۆرێ تەنگەتاو دەبێ کە لێدەبڕێ لە ((هێزە ئەوروپییەکان)) بە تایبەتی فەرەنسە ((نزیك بێتەوە)) ولە زەرفی چەند رۆژێکدا ژمارەیەك مەسەلەی ئالۆز دەگەڵ فەرەنسادا حەل‌وفەسڵ دەکات !"١١"

## ١١- دەزگای سەرکوتکا ری :

بەڵام دەوڵەتی تورکیا پاش ئەم سەرگەردانی وپەشۆکاوییە ،دێتەوە سەرخۆی و سەرکوتکاریەکی زۆر بێرەحمانە ئامادە دەکات.تورکیا بۆ رێبەرایەتی ئۆپەراسیۆنی عەسکەری دژی کوردەکان کەمالەدین پاشا لە سەفارەتخانەی تورکیا لە بەرلین کە بە بۆچوونی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلستان یەك لە باشترین جەنەراڵەکانی ترکە بانگ دەکاتەوە .

لە سەرەتای مانگی٣دا کاربەدەستانی ترك داوا لە دەوڵەتی فەرەنسا دەکەن مۆڵەتی گواستنەوەی ٢٠-٢٥ هەزار سەرباز بە هەموو چەك و تفاقێکی جەنگیەوە بدات بۆ شەڕگە، واتە لە رۆژێکدا چوار قیتار سەرباز بە هێڵی ئاسنی بەغدایا بۆ ناوچەکە ڤڕێ بکات .

دەوڵەتی تورکیا لە ٣/٥دا دوو((دادگای سەربەخۆ))دادەنێ:ئەو حوکمی ئیعدامانەی کە دادگاکانی ئەنقەرە دەری دەکەن دەبێ لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسند بکرێ،بەڵام حوکمی ئەم دادگایەنەی کە لە ناوچەکانی شۆڕشدا بەرپاکراون،یەکسەرییەوهەرلەجێوە جێبەجێ دەکرێ."١٢"....مستەفا کەماڵ پاش ئەوەی لە٣/٩دا سەرلەنوێ داوا لە عیسمەت پاشا دەکات کە پۆستی سەرەك وەزیران وەئەستۆبگرێ،ئێستا خاوەنی ئەو سەرەك وەزیرانەیە کە((ئامادەیە سیاسەتی سەرکوتکارییەك جێبەجێ بکات کە غازی (ئەتاتورك) دەیەوێ ))."١٣"

ئەو دەستوورەی کە بەهێزەکانی سەرکوتکاردراوە یەکجار توندوتیژە:((گوندەکانی ناوچەکانی شۆڕش تەختی زەوی بکەن،ئامانی هیچ یەکێك لە شۆرشگێران وخێزانەکانیان نەدەن.با ئەم دەرس‌وپەندە هێندە سامناك بێ کە هەموو خەڵکی ولأت لە یادیان بمێنی!))"١٤"بەڵام ئەم عەمەلیاتانە یەکسەر دەست پێناکرێ: هاتنی هێز لە سوریاوە بە خەتی ئاسنی بەغدادا وکۆبوونەوەیان لە ماردین ماوەیەك دەبات.

هەروەها دەوڵەتی ئەنقەرە دەبێ رووبەرووی(ئاستەنگی دارایی) ببێتەوە کە لە ئەنجامدا لە شۆڕشی کورد مەترسیدارتر دەبێت)"١٥".دەوڵەت لە ٣/٢٠دا داوا لە ئەنجومەن دەکات قەراری تەرخانکردنی دە ملیۆن لیرە بۆ سەرکوت کردنی شۆڕش پەسند بکات.

## ١٢- عەمەلیاتی عەسکەری دژی کوردان :

عەمالیاتەکان لە کۆتایی مانگی سێی ١٩٢٥دا دەست پێدەکات. هێزە دەوڵەتیەکان بۆ پێش گرتن لە تەشەنەکردنی شۆڕش لە ناوچەکانی رۆژهەلأت وبۆ ئەوەی رێگەی پاشاکشەیان بۆ عێراق و ئێران لێ بگرن، سەرەتا دەوریان دە گرن.

کوردەکان زۆر زوو لە هەموو ئەو شارانەی کە گرتبوویان،راودەنرێن ولێدەبرێن لە ناوچە شاخاویەکانی گەنج دا بەرگری بکەن.بەڵام هێزی هیمداد کە لە ناوەراستی ئازارەوە لە دیاربەکر خربوونەتەوە لە ٤/٨دا بۆ کۆتایی هێنان بە شۆڕش دێنە مەیدان...مەسەلەکە تارادەیەك زوو دەبڕێتەوە، چونکە لە ٤/٥/ ١٩٢٥ شێخ سەعید بەخۆی و سی کەس لە هەوادارەکانیەوە کە

https://t.me/kurdistanbooks

هەندێکیان شێخ وئاغا دەبن لە نزیکی گەنج ئەسیر ودیل دەبن"١٦" بە پێی هەندێ پروپاگەندە لەم مەسەلەیەدا خیانەت لە شێخ سەعید کرا،چونکە خەڵات بۆ سەری شێخ دانرابوو"١٧".

هەر هەموو ئەو پێنج فەوجەی کە لە هەیڤی شوباتدا لە دیاربەکرەوە بۆ سەر شۆرشگێران نێردرابوون و ئەسیر بووبوون ،بەساغ و سەلامەتی لە ئۆردوگاکەی شێخ سەعیدا دۆزرانەوە...هەر ئەمە بۆخۆی نیشانەیەکە کە شێخ سەعید لە شەردا دڕندەکاری نەکردووە! لەوەشە ویستبێتی بەم کارە مۆرڤدۆستانەیە پشتیوانی ولەگینە ناوبژیوانی هێزە ئەوروپاییەکان بە دەست بێنێ"١٨" ئێستاعەمالیاتی عەسکەری بەمانای وشە تەواو بووە ،بەڵام سەرکوتکاری هەر بەردەوامە.

### ١٣- سەرکوتکا ری:

ئیستا ئەو سەرکوتکاری وگوشارەی لە سەر کوردستانی داگیرکراوی بندەستی سی هەزار سەربازی ترك پیادە دەکرێ زۆر دڕندانەیە.لە دیابەکرا، زۆربەی ئەو زازایانەی کە دوای گەمارۆی شار لە لایەن هێزەکانی شێخ سەعیدەوە،حکومەتی ترك گرتبوونی لە دەرێی دیوارەکانی شاردا بەردەستریژی گوللە دران یان لە مەیدانی گشتی شاردا لە سێدارەدران.((بێ ئەوەی کەس فزەی لێوە بێ.کەس دەنگ هەڵبڕێ.خەمساردیوبێ موبالاتی مەحکومەکانیش لە هی تەماشاکەرەکان کەمتر نیە:لەو ماوەیەدا کە تەرتیباتی سامناکی ئیعدام کردنەکەیان بۆ فەراهەم دەکردن کە بەزۆری نیو سەعاتێکی دەخایاند نەکەسێکیان پاڕایەوەو نە کەسێکیان هەڕەشەیەکی کرد))"١٩" .

لە ١٥ی نسیان بەملاوە چوار ناوداری کوردیان،لەوانە یوسف زیای نوێنەری جارانی ئەنجومەن وعەقید پەلید،لە سێدارە دا. لە ١٨/٤دا شێخ عەبدولقادرو،کە لە دەوروبەری قەستەنتەنیە نەجووڵا بوو،دوازدە ناوداری تری کوردیان گرت.کۆتایی کاری کوڕەکەی شێخ عوبەیدوڵلا دڵتەزێنە:ئەو کە لە ساڵی ١٩١٣دا لە ترسی ئەوەی بە تۆمەتی خیانەت لە وڵات تاوانبار نەکرێ ، لەگەڵ مێجەر نوئێلدا بۆ کوردستان نەچووبوو،شەش ساڵ لەدوای ئەوە بوو بە قوربانی دەسیسەیەکی پۆلیسی:لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٤دا یەکێك لە هاوکارانی شێخ لەگەڵ((تیمپلی)) ناوێکدا کە خۆی لێکردبوو بە بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆژهەلات و وەزارەتی دەرەوەی ئینگلستان، پەیوەندی دروست دەکات- بەڵام ئەم پیاوە لە راستیدا ماموری پۆلیسی((ئەمن))ی تورکیە بووە! شێخ پەیمان دەگەڵ ئەم کەسەدا دەبەستێ:((پەیمانێکی وەکو ئەوەی کە ئینگلیز دەگەڵ شەریفی مەکەدا بەستوویەتی)).بە پێی قەواڵە وبەڵگەنامەی حاشا هەڵنەگر شێخ عەبدولقادر بوو بوو بە قوربانی پێداگرتنی کوێرانەی خۆی بە (داواکردنی یارمەتی ئینگلیزەکان) حوکمی ئیعدام دراو، لە سێدارە درا.

### ١٤- دادگا یی:

لە ئەنقەرەودیاربەکر دادگا سەربەخۆکان بێ وچان لەکاردان.لە دیاربەکردا یەکەم دۆسیە کە دەخرێتە بەرلێکۆڵینەوە دۆسیەکەی دکتۆرفوئادە کە((هەمیشە ئامادەی چاکەکردنە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا و ئەوەندە گێلە کە خەتەر نیە!))"٢٠".دکتۆر فوئاد دوای دادگاییەکی کورت حوکمی ئیعدام دەدرێ.نەفەری دووەم ئەکرەم جەمیل پاشایە.ئەوجا نۆرەی شێخ سەعید دێ.ئەم چەند دێڕەی ئیدیعانامەی دادسێن،ئەوە نیشان دەدا کە شێخ سەعید تەنیا پیاوێکی توندڕەوی مەزەبی نەبووە:((هۆکارو ریشەکانی ئەو شۆرشەی کە لەو دواییانەدا لە ستانەکانی ڕۆژهەڵاتی

https://t.me/kurdistanbooks

ولاّتی هەمیشە ترکدا هەڵگیرسا،هەمان ئەو هۆکارانەن کە بۆسنە وهەرزەگۆڤینای شێواند....ئەو مەبەست و ئامانجانەی کەبوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شۆرشی کوردان هەمان ئەو مەبەست وئامانجانەن کە سوریا و فەلەستینان بەرەو وێرانی برد... رێنونی هەندێکتان غرورو لوتبەرزی بوو،هەندێکی ترتان لەژێر کاریگەری حەسودی سیاسی بێگانەدا بوون ،بەلاّم هەموتان لەخاڵێکدا هاوبەشن:دەتانویست کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن.ئیستاش سزای تاوانەکانتان لە سەر قەنارە دەدەن!))"٢١"

سەرکوتی قەزایی شۆرش زوو بە زوو لەناو ولاّتا شێوەی عەمەلیاتێکی سیاسی بەرین بەخۆوە دەگرێ "٢٢"ودەکەوێتە گیانی لایەنگرانی گەرانەوەی خەلافەت،وکۆمەنیستان،وبەتایبەتی ((حیزبی تەرەقی خواز))کەبەهۆی پایەو ئیحتوباری خۆیوسەنگوناوداری سەرۆکەکانیەوە هەڤرکێکی مەترسیدار بوو.هەرگیز ئەوە نەسەلماوە کە حیزبی تەرەقی خواز هاوکاری شۆرشگێرانی کردبێ،بەلاّم کوردانی دیاربەکر و قەستەنتەنیە پەیوەندییان بەم حیزبەوە کردبوو چونکە لە بەرنامەکەیدا بەڵێنی جۆرە ((لامەرکەزیەتێکی ئیداری))دەدا، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بە دەنگەوە هاتنی خواستی سەرانی کورد بوو.

وەکو یەکێك لە کاربەدەستانی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەڵێت،مستەفا کەمال بەلاسایی کردنەوەی ((شێوازەکانی موسۆلینی- لەئێستە بە دواوە هەرهەموو ئەوزارەکانی سەرکوتکردنی نەیارانی خۆی وزاربەستنی هەموو رەخنەگرانی لەدەستدایە))"٢٣".

**١٥- دەرهاوێشتە و دەرەنجامەکانی شۆرشی شێخ سەعید:**

ئەگەرچی دەوڵەتی تورکیا،لەکۆتایی نیسانی ١٩٢٥دا شۆرشی کوردان بە ((کۆتایی هاتگ)) دەزانی،بەلاّم شۆرش بەشێوەیەکی پەراگەندە هەر بەردەوامە:کوردەکان کە رێبەرانی خۆیان لەدەست داوەو پەرش وبلاّوبوونەتەوە،دەست دەکەن بە کاری ئاسیورەسانی و پارتیزانی.

سیاسەتوانێکی فەرەنسەیی لەکۆتایی هەیڤی ١٩٢٥/٥دەڵێت کە رەوشی کوردستان هیچ گۆرانێکی بەسەر نەهاتووە:((کوردەکان کۆسارەکانیان بەدەستەوەیە!))ودەوڵەتی تورکیا ناچارە جارێکی دی داوا لە فەرەنسا بکات کە رێی بدات لە رێگەی هێڵی ئاسنی بەغداوە هێزی هیمداد بۆ شەرگە ڤرێ بکات.

توندرەوی لەسیاسەتی((جیاکردنەوەی ئاین لە حکومەت)) کە مایەی سەرکوتی تەکیەی دەروێشانە بەو حەساوەی ((مەڵبەندی گەندەڵی ونەزانین)) هەروەها دورخستنەوەی شێخان و سەرانی تەقلیدی وسەرکوتکردنی جەماوەری خەڵکی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرە شۆرشێکی تارادەیەك ناوچەیی ،کەیەکێك لە و شۆرشانە،شۆرشی حاجۆیە لە ناوچەی نەسیبین، کە لە مانگی ئازاری ١٩٢٦دا روو دەدات.

**١٦- پەنا بردنە بەر عێراق:**

کوردەکانی عێراق زاهیری چ ئاگاداریەکیان لەمەرشۆرشی شێخ سەعید نیە، تا لە دەوروبەری ئەیلولی١٩٢٥دا ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەو پەنابەری کورد ودیان دەگەنە ناوچەکانی زاخۆ ودهۆك.

https://t.me/kurdistanbooks

ئینگلیزەکان کەچاویان بەو هەموو پەنابەرە دیانە دەکەوێ زۆریان لەبەر گران دەبێ:دە-دوانزە هەزار کەس کە لە گوندەکانی گویانی و شەرناك وەدەرنرابون."٢٤"

خۆ ئاوارە کوردەکانیش زۆرن،وئینگلیزەکان ئەم خەڵکە لەسێ ئۆردوگای جیاواز لە زاخۆ و دهۆك وبەرسەڤیی نزیك سنوردا جێدەکەنەوە.لە نێو پەنابەرە کوردەکان ژمارەیەکیان لەو ئاغایانە بوون کە((ملیان بۆدەستوری ترکان سەبارەت بە کوشتاری دیانان نەدابوو)) ژمارەیەکیان ئەندامی لیوای شەست و دووەمی ترك بوون و لەخزمەت هەلاٌتبوون،هەندێکیان لەو فەلاو وەرزێرانە بوون کە لە ئوردوگای کاری بێگاری(!) هەلاٌتبوون،جگە لەکۆمەڵێك دەوارنشین."٢٥"

## ١٧- لە سەرکوتکارییەوە بۆ پاکتاوکردنی نەژادی:

هاتنی ئەو هەموو ئاوارە دیان‌وکوردە بۆعێراق زوو بە زوو گیروگرفتێکی زۆری بۆ دامودەزگای ئیداری ناوچەکە دروست کرد.

لەکۆتایی مانگی١١/١٩٢٤دا سێرهنری دوبز، کۆمیسێری بالاٌی بەریتانیا لە عێراق،لە مەجلیسێکی فراڤینی رەسمیداولە ئەنقەرە باسی ئەم مەسەلەیە دەکات،بەلاٌم وەلاٌمێکی سەیرو سەمەرە لە تۆفیق رەشید بەگی وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا دەژنەوێ،کە تورکیا نەك هەر ئەو کوردانەی پەنایان وەبەر عێراق بردووە وەرناگرێتەوە، بەڵکو((بەتەمایە وپێوەیە هەموو کوردان لە عەنەدۆڵ وەدەربنێ،وەکو چۆن یۆنانی و ئەرمەنیەکانی وەدەرنا))!"٢٦"

دوای چەند هەفتەیەك وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا لەدیدارێکدا دەگەڵ((کلیرك))ی سەفیری بەریتانیای مەزن هەمان بابەت دووبارە دەکاتەوەو((تێوری فەلسەفی- مێژوویی)) دەوڵەتی تورکیا هێند بەبێ ئەدەبی و بەبێ شەرمی باس دەکات کە سیاسەتوانی بەریتانیا باوەڕ بە گوێی خۆی ناکات!((بەپێی ئەم تیوری))یە زەمانی گروپێن نەتەوەیی،بە گوتەیەکی دی باوی ئیمپراتۆریەتان هاتۆتەوە.ئێستا ئیتر سەردەمی سەربەخۆیی وجیابونەوەی میللەتانی بچووکی یەك دوو ملیۆنی((وەکوئەلبانی))بەسەر چووە.کوردەکانیش هەمان چارەنووسیان دەبێ. بەلاٌم ئەمانە((کوردەکان))،ئاستی رۆشنبیری وئەقڵییان هێندە نزم وپاشکەوتووە کە ناتوانن بەئاسانی بەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیا بکەون‌وئاوێتەی بن.ئەم خەڵکەش وەکو هندۆکەکانی ئەمەریکا (کلیرك دەڵێ رەنگە جەنابی وەزیر مەبەستی سورپێستەکانی ئەمەریکا بێت!)چونکە لەم ململانێی مانەوەیەدا ناتوانن لە رووی ئابورییەوە خۆیان لەگەڵ هەلو مەرج و بارودۆخ دا بگونجێنن وشان بە شانی ئەو ترکە زۆر پێشکەوتووانەی کە لە ناوچە کوردنشینەکاندا ئاکنجی دەبن،برۆن بەناچاری لە ناودەچن‌ومەحو دەبنەوە.خۆ ئەمرۆ کەمتر لە ٥٠٠٠٠٠کورد لە تورکیادا دەژین،ولەم ژمارەیەش چەندیان بتوانن بۆ عێراق یان ئێران کۆچ دەکەن و ئەوەی دەمێنێتەوە بەکورتی وبەکرمانجی وبە رونی و بەڕاشکاوی وەکو رەگەزی ناسازگار لەگەڵ ژینگە دا لەبەین دەچن ))"٢٧".

دوای چەند مانگێك دەوڵەتی تورکیا بەرەسمی پەسندکردنی قانونێکی راگەیاند(قانونی ژمارە ١٠٩٧بەرواری ١٩/٦/١٩٢٧)کە ئەم قانونە رێگەی بە دەوڵەت دەدا لەبەر((هۆی سوپایی و کۆمەلاٌیەتی))(!) لە ویلایەت‌وناوچەکانی رۆژاواوە ١٤٠٠ کەس بەخاوخێزانەوە لەویلایەت وناوچەکانی رۆژهەلاٌتەوە هەرهەموو ئەوانەی کە((بەسزای قورس حوکم دراون))رابگوێزێ.

https://t.me/kurdistanbooks

دووسالآن پاش شۆرشی شێخ سەعید کاری کوردستانی تورکیە گەییوەتە بنبەستی تەواو:((۳۰۰۰۰ سەربازی ترک بەزەحمەت بەشی پاسەوانی ناوچەیەك كە لە باشوری وانەوە تا رۆژهەلآتی دەریاچەی وان دەگرێتەوە دەکات ،ئەم ژمارە سەربازە تەنانەت بەنیاز نین كە ناوچەکە لە بوونی دژمنش پاك بكەنەوە،ئەوەندە ناوچەیەکی سەخت وناهەمووارە))"۲۸"

ترکەکان کە لە یەکلاکردنەوەی مەسەلەی کورد نائۆمێد دەبن،لێدەبڕن هانا بۆ ئێران بەرن، لێ ئێران ئەم کارە پەسند ناکات ،چونکە کوردەکانی خۆی چ گیروگرفتێکیان بۆ نەناوەتەوەوئەویش (ئێران) بە هیچ جۆرێ نایەوێ سەریەشەیەکی وەها بۆ خۆی دروست بکات!"۲۹"

۱۸- سەرچاوەو پەراوێزان :

۱-راپۆری ۱۹۲۵/۳/٤ میجەرهارنك، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ، ۳۷۱۱۹۸٦۷،

۲-بە گوێرەی شایەتی فەرمانبەرێکی بانکی عوسمانی، دانیشتووی دیاربەکر، لە نامەیەکدا بە زمانی فەرەنسی وبە بەرواری ۱۹۲۵/٦/۲ ئەمە تەنیا بەڵگەنامەیەکی باوەرپێکراوە کە یەکسەر پاش شۆرش لە وێندەر نووسراوە.

۳-نامەی فەرمانبەری ناڤبری، وەزارەتی کاروباری ئینگلستان، ۳۷۱۱۰۸٦۷

٤- گفتوگۆی ئەنجومەنی نیشتمانی،تۆمارکراو لە بۆڵتنی بنکەی لێکۆلینەوەی کوردی، کامەران بەدرخان ژمارە دوو، ۱۹٤۸

٥- LEPEUPLE برۆکسلْ ۱۹۲۵/۲/۲۸

٦- نووسراوی جی ،مۆرگان،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ۳۷۱۱۰۸٦۷، ۱۹۲۵/۳/٤

۷- راپۆری ئیرکمودور، عێراق ۱۹۲۷/۲،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ۳۷۱۱۲۲٥٥

۸- بڕوانە کتێبی یەکێتیی سۆڤیەت وکوردەکان،لێکۆلینەیەکە دەربارەی کەمینەیەکی نەتەوەیی ، نامەیەکە دراوە بە زانستگەی فێرجینا،وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا،۱۹٦٥ نووسینی ویلسن هاولْ.

۹- راپۆری لیندزی گەورە سەفیری بەریتانیا لە ئەنکەرە ۱۹۲۵/۳/۹.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا .۳۷۱۱۰۸٦۷

۱۰-قسەکانی عیسمەت پاشای سەرۆك وەزیر،لە ئەنجومەنی نیشتیمانی،۱۹۲۵/٤/۷، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان . ۳۷۱۱۰۸٦۷

۱۱- راپۆری۱۹۲۵/۳/۱٤ی گەورە سەفیری فەرەنسا،قەستەنتەنیە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا .۳۱۱- ۳۱۱ E

۱۲- وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان .۳۷۱۱۰۸٦۷

۱۳- نووسراوی ۳/۹ی گەورە سەفیری بەریتانیا لە قەستەنتەنیە، لیندزی

۱٤-راپۆری جەنەراڵ موجن ۱۹۲۵/۳/۲۹ ئەنکەرە.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا، ۳۱۳- ۳۱۱ E

۱٥-سەرهەنگی دووەم کارتو،پاشکۆی عەسکەری لە قەستەنتەنیە۱۹۲۵/۳/۱۷.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا ۳۱۳-۳۱۱ E.

https://t.me/kurdistanbooks

١٦-شێخ عەبدوڵلا شێخ عەلی مەهوەند ،(مەحمود ؟)ئاغا ،تەیمورئاغا،خڕگەپازارلی رەشیدئاغا، قاسم عەلی (کۆنە سەرگوردی سوپای تورکیا)

١٧- حەسەن ئەرفەع ،کوردەکان ، ل ٣٧

١٨-نامەی فەمانبەری بانقی عوسمانی .

١٩-هەمان سەرچاوە.

٢٠-هەمان سەرچاوە.

٢١- قەیدی ١٩٢٥/٦/٢٨، لە کتێبی (لە کوردستانی عێراقدا ،بوونی نەتەوەیی،ل٣٤٧) عیسمەت شەریف وانلی وەرگیراوە.

٢٢-ئەلبیرسارو، گەورە سەفیری فەرەنسا ١٩٢٥/٦/٢٣،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا، E ٣١١-٣١٣

٢٣-نووسراوی ١٩٢٥/٣/١٦ی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلستان،ئامادەکردنی ئازربورن(؟)، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان .٣٧١١٠٨٦٧.

٢٤- DAILY CHRONICLE، لیستێك لە مەڕ((ئەو خوێنرێژییانەی کە لە مەرزێن دۆلی دوو روبار روویانداوە)) بە دەستەوە دەدات.

٢٥-وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان . ٣٧١١١٤٧٠

٢٦-مەجلیسی فراڤین،رۆژی ١٩٢٦/١١/٢٣وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان، ٣٧١١٢٢٥٥

٢٧-راپۆری ١٩٢٧/١/١٧ی سێرجی کلارك دەبارەی گفتوگۆی ١/١٦ دەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیستان ، ٣٧١١٢٢٥٥.

٢٨-راپۆرتی میجەر هارنك، پاشکۆی عەسکەری بەریتانیا لە ١٩٢٧/٣/٣ .

٢٩-گفتوگۆی مێجەرهارنگ،دەگەڵ پاشکۆی عەسکەری ئێران، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٢٢٥٥.

https://t.me/kurdistanbooks

## فەسڵی پێنجەم : کۆماری ئارارات ( ١٩٢٧-١٩٣١ ) :

**١- دامەزراندنی خۆی بوون (( سەربەخۆیی )):**

چۆنیەتی دامەزرادنی کۆمەڵەی خۆیبون بە دروستی نەزانراوە.بە گوتەی یەکێك لە دامەزرێنەرانی خۆیبوون،لە بەهاری ساڵی (١٩٢٧)دا،لە بنارەکانی ئاراراتدا بە ئامادەبونی نوێنەری چوار رێکخراوی نەتەوەیی کورد واتا:((تەعالی کوردستان))،((تەشکیلاتی کوردستان))،((میللیەتی کورد))و((کۆمیتەی سەربەخۆیی)) کۆنگرەیەك بەستراوبڕیاری هەڵوەشانەوەی خۆیان دا تا لە یەك رێکخراودا واتە لە ((کۆمەڵەی خۆیبوون))دا یەك بگرن ."١"

بەلاّم پێدەچێت ئەم کۆبونەوەیە لە شاری بحەمدونی لوبناندا کرابێ، هەڵبەتە ئەم بۆچوونە لەم رووەوە دروست دەنوێنێ،چونکە کوردستانی تورکیا لەو دەمەدا مەیدانی کاری عەسکەرتاریەت بووە."٢"

کۆمیتەیەکی تەنفیزی، کۆمەڵەی خۆیبوون بەڕێوەدەبات، کە بارەگاکەی لە حەڵەبە- تا هاوینی ساڵی ١٩٢٨کە لە لایەن دەسەلاّتدارانی فەرەنسیەوە ((پەرتەوازە)) دەکرێ. گەلێك لە ناوداران و پیاوماقولانی کوردی ئاکنجی قەستەنتەنیە، بە تایبەتی ئەندامانی ماڵباتی بەدرخانیەکان،لەم کۆمیتەی تەنفیزیەدا دەبینرێن:جەلادەت بەدرخانی کوڕی ئەمینعالی بەدرخان سەرۆکی کۆمیتەکەیە. ئەندامەکانی تری کۆمیتە بریتی بوون لە کامەران وسورەیا بەدرخانی برای جەلادەت، مەمدوح سەلیم و شاهین بەگ .( رێبەرە سەرەکییەکانی خۆیبوون بریتی بوون لە : قەدری جەمیل پاشا ،جەلادەت عالی بەدرخان ،حەسەن ئاغا حاجۆ ،ئیحسان نوری پاشا، ئەکرەم جەمیل پاشا ،مەمدوح سەلیم و عارف عەباس.)

سەرکردایەتی((خۆیبوون))سوورن کە دەرس وپەند لە شکستەکانی رابردوو وەربگرن بۆیە دەیانەوێ زۆر بە نهێنی وبە پارێزەوە کار بکەن، هەموو تیرەوتایفە کوردەکان بەلای شۆرشدا ڕابکشێن،چالاکیەکانی خۆیان هاوئاهەنگ بکەن،جەنگاوەرانی کورد بە چەك وتەقەمەنی تازەو هاوچەرخ چەکدار بکەن و بەرەبەرە فێری یاساو رێسای جەنگیان بکەن.

ئەم گروپە کە نەسلێك بەر لە تێوریسێنانی جەنگی پارتیزانی ئەمەریکای لاتینی رێسای ( بنکەی شۆرشگێری)یان داهێنا، لێدەبڕێن((لە یەکێك لە شاخەکانی کوردستانی بندەستی ترکاندا بنکەیەکی سوپایی دامەزرێنن کە لە شەڕێکی یەکجارەکی وچارەنوس سازدا لە بری مەخفەر و مەڵبەندی مەشق وراهێنان وبارەگا بەکاری بێنن)) وئەم مەڵبەندە لە ژێر دەستی (سەرکردایەتی هێزی یەکگرتووی کوردا بێت)) .

رێبەرانی((خۆیبوون)) کە سوورن لەسەر ئەوەی تا ((وەدەرنانی دوا سەربازی ترك لە مەرزی کوردستان)) درێژە بە شەڕ بدەن، هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنە کار کە دژمنایەتی ولاّتانی دراوسێ نەکەن و رایدەگەیەنن کە ((خوازیاری ئەوەن باشترین پەیوەندی دۆستانەیان دەگەڵ دەوڵەت ومیللەتی ئێرانی برادا هەبێ ))- هەرچەندە ئەمە رێ لە دەوڵەتی ئێران ناگرێ کە- راستە تا رادەیەك بە دەستی خۆی نابێ- لە سەرکوتکرنی راپەرینی کورددا یارمەتی ترکان بدات .

https://t.me/kurdistanbooks

سەربارەت بە عێراق وسوریا–خۆیبوون ،دووپاتی دەکاتەوە کە (( رازی وخۆشحاڵە بەو مافانەی کە بە پێی بڕیارەکانی سایەنشینی بە کوردی ئەم دوو وڵاتە دراوە وخوازیاری مافی پتر نیە بۆیان.)) هەڵبەتە ئەم تەگبیرە سەربارەت بە بزووتنەوەکە تەگبیرێکی زیرەکانەیە وخۆ پاراستنە لە دژمنایەتی بەریتانیا وفەرەنسا.

سەرەنجام،ڕێبەرانی ڕێکخراوی تازە(خۆیبوون)((لێدەبڕێن هەرهەموو بەدحاڵی بوون وساردییەکی نێوان کورد ومیللەتی ئەرمەنی بە یەکجارەکی حەلو فەسڵ بکەن)) ."٣"

لە ڕاستیدا ،پەیوەندی نزیك لە نێوان خۆیبون وحیزبی ناسیونالیستی ئەرمەنیان ((داشناك))دا هەبوو،هەڵبەتە ئەم پرۆپاگەندەیە ناچیتە ئەقڵەوە کە گوایە خۆیبوون((لەسەر داوای)) ڤ. پاپازیان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی داشناك دامەزرابوو.بە پێی ڕاپۆری ئینگلیزان،"٤"پاپازیان بەخۆی لە کۆنگرەی خۆیبووندا بەشدار نەبووە."٥"بە هەرحاڵ ئەرمەنییەکان بەشێك لە تەقەمەنی و چەکی شۆرشگێرانی ئارارات لە ڕێگەی تەورێزەوە دابین دەکەن.

زانیارییەکی روونی ئەوتۆ لەمەڕ جۆری پەیوەندی کردنی کۆمەڵەی خۆیبوونی ئاکنجی حەڵەب ، بە هێزە چەکدارەکانی خۆیانەوە لە ئارارات لە دەستدا نیە،چونکە یەکێك لە جوملەی ئەرك‌و کارەکانی دیکەی کۆمەڵە ئەوە بوو کە لە ئەوروپادا پروپاگەندە بۆ شۆرشی کورد بکات، دەیتوانی بە ئاسانی ئەم گومانە لای خەڵکی پەیدا بکات کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر پێشمەرگەدا، کە بەخۆی تاقە رشتەی پەیوەندی ئەوان بوو بە جیهانی دەرەوە،هەیە .

لە ساڵی ١٩٢٥بەسەرەوە شۆرش بەعەمەلی لە کوردستانی تورکیادا ،بە تایبەتی لە دەڤەری بایەزیدو ئاراراتدا کۆتایی نەهاتبوو.بەلاّم دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خۆیبوون پێیان ناخۆش نیە بڵێن بزوتنەوەیەکیان چێکر کە بەر لەوان لە ڕاستیدا وجودی هەبوو،وپاش رۆیشتنی فەرماندەی گشتی هێزەکان((ئیحسان نوری)) لە هەل ومەرجێکدا کە لە هەلاتن دەچوو،خێرا هەموو دەسەلاّتێك بەسەرییەوە لە دەست دەدەن.

بەلاّم گومان لەوەدانییە کە کۆمەڵەی خۆیبون لە دەرێی مەیدانی شەردا زیاتر گروپە نەتەوەییە کوردەکان لە دەوری یەکدی خڕدەکاتەوە،ولق لە هەموو جیهاندا،تەنانەت لە ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی لە دیترۆیت دا دەکاتەوە."٦"

## ٢- ڕوو بە ڕوو بوونەوەکانی ساڵی ١٩٢٧:

ڕاپۆری سیاسەتوانانی ئاکنجی ئێران‌وتورکیە ئەوە دەگێرنەوە کە لە ساڵی ١٩٢٧دا سەرتاسەری کوردستانی تورکیا لە جموجۆڵ دایە:لە دەوروبەری دیاربەکر ومۆش ،خنیس وبولانیك، ترس و لە رزیان لە ناوچەکەدا بلاّوکردووەتەوە.ناوچەی بەتلیس وکۆساری ئاراراتیش وەتر.

یەکێك لە هێرشە سەرەتاییەکانی تورکیا لە ئەیلولی ١٩٢٧دا لە دۆلی زیلان، دووچاری شکستێکی کارەساتئامێز دەبێت:شۆرشگێرانی کورد بە هاوکاری ئەو چەکدارە عەشایەرانەی کە لە ئێرانەوە هاتوون،ئەم پاشەکشەیە لە سوپا هەشت هەزاریەکەی تورکیا دەکەنە کارەسات‌ومسیبەتێکی راستەقینە:چوار تۆپ و ٣٥ رەشاشیان لێدەگرن وچواردە ئەفسەر وسەدان سەربازی ترك بەدیل دەگرن."٧"

https://t.me/kurdistanbooks

قوەتەکانی ترك پاش ئەم شکستە خوێناوییە بۆ دیادین دەکشێنەوەودەوڵەتی ترك ئەم سەرکەوتنەی کورد دەداتە پاڵ هاوکاری تیرە کوردەکانی دەڤەری ماکۆودەوڵەتی ئێران ئاگادار دەکاتەوەوداوای لێدەکات سنور داخات وئەو کوردانەی تورکیا کە پەنا وەبەر ئێران دەبەن چەك بکات."٨"

**٣-هەڵویستی سۆڤیەت:**

لەم شەڕانەدا کە لە خاکی دراوسێی دیوار بە دیواری مەرزی باشووری سۆڤیەتداولە ناوچەیەکی زۆر هەستیاردا لە گەڕدا بوو هەڵوێستی سۆڤیەت یەکجار بە تەمتومان‌ونادیار دەبیٚ. سۆڤیەت ، لە بەهاری ساڵی ١٩٢١دا دوو پەیمانی دەگەڵ ئێران و تورکیادا بەستووە، بە پێی ئەم جووتە پەیمانە ناتوانیٚ پشتیوانی شۆرش وبزاڤێکی نەتەوەیی کورد بکات کە مەبەستی پارچە پارچە کردنی هەر یەکێك لەم دوو ولاٌتە بێت.

سۆڤیەتیش وەکو فەرەنسا،بەلاٌم بە هەنجەت‌وبیانوی جیاواز لە هی فەرەنسا،مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی بە دەسیسەوپیلانی شومی بەریتانیا دەزانی.

کاراخان،یاردەدەری کۆمیسەری دەرەوەی سۆڤیەت لە هەیڤی١٩٢٧/٧دا پەیمانێکی دەگەڵ تورکیادا مۆرکرد کە دژی بزووتنەوەی کورد بوو:ئەم پەیمانە لە مۆسکۆ لەلایەن زەکی بەگ وبە ئامادەبوونی سەفیری جارانی سۆڤیەت لە تورکیا(ئارالۆف) ئیمزا کرا "٩".

ئەو پەیمانی یەکێتی وهاوکارییەی لە نێوان ڕێبەرانی خۆیبوون وڕێبەرانی حیزبی ناسیونالیستی(داشناك)دا بەسترا،بووە هۆی ئەوەی سۆڤیەت زیاتر دژایەتی کورد بکات.

لە ساڵی١٩٣٠دا لەو کاتانەدا شەڕی زۆر قورس لە دەوروبەری ئارارات لە ئارادا بوو،سۆڤیەتەکان مژوڵی دامرکاندنەوەی شۆرشێکی دیکەی نەتەوەیی بوون کە لەلایەن ئەرمەنیەکانەوە هەڵگیرسێنرابوو، وەختیٚ کە کوردەکانی سۆڤیەت و ئەرمەنییان یارمەتی شۆرشگێرانی ئارارات دەدەن،سۆڤیەتەکان هاوکاری ترکیان دەکرد:سوپای سۆڤیەت بوارو دەراوە سروشتیەکانی ئاراسیان کە سنوری نێوان هەر دوو ولاٌت پێکدەهێنیٚ بە تەلی دڕکاوی وسەگی پۆلیسی قایم‌وپاس دەکەن،لێرەولەویٚ مەخفەری دیدەوانی دادەنێن ودەوریٚی سوارە بە بەردەوامی بە هێلە سنوریەکاندا دەگەرێن....بەلاٌم ویٚرای ئەمانەش سنور هەرگیز بە تەواوەتی ناگیریٚ."١٠"

لە کۆتایی مانگی١٩٣٠/٧دا بەر لەوەی لەشکری تورکیا هێرش بۆ سەر ((قوللە وقەلاٌی)) ئارارات بەریٚ، قوەتێکی سوپایی سوارەی ٥٠٠ کەسی سۆڤیەتی دەگاتە گوندی دوەلوی نزیکی ئاراس، قوەتەکە دوو رۆژ لەم گوندە دەمێنێتەوە،ئەوجا شەوێك لە پڕ قوەتی ناڤبری ((ون دەبیٚ))... دێهاتیانی دووەلو دڵنیان کە درەنگە شەوانیٚ لە ئاراس پەڕیونەتەوە تا بچنە هیمدادی هێزی ترکان و شەڕی کوردان بکەن."١١"

هەرچەندە بەشداری راستەخۆی سۆڤیەتەکان لە سەرکوتکردنی بزووتنەوی ئاراراتدا هەرگیز نایەتە سەلماندن،بەلاٌم هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤیەتیش لە داپۆشین نایەت‌وخوێندنەوەی هەڵوێستی سۆڤیەت زۆر زەحمەت نیە.((لە پشت ئەو شەڕانەوە کە لە ئاراراتدا روودەدەن ،دیسان دەبیٚ دەستی ئیمپریالیزمی جیهانی ببینریٚ کە دەیەویٚ پەردەیەکی ئاسنین بە دەوری یەکێتیی سۆڤیەتدا بکێشێت))."١٢"

https://t.me/kurdistanbooks

ترك لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا بۆ جاری دووەم هێرش دەكەنە سەر خەباتكارانی ئارارات وئەم هێرشەیان لە هێرشی یەكەم سەركەوتووتر نیە،لە شكری ترك هەر زوو ناچار دەبێ لە بایەزید بارگە بخات تا زستانەكە لە وێندەر ڕابوێرێ.

بۆ یەكەمجار ناوی فەرماندەی تازە یان((ڕاوێژكاری سوپایی)) كوردان ئیحسان نوری دەبڕێ .

هەر لەم كاتانەدا كوردی دەڤەری بەتلیس ڕادەپەڕن و تا دەوروبەرو قەراغی شار دێنە پێشێ .

## ٤ – ئیحسان نوری و ڕا پەڕینی ئارارات:

ئیحسان نوری كە بەتلیسیە وسەرگوردی جارانی سوپای توركیە ،بە گوتەی مێژوونووسانی كورد لە ساڵی١٩٢٥دا لە كۆسارەكانی بۆتاندا، لە بیت الشهاب، شۆرشێكی هەڵگیرساندبوو وئەوجا دەگەڵ چەند سەد جەنگاوەرێكدا پەنای وەبەر كۆسارێن ئارارات برد بوو .

لە ساڵی١٩٢٧دا وەكو((نوێنەری شۆرشكەرێن ئاگری داخ(ئارارات) بەشداری كۆنگرەی خۆیبوون دەكات.چونكە لەلایەن كۆنگرەوە ڕادەسپێردرێ((مەڵبەندێكی مقاومەت))دابمەزرێنێ،هەڵبەتە ئەویش بۆ ئەم مەبەستە كۆسارێن ئارارات هەڵدەبژێرێ وساڵی١٩٢٧ بۆ((كۆكردنەوەی هەموو ئەو نیشتیمانپەروەرانە تەرخان دەكات كە لە كۆسارەكانا پەرتەوازەن))"١٣".

ئیحسان نوری لە ساڵی ١٩٢٨دا ((دەبێ بە سەركردەی چەند هەزار جەنگاوەری سازو ئامادەو مەشق دیتوو))و دام ودەزگایەكی ئیداری بەسەرۆكایەتی ئیبراهیم پاشا حەسكی،خەڵكی تیللۆ ناسراو بە حەسكی تیللو،دێتە دامەزراندنو وئاڵای كوردستان هەڵدەكرێ.كۆماری چكۆلەی كوردی ئارارات لە دایك دەبێ."١٤"

## ٥– ئا رارا ت:

لە جیهاندا كەم جێگە هەیە بە ئەندازەی ئارارات(ئاگری داغ) باش ولەبارو هەموار بێ بۆ وەی بكرێ بە((بنكە))ی شەڕی پارتیزانی.

ئارارات،بە هەردوو لوتكەكەیەوە،واتا ئاراراتی بچووك وگەورە،وبە خەرەند وزەندۆڵەكانیەوە قەڵایەكی سروشتی بە پانتایی ٩٦٠ كیلۆ مەتری چوار گۆشە پێكدەهێنێ! ئەم دوو لوتكەیەی ئارارات كە بە ڕاستە هێڵ ١٢ كلیۆمەتر لێك دوورن یە كەمیان ٣٣٩٦ مەتر ودووەمیان ٥١٥٧ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزن وهەردووكیان لە ملەی سەرداربولاكدا كە ٢٤٤٥ مەتر بەرزە، یەكانگیردەبن لەم ڕۆژگارەدا سنووری توركیا وئێران بە كێوی ئاراراتدا ڕەت دەبوو، لوتكە وداوێن وبناری ڕۆژهەڵاتی ئاراراتی بچووك بە شێك بوو لە خاكی ئێران، وئەمە خۆی لە خۆیدا كۆسپێك بوو لە ڕێگەی تركەكان ودەرفەتی نەدەدان كە ئابلۆقە وگەمارۆی شۆرشگێرەكان بدەن.

ئارارات گڕكانێكی خامۆش ونشێوێكی ٤٥نمرەییەولە ملەی سەرداربولاك دایەو،جێیەكی یەكجار ناقۆڵاوناهەمواره.

ئاراراتی گەورەش ناهەمووارو پڕخەرەندوزەندۆڵی گركانی وپڕ پێچ وپەنا وئەشكەفتانە،كە گەورەترین ئەشكەوتی دەكەوێتە بناری ڕۆژهەڵاتی چیاكەودەڕوانێتە ڕوسیا وسێ هەزار كەس بە خاوخێزان ومەڕوماڵاتیانەوە دەگرێ."١٥"

https://t.me/kurdistanbooks

پێشتر،یانی لە یەکەم جەنگی جیهانیدا کوردێن جەلالی پەنایان وەبەر ئاراراتی گەورە بردبووو توانی بویان لە هەنبەر هەموو هەوڵوکۆششەکانی رووس وئەرمەن بۆ وەدەرنانیان لەو ناوچەیە مقاوەمەت بکەن: ئەم خەڵکە کە بۆ ماوەی سێ ساڵان لە ١٥٠ کیلۆمەتری پشت شەڕگەوە بە تەنێ مابوونەوە توانیان تا پێشرەوی لەشکری عوسمانیان لە ساڵی ١٩١٨ لە نێو خاکی داگیرکراوی روسیادا، بەرگری بکەن."١٦"

**٦- دان و ستاند نێن ساڵی ١٩٢٨:**

دەوڵەتی تورکیا لەساڵی ١٩٢٨ لێدەبڕێت لە گەڵ شۆرشڤانێن کوردا بکەوێتە گفتوگۆ، جا بەم مەبەستەو بۆ وەی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ((لێکدی حالی بوون))بخوڵقێنێ،چەند هەنگاوێکی عەمەلی دەنێ:نەفی کردن رادەگرێ ، قانوونی((راگرتنی سزای ئیعدام)) بەپەسەندکردن دەگەیەنێ و(عەفوات بۆ ئەو کوردانە دەردەکات کە لە زەرفی سێ هەیڤاندا بگەڕێنەوە نێو ماڵ و مندالی خۆ) مۆڵەتی گەرانەوە بە نەفی کراوان دەدات وزندانییان ئازاد دەکات ...لێ زمانی کوردی هێشتا هەر یاساغە

دەوڵەتی تورکیا،سورەیا بەگی والی بایەزید رادەسپێرێ کە گفتوگۆ دەگەڵ شۆرشڤانان بکات.والی بایەزید بە نامەیەکی دووروردرێژ حەسکی تیللۆ ئاغا ئاگادار دەکاتەوە کە واز لە شۆرش ودژایەتی دەوڵەتی تورکیا بێنێ و ئەمە بە کارێکی((ناماقول وگەوجانە دەزانێت))،((دەوڵەتی تورکیا، دەوڵەتێکی شەش سەت ساڵەیەو خوێنەوارانی ناو ئێوە ئەمە دەزانن.لە ماوەی ئەم شەش سەت ساڵەدا هەزاران کەس دژی دەوڵەت هەستاون...چیان بە چی کردووە ؟- هیچ،دەوڵەت وەکو سەروەر وگەورەی مەملەکەت بە دەقی خۆیەوە ماوەتەوە)) و داوا لە حەسکی تیللۆ ئاغا دەکات کە سوود لەم فەرمانی عەفواتە وەربگرێ.

والی بایەزید چەند وشەیەکیش لەمەڕ ئیحسان نوری دەخاتە ئەم نامەیەوە:((بیستوومە کە ئەفسەرێکتانیش لەگەڵدایە.من وەکو هاوپیشەیەك داخ بۆ حالی ئەم ئەفسەرە دەخۆم.من نازانم کە ئەو چ تاوان وخەتایەکی کردووە)) .

بەلأم ئەم پەنابردنە بەر هەست وسۆزی هاوبەستەگییە دەگەڵ پیاوێکدا کە هاوفەرهەنگ یاهاوچینی ئەوە بێ ئاکاموبێ ئەنجام دەبێ، وبەرسڤی حەسکی تیللۆ توند وغرورئامێزە:(( ئەگەر راستەوعەفوات لە گۆرێدایە ،دەبێ ئەم عافواتە بۆ هەمووان بێ ودەگەڵ یاساکانی چەرخی شارستانیەتدا بگونجێت. ئەگەر دەیانەوێ بەم عەفواتە خەڵکانی کێوی فریوبدەن، ئەمەیان باسێکی دییە.ئێوە نابێ بەم جۆرە دەگەڵ خەڵکانی وەکو ئێمەدا قسەبکەن،چونکە ئێمە بەشی خۆمان ئەزمونمان هەن و دنیامان دیتوە.مرۆڤی هۆڤی لە هیچ شوێنێك نەماون.سەرانی گەورەی دەوڵەتی تورکیا دەبێ دان بەم حەقیقیە تەدا بنەن)) و لە سەری دەروات:(( ئەگەر بەراستی عەفواتێك لە گۆرێیە ئەدی بۆ میر وبەگ و ژن ومندالأنمان، کە هیچ گوناهێکیان نەکردووەو دوو ساڵە لە تاراوگەن ودژوارترین ژیانیان گوزەراندووە،بۆ سەر ماڵ وحاڵی خۆ نەگە راونەتەوە؟ تا دوورخراوەکان نەگەرێنەوە سەر ماڵ وحاڵی خۆ،ناکرێ چ باسێك لەگەرانەوەی ئێمە بکرێت))"١٧". هەر لەو رۆژانەدا یەکێك لە پیاوماقولانی بایەزید نامەیەك بۆ یەکێکی دی لە شۆرشڤانانی ئارارات بە نێوی نەعمان ئەفەندی دەنووسێت:نعمانە فەندی کۆنە کارمەندی دامودەزگای دەوڵت بووە، پاشان نەفی کراوە، لە تاراوگە هەلأتووە ودوای ٤٧ رۆژە رێ توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ئارارات!نامە نووسی

https://t.me/kurdistanbooks

ناڤبری له نامەکەیدا دەنووسێت که هەمیشه له خۆی دەپرسێت چون نەعمانه فەندی دەتوانێت له نێو ((کۆمەڵه خەڵکێکی جاهیل ونەزان)) بژی،و پێشنیازی بۆدەکات کەڵك لەم دەرفەتی عەفواته وەربگرێ،ودەڵێ کارێکی هاوتای کاری پێشووی،له هەر شوێنێکی ولآتدا خۆی بیەوێ،دەدەنێ.

بەرسڤی نەعمانیش توندە:((پاش ئەوەی کەدیتم و پاش ئەوەی که بەسەرم هات وهەموو ئەم شتانەش بێ ئەوەی خەتایەك یان گوناهێکم کردبێ ،بێ دادگایی، وهەر به هەوەسی دەوڵەت .... بەڵێ پاش ئەم هەمووە، هاتنەوەوقەبوڵکردنی((عەفوو))دەکاته کارێکی گەوجانه.منێك که ولآتم وێران بووەو بەراست وبەچەپدا تالآن دەکرێ کە مەسەله بێته سەر ژیان له هەر شوێنێ بژیم وەکو یەکە))"١٨".

دەوڵەتی تورکیا دوای ئەوەی هەوڵێکی بێهودەی زۆری دا که له رێگەی عەفواتەکەیەوە شۆرشڤانانی ئارارات بێنێته ڕەدا،له مانگی ئەیلوولی ١٩٢٨دا شاندێکی گرنگی بۆ بایەزید نارد تا راستەخۆ دان وستاندن دەگەڵ ئیحسان نوری دا بکەن. شاندەکه بریتی بوو له دووکەس له نوێنەرانی ئەنکەرە،والی قەرەکلیسا وفەرماندەی لیوای ٢٩ وقایمقامی دیادین وبایەزید.ئەم دیدارە له ١٩٢٨/٩/١٥دا له شیخلی کوپرو،له سێ کیلۆمەتری بایەزید،له بناری رۆژهەلآتی ئارارات ئەنجام درا .

شاندی نوێنەرانی ترك پێشنیازی ئەوە بۆ ئیحسان نوری،کە بەشەست سوارەوە هاتووەتە دیدارگاکه دەکەن که خۆی و هەر هەموو هاورێکانی عەفوو دەکرێن ئەگەر بەڵێنی گوێرایەڵی بدەن و چەکەکانیان تەسلیم بکەن.هەروەها ترکەکان بەڵێن به فەرماندەی سوپایی(کۆماری کوردی) ئارارات دەدەن که پلەی جەنەراڵی دەدەنێ و موچەیەکی زۆری بۆ دەبرنەوە ودەیکەن به مولحەقی عەسکەری له هەر ولآتێکی ئەورووپاییدا که ئەو بیەوێ.دیارە چ باسێکی داواو مافەکانی گەلی کورد نەهێنرایە گۆرێ وئیحسان نوریش پێشنیازەکانی دەوڵەت رەفز دەکات.ئەمە به مانای پچڕانی پەیوەندییەکانە.

**٧- سەرەتای شەڕەکان :**

له گەڵ سەرەتای توانەوەی بەفرا،واته له ناوەراستی ئازاری ١٩٢٩وە، ترکان دەکەونه خڕ کردنەوەی دوو سوپای( ١٢-١٥) هەزار کەسی لەئیگدرولە بایەزید،لەگەڵ نزیکەی سی فڕۆکەدا.

ساڵح پاشا سەرکردایەتی ئەم هێزانە دەکات. هاوزەمان دەگەڵ ئەم خۆ ئامادەسازیەدا دەسەلآتدارانی ترك، به تایبەتی له ئەرزرۆمدا دەکەونه خەڵك گرتنێکی زۆر. له ئەرزرۆم دا نەوەت کەس دەگرن. که یەکێکیان سەلآحەدینی کوری شێخ سەعیدی پیرانه.(که ئەو کاته تەمەنی ٢١ ساڵ نابێت) و به ١٥ ساڵ زیندانی لەگەڵ کاری قورسدا حوکم دەدەرێ، بەلآم ((عەفو)) دەیگرێتەوەوماوەی زیندانیەکەی بۆ دەکەن به دووازدە ساڵ و نیو!

ئۆپەراسیونی ئەسلی له ١٩٣٠/٦/١١دا به هێرش بۆ سەر (بنکه سنووریەکانی)! کۆماری کوردی ئارارات دەست پێدەکات...له نیوەی دووەمی حوزەیراندا ترکەکان روو به رووی هێزی کورد له ئارارات دەبنەوە.

**٨- دژه هیرشی کوردان( نیوەی یەکەمی ١٩٣٠/٧ ):**

https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام کوردەکان زۆر زوو دەست بە عەمەلیاتێکی زۆر بەربڵاودەکەن. ئیحسان نوری وئیبراهیم بەگی سەرۆکی کوردێن جەلالی ومەحموبەگ کە سەرگوردی جارانی لەشکری عوسمانیە، بەیارمەتی وهاوکاری عەشایری کوردی هەردوو دیوی سنوری ئێران وتورکیا، دەکەونە پەلامار دانی پاشهێزەکانی تورکیا وهەوڵدەدەن لێکدییان دابڕن وبە یارمەتی خەڵکی ناوچەکە بە باشور و باکوری دەریاچەی واندا رەت بێ‌ن‌وپەلاماری دیاربەکر بدەن.بەم جۆرە زۆری پێناچێت کە شەڕگەیەکی ١٥٠ کلیۆمەتری لە باکوری ئاراراتەوە تا خۆشابی رۆژهەڵاتی وان دروست دەبێت.

لە ٥-٩/٦/١٩٣٠ هێزی ترک وکورد لە دەشتی زیلانی باکوری ئەرجیسدا دەکەونە شەڕێکی قورسەوە.کوردەکان رووبە رووی مقاوەمەتێکی توند دەبنەوە،سەرەنجام لە بەردەم ترکاندا کە لە رووی ژمارەوە سیٚ ئەوەندەی کوردن و لە رووی چەك وتەقەمەنی وتفاقی شەرەوەش لە رادەبەدەر بالاٚ دەستترن دەشکێن."١٩"

هەندیٚ لە قووەتەکانی کورد لە باکوری واندا لە هێزەکانی دی دادەبڕێن و ئەوانی دی روو دەکەنە ئێران وئارارات.زیانی کوردەکان: ٩٠٠ کوژراو ٢٤٠٠ بریندار و ٣٦٠ بیٚ سەروشوێە، زیانی ترکەکان زۆر لەوەش قورسترە: ٢٨٠٠ کوژراو ٤٠٠ بریندارو ١٧٠٠دیل."٢٠"

کوردەکان دەڵێن کە گوایە ٢٤تۆپو ٦٠ رەشاش و شەست هەزار فیشەکیان گرتووە ودوانزە فرۆکەیان خستووەتە خوارەوە! هەڵبەتە ئەم ژمارانە زیادیان پێوە نراوە، بەڵام بە پێچەوانەی پرۆپاگەندەی چاپەمەنیە ترکییەکان، شۆرشی کوردان هێشتا زۆر لە شکستەوە دوور بوو.

لەم سەروبەندەدا ژنێکی ئینگلیز بە نێوی رۆزیتا فۆربز راپۆرێکی تاقانە لەمەڕ شۆرشی ئارارات دەخاتە بەردەست:ئەم ژنە پاش ئەوەی بە بێهودە هەوڵیدا بۆ ئەرمەنستانی سۆڤیەت بروات، سەرەنجام بۆ کوردستان چوو ویازدە رۆژان لەگەڵ شۆرشڤانانی کوردا مایەوە،لەم ماوەیەدا وێنەی یەکێك لەو فرۆکانەی گرت کە کوردەکان خستبوویانە خوارەوەو یەکێك لەو دوو تۆپەشی بە چاوی خۆی بینی کە کوردەکان گرتبویان.

((رۆزیتا فۆربز))ش هەندێك کۆمەکی ئێران بۆ شۆرشی کورد دەسەلمێنیٚو ئەوە دەگێرێتەوە کە چۆن((کوردەکان کە نەیاندەزانی ئەو تۆپانە بەکاربێنن کە گرتبوویانن وداوایان لە زەفەرالدەولە، فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازربایجان(دژمنی دێرینەی سمکۆ)کرد کە تۆپچیان بۆ بنێریٚ ))

((هەڵبەتە خویا نیە ئایا زەفرالدەولە نەیوست ئەم کارە بکات یان ئێرانیەکان ترسان.....بەڵام سەرەنجام زەفرالدەولە بۆ ئەم مەبەستە چەند ئەرمەنییەکی نارد، کە زۆر ترسابوون ودەترسان ئەگەر تیرەندازی بکەن ترکەکان بیانکوژن‌وئەگەر تیرەندازی نەکەن کوردەکان بیانکوژن ولەو دەپارانەوە کە لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرانیان بەرێتەوە."٢١"

هەر(رۆزیتا فۆربز) لەسەری دەروات:((وا دیاربوو کوردەکان شەڕیان بە جۆرە سەرگەرمییەك دەزانی وهەر ژنێکت دەبینی منداڵێکی لەکۆڵ و تفەنگێکی بە دەستەوە بوو.))"٢٢"

**٩- کێشمانەکێشی تورکیاو ئێران:**

ترکەکان کە لێبڕاون کاری کورد یەك لایی بکەنەوە، کۆسپێکی گەورەیان دێتە ڕیٚ:سنوری نێوان ئێران وتورکیا بە پێی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩٢٤دا بە ئاراراتی بچووکدا دەرۆیی.بۆیە لەشکری ترك نەیدەتوانی بچێتە خاکی ئێرانەوەوگەمارۆی ئەو کوردانە بدات کە خۆیان لە ئاراراتدا

https://t.me/kurdistanbooks

قایم کردبوو وشۆرشڤانان هەموو کاتێك دەیانتوانی خۆیان بە ئێراندا بکەن و یارمەتی و کۆمەك لە ئێران وەربگرن..جا لەبەر ئەمە سەرکەوتنی یەکجارەکی ترك وەستابووە سەر ئێرانیەکان کە بە هەشت سەد سەربازەوە چاودێری وپاسەوانی سنوریان دەکردو ئەم ژمارەیە بە هیچ جۆرێ بەشی ئەم مەبەستەی نەدەکرد.لەلایەکی دییەوە،دەوڵەتی ئێران کە توانی بووی لە شکستی سمکۆ بەملاوە ئاسایش لە کوردستانی ئێراندا بەرپا بکات، نەیدەویست دەسکەوت و ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە بەهۆی بەکارهێنانی قوەتی سوپایی دژی شۆرشڤانانی ئارارارت کە زۆریان سەربە تیرە وتایفەکانی ئاکنجی ئێران بوون، بخاتە خەتەرومەترسییەوە.

سەرەنجام ئێرانیەکان وێرای ئەو پەیمانانەی کە دەگەڵ تورکیادا هەیان بوو، چ دژایەتییەك لەمەڕ سەربەخۆیی کوردانی عوسمانی دەرنابڕن...تاقە مەرجیان ئەمەیە کە ئەرمەنیانی پێناوی نێوان ڕێکخراوە ئەرمەنییەکان وشۆرشی کورد لە ئەرمەنیانی هاوولاتی ئێران نەبن ونایەڵن کە ناسیۆنالیستانی ئەرمەنی تەورێز زۆر لە سنوور نزیك ببنەوە ،یان لە ماکۆ جێگیر ببن"٢٣"و بە درێژای ئەو ماوەیەی کە شۆرش بەردەوام بوو، دەوڵەتی ئێران پەیوەندی خۆی لەگەڵ نابڕێ و لە ساڵی ١٩٣٠دا چەندین نێردەی خۆی بۆ ئارارات دەنێرێ."٢٤"

هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران زنجیرە یاداشتێکی توندوتیژ بەیەکدی دەدەن، لەمانگی ئابی ١٩٣٠دا لەتاراندا بەنیگەرانیەوە باسی ئەگەری شەڕ دەگەڵ تورکیادا دەکرێ، نیگەرانی لەو رووەوە کە ئێران لەحاڵی حازردا ئامادەیی شەڕێکی وای نییە."٢٥"

ترکەکان بەپەلەن وحەزدەکەن رۆژێ زووتر ئەم گیروگرفتە یەکلابکەنەوەولە کۆتایی تەموزو سەرەتای ئابدا ترسی ئەوەیان لێدەنیشێت کە شۆرش بەشێوەیەکی ترسناکتر زیاتر پەرەبسەنێ.

**١٠- موداخەلەی شێخ ئەحمەدی بارزان:**

لە عێراقدا شێخ ئەحمەدی بارزان لەدەوروبەری ١٩٣٠/٧/٢١دا ١٠٠یان ٢٠٠ جەنگاوەر بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی دەڤەری دراوسێی خۆی(ئورامار)لە قەڵەمڕەوی تورکیادا دەنێرێ.

لە ١٩٣٠/٧/٢٦دا دەوڵەتی تورکیا بەرەسمی لەلای سەفیری بەریتانیا گلەیی لەم کارەی شێخ ئەحمەد دەکات.دوای چەند رۆژێکی دی،واتە لەدەوروبەری هەیڤی ئابدا،شێخ ئەحمەد دووەم گروپ لە جەنگاوەرانی خۆی بۆ کوردستانی تورکیا دەنێرێ،ئەم گروپە دەم ودەست دەگەڵ هێزەکانی تورکیادا بەشەڕدێن...بەڵام ناردنی هێزی هیمدادی ترك بۆ باشور،دەکاتە کارێك کە شەرەکە تەشەنە نەکات...لێ بەشداری شێخ ئەحمەد لە شۆرشی کوردی تورکیادا،لێرەدا تەواو نابێت:پاش شکستی شۆرش لە ١٩٣٠دا ،ژمارەیەك لەو کوردانەی تورکیا کە لەتاو سەرکوتکاری ترك هەڵاتوون.لە ناوچەکەی خۆیدا پەنا دەدات، وئەم ژمارەیە لەم ((پەناگەیەوە)) درێژە بەچالاکی عەسکەری دژی هێزەکانی ترك دەدەن.

لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٣٠دا تورکیا داوا لەنوری پاشا((نوری سەعید پاشا،سەرۆك وەزیری وەختی عێراق بوو))دەکات کە رێی هێزەکانی تورکیا بدات بێنە خاکی عێراقەوە تاکاری ئەو کوردانە یەکلایی بکاتەوە کە پەنایان وەبەر شێخ ئەحمەدبردووە.دەوڵەتی عێراقی ئەم(مافی تاقیبکردنە) قبوڵناکات،بەڵام یارمەتیدانی کوردانی تورکیا لە لایەن شێخ ئەحمەدی بارزانەوە ،دوای ماوەیەکی کەم،واتە لەئەیلولی ١٩٣١دا ،دەبێتە هۆی راستەوخۆی ئەو شەرانەی دژی ئەودەست پێدەکەن.

https://t.me/kurdistanbooks

**١١- شۆرشی حاجۆ:**

لە سوریادا یەکێك لە سەرانی ناوچەیی کورد بەناوی حاجۆ بە یارمەتی کۆمەڵەی خۆیبوون بە چەند گروپێکی دەنەفەرییەوە لە سنوور ئاودیو دەبێ و لە١٩٣٠/٨/٥دا گوندێکی چکۆلە لە دەڤەری نەسیبین دەگرێ و لەوێندەرەوە بەیاننامەیەکی پشتیوانی کردن لە سەربەخۆیی کورد بلاو دەکاتەوەو هەموو کورد هاندەدات کە لە پێناوی کۆمەك بە هاوولاتیەکانی خۆدا کە لە ئارارات دەجەنگن رابپەرن .

هەر لەم سەروبەندەدا چەند شۆرشێکی ناوچەیی لە جۆلە مێرگ (٨/٧) و نزیکی سیرت (٨/٦)و لە لیسە (کۆتایی ئاب) ولەوانەش گرینگتر لە دیاربەکر روو دەدەن.

**١٢- روخانی کۆماری ئارارات ( ئەیلولی ١٩٣٠ ):**

دەوڵەتی تورکیا لە نیوەی ئابەوە لێڕابوو کە چیتر گوێ بە ویست ومەیلی ئێران نەدات وفەرمانی بە جەنەراڵ ساڵح پاشا دا کە پەلاماری ئەو کوردانە بدات کە لە ئاراراتدا سەنگەریان گرتبوو.

قوەتەکانی سوپای تورکیا بۆ گرتنی شوێنە گرنگەکانی رۆژ هەلاتی ئارارات وبرینی رێگەی پاشە کشە لە شۆرشڤانان ،لە سنوور دەپەڕنەوە."٢٦"..ساڵح پاشا رۆژی ٧/ئەیلول/١٩٣٠لە باکوری ئاراراتەوە فەرمانی هێرشی یەکجارەکی دەردەکات. ساڵح پاشا رۆژی ٩/١٠ خەتی نێوان هەردوو ئارارات( واتە ملەی سەردار بولاك) دەگرێ.دیارە ئەمە لە باری سوپاییەوە بە کۆتایی مەسەلەکە دادەنرێ....کوردەکان کە لە لایەن ترکەکانەوە تاقیب دەکرێن بەرەو باشورهەڵدێن.ئیحسان نوری، فەرماندەی گشتی هێزەکان پەنا دەباتە بەر ئێران، تا کاتی مردنی لە نیوەی مانگی چواری ١٩٧٦ لە تاران ژیا.

**بەلأم لە راستیدا هیچ شتێك کۆتایی نەهاتووە.**

ترکەکان،درۆیەکی زۆر بە گێرانەوەی رووداوەکانەوە دەنێن و مێژوونووسانی کوردیش ئامادە نین پاژێك لە رووداوە ناخۆشەکانی ئەم قۆناغە روون بکەنەوە:کوردەکان بە تایبەتی خۆیان لەم باسە دەبوێرن کە ئیحسان نوری لە چ رۆژومانگێکدا بڕیاری بەجێهێشتنی بارەگای فەرماندەیی خۆی دا، لە کاتێکدا رۆیشتنەکەی بۆ ئێران وەکو هەلاتن وایە.

شەڕ بەدرێژایی ساڵی١٩٣١ لە ناوچەکانی سنوری ئێران وئارارات هەر دەمێنێ ،بە پێی هەندێك زانیاریان وادیارە کە ئیحسان نوری((لە کاتێکی زۆر هەستیار))دا،لە پایزی ساڵی ١٩٣٠دا لە شەڕ هەلأتووە.

کۆمەڵەی خۆیبون ئیحسان نوری بە فەرماندەی گشتی شۆرش دانابوو، کە ئەم کارەی وی بووە مایەی شەرمەزاری ،ئیدی رێ بە خۆ نادا کەسێکی دی وەکو فەرماندە بەسەر ئەو شۆرشڤانانەدا بسەپێنێ کە هێشتا لە ناوچەکەدا دەخەبتن، و هەر ئەوانە پەسند دەکات کە هەڵبژێردراوون."٢٧"

تەرازنامەی کۆماری کوردی ئارارات یەکجار خەمناکە:کوردەکان دوو شکستی گەورەیان بەسەرداهاتووە((زیلان و ئارارات))، زۆربەی کادرەکان وقەلأی ئاراراتیان لە دەست داوە،وئەو چەك وتەقەمەنی وتفاقانەی کە بەدرێژایی چەندین ساڵ پێکەوەیان ناوە،زۆر زەرەریان هێناوە یان بە تەواوەتی لە ناوچوون.

https://t.me/kurdistanbooks

وێڕای نەبوونی زانیاری تەواو لە مەڕچۆنیەتی شەڕەکان،دەشێت بگوترێ کە کوردەکان بە کردنی شەڕی سوپایی و بەرەیی لە جیاتی شەڕی پاتیزانی لە هەموو کوردستاندا هەڵەیەکی گەورەیان کرد. مێژوو دووبارە نابێتەوە،بەڵام پیاو بە دەستی خۆی نییە هەندێ بویەری هاوشێوەی ئەو بویەرانەی ئاراراتی بیر دەکەوێتەوە کە نزیکەی نیو سەدەیەك پاشتر لە عێراقدا روودەدات.

### ١٣- تەشەنەکردنی شەڕ بۆ نا و ئێران ((بەهاری ١٩٣١)) :

دەوڵەتی ئێران،سانسۆرێکی یەکجار توندی خستە سەر ئەو بویەرانەی کە لە ناوچە سنوورییەکاندا روویان دەدا،بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە وەزع باش نیە.
لە نیوەی مانگی ١٩٣١/٣دا ،پاش هێرشی کوردەکان بۆ سەر ناوچەی ماکو ، فەرماندەی عەسکەری تەوریز ،قوەتێکی هیمدادی گەورە بە فەرماندەیی جەنەراڵێك بۆ ناوچەکە دەنێرێ، وسیاسەتوانانی دانیشتووی تاران چاوەنۆری توانەوەی بەفرن تا شەڕو عەمەلیاتەکان دەست پێبکاتەوە.
دەوڵەتی ئێران بیەوێ و نەیەوێ هەمان سیاسەتی تورکیا پەیرەو دەکات و دەکەوێتە کۆچاندنی بە کۆمەڵی کوردە جەلالیەکانی ئاکنجی ناوچەی نێوان ئارارات وسنووری سۆڤیەت.لە سەرەتای نیسانی ١٩٣١دا رێبوارێك تووشی ((تابورێکی دریژی دە کلیۆمەتری لە کوردە دەرکراوەکانی باکور دەبێ... هەموویان ژن و منداڵ دەبن و مەگەر بە دەگمەن دەنا تاقە پیاوێکیان تێدا نیە.لە بەر زۆری عەرەبانە وحەیواناتەکانیان،خەمڵاندنی ژمارەی دروستی دەرکراوەکان ئەستەمە، بەڵام هەر نەبێ پێنج هەزار کەسێك دەبن.))"٢٨"
خالید ئاغا کە یەکێك دەبێ لەسەرانی تیرەی جەلالی سەر پێچی دەکات وگوندەکەی چۆل ناکات، بە پیاوەکانی خۆیەوە پەنا وەبەر تورکیا دەبات.هەر لەم سەروبەندەدا رێبوارێکی دی کە بەناوچەی بایەزیدو ئیگدەردا رەت دەبێت دەبینێ((هەموو ناوچەکە پڕە لە سەربازی ترك))ولە قوڵی ئاراراتەوە دەنگی هەراوهەنگامەی شەڕ دەژنەوێ:دەنگی دەستڕێژی رەشاش وگوللە تۆپ.
لەلایەکی دیەوە پاشان دەردەکەوێ کە ترکەکان بە قوڵی پتر لە دە کیلۆمەتر هاتوونەتە نێو خاکی ئێرانەوەودەربارەی گۆرینەوەی ئاراراتی بچوك بە هەندێ ناوچەی قوتور مژوڵی دانوستانن دەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا.

### ١٤-هێزەکانی ئەم ناوچەیە :

ژمارەی هێزین دەوڵەتی ئێران لەناوچەکەدا لە ساڵی ١٩٣١دا نزیکەی ٣٨٠٠ سەربازو٢٠٠٠ سەربازی ئیحتیات و١٢٠٠ کوردی((سەربە دەوڵەت))دەبن.هێزی هەوایی ئێران سێ فرۆکەیە کە بۆ کاری شناسایی بەکاردەهێنرێن .
هێزین کورد،نزیکەی٦-٧سەد کەسی سەر بە هۆزی جەلالی وحەیدەرانلون،٣٠٠ کوردی ناوچەی ئاراراتیش هاتونەتە ناو ئەم ژمارەیەوە،ئەم ٣٠٠ کوردە تفەنگی تازەوئۆتۆماتیکیان پێ بوو،شاجوریان لەسەربوو،هەرشاجورەی٢٥ فیشەکی دەگرت.فەرماندەکەیان فەرزەندە farzande ناوێکە کە کۆمەڵەی خۆیبوون پەسەندی دەکات،وسەرۆکی سەرکردایەتیان((برۆ))ی کوڕی ئیبراهیم ئاغای جەلالیە."٢٩"
ئەرمەنیانی داشناك وەکو ساڵی ١٩٣٠ یارمەتی وپەیوەندییەکانیان بۆ داین دەکەن .

https://t.me/kurdistanbooks

**١٥- یەکەمین قۆناغی شە ڕێن ئێرانیەکان( ئایار-حوزەیرانی ١٩٣١ ):**

هێزەکانی ئێران لە نیوەی مانگی ئایاری ١٩٣١دا بەو مەبەستەی ڕێگە لە ئیسماعیل ئاغای جەلالی بگرن ونەیەڵن شۆرشـڤانانی ئارارات کۆبکاتەوە، دەست دەکەن بە هێرش بۆسەر قەرەعەینی:ئیسماعیل ئاغا کە بە پێشرەوی ئێرانیان دەزانیّ،بە خۆوجەماعەتەکەیەوە پەنا وەبەر تورکیا دەبات،و ئێرانیەکان ناوچە چۆڵ کراوەکە دەگرن..لەدەور وبەری ١٩٣١/٥/١٩دا کوردە جەلالیەکان بەهاوکاری ئەو جەنگاوەرە کوردانەی کە لە تورکیاوە هاتوونە ،شەبەیخون دەکەنە سەر ئۆردوگای ئێرانیەکان..بەپێی ئیعترافی کەرەم خانی سەیاح،سەرۆکی کۆمیتەی پاراستنی سنوور(سنوری ئێران و تورکیا) ئەم شەبەیخۆنە بۆسوپای ئێران(مسیبەتێك) بوو لەو گوڕە:لەم شەبەیخۆنەدا ١٢٤ سەربازی ئێرانی کوژران و ٢٠٠-٣٠٠ سەربازیش زامداربوون.لیّ بە گوتەی ژێدەرێن دیبلۆماسی بەریتانیا ژمارەی زەرەر وزیان سیّ هەندەی ئەم ژمارەیەیە..زیانی کورد کەمە: تەنیّ حەوت کوژراویان لە شەڕگەکەدا بە جێماوە (کورد هەمیشە جەنازەی کوژراوەکانیان دەگەڵ خۆدا دەبردنەوە.)

دوای ئەمە سانسۆرێکی توند دەخرێتە سەر هەواڵ ونوچەێن ئەم شەڕە:هەر سەربازێك هەواڵی شەڕ بلاوبکاتەوە دەدریّ بە دادگای جەنگی.

سەیر ئەوەیە ئێرانیەکان کە لە ئەنجامدا ئەو سیاسەتە توندەیان لەمەڕ کوردان گرتە بەر،ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان لە رووی(نەبوونی هاوکاریەوە)لە لایەن ترکانەوە بە گلەیین!بە تایبەتی عەقید کەرەم خانی سەیاح، ترکەکان بەوە تاوانبار دەکات کە((سیاسەتی ئاشتی خوازانە))یان لەمەڕ کوردان گرتووەتە بەر،وهەر ئەم کەسە لە شەڕی سوپای ئێراندا لە ١٩/٣/-٦/٩ گلەیی لە هەڵس وکەوتو رەفتاری ترکان دەکات."٣٠"

**١٦- قۆناغی دووەمی شەڕی ( تەمووزی ١٩٣١ ):**

وێرای ئەم قسە توندوناخۆشانەش، هاوکاری نێوان هەردوو سوپای ترك وئێران پەرە دەسێنیّ: لەو کاتانەدا کە سوپای تورکیا مژولی درێژەدانی شەڕوتاقیبی خۆیەتی، بە پێی گوتەی سەرۆکی کۆمیتەی ئاسایشی سنوور،سوپای ئێران سیّ ئەرکی لەسەرە:

- داخستنی سنووری ئێران، بۆئەوەی بە هەموو شێوەیەك ڕێگە لە دزەکردنی کوردان بگیریّ.
- راگوێزانی کوردی ناوچەی سنووری ئێران.هاتنی دەوارنشینان بۆ ناوچەی ئارارات قەدەغە دەکریّ و ئارارات دەبیّ بە ناوچەیەکی چۆڵ.
- شەڕکردن دەگەڵ ئەو کوردانەدا کە لە ناوچەکەدا دەست بە ((تالان وراوڕووت)) دەکەن .

لە سەرەتای تەمووزی١٩٣١دا هێزێن ئێران جارێکی دی قەرەعەینی دەگرنەوە. ئەم هێزانە لە ٤ی تەموزا دەکەونە بەر هێرشی کوردانی ئێران وتورکیا وزیانێکی تا رادەیەك قورسیان لێدەکەویّ.بۆ سبەینێی هەمان رۆژ کوردەکان خەڵکی گوندێکی ئێرانی قەتڵ وعام دەکەن- ٥٠ کەس لە خەڵکی ئەم گوندە دەکوژن-وچەندین گوندی دیکەش تالان دەکەن.ئێرانیەکان سەربازانی ترك بەوە تۆمەتباردەکەن کە((جلی کوردییان لەبەر کردووە))وهاتونەتە یارمەتی کوردان،لەم لاشەوە ترکان، رووسەکان تاوانبار دەکەن کە چەکیان بە کوردان داوە!"٣١"

https://t.me/kurdistanbooks

**١٧- هاوكاری ئێران و توركیا دژی كوردان:**

وێرای گلەیی دولایانە،تاران وئەنقەرە پتر لێك نزیك دەبنەوە. ئێرانیەكان بەو كارەی ترك قایل نین كە((تا لە توانادابێت ژمارەیەكی زۆرتری كوردان ئاودیوی خاكی ئێران بكەن،بەو بیانووەی كە ناوچەیەكی زۆر كوێستانی نییەو بەرهەق كردنیان گەلەك ئاسانترە))!"٣٢"

بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٢دا دوو شاندی ترك بەرەسمی سەردانی ئێران دەكەن.یەكێك لەشاندەكان بەسەرۆكایەتی جەلال بایاری سەركۆماری ئایندەی توركیایەوچەند رێكەوتننامەی ئابوری ودارایی دەگەڵ ئێراندا ئیمزا دەكات.شاندی دووەم بەسەرۆكایەتی تۆفیق روشدی وەزیری كاروباری دەرەوەیە،بەم مەبەستە هاتووەتە ئێران كەناوچەی ئاراراتی بچووك بەرانبەر بە هەندێ خاكی توركیا كە بریتییە لە شەش گوندی كوردنشین،لە ئێران وەربگرێت.

ئەم مەسەلەیە بە تەدەخولی راستەوخۆی رەزاشا حەل وفەسڵ دەبێ."٣٣"

چەند مانگێك لەوە پێشتر، واتە لەساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا وەزیری دەرەوەی عێراق دوو سەفەری بۆ ئەنقەرە كردووە.لەم دیدارانەدا سەرانی ترك داوایان لە دەوڵەتی عێراق كرد كە((بۆ كۆتایی هێنان بەچالاكی وچەلەنگی یاغیان لە ناوچەی بارزان،كە ژمارەیەك لە كوردی هاووڵاتی توركیا لەوێندەر جێگیربوون و ئەمن وئاسایشی ناوچەكەیان شێواندووە، دەست بداتە عەمەلیاتی عەسكەری.))!

دەوڵەتی عێراق كە خواخوایەتی((دەرفەتی هیچ جۆرە هەرایەك لە ناوچە سنورییەكاندا بە بزاڤی كورد نەدات)) بە خۆشحاڵییەوە داوای تركەكان قەبوڵ دەكات-بەعەمەلی دژی شێخ ئەحمەدی بارزان دەست بەكاردەبێت."٣٤"

لە نیوەی حوزەیرانی١٩٣١دا سەفیری ئێران لەئەنقەرە لە"لای سەفیری بەریتانیا باسی ئەم هاوكارییەی نێوان هەرسێ دەوڵەت،كە مەسەلەی كورد بووەتە مایەی نیگەرانی وباعیسی ناكۆكی بەینی ئەوان،دێنێتە پێشەوەوجەخت لەسەر تەسلیم بوونی شێخ مەحمود دەكات.))"٣٥"

كوردەكان،زۆر پێش ئیمزای پەیمانی سەعد ئاباد(١٩٣٧)دەركیان بە هاوپەیمانی و یەكێتیی ئەو سێ دەوڵەتە دژ بە كورد كردبوو كە بە هومێد بوون ،رۆژێك بێت بیانكەن بە گژ یەكدیدا!.

**١٨- چارەسەری تركان بۆ مەسەلەی كورد:**

لە ١٩٣٢/٥/٥دا دەوڵەتی توركیا قانونێك دەردەكات كە رێی دەدات دەست بداتە گواستنەوەو راگوێزانی جڤاتی وبە هێڤیە بەم تەگبیروپیلانە سروشت وسیمای كوردانەی ستانەكانی رۆژهەڵاتی توركیا بسرێتەوە-ئەمە هەمان ئەو نەخشە وپلانەیە كە دەوڵەتی توركیا لە زەمانی دیدارەبە نێوبانگەكەی كۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە بەغدا،دەگەڵ مستەفا كەمال وتۆفیق روشدی بەگ ولە زەمانی دیداری سەفیری بەریتانیا لە قەستەنتەنیە لە مانگی ١٩٢٦/١١ولە مانگی ١٩٢٧/١دا خەیاڵی پێوە لێدەدا.

https://t.me/kurdistanbooks

ئـەم قانوونـە كـە دەسـەڵاتى سـەران وبـەگان وئاغايـان و شـێخانى هـۆز وتـيرە و تايفەوهـەموو بونيادوپێكهاتەكانيان لەغو دەكاتەوە،رێگەى دەوڵەت دەدات كە ئەوانە بۆ باژێرەكانى رۆژاواى ولآت رابگوازێ،هەروەها رێـى دەوڵـەت دەدات((هـەموو ئـەو كەسـانەى گومـانى جاسووسيان لێدەكرێ لـە ناوچـە سـنورييەكان))وهـەروەها هـەموو ئەوكەسـانەى كـە((لـە رۆژهەڵاتـدا پێگەودەسـەڵاتێكيان هەيە))دوور بخاتەوە.

(( بينـاكردنى گـەڕەك وگونـدى تـازە بـۆ خـەڵكى غـەريرە تركزمـان قەدەغەيە،هـەروەها دامەزرانـدنى سەنديكا وكۆمەڵە بۆ ئەم بابەتە خەڵكە)) مەمنوعە.

لێ راگوێزان ودوور خستنەوەى كوردان لە راستيدا بەر لە دەركردنى ئەم قانونە دەستى پێكردبوو.

لە ئەيلولى١٩٣١دوو هـەزار كـورد-رەنگـە لـە هـۆزى جـەلالى- لەگـەڵ نزيكـەى ٤٠٠٠٠ هـەزار سـەر لـە مـەڕومالآتيان بەسەرپەرشـتى يـەك ليـواى تـرك سەرانسـەرى توركيـا تـەى دكـەن و بـەرەو تاراوگـە دەرۆن"٣٧"

لەمە بە دواوە خەڵكى توركيا چاويان بە ديتنى كاروانى گەورەوبچوكى كوردى راگوێزراو ڕادێت كە(( زۆربەيان ژنان ومنداڵانى نيمچە روت وپێ خاوسن وبە گوند وشارۆچكە ترك نشينەكاندا رەت دەبن و يەك تابور عەرەبانەيان بە دواوەيە كە نەخۆش و كەسانى لە حاڵى مەرگ و شڕە پڕە و ناوماڵەكانيانى تێدايە)).

ئەم خەڵكە، هەركە دەگەنە شارێكى برێك گرنگ((بـۆ خەستەخانە دەبەن و لەوێنـدەر دەيـان كـوتن وگەرماودەكەن...شەو لە نەخۆشخانەكەدا يان لە عاردى يان لەسەر چيمەنتۆى خەستەخانەكەدا ڕادەبوێرن،چونكە تەختە خەويان نادەنێ .))"٣٨"

ئێسـتا كوردسـتان بـەم خەڵكـە رەش وروتەيـەوە وێرانەيەكـە بۆخـۆى. پێشـتريش،واتا لـە سـاڵى ١٩٣٠دا ئەدموندز مۆڵەتێكى ريزپەڕ لە دەوڵەتى ترك وەردەگرێ وگەشتێك بە كوردستانى توركيادا دەكات و سەردانى مەرعەش وسيڤەرك و دياربەكر وبەتليس وموشى كرد ،بەڵام لەبەر خراپى رێگە ناتوانێ بگاتە وان،ئەويش لەم گەشتەيدا تەنيا وێرانى و كاولى ديتوە:

بـەتليس رواڵـەت وديمـەنێكى خـەمناك و دڵتـەزێنى هەيـە...بـە درێـژايى نزيكـەى دوو كيلۆمـەتران كـەلاوە لـە تەنيشـت كـەلاوە لـە هـەردوو رەخـى دۆڵەكـەدا ريزبـووە....ئەمـە پاشـماوەى شـارێكە كـە ٤٠٠٠٠ كەسى تێدا بووەو ئێستا گوندێكە كە تەنيا ٥٠٠٠ كەسى تێدايە)).

وەزع وحاڵى موش لەمەش((دڵتەزێنترە. ئەم شارە كە ٣٠٠٠٠ كەسى تێدابوو،ئێستا گوندێكى سێ هەزار كەسييە وگوندێكە كاول و وێرانە!"٣٩"

بەر لـە شۆرشـى دەرسيم لـە (١٩٣٧) فـزە لـەم كـەلاوە بەسـەريەكاكەوتووانەى كوردسـتانى توركيـاوە نايەت)).


١٩- سەرچاوە و پەراوێزان :

١- دكتۆر شێركۆ،(جەلادەت بەدرخان)،مەسەلەى كورد ١٩٣٠

٢- ع.قاسملو ل٥٣

٣- بەرنامەى خۆيبوون ،مەسەلەى كورد،دكتۆر شێركۆ.

٤- راپۆرى هەواڵگرى هێزى هەوايى پاشايەتى،عەمان،١٩٢٨/٩/٥،وەزارەتى كاروبارى

https://t.me/kurdistanbooks

دەرەوەی ئینگلستان،٠٣٧١١٣٠٣٧

٥- قاسملو بەبێ ناوبردنی سەرچاوە دەڵێ پاپازیان لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیبووندا بەشداری کردوە.ل٥٣

٦- دکتۆر شێرکۆ، وێنەیەکی ئەو میواندارییەی کە بە بۆنەی کردنەوەی ئەم بەشە ،بەرپاکراوە (لە دیترویت )پیشان دەدات ،ژمارەی بەشدارانی ئەم میوانداریيە ٢٤ کەسن و سێ ژنیان دەگەڵە.

٧- پەیامی تەلەگرافی کۆنسوڵی فەرەنسا لە تەوریز،لە ١٩٢٧/١٢/٥دا.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسە ٣١٣-٣١١ e.ل٢٠٠.

٨- هەمان سەرچاوە

٩- نووسراوێك لەمەڕ بزاڤی کورد،بەرواری ١٩٢٧/١١/٢. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسە ٣١٣-e٣١١ لاپەڕە ١٩٢

١٠- رۆزیتا فۆربز،بەرلەوەی بۆ ئارارات بروات دەستەیەکی دە-دوازدە کەسی ئەرمەنی بینی بوو کە توانیبویان لە رووبار بپەڕنەوەوخۆ بگەیەننە خاکی ئێران،لە حاڵێکدا دەیان کەس لە هەڵاتوانی ئەرمەنی بەگوللەی گاردی سنووریی سۆڤیەتی کوژران یان لە روبارەکەدا خنکان.

١١- پەیامی تەلەگرافی کۆنسوڵی تەوریز لە١٩٣٠/٨/١٩وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٤٥٨٠

١٢- ((بزوێنەرانی شۆرشی کوردان)) ئینتەرناشینالْ پریس کورسپندت،١٩٣٠/٨/٢٨، لەکتێبی(یەکێتیی سۆڤیەت و کوردەکان)ل٣٤١نووسینی و.هاولْ وەرگیراوە .کتێبەکەی جۆرج ئاغا بەگۆف(ترسی نهێنی روس)کە لە روانگەی رێکخراوی گ.پ.ئو کوردان دەدوێنێ نابێتە بەڵگەی سەلماندنی روداوی نێوبراو ،مەگەر وەختێ کە پێچەوانەی ئەم بابەتە بسەلمێت،(بروانە ل١٠١ی کتێبەکەی ئاغابەگۆف)

١٣- پەیامی تەلەگرافی کۆنسوڵی فەرەنسە لە تەوریز لە ١٩٢٧/١٢/٥دا،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسە ٣١٣-٣١١ e

١٤- دکتۆر شێرکۆ، مەسەلەی کورد،هەروەها سفراستیان ،کورد وکوردستان .

١٥- بڕوانە ساڵنامەی جوگرافیایی ، دانانی شانتر ، ١٨٩٣ ، پاریس.

١٦- حەسەن ئەرفەع ، لە سەردەمی پێنج پاشایەتی دا، ل ١٤٨.

١٧-نامەی ١٩٢٨/٢/٢٨ی سورەیا بەگ،وەڵامی حەسکۆ تیللو لە کتێبی مەسەلەی کوردەوە ، نووسینی دکتۆر شێرکۆ دەرهێنراون.

١٨- هەمان کتێب.

١٩- راپۆری مێجەر ئۆلیری،پاشکۆی عەسکەری بەریتانیا لە ئەنکەرە،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٤٥٨٠ .

٢٠- دکتۆر شێرکۆ ، هەمان کتێب.

٢١- راپۆری روزیتا فۆربز،لە ١٩٣٠/٧/١٦ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٤٥٨٠

٢٢- هەمان سەرچاوە، ناوبراو،دوای ئەوەی کە چەند رۆژێك لە ئارارات دەمێنێتەوە روو دەکاتە رۆژاوا بەو ئۆمێدەی کە تابەتلیس بروات.بەڵام هەر کە لەگەڵ رێنوێنەکەیدا دەگاتە کۆسارەکانی دیار

https://t.me/kurdistanbooks

دەریاچەی وان، نزیکی ئارشاس، بۆی دەردەکەوێ کە شەڕی قورس لە بە تلیس وموش و سامسوندا هەیە وناتوانێ درێژە بەسەفەرەکەی خۆی بدات. سەرەنجام دەگاتە ڕەواندز .

٢٣- پەیامی تەلەگرافی ١٩٢٨/٦/٢٠ی کونسوڵی فەرەنسە لە تەورێز.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسا . ٣١٣-E٣١١ .

٢٤- پەیامی تەلەگرافی کونسوڵی بە ریتانیا لە تەورێز، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٥٣٦٩.

٢٥- ڕاپۆری پاشکۆی عەسکەری بەریتانیا لە تاران،لە ١٩٣٠/٨/٢٦ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٥٣٦٩

٢٦- ئەم زانیاریانە کە لە ژمارەی ١٩٣٠/٨/١٣دا لە ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی بڵاو بووەوە، لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە بەدرۆخرایەوە .

٢٧- پەیامی تەلەگرافی ئەستانهۆپ پالمری کونسوڵی بەریتانیا لە تەورێز لە ١٩٣١/٧/١٦، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٥٣٦٩.

٢٨- پەیامی تەلەگرافی ١٩٣١/٤/١٧ی سەفیری بەریتانیا لە تاران. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٥٣٦٩.

٢٩- پەیامی تەلەگرافی١٩٣١/٧/١٦ی کونسوڵی بەریتانیا لە تەورێز.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٥٣٦٩.

٣٠- چاوپیکەوتن لەگەڵ ئێران بڵاو کراوەتەوە ، ١٩٣١/٧/١٠

٣١- پەیامی تەلەگرافی١٩٣١/٧/١٦ی کونسوڵی بەریتانیا لە تەورێز.

٣٢- هەمان سەرچاوە ، ١٩٣١/٧/٢٣

٣٣- حەسەن ئەرفەع ، لە سەردەمی پێنج پاشایاندا، لە ٢٣٠-٢٣١.

٣٤- بڕوانە نامەی ١٩٣١/٤/٣ی وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٦٩١٦.

٣٥- پەیامی تەلەگرافی ١٩٣١/٦/١٧ی سیرکلارك، قەستەنتەنیە،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٥٣٦٩.

٣٦- لە رامبو(PereBois) کوردان وهەق ، ل ٣٢-٣٣ وەگیراوە.

٣٧- پەیامی تەلەگرافی١٩٣١/٩/٢٢ی کونسوڵی بەریتانیا لە تەورێز.

٣٨- پەیامی تەلەگرافی ١٩٣٢/١٢/٢٠ی و.دماتیوز، کونسوڵی بەریتانیا لە مرسین، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٦٩٨١.

٣٩- ڕاپۆری ئەدموندز، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٤٥٧٩.

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی شەشەم :دوا شۆرشی شێخ مەحمود:**

شێخ مەحمود بەرزنجی پاش ئەوەی لە تەمووزی ١٩٢٤دا سلێمانی چۆڵدەکات، لە ناوچەکانی سنووری نێوان ئێران وعێراقدا دەمێنێتەوەوبە هەمان شێوەی جاران حوکمداریودەسەلآتی خۆی بەسەر ئەو هۆزو تیرانەی کە لەو ناوچانە دەژیان ولە حوکم وچاودێری هەردوو دەوڵەتی ئێران وعێراق دوور بوون پیادە دەکرد.هەر چەندە دەوڵەتی عێراق زۆری هەوڵدا کاری شێخ مەحمود یەکلایی بکاتەوە،پاش حەوت ساڵان واتە لە ساڵی ١٩٣١داو دوای (دوا شۆرشی) شێخ مەحمود ئەوجا دەتوانێ بە تەواوەتی شێخ لە مەیدانی سیاسەت وەدەربنێ.

**١- شەڕی ١٩٢٥:**

یەکەم شەڕی دەوڵەتی عێراق دژی شێخ مەحمود لە هاوینی ١٩٢٥دا روودەدات ، واتە یەك ساڵ پاش سەرلەنوێ گرتنەوەی سلێمانی روو دەدات.لە هەیڤی حوزەیراندا قوەتێکی سوپای عێراق بەمەبەستی لێدانی شێخ مەحمود بۆ هەڵەبجە دەنێردرێ، بەو ئومێدەی کە ئێرانیەکانیش لەو دیو سنوورەوە هێرشێکی لەو چەشنە دەست پێدەکەن.بەڵام چ هەواڵێك لە قوەتی ئێرانیەوە نابێ و شێخ پەنا بۆ مەحمود خانی دزڵی ومەحمود خانی کانی سانانی،سەرانی تیرەکانی هەورامان و مەریوان دەبات.

کە سالارالدەولەی شازادەی قاجار دەیەوێ کوردستان دژی رەزاشا هانبدات، شێخیش دەگەڵ ئەواندا(دەگەڵ مەحمود خانی دزڵی ومەحمود خانی کانی سانانی)دا بەشداری ئەم هەوڵ و کۆششە دەکات."١"

**٢ - شەڕەکانی ١٩٢٦:**

دوای ساڵێك هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە:قوەتێکی دیکە بۆ پەلاماردانی شێخ مەحمود ساز دەکرێ، شێخ مەحمود بە هاوکاری هەندێ کوردی ئێرانی پەلاماری قوەتەکەی عێراق دەدات ، بەڵام دەرەقەت نایەت،پاشەکشەی پێدەکرێ.

ئەوجا فرۆکەوانێکی ئینگلیزی وئەندازیارەکەی بەدیل دەگرێ، ئەم دووانە چەندین مانگ بە دیلی دەمێننەوە-بەڵام ماوەی دیلیەتیەکەیان زۆر خۆش دەگوزەرێ،چونکە شێخ مەحمود تەنانەت فرۆکەوانە ئینگلیزەکەی بۆ ڕاوشکاریش دەگەڵ خۆدا دەبرد ."٢"

ئەمجارە دەوڵەتی ئێران بە دوو داوای عێراقیەکان رازی دەبێت، بەڵام نەگبەتی داوێنگیری بووە ، چونکە ئەم هاوکارییە سوکە کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە: لە ٣ی ئەیلولی ١٩٢٦دا قوەتێکی ئێرانی لە ٣٠٠ سەربازی پیادەو ٢٠ سوارە هێرش دەباتە سەر پشتدەرییەکانی قەلادزێی عێراق. دوای شەڕێکی چەند سەعاتی ئێرانیەکان دەشکێن ونزیکەی دوو سەد کوژراو لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ دێلن وکوردەکان کۆمەڵێك دیل وتۆپێکی ئێرانی لەگەڵ خۆدا بۆ عێراق دەبەنەوە.

https://t.me/kurdistanbooks

**٣- گـفــتـوگـۆ دەگـەڵ کورنوالیس دا ( ١٩٢٦/١٠/٩ ):**

شێخ مەحمود وێرای ئەم سەرکەوتنە ،زۆر بە توندی لەلایەن هێزی هەوایی بەریتانیاوە پەلامار دەدرێ ونارەحەت دەکرێ.لە هەیڤی ١٩٢٦/١٠دا قایل دەبێ دەگەڵ کورنوالیس،شیرەتکاری کۆمیسەری بالآی بەریتانیا لە بەغدا،دیدار بکات.ئەم دیدارە لە ١٩٢٦/١٠/٩دا لە خورماڵ، قەڵەمڕەوی عێراق وبە شێوەیەکی زۆر(پاڵەوانبازیانە) ئەنجامدەدرێ:دیدارەکە لە دەشتێکی کراوەدا ئەنجام دەدرێ،هەر یەك لە دوو لایەنی گفتوگۆکە بە سکۆرتی تایبەتی خۆیەوە دەگاتە جێ.

کورنوالیس بە هاورێیەتی ئەحمەد بەرزنجی یەکەمین سەد مەتری نێوان هەردوو لا دەبڕێ، شێخ مەحمود کە دەگەڵ سکۆرتەکەی خۆیدا لە چوار سەد مەتری ئەوان وەستاوە، بە هاورێیەتی فرۆکەوانە دیلەکەی بەریتانیا کە هێناویە تەسلیم بە کورنوالیسی بکاتەوە،دێتە پێشێ.ئەوجا بەتەنێ بە جێیان دێڵن ،ئەم دووانە پشتێنێکی کوردی رادەخەن و لەسەری دادەنیشن و بۆ ماوەی دوو سەعات لە سایەی چاودێری پاسەوانە تایبەتیەکانی خۆیاندا گفتوگۆدەکەن.

کورنوالیس،بەناوی کۆمیسەری بالآوە پێشنیاز بۆ شێخ مەحمود دەکات کە لە ئێراندا،لە شوێنێك کە دیاری دەکرێ ،دانیشێت وبەروبوومی موڵکەکانی عێراقی وەربگرێ- بە کورتی تەسلیم بوون و نەفی.شێخ مەحمود ئامادە نیە گوێی لە پشنیازێك بێت کە بە بۆچوونی ئەو لە حوکمی نەفی هەمیشەیی دایە... رای دەگەیەنێ کە چارەنووسی ئەو بایەخێکی ئەوتۆی نیە،بەلآم ئەوێك کە ژیانی خۆی بۆ خزمەتی کورد تەرخان کردووە،ناتوانێ بچێتە ژێر باری بە بادادانی ئاوات وئامانجی گەلی کورد.هەر بەو سادەیی وساکارییەوە،کە تاکۆتایی دەربارەی مەبەست ونیازێن بەریتانیا لە لای مایەوە،پێشنیازی ئەوە بۆ کورنوالیس دەکات((هەموو کوردستانی ئێران بۆ بەریتانیا بگرێ وخۆی بەناوی دەوڵەتی بەریتانیاوە حوکمداری بکات- بەومەرجەی دەوڵەتی بەریتانیا ژێراو ژێر پشتیوانی لێ بکات)) "٣"

کورنوالیس پێشنیاز دەکات شێخ مەحموود بۆ بەغدا بروات-بەلآم بێهودە.شێخ مەحموود داوا دەکات رێی بدەن لە پێنجوین بمێنێتەوە- بەلآم بێ نەتیجە.

کورنوالیس پێشنیاز دەکات لە ناو خورماڵدا دیدار بکەن ،بەلآم شێخ مەحمود قایل نابێ، ئەوجا لێکدی جیادەبنەوە، تەنانەت بۆ سبەینێ شێخ مەحمود ئامادە نابێ لە ناوکۆمەلێك عەرەبدا دیدار دەگەڵ کورنوالیسدا بکات.

پاش ئاگربڕێکی یەك هەفتەیی، شەڕ دەست پێدەکاتەوەو هێرشی هێزی ئاسمانی بەریتانیا ، شێخ مەحمود ناچاردەکات پەنا وەبەر ئێران بەرێ،کە لەوێندەر بەردەوام دەبێت لەسەر شەڕی پارتیزانی دژی هێزەکانی عێراق.

لە ساڵی١٩٢٧دادەکەوێتە گفتوگۆ دەگەڵ دەوڵەتی عێراقیداوهەوڵدەدات مۆڵکەکانی وەربگرێتەوە.

لەباری سوپاییەوە(ئەم ناسیۆنالیستە کوردە توندڕەوە) ئیدی نوێنەری چ شتێك نیە،لێ لە باری بۆچوونی سیاسیەوە ((هەڵگرو پارێزەری)) بیریکە کە زۆرکەس بە خەون وخەیاڵی دەزانن:ئەو بیرەش سەربەخۆیی کوردستانە،کە هەموو ئەو ناوداروگەورە پیاوانەی کورد کە لە ساڵی ١٩٢١دا بە گوشاری ئینگلیز لکێنران بە عێراقەوە، ئێستا پەیڕەوی ئەو بیرە دەکەن .

https://t.me/kurdistanbooks

ئەم ژمارەیە کە لە رەفتاری فەیسەڵ ئومێد بڕبوون،سەنگەر دەگۆڕن وبادەدەنەوە، ئیدی لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧دا سەرتاسەری کوردستانی عێراق دەهاڕوژێتەوەودەبێتەوە بە بنکەی جۆش وخرۆشی نەتەوەیی .

٤- **پەرەسەندنی ((کۆمەڵەێن کوردی)) لە کوردستانی عێراقدا (١٩٢٦-١٩٢٧):**

هەموو چین وتوێژەکانی کوردەواری دێنە سەر ئەو قەناعەت و باوەڕەی کە((حکومەتی وەزیران و کارگێرانی عەرەبی پشت بەستوو بە هێزی سوپایی عەرەب)) لەوەی پتر تەحەموڵ وقەبوڵناکرێ)).

تاك وتەرایەك هەن کە بە بەڵێنەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٢٦، یان جێبەجێ کردنی نیوەونیوەچڵی ئەم بەڵێنانە لە مەڕ بە کارهێنانی زمانی کوردی وەکو زمانی رەسمی کوردستانی عێراق،خۆشحاڵ و دڵخۆش بن...ئەو((کۆمەڵە کوردی))یانەی لەم رۆژگارەدا دێنە ئاراوە،لەبنەڕەتدا کۆمەڵەی رۆشنبیریوکۆمەڵایەتین .لە بەهاری ساڵی ١٩٢٦ رەفیق ئەفەندی ورەمزی ئەفەندی وفایق بەگ و مەعروف بەگ کۆمەڵەی(( زانستی کوردستان))(یان ئەنجومەنی ئەدەبی کوردستان) لە سلێمانی دادەمەزرێنن،کە ئامانجی چاککردنی ئاستی فێربوون وخوێنەواری((میللەتی کورد))ە کە بە بۆچوونی دامەزرێنەرەکانی یەکەمین مەرجی خەباتە بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی...ئەو قوتابخانە شەوانانەیەی کە کۆمەڵەی زانستی دایان دەمەزرێنێ وئەو کۆڕانەی دەیانگێڕێ زۆر سەرکەوتوون.بەڵام هەر زوو ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵە،لەوانە جەمال بەگی جێگری سەرۆکی کۆمەڵە،لێدەبڕێن کە رەوت وئاراستەیەکی سیاسیش بە کۆمەڵە بدەن.

هەر لەو سەروبەندەدا مستەفا پاشا بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن(هاوینی١٩٢٦)بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوەو رای دەگەیەنێ کە ئەگەر بە نوێنەر (نائب) هەڵبژێردرێت ،نوێنەرانی کورد لە یەك حیزبدا کۆدەکاتەوە...تەها لە رەواندزدا هەوڵدەدات ئەنجومەنێکی ئەدەبی((هۆگیری-Hogiri))بەمەبەستی((ریفۆرموگەشاندنەوەی زمانی کوردیوئاشنابوون بە مێژووریشەی کورد)) دابمەزرێنێ،بەڵام پرۆژەکەی هەر لەسەرەتاوە شەقڵێکی سیاسی هێندە زاڵی هەیە کە دەوڵەت رێگەی نادات.

بەڵام هەر موسڵ دەکاتە چوارریانی کوردستان ومەڵبەندی پەیوەندی نێوان کوردی تورکیاوئێران و عێراق.

لە ساڵی ١٩٢٦دا ئینگلیزەکان ئەنجومەنێکی نهێنی بە نێوی((پێشکەوتن))کە پەیوەندی نێوان هەموو ئەمانەی دابیندەکرد،کە شف وپوچەڵ دەکەنەوە،بەڵام زۆری پێناچێت کە رێکخراوێکی تازە سەر بەرزدەکاتەوە.لە کەرکوك وهەولێرش کۆمەڵەی نهێنی هەبوون وشێخ مەحمود پەیوەندی بە هەموویانەوە هەبوو.

سەرتیپێکی فرۆکەوانی لەم بارەیەوە نیگەرانی خۆی دەردەبڕێ ودەڵێ((هەر هەموو کورد، فەرمانبەری دەوڵەتی وعەشایەرو خەڵکی شاری، بەرەبەرە دەکەونە بیری سەربەخۆیی کورد... ئەگەر دەستکەوتی پتریان وێنەدرێ دوورنیە وەکو ئێرلەندا حیزبێکی کوردی((خۆیبوونخوازی ناوخۆیی))بەرەبەرە سەر بەرزبکاتەوەوهەنگینێ دەوڵەتی عێراق لە ناوچواردیواروماڵەکەی خۆیدا رووبەرووی دژمنێك دەبێتەوە."٥"

https://t.me/kurdistanbooks

**٥- ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی سلێمانی ( ١٩٣٠/٩/٦ ):**

بەریتانیای مەزن لە شوباتی١٩٢٩دا لیبڕا کە دەست لە زێرەڤانی عێراق هەڵگرێ وسەربەخۆیی بداتێ، هەروەها گفتوگۆ دەربارەی پەیمانێکی تازە کە قرێربوو لە هەیڤی ١٩٣٠/٦دا ئیمزا بکرێت ، کردیانە کارێك کە زنجیرە هەڵچوون ونارەزاییەکی نەتەوەیی چێببێ کە لە راپەرینەکانی ئەیلولی ١٩٣٠دا گەیشتە لوتکە.

لە راستیدا ئەگەر کوردێن میانرەو رازی بوون بەوەی(هەرێمێکی کوردی)بێتە دامەزراندن و لە لایەن کوردەوە بەرێوە ببرێ ولە رێگەی کۆمیسەری باڵای بەریتانیاوە "٦"بە دەوڵەتی ناوەندی عێراقەوە پەیوەست بێ،ئەم رازی بوونەیان لەبەر ئەمە بووە کە (ئەرخایەن) بوون لەوەی هاوکات لەگەڵ جێبەجێ کردنی بڕیاری هەیڤی دوانزەی کۆمەڵەی نەتەوەکان،کە هەر کاتێك سایەداری بەریتانیا لەسەر عێراق نەمێنێ، ئەوا(کورد)سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن."٧"

بەڵام دەوڵەتانی بەریتانیاوعێراق وەها بۆچوونێکیان نیە،وبە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی رێ بۆ سەربەخۆیی بکەنەوە،مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەنجومەن دێننە گۆرێ .

لە مانگی شوبات بەملاوە کۆمەڵەیەکی تازە بەنێوی (خێڵی یەکێتیێن کوردان) هەندێ بەیاننامەی دژ بە (سیاسەتی زۆرداری) بەریتانیای مەزن بڵاودەکەنەوە.

بە پشتیوانی کەم تا زۆری رەسمی تۆفیق وەهبی،پارێزگاری شاری سلێمانی لە بایکۆتی هەڵبژاردن،ناودارانی سلێمانی لە ٢٨/ تەمموز، ولە ٣و٢٠ و ١٩٣٠/٨/٣٠دا چەند یاداشتێك بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان دەنێرن وداوا دەکەن کە دەوڵەتێکی کوردی بەسەرپەرشتی کۆمەڵەی ناڤبری بێتە دامەزراندن!.

دیداری غازی، جێنشینی عێراق ، دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی دژمنانە،ولە ٨/٣ دا ئەندامانی شاندێکی عێراقی سووکایەتی پێدەکرێت، وەك نوری سەعید، سەرۆك وەزیران دەڵێ، خواستەکانی کورد بەلەز پەرە دەستێنێ ."٨"

لەسەرەتادا داوای ئەوە دەکەن هەندێ زەمانەت لە نێو پەیمانەکەدا دابینبکرێ.... پاشان نارەزایی خۆیان لەمەڕ دامودەزگای سەردەم دەردەبڕن، پاشتر خوازیاری((نیمچە ئۆتۆنۆمییەك))دەبن و وئێستاش، باس باسی ((جیابوونەوە))یە!."٩"

لە ٦/ئەیلولی ١٩٣٠دا وەزعەکە دەقلیشێتەوە.

لەم هەلومەرجە نالەبارونائاساییەدا سوپای عێراق دەستڕێژ لە خۆپیشاندەران دەکەن ودەیان کەس دەکوژرێن.

دەوڵەتی عێراق تۆفیق وەهبی پارێزگاری سلێمانی لە سەرکار لادەبات وهەر هەموو ئیمزاکەرانی یاداشتەکان بەتۆمەتی هەڵگیرساندنی راپەرین وشۆرش دەگرێ! .

دەوڵەتی بەریتانیا زیاتر لەمە نیگەران ونارەحەتە کە قەواڵەوبەڵگەیەکی لەدەستدا نیە ئەوە بسەلمێنێ کە ئەم کەسایەتیانە بەلای کەمەوە لە کاتی گرتنیاندا دەستیان لە هەڵگیرساندنی ئەم ئاژاوانەدا هەبووە...گرتنی ئەم خەڵکانە لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان بەتەمایە لە داخوازیەکانیان بکۆڵێتەوە، ئەرکی ئەو دژوارتر وقورستر دەکات.

https://t.me/kurdistanbooks

**٦- شۆرشی شێخ مەحمود لە مانگی ١١/١٩٣٠دا :**

شێخ مەحمود بەباشترین شێوە ئەم وەزع وحاڵە دەقۆزێتەوە:دە رۆژێك پاش راپەرینەكانی سلێمانی نامەیەكی نارەزایی دەربارەی((خوێنرێژییە بێ وێنەكانی عەرەب لە سلێمانی))بۆ كۆمیسێری باڵای بەریتانیا لە بەغدا،دەنوسێت و لەنامەكەدا بە راشكاوی ئەوە نیشان دەدات كە پێویستە كۆمیسێری باڵا ئەوەی بۆ روون بووبێتەوە كە(( چیتر عەرەب وكورد ناتوانن پێكەوە بژین)).شێخ مەحمود داخ بۆ هەستی دۆستانەی كورد دەرهەق بە ئینگلیز دەخوات،لە كاتێكدا(( كە ئینگلیز جگە لە گیروگرفت چ خێرێكیان بۆ كورد نەبووە))وخێرو بێری هەر بۆ عەرەبان بووە ، لەو نامەیەدا وبە ناوی ئەم میللەتە ئارییەوە داوادەكات (( لە كۆتی حكومەتی عەرەبان ئازاد بن و لە عەرەب جیاببنەوە،و بخرێنە سایەی زێرەڤانی بەریتانیاوە))"١٠"

پاشان لە سەرەتای مانگی١٠/١٩٣٠دا لە بواری یاداشت نووسیدا جۆرە خەباتێكی دی رێك دەخات.لە یەكێك لەو یاداشتانەدا سی ودوو كەس لە سەرانی تیرە كوردەكان داوا دەكەن دام و دەزگایەكی ئیداری سەربەخۆی كوردی لە سایەی زێرەڤانی بەریتانیای مەزن دابمەزرێ))وشێخ مەحمود بكرێ بە(حوكمڕانی)هەموو كوردستان.لە یاداشتێكی دیكەدا،ئیمزاكەران لە پاڵ دەربڕینی نارەزایی بەرانبەر بەو((ستەم و بێدادیەی كە حكومەتی عەرەب لێی كردوون))داوای دامەزراندنی دامودەزگایەكی ئیداری سەربەخۆ دەكەن ودەڵێن كەجگە لە شێخ مەحمود هیچ كەسیكی دی بە حوكمداری كوردستان نازانن.

لە مانگی١١/١٩٣٠دا شێخ مەحمود دەست بەكار دەبێ وراستەخۆ دێتە مەیدان، هەڵبەتە بەم ئومێدەی كە بەم هێز نواندنە كار لە كۆمەڵەی نەتەوەكان بكات. هیچ ئاشكرا نیە ئایا ئەو شەرانەی لە ناوچەی ئاراراتدا،لە ئارادا بوون، دەوریان لەم بڕیاردانەی ئەودا هەبووە یان نا ؟ بەڵام شێخ بە خۆی لە بۆیەرەكانی ئەو دیو سنوور بێ ئاگا نەبوو.لە نامەیەكدا بۆ كۆمیسێری باڵای بەریتانیا لە بەغدا ،ئاماژە بۆ((هیوای كوردانی هاوسێی ئێمە كە بە بێ هیوایی شكاوەتەوە)) دەكا"١١"

ئەگەر شێخ مەحمود بەخۆیشی بە پێی نەخشە وبەرنامەیەكی دارێژراو شۆرشی خۆی دەگەڵ شۆرشی كوردێن توركیا و ئێران هاوزەمان نەكردبێ ، وەكو لە گوتەكانی سەفیری ئێراندا بە دیار دەكەوێ ئەوا دوژمنەكانی قەناعەتیان وایە كە بێگومان جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانیان هەبووە. سەفیری ئێران لە حوزەیرانی١٩٣١دا لە قەستەنتەنیەولەلای سەفیری بەریتانیا ولە روی بارسوكییەوە باسی تەسلیم بوونی شێخ مەحمود وەك هەواڵێكی (یەكجار گرنگ)) دەكات."١٢"

شێخ مەحموود هەوڵی بوو یارمەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی بە دەست بێنێ-بەڵام بێهودە!.شێخ ئەحمەد لە هەمان كاتدا كە دەیگووت((شانازی بە خزمەتكردنی ئەوەوە دەكات)) خۆی لە شەڕی حكومەتی عێراقیش دزییەوە((چونكە حكومەتی عێراق،حكومەتێكی عەرەبی وموسوڵمانە ،ئەركی موسولمانەتی من وا حوكم دەكات كە گوێرایەڵی بكەم))"١٣"

لە٣٠/١٠/١٩٣٠دا چەكدارانی شێخ مەحمود لە دووری پانزە كیلۆمەتری سلێمانیدا جەندرمەیەك دەكوژن ولە ٣/١١دا قوەتێكی سێ سەد نەفەری پەلاماری پێنجوێن دەدەن وبە شێك لە شار دەگرن..مەخفەری شار چل پۆلیسی تێدا دەبێ وئەمانە لە شوێنی خۆیانەوە بەرگری و بەرەڤانی دەكەن.جا بۆپشتیوانی ئەم پۆلیسانەوبەردەوام بوونیان لەسەر مقاوەمەت هێزی هەوایی سەڵتەنەتی (بەریتانیا) دەوروبەری شار بۆردومان دەكات.

https://t.me/kurdistanbooks

بەلاّم کاردانەوەی دەسەلاّتداران نەرمە،چونکە بە دلّتەنگیەوە چاوەنۆری بڕیاری کۆمەلّەی نەتەوەکانن،کە قرێرە لەو یاداشتنامە وعەرز وحالاّنە بکۆلێتەوە کە کوردەکان بۆیان ناردووە...کۆمیسێری بالاّی بەریتانیا لە بەغدا،داوا لە بەریتانیا دەکات کە هەر کاتێ ئەنجومەنی کۆمەلّەی نەتەوەکان((عوسبەتولئومەم))لەسەرداوای کوردەکان رازی بوو ئەوا پێشوەختە ئاگاداری بکەنەوە تا بزانێ چ بکات وچ نەکات ".١٤"

بەلاّم دەولّەتی بەریتانیا لە ١٩٣٠/١١/٢٠دا راپۆری کۆمیتەی هەمیشەیی پارێزڤانی کۆمەلّەی نەتەوەکان ،بەر لەوەی بە رەسمی بلاّوبیێتەوە وەردەگرێ.

داوای سەران وپیاوماقولانی کورد لەمەڕدامەزراندنی دەولّەتێکی کوردی بەسەرپەرشتی وچاودێری کۆمەلّەی نەتەوەکان((بە راسپاردەوپشتیوانی دەولّەتی خاوەنشکۆی پاشای ئینگلیستان))رەت کراوەتەوە."١٥"

**٧- دوا شەڕی دژ بە شێخ مەحمود :**

دەسەلاّتدارانی عێراقی ئیدی ترس وخەمیان نیە،و دەم ودەست شەڕ دژ بە شێخ مەحمود دەست پێدەکاتەوە.لەسەرەتای شوباتی١٩٣١شێخ مەحمود یەکەمین نامە بۆ کاپتن هۆلت،سکرتێری بەشی رۆژهەلاّتی کۆمیسێری بالاّی بەریتانیا لە بەغدا دەنێرێ وداوای لێدەکات بە قازانجی ئەو (شێخ )بکەوێتە نێوانەوە.بەلاّم لە راستیدا پاش شەڕی ئاوباریك(١٩٣١/٤/٥)ی سەر بە شارۆچکەی کفری تێدەگات هەولّەکانی بێهودەیە.لەم شەڕەدا دەرسێکی قورس بە لایەنگرانی شێخ مەحمود دەدەرێ.پاش ئەم شەڕە شێخ لە رۆژهەلاّتی پێنجویندا،لە خاکی ئێراندا پەنا دەگرێ و لە١٩٣١/٤/٢٤دا نامەیەکی دی بۆ کۆمیسێری بالاّی بەریتانیا دەنووسێت وداوای لێدەکات کە نوێنەرێ بنێرێ بۆ گفتوگۆ لەمەڕ هەل ومەرجی تەسلیم بوونی(شێخ) .

ئامادەیی هێزەکانی ئێران بۆ وەدەنگەوە هاتنی(داوای دەولّەتی عێراق) لە سەرەتاکانی هەیڤی ١٩٣١/٥دا لە مەریوان،قەناعەت لە لای شێخ دروست دەکات کە هەولّۆکۆششەکەی بێهودەیە و چ ئۆمێدێکی لێناکرێ.

شێخ پاش پێنج رۆژ گفتوگۆ دەگەلّ کاپتن هۆلتدا لە پێنجوێن، بەوە قایل دەبێت کە خۆی تەسلیم بکات ١٢ /١٩٣١/٥)تا لە هەر شوێنێ کە حکومەتی عێراقی دیاری بکات بژی- بە مەرجێك موچەو خەرجی تەواوی بدرێتێ بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی.دەگەلّ ژمارەیەك سوارەو پۆلیسدا دێت بۆ سلێمانی ولە ١٥/٥/ بە فڕۆکە بۆ ئوڕ دەبرێ، بۆ ماوەیەکی کاتی لە میوانخانەی هێلّی ئاسنی عێراقدا دەمێنێتەوە وپاشان بۆ ناسریە دەنێردرێ.

دوا هەولّوکۆششی شێخ مەحمود شتێکی درۆینەوڕوالّەتی نەبوو:کۆمیسێری بالاّ لە راپۆری خۆیدا دەربارەی تەسلیم بوونی شێخ مەحمود چەندین جار ئامارژە بەو(شەڕە سەختانە) دەکات کە لە پایزی ١٩٣٠دا دژی ئەو کراوە، لە سەری دەروات کە سەرکەوتنی ئەو شەڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ( ئەو هەولّ وتوانا)) نائاساییەی کە لە پشتی ئەم شەڕانەوە بووە!"١٦"

بەم جۆرە ژیانی سیاسی((پاشای کوردستان ))تەواو دەبێت. شێخ مەحمود لە سالّی ١٩٤٠دا بۆ ئەوەی بێتەوە ناو مەیدانی سیاسەت،دوا هەولّی خۆی دەدات- بەو ئۆمێدەی کە بتوانێت سود لە هەلّگیرسانی دووەم جەنگی جیهانی وەربگرێ ودەورێکی وەك ئەوەی پاش یەکەم جەنگی جیهانی

https://t.me/kurdistanbooks

بدینیٚ.له شوباتی١٩٤٠دا رۆژێك له بەغدا چاوی به ئەدموندز له نووسینگەی کارەکەی دا دەکەویٚ و پاش ئەوەی کە دەڵیٚ ((ئیدی پیر بووە،ئێستا هەر ئەوەندەی دەویٚ بە ئاسودەیی لە ماڵی خۆیدا بژی))داوای مۆڵەت دەکات کە بۆ سلێمانی بگەڕێتەوە.لە پاڵ ئەمەوە بە موبالەغەیەکی زۆرەوە دەکەوێتە باسی چالاکی گروپێك لەو کوردانەی کە بە قازانجی سۆڤیەت کاردەکەن، بەتایبەتی ئاماژە بۆ بوونی (کۆمەڵەی سۆڤیەتخواز) لە سلێمانی دەکات کە لە هەوڵی ئەوەدایە پەیوەندی دەگەڵ روسەکاندا بگریٚ.

بەڵام ئینگلیزەکان بۆدامرکاندنەوەو پوچەڵکردنەوەی چالاکیێن خەیاڵی یان راستی سۆڤیەتییەکان لەعێراقدا،چ پێویستیەکیان بە شێخ مەحمود نەبوو،وشێخ بەیەکجارەکی ماڵاوایی لەم خەیاڵ پلاْوانە دەکرد....شێخ مەحمود لەساڵی ١٩٥٦دا دوو ساڵ بەر لە روخانی سەڵتەنەتی ماڵباتی هاشمی،کە زۆر رقی لەپاشای بێنەوای کوردستان بوو،کۆچی دوایی کرد.

ئەمرۆ هەندێك لە کورد دەیانەویٚ کە بایەخێکی ئەوتۆ بەشێخ مەحمود نەدەن وبەچاوی(پیاوی بەریتانیا)تەماشای بکەن- بەچاوی کەسێك کە هەندێك جار تراژیدی وهەندیٚ جار کۆمیدی دەنوێنیٚ.

بەڵام شێخ مەحمود لەراستیدا (عەزابی ویژدانی)ئینگلیزانە لەبەر بارەگای مێژوودا:بەبیٚ بوونی ئەو،بەبیٚ مقاوەمەتی سەرسەختانەی ئەو،عێراق کوردستانی بەخۆوە دەلکاند،بەبیٚ ئەوەی ئەمرۆ چ کەسێك ئاگاداری مێژوی دورودرێژی ئەو((پەیمانشکێنی وخۆدزینەوە))یەك لە دوای یەکانە بیٚ کە لە تایبەتمەندییەکانی لە دایکبوونی عێراقە.

٨- سەرچاوەو پەراوێزان:

١-بروانە کتێبی لەسەردەمی پێنج پاشایاندا،نووسینی حەسەن ئەرفەع ل٦٤-٦٥

٢-بروانە نووسراوی گلادوین وب، سکرتێری سێیەمی سەفارەت لە تاران ١٩٢٦/٧/١١ وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیستان ,٣٧١١١١٤٩١

٣-نووسراوی١٩٢٦/١٠/١٤، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١١٤٩١.

٤-راپۆری بەرواری١٩٢٦/٧/٢٠،وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیستان ٣٧١١١٤٩١

٥- راپۆری ئیرکمودور دەربارەی شۆرشی کورد-١٩٢٧/٣،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان،,٣٧١١٢٢٥٥

٦-هەمان سەرچاوە.

٧-کۆمەڵەی نەتەوەکان،بەریتانیای مەزنی راسپارد بوو کە کارێك بۆ دابینکردنی بەشداری خەڵکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا بەتایبەتی((سود وەرگرتن لە فەرمانبەری کورد لە دایەرەکان و لە دادگاکان وقوتابخانەکانداو بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانێکی رەسمی لە دەزگادەوڵەتییەکاندا)بکات.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان،٣٧١١٤٥٣

٨-عیسمەت شەریف وانلی،کوردستانی عێراق،بوونی نەتەوەیی،ل٧١

٩-نامەی ١٩٣٠/١٠/١٨ی سەرەك وەزیری عێراق بۆ سکرتێری سیاسی کۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە بەغدا. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١١٤٥٢٣

https://t.me/kurdistanbooks

١٠- نامـەی بـەرواری ١٩٣٠/٩/١٧ بـۆ كۆمیسـەری بـاڵای بـەریتانیا، وەزارەتـی كاروبـاری دەرەوەی ئینگلستان ,٣٧١١٤٥٢٣

١١- هەمان سەرچاوە .

١٢-سێركلارك ،١٩٣١/٦/١٧، وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئینگلستان,٣٧١١٥٣٦٩

١٣- البریفكانی،حەقیقەتـەكان ل.٤٠ ، لـە جوەیـدەوە وەرگـیراوە، بڕوانـە شۆڕشـی نەتـەوەیی كـورد، خواسـتەكان وپەرەسـەندنی،نامەیەكە دراوە بـە زانكـۆی سـیراكۆز ،وڵاتـە یـەكگرتووەكانی ئەمـەریكا ,١٩٦٠،

١٤- پەیامی تەلەگرافی ١٩٣٠/١٢/١٣ وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئینگلستان، ٣٧١١٤٥٢٣

١٥- نامەی ١٩٣١/٢/٣ی كورنوالیس بۆ جەمیل المدفعی .

١٦-وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٥١٣٢.

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی حەوتەم :شێخ ئەحمەدی بارزان :**

شێخانی بارزان کە ڕەقیبانی دەستکورت وهەژاری شێخانی شەمدینانی سەدەی نۆزدەمن، تا یەکەمین شۆڕشی شێخ عەبدوسەلامی دووەم(١٩٠٩)،کە سەرەنجام لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٤دا ترکان لە سێدارەیان دا ، ڕۆڵێکی بەراستی سیاسیان نەبو.شێخ ئەحمەد برای شێخ عەبدوسەلام و جێنشینی ئەو بوو،چ ناوێکی لە نێو ناواندا نەبووتا کوژرانی دوو ئەفسەری ئینگلیزی لە شۆڕشی هەیڤی نۆڤامبەری بادینادا،هەنگینیٚ ناوی کەوتە سەر زاران،ولەپڕ بوو بە قوربانی دەسیسەیەکی ئینگلیزی–عێراقی کە لە ژێر پەردەی سەرکوتکردنی بیدعەتەکانی بابایەکی هاڕوژاوی مەزەبیدا ، کەوتنە زنجیرە هێرشێك بۆ سەر خۆی وبراکانی،کە سەرەنجام بە دوورخستنەوەو نەفی کردنیان لە ساڵی ١٩٣٤دا،شکایەوە.

هەڵبەتە ئەمرۆکە هەڵسەنگاندن وحوکمدان لەسەر(دروست ئایینی) برایەکەی مەلا مستەفا بارزانی کارێکی زۆر ئەستەم ودژوارە:ئەو بەوە تاوانباربوو کە بانگەشەی بۆ ئاینێکی تازە دەکرد یان هەڵگەرابووەو بوو بوو بە دیان.ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبیٚ کە حەرامکردنی تەقلیدی لەسەر خواردنی گۆشتی بەراز هەڵگرتبوو.(!)

ڕەنگە هۆی هەرە بە هێزی ئەم کارە ئەمە بووبیٚ کە وەك باب وباپیرانی لە ڕادەبەدەر جێی ڕێزو حورمەتی مریدەکانی بووە و تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە خۆی وەکو (( تەجەلییەکی خودا)) ناساندبیٚ."١".

بەڵام هۆکاروفاکتەرێن((سەرپێچی))شێخ ئەحمەدی بارزانیش سیاسین،وکاربەدەستانی عێراق



https://t.me/kurdistanbooks

بەهاودەستی دەگەڵ ئینگلیزان پەردەی بێ دەنگی بەسەر ئەم رووداو وبویەرەدا دەکێشن. شێخ ئەحمەدی بارزان لە ساڵی١٩٢٧دا،لەگەڵ دەسەڵاتدارنی بەغدایا تووشی هەوەڵین گرفتەکانی خۆی دەبێت،وهەر لەم سەروبەندەشدایە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ یەکەمجار باسی کارە بیدعەتەکانی ئەو دێننە ناوناوان: شێخ ئەحمەد ئیدیعای خوایەتی دەکات!

لێ سەیر لەوەدایە کە شێخیش لەم سەروبەندەدا لە خولیای ئەوەدایە دەسەڵات وحوکمی خۆی لە رۆژهەڵاتی روکوچکدا،واتە لەوبەری ئەو دەڤەرەدا کە دەسەڵاتدارانی بەغدا بە قەڵەمڕەوی ئەوی ناودەبەن ، پەرە پێ بدات "٢"

کومیسێری باڵای بەریتانیا هێزێکی چریکی(لیوی)بە فەرماندەیی ئەفسەرانی ئینگلیزی ناردە سەر شێخ ئەحمەد، بەڵام کەس نازانێ ئەم هێزەی بۆچی ناردە شەڕی شێخ، ئایا بەو مەبەستە بوو کە بیهێننەوە سەر((رێگە))ی راستی ئیسلام،یان بەمەبەستی سەرکوتکردنی داوا سیاسیەکانی شێخ ئەحمەد بوو.بەهەر حاڵ مەسەلەکە هەرچیەك بوو(( قوەتە چریکییەکە)) روو بە رووی چ مقاوەمەتێك نەبوونەوە و مەخفەرێك لە گوندی بلەی چەند کیلۆمەتری بارزاندا دروستکرا.

### ١- شێخ ئەحمەد و شۆرشی ئارارات :

دوای چوارساڵ،واتە لە ساڵی١٩٣١دا شۆرش لەو دیوی سنوور لە هەرەتی گەرمیدایە،وسوپای ترك دەستبەکاروسەرگەرمی سەرکوت وتێکشکانی کۆماری کوردی ئاراراتە.

شێخ ئەحمەد لە مانگی تەموزوئابی ١٩٣١دا چەند سەدچەکدارێك بۆ یارمەتی شۆرشڤانانی ئەو دیو دەنێرێ وتورکیا بە توندی نارەزایی لە دەوڵەتی عێراق دەردەبرێ .لە دوای ئەو نارەزاییانەوە دەوڵەتی عێراق دەست بە (ئۆپەراسیۆنی عەسکەری بۆ سەر( ئەم یاخیانە))لە دەڤەری بارزان دەکات بەڵام دەسەڵاتدارانی ئینگلیز،نە دەربارەی کۆمەکەکانی شێخ ئەحمەد بۆ کوردێن ئاراراتونە دەربارەی ئیعتیرازنامەکانی تورکیا هیچ ناڵێن و رایدەگەیەنن کە ئەو((پەشێوێنیە)) کوتوپرەی کە ناوچەی بارزانی هێناوەتە لەرزە((ئەنجامی هەولو کۆششی شێخ ئەحمەدە بۆ سەپاندنی ئاینێکی تازە!)). "٣"

کارگێران وفەرمانبەرانی ئینگلیز،لە نووسینە مێژوییەکانی خۆیاندا، زۆر جاران ئەم بابەتە دەڵێنەوە.یەکێك لەوانە دەنووسێت لە تەموزی ١٩٣١دا شێخ ئەحمەد هەمدیس((ئەقڵ وهۆشی)) لە دەست دا...دەستووری بە مریدەکانی دا.... کە بە برژاندن و((خواردنی گۆشتی بەراز بێنە ریزی ئاینە تازەکەیەوە!)). "٤"

یەکێکی دیکەیان تۆزێك لە حەقیقەت نزیك دەبێتەوەوئیعتراف دەکات کە((دەوڵەتی عێراق بریاری دابوو بەرلە تەواوبوونی ماوەی سایەداری((انتداب))لە(١٩٣٢)دەسەڵاتی خۆی بگەیەنێتە سنوور.))لە سەری دەڕوات ودەڵێ ئەنجامدانی ئەم بریارە ((لەگەڵ بدعەتە ئایینیە تازەکانی شێخ ئەحمەدا بوو بە هاوزەمان)) ولە کۆتاییدا بە دڵنیاییەوە دەڵێ ((بە هیچ هێزێکی خەیاڵی ناتوانرێ ئاژاوەکانی بارزانی تاساڵی١٩٤٣، بە شتێکی زادەوهەڵقولاوی هەستی نەتەوەیی بزانرێ و پیشان بدرێ)). "٥"

زۆر زەحمەتە پیاو پەی بەوەبەرێ کە چۆن ئەم مێژوونووسە جدیانە توانیویانە بەمجۆرە کەمەندکێشی(خەیاڵ پڵاوەکانی)شێخ ئەحمەد ببن!

https://t.me/kurdistanbooks

کارەسات ئەمەیە کە دەسەڵاتدارانی عێراق بە جۆرێ بایەخ بە بیری((بیدعەتە ئاینیەکانی)شێخ ئەحمەد دەدەن  کە لەو رۆژانەی کە ئەم رووداوانە لە ئارادان هیچ کەسێك تەحقیق لە لایەنەکەی تر،واتە لایەنی ناسیونالیزمی کوردی ناکات. واتە کەس گوێ بە لایەنی نەتەوەیی مەسەلە کە نادات.

شێخ ئەحمەد چ پەیوەندیەکی بە رێبەرانی بزاڤی کوردی تورکیاوە هەبوو؟ ئایا پەیوەندی بە کۆمەڵەی خۆیبونەوە هەبوو؟ یان پەیوەندی بەرێبەرانی ئاراراتەوە هەبوو؟ یان تەنێ پەیوەندی بەو سەرۆکە ناوچەییانەوە هەبووە کە لەو دیوی سنوری عێراق، واتە لە تورکیادا دەجەنگین؟ ئایا پێش هەیڤی یەکی ١٩٣١ش بە نهێنی چەکداری ناردبوو بۆ یارمەتیدانی شۆرشڤانان؟و سەرەنجام بۆچی هەر ئەو شێخ ئەحمەدەی کە لە ساڵی ١٩٣٠دا خۆی لە یارمەتیدانی شێخ مەحمود دوورگرتبوو،دوای یەك ساڵ رازی بوو یارمەتی کوردانی تورکیا بدات؟و زۆر پرسیاری دیکەی لەو بابەتە کە رەنگە وەلأمیان نەبێ.

**٢- شەڕی شێخ رەشیدی لۆلان:**

هەر زوو شەڕو((ئاژاوە))بۆ ناوچەی برادۆست تەشەنە دەکات،ولە مانگی یازدەی١٩٣١دا بارزانیەکان وبرادۆستیەکان رووبەرووی یەکدی دبنەوە.((مامورێکی سیاسی نە ناسراو)) قەناعەتی بە شێخ رەشیدی لۆلان ،کە پیاوێکی (موتەعەسیب) بوو کردبوو کە شێخ ئەحمەدی بارزان(بۆ لە نێوبردنی هەموو موسلمانان،دەستی دەگەڵ ئاشوریەکاندا تێکەڵ کردووە))"٦" وبۆ شەڕی ئەم بێ(دینەی) هاندابوو....ئیدی شێخ رەشید لە رووی خۆشباوەرییەوە یان شتێکی ترەوە بووبێ ، بوو بە گەمەی دەستی ئەم مامورە فیتنەگێڕەو پەلاماری شێخ ئەحمەدی داو لە ١٩٣١/١١/٢٦ شکاو زەرەرو زیانێکی زۆری لێکەوت.دەوڵەتی عێراق کە لە هەیڤی ١٩٣١/٥دا شەڕی شێخ مەحمودی لە یەخەی خۆی کردبووەوە،دەساوێزو بیانوی تەواوی بەدەست هێنا: بێ ئەوەی باسی یارمەتی کوردانی تورکیا لەلایەن شێخ ئەحمەدوە، بێنێتە گۆرێ ، ئاگادارینامەیەکی بە شێخ ئەحمەد دا- کە بێ ئاکام بوو، ئەوجا لێبڕا((پەلاماری گوندی بلە، کە جێی دانیشتنی شێخ ئەحمەد بوو،بدات وجەزرەبەیەك لەخودی شێخ بدات.))"٧" لە کاتێکدا دڵنیابوو کە پشتیوانی ئەخلاقی هەموو ((بیرچاکانی))عێراقی دەگەڵدا دەبێت ؟

**٣- یەکەمین لەشکر کێشی بۆسەر شێخ ئەحمەد (١٩٣١/١٢):**

ئاکامی یەکەمین لەشکرکێشی بۆ سەر((قەڵای))شێخ ئەحمەد شکست وناکامیە ، قوەتێکی عێراقی (دوو سریەی پیادەودەستەیەکی رەشاش) شەوی ١٩٣١/١٢/٩ بارزان گەمارۆدەدەن،بەو ئومێدەی کە چەکدارانی شێخ ئەحمەد غافڵگیر بکەن.بەلأم کارەکە بە پێچەوانەی ئەم خەیاڵەوە دەردەچێت و چەکدارانی شێخ ئەحمەد کۆمەڵە دیلێك دەگرن کە یەکێکیان قایمقامی بلەیە!

بۆ سبەینێ هێزی ئاسمانی پاشایەتی(بەریتانیا) گوندی بارزان بۆردومان دەکات!شێخ ئەحمەد دەمودەست نامەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ دەسەلأتدارانی عێراقی ڤڕێ دەکات ولە نامەکەیدا پێشنیازی دانەوەی دیلەکان دەکات.

https://t.me/kurdistanbooks

**٤- دووەمین لەشکرکێشی بۆ سەر شێخ ئەحمەد (شوباتی ١٩٣٢):**

دەوڵەتی عێراق سوورە لەسەر ئەوەی شێخ ئەحمەد لە رێی خۆی لابەرێ،لە مانگی یەکەمی ١٩٣٢دا داوا لە کۆمیسێری باڵای بەریتانیا دەکات کە تاشەڕەکان دەستپێدەکەن، فڕۆکان هەر بۆ خۆنواندن بۆ سەر ناوچەکانی زێبار وبارزان هەستن.هەروەها دەوڵەتی عێراق خوازیاری((هاوکاری تەواو))ی هێزی ئاسمانی رژێمی پاشایەتی بەریتانیا لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندایە"٨"

سوپای عێراق بێ ئەوەی چاوەنۆری کۆتایی زستان بکات، لە ٩/شوباتی/١٩٣٢دا دەست بە پەلاماردانی گوندی بارزان دەکات.جارەکی دی دەشکێ!هێزی عێراق ١٤ کوژراو٩ بریندار دەدات. (زیانی بارزانیەکان ٢٠ کوژراو و٣٠ بریندار دەبێ). ئیدی دەوڵەتی عێراق لێدەبڕێ تا بەهار سەبر بکات.

**٥- سێیەمین لەشکرکێشی بۆ سەر شێخ ئەحمەد(٣/١٩٣٢)**

لە ١٢/٣/١٩٣٢دا ئاگادارینامەیەك بە شێخ ئەحمەد دەدرێ:دەوڵەت بڕیاری داوە((دام ودەزگای حکومەتی))لە ناوچەکەدا دابنێ، وداوای لێدەکرێ لە زەرفی٤٨ سەعاتدا خۆی تەسلیم بکات(دەوڵەت بە تەمابوو بۆ موسڵی دوور بخاتەوە)

**شێخ ئەحمەد خۆی بەدەستەوە نادات.**

لە ١٥/٣/١٩٣٢دا هێزێکی گەورەی پیادەوسوارەو تۆپخانە بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا دەچنە ناوچەی شێروان.چەکدارانی شێخ ئەحمەد بۆ بەرپەچدانەوەی هێزێن دەوڵەتی دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکەن ولە دوو شەڕدا لە رۆژانی ١٩/ ٣ و ٣/٤دا زەرەرێکی تا ڕادەیەك باش لە هێزێن دەوڵەتی دەدەن.کوردەکان قافڵەیەکی چوار سەد هێستری بە هەموو ئازووقەوبارەکانیانەوە دەگرن،ئەنجام هێزی ئاسمانی بەریتانیا بە ناودەکەوێ وچەکدارانی شێخ ئەحمەد پاشەکشێ دەکەن.لەم شەڕەدا فڕۆکەوانێکی ئینگلیزی دەکوژرێ ویەکێکی دی بریندار دەبێت.

لە ٦/٤/١٩٣٢دا کوردەکان لە نزیك چیای کانی لینگ دەشکێن وسوپای عێراق دوای هاتنی هێزی کۆمەکی لە ئاکرێوە بەپە لە وبێ ئەوەی توشی چ مقاوەمەتێك ببێ ،بارزان داگیر دەکات.

**٦-کەوتنە زۆنگاوەوە (٤/١٩٣٢):**

سەرکەوتنی عێراقیەکان لە راستیدا،تەنێ سەرکەوتنە درۆزنەیە:کوردەکان تاکتیکی خۆ دەگۆڕن، خۆیان لە قەرەی هیچ جۆرە رووبەرووبونەوەیەکی جەبهەیی نادەن ودەکەونە هێرشی پارتیزانی بۆ سەر هێلی پەیوەندییەکانی دوژمن.کوردەکان،کە لە چیاکانەوە هێزەکانی عێراقیان لێ دیارە،جموجوڵی ئەم هێزانە بەر لەوەی دەست پێ بکات،پوچەڵ دەکەنەوەو دوای هەر یەکێك لەم ئۆپەراسیۆنە پارتیزانیانە بۆ پشتی ((روکوچك))پاشاکشە دەکەن.

دەوڵەتی عێراق هەمدیس لە ١١/٤/١٩٣٢دا داوای یارمەتی هێزێن ئاسمانی بەریتانیا دەکات. دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی ئاکنجی عێراق،دوای هەندێك دوودڵی(!) لەسەر داوای عێراقیەکان رازی

https://t.me/kurdistanbooks

دەبن وهێزی ئاسمانی بەریتانیا لە ناوچەی مزوری باڵادا دەستبەکاردەبیّ.لە ٤/٢٩دا فرۆکەیەکی ((واپیتی))بەریتانیا دەکەوێتە خوارەوە وفۆرکەوانەکەی یەخسیر دەبێت.

شێخ ئەحمەد ئەم رووداوە بە فرسەت دەزانیّ وداوای ئاگربڕ دەکات لەبری ئازاد کردنی فرۆکەوانە ئینگلیزەکە، ئەمە ئاگربڕێکی سەیرە کە سنووری ئاگربڕەکە تا رەخی ڕاستی رووکوچك بڕدەکات.

سوپای عێراقیش ئەم فرسەت ودەلیڤەیە دەقۆزێتەوەو هێلی هاتوچۆی کوردەکان لە روکوچکەوە دەبڕیّ:هەموو پردەکان دەرووخێنیّ وریّبازگە وبوارەکان دەخاتە ژێرچاودێریەوەو بەمجۆرە چەکداروجەنگاوەرەکانی شێخ ئەحمەد لە قەڵاکەی خۆیدا ئابلوقە دەدات ولە هەمان کاتدا داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکات سنور((دابخات)).

**٧- دوا شەڕەکان (٦/١٩٣٢):**

هێزەکانی عێراق لە ١٩٣٢/٥/٢٦دا دەست بە زنجیرە هێرشێکی تازە بۆسەر شێخ ئەحمەد دەکەن کە دوا هێرشن بۆ سەر ئەو.

سەرکەوتنی ئەم شەرانە تا رادەیەك دەگەرێتەوە بۆ ئامادەبوونی ژمارەیەك ئەفسەری ئینگلیزی لە شەڕەکاندا بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ هیدلەم."٩"

بەڵام لە راستیدا بەشداری فراوانی هێزی ئاسمانی بەریتانیاوبۆردومانی بێوچانی بارەگاکانی بارزانیەکان،شێخ ئەحمەد ناچاردەکات کە خۆی تەسلیم بکات:شێخ لە ١٩٣٢/٦/٢١دا لە سنوور ئاودیو دەبیّ وبە نزیکەی چوار سەد جەنگاوەرەوە خۆی بە حکومەتی ترک تەسلیم دەکات"١٠"

شێخ ئەحمەد بۆ قەستەنتەنیە وپاشان بۆ ئەدریانوپل(ئەدرنە) دەبەن.دەوڵەتی ترک ژمارەیەك لە هاورێیانی شێخ بەوبیانووە دەگریّ کەگوایە لەو کوردانەن کە لە ساڵی ١٩٣٠دا لە ئاراراتدا شۆڕشیان هەڵگیرساندووەوپاشان پەنایان وەبەر شێخ ئەحمەد بردووە."١١"

بەمجۆرە شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان کە بوو بە قوربانی دەسیسەیەکی دوولایەنە ،کۆتایی دێت.لە ئەنجامی ئەم پیلانە دوو قۆڵیەی عێراق وترکانداو لە ئەنجامی پیلانی پەردەپۆش کردنی فاکتەروهۆکارە راستەقینەکانی ئەم شۆڕشەدا،دوا کەسایەتی بەوەج و دەسەڵاتی کورد لە ناوچە ی هەستیاری بارزاندا لادەبریّ .

**٨- شۆرشی شێخ محەمەد سەدیق و مەلا مستەفا بارزانی:**

لێ وێڕای هەموو ئەمەش،دەسەڵاتدارانی عێراق لە کوردستانی عێراقدا ناتوانن((ئاشتیەکی عەرەبی)) بەرقەرار بکەن.لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٣٢ مودیر ناحیەی شەمدینان لە تورکیا،داوا لە مودیر ناحیەی مزوری باڵا لە عێراق،دەکات کە بە مەبەستی هاوئاهەنگی کردنی شەڕ دژی ((رێگرانی بارزانی کە لە چیاکانی مانکۆلاوجەنگەڵ وبێشەکانی روباری حاجی بەگ))پەرتوبلاون بێت بۆ گوندی ((بێرۆخ)ی سەر سنوورویەکتر بدینن.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٢دا ترکان،ئەو کوردانەی کە لەگەڵ شێخ ئەحمەدا بوون وگرتبوویانن ئازاد دەکەن.محەمەد سەیدق ومەلا مستەفای برای شێخ ئەحمەد لە جوملەی ئازاد کراوانن. ئەم گروپە دێنەوە دەڤەری بارزان ولەگەڵ گەیشتەوەیاندا شەڕی پارتیزانی دەست پێدەکاتەوە:لە ١٩٣٢/١٢/٢٢ دەنگوباسی شەڕێك لە نزیکی مێرگەسۆر بڵاودەبێتەوە.

https://t.me/kurdistanbooks

له مانگی۱۹۳۲/۳دا جووته برایه‌كه‌ی شێخ ئه‌حمه‌د نزیكه‌ی ۳۰۰ جه‌نگاوه‌ر له‌ ده‌وری خۆیان كۆده‌كه‌نه‌وه‌و له‌ گونده‌كانی نزیك سنووره‌وه‌ هێزه‌كانی عێراق دێننه‌ گیرودار.به‌لاَم چونكه‌ ئه‌م گوندانه‌، له‌ ده‌شتی گۆڤه‌نده‌ی باكوری رۆژاوای بارزان وله‌ قوڵی چل كیلۆمه‌تری ناو خاكی توركیا ده‌بن،مه‌لیك فه‌یسه‌ڵ به‌ خۆی داوا له‌ سه‌ فیری ترك له‌ به‌غدا،ده‌كات كه‌ ده‌وڵه‌ ته‌كه‌ی له‌م رووداوه‌ ئاگاداربكاته‌وه‌.

فه‌یسه‌ڵ دوای چه‌ند مانگێك واتا له‌۱۹۳۳/۱۱/۸دا ده‌مرێت وئه‌م دوا هه‌وڵه‌ی دژی كوردان سه‌رناگرێت،چونكه‌ ده‌وڵه‌تی توركیا هێزی ئاسایشی ناوخۆی له‌م به‌شه‌ی ده‌ڤه‌ره‌كه‌دا نیه‌ .

زانیارییه‌كی ئه‌وتۆ له‌مه‌ڕ ئه‌م چالاكی وشه‌ڕه‌ سه‌ره‌تاییانه‌ی كه‌ بۆ ماوه‌ی چل سالاَن جه‌نه‌ڕاڵ بارزانییان له‌سه‌ر شانۆی سیاسه‌تی كوردستاندا به‌رجه‌سته‌ كرد ،به‌ده‌سته‌وه‌ نیه‌ ،لێ مه‌لا مسته‌فا بارزانی و محه‌مه‌د سه‌دیقی برای ئه‌و چه‌كانه‌یان به‌كاردێنا كه‌ به‌ر له‌ ته‌سلیم بوون به‌ توركیا، له‌ ساڵی ۱۹۳۲دا له‌ نزیك سنووردا شاردبوویانه‌وه‌،دیاره‌ به‌ته‌ما بوون پاش كۆكردنه‌وه‌ی جه‌نگاوه‌ران له‌ به‌هاری ساڵی ۱۹۳٤دا دژی هێزی ده‌وڵه‌تی عێراقی ده‌ست به‌ هێرش بكه‌ن.به‌لاَم له‌ ساڵی۱۹۳٤دا برایانی بارزانی ته‌سلیم به‌ ده‌سه‌لاَتدارانی عێراقی كرانه‌وه‌و عێراقیه‌كان هه‌وه‌ڵجار بۆناسرییه‌وپاشان بۆ سلێمانیان دوور ده‌خه‌نه‌وه‌.وێرای هه‌موو ئه‌مانه‌،ئاسایش له‌ ناوچه‌ی بارزاندا به‌رپا نابێ، چونكه‌ خه‌لیل خۆشه‌وی كه‌ له‌ یاوه‌رانی بارزانی ده‌بێ وهه‌لۆ به‌گی خاڵیان ،تا هه‌یڤی ۱۹۳٦/۳ هه‌ر پایه‌داری ده‌كه‌ن وده‌ستبه‌ردار نابن ."١٤"

https://t.me/kurdistanbooks




**٩- سەرچاوە و پەراوێزان :**

**١- ئەدموندز، میدل ئیست جۆرنال ١٩٥٩**

**٢- هەمان سەرچاوە**

**٣- نووسراوی ١٩٢٣/٤/١٨، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٦٠٤٥.**

**٤-لانگ ریگ ، عێراق ١٩٠٠-١٩٥٠،ل١٩٥**

**٥- ئەدموندز، میدل ئیست جۆرنال ١٩٥٩**

**٦- ا،هامیلتۆن، رێگەی کوردستان، ل ٢٩٩**

**٧-نووسراوی ١٩٢٣/٤/١٨، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٦٠٤٥.**

https://t.me/kurdistanbooks

٨-نامەی ١٩٣٢/١/١٨ی مەکتەبی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ سێر فرانسیس هامفری، کۆمیسێری باڵای بەریتانیا لە بەغدا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٦٠٤٥
٩-ژمارەیك لە((ئەفسەرانی پەیوەندی))یارمەتی جەنەراڵ هودڵم دەدەن،میجەروارن ، مێجەرکلارك، مێجەر دیکینسن ، سەروان ئالفری ،ستوان لاورتی،و ستوان پلی .
١٠-راپۆری جەنەراڵ راندڵ ،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٦٠٤٥
١١-نووسراوی ١٩٣٢/٨/٢١ی سێرجان سایمن، سەفیری بەریتانیالە قەستەنتەنیە،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٦٠٤٥
١٢-نووسراوی ١٩٣٢/١٠/١وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٦٠٤٥
١٣-خولاسەی راپۆری هەواڵگری هێزی ئاسمانی پاشایەتی١٩٣٣/١وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١١٦٩١٦.
١٤-بە گوتەی بریفکانی،حەقیقەتەکان ،ل ١٥-١٦ کە لە جوەیدەوە وەرگیراوە،ل ٦٦٩-٦٧٠

**تێبینی :ئەم زانیاریانە لە رێزدار ساڵح مەحمود بارزانی وەرگیراوە:(وەرگێڕی کوردی)**

(١) شێخ ئەحمەدی بارزانی،شێخێکی مەزن وخوا ناس بوو، پابەندی هەموو بنەما ئیسلامییەکان بوو، پاش شەهید بوونی شێخ عبدوسەلام بوو بە جێگری ئەو، دیارە ئەو قسە و قسەلۆکانەی کە لە دین هەڵگەراوەتەوە یان بووە بە مەسیحی یان خواردنی گۆشتی بەرازی حەلاڵ کردووە، هەموو بوختانی دژمنانی کوردوبارزانیان بووە، بەتایبەتی ئینگلیزوداردەستەو نۆکەرانی ئینگلیز، چونکە بارزانییەکان بەتایبەتی شێخ ئەحمەد بە حوکم ودەسەڵاتی ئینگلیز قاییل نەبوون، ئینگلیز زۆریان هەوڵ دەگەڵ دا تەنانەت قەوڵیاندایە کە لە زیندانی بەسراوئیعدام ئازادی بکەن وهەرچی بوێت بۆی بکەن هەر بە مەرجێ ئیمزایان بۆ بکات، لێ شێخ هەر رەفزی کرد وگوتی: بۆ هەنگۆ ئیمزا ناکەم.
٢- بەراز،لەلای بارزانییەکان گلاوەوبەر هەرشت وشوێنێ بکەوێ دەبێ حەوت جاران بە ئاو وگڵە سوور گلاوی دەربکرێ وشوێنەکەی بشۆردرێ ،ژیانی گیانلەبەران لە دەڤەری بارزاندا پارێزراوەو راویان قەدەغەیە، بەلام شێخ کە رێگەی راوی بەرازی داوە، لەبەر ئەوە بووە کە زەرعات ودەغڵو دانی دەڤەرەکەیان دەخواردوخراپ دەکرد،ئاشکرایە کە زەوی وزاری کشتوکاڵی لە ناوچە و دەڤەری بارزان کەمە،جا رێگەدان بە راوکردنی بەراز بۆ گۆشتەکەی نەبووە.کە بەراز راوکراوە هەندێ لە خەڵکان بۆ خۆیان بردوویانەتەوەو خواردویانە دەنا هەگیز شێخ خواردنی گۆشتی بەرازی حەلاڵ نەکردووە.نەك هەر خەڵکی موسولمانی دەڤەری بارزان گۆشتی بەرازیان نەخواردووە،بەڵکو خەڵکی فەلەی گوندی((بیدیاڵ))ش وەکو موسولمانان گۆشتی بەرازیان نەحواردووە.
شێخانی بارزان هەگیز لەسەر جیاوازی ئایین کەسیان نەبوغزاندووەوزۆریش نێوانیان دەگەڵ مەسیحی وجولەکەی کوردستاندا خۆش بووەوتەنانەت یەکێك لە قەبەکانی شێخ عەبدوسەلام ی شەهید ئەوە بوو کە پێی دەگوترا (شێخی مەسیحیا).
بۆیە ئەو قسەوقسەلۆکانەی ئینگلیز وداروەدەستەکانی ئینگلیز دژی شێخ ئەحمەد بارزانی و بارزانیان دەیانکرد ودەیاننوسین بوختان ودەست هەڵبستی دژمنانە بوون وهیچی دی.
(٣) شێخ ئەحمەد داوای خوایەتی نەکردووە،شێخێکی نەقشبەندی بوو...هێزی بۆهاوکاری شێخ سەعیدنارد،هێزی بۆ هاریکاری شۆرشا ئارارات هەنارد، هێزی بۆهاوکاری شێخ مەحمود هەنارد

https://t.me/kurdistanbooks

دوو شەهیدیان لەرانییە دا.چواردە شەهیدی بارزانی لە کوردستانی تورکیا درا. پاش شەهید بونی شێخ عەبدوسەلام شێخ عبدلقادر قاسیدی ناردە نك شێخ ئەحمەد داوای لێکرد کە لە جێگای شێخ عەبدوسەلام سەرکردایەتی بزاڤی کورد بکات.شێخ ئەحمەد وەلآمی شێخ عەبدلقادری دایەوە کە تۆ لە جێی شێخ عەبدوسەلام ببە بەرێبەری کوردێنی.

بۆیە ئەو قسەوقسەلۆکانە هەموی بوختانی دوژمنانەو جا ئینگلیز ڤیا پاش شێخ مەحمودی بێتە سەر بارزان بۆیە ئەو بوختانەی هەڵبەست وکردی بە بیانو وهەنجەت بۆ پەلامارانی بارزان .

(٤) چونکە شێخ ئەحمەد دژی داگیرکەری ئینگلیز بوو،دەنا کێ باوەڕ بەو درۆیە دەکات کە بەریتانیای ناموسڵمان هێز بنێرێتە سەر شێخێکی بارزانی چونکە لەدین وەرگەراوە تابیهێننەوە سەر ڕاستە ڕێی ئاین!!.

(٥) ڕاستە شێخی بارزانی هاوکاری هێزی ئاراراتی کرد،بەلآم بۆیە ئەمەیان لێکرد بەهەنجەت تا چ قوەتێك لە عێراق نەمێنی کە سەرپێچی لە دەسەلآتی ئینگلیزان بکەن،دەنا نە ئاینی تازە لە گۆڕێ بووەو نە هاروژان وئەقڵ لەدەست دان ونە حەلآڵکردنی گۆشتی بەراز کە لە دەڤەری بارزان نەك موسوڵمانان بەڵکو بەشێکی زۆری مەسیحیش نایخۆن.

(٦) شێخ ئەحمەدی بارزان هاوکاری شۆڕشی ئاراراتی کرد،هاوکاری شێخ مەحموودی کردوەو پەیوەندی دەگەڵ خۆیبووندا هەبوەو لەبەرهەست وگیانی نەتەوە پەروەری،لەلایەن ئینگلیزەوە بۆغزێنراوەو بوختانی بۆکراوە.

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی هەشتەم: شۆرشی دەرسیم**

لە ساڵی ١٩٣٢ بە دواوە ئەو گوشاروسەرکوتکاریەی دەخرێتە سەر کوردستانی تورکیا هێندە توندە، کە بە ناچاری سانسۆرێکی زۆر توندیشی لەگەڵە:بە عەمەلی چ شتێك لەمەڕ وەزعی کوردستان کە کراوە بە ناوچەی محەڕەمە دزە ناکاتە دەرێ.

چەند کورد، چەند سەد کورد، چەند هەزار کورد پاش شۆرشی ئارارات لە زێدی خۆ وەدەرنراون و دوورخراونەتەوە؟ئایا جگە لە شۆرشی ئارارات،شۆرشی دیکەی ناوچەییش هەبووە؟ئایا رێکخراوی نهێنی خەبات وبەرگری چیێ بووبوو؟لەم بارەیەوە پرسیاری بێ بەرسڤ فرەیە.

لە دەرێی تورکیادا، بە دەگمەن کەسێك هەیە ئاگاداری ئەوە بێ کە دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٤دا ناچار دەبێ جەنەراڵ کەنعان پاشای فەرماندەی سوپای چوارەمی دیاربەکر بۆ شەرناخ ڤرێ بکات،وئەم جەنەراڵە لە مانگی ئابی١٩٣٤وبە مەبەستی دامرکاندنەوەی راپەرینی کوردان دژ بە راگوێزانی بە کۆمەڵ"١"بۆ ماوەی پێنج رۆژی بێ پسانەوە چیایەکان تۆپباران بکات .

جەنەراڵ کەنعان لە ساڵانی ١٩٣٤-١٩٣٥بۆ ((چاوترساندنی کوردانی راپەڕیو)) ژمارەیەکیان لە (( معموره العزين))ێ لە سێدارە دەدات ."٢"

بەڵام بۆ لاچوونی ئەو پەردەی خامۆشی و بێدەنگیەی کە بەسەر کوردستانی تورکیادا دراوە ، دەبوایە چاوەنۆری شۆرشی دەرسیمی ساڵی ١٩٣٧ بکرێ،کە دەسەڵاتدارانی ترك توانای شاردنەوەی توندیوگەورەیی ئەوشۆڕشەیان نەبوو.

**١- نەخشەی عابد ین ئۆزمەن بۆ ((سەلبی کەسایەتی کورد لە کوردان)):**

چەند مانگێگ لەوە پێش موفەتیشی ناوخۆی ستانەکانی رۆژهەلات نەخشەیەکی بە مەبەستی خێراکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتی((سڕینەوەی تەبیعەت وکەسایەتی کورد)) لە کوردستانی تورکیادا،بۆ دەوڵەت پێشنیاز کردبوو،چونکە ئەم سیاسەتە(سڕینەوەی سروشتوکەسایەتی کورد)بەدڵی دەوڵەت نەچووبووە پێشێ...ئەم نەخشەیە کە لە هەندێ رووەوە تەواوکەری ئەو قانونەیە کە لە ساڵی ١٩٣٢دا لەلایەن حکومەتەوە پەسند کرابوو،و رێگەی دەوڵەتی دەدا کە کوردەکان بۆ رۆژاوای ولات راگوێزێ،جا نەخشەی گۆرین پێشنیازی ئەوەی دەکرد کە کۆمەلێك ترك لە رۆژئاوای ولاتەوە بۆ ناوچەی وان و دەشتی موش و((هەر هەموو ناوچەکانی کوردستان))رابگوێزن وپەیوەندی ئەم ناوچانە بە جادەی (( قیرتاو وسکەی قیتار))دابینبکرێ.جا بۆ کۆتایی هێنان بە یەکێك لە کۆڵەکەو مەرجە هەرە گرنگەکانی نەتەوەیی کورد-واتا زمانی تایبەتی- موفەتیشی ناوخۆ پێشنیاز دەکات کە قوتابخانەی ((شەوانە رۆژی)) دابمەزرێ کە (( لە وێندەرا مندالانی گوندێن کورد هەقی ئەوەیان نەدرێتێ بە زمانی کوردی قسە بکەن وزمانی ترکی فێر بن)).سەرەنجام ، عابدین ئۆزمەن،داوای لابردنی هەموو دادگا ئاساییەکان دەکات وپێشنیاز دەکات سیستەمێکی قەزایی تایبەتی دابمەزرێ ودادوەرانێکی تایبەتی کە بتوانن بە خێرایی و بەلەز کارەکان ئەنجام بدەن ،دابنرێن."٣"

https://t.me/kurdistanbooks

**٢- قانونی ساڵی ١٩٣٧:**

**دەوڵەتی تورکیا لە سەرەتای ساڵی١٩٣٧دا یاسایەك دادەنێ کە ماهیەتی((سەرکوتکاری)) نەخشەی ناڤبری دووپات دەکاتەوە:دامودەزگای ئیداری ناوخۆ هەڵدەپەسێردرێ،حوکمی عەسکەری رادەگەیەنرێ،فەرماندەێن عەسکەری دەکرێن بە حوکمداری شارەکان:هەڵبەتە ئەم حوکمدارانە بۆ هەرکارێکی سوپایی((دەسەلاتی تەواویان هەیە)):دادگا ناوچەییەکان دەتوانن فەرمانی ئیعدام دەربکەن،جگە لە زمانی تورکی، فێربوونی هەموو زمانەکانی تر قەدەغە دەکرێ، کتێبی بێگانە وفەرەنگی یاساغ دەکرێن."٤"**

**سانسۆری سەر هەواڵی ئەو پەشێویانەی کە لە بەهاری ساڵی١٩٣٧داو لە دەرسیم روودەدەن ، هێندە توندە کە کاتێ لە نێوهەموو رۆژنامەکانی قەستەنتەنیەدا، رۆژنامەی سون تەلەگراف لە ١٩٣٧/٥/٢٣دا ئاماژە بۆ ئەو بویەرانە دەکات خێرا دەستی بەسەردا دەگیرێ،تا رۆژگاری ئەمرۆش هیچ کەسێك نازانێ کە ئەم شۆرشە دەقاودەق کەنگێ دەستیپێکرد وسەرانی کێ بوون ، وەکو چۆن چ زانیارییەك لەمەڕ شۆرشی ساڵی ١٩٢٥ نیە.**

**٣- سەید رەزا (١٨٦٢؟-١٩٣٧) :**

**ئەو سیاسەتوانانەی کە لە سەردەمی شۆرشی دەرسیمدا لە ئەنقەرە بوون، لە باری مەیدانیەوە چ شتێك دەربارەی رێبەری ئەم شۆرشە نازانن، تەنێ ئەمە نەبێ کە سەید رەزا((سەرۆکێکی ناوچەیی))ولەگینە سەرۆکی عەشیرەتێك بووبێ.مخابن دکتۆر نوری دەرسیمی،نووسەری تاقە بەرهەم لەمەڕ شۆرشی دەرسیم(٥)کە بە خۆی چەندین ساڵ دەگەڵ سەید رەزا بووە،زۆر بە کورتی باسی ئەم پیاوە دەکات،بە گوتەی وی سەید رەزا کوڕی سەید ئیبراهیم،سەرۆکی تیرەی شێخ حەسنانە،کە ئاکنجی رۆژئاوای دەرسیمە ویەکێکە لە((گرنگترین وشەریفترین تیرەێن)) ناوچەکە.**

**سەید ئیبراهیم، کە لە گوندی دەری ئاهری Ahri deriدا دەژیا،وەکو سەید((دەسەلاتێکی فراوانی)) دەنێو جەماوەری خەڵکدا هەبوو: چونکە(( رێبەری)) ئەو خەڵکە بوو.**

**سەید رەزا بچوکترین چوار کوڕی سەید ئیبراهیم بوو،واتە زۆر ئازیز بوو،لە نك یەکێك لە زانا ئایینیەکان بە نێوی محەمەد عەلی ئەفەندی دەرسی ئایینی خوێندووە.ئەم پیاوە کاریگەرییەکی لە رادەبەدەری بەسەر ئەوەوە هەبووەو ویژدانی نەتەوەیی ئەوی بێدار کردووەتەوە .**

**سەید رەزا لە پاش مەرگی بابی ولەسەر وەسێتی بابی دەبێ بە جێنشینی ئەو ولە گوندی ئاگدادی بناری چیای توجیك نیشتەجێ بوو.بە گۆتەی نووسەری ژیننامەکەی((سەید رەزا هەر هەموو تایبەتمەندیەکانی کوردێکی تێدا بوو)):پیاوێکی رووخۆش،میهرەبان ودلۆڤان وبە نەوازش، زۆر زاهیدانە دەژیا، یەکجار چاکەکار بوو.پاش شۆرشی شێخ سەعید لە ١٩٢٥دا یارمەتی هەزاران کوردی ئاوارەی دا .**

**ئەمە هەر هەموو ئەو زانیاریانەیە کە لەمەڕ ئەو دەیزانین!.(لە قەبی سەید لە نێو کوردی شیعە مەزەبی دەرسیمدا هەمان گەورەیی وبایە خ وچەمکی لە قەبی شێخی هەیە دەنێو کوردێن سوننە مەزهەبی ئێران و عێراق و تورکیا دا .))"٦"**

**قەواڵەیەکی ریزپەڕ- نامەیەکی سەید رەزایە کە لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیزدا بەدەست هاتووە- ئەم وێنەیەمان بۆ تەواو دەکات وئەوە نیشان دەدات کە شیکردنەوەیەکی زۆر دروست و**

https://t.me/kurdistanbooks

بۆچوون و روانینێکی زۆر روونی لەمەڕ ڕەوش و وەزع و حاڵەکە هەبووە:ئەم قەواڵەیە لە حەقیقەتدا بەیاننامەی شۆڕشی دەرسیمە،داوای یارمەتیە لە و دەوڵەتەی کە نامەکەی ئاراستە کراوە،لێ دەوڵەتی ناڤبری بە دەنگیەوە ناچێت."٧"

**٤- بەیاننامەی سەید ڕەزا :**

سەید ڕەزا لە نامەکەیدا دەنووسێت:دەمێ ساڵە دەوڵەتی تورکیا هەوڵدەدات نەتەوەی کورد بتوێنێتەوەو لە ڕای ئەم مەبەستەدا گەلی کورد سەرکوتدەکات، چاپەمەنی وبلاڤۆك وزمانی کوردی یاساغ کردووە،هەرکەسێك بە زمانی زکماکی خۆی قسەبکات دەیگرێ وئازاروئەشکەنجەی دەدات، لە ڕێگەی کوچاندنی زۆرەملێ وبەرنامەدارەوە خەڵکی ناوچە بە پیت وبەرەکەتەکانی کوردستان بۆ ناوچە وشك وبێ ئاوەکانی عەنەدۆڵ ڕادەگوێزێ، کە لەوێندەر کۆچێنراوەکان دەستە دەستە زایە دەبن و دەمرن.لەو دوایانەشدا دەوڵەتی تورکیا لێبڕاوە بێتە ناوچەی دەرسیم، کە لە سایەی بەرەکەتی ڕێکەوتنێك دەگەڵ دەوڵەتدا تا ئێستا لەم ئازاروعەزابە دوور بوو.جا خەڵکی لەبەرانبەر ئەم کارەدا، لەبری ئەوەی بەدەم کاروانی دووورودرێژی کۆچەوە لە ڕێدا بمرن، بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆ دەستیان داوەتە چەك، وەکو چۆن لە ١٩٣٠دا لە ئارارات ودۆڵەکانی زیلان و بایەزیدیشدا وەهایان کرد.ئەوە سێ مانگی تەواوە شەڕێکی قورس لە ناوچەکەی مندا حەشر دەکات.وێرای نابەرابەری ونا یەکسانی لە ئەوزاروتفاقی جەنگدا ،وێرای ئەوەی دەوڵەت پەنا وەبەر فرۆکەی بۆمباهاوێژ وبۆمبای سوتێنەر وگازی خنکێنەر دەبات، من وهاوڵاتیانم ، هەوڵەکانی هێزی ترکمان پوچەڵ کردووەتەوە.فڕۆکەین ترك، دەرەقەتی ئێمە نایەن ولە تۆڵەی ئەمەدا ،گوندەکان بۆردومان دەکەن، دەیان سووتێنن ژنان و زارۆکێن بێ چەك وبێ دەسەڵات دەکوژن،وحکومەتی تورکیا لە تۆڵەی شکستەکانی خۆی بەمجۆرە تۆڵە لە هەموو گەلی کوردستان دەستێنێ.زیندانەکان تەژی خەڵکی بێ تاوانی کوردن.خوێنەواران بەر دەستڕێژی ڕەشاشان دەدەن،یان لە سێدارەیان دەدەن،یان نەفی ناوچە دوورە دەستەکانی تورکیایان دەکەن.ئەو سێ ملیۆن کوردەی کە لە نیشتیمانی خۆدا نیشتەجێن وخوازیاری چ شتێك نین جگە لە ژیان بە خۆشی وشادیو ئاشتی وئازادی وپاراستنی ڕەگ و ڕەچەڵەك و زمان وداب و نەریت و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی خۆیان، روو لە جەنابتان دەنێن وداوا لە جەنابتان دەکەن کە بۆ کۆتایی هێنان بەم بێدادیە،دەسەڵاتی ئەخلاقی وبەرزی وڵاتەکەت بۆ پاراستنی میللەتی کورد بەکار بێنن)).

**فەرماندەی گشتی دەرسیم**

**ئیمزا سەید ڕەزا**

https://t.me/kurdistanbooks

**٥ – پەشێوییە سەرەتاییەکان( ١٩٣٧):**

بە گوتەی دکتۆر نوری دەرسیمی سەرەتای هەراو هەنگامەکانی ساڵی ١٩٣٦،ئەو کاتانە بوو کە سوپای تورکیا بەئاشکرا لێرا کۆمەڵێك سەربازخانە لەناوچە سەرەکیەکانی دەڤەری دەرسیمدا دابنێ.

سەید رەزا،رابەروسەرکردەی کۆمەڵێك تیرەوتایفە بوو،کەنیازی بەرپەرچدانەوەی ئەم کارەی دەوڵەتیان هەبوو،لەساڵی١٩٣٦دا،خویا نیە کە لە چ وەختێکی ئەو ساڵەدا بوو،لەگەڵ جەنەرال عەبدوڵلا ئالپ دوغان،سەرۆکی جەندرمەخانەی((العزیز)) دەکەوێتە دان وستان.سەید رەزا لە میانەی گفتوگۆکانەوە((نیازومەبەستی شەرفرۆشانەی)) دەوڵەتی بۆ بە دیاردەکەوێ ولێدەبرێ دکتۆر نوری دەرسیمی بە مەبەستی((تێگەیاندنی بیری گشتی جیهانی لە مەسەلەکە))بۆ ئەوروپا بنێرێ."٨"

دوای ماوەیەکی کەم لەم دیدارە جەنەراڵ ئالپ دوغان،بلاْوکراوەیەك دەردەکات داوا لەهەموو تیرە کوردەکان دەکات،بەپێی رێژەی ژمارەی خۆیان دووسەد هەزارتفەنگ تەسلیم بە دەوڵەت بکەن،ولەهەمان کاتدا کارگێرانی دەزگا ئەمنیەکانی ترك،تیرەکوردەکان لەیەکدی هاندەدەن.

دامەزراندنی مەخفەروقشڵەی تازە سەرچاوەی بویەرو رووداوەکانی هەوڵە:لە دوو شوێندا خەڵکی پەلاماری شوێنی بینا تازەکان دەدەن وپاسەوانانی بیناکان چەك دەکەن.

هەنگینێ سەید رەزا داوا لە جەنەراڵ دوغان دەکات کە نووسراوەکەی(بەیننامە)لەمەر تەسلیم کردنی چەك،هەڵوەشێنێتەوەوهەروەها داوا دەکات((دام ودەزگایەکی ئیداری ئەوتۆ لەناوچەکەدا دابمەزرێ کە مافی نەتەوەیی خەڵکی کورد دابین بکات.))

کاردانەوی دەوڵەت زۆر فەوریە:چەند فەوجێکی پۆلیس بۆ دەرسیم دەنێرێ،ولە هەمان کاتدا یەکەکانی سوپای نۆیەم لە((سنورەکان))ی دەرسیمدا مۆڵ دەخۆن.

هەستانی شناسایی رۆژانەی فرۆکەکانی ترك،خەڵکی کورد تورەدەکات ولە هەموو ناوچەکەدا سووکە پێکدادان لەنێوان خەڵکی ویەکە دەوڵەتیەکاندا روودەدات.زستان دێ بەسەرا ودەبێتە مایەی وەستانی عەمەلیاتی سوپایی،لێ دەرسیم هەر لە گەمارۆدایە.

**٦– هۆکار و فاکتەرێن راستەوخۆی شۆرشی ١٩٣٧:**

هەر کە بەهاری ساڵی ١٩٣٧ هات وبەفر لەکوێستانان چوونەوە،یەکسەر کریارێن عەسکەری بەدوودا هات.جەندرمەی تورکیا بەبیانووی چەککردنی عەشایەرەوە دەکەونە ئیهانەی خەڵکی ووردەشەروپێکدادانی ناوچەیی بەتایبەتی لەناوچەی مەلازگەرد رۆژ بە رۆژ روو لە زیادی دەکات.

لە بەهاری ساڵی١٩٣٧دا یەکێك لە کورەکانی سەید رەزا بە نێوی برائیبراهیم دەچێت بۆ مەخفەری ترکان لە هۆزات،تابە ناوی بابیەوە داوا لە((فەرماندەی ناوچەکە))بکات کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوەو کۆتایی بەکریارێن عەسکەری بهێنرێ.برا ئیبراهیم لە گەرانەوەدا دەکەوێتە ئەو بۆسەیەوە کە ئەفسەرانی ترك بەهاودەستی کوردێن کورگانی بۆی دەنە نەوەو دەکوژرێ.

https://t.me/kurdistanbooks

کوشتنی برائیبراهیم سەرەتای ئاشکرای دوژمنایەتی نێوان کوردێن دەرسیم ودەوڵەتە:سەید رەزا دەڤەری کورگانەکان گەمارۆدەدات ودەیەوێ بکوژانی کورەکەی تەسلیم بکەن....بەلاّم بکوژەکان خەلاّتیان لە دەولّەتی ترك وەرگرتوە! "٩".

٧- **سەرکوتکردنی شۆرش:**

ترکان،بە پەلە هێزێکی گەورە لەناوچەکانی نزیکی سنووری شۆرشدا مۆڵدەدەن وهێزەکەیان هێندە زۆر دەبێت کە دەگاتە حەوت سوپا.مەڵبەندی سەرکردایەتی ئەم هێزانە لە دیاربەکرە،بەلاّم یەکەکانی ئەم هێزانە لە ئورفە وسیرت و وان والعزیز ونزیکی ئەدەنەدا(سوپای شەشەم) بلاّوبونەتـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەوە.

پێدەچێت ئەم قایمکاریە بەم مەبەستە بووبێت کە رێگە لەشۆرش بگرن ونەیەڵن بەرەوباشور تەشەنەبکات وببێت بە لەمپەرلەبەردەم ئەنجامدانی(مانۆری)کوردێن سوریا.(پێشترشێخ عەبدورەحیم،برای شێخ سەعیدی پالّو،هەوڵێکی کاریگەری لەم بوارەدا دابوو،بەلاّم کوردەکان کەژمارەیان کەم بوو بوو بەرگەی ترکەکان ناگرن وشێخ عەبدورەحیم کوژرا."١٠"

هێرشی سەرەکی ترکان بۆسەر شۆرشڤانانی کورد،بە هاوکاری بەربلاّوی هێزی فرۆکەوانی ،لەئەرزەنجانەوە دەستی پێکرد.هێرشی ئاسمانی وەکولە نامەیەکی سەیدرەزاو وئەودبلۆمە فەخرییەی کە بەیەکێك لە کیژە ئاسمانەوانەکانی ترك بەناوی سەبیحە گوکچن درابوو، دەردەکەوی یەکجاربەربلاّوبووە.ئەم دبلۆمەیان(بە بۆنەی ئەو چالاکییە بەرچاوەوە بەم کیژە داوە کە لە دەرسیمدا ئەنجامی داوەو بۆ تیربارانکردنی پەناگاکانی شۆرشڤانان،سڵی لەوە نەکردبووەوە کە بەسەر دژوارترین خەرەندانی کۆساراندا بفرێ))

لەم ئۆپەراسیونانەدا بۆیەکەمجار زرێپۆشی جەنگی دژ بەکوردان بەکارهات.

٨- **گفتوگۆ:**

ئەوسا سەید رەزا سەرلە نوێ پەیوەندی دەگەڵ جەنەراڵ ئاڵپ دوغاندا دەگرێ وتێی دەگەیەنێ کە ((کە ئەگەر رێز لەمافی نەتەوەیی کورد بگیرێ وبکوژانی کورەکەی بدرێنە دادگا،ئەو ئامادەیە هەمو ئەفسەروسەربازە دیلەکان وچەك وتەقەمەنی وتفاقە دەست بەسەرا گیراوەکان بداتەوە بە دەوڵەت))

لێ جەنەراڵ ئاڵپ دۆغان،داوای تەسلیم کردنی بێ قەیدوشەرتی ٨٠٠٠٠ هەزار تفەنگی ماوزەر دەکات.... وئیدی شەڕ دەست پێدەکاتەوە."١١"

٩- **دەسەلاّتی عەلی شێر وکوشتنی ئەو:**

لەباری سوپاییەوە ئەقڵی هەرە گەورەی راپەرین عەلی شێر ناوێك بوو کە نەخشە عەسکەریەکانی شەڕی دادەرشت.ئەمیش وەك سەید رەزا لەتیرەی شێخ حەسنان بوو،لە گوندی عەمرانی نزیکی کۆچکری لەدایك بوو بوو،لە قوتابخانەی ناوەندی سیواس خوێندبووی.لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید وپاش ئەوەی بە شیعروشاعیری ناووشۆرەتی پەیدا کرد،بوو بە سکرتێری مستەفا بەگی سەرۆکی تیرەی کۆچکری، پاش کوشتنی ئەو (مستەفا بەگ) بەدەستی والی دەرسیم،بوو بە

https://t.me/kurdistanbooks

مامۆستای کورەکانی ئەو.عەلی شێر لەم رێگەیەوە توانی دەورێکی گەورە لە یەکخستنی تیرە وتایفەکانی ناوچەو دەڤەری کۆچکری ببینیٚ.

دوای پاشەکشەی هێزێن روسیا لە ١٩١٧ لە کوردستانی تورکیا ،دەسەلاٚتدارانی رژێمی تورکیا بۆ ئەوەی خەلٚکی دەرسیم، نەهارۆژێنن ئەوە بەمەسلەحەت دەزانن کە چاوپۆشی لە کریارێن عەلی شێر لە ناوچەی ئاوەچك بکەن.لیٚ عەلی شێر درێژە بە خەباتی نەتەوەیی خۆی دەدات، لە سالٚی ١٩٢٠ پەیوەندی دەرسیمی بە (( یانەی نەتەوەیی بەرزیەتی کوردستان)) راگەیاند وداوای لە رێبەرانی کوردی قەستەنتەنیە کرد کە چەند لقێکی یانەی ناڤبری لە دەرسیم بکەنەوە"١٢".

لە سالٚی١٩٢١دا کەوتە نامەنووسین وتەلەگراف ناردن بۆ دەولٚەت وداوای دەکرد بڕیارەکانی پەیمانی سیڤەر جێبەجیٚ بکات وچەندین کۆنفرانسی بە زمانی کوردی ئەنجام دا.دوای چەند هەیڤێك بە هۆی بەشداریکردنی لە شۆرشی کۆچکری دا حوکمی مەرگی بۆ دەرچوو، لیٚ توانی لە دەستی دەسەلاٚتداران هەلٚبیٚ.لە سالٚی١٩٣٧دا عەلی شێر هەر بە سەرپەرشتی وبەرێوەبردنی کریارێن سوپاییەوە نەوەستا:لە رای یەکخستنی کورد لە دەوری سەید رەزا،زۆر بابەتی نیشتیمانپەروەرانەی نووسی و گەلێك شعری نیشتیمانی داناو بلاٚوکردەوە.لە هەیڤی ١٩٣٧/٦ سەید رەزا داوای لە عەلی شێر کرد کە بەمەبەستی رێگەگرتن لە خوێنرشتنی پتر، بڕوات بۆ ئێران یان عێراق ((تا کارێکی وەهابکات کە فەرەنسا یان بەریتانیا بکەونە بەینەوە))"١٣"

لیٚ شەویٚ بەر لەرۆیشتنی بە هاندانی جەنەڕالٚ ئەلپ دۆغان، لە بارەگاکەی خۆیدا لە ئەشکەوتی ئەگدات دا بەدەستی (رێبەر))ی برازای سەید رەزا کە بێلایەنی خۆی راگەیاند بوو، بەلاٚم ژێراو ژێر لەگەلٚ ترکان بوو، کوژرا.مەرگی عەلی شێر خەسارەتێکی گەورە ودلٚتەزێن بوو بۆ شۆرشی کورد.

**١٠- کۆتایی شەڕ:**

لە کۆتایی هەیڤی ١٩٣٧/٦دا هەموو خەلٚکی ئەنقەرە لەوە دلٚنیابوون کە شۆرشی دەرسیم بە تەسلیم بوونی ((دوا)) دەستەی شۆرشڤانان لە ١٩٣٧/٦/٢٤دا تەواو بووە .

چ هەوالێك لەمەڕ چۆنیەتی ئۆپەراسیۆنەکانەوە لە دەستدا نیە، بەلاٚم ناوەندە سیاسییەکانی رۆژئاوا لەو باوەڕەدان کە هێزی فرۆکەوانی وجەندرمەی تورکیا((خەسارەتی گەورەیان)) لێکەوتووە.

بەرێکەوت هەندیٚ لە سیاسەتوانانی ئینگلیزی دانیشتوی ئەنقەرە، لە گفتوگۆیەکدا دەگەلٚ یەکێك لە فەرمانبەرانی وەزارەتی کاروباری گشتی کە لە دەرسیم هاتووەتەوە، بۆیان دەردەکەویٚ کە شۆرش وشەڕ هەر بەردەوامە وجەنەرالٚ ئەلپ دۆغان((بەتەما نیە ئەم سالٚ هەموو ناوچەکانی شۆرش بگریٚ و گرتنی هەموو ناوچەکان....لە سالٚی داهاتوودا ئەنجام دەدریٚ! ))"١٤"

دوای مەرگی عەولی شێر قورسایی شۆرش بەرەو ناوچەکانی تیرەی بەختیار دادەکشیٚ.بەلاٚم کاری سەرکوتکاری یەکجار توندودڕندانەیە:ترکان بێشەکانی ناوچەکە دەسووتێنن،زەمینەی کوشتنی شاهین، سەرۆکی تیرەی بەختیارفەراهەم دەکەن. لە دۆلی ئیکسۆردا ،هەزاران ژن ومندالٚ کە پەنایەن بۆ ئەشکەوتەکان بردبوو،لە ئەنجامی کردنەوەی ئەو ئاگرودووەی لەبەردەم زارکی ئەشکەوتەکاندا کردویانەتەوە خەفە دەبن و وێندەر دەبیٚ بە گۆڕیان.

https://t.me/kurdistanbooks

یەکێك لە کوڕانی سەید ڕەزا بە نێوی حەسەن ڕەشیك ،پارچە تۆپی بەردەکەوێ وبریندار دەبێ، دایکی لە((العزین))بۆ دەرمانکردن بە ئەفسەرێکی ترکی دەسپێرێ .ئەوانیش لە بری دەرمانکردنی ئەشکەنجەی دەدەن دوایە دەیکوژن.

توندوتیژی سەرکوتکاریەکان لە سەرەتادا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی وەکو ((کوریچا))کان کە بێ لایەن بوون،یان تەنانەت خەڵکی وەکو کورگانەکان کە بوو بوون بە جاشی دەوڵەت، لە دەوری سەید ڕەزا خرببنەوە. لێ ئەم خێڵانەش زۆر دڕندانە قەتڵ وعام دەکرێن:ترکەکان،دیلەکان تیرباران دەکەن وژن و زارۆکان دەنێو کادانانـدا دەسوتێنن.فەرماندەی ترك کە بە((بارەگای))سەید ڕەزا دەزانێ، بەر بۆردومانێکی توند و تۆپبارانی بێ ڕەزای تۆپخانەی دەدا.

نهو،سەیدڕەزا دەیەوێ بگاتە ئاوەچك،بەڵام ئەوهەوڵەی لە قزلجەوە بۆتێشکانی بازنەی گەمارۆکەی دەدا،زۆر قورس لەسەری دەکەوێ:هەزاران کەس لە کە سوکاری خۆی، لەوانە ژنە بچوکە کەی و یەکێك لە کوڕەکانی و سیان لە نەوەکانی لە دەستدەدات!.

### ١١- گرتنی سەید ڕەزا :

لە دوای ئەوە ترکان لە هەلومەرجێکی تارادەیەك گوماناویدا دەستیان دەگاتە سەید ڕەزا. بە پێی گوتەی کوردان، والی ئەرزەنجان لە سەرەتاکانی ئەیلولی١٩٣٧دا رایدەگەیەنێ کە دەوڵەت لێبڕاوە داواکانی کورد جێبەجێ بکات و خەسارەتەکانی کوردان ببژێرێ- ئاگربڕ رادەگەیەنرێ .

سەید ڕەزا باوەڕ بەم بەڵێنانەی ترك دەکات وبەمەبەستی گفتوگۆ دەگەڵ والی دا بۆ ئەرزنجان دەروات ...وله وێندەر ولە ١٩٣٧/٩/٥ دا دەگیرێ .سەید ڕەزا لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە کۆشکی پارێزگا ئەوەندە فرسەت دێنێ کە چەند وشەیەك لەمەڕ تاوانباری ((ئەم دەوڵەتە درۆزن وبێ شەرەفە)) بڵێ.
لە ئەلعزیزەدا دۆسیەی سەید ڕەزا چی دەکرێ... .

لە کاتی لێکۆڵینەوەو تەحقیقدا، ترکەکان هەوڵدەدەن سۆڤیەتیەکان تێوەگلێنن ودەیانەوێ دەربارەی بوونی ئەفسەرانی سۆڤیەتی لە دەرسیم یان کۆمەکی چەکەمەنی دەوڵەتی ناڤبری ئیعتیرافی لێوەربگرن....

لێ سەید ڕەزا لە گەرمەی تەحقیقاتەکەدا دووپاتی دەکاتەوە کە((ئەوخێزانەی وی لە باوەشیا پەروەردەو گەورە بووە ،هەرگیز ئەڵقە لە گوێ ومەلکەچی بێگانان نەبووە... سەدان ساڵ(!) بە گیانی نیشتیمان پەروەرانە لەبەرخاتری بەرژەوەندی باڵای میللەتی خۆیدا خەباتی کردووە.... لێ مخابن بێ ئاکا مو ئەنجام)).!

سەید ڕەزا پاش چوار ڕۆژان دادگایی لە ١١/١٤دا دەگەڵ دە کەسی دیکە لە سەرانی کورد حوکمی ئیعدام دەدرێ ولە ١١/١٨دا لە سێدارە دەدرێ ولە پای قەنارەدا دەڵێ:((من تەمەنم حەفتاو پێنج ساڵە، دەچمە ریزی شەهیدانی تری کوردستانەوە... دەرسیم شکستی هێنا، بەڵام کوردوکوردستان دەمێنن.... لاوانی کوردستان تۆڵەمان دەستێنن،نەفرەت لە خاینانی ستەمکار...))"١٥"

سەید حسەینی سەرۆکی خێڵی کوریچا،وعەلی ئاغای سەرۆکی خێڵی یوسفان وسێ کەسی دیکە لە سەرانی خێڵەکان، دەگەڵ سەید ڕەزادا لە سێدارە دەدرێن.

https://t.me/kurdistanbooks

حوكمی ئیعدامی چوار كەسی دی لە سەرانی خێڵەكان (( بەهۆی گەورەیی تەمەنیانەوە)) بۆ سی ساڵ زیندانی كەم دەكرێتەوە.... سێ كەسی دی لە تاوانباران بە حەبسی جیاواز مەحكوم دەبن ، چوار كەسیش تەبرێ دەبن.

لە ١٩٣٧/١١/١٩ لە مزگەوتی كوردێن دیمەشقدا، تازیە وپرسە بۆ قوربانیەكان دادەنرێ.

هەڵبەتە مەحاڵە بتوانرێ تەرازنامەیەكی دروست دەربارەی شۆرشی دەرسیم وهەڵسەنگاندنی شۆرشەكە بخرێتە بەردەست.عیسمەت ئینونو،سەرەك وەزیران،لە ئەنجومەنی نەتەوەییدا رای دەگەیەنێ كە هێزەكانی دەوڵەت یەك ئەفسەرو٢٨ سەربازیان لە دەستداوەوپەنجا زامداریان هەبووە، لە كاتێكدا كوردەكان ٢٦٥ كوژرا و٣٠ برینداریان هەبووە و٨٤٩ كەسیش خۆیان تەسلیم كردووە!.

لێ پەیامنێری رۆژنامەی Temps(تایمز؟)لە ئەنقەرا دەڵێ:((سێدارەكانی دەرسیم گوڵیان كردبوو(!)وهێشووی شۆرشڤانانیان پێدا هاتبووە خوارێ ))"١٦"بە پێی قسەی هەندێك ژێدەرێن كوردی زیانی كورد دەگەییە نزیكەی ٤٠٠٠٠ كەس.

جارێكی دی بێدەنگی باڵی بەسەر كوردستانی توركیادا كێشا.... جەنگاوەر وخەباتكارێن كورد لە ماوەی ئەم بیست ساڵێ سەركوتكارییە درندانەیە دا، دلێری و فیداكاریەكی زۆریان نواند:لە ١٩٢٠تا١٩٣٧-ئەگەر هەڵاتنی ئیحسان نوری لێدەربكەین، تەنانەت تاقە جارێكش توشی تەسلیم بوون وملكەچ بوون نابین:هەموو سەرانی كورد یان بەسەر سێدارەوە یان لە مەیدانی شەڕدا گیانیان دەسپێرن.

خەباتكاران وسەرانی كوردستانی توركیا كە جگە لە خۆیان پشتیان بە چ شتێك وچ كەسێك نەبەست بوو، لە هەموو ریسواییەكانی گەورە پیاوانی كوردی قەستەنتەنیە بێ بەری بوون.

ئەگەر دەوڵەتی توركیا لە رێگەی زەغەڵكاری بێ وێنەوە نەیدەتوانی زۆربەی ئەم قارەمانانە بخاتە بۆتەی گومناوییەوەو قارەمانێتیەكانیان بە پەردەیەكی ئەستوور لە بێدەنگی داپۆشێت،ئەوا تەنیا دلێریو قارەمانێتیان كافی بوو بۆ هەتاهەتایە مەشخەڵی ئاگری كوردایەتی بە نەمری ڕابگرێ.


١٢- سەرچاوەو پەراوێزان :

١- گۆڤاری القبسی عەرەبی،دیمەشق، ژمارە ١٩٣٤/٨/١٩ كە لە كتێبی ((كوردو هەق))ی رامبۆ ل.٣٤ وەری گرتوە.

٢-گوتاری پەیامنێری تایمز لە ئەنقەرا ١٩٣٧/٨/١٨

٣-راپۆری پرۆفیسۆر بیلی ١٩٤٤/٣ وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٤٠٢١٩

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- دەرسیم لەمێژووی كوردستاندا،بە زمانی توركی لە حەڵەب ،ساڵی ١٩٥٢بڵاوكراوەتەوە.دكتۆر نوری دەرسیمی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٧٥دا لە سوریا كۆچی دوایی كرد، دكتۆر نوری لە ساڵی ١٩١٩وە لە زۆربەی بزاڤە نەتەوەییەكانی كورد، بەتایبەتی لە شۆرشی دەرسیمدا شان بە شانی سەید رەزا بەشداری كردوە.

٦-هەمان سەرچاوە ،ل٢٩١

٧-لە نامەكەی ١٩٣٧/٧/٣١ی سەید رەزا دا ،شوێنی نووسینی نامەكە بە دەستەواژەی ((دەرسیم،كوردستان))دیاریكراوە،ئەم نامەیە بە تایپ وبە زمانی فەرەنسی نووسراوەو بۆ(وەزارەتی

https://t.me/kurdistanbooks

کاروباری دەرەوە) ئاراستە کراوە بیٚ ئەوەی نێوی دەوڵە تی مەبەست هێنرابیٚ.ئەو نوسخەیەی کە لە ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیستاندایە نوسخەی دووەمەو بە ئیمزای سەید (رەزا) یە. لە گوینە سەیدرەزا عەینی ئەم نامەیەی بۆ ژمارەیەك لە وەزارەتخانەی کاروباری دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپایی ناردبیٚ . ئەو نامەیەی کە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان نێردراوە تا ١٩٣٧/٩/٢١نەگەییوەتە جیٚ.بە گوێرەی نووسراوی فەرمانبەرێکی وەزارەتخانەی نێوبراو،نامەکە لە زەرفەکەیدا نەبووە،بەمجۆرە نەزانراوە چ کاتێك گەییوەتە لەندەن، دەوڵەتی ئینگلستان، لەوەڵامدا نامەیەکی بۆ دەوڵەتی تورکیا ناردووەو دڵنیای کردووە کە وەڵامی ئەو نامەیەی نەداتەوە.وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٢٠٨٦٤

٨-دکتۆر نوری دەرسیمی ل ٢٧٠

٩- هەمان سەرچاوە ل ٢٧٢

١٠- حەسەن ئەرفەع ، کوردەکان ل٤٢ بە گوتەی دکتۆر نوری دەرسیمی، کۆمەڵە پێشمەرگەیەك ، بەسەرکردایەتی فەسیح ناوێك(کوڕی محەمەدەمین بەگ کە پەنای وەبەر سوریا بردبوو) تا ١٢ کیلۆمەتر ی دیاربەکر پێشرەویان کرد.

١١- لۆتان ١٩٣٣/٨/١٨

١٢- دکتۆر نوری دەرسیمی ل ٢٧٤ ، دکتۆر دەرسیمی لێرەشدا مێژووەکە بە وردی دەسنیشان ناکات .

١٣- مێژووی ئیحتیمالییە.

١٤- پەیامی تەلەگرافی بەرواری ١٩٣٧/٧/١٦ی سەفیری بەریتانیا،وەزارەتی کاروباری دەرەوە ، ٣٧١٢٠٨٦٤.

١٥- دکتۆر نوری دەرسیمی ل ٢٩٠

١٦- لۆتان ١٩٣٧/٨/١٨.

https://t.me/kurdistanbooks



https://t.me/kurdistanbooks

## بەشی سێیەم :خەبتین لە ڕای خۆییوون :

### فەسڵی یەکەم :یەکەمین شۆرشی بارزانی و سەرهەڵدانی حیزبان (١٩٤٣-١٩٤٥):

((هەر نەتەوەیەکی زیندوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر بکەوێتە بندەستی داگیرکەرێکی بێگانە ناچارە هەموو هێزێن خۆ،هەمو خەباتێن خۆ ،دژ بەم بێگانەیە بەکاربێنێ ،زنەگی ناوەوەی ئیفلیج دەبێ ،و توانای هەوڵی رزگاری کۆمەڵایەتی لێ دەبڕێ))

کارل مارکس.

پاش شکستی شۆرشی دەرسیم کە لە دوای هەرەسی شۆرشی ((کۆماری ئارارات))هات،ئیدی کوردستانی تەرکیا لەکاروانی بزاڤی نەتەوەیی کورد دابرا،هەموو ڕێبەرانی سیاسی وئاینی کوردستانی تورکیا کوژران یان لەسێدارەدران یان تیرباران کران و هەموو کادر و ئیشکەرانی (مەبەست لەو کادرانەیە کە لە هەر بزاڤێکی ئازادیخوازی نەتەوەییدا رۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لەنێو چوبوون ،خوێنەواران و رۆشنبیران لەژێر ئازار وئەشکەنجەدا بوون:لەسێدارە دەدران یان فرێ دەدرانە نێو دەریاچەکانەوە )."١"

دوای یەك چارەگە سەدە،واتە زەمەنی پێویست بۆ پێگەیشتنی نەوەیەکی نوێ لە کادران، ئینجا کوردستانی تورکیا لەم خەوی نیمچە مەرگە بێدار دەبێتەوە .لەم میانەدا ،دەتوانرێ بگوترێ لە وڵاتی عێراق و ئێراندا حزبێن سیاسی کوردی لەژێرکاریگەریی راستەوخۆو ناراستەوخۆی ئایدۆلۆژیای مارکسیستیدا سەرهەڵدەدەن ،خەبات لە ڕای ئازادی کوردستان درێژە دەکێشێت.

بەڵام لەهەمان کاتدا پیاوێك لەسەر شانۆی سیاسی کوردستان دەرکەوت کە قەدەر وای هێنا سیساڵی تەواو دەستی بە سەریدا بڕوات وببێتە مایەی هەرەشە لەپەرەسەندن و مانەوەی ئەم حزبانە کەهاتبوونە ئاراوە .

سلێمانی مەڵبەندی سەرەکی کوردایەتیە ،لێرەداو لە قۆناغی پێش یەکەم جەنگی جیهاندا ،زۆر گروپی نەتەوەیی دێنە ئاراوە کە چوونە بنج وبناوان ودۆزینەوەی رەگ وریشەیان زۆر ئەستەمە بەتایبەتی هەندێکیان کە لە چەند کەسێك تێناپەرن زۆرجار یەك کەس لە هەمان کاتدا ئەندامی چەند رێخراوێکی جیاوازە.

### ١- برایەتی:

لەساڵی ١٩٣٧دا دوو رێکخراو،نەتەوەپەروەرانی کوردیان لە خۆگرتبوو،کۆمەڵەی((برایەتی)) کەشێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود دایمەزراند بوو،لە سەر هەمان شێوەو شێوازی کۆمەڵە و یانە کوردییەکانی قەستەنتەنیە دامەزرابوو،بەتایبەتی لە رووی وەرگرتنی ئەندامی بورژوای بەتەمەن و خانەدانانەوە،محەمەد سەدیق شاوەیس (بابی نوری شاوەیس )، ئیسماعیل حە قی شاوەیس (مامی ئەو ) ومەلا ئەسعەدی مەلای سلێمانی .ئەم رۆشنبیرە شاریانە لەراستیدا رۆڵێکی گرنگ دەبینن،بۆیە برای یەکێك لەسەرانی کورد ،کە لە سلێمانی دەست بە سەرو دورخراوە بوو ،لە کۆمبونێن نهێنی ئەواندا بەشداری دەکات"٢"،ئەم کەسە مەلا مستەفای بارزانییە.(١)

مەلا مستەفا کە رۆژگار وای کردبوو بۆماوەی سی ساڵان بەسەر شانۆی سیاسەتی کوردستاندا زاڵ بێت ،پاش ئەوەی مەشقی سوپایی لەنك شێخ ئەحمەدی برای و لە چیاکانی کوردستاندا

https://t.me/kurdistanbooks

تەواودەکات، لە ڕێگەی بورژوایانی کوردێن((پایتەختی فیکری))کوردستانی عێراقەوە،ئاشنای سیاسەت و سیاسە تکاری دەبێ .

**٢- ڕێکخراوی (( دارکەر)) Darker :**

((برایەتی))ڕێکخراوی تایبەتی سەران وپیاوماقولانی کورد بوو ، جێی لاوانی هەواداری حیزبی کومونیستی عێراق و ریفرۆمخوازانی (گروپی بەغدای)"٣" تێدا نە دەبووەوە ،حیزبی کومونیستی عێراقی لە ساڵی ١٩٣٤دا دەمەزرا بوو .

لە ساڵی ١٩٣٧دا نەوجەوانانی سلێمانی کە لە رووی تەمەن و بیرەوە لە ڕێکخراوێکی دیاریکراو لەلایەن برایەتی یەوە ناسراو بە (( ئازادی کورد) یەکیان گرتبوو .ڕێکخراوی سێیەمیان بە ناوی ڕێکخراوی (دارکەر)دامەزراند بوو، ئەم ڕێکخراوە لاسایی کردنەوەی ڕێکخراوی کاربۆناڕۆی ئیتاڵیا بوو . Carbonaro: زوخاڵکەر ( رەژوکەران) بەمانای رەژوکەر دێت ، ئەمە تاقمێکی شۆرشگێر بوو کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨١١دا دامەزراو، ئامانجی بریتی بوو لە یەکخستنی ئیتالیا و دامەزراندی حکومەتێکی کۆماری،ئەم تاقمە بۆیەپێیان دەگوترا ،ڕەژووکەر چونکە کۆبوونەوەکانی خۆیان لە نێو رەژووکەرەکاندا دەکرد و زمان و زاراوە تایبەتیەکانی ئەوانیان بەکار دێنا .)

دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوون لە نوری شاوەیس ،کە لە ئایندەدا بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی سەر بە بارزانی ، یونس رەوفی شاعیر ، کە خودانی سرووودی نەتەوەیی کورد( ئەی رەقیب) ە وپاشان چووە ریزی حیزبی کومونیستی عێراقیەوە، عەبدوڵڵا تۆفیق جەوهەر، چونکە ئەندامی کۆمەڵەی برایەتیش بوو،پاشان لە ڕێکخراوی دارکەر دەرکرا.

(دارکەر) تەنێ گەنجی خوێنەواری بە ئەندام وەردەگرت کە دەکرێ بە تایبەتی نێوی ئەمانە لەم رووەوە ببرێن ، رۆستەم جەباری،کە ئەوقاتێکی خەڵکی هەولێر بوو، مستەفا عوزێری فەرمانبەری دەوڵەت بوو خەڵکی هەولێر بوو کە پاشان بوو بە قازی وپارێزگار .ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی چەپی تەواو بوو .

پەیرەو وبەرنامەکەی شەقڵێکی نەتەوەیی بێ غەل وغەشی هەبوو . خەبتین لە ڕێی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق وسەربەخۆیی هەمووکوردستان،هەروەها مۆرکێکی هەبوو کە پتر رەنگدانەوەی کاریگەری و دەسەلاتی حیزبی کومونیستی عێراق بوو .لێ ئایدولۆژیای ئەم ڕێکخراوە زۆر روون نەبوو .(( ئێمە دژی فاشیزم وهیتلەرو لایەنگری یموکراسی و نەیاری ئیمپریالیزم ، بەتایبەتی نەیاری ئینگلیزەکان بووین))."٤"

ئەمە قۆناغێك بوو کە حیزبی کومونیستی عێراقی لە ئەنجامی ناروونی ئایدلۆژیای خۆی و لە ئاکامی ئالۆزکاوی ئایدولۆژی ئەو گرووپانەی کە لە ژێر کاریگەری ئەو دابوون ، بەسەر چەند باڵ و لاباڵ و گروپدا دابەش بوو بوو !

بەڵێ ئیدی ((دارکەر)) لە دەرێی سلێمانیدا بلاو دەبێتەوەو لە ساڵی ١٩٤٠دا شانەی نهێنی لە هەولێر و خانەقین وبەغدا و مۆسڵدا دادەمەزرێن.

https://t.me/kurdistanbooks

**٣- دامەزراندنی هیوا :**

لە ساڵی ١٩٤١دا دوای ئەوەی شۆڕشی رەشید عالی گەیلانی ( لە هەیڤی چوارو پێنج) و پاش پەیوەندی کردنی رەفیق حیلمی بە (( دارکەر))ەوە بەرپرسانی رێکخراوە جیاوازەکانی کورد لە کۆنفرانسێکدا لێدەبڕێن ، رێکخراوەکانی خۆیان لە یەك حیزبدا بەناوی (( هیوا)) یەك بخەن ، ئەم رێکخراوە تازەیە هەموو تێکۆشەرە نەتەوەییەکانی کورد لە دەوری یەك خڕدەکاتەوە ، رۆشنبیران خوێندکاران ، قوتابیان ، کرێکاران ،(( کۆمپانیای نەوتی کەرکوك وسکەی قیتار) جوتیاران و ئەفسەران کە رۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینن .بارەگای حیزب لە دەرێی کوردستان ، واتە لە بەغدایە ، وحیزب لە شارەگەورەکانی کوردستان( کەرکوك وهەولێر وسلێمانی ) لقی هەن . گۆڤارێك بە نێوی ئازادی بلاودەکاتەوە ، کە بابەتی نزیك لە بابەتەکانی حیزبی کومونیستی عێراق بلاودەکاتەوە . باڵی چەپی(( هیوا)) بە ئاشکرا کۆمونیستە.رۆڵی بنەڕەتی((هیوا)) پاشان دەبێ بەوەی کە یارمەتی وهاوکاری مەلا مستەفا بارزانی بکات . کە لە ساڵی ١٩٤٣دا لە سلێمانیەوە ڕادەکات،بەلام ئەم حیزبە تازەیە لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)ی کوردستانی ئێرانیشدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێ .

مەلا مستەفا بارزانی دوای ئەوەی چەند مانگێك (دەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای و خێزانەکەیان ) دا لە تاراوگەی ناسرییە بەسەر دەبات .سەرەنجام و لە ساڵی ١٩٣٦دا بۆ سلێمانی گوێزرابووەوە ئێستاش پتر لە شەش ساڵ بوو لەم شارەدا بێ تاقەت ونارەحەت چاوەنۆری دەلیڤەیەکی دەکرد.

ئەو مووچەیە ی کە دەوڵەتی بەغدا بەوپەری چاوتەنگییەوە بۆی بڕي بووەوە ، بەهۆی سالانی جەنگەوە وا بێ بایەخ بووبوو لە نرخی نەبوودا بوو ،بەهاونرخی خواردەمەنی دەقات زیادی کردبوو ، بە گوێرەی راپۆرێك مەلا مستەفا هەر زوو (( هێندە ئاتاج بوو))و (( کەوتە تەنگانەیەکی بێ پارەیی وەهاوە کە دوور نەبوو لە پێناوی ژیاندا پەنا وەبەر تاوانکاری بەرێ )) "٥".

هەر هەموو ئەو کەسانەی کە بارزانیان دەبینی لایان عەیان بوو کە چاوەروانی دەلیڤەیەکە کە لە شار هەڵبێ.بەلام (( ترسی ئەوەی نەوەك بگیرێ ، هەروەها خەمی شێخ ئەحمەدی برای))"٦"بۆ ماوەیەك دەست وپێیان بەستەوە.

**٤- راکردنی بارزانی (١٩٤٣/٧/١٣ ):**

مەلا مستەفا بارزانی چل ساڵ بوو... لە پیاوێکی چالاك و چەلەنگ وبە تەبیعەت و خووی وەکو ئەو چاوەنۆر نەدەکرا ، باقی تەمەنی خۆی لە وەزع و حالێکدا بەسەربەرێ کە لە مەرگی زیندوو دەچوو .لە باری سیاسیشەوە هەل ومەرج وەزع وحاڵ لەوەی چاتر نەدەبوو ، لە دوای کودەتا ناکامەکەی رەشیدعالی پەیوەندی نێوان ئینگلیز وڕای گشتی عێراق هەرخراپ بوو، تا سەرکەوتنەکانی ساڵی ١٩٤٣ زۆربەی هەرە زۆری رۆشنبیران باوەڕیان بە سەرکەوتنی هێزێن تەوەر بوو"٧" ، ئینگلیزەکان لە پەنای ((مەسەلەی کوردەوە)) کوردەکانیان هاندەدا بێنە سوپای بەریتانیاوە ."٨"

هەڵبەتە حوکم و دەسەلاتی عێراقیش لە باکوری کوردستاندا لە باری پراکتیکیەوە سفر بوو جەنەراڵ بارزانی ئایندە لە ١٩٤٣/٧/١٣ بە یارمەتی شێخ لەتیف کە بەخۆی دە رۆژ لەوە دوا لەشار هەلات ، لە سلێمانی وەدەرکەوت و بۆ ئەوەی توشی هێزی ئاسایشی نێوخۆیی عێراقی نەبێ ، خۆی بەئێراندا کرد و سەرەنجام گەیشتەوە دەڤەری بارزان

https://t.me/kurdistanbooks

**٥- گفتوگۆ:**

بارزانی خۆی گەیاندە ناوچەیەك كە زۆر شارەزای بوو، هەمان ئەو ناوچەو دەڤەرەی كە لە ساڵانی ١٩٣١، ١٩٣٢ ، ١٩٣٤ شەڕی عێراقیەكانی تێدا كردبوو ، واتە ناوچەی نێوان رووكوچك و شەمدینانی سەر سنوری توركیا .

وەك لە راپۆرێكی سیاسی بەریتانیادا "٩" دووپات كراوەتەوە ، لەسەرەتادا رەفتاری (( جێی ترس )) نەبوو .بارزانی دەرگای دان وستاندن دەگەڵ دەسەڵاتداراندا دەكاتەوەوداوای ئەنجامدانی ریفرۆم و چاكسازی دەكات و هەوڵیش دەدات لە گەڵیان پێك بێت .

لەم زەمانەدا رەوشی ئەم بەشەی كوردستان زۆر مەترسیدارە. گوندەكان چۆل وهۆڵن و كەسیان تێدا نیە ،هەندێك لەوگوندانە وێرانەن ، لە سەرتاسەری ناوچەكەدا شوێنەوارێكی كشتوكاڵ نیە ، برسیەتی وپەرێشانی لە رادەبەدەرە .گەندەڵی كاربەدەستانی دەوڵەت لە دەست دەرچوو بوو پارێزگارانی هەولێرو موسڵ هەرگیز پێیان نەنابووە ناوچەكە... وەزعی رێگاوبانان كە باشتر وایە ماڵاتە رێیان پێ بگوترێ گەلەك خراو بوو،زۆربەی بینا گشتیەكان ( قوتابخانە و خەستەخانە و.....) وێران بوو بوون ."١٠"

رەوشی پەروەردەوفێربوون وتەندروستی لە كوردستاندا تەنانەت لەو ناوچانەشدا كە چ پەیوەندییەكان بە سیاسەتەوە نەبوو ، یەكجار دڵتەزێن بوو، بەپێی گوتەی كوردێك كەنەفی میسر كرابوو ،لە ساڵی ١٩٤٦دا لە هەرهەموو ناوچەكانی كوردستانی عێراقدا( تەنیا شەست قوتابخانە هەبووە و لەو شەستە تەنیا دوو قەتابخانەیان ناوەندی بوون .سی قوتابخانەیەك لەمانە دەرسی قۆناغی سەرەتاییان تێدا دەخوێندرا و ئەوانی دی زارۆكستان بوون ))"١١"

روون نیە كە داواكانی بارزانی لەم گفتوگۆیەدا چ بووە ، لێ ئەو راپۆرانەی كە بۆ بەغدا دەنێردران ،هەمان چارەنووسی ئەو قەواڵانەیان دەبوو كە بۆ ئەرشیفی دام ودەزگای كاغەز دەنێردران ، لەسەر یەكتر كەڵەكە دەكران بێ وەی كەسێك لێیان بپرسێتەوە.

**٦- پچڕانی پەیوەند بیان:**

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٤٣دا سەعید بیرخی (٢) كە یەكێك دەبێ لە (یاغیانی)) توركیا، دێتە عێراقێ ومەلا مستەفا بارزانی بە هاتنی ئەو پیاوە بەهێز دەبێ ،دوای ماوەیەكی كەم ((رووداوێكی ئاڵۆز))"١٢" دەقەومێ ، بێ ئەوەی كەس بزانێ كێ یەكەم تەقەی كردووە، بارزانی یان جەندرمە.

لەوە بەدواوە رەوتی رووداوەكان خێرا دەبێت ، بارزانی جەندرمەكانی ناوچەی نێوان بارزان و سنوری توركیا ، ناچاردەكات كە مەخفەرەكانیان چۆڵ بكەن .پاشان لە سەرەتای هەیڤی دەی ساڵی ١٩٤٣دا لە نزیك مێرگە سۆر، لە قووەتێكی جەندرمەی سەدوپەنجا نەفەری دەداتو ناچاری دەكات پاشەكشێ بكات وزیانێكی تا رادەیەك قورسی لێدەدا .

لە كۆتایی هەیڤی دەی ساڵی ١٩٤٣دا عێراق تیپێكی تێكەڵ لە پیادەو جەندرمەو زرێ و هێزی فرۆكەوانی دەنێرێتە شەڕی بارزانیەكان، بارزانی هەنووكە دوو سەد خەباتكاری دەگەڵ دایە لە ١٩٤٣/١١/٩ یەكەمین شەڕوپێكدادان لەوبەری مێرگەسوورو بە ئامادەبونی جەنەراڵ برۆمیلۆی سەرۆكی(شاندی عەسكەری بەریتانیا لە عێراق)دا روودەدات . شەڕ تا ١٩٤٣/١١/١١ لە هێنان

https://t.me/kurdistanbooks

Hainan بەردەوام دەبێت ،هێزێن عێراقی دەشکێن وشەست کوژراو وبریندارەدەن وجەنەراڵ برۆمیلۆ موحازەرەیەك لەمەڕ((بێ مەشقی هێزێن عێراقی))دەدات .

**٧- بارزانی و ئینگلیزەکان (٣)**

لێ بارزانی لەسەر پەیوندی کردنی خۆی بەردەوام دەبێت وپاش مردنی سەعید بیرۆخی، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣دا بە دەستی ترکەکان دەکوژرێ، پێشنیازدەکات کە تەسلیم ببێ، بەمەرجێ سەفیری بەریتانیا زامنی چۆنیەتی تەسلیم بوونی ئەو بێ .لە راستیدا هەوڵدەدات، ئینگلیزەکان لە رووداو ومەسەلەکانەوە بگلێنێ.. . لەم قۆناغەدا ئینگلیز تەنێ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی بەلاوەگرنگ دەبێت،مادامێکی خەتی سوپایی بەریتانیا دەگەڵ ئێراندا نەکەوتووەتە مەترسیەوە، ئیدی دەوڵەتی لەندەن ناخوازێ خۆی لە کێشەی نێوان کوردو عێراق هەڵقورتێنێ، ئەوەتا وەزارەتی دەرێی ئینگلستان بە زمانێکی تارادەیەك توند بە کورنوالیسی سەفیری خۆی لە عێراق، رادەگەیەنێ((ئەگەر قەراربێ شەڕی مەلا مستەفا بکرێ، ئەوا دەبێ دەوڵەتی عێراق بەخۆی بچێتە ژێر ئەوبارە، ئەگەردەوڵەتی عێراق نەتوانێ رووبەرووی ئەو وەزع وحاڵە بێتەوەودەرەقەت نەیەت ،ئیدی هیچ ماقوڵ نیە ئێمە لەبەر خاتری پاراستنی ئەو خۆمان گیرۆدەی کریارێن عەسکەری بکەین))"١٣"

کورنوالیس چەندین جاری یەك لە دوای یەك دەوڵەتی عێراق ئاگاداردەکاتەوە، لەم بارەیەوە هێندە توندرەوی دەکات، تاجارێك لە دیدارێکی دەگەڵ سەرەك وەزیراندا پێی دەلێت((هەر هەموو ئەم کێشانە ئەنجامی بێ توانایی وبێدەسەلاتی دەوڵەتی عێراقە))کە شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفای بە ((موچەیەکی کەم)) و ((بێ چ ئومێدێك بە ئایندە)) لە سلێمانیدا هێشتنەوە."١٤"

کورنوالیس سەرەك وەزیرانی عێراقی ئەرخایەن کرد کە هەموودەڤەری بارزان وکۆمەڵێك ناوچەی باکوری کوردستان لە ((حاڵی قات وقوڕی وگرانی)) دان ودەوڵەتی عێراق ،ئەگەر چی زۆر جار لەمە ئاگادارکراوەتەوە، لەم بارەیەوە هیچی نەکردووە"١٥" .

لێ لە هەیڤی دوانزەی ١٩٤٣دا ئینگلیزەکان ترس لەسەرکەوتنەکانی بارزانی پەیدا دەکەن وبۆ پاراستنی ئەفسەرێن پەیوەندی خۆ وئۆردوگا(قوەتی ناوچەیی) ئاشوریەکان چەند یەکەیەکی زرێ بۆ دیانای نزیکی رەواندز دەنێرن.پێشترداوایان لە عێراقیەکان کردبوو کە هێزەکانیان لە ناوچەکە بکشێننەوە.

وەزارەتی دەرێی بەریتانیا داوا لە کورنوالیس دەکات کە بارزانی لەوەحاڵی بکات کە ((کارەکانی خەریکە بەرەبەرە تەنگ بە هەوڵە جەنگیەکانی دەوڵەتی خاوەنشکۆ پاشایی ئینگلستان هەڵدەچنێ))"١٦"لێ بارزانی خۆی لە پەلاماردانی دیانا دەپارێزێ.لە ١٩٤٣/١٢/٦دا (هیوا)بەیاننامەی((بارەگای گشتی)).گەلێ کوردبۆ((خەڵکی ئابرومەندی عێراق))و دژی سیاسەتی دەوڵەتی عێراق وەکودیکتاتۆریەتێك کە لە ((سایەی ئاتلانتیك بەرخوردار بووەو هاتۆتە بەر)) بڵاو دەکاتەوە"١٧" .

نەو بزاڤی بارزانی لەوە دەرچووە کە تەنێ شۆرشێکی چەکدارانەی سادە بێ،لە روانگەی سیاسیەوە رەونەقێکی وەهای پەیداکردووە کە بووەتە مایەی نیگەرانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە. لە نیوەی هەیڤی دوانزەی ساڵی ١٩٤٣دا کورنوالیس سەرلە نوێ دەگەڵ سەرەك وەزیر((نوری سەعید))وجێنشینی تەختی پاشایەتیدا دیدار دەکات وئاگاداریان دەکاتەوە کە((بەدکارانی کورد))

https://t.me/kurdistanbooks

خەریکە سوود لە شۆرشی بارزانی وەردەگرن، هەروەها لەوەشیان ئاگاداردەکاتەوە کە بزاڤی سەربەخۆخوازی کورد لەتەشەنە کردندایەو بەرەو ئەوە دەچێ هەموو کوردستان بگرێتەوەو ئەمەش((مەترسیەکی جدییە)).

کورنوالیس لە راستیدا ترسی لەمەیە کە بزوتنەوەی بارزانی ((گەندەڵی))وەزع وحاڵی لە سەران سەری کوردستاندا بە دوودا بێ وئەو گەندەڵیە بۆ((چەکدارانی لیوی)) سیرایەت بکات و پاراستنی ناوچە نەوتیەکان زەحمەت و ئەستەم ببێ .

**٨-نامەی نێوان بارزانی – کورنوالیس:**

کورنوالیس،نامەیەك بۆ بارزانی دەنوسێت وبە زمانێکی توند دڵنیای دەکات کە بەم((کارانەی هەوڵە جەنگیەکانی ئینگلیز دەخاتە خەتەرەوە)) وداوای لێدەکات کە تەسلیم ببێ ."١٨"

نامەکانی بارزانی بۆسەفیری بەریتانیا نیشانیدەدەن کە بارزانی هەموو ئومێدی لەسەر موداخەڵەی بەریتانیا بووە ،بەڵام چ ئاکام و ئامانجێکی نەبووە.

ئەم تاقە قەواڵەیە(کە بۆ یەکەمجار لەم کتێبەدا سوودی لێوەردەگیرێ) پەیوەندیێن نێوان بارزانی وبەریتانیا لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٤دا،بەتایبەتی لەو سەروبەندەی((هیوا))پشتیوانی سەرەکی بارزانی بوو وزۆر دژی ئیپریالیزم ودژی ئینگلیز بوو، لە روویەکی تازەیەوە نیشان دەدات .

لە ١٩٤٣/١٢/٢٣دا بارزانی دوای وەرگرتنی نامەیەکی کورنوالیس،لە نامەیەکدا((بە بۆنەی سەری ساڵی دیانانەوە پیرۆزبایی لێدەکات، لە خواوەند دەپارێتەوە((کە بەسەرکەوتنی سوپای بەریتانیای گەورە(بەسەر لەشکری ئەلمانیدا) کە ئاوات وئارەزوی هەموو خەڵکێکی باشە ، سەرمان بخات ولە خێروبەرەکەتی جەژنی راستەقینە بێ بەش نەبین.))

بەڵام لەم نامەونامەکاریەدا:نامەیەك کە لە هەمووی سەیرترەو بێ چەندوچۆن نامەیەکە کە بارزانی لە رۆژی ساڵی نوێدا بۆ سەفیری بەریتانیای دەنێرێ ولەو نامەیەدا خاترجەمی دەکات کە هەر ئەمرێکت هەبێ ،من میناماندالێك کە گوێرایەڵی بابی میهرەبان ودڵسۆزی بێ، گوێرایەڵ دەبم))

بارزانی بە دووپاتکردنەوەیەکی بێگومان رۆژهەڵاتیانە لەسەری دەروات کە ئەو((ئەوپەڕی متمانەی بە خاوەنشکۆی ئێوە هەیە)) و((هەستی دۆستایەتی ئێمە سەبارەت بە دەوڵەتی میهرەبانی بەریتانیا سنوورو کەوشەنی نییە.))

بارزانی دوای تاوانبارکردنی دەوڵەتی عێراق بەمەی کە ئەوی ناچارکردووە((بەرگری لە خۆی بکات)) دووپاتی دەکاتەوە کە بەڵێنی عەفواتی دەوڵەت((فێلێکی زاڵمانەیە)) و هیچی دی، داوا لە کورنوالیس دەکات ئەفسەرێك(مێجەر ستپنگ) بۆ تاقیب لەمەڕ رەوشەکە بۆ ناوچەکە بنێرێ وبە زمانێکی پڕ لە تکاکاری و بچووکی وەها کە قابیلی تەرجەمە نییە.قەوڵ دەدات کە لە راوقسەی ئەو دەرنەچێت، بارزانی دەنوسێت:((بەهەرحاڵ ئێمە فەرمانانی دەوڵەتی خاوەنشکۆی ئێوە بە شانازییەوە لەسەر سەروچاومان دادەنێین)).وەرگێڕی سەفارەت ئەم رستەیەی بەمجۆرە تەرجەمە کردووە((ئێمە شانازی بەمەوە دەکەین کە بەرانبەر بە فەرمانێن خاوەنشکۆ، بەگوێرایەڵیەوە سەردانەوێنین))."١٨"

لە١٩٤٣/١٢/٢٧دا بارزانی لە وەڵامی هۆشدارنامەیەکی کورنوالیسدا سەرلەنوێ داوای لێدەکاتەوە کە ئینگلیزەکان بەشداری لە ئەنجامدانی تاقیق وتاقیبی((سکالاکانی)) ئەو بکەن و داوا لە سەفیر

https://t.me/kurdistanbooks

دەکات دەستوور بە دەوڵەتی عێراق بدات کە ئەو عەفووبکەن ولایەنگرانی ئازاد بکەن، بە کورتی حوکمڕانی وچاودێری ناوچە ی بارزان بەو بسپێردرێتەوە.

کورنوالیس داوا لە کاربەدەستانی عێراق دەکات کە بایەخ بە مەسەلەی کورد بدەن وپەیوەندی بەسەرانی کوردەوە بکەن وتەنانەت پێشنیازدەکات کە شێخ ئەحمەدی بارزان وشێخ مەحمود وەکو سیناتۆر لە ئەنجومەنی سەنادا دابنرێن "١٩".

٩- ناوبژیوانی ماجید مستەفا:

نوری سەعید لە ئەنجامدا تەسلیمی گوشاری ئینگلیز دەبێت ولە ١٩٤٣/١٢/٢٥ لە تەعدیلێکی وەزاریدا ماجیدمستەفا کە لە پیاوماقولانی سلێمانی دەبێت، وەکو وەزیری راوێژکار لە کابینەی تازەدا دادەنێ .

کەم کەس هەندەی ماجید مستەفا بەر داوەری جۆراوجۆرو ناکۆك کەوتووە،خەباتکارانی (هیوا)حەزیان لە چارەی نەدەکرد وبە کرێگرتەی ئینگلیز و بە ((خاین))یان دەزانی."٢٠"

ئەو پێشنیازانەی کە ماجید مستەفا دەیانخاتە بەردەستی دەوڵەت، لەلایەکەوە سەرەك وەزیران پەسندی دەکات ولەلایەکی دییەوە ئەندامانی کابینە دژی دەوەستن وئەمە بۆ خۆی دەبێتە مایەی قەیران دەنێو کابینەدا .شتێکی ئەو تۆ لەمەڕ کرۆك وجەوهەری ئەم پێشنیازانە لەبەردەستدا نیە ، چونکە ئەم پێشنیازانە بە پێی ئەو کەسەی کە ئاراستەی کراوە ،دەگۆڕێن .

ماجید مستەفا بەپێی بەڵگەوبۆچوونی سیاسی وتاکتیکی، دژی ئەوەیە کە پەناوەبەر زۆرو زۆداری ببرێ، بەبۆچوونی ئەو بەحوکمی تەبیعەتی ناوچەکە وکەمی هێز وبوونی کۆمەلێکی باش لە شۆرشڤانان ویەکبوونی رێبەرانی شۆرش، هەرهەولێك بۆ دامرکاندنەوەی شۆرش بە توبزی وزۆردارەکی، شکست دێنێ.

دەربارەی چارەنووسی سەرانی بارزانی،ماجید مستەفا پێشنیازی کرد کە شێخ ئەحمەد بۆ بارزان بگەرێنرێتەوە ومەلا مستەفا لە گوندێکی(دووری ناوچەکانی شۆرش ئاکنجی بکرێ)ماجید مستەفا لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیراندا بەمجۆرە پاساو بۆ((عەفوکردنی))شێخ ئەحمەد ومحەمەد سەدیق دێنێتەوە،بەرای ئەو گەرانەوەی دوو برا لەوسێ برایە بۆناوچەکە دەبێتە((مایەی دڕدۆنگی وناکۆکی لە نێوانیانداو سەرکردایەتی شۆڕش لاواز دەبێت)) چونکە وەکو ئەو دەڵێ((هەر سێ برا بەردەوام لەسەر رێبەرایەتی بزووتنەوەکە، لە شەڕدان)) وگەرانەوەی دوو دوورخراوە((لایەنگرانیان سارد دەکاتەوەو لە ئامانجە هاوبەشەکەیان دوردەخاتەوە))."٢١"

ماجید مستەفا لەگەڵ ئەمانەشدا داوا لە دەوڵەت دەکات بۆچاکردنەوەی ریگاوبان وخەتی تەلەفۆنی ئاکرێ وئامێدی تابلەی نزیکی بارزان وبۆدامەزراندنی مەخفەر وقشلەی ((مکوم))و هەروەها بۆدابەشکردنی ئازوقە بەخۆرایی یان بەنرخێکی هەرزان بەسەرخەڵکدا ،خەڵکانی هەندێ بەئیحتوباری بەگەڵ بخەن.

سەرەنجام،وەزیری راوێژکار(ماجد مستەفا)بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ ئەحمەد خوازیاری سەقامگیری ((دامودەزگایەکی بەڕاستی ناوخۆیی))دەبێت و لە بەردەم دەستەی وەزیراندا دوپاتیدەکاتەوە کە((ئەم کارانە ئەگەرنەبنە مایەی بەدەستهێنانی سەرکەوتن،ئەواکاری سەرکوتکردنی ئایندەی شۆرش ئاسان دەکات))

https://t.me/kurdistanbooks

له ١٩٤٤/١/١٠دا دیداریك دەنێوان ماجیدمستەفا ومەلا مستەفاو سەرانی دیکەی کورد لە نزیکی مێرگەسور چێدەبێ،سێ ریوایەت لەمەڕ پێشنیازەکانی ئەم وەزیرە کوردە هەن،راپۆری خۆی بۆ ئەنجومـــەنی وەزیران،راپـــۆری کورنـــوالیس بـــۆ وەزارەتـــی دەرەوەی بەریتانیا،وریوایـــەتی کوردەکان."٢٢"

یەکێك لە پێشنیازەکانی ماجد مستەفا کە کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی کورد هەبوو،بریتی بوو لەدامەزراندنی ژمارەیەك لە ئەفسەرانی کورد وەکو ئەندامێن پەیوەندی وبە مەبەستی بەردەوامانندنی کاری ئارامسازی ناوچەکانی سنووری چاودێری وسەرپەرشتکاری خۆی.

دەوڵـەتی عێراقی ئـەم دەستکەوتانە بەهەند وەرناگرێ و بەگرینگیان نازانێ،لێ تارادەیەکی زۆر گرنگن،((شۆرشڤانان)) لەو((عەفواتەی کە دەدرێ سوود وەردەگرن،گەرچی مەخفەری جەندرمە لە ناوچە دادەمەزرێن،بەلاّم سوپا ولەشکر لە مێرگەسۆر نامێنێ.

## ١٠–راگەیاندنی دەربڕینی گوێڕایەڵی بارزانی لە بەغدادا:

بارزانی لـە ١٩٤٤/٢/٢٢دا دەگەل ژمارەیـەك لەسـەرانی عەشایەردا کـە یـەکێك لەوانـە فـەتاح ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی دەبێت، لـە بەغدادا گوێرایـەڵی خۆیـان بۆ دەوڵـەت راگەیاند وبۆ ماوەی چەندین رۆژ پێشوازییەکی شاهانەیان لێکرا .

بارزانی لەو ماوەیەدا کە لە بەغدا دەبێت، دیدارێك دەگەڵ سەفیری بـەریتانیادا دەکات، لـەم دیـدارەدا سەفیری بەریتانیا ئاگاداری دەکاتـەوە کە نـەکات لـە ئاینـدەدا چ سـەرەرۆییەك بکات و هـەوڵی دابوو باوەڕی پێبێنێ کە دەوڵەت رێبازی خۆی دەگۆڕێ وبەرێوەبردنی باکور چاك دەبێت.

دیـداری سـەرانی کـورد لـە بەغـدا، پـتر لەدیـدارێکی رەسمـی دەچـێت تـا لـە((راگەیانـدنی گوێڕایەڵی))بەلای کورنوالیسی گەورە سەفیری بەریتانیاوە. ئەو هەلومەرجەی کە شۆرشـی بـارزانی تێدا چێبووە.((بەئاشکرا ئەنجامی لاوازی دەوڵەتە)) .

لێ ئـەم پێشـوازییە گـەرموگورە بـەدڵی عەرەبـە نەتەوەییـەکان نـابێ وتوڕەیان دەکات وبارزانی ناچار دەبێ ماوەی مانەوەکەی لـە بەغدا کەمبکاتـەوە.لـە هەمانکاتدا بە هاندانی کۆشکی پاشایەتی لە ئەنجومەندا گلەیی لە سیاسەتی ماجید مستەفا دەکرێ .

## ١١– ژێوان بوونەوە:

زوو بە زوو وەزع وحاڵەکە خراپ دەبێتەوەو لە نیوەی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٤دا کورنوالیس بە نیگەرانیەوە رایدەگەیەنێ کە لە چەند مانگی رابردوودا،کارێکی ئەوتۆ سەبارەت بە بەردەوامانندنی ئارامسـازی کوردسـتان ئـەنجام نـەدراوەو بـەر لـە چـوونی جێگـری پاشـایەتی (عەبـدول ئـیلاه) بـۆ کوردسـتان کـە قـەرار دەبـێ لـە نزیکی ئامێدی ورەواندزدا دەگـەڵ سـەرانی عەشـایەردا دیـدار بکـات ((گفتوگۆیەکی زۆر جددی)) ی دەگەڵدا ئەنجام دەدات.

لـە هـەمان کاتـدا واتـا لـە ١٩٤٣/٤/٢٤دا ((دەبـێ مەبەسـتی سـاڵی ١٩٤٤ بـێ ، وەرگـێڕی کـوردی)) نامەیـەکی تـازەی بـارزانی پێـدەگات کـە بـارزانی لـە نامەکـەدا گلـەیی وسـکاڵای ئـەوە دەکـات کـە بەڵێنەکانی دەوڵەت سەبارەت بە چاککردنی وەزع وحاڵی کوردستان جێبەجێ نەکراوە وقوەتی تازە نەفسی عێراقی بۆ مەخفەر وبنکە سوپاییەکان هاتووە .

https://t.me/kurdistanbooks

هەروەها بارزانی چەند نامەیەکی دیکەی لەو بابەتە بۆ حاکمی سیاسی موسڵ وماجید مستەفا دەنێرێ وئاگاداریان دەکاتەوە کە((کە هەر کاتێ دەوڵەتی بەریتانیا رێبدات)) ئەواخۆی و خەڵکەکەی ئامادەن بە دەستی خۆیان مافی خۆیان وەرگرن)).

سەفیری بەریتانیا داوا لە جێگری تەخت دەکات کە لە کۆبوونەوەی سەرانی کورد لە رەواندز سوود وەربگرێ بۆ دیداری مەلامستەفا ،بەڵام ((خراپی وەزع و حاڵ)) بەرنامەی سەردانی ئامێدی هەڵدەوەشێنێتەوە وماوەی کۆبونەوەکەی رەواندز، کە بارزانی بەهۆی بارانی توندو ئاگادار نەبوونی لە کاتی کۆبوونەوەکە، نەیتوانی بوو بەشداری تێدا بکات، کورت کردەوە.

**١٢- نوری سەعید و کوردان:**

لە نیوی هەیڤی ١٩٤٤/٥دا نوری سەعید سەفەرێك بۆ کوردستان دەکات، هاورێ دەگەڵ ماجید مستەفادا سەری یانەکانی ئەفسەران دەدات، بۆ موسڵ وکەرکوك وهەولێر دەڕوات و قسە بۆ جەماعەتی ئەفسەران دەکات و لە قسەکانیدا زۆر بەلای کوردا دای دەشکێنێ وستایشی نیشتیمانپەروەریان دەکات وڕایدەگەیەنێ کە ئامادەیە هەندێ لەداواکاریەکانیان بەتایبەتی دامەزراندنی ((لیوا)) یەکی کوردی جێبەجێ بکات ... ولە ڕاستیدا سەرەك وەزیر، کە لە دایکەوە کوردە(٤) هەوڵی دەدا کە سوود لەو حاڵەتە وەبگرێ کە وەکو بەرگریکاری کورد، خەڵکی نەتەوەیی میانڕەو لە بارزانی جیابکاتەوە.دوای ئەوە گفتوگۆیەکی هەندێ توند دەکەوێتە نێوان ئەو وماجید مستەفاوە. کە پەردە لەسەر نیاز ومەبەستی ڕاستەقینەی ئەو لادەبات ."٢٦ "

نوری سەعید داوا لە ماجید مستەفا دەکات کە لە کوردستان بمێنێتەوەو((چەکەکانی بارزانی وەربگرێ)) ماجید مستەفا لە وەڵامدا دەڵێ((مادامێکی خەڵکی بە چاوی خۆیان نەبینن کە دەوڵەت کارێکی بۆ کردوون وبە دەنگیانەوە چووە)) کاری وەها مەحاڵە.ئەوجا ئەم گفتوگۆیە سەیرە دەنێوان سەرەك وەزیرو وەزیری کاروباری کوردستاندا ڕوو دەدات.

نوری سەعید:((ئەمە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نیە، خۆ ئەم کارە ئێستاولەم شوێنەدا جێبەجێ ناکرێ))

ماجید مستەفا:((نەخێر ،من قبوڵم نیە ،ئەگەر بمانەوێ زەمینەیەکی سایکۆلۆژی لەبار فەراهەم بکەین ،ئەم کارە پێویستە، پێت وایە من چۆن دەتوانم ئەم چەکانە کۆبکەمەوە لە کاتێکدا ئێوە تازە سی چل ئەفسەری کوردتان، تەنێ لەبەر ئەوەی کوردن لەسەر کار لابردووە؟))

نوری سەعید:((من بەتەما نیم سوپا زویر بکەم ولەبەرخاتری خۆشی مەلامستەفا،دەست لەکاروباری نێوخۆی سوپا وەربدەم))

بەڵام لێرەدا ماجید مستەفا لە سەرەك وەزیر دەپرسێت:((ئێوە تا ئیستا چ کارێکتان بۆ کوردان کردووە؟بە من نا فەرموون کە ئاخۆ تانهوو کارێزێکی پازدە دیناری دروستکراوە؟ چەند کورد لە خوێندنی باڵا وەرگیراوە؟ چەند کورد بە ئەرکی فێرکاری نێردراوە؟ زۆر شتی دی..))لێ ماجید مستەفا مل دەداتە خەت وبە مەبەستی گفتوگۆ دەربارەی وەرگرتنی چەکەکان لە بارزانی، دەچێت بۆ دیداری ئەو.

لە نیوەی مانگی ١٩٤٤/٥دا"٢٧" دیدارێکی تازە لە نێوان ماجید مستەفا ومەلامستەفادا، بە ئامادەبوونی پارێزگاری موسڵ ومێجەر کینجی ڕاوێژکاری سیاسی ناوچەکانی باکور چێدەبێت .

https://t.me/kurdistanbooks

لەم دیدارەدا بارزانی نایشارێتەوە کە چاودێری جم وجۆڵی مەخفەر وئۆردوگاکانی عێراقیەکانی لە بلە ومێرگەسوور کردوووەو ئەمەشی لە ترسی ئەوە کردووە نەبا، بیانەوێ وەکو ساڵی ١٩٣١ گەمارۆی بدەن،دووپاتی دەکاتەوە کە تا ئەم ئۆردوگاومەخفەرانە لە ئارادابن((ئەو چ متمانەیەکی بە دەوڵەت نابێ)).

پارێزگاری موسڵ پێ لە سەر وەرگرتنەوەی ١١رەشاش و١٧٢تفەنگ و٢٥٠ سەربازی فیرار دادەگرێ .

بارزانی بەردەوام دێتەوە سەر بابەتی عەفوات ودووپاتی دەکاتەوە کە فیرارەکان وابەستەی ئەونین خۆلاسە.ئەم گفتوگۆیە کە شەش سەعات دەخایەنی لە گفتوگۆی کەڕولالان دەچێت .!ئەم رووداوەی کەکینج دەیگێرێتەوە،چۆنیەتی پەیوەندیە تایبەتیەکانی نێوان بارزانی وئینگلیزەکان دەسەلمێنێ، لەم گفتوگۆیەدا میجەرکینج بارزانی دەباتە لایەکەوە وپێی دەڵێ کە گەمە بە ئاگر نەکات .!

کە بارزانی داوای ڕاوبۆچوونی ئەو لەوبارەیەوە دەکات، کینج پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات کە دە کەس لە فیرارەکان لەگەڵ دە دوانزە تفەنگدا بنێرێتەوە وچیتر ئەم هەموو نامە بێ مانایانە نەنێرێ "٢٨".

١٣- ئاگر بڕ ( ٦/١٩٤٤- ٦ /١٩٤٥):

لە ١٩٤٤/٦/٣ حکومەتەکەی نوری سەعید بە هۆی قەیرانی کوردستانەوە دەروخێت، دیارە ئەمە دەبێتە مایەی نیگەرانی ئینگلیزەکان ودەکەونە خۆ، بۆ ئەوەی بەهەرنرخێك بووە رێگە لە سەرهەڵدانی راپەرین وشۆڕش لەکوردستاندا بگرن.کورنوالیس لە دیدارێکدا دەگەڵ وەزیری تازەی وڵاتدا پێشنیازی ئەوە دەکات کە بەرنامەی چاکسازی وریفۆرم لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێ تا بارزانی وەکو((دەم راست وداکۆکیکارلە مافی کوردان) نەکەوێتە بەرچاوان وئەوە دوپاتدەکاتەوە کە ((دەوڵەتی عێراق نابێ، بێ تەگبیری ئەو بڕیارێك بدات کە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی کرێارێن عەسکەری))"٢٩"

لە کۆتایی مانگی٧/١٩٤٤دا مێجەرکینج جارێکی دی بارزانی دەبینێ وهەست بە گۆڕانی مامەڵەی ئەو دەکات، بارزانی(توند) بووە، بارزانی تازە کیژی مەحمود ئاغای زێباری خواستوەو دوژمنی دێرینەی خۆی کردووە بەدۆست ودەسەلاتی خۆی گەیاندۆتە سنورێن ئێران وبە تەمایە داوای یارمەتی لە هۆزوتایفەکانی کوردستانی ئێران بکات .

وەزع وحاڵ بەجۆرێکە کە مێجەرکینج پێشنیاز دەکات کاربەدەستانی دەوڵەتی لە ناوچەی زێباربگوازرێتەوەوسەفارەت((وێڕای ئەوەی کە حاڵی حازرخۆدوورگرتن لە ئالۆزیەکانی کوردستان بەسوودی ئێمەیە))"٣٠" بەو پێشنیازە قایل دەبێ و پەسندی دەکات.دوای ئەم وەزع و حاڵە بۆ ماوەی چەند مانگێك قۆناغێکی ((نیمچە ئاشتی کاتی))وبە شێوەیەکی نافەرمی باڵ بەسەر کوردستاندا دەکێشێت.هێزێن دەوڵەتی لە باکوری کوردستاندا دەکێشرێنەوەوناوچەکە بە کردەوە دەبێ بە خاوەنی ئۆتۆنۆمی وبارزانی خۆی بە سەرۆکی کوردستان دەزانێ وبۆ حەڵوفەسڵی کێشە عەشایەرییەکان تا دهۆك دەروات .

لە نیسانی١٩٤٥دا سەفیرێکی تازە بە نێوی ستون هەوردبیرد، لە جێی کورنوالیس دادەنرێ .

https://t.me/kurdistanbooks

کورنوالیس له نامەیەکی دوعاخوازیدا که بۆ بارزانی دەنوسێت: دڵنیای دەکات که دەوڵەتی عێراق قانونی عەفوات دەخاته بەردەم ئەنجومەن‌وئەو واتا بارزانی((گەلێك دۆستی هەن کە بەشێوەیەکی هێمنانه وبەره بەره یارمەتی دەدەن‌وهیچ نارەحەت نەبێ ))"٣١"

ئەنجومەن له ١٩٤٥/٤/١٠دا به زۆرینەی دەنگ یاسای بوردن پەسند دەکات،بەڵام کاریگەری ئەم یاسایه سنووردارە،چونکه هەرهەموو ئەو عەسکەری‌وپۆلیس‌وکاربەدەستانەی کە لە شۆرشی بارزانیدا بەشداریان کردووە قەراری عەفوات نایانگرێتەوه.رۆیشتنی کورنوالیس‌وکۆتایی نزیکی ململانێ له ئەورۆپادا،هاوتای کۆتایی ((پەیوەندی تایبەتی)) نێوان ئینگلیزوبارزانییه.

سەفیری تازەی بەریتانیا،بۆ دڵنیایی دەوڵەتی عێراقی کە پێدەچێت نیگەرانی رەفتاری بەریتانیا،دەرهەق به کوردان بێت،یاداشتنامەیەك به دەوڵەتی نێوبراو (عێراق) دەدات‌ورروونی دەکاتەوه که رێبازی بەریتانیای مەزن دەرهەق به کوردان هەرهەمان رێبازە کە دەرهەق به هەموو بەشەکانی دیکەی کۆمەلگای عێراقی پەیرەوی دەکات‌وگرتویەتیه بەر.

((بەرپرسانی ئینگلیز هەرگیز گوێ بەو کوردانە نادەن که خۆیان به رێبەری خەڵکی دەزانن، هەربەوچاوه سەیری کوردان دەکەن کە هاولاتی عێراقین،نەك بەوچاوەی کە کەمینەیەکی تایبەتین)).بەمجۆرەو بەم زیرەکیە عێراقییەکان تێدەگەیەنێ کە وەختی دەست بە کاربوون هاتووه"٣٢".

### ١٤- شەری ١٩٤٥:

هۆی راستەخۆی هەڵگیرسانی شەر ١٩٤٥ لە راستیدا دەگەرێتەوه بۆ دوا رۆژەکانی مانگی ئازار: شارداری(متصرف)هەولێر لە ١٩٤٥/٣/٣٠ بریاری دەوڵەتی سەربارەت به نۆژەنکردنەوەی مەخفەرەکانی ناوچەی بارزان ،بە بارزانی راگەیاند بوو.بارزانی یەکسەر نارەزایی خۆی لەم بارەیەوه راگەیاند،لێ دەوڵەت گوێی بەم نارەزاییە نەدا.ئەو بویەرەی بووه مایەی پچرانی پەیوەندیەکان،لە رۆژانی ٦-٨/٧دا له بارزان رووی دا،خەڵکەکە دەهاروژێنێ‌وبناغەی ئەو قوتابخانەومەخفەرەی کە تازە لێدرابوون‌وخەریکی بیناکردنیان بوون ، پر دەکەنەوەوچەکدارانی بارزانی کرێکارانی ئیدارەی ((کاروباری گشتی)) له ناوچەکە وەدردەنێن.بۆ سبەینێ واته ٨/٨ ئەسعەد ئاغای خۆشەوی،سەرای بارزان((واتە بارەگای نوێنەری دەوڵەتی ناوەندی))دەگرێ(٥) .

له هەمان کاتدا بارزانی وەلامێکی((توند))ی دوا هۆشدارینامەی کۆنێل مید MEAD دەداتەوه وداوای کشانەوەی هەموو هێزی ئاسایشی ناوخۆ له دەڤەرەکە دەکات .

### ١٥- جیاوازی بۆچوونی ئینگلیز و عێراق:

له ١٩٤٥/٨/٨دا،ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بریاردەدا(تا زووه)ناوچەی بارزان به هێزی سوپایی بگرێ و(تاوانباران بگرێ).جەنەراڵ رەنتون‌Rentonی سەرۆکی دەستەی سوپایی بەریتانیا ئامۆژگاری دەوڵەت دەکات کە هیچ کارێکی بە پەلە نەکات‌وبا سەرەتا رێگە وبانەکان نۆژەن بکاتەوەوبەرنامەی دروست بۆ هێرشێن ئاینده دابرێژێ،ئەم هێرشانە بەرای ئەو نابێت بەر لە ١٥/ ئەیلول دەست پێبکەن .لێ عێراقیەکان سوورن لەسەر ئەوەی که بەزەبری هێرشی جەبهەیی له زەرفی دوو-سێ هەفتەدا بارزان بگرن،ئامۆژگارییەکانی جەنەراڵ ریتنۆن به هەند ناگرن .بەلای جەنەراڵ

https://t.me/kurdistanbooks

رینتۆنەوە بونیادی سوپای عێراق ((بەرادەیەك بێ سەروبەرودوورلە هەموو یاساو رێسایەكی سوپاییە)) و((مەشقی زۆربەی سەربازوەزیفەكان(مجند)هێندە خراپە كە رازی نابێ ئەفسەرەكانی دەگەڵ قوەتەكانی عێراقدا بۆ مەیدانی شەڕ بڕۆن.

لە ۸/۱٦دا جێگری سەفارەتی بەریتانیا بە سەرەك وەزیران دەڵێ كە بەریتانیای مەزن حەز ناكات هاولاٌتیانی بەریتانی لەم شەڕەدا بەشداری بكەن.

### ١٦- یەكەمین هێرشی سوپای عێراق:

لێ عێراقیەكان ئامۆژگاری و تەگبیری ئینگلیزەكان بە هەند وەرناگرن وپاش بۆردومانی بلێ لە رۆژانی ١٣ و٨/١٥ دا سێ تیپ بۆ سەر ناوچەی بارزان دەنێرن.لەم سەروبەندەدا بارزانی لە ناوچەی برادۆستدا ٧٥٠ جەنگاوەر ولە دەڤەری ئامێدیدا دووسەد خەباتكاری دەگەڵ دەبن ، ئەم قوەتانە هەمان ئەو تفەنگە سووكانەیان پێ دەبێ كە لە ساڵی ١٩٤٣دا لە عێراقیەكانیان گرتبوون.

یەكەمین شەڕ لە نزیك سیدەكان روودەدات،ئەم شەڕە بۆ سوپای عێراق كە نزیكەی سەد كەسی لێدەكوژرێ ، سوكە كارەساتێك دەبێ لەو گۆڕەی !لەم كاتەدا سەرەك وەزیرانی عێراق داوای بەشداری هێزی فرۆكەوانی بەریتانیا دەكات .لێ جێگری سەفارەتی بەریتانیا ئەم داوایە رەفز دەكاتەوەوهۆشدارنامەكەی ٨/٥ی بیردەخاتەوە ."٣٣"

### ١٧- شكستەكانی دیكەی سوپای عێراق:

لە سەرەتای ئەیلولدا،عێراقیەكان كە لەشكرێكی١٤٠٠٠نەفەری لە ئاكرێ و رەواندز خڕ دەكەنەوە،دەست بە هێرش بۆ سەر بارزان دەكەن،ئامانجی یەكەمی ئەم هێرشە مێرگەسوورە، بەلاٌم شكستی گەورەی بەسەردا دێ:رەتڵی یەكەم،كە لە رەواندزەوە پێشرەوی دەكات لە نیزكی مەزنەدا تووشی شەڕی قورس دەبێت وزیانی تا رادەیەك (قورس)ی لێدەكەوێ وكوژراوی زۆر دەدات.رەتڵی دووەم،كە لە ئاكرێوە پێشرەوی دەكات ، پاش چەند شەڕێكی قورسی دینارتە دەگرێ . لێ لە ٩/٨دا كوردەكان دژە هێرشیان بە سەرۆكایەتی خودی بارزانی دەكەنە سەرو بە ناچاری پاشەكشێ دەكەن،سوپای عێراق لەم شەڕەدا هەڵدێ و ١٦٠ كوژراووبریندار وسێ تۆپی جەوەڵی لە مەیدانی شەڕدا بە جێ دەهێڵێ .

ئەم سەركەوتنەی دوایی بەرادەیەك پایەودەسەلاٌتی بارزانی زیاد دەكات،كە ژمارەی پێشمەرگەكانی دەگاتە ٢٠٠٠هەزار كەس.

كەشو هەوای ئەنجومەنە دەوڵەتییەكان،غەمینە،سەركردەی بالاٌی سوپای عێراق،بەرەڤانی سەركەوتنی((چاوەنۆرنەكراوی شۆرشڤانان))ی پێ قووت ناچێ ورایدەگەیەنێ كە شۆرشڤانان یارمەتی دەرەكی وەردەگرن،هەڵبەتە بێ چ بەڵگەوقەواڵەیەك،ئەمەش ئاماژەیەكە بۆ سۆڤییەتەكان .

لێ جەنەراڵ رەنتون لە گفتوگۆیەكدا دەگەڵ سەرەك وەزیران(٩/١١) رەخنە لە ئیدارەی شەڕەكان دەگرێ وبۆی دەسەلمێنێ كە فەرماندەی عێراقیەكان(( لەم لەشكر كێشیەدا)) خەتاو هەڵەی یەكجار گەورە و كوشندەی كردووە.

https://t.me/kurdistanbooks

**١٨- تەسلیم بوونی مەحمود ئاغای زێباری بە دوژمن:**

لە پڕ وەزع باش دەبێت!

لە ١٤/ ئەیلولدا مەحمود ئاغای زێباری،خەزورو پشتیوانی بارزانی خۆی بە حکومەت تەسلیم دەکات.یاداشتنامەیەکی سەفیری بەریتانیا لە بەغدا،هۆی ئەم (وەرچەرخانە)روون دەکاتەوە،ئەم سیاسەتوانە بەریتانیە(نووسەری یاداشنامەکە)دەنووسێت:"هەوڵەکانی وەزیری ناوخۆ بۆ جیاکردنەوەی زێبارەیەکان وپشتیوانی کردنی هەموو تیرەکانی دی،زۆر سەرکەوتوون))و لەسەری دەروات ئەو (وەزیری ناوخۆ) لە دابەشکردنی چەك وپارەدا دریغی ناکات""٣٤"

هەڵبەتە یەکگرتنی((دەوڵەت وکوردەکان))وشارەزابوونی سوپای حکومەت لەو ناوچانەی کە دەوڵەت سەرۆکەکانی کڕیبوون،توانایەکی زۆ رزیاتری بەسوپا وتوانای سوپایی عێراقی بەخشی و بارزانی نەیدەتوانی بەرگەی بگرێ و نەشکێ .

**١٩- دوا شەڕ:**

هێزێن دەوڵەت لە ١/١٠/١٩٤٥/داچیای پیرس دەگرن ولە ٧/١٠دا بارزان دەگرن.لێ عێراقیان نابێ بەوەوە بنازن کە بارزانییان بەزەبری چەك شکاندووە ،چونکە وەکو جەنەراڵ رەنتون دوپاتی دەکاتەوە((سەلامەتی خەتی پەیوەندیێن هێزێن عێراق بەندە بە ئەمەکداری و پابەندی عەشایەرانی سەر بە دەوڵەت))لێ بارزانی وەزعی باش نیە،چونکە ترکەکان سنووری باکوریان لێداخستن.بەڵانەکی هەفتەیەك لەوەدوا،خەبەرێکی رەسمی بڵاوی دەکاتەوە کەتوانیویەتی دەگەڵ(چەند کەسێك)لە لایەنگرانی خۆی بۆ ئێران بڕوات!

**٢٠- رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی جیهانی ئەم کارە:**

هاتنی ٢٠٠-٤٠٠کوردی ئێرانی،کە لە دەوروبەری ٢٠/٨/١٩٤٥دا بۆیارمەتی بارزانی لە سنور پەریبوونەوەو بەرەڤانی ومقاوەمەتی چاوەنۆرنەکراوی بارزانی،کردیە کارێك کە ئەم رەفتارە لە ئاستی هەموو جیهان،کە چاوەروان نەدەکرا،لەناوچە جیا جیاکانی بارزان تێبپەرێ،دەنگ بداتەوە.

دوای هەفتەیەك سەفیری سۆڤیەت ئەم ئیدیعایەی کە گوایە ئەم کوردە ئێرانییانەی بەشداری شۆرشی بارزانییان کردووە،(پەیوەندی ودۆستایەتی نزیکیان)بەدەسەڵاتدارانی داگیرکەری یەکێتیی سۆڤیەتەوە هەیە،بەدرۆدەخاتەوە.دوای١٠-١٢رۆژیتر ئەمجارە نۆرەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دێت کە سەبارەت بە رەوشی باکوری عێراق ئەوپەڕی نیگەران بێ.

سەرۆکی ئیدارەی رۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرێی ئەمەریکا لە گفتوگۆیەکدا دەگەڵ دیبلۆماتێکی بەریتانیدا لە واشنتۆن باسی ئەو ئاژاوەیە دەکات کە سۆڤییەتیەکان لە باکووری ئێراندا(پەرەی پێدەدەن)وترسی ئەوەی هەیە کە تەدەخولی سوپایی بەریتانیا لە باکووری عێراقدا ((ئەگەری حەل وفەسلی ماقوڵی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی رۆژهەڵاتی نزیك)) بخاتە مەترسیەوە"٣٥".

ئەمەریکاییەکانیش وەکو عێراقیەکان کەمترین گومانیان لەوە نیە کە کوردەکان یارمەتی دەرەکی دەدرێن وداخی ئەوە دەخۆن کە مەنع کردنی: ئا. رۆزفلتی (کوڕ)، یاریدەدەری ملحەقی سوپایی ئەمەریکا لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە کە بچێت بۆ کوردستان ،پتر ئەو خانە گومانیە دەسەلمێنێ .

https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام کاربەدەستانی بەریتانی لەبەغدا،دڵنیان کە سۆڤیەتەکان کەمترین دەستیان لە کوردستاندا نەبووەوکاتێ سێر ریدەربوڵاردی سەفیری بەریتانیا لە تاران،ئەو زانیاریەی کە سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای ئێران،دەربارەی قازی محەمەد دەگەڵ کەسێکدا بە نێوی غازعەلیوف ، دەیداتێ،رەوانە دەکات،کاربەدەستانی ئینگلیزی ئاکنجی بەغدا،بە شێوەیەکی مەنتقی هەڵی دەسەنگێنن وبەلایانەوە ئاسایی دەبێ(قازی محەمەد لە مەهابادا کەسێك بە نێوی غازعەلیوف دەبینێ،ئەم کەسە داوا لە قازی دەکات کە یارمەتی عەسکەری بۆ بارزانی بنێرێ ).

بە بۆچوونی ئەوان دیداری کابەدەستانی سۆڤیەتی دەگەڵ قازی محەمەد دا ((سوڵتانی بێ تەخت و تاجی مەهاباد و رێبەری کۆمەڵەی کورد)) کارێکی ئاساییە.

کاربەدەستانی ئینگلیزی دانیشتوی بەغدا.باوەڕیان وایە کە ئەمەریکاییەکان خەڵکێکی خۆش باوەرن وزوو حوکم دەدەن وزۆریان کەیف بە هەواڵ وزانیاری عەنتیکەوسەرسورهێنەردێت ."٣٦"

## ٢١- بارزانی و حیزبی هیوا :

مەلامستەفا کە دەبوایە چیاکانی بارزان،بۆدابینکردنی ئازوقەو چەكو تەقەمەنی و پارەو مەعلوماتوخەبەروهەواڵان، پشتی بە خەباتکارانی نەتەوەیی هیوا بەستبوو.

بەڵام پەیوەندیودۆستایەتی نێوان ئەم دوو لایەنە زۆر زۆر ئالۆزبوو،مەلا مستەفا بە پەیروەی لە شێخ عەبدوسەلامی برا گەورەی،پەیوەندیومیانەیەکی شەخسی زۆر گەرمودۆستانەی دەگەڵ نوێنەرانی بەریتانیادا هەبوو،بۆ گەیشتن بە ویستەکانی چاوی ئومێدی لە بەریتانیا بوو.بەڵام تێکۆشەرانی هیوا زیاتر لە هەمووان بەخراپە باسی ئیمپریالیزمی بەریتانیایان دەکرد،ئەگەر بەتەمای هاوکاری دەرەکی بووایەن،ئەوا پەنایایان بۆ مۆسکۆ دەبرد یان ئەو هاوکارییانەیان لە نوێنەرانی سۆڤیەت داوا دەکرد کە وەکو هاوسێی دیوار بە دیوار،واتە لە کوردستانی ئێراندا سەرگەرمی خزمەت بوون.

بەڵام دەربارەی ئەو پەیوەندیانەی کە لەگینە لەم سەروبەندەدا دەگەڵ سۆڤیەتەکاندا هەیانبووبێ ،چ زانیاریەك بەدەستەوە نیە،ئینگلیزەکان بە پێچەوانەی ئەمریکیەکانەوە هەمیشە نەقش ورۆڵی راستەوخۆی شورەوییەکانیان بە کەم دەگرت وپێیان وابوو کەتەنیا ((چەند سەرەرۆیەك بوون کە دەیانویست لە رێگای نامەونامەکاریەوە دەگەڵ سۆڤیەتەکانی ئاکنجی ئێران،پەیوەندی دروست بکەن))"٣٧"

بەهەر حاڵ ئەوەی چەندوچۆن هەڵناگرێ ئەمەیە کە بارزانی هەمیشە لە پەیوەندیومیانەی خۆی دەگەڵ حیزبی هیوادا بە پارێزبووەو تەنانەت لە سەرەتادا،لەگەل ئەوەدا نەبووە کە نوێنەری ئەم حیزبە لە بارزاندا هەبێ، ئەم کارەی بە (زوو) دەزانی ."٣٨"

لە ساڵی ١٩٤٤دا بارزانی رازی دەبێت کە نوێنەری ئەم حیزبە تازە نەتەوەییە لە بارزاندا هەبێ .ئەمانە بریتی بوون لە ئەفسەرێك بەناوی عیزەت عەبدولعەزیز(کە لە ئەفسەرانی پەیوەندی) ش بوو کە ماجیدمستەفا بۆ بەدواداچوون وپەیگیری کاری (ئارامسازی) کوردستان دانابوو،عەقید ئەمین رەواندزی ،رائید عەبدولعەزیز گەیلانی(کوڕی سەید عوبەیدوڵلاونەوەی شێخ عەبدولقادر) و میرحاج لە ئاکرێوفواد عارف(خوشکەزای ماجید مستەفا) لە پشدەرومستەفا خۆشناو و ماجید عەلی.

https://t.me/kurdistanbooks

ئایا وەکو تێکۆشەرانی چەپڕەوی ئەم حیزبە مەزندەیان دەبرد،ئینگلیزەکان هەوڵیاندەدا درزە بکەنە نێو ئەم ڕێکخراوە نەتەوەییە کوردییەوە ؟"٣٩"

بێگومان یەکێك لە ئەرکە بنەرەتییەکانی هیوا ئەمەبوو کە سۆزی نەتەوەیی دەوڵەمەندان و پیاوماقولانی کورد بجولێنن و پارەی پێویستیان بۆ بارزانی لێ خڕ بکەنەوە.ئەگەر چی خەبات کارانی نەوجەوانی هیوا،بارزانییان لە شێوەی (شێخێکی کۆنەپەرستدا)"٤٠"دەبینی کە پێویستە تا پەیدابوونی جێنشینێکی باشتر پشتیوانی لێ بکرێ،بارزانیش لەوە نیگەران بوو کە خانەدانان و ناودارانی تەقلیدی کورد، بەو چاوە سەیریان دەکرد کە شۆڕشگێڕێکی خەتەرو بە مەترسییە.

بە هۆی پەیوەندی‌ومیانەی بارزانی دەگەڵ شێخ لەتیفی(کوڕی شێخ مەحمود)دا کە لە سەردەشتی سنووری ئێراندا جێگربووبوو ودەسەلاتێکی سەربەخۆی بۆ خۆی دامەزراندبوو پەیوەندی نێوان بارزانی‌وهیوا دەپچڕێ .

لە کۆبوونەوەیەکی ڕێبەرانی هیوادا لە بەغدا،فوئاد عارف هێرش دەکاتە سەر شێخ لە تیف‌وبەوە تاوانباری دەکات کە(پەیوەندی بە سۆڤیەتەکانەوە هەیە)

دوای ماوەیەك دووان لە دەوڵەمەندانی کورد،کە لە (دابینکەرانی دارایی) ڕێکخراو بوون، واتە عەلی کەماڵ وتۆفیق وەهبی کە(پاش ڕووخانی حکومەتی نوری سەعید لە ١٩٤٥دا،لە حکومەتەکەی حەمدی پاچەچیدا بوو بە وەزیری ئابوری) پیتاك کۆکەرەوەکان دەردەکەن و پێیان دەڵێن(( بڕۆن داوا لە دۆستانی بارزانی بکەن)مەبەست لە سۆڤیەتەکانە ."٤١"

لە هەمانکاتدا،ڕەفیق حیلمی کەنەتەوەییەکی سوسیال مەیل بوو لە ژێر گوشاری باڵی ڕاستی بزووتنەوەکەدا،کە بە کۆمەنیستیان دەزانی،ناچار دەبێ دەست لە حیزبی هیوا بکێشێتەوەو وازبێنێ

٢٢- پارچە بوونی هیوا:

لێ باڵی چەپی ئەم بزووتنەوە نەتەوەییەش وەکو باڵی ڕاستی بەر پارچەبوون‌ولێکدابڕان کەوت و لە هاوینی ١٩٤٥دا بەلای کەمەوە بوو بە چوار گروپی جیاواز.

-((شۆڕش)) ٣٠٠-٣٥٠ ئەندام بوون(٤٢) کە لە ڕاستیدا بریتی بوو لە((حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق)) وبە زۆری بەناوی گۆڤارەکەیەوە (شۆڕش) ناودەبرا،ڕێبەرانی ئەم گروپە بریتی بوون لە: عەلی عەبدوڵلا،نوری شاوەیس،جەمال حەیدەری،(کەلە ساڵی ١٩٦٣دا بە دەستی بەعسیان کوژرا) وساڵح حەیدەری .

- ((ڕزگاری))کە پێنج شەش هەزار ئەندامی هەبوو،لە ڕاستیدا ڕێکخراوی بەرەی گەل بوو"٤٣" و هەوێنی ئایندەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو،سەرانی ئەم ڕێکخراوە،جگە لەوانەی ناومانبردن،ئەمانە بوون: دکتۆرجەعفەرعەبدولکریم(برای حەبیب کەریمی سکرتێری ئایندەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە دوای ساڵی ١٩٦٤) دکتۆر سەدیق ئەتروشی و تەها محێدین(جێگری سەرکۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٧٥)ەوە.

- ((ئازادی)) ڕێی ڕاست .

بوونی هیوا لەبەرەی نەتەوەیی کوردا-بەتایبەتی پەیوەندی ومیانەی دەگەڵ ماجید مستەفادا- یەکێك بوو لەو هۆیانەی کە بووە مایەی پارچەپارچە بوون ونەمانی هیوا ، ئەمە جگە لە هۆیەکی دیکەی گرینگ ،کە ئەویش پەیوەندی‌ومیانەی هیوا بوو دەگەڵ حیزبی کومونیستی عێراقدا.

https://t.me/kurdistanbooks

**٢٣- حیزبی کومۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد:**

حیزبی کومۆنیست لەو زەمانەدا رەونەقێکی تایبەتی لە نێو کەمینە نەتەوییەکانی عێراقدا هەبوو،بەپێی هەندێ ژێدەروسەرچاوان،ژمارەی ئەندامانی کورد لە حیزبی کومۆنیستی عێراقیدا بە٣٥-٤٥٪ هەموو ئەندامانی حیزب مەزندە دەکەن."٤٤" دیارە ئەم رێژەیە،لەچاو رێژەی کوردا کە ٢٥-٣٠٪ خەڵکی عێراق پێك دەهێنن رێژەیەکی زۆرەو بایەخی زۆری خۆی هەیە .

هەڵبەتە ژمارەیەك لە ئەندامانی هیوا لەلایەنگرانی کومونیستیەکان بوون ولەهەردوو گروپی شۆرش و رزگاریدا کاریان دەکرد .

هەڵوێستی حیزبی کۆمونیست لەمەڕمەسەلەی کورد،مامەڵەو هەڵوێستێکی دوو فاقییە، لەلایەکەوە تارادەیەك پشتیوانی لە ماف وداخوازییەکانی گەلی کورد دەکرد وکۆمیتەی مەکەزی حیزبی کۆمونیستی عێراق لە ئەیلولی ١٩٤٥دا، لەوکاتانەدا کە بارزانی هێشتا لەبەرانبەر هێزەکانی عێراقدا بەرەڤانی و مقاوەمەتی دەکرد، لە بڵاوکراوەیەکدا بە هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی ، کریاڕێن سوپایی دژی کوردان مەحکوم دەکات وگوناحی ئەم وەزع و حاڵەی دەخستە ئەستۆی ئینگلیزان وداوای دەکرد شەڕ رابگیرێ وزیندانیانی کورد ئازاد بکرێن وکۆتایی بە حوکمی عورفی لە باکووردا بهێنرێ و تاقیب ولێکۆلینەوە لەمەڕ هۆکارەکانی ئەم رووداوە بکرێ ."٤٥"

لەلایەکی ترەوە لەم بڵاوکراوەیەدا، چ باسێکی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی کوردستان نەکراوە .

لە راستیدا حیزبی کومونیستی عێراق،تەنانەت هێرشی کردە سەر((شۆرش))و((رزگاری))گوایە بانگەشە بۆ پاچە پارچە بوون دەکەن و بەجووداخوازی مەحکوم دەکردن."٤٦"

حیزبی کومونیستی عێراق لە زنجیرە گوتارێکدا کە لە (القاعدە) بڵاوی کردەوە هەڵوێست لەمەڕ مەسەلەی کورد وەدەگرێ ."٤٧"

حیزبی کۆمۆنیستی عێراق (تێن))ی کومونیستی کورد،بەو حەساوەی دەبێ هەرمیللەتێك حیزبی کومونیستی تایبەت بە خۆی هەبێ،رەتدەکاتەوەوپشتیوانی لە تێزی ((تەرح)) کلاسیکی ناوخۆی برازاقی کومونیستی دەکات،بەم مانایەی کە خەباتی هاوبەش لە چوارچێوەی یەك حیزبی کۆمەنیستدا دژی چەوساندنەوەی گەلان ودژی ئیمپریالیزم لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی ئازادی هەر هەمووان،بە عەرەب وکوردەوە.

کومونیستانی کوردی لایەنگری سیاسەتی (( بەرەی نەتەوەیی )) دەست بە پەرچە هێرش دەکەن.لە راستیدا ئەمە شتێك بووکە برازاقی کۆمۆنیستی جیهانی وبزوتنەوەی کوردی رۆژ بە رۆژ پتر پارچەپارچە دەکرد.ئەم مەسەلەیە لە ساڵی ١٩٤٦دابەوە کۆتایی دێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێ وکۆمۆنیستە کوردەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیستی عێراق پەیوەندی پێوە دەکەن.لێ کاتێ بارزانی لە هەیڤی دەی ساڵی ١٩٤٥دا لە سنووری ئێران پەڕیییەوە،ئاژاوەوئاڵۆزی نێو بزووتنەوەی کورد هێشتا لە هەڕەتی قوەتی خۆیدابوو،دوور نیە هەر ئەمە کردبێتیە کارێك کە (جەنەراڵ بارزانی) ئایندە،زۆر کەیفی بە یەکەمین پەیوەندی خۆی دەگەڵ سیاسەتی حیزباندا نەهاتبێ .

**٢٤-چونی بارزانی بۆئێران،هەوڵێن پەیوەند یێن وی بەسۆڤیەتەکانەوە:**

بارزانی بەرلەوەی بۆئێران بچێت،شاندێکی سێ کەسی بۆ ئێران ناردبوو،تا پرسێك بە قازی محمد بکەن کە ئایا دەتوانێت بەخۆی ودەهەزار کەس لە عەشیرەتەکەیەوە لەسنوور بپەڕێتەوە .

https://t.me/kurdistanbooks

قازی محەمەدپێی وابووکە هێشتا وەختی هاتنی ئەوان نیە،بەڵام بارزانی بەر لە وەرگرتنەوەی وەڵام گەیی بووە ئێران."٤٨"

دوای چەند رۆژێك بارزانی یەکەم پەیوەندی خۆی دەگەڵ سۆڤیەتەکان کرد،هەڵبەتە نابێت ئەوە فەرامۆشبکرێت کە سۆڤیەتەکان هەمیشە بەوچاوە سەیریان دەکردکە((داردەستی ))ئینگلیزەکانە.

بارزانی دەگەڵ میر حاج و هەمزە عەبدوڵڵا چووە دیداری جەنەڕاڵ لیوبڤ،کەپێی گوت((دەبێت لەئێران وەدەربکەون)).

هەمزەعەبدوڵڵاوبارزانی کە لەلای جەنەڕاڵی روسی بەشێوەزاری کرمانجی پێکەوە قسەیان دەکرد بیریان لەتەگبیرێك کردەوەوپێشنیازیان کرد کە چەکدارەکان لە ئێران وەدەربکەون،خێزانەکان بۆماوەی زستانەکە لەئێران وەمێنن.

دوای دە رۆژان جەنەڕاڵ لیوبڤ هاتوپێی راگەیاندن کە ئەوچارەسەرە پەسەند کراوە،ئەوسا بارزانی بەخۆو چل پیاوی چەکدارەوە لەناوچەیەکی دورەدستی بەفرگرتوودا ونبوو."٤٩"

**٢٥- سەرچاوەو پەراوێزان:**


١-لە ساڵی ١٩٣٠دا پتر لە١٠٠رۆشنبیروخوێنەواری کورد لە گونی نران وفرێدرانە دەریاچەی وانەوە :دکتۆر شێرکۆ ،مەسەلەی کورد.

٢-نوری شاوەیس،هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەر لەناوپردان شوباتی ١٩٧٥

٣-بروانە و. لاکر ((کومونیزم و ناسیونالیزم لە رۆژهەڵاتی ناڤین))ل١٧٧

٤- نوری شاوەیس،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥-راپۆری ماجد مستەفا بەئەنجومەنی وەزیران لە ١٩٤٤/١/١٨وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٤٠٠٣٨

٦-بەگوتەی بریفکانی لە حەقیقەتەکاندا،ل١٦-٢١کە لە و.جوەیدەوە نەقڵی کردوە شێخ ئەحمەد مانگانە ٢٥ دینار و مەلا مستەفا مانگانە ١٢دیناری وەردەگرت.

٧-لاکر،ل,١٧٩

٨-بەگوتەی ال.رامبۆ(تۆماس بوا) ٦٠٠ کورد لەهێزەکانی بەریتانیا وەرگیران:کورد و هەق ،ل,٧١

٩-راپۆری کورنوالیس،لە ١٩٤٧/١٠/١٦دەربارەی روداوەکانی پاش راکردنی بارزانی،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان،٣٧١٣٥٠١٢.

١٠- راپۆری ماجد مستەفا بۆئەنجومەنی وەزیران،هەمان سەرچاوە.

١١-کەمال خەیات((کوردەکان خوازیاری ئۆتۆنۆمین))،پێشڤەچونی میسر،١٩٤٦/٥/٢٠ ،لە لاپەڕە٧٠ی رامبۆوە وەریگرتوە.

١٢- راپۆری کورنوالیس،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٣-نامەی١٩٤٣/١٢/٢٤ی وەزارەتی دەرەوە بۆ کورنوالیس، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان،,٣٧١٣٥٠١٣

١٤-١٩٤٣/٠/٩ ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان،,٣٧١٣٥٠١٢

١٥-هەمان سەرچاوە.

١٦-نامەی ١٩٤٣/١٢/١٣ی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ کورنوالیس،هەمان سەرچاوە.

https://t.me/kurdistanbooks

١٧- ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان،,٣٧١٣٥٠١٣
١٨-نامەی ١٩٤٢/١٢/٢١ ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٣٥٠١٣.
١٩- وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٣٥٠١٣
٢٠- نوری شاوەیس،هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەراندا،هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢١- ڕاپۆری ماجد مستەفا بۆئەنجومەنی وەزیران،سەرچاوەی پێشو.
٢٢-بەگوتەی ئەردەلان،نووسەری نهێنیەکانی بارزان،ل٧.پیشەیان.مەرگ بوو،ل ٣٢جیاوك،ماساە بارزان،ل١٧٥،کە لە و.جوەیدەوە،ل٦٧٧-٦٧٨ی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد،نەقڵی کردەوە،مەلا مستەفای بارزان داوای ئەم مافانەی بۆکورد دەکرد:
- دامەزراندنی هەرێمێکی کوردی کەلیوای کەرکوك،هەولێر وسلێمانی وهەموو بادینان ودهۆك و ئامێدی وئاکرێ،زاخۆو ژەنگارو ناوچەی خانەقین بگرێتەوە.
- دامەزراندنی وەزیرێکی کورد بۆ بەرێوەبردنی ئەم هەرێمە.
-ئەوپەڕی ئۆتۆنۆمی رۆشنبیری و ئابوری وکوشتوکاڵی بەکوردستان بدرێ.
- نەقڵ کردنی هەموو فەرمانبەرە ناپەسندەکان وهەموو ئەوانەی کە پایەودەسەڵاتی خۆیان بە خراپی بەکاردێنن.
- زمانی کوردی ببێت بەزمانی رەسمی .
٢٣-راپۆری ١٩٤٤/٢/٢٩، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٤٠٠٣٨
٢٤-جیاووك،ل١٦٥لە و.جوەیدەوە،ل٦٧٨ وەرگیراوە.
٢٥- وەزارەتی کاروباری ئینگلستان,٣٧١٤٠٠٣٨
٢٦-ئەم گفتو گۆیانە لە ١٩٤٤/٣/١٤ لە موسڵ و بەئامادەبوونی میجەر کینج-ی ئینگلیزی ئەنجامدران،ناڤبری نوسخەیەکی لە نێوەرۆکی ئەم گفتوگۆیە ئامادەکردووە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان,٣٧١٤٠٠٣٨
٢٧-لە رێکەوتێکی نادیاردا،لە نێوان ١٥و١٩٤٤/٥/٢٢دا.
٢٨- نووسراوی ١٩٤٤/٥/٢٢،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان,٣٧١٤٠٠٣٨
٢٩-١٩٤٤/٦/١٦ ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان,٣٧١٤٠٠٣٨
٣٠-نووسراوی سەفیری بەریتانیا لە بەغدایە لە ١٩٤٤/٧/٣٠ بۆ وەزارەتی دەرەوە،وەزارەتی کار وباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٤٠٠٣٨ .
٣١-نامەی عەرەبی ١٩٤٥/٣/٢٠ ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٤٥٣٤٠، کورنوالیس،کە لە ((قەدیمیەکانی))ئاکنجی عێراق بوو،پێشتر بەتایبەتی دەگەڵ شێخ مەحموددا دان وستانی کردبوو(بروانە فەسڵی١٢)و دەگەڵ سەرانی کورددا بەینی خۆشبوو.
٣٢-((یاداشتی١٩٤٥/٦/١٤ی سەفیر(ستونهیوبرد).))،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٤٥٣٤٠.
٣٣-نووسراوی سەفیری بەریتانیا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٤٥٣٤٠
٣٤-نووسراوی ١٩٤٥/٩/١٧ی ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان,٣٧١٤٥٣٤٠
٣٥- نووسراوی ١٩٤٥/٩/١٧ی ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان,٣٧١٤٥٣٤١
٣٦- ١٩٤٥/٩/٩، ، وەزارەتی کارباری دەرەوەی ئینگلستان,٣٧١٤٥٣٤١

https://t.me/kurdistanbooks

٣٧- نووسراوی رۆژی ١٩٤٥/٩/٢٦ی مێجەر روکس ماریوت((ئەفسەری ئاسایش))بەغدا.

٣٨- راپۆری رۆژی ١٩٤٥/٤/٢١ی سەفیری بەریتانیا((ئیستون هیویر برد))لە بەغدایە.

٣٩- هەڤپەیڤینی نوری شاوەیس دەگەڵ نووسەردا لە ناوپردان ،شوباتی ١٩٧٥.

٤٠- هەمان سەرچاوە.

٤١- زەید عوسمان کە لەساڵی ١٩٧٤دا یەکێك بوو لەنوێنەرە رەسمیەکانی بارزانی لە فەرەنسا،رەخنە لە بارزانی دەگرێت کە((خێڵەکییەکی دژە رۆشنبیر))بوو..هەمان سەرچاوە.

٤٢- هەمان سەرچاوە.

٤٣- بە گوتەی عەلی عبدولا لە هەڤپەیڤینێکدا دەگەڵ نووسەردا لە ((دەربەند))لەشوباتی ,١٩٧٥

٤٤- (کومونیزم و ناسیونالیزم لە رۆژهەلاتی ناڤیندا)نووسینی لاکر.

٤٥- هەمان سەرچاوە ،ل،٢٢٥

٤٦- وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان٣٧١٤٥٣٤١

٤٧- لاکر،هەمان سەرچاوە،ل٢٢٦

٤٨- هەمان سەرچاوە

٤٩- هەمزە عەبدوڵلا،هەڤپەیڤینێك دەگەڵ نووسەردا،بەغدا،,١٩٧٣

٤٩-هەمان سەرچاوە.

تێبینی:ئەم زانیاریانە لە رێزدار ساڵح مەحمود بارزانی وەرگیراوە:(وەرگێڕی کوردی)

(١)بارزانی لەهەر شوێنێك نەفی بووبێ،تێکەڵی زۆر کەسان بووە، ئیدی لە زاناودانایان،لە شێخان و سیاسیان ،لەئەدیب و شاعیران،بەلام تێکەلاوی وهاتوچۆی دەگەڵ یانەی((برایەتی))شێخ لەتیف دا نەبووە.

(٢)محەمەد سەعید بێروخی دەگەڵ جەنەڕاڵ بارزانیدا پێشمەرگەبوو، بەئیجازە دەچێتەوەو جەندرمەی ترك پێی دەزانن و شەهیدی دەکەن:ئەوەبوو حەجی بێروخی لەجیاتی ئەودانراو بوو بە بەرپرسی گەردییەکانی لەمەڕ خۆی:ئەمە حەقیقەتی روداوەکەیە نەك ئەوەی کەلە نیوەڕۆکی کتێبەکەدا گوتراوە.

(٣)کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەیشتەوە دەڤەری بارزان،زۆری هەوڵدا بەئاشتی داخوازییە نەتەوەییەکانی جێبەجێ بکرێن.زۆری چاوەروان کردوحکومەت جوابی نەدایەوە،ناچار مەرکەزو مەخفەرەکانی ناوچەکەی گرت،لەوانە:مەخفەری شانەدەر،خیرزۆك،بیراکەپرا،زیت،چەمی،سیلکی،میروز،ئەرگوش،شنگیل،کانی بوت،شیروان،رێزان،شیتنە،بیدارون،کانیەرەش و ....

(٤)نوری سەعید لەداك وبابەوە کوردە.

(٥)سعید قەزاز فەرمانی دابووە بەرپرسانی قەزای مێرگەسور کە هەرکاتێك وەلی بەگ هاتە قشڵە بیکوژن،کە وەلی بەگ بەئیش‌وکاری خەڵك چوە قشڵە،پۆلیس لەنێو قشڵەدا شەهیدیان کرد.مرۆڤێن ویژی قشڵەکەیان داگیرکرد.پاشان ئەسعەد خۆشەوی بەئیش‌وکار دەچێتە قشڵە ،پۆلیس لێ دەبڕن وەکو وەلی بەگ بیکوژن،لێ ئەو لێیان دێتە دەست‌ومرۆڤێن وی قشڵەیان گرت و پۆلیسەکانیان چەك کرد ،بەم جۆرە شەهید بونی وەلی بەگ بویە چرۆسکا شەر هەڵکرنێ.

https://t.me/kurdistanbooks

(٦) كه بارزانی له وەعدوبەڵێنەكانی عێراق بێ ئومێد بوو ،پەیكێكی نارده ئێران ودوو بەرپرسی رووس هاتنە نك بارزانی و پاش چوونەوەیان بە ماوەیەك بارزانی چووە مەرزوولە ماڵی فەتاح ئاغای هەركی لایدا ... جەنەراڵ سیامەندۆف دێتە نك بارزانی،ئیدی رێك دەكەون وبارزانی بە ئاگاداری روسیا دەچێتە ئێران،كەچووە ئێرانیش لە گوندی نێرگی چاوی بە جەنەراڵی رووسی دەكەوێ ، ئیدی كە بارزانی چووە كوردستانی ئێران،حیزبی دیموكرات و میللەتی كوردستان بە هەژاروئاغا وشێخ و مەلایانەوە هاوكاریوپێشوازی گەرمی بارزانییان كردوچ درێغییەكیان نەكرد. ئەمە حەقیقەتێكە دەبێ وەك وەفادارییەك بۆ مێژوو بگوترێ .كە بارزانی چووە كوردستانی ئێران ، هێزێن ئەمەریكاو بەریتانیا وروسیا هەرسێك لەوێندەرێ بوون.بەریتانیا وعێراق داوایان لە روسیا كرد ئەو یاخیانەی ئێمە هاتوونە نك ئەنگۆ،دەبێ تەسلیمیان بكەنەوە،روسیا وەلآمی دانەوە كە بارزانی چۆتە ناو كوردەكانوئێمە ئاگامان لێی نیە . پاشان بارزانی بەئاگاداری روسەكان بۆ ماوەیەك چووە ناوچەی سەردەشتولەناو مەنگۆراندا مایەوەو پاشان هاتە شنۆیە و هەوەڵجار مالابارزانی لشنۆیی بووی.

ئەوجا بارزانیەكان بەسەر ئەم دەڤەروگوندانەدا دابەشكران:تەرگەوەر،مەرگەوەر، سوندوس،لاجان ، شارویران ، بۆكان .

https://t.me/kurdistanbooks

## فەسڵی دووەم :سۆڤیەتەکان لە کوردستانی ئێران و کۆماری مەهاباد :

### ١- مەهاباد :

چ فاکتەروهۆکارێکی ئاشکرا لە ئارادانەبوو ئەم پێگەیە بە مەهاباد ببەخشێ کە رۆژێك لە رۆژان ببێ بە بنکەومەڵبەندێکی سەرەکی کوردایەتی یان لەم بووارەدا شان بەشانی سلێمانی بووەستێ بەهەر حاڵ ئەمە ئەو رۆڵ و دەورە بوو کە لە ماوەی دووەم جەنگی جیهان وهەندێ دواتریشدا ئەو شارەبینی .

سابلاغ(ساوج بلاغ:کانی وسەرچاوەی سارد)کە کەوتۆتە سەر سنووری کوردستانی سوننی مەزەبی ئێران ((لە باکور))و کوردستانی شیعەمەزەب((لەباشور))لەسەردەمی شانشینی رەزاشادا ناوی مهابادی لێنرا،لەساڵی ١٩٤٥دا شارۆچکەیەکی ١٥٠٠٠هەزار نەفەری بوو،لەڕوی ئیداریەوە سەربە رەزاییە((ورمێ))بوو،تا ئەو زەمانە هەرگیز دەوری سیاسی یان بازرگانی گرینگی بەخۆوە نەدیتبوو.

ئەو رێبوارانەی کە لە سەدەی نۆزدەدا لەسەررێی خۆیانەوە بەرەو رەزاییە،سنەو یان کرماشانی گەورە شاری کوردستانی شیعە مەزەب،بەمەهابادا-تێپەربوون،وایان وەسفکردووە کە شارۆچکەیەکی (خەواڵو)نزیکەی ٥٠٠٠هەزار کەسیە.

رەنگە ئەمرۆ دانیشتوانی تۆزێك زیاتر بووبن،بەلاّم کەچاوت بەم شارۆچکە بێنەواو بێ خاوەن وناساغڵەمە کە ژمارەی نەساغ ونەخۆش ونقوستانی یەکجارزۆرە-دەکەوێ زۆر زەحمەتە باوەڕبکەیت کە رۆژی لەرۆژان توانیبێتی ببێت بەپایتەختی کۆمارێك وبووبێتە مایەی نیگەرانی هێزە گەورەکان.

### ٢- ماڵباتی قازی محەمەد:



https://t.me/kurdistanbooks

لەم شارۆچکەیەودەوروبەریدا.ماڵباتی قازی محەمەد کە پایەی شێخایەتی وقازیایەتیان هەبوو،حورمەت وریزێکی زۆریان دەنێو جەماوەری خەڵکیدا هەبوو،باپیرە گەورەی قازی محەمەد(شێخ المشایخ) لەساڵی ١٨٣٠دا سەرانی تیرەو تایفەکانی لە گوندی کوچك خەباتی نزیکی دیواندەرە کۆکردنەوە تا((بەرەیەکی یەکگرتو)) دژی ئینگلیزولە پێناوی دابینکردنی ئازادی کوردستاندا پێکبێنن

قازی فەتاحی(١٨٣٢-١٩١٦)مامی باوکی قازی محەمەد لەساڵی ١٩١٦دا بەرگری لە شاری مهاباد کردووە،دژی هێزێن ترك وروس وەستاوە،رۆڵێکی گرینگی بینیوەو سەرەنجام دەگەڵ یەکێك لەکورەکانیدا بەدەستی روسەکان کوژران.

قازی عەلی،بابی قازی محەمەد(لەساڵی ١٩٣٤دا مردووە)بەزانایی بەنێو بانگ بووە،سیف القوزاتی برای(لەساڵی ١٩٤٤دا مردووە)لەساڵی ١٩٣٠دا لەمهاباد رێکخراوێکی نەتەوەیی و نهێنی بەنێوی((بزوتنەوەی محەمەد))دامەزراند.کە پەیوەندی بە بزاڤی شێخ محەمەدی خەیابانییەوە هەبوو،هەر لەم سەروبەندەدا پارچە شیعرێکی دەربارەی((شۆرشی تەورێز))لە گۆڤاری ئازادستاندا بلاًو کردەوە(ئابی ١٩٢٠).

ئەندامانی بنەماڵەی قازی محەمەد کەخوێنەواروئاینی و نەتەوەپەروەر بوون،لە موڵکدارە گەورەکانیش بوون و لەناوچەی بۆکاندا چەندین گوندیان هەبوو.

### ٣- نێوان ئینگلیز و روسەکان:

داگیرگرتنی ئێران لەلایەن هێزیٚ بەریتانیا وسۆڤیاتی لە ١٩٤١/٨/٢٥دا((دەرفەتی))مێژوویی مهاباد بوو.هێزێن سۆڤیاتی کە لە ١٩٤١/٨/٢٥دا لە سنوور هاتن بەم دیودا،بۆسبەینیٚ خوی و ماکۆیان گرتوولە قۆڵی باشورەوە تا بانە و سنە پێشڕەویان کرد.بانە و سنەیان بەشێوەیەکی کاتی گرت و پاشان بەختەتی شنۆ ومیاندواودا(کە بە چەند کیلۆ مەتری باکوری مهاباددا رەت بوون)پاشە کشەیان کرد.

ئینگلیزەکان پاش ئەوەی قوەتێکی چەتربازیان لەنێو کۆمپانیای نەوتی خوزستان داگرت و دامەزراند،ئیدی باشوری کوردستانیان تا کرمانشای سەر شارێگەی بەغدا،خانەقین-تاران و سنەیان گرت.هەڵبەتە سنەیان وەختیٚ گرت کە هێزەکانی سۆڤیەت چۆڵیان کرد.

ناوچەی نێوان هێزەکانی ئینگلیز و روس، واتە مهاباد و بانە و سەردەشت و سەقز و دیواندەرە لەراستیدا ناوچەیەکی بێخاوەن بوو،لەژێر دەسەلاًت و فەرمانی چ کەسێکدا نەبوو.

ئەم((ناوچە بێخاوەنەش))بوو بوو بەدووناوچەی دەسەلاًتەوە،روسەکان لەباکورەوە لەدەورو بەری مەهاباد و ئینگلیزەکان لە باشورەوە...."٢"

### ٤- ئینگلیزەکان و کوردەکان و سۆڤیەتەکان:

هەندێك لە ئەفسەرانی ئێنکلیز پێدەچوو حەزبکەن هەمان دەسیسە و نەخشەی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمی،پێشنینانی خۆیان بەکاربەرن و دوبارەی بکەنەوە،لیٚ کۆمیتەی هاوبەشی سەرانی سەرکردایەتی سوپای بەریتانیا و کاربەدەستانی ناوخۆی بەریتانیا،بەدوو یاداشتنامە ئاگاداریان کردنەوە کەئامانجی دەوڵەتی بەریتانیا((پشتیوانیە لە دەوڵەتی ناوەندی ئێران))و لەسەرکردنەوەی

https://t.me/kurdistanbooks

کورد و کارکردن بۆقازانجی کورد لە گۆڕێدا نییە،چونکە بزوتنەوەی کوردان "خۆی لە خۆیدا بزووتنەوەیەکی پاشکەوتوە،کە ناتوانین کۆنترۆلی بکەین))وخۆ هەڵقورتاندن  لە مە سەلەی کورد چ ئامانجێکی نابێت جگە لە ((گیرۆدەکردنی هێزێن بەریتانیا لە زنجیرە ململانێیەکی بێ پایانی عە شایەری وشەخسیەوە)) ئەم دوو یاداشتنامەیە ئەوەشیان دووپات کردۆتەوە کە کاری وا چەند بە قازانجی کوردێن ئێران و تورکیا و هێزێن داگیرکەری سۆڤیەت دەشکێتەوە.))"٣"

بەلای ئینگلیزەکانەوە هۆکاری گرتنی ئێران ستراتیژی بوو،دەبوایە لە کۆتایی جەنگدا تەواو ببێ. جا بۆیە هێزێن بەریتانیا دەبوایە بە پێی توانا هەوڵ بدەن باشترین پەیوەندیان دەگەڵ کوردانداهەبێ وبۆ پاراستنی وەزعەکە هەموو هەوڵێکی خۆ بخەنەکار تا ئەو تفاق وکەرەستەو پێداویستیانەی کەلە شارێگەی بەغدا ، خانەقین کرماشان-هەمەدان-تارانەوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەنێردران،بێ کۆسپ وتەگەرە بڕۆن وبگەنە مەنزڵ.

ئینگلیزەکان هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە یەکێتیی سۆڤیەت نیازی گۆڕیوەوکە شەڕ تەواو ببێ ، دەوڵەتی ناڤبری بە ئاسانی باکوری ئێران چۆڵ ناکات و ئازەربایجان((بە ویستی خۆی)) دەبێت بە کۆمارێکی تازەی سۆڤیەت.

دەوڵەتی بەریتانیا،بە ڕەچاوکردنی ئەم نیازوخەیاڵەی یەکێتیی سۆڤیەت لەو زەمانەدا یان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١و سەرەتای ١٩٤٢دا قەناعەتی وابوو کە حاڵی حازر ناکرێ ئەو بیانووەی رووسیا کە(بۆ پاراستنی سنوورەکانی باشوری خۆی،ناوچەکانی باکووری ئێرانی گرتووە) ببردرێ،بۆیە چاکتر وایە بێدەنگی لێبکات ودڵخۆشی خۆی بەوە بداتەوە کە((ئەگەر شەڕەکە ببەینەوە ئەوا قەرزاباری روسەکانین،حاڵبوکی ئەگەر هەرچیەك بێتە پێشێ،قەرزارباری ئێرانیەکان نین.))"٤"

ئەم بۆچوون و هەڵوێستانەی بەریتانیا بووە مایەی ئەوەی کە قازی محەمەدی سەرکۆماری ئایندەی مەهاباد بکەوێتە باوەشی سۆڤیەتیەکانەوە.

**٥- قازی محەمەد و سۆڤییەتەکان:**

یەکەمین جار لە ١٩٤١/٩/٢٩دا واتا رێك دوای مانگێك لە گرتنی ئێران لەلایەن بەریتانیاو سۆڤیەتەوە دوو ئەفسەری ئینگلیزی وئەمەریکایی لە مەهاباددا دیداریان دەگەڵ قازی محەمەدا کرد،لەم دیدارە قازی محەمەد ((نەخشەی یەکێتیی کوردستانی)) بۆ دوو ئەفسەری نێوبراو شەرح کرد ولێی پرسین چۆن دەتوانێ پەیوەندی بە((سەرکردایەتی گشتی هێزێن بەریتانیاوە)) بکات .

ئەفسەرە ئینگلیزەکە لەم دیدارەدا مامەڵەیەکی(دروستی) دەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا کردوقازی محەمەدی هان نەدا کە دووی ئەم مەسەلەیە بکەوێ .

لە دوای ئەم نائومێدیەوە بوو کە قازی محەمەد دەگەڵ سۆڤیەتیەکاندا کەوتە گفتوگۆی سیاسیەوە."٥"

بۆ جاری دووەم وئەمجارەیان زۆر بە جیدی قازی محەمەدوژمارەیەك لە گەورە پیاوان وناودارانی کورد بۆ باکۆ بانگهێشتکران .

https://t.me/kurdistanbooks

**٦- یەکەم سەفەری گەورە پیاو و ناودارانی کورد بۆ باکۆ (١١/١٩٤١):**

بە گوێرەی هەندێك ریوایەتان،روسەکان پاش ئەوەی بیستیان ئینگلیزەکان لە بۆکاندا کۆبوونەوەکیان دەگەڵ پیاوماقولانی کوردا کردووە،دەست بەکار بوون ولە رێگەی دوو ئەفسەری سۆڤیەتی بەناوی میرئەرسلانۆف وعەلیوف، گوایە ژمارەیەك لە نێوداران و پیاوماقولانی کوردیان رفاندووە،لە ئۆتۆمبیلانیان ناون وبۆ تەورێز ولە وێندەرەوە بۆ باکۆیان بردون"٦" ،(ئەمە نمایشێك بوو بۆ چاوبەستەکیٚ،دەنا ڕفاندن لە گۆڕێ نەبووە . وەرگێڕی کوردی).

بە پێی رێوایەتێکی دی ، نزیکەی سی کەس لە پیاوماقولان و گەورە پیاوانی کورد،لە مەهاباددا کۆبووبوونەوە،بەڵام لەم کۆبوونەوەیەدا دیداری ئینگلیزان لە گۆڕێ نەبووە،ئەم ژمارەیە کۆبوونەوە تادەربارەی کێشەی حەمە رەشید (خان)) و ئێرانیەکان قسە بکەن .

بەڵێ مەسەلەکە هەرچیەك بووبێ ، گومان لەوەدا نیە کە ئەم کارەی رووسەکان،زادەی حیسابی وردی خۆیان بوو،نەخشەی وردی بۆ دانرابوو،لە نێو دەعوەت کراوەکاندا هەموو ناودارانی گەورەی کوردستانی سوننی مەزەبی ئێران بەرچاو دەکەون، قازی محەمەد لە مەهاباد،میر ئەسعەد وحاجی بابە شێخ لە بۆکان،رەشید بەگ وزێڕۆ بەگ لە کوردانی هەرکی، محەمەد قاسملۆ(بابی سکرتێری گشتی ئایندەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لە دەوروبەری رەزایە و محەمەد سەدیقی کوڕی تەهای شەمزینان .

ئەم کوردانە،نزیکەی دە رۆژ واتا لە ١١/٢٥ تا ١٩٤١/١٢/٥ لە باکۆدا مانەوە،لەم ماوەیەدا چوون تەماشای گەلێك چالاکی و چەلەنگیێن رۆشنیری‌وسەردانی زۆر کارخانە و مەزرای نمونەیی دامودەزگا وکۆمپانیای نەوت‌وسەربازخانەیان کرد"٧".وەکو چۆن یەکێك لە سیاسەتوانانی ئینگلیز بەتانەوتەشەرەوە دەنوسێت((روسەکان دەبێ بۆ ئەم کارە شانازی بەخۆوە بکەن)) چونکە دوو هەفتە لەمە پێش هەشت کەسیان لە بورژاویانی تەورێز بۆ سەفەرێکی وەکو ئەم سەفەرەدەعوەت کردبوو.

زۆر ریوایەت لەمەڕ گفتوگۆی باکۆ هەن‌وژمارەی ئەو ریوایەتانە شان لە شانی ژمارەی بەشدارانی گفتوگۆیەکان دەدەن،بەڵام هەر هەموو ئەم ریوایەتانە لە یەك خاڵدا یەك دەگرنەوە،سۆڤیەتیەکان لە رێگەی( باقرۆفی،سەرەك کۆماری ئازربایجانەوە) مەسەلەی کوردیان بە شێوەیەکی زۆر گشتی زۆر بە پارێزەوە خستەروو .

بە گوتەی میر ئەسعەد،کە یەکێك بووە لە دەعوەتکراوەکان،باقرۆف پێی گوتن کەیەکێتیی سۆڤیەت رای باشە سەبارەت بە سەربەخۆیی میللەتانی بچوك) بەڵام ((ئەم قۆناغە بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە بارنیە،کوردەکان دەبێ سەبر بگرن))

ئەوجا چەند کەسێك راپەرین‌وگوتیان و((هەر ئێستا))سەربەخۆیی کوردستانمان دەوێ، باقروف، پێکەنی !."٨"

بە پێی ریوایەتێکی دی،باقرۆف بە کوردەکان دەڵێ ئارام بن‌ودڵنیای کردن کە رۆژێك دێ(( ئاواتەکانیان دێتە دی))"٩"

شێوەی پێشوازی شاندی ئازربایجانی‌وشاندی کوردی زۆر جیاواز بوو ، باقرۆف لە دیداری ئازربایجانیەکاندا،پاش ئەوەی باسی ئەو پەیوەندییە نەژادییەی نێوان هەردوو ئازربایجان دەکات پاش ئەوەی دووپاتی دەکاتەوە کە((هاوبەشی مەینەتیەکانی ئەوانە)) دەڵێ((لە رووی رۆشنبیری

https://t.me/kurdistanbooks

وسایکۆلۆژییەوە هیچ سنورێك لە نێوان هەردوو ئازربایجاندا نییە و ئەو رۆژەش دێ کە هەردوو ئازربایجان بین بە یەك)). "١٠"

٧- رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی سەفەری باکۆ لە جیهاندا:

دەنگدانەوەی سەفەری پیاوماقولانی کورد بۆ باکۆ ، کە سەفیری یەکێتیی سۆڤیەت لە تاراندا ، بە سەفەرێکی رۆشنبیری ناوبردبوو،زۆر لە سنووری کوردستان هێوەتر رۆیی: لەگەرمەی دووەم جەنگی جیهاندا لەو دەمەیدا کە بۆ هاوپەیمانان زۆر سەخت وبەگرێوگۆڵە،کریپسی سەفیری بەریتانیا لە مۆسکۆ و لە ١٩٤١/١٢/٢٠دا داوای روونکردنەوە لە مولوتۆف دەکات .
سێ رۆژ پاش ئەوە سێرریدبۆلاردی سەفیری بەریتانیا لە تاران،کە سەفەری مۆسکۆ دەکات ، ئەویش لەم روەوە داوای روونکردنەوە لە مولوتوف دەکا.مولوتوف لە ١٩٤١/١٢/٢٩دا یاداشتنامەیەك لەم بارەیەوە دەدا بە سەفیری بەریتانیا وبۆی روون دەکاتەوە کە کوردەکان بە خۆیان بۆ باکۆ چوون،ئەم سەفەرە چ گفتوگۆیەکی سیاسی لە پشتەوە نەبووە .
کەمی مابوو ئەم رووداوە ببێتە مایەی ئاژاوەیەکی سیاسی،سێرئانتۆنی ئەدەن یاداشتنامەیەکی کە دەزگای خزمەتگوزاری وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز بۆ بەکارهێنانی (ناوخۆ) ئامادەی کردبوو،بۆ مولوتوف نارد،لەم یاداشتنامەیەدا ئەوە گوترابوو کە((کێشەی گەورە ئەمەیە کە سیاسەتی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوچە ئێرانیەکانی بندەستی سۆڤیەتدا،رێکخراوێك سەروکاری دەکات کە سەفیری سۆڤیەتی لە تاراندا دەسەلاتێکی ئەوتۆی بەسەرییەوە نیە)). "١١"

٨- ترسی ترکەکان:

لە راستیدا ترکەکان باعیسی ئەم هەلاوبگرە وبەردەیە وتەدەخولی سیاسی یەکێتیی سۆڤیەت بوون: ترکەکان لە ١٩٤١/١٢/٢ بەملاوە سەبارەت بە رەفتاری ئەو هێزانەی ئێرانیان گرتبوو،(( بێ ئەوەی ئەو هێزانە بە وردی دەست نیشان بکات)) نارەزایی دابووە ئینگلیزەکان وگوتبویان کە ئەم هێزانە((کورەکان هاندەدەن بۆئەوەی ولاتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن)) ودووپاتیان دەکردەوە کە پەیوەندی نێوان تورکیا وئێران بە((کردەوە پچراوە))و کوردەکان لە ناو خاکی تورکیا دەستیان بە هێرش کردووە.
بەلام وەکو سیاسەتوانێکی ئینگلیزی دەلێ ئەوەی ترکەکانی نیگەران دەکرد،کوردەکان نەبوون ، بەلکو ئەو کارانە بوون کە سۆڤیەت لە کوردستاندا، دەیانکرد، ئەوانیش وەکو ئێرانیەکان دەترسان راستەخۆ داوا لە روسەکان بکەن.

٩- دەنگدانەوەی سەفەرەکەی باکۆ لە ناوچەکەدا:

ئینگلیزەکان کە دیتیان روسەکان لە مەیدانی بانگەشەوپروپاگەندەدا سەرکەوتنی یەکجارەکیان بەدەست هێناوە، ئیدی لەوە ژێوان بوونەوە کە کاربەدەستانی خۆیان بۆ مەهاباد بنێرن.لەمە بەدواوە ئەم ناوچەیەیان بە ناوچەی دەسەلاتی سۆڤیەت حەساوکرد.
شارۆچکەی مەهاباد کە هەرگیز لەلایەن هێزێن سۆڤیەت و ئینگلیزەوە نەگیرابوو بە کردەوەش لە حوکمداریوسەرپەرشتی رژێمی ئێران دور بوو،لە نکاودا پێگەو وەزع وحالێکی وەهای گرتە خۆ کە

https://t.me/kurdistanbooks

زۆر لە باربوو بۆ سەرهەڵدانی راپەرین و بزووتنەوەیەکی دەگمەن و بێوێنە لە مێژووی بزاڤی کوردایەتیدا .

**١٠- رق بەرقێی ناوخۆ:**

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١و سەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا مەهاباد هێشتا زۆر دوور بوو لە ژیانی قارەمانێتی خۆی،دانیشتوانی مەهاباد باجی ئەو رقەبەرایەتییەیان دەدا کە لە نێوان قازی محەمەد و میر ئەسعەدی دیبوکریدا سەری هەڵدا بوو .

ئێران لەلایەن هێزێن بەریتانی وسۆڤیەتیەوە گیرا، شیرازەی حوکمودەسەلاتی ناوەندی پچڕا ، دوای چەند هەفتەیەك لەم هەراوهەنگامەیە قازی محەمەد کە پیاوێکی بە دەسەلاتو ئیحتوباری کۆمەلایەتی بوو.بە رەزامەندی ناراستەخۆی دەوڵەتی تاران،راگرتنی وەزع وحاڵی شاری وە ئەستۆ گرت.

بەڵام لە شوباتی ساڵی ١٩٤٢میر ئەسعەدوژمارەیەك لە پیاوانی مەهاباد کە ترسی ئەوەیان هەبوو بە ئاگری شەڕی نێوان دەوڵەتوحەمە رەشید خانوتەدەخولی سۆڤیەتیەکانەوە بسوتێن،هەڵبەتە سات بە سات وەزع بەرەو خراپ تر دەچوو ، چونکە ئەم کێشە لە گوینەش لە ناوچەی ئەوانەوە نزیك بوو ترسی ئەم جۆرە تەدەخوڵەش هەبوو و لە سەقز پەیوەندیان بە سوپا سالار شابەختی یە وە کردو ئامادەیی خۆیان دەبڕی کە بەناوی دەوڵەتی ئێرانەوە کاروباری ناوچەکە وەئەستۆ بگرن و بەرێك وپێکی وەرێوەی بەرن .

میر ئەسەعد کە بۆتاران دەعوەت کرابوو لە کۆتایی مانگدا بۆ مەهاباد گەرایەوە ،ئەوەی دەیویست بە دەستی هێنابوو ،کرابوو بە فەرمانداری مەهاباد.بە ترومبێلێك وشۆفێرێکەوە هاتبووەوە کە لەوسەروبەندەدا کەسایەتی و ئیحتوبارێکی بەو دەبەخشی،هەروەها بڕێ پارەی باشیشی وەگرت بوو کە دەسەلاتی ڕاستی بەو دەدا .

قازی محەمەد بە دامەزراندنی میر ئەسعەد(بە فەرمانداری مەهاباد) رازی نەبوو.بۆیە هەر زوو بۆ تاران رۆیی،میر ئەسعەد نەیتوانی حوکم ودەسەلاتی خۆی بەسەر مەهابادا بسەپێنێ ولە ئابی ١٩٤٢دا ناچار ئیستیقالەنامەی نووسی،پاشاگەردانی و هەراو هەنگامە سەرانسەری کوردستانی ئێرانی تا رۆژئاوای دەریاچەی رەزایە گرتبووەوەو گەیی بووە لوتکە.

**١١-دەوری ( ( نابژیوانی ) ) سۆڤیەتەکان لە کوردستاندا ساڵی ١٩٤٢**

تۆمەتبارکردنی روسەکان بەوەی کە مایەی ئەو فیتنە وهەراوهەنگامە وئاژاوانە بوون کە لە ساڵی ١٩٤٢دا هەموو کوردستانی ئێرانی گرتبووەوە ، لە هاندان ودەست بەدەرنیە ، ئەمەکارێك بوو کە هەندێ لە سیاسەتوانانی رۆژئاوایی دەیانکرد.

چونکە دیتنی ئەرشیفی یەکێتیی سۆڤیەت قەدەغەیە،بۆیە نووسینەوەی مێژووی ئەم قۆناغەش زەحمەت ولە توانا بەدەرە ، بەڵام وا دێتە بە چاو کە روسەکان لەم قۆناغەدا ،کە هێشتا لە بەرەی قەفقازەوە هەرەشەی گەورەیان لەسەر بوو،سیاسەتێکی روون وئاشکرایان لە کوردستاندا نەبووبێ ،زۆر کەس ئەوە فەرامۆش دەکەن کە لە ئابی ١٩٤٢دا هیتلەر لەیەکێك لە بێشەکانی ئۆرکرانیاو لە دووری ١٥٠٠ کلیۆمەتری ئەڵەمانیاوە لەسەر کورسیەك دانیشتووەو توانیویەتی بیر لەمە بکاتەوە کە ((لە ئایندەیەکی نزیکدا دەتوانێ شۆرشڤانانی ئێرانو عێراق دژی ئینگلیزان هان بدات)) وبە

https://t.me/kurdistanbooks

شادمانییەوە خەیاڵی ئەوە لێبدات کە لە((ئاخر وئۆخری ١٩٤٣دا دەتوانێ چادری عەسکەرییەکانی لە تاران وبەغدا تا کەنداوی فارس هەڵبدات))

ئەم ((خەیاڵانە)) بە هاتنی هێزی زرێی ئەلمان کە ١٢٠٠ کیلۆمەتر لە قوڵی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوونە پێشەوەو لە خۆ سازدانا بوون بۆ گرتنی بەشی ئاسیایی یەکێتیی سۆڤیەت ،بەهێزتر دەبوون."١٢"

لە هەڵومەرجێکی نالەباری ئاوهادا ناچێتە ئەقڵەوە کە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی لە ئێراندا، کە نیگەرانی ودوو دڵییان ئاشکرا بوو، بێن بە خۆیان هەراو هەنگامە وئاژاوە لە قوڵی باشوری خۆیاندا بنەنەوە .

دوو ڕووداو هەن کە هەڵوێستی بە پارێزی ڕوسەکان سەبارەت بە چالاکی نەتەوەیی کوردان لەم ساڵەدا ١٩٤٢دا بە جوانی بەرجەستە دەکات، لە مانگی ١٩٤٢/١دا دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت کۆمیتەی((حیزبی ئازادیخوان) کە کوردوئاشوریوئەرمەنیانی یەکدەخست، دوای ئەوەی ئەندامانی ئەم حیزبە بە گژ جەندرمەی ئێراندا چوون ، ڕوسەکان هەڵیانوەشاندەوەو مەفرەزەی سوپای سووریان خستە ناو شار"١٣".

١٢- ئاژاوەی ڕەزاییە ٤-١٩٤٢/٥:

دوای بڕیاری چەککردنی کوردەکان و بەکارهێنانی جەندرمەی شیعە مەزەبی ناوچەیی(واتە ئەو ئازەریانەی کە بەزمانی تورکی قسە دەکەن) لە ڕەزاییەدا ئاژاوە وپەشێوی تازەترو توندتر لە جاران سەرهەڵدەدات.لە جاران پتر شت ڕوودەدات،لە ١٩٤٢/٤/٢٨ عەشایەری کوردی دەوروبەر، پەلاماری شاردەدەن ،خەتی تەلەفۆنات دەپچرن و شار گەمارۆدەدەن، پارێزگار بۆ تەورێز هەڵدێ .

ڕۆژی ١٩٤٢/٤/٣٠ کونسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز وسەرۆکی سەرکردایەتی هێزێن سۆڤیەتی لە ناوچە کەدا، بە فڕۆکە بۆ ڕەزایە دێن ، ولەگەڵ سەرانی کوردا دیداردەکەن،سەرانی کورد عەرزو حاڵوسکاڵانامەیەکیان دەدەنێ ولەو عەرزوحاڵەدا بەتایبەتی داوای ئەوەکراوە کە مۆڵەتیان بدرێتێ ئازادانە چەك هەڵگرن وهەر هەموو ئەو جەندرمە ئێرانیانەی کە لە ناوچەی نێوان خوی و مەهاباددا جێگیر بوون لەم ناوچەیە نەمێنن.لە ئاستی سیاسیدا سەرانی کورد خوازیاری ئەوەن کە ((ئازادبن لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا)و لە هەر هەموو دام ودەزگا دەوڵەتییەکانی ڕەزاییە و لە قوتابخانەکانی شاردا نوێنەریان هەبێ ولە قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی بخوێنرێ وبیست زیندانی کورد ئازادبکرێن .

ڕوسەکان کە دەبینن ژمارەی چەکدارانی کورد خۆی لە ١٠٠٠٠ هەزار جەنگاوەر دەدا، بە ئاشکرا خەمی ئەوەیان لێدێت کە چۆن قوەتێك بۆ بەرپەچدانەوەی ئەم هێزە گەورەیە بنێرن، وئیدی بە پێی پێویستی وەخت ڕەفتاردەکەن.

ڕۆژی ١٩٤٢/٥/٧ سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای ڕوس(لە ناوچە داگیرکراوەکەدا) دەگەڵ وەزیری جەنگی ئێران وفەهیمی پارێزگاری تازەی ئازربایجانا دێتەوە بۆ ڕەزاییە .. کوردەکان هێشتا لە قەراغ شاردان، لێ لە ئەنجامی زنجیرە گفتوگۆیەکدا، سەرانی کورد بە گەرانەوەی هێزێن ئێرانی قایل دەبن وئەم هێزانە لە ١٩٤٢/٦/٧دا بە سەلامەتی وبێ چ قەماوێك دەچنەوە ناو ڕەزاییە .

https://t.me/kurdistanbooks

**١٣-كۆنفرانسی شنۆ ئەیلولی:١٩٤٢**

لـه ١٩٤٢/٩/٤دا هـەموو سـەرانی كـوردی ناوچـەی باشـوری رۆژئـاوای ئازربایجـان وبـاكووری كوردستانی ئێران و بۆ ماوەی چەندین رۆژ لـە شنۆ كۆبوونـەوە . بە گـوێرەی راپۆرێن پرمەترسیێن كـو دەگاتـە دەسـتی سیاسـەتوانانی ئینگلیـزی ئـاكنجی تـەورێز ،روسـەكان ئـەم كۆبونەوەیـەیان سازداوەو لە كۆبونەوەكەدا داوایـان لـە كورد كردووە (كە دۆستی ئەكەمەكداری یەكێتیی سۆڤیەت بن) و ((بەرەیەكی یەكگرتووی كورد)) پێكبهێننن"١٤"

بەڵام لە راستیدا سۆڤیەتیەكان لە پشت ئەم كۆبوونەوەیە نەبوون،هۆی ئەم كۆبوونەوەیە زەماوەنـدی كوڕی قەرەنی ئاغا بوو،كە یەكێك بوو لەسەرگەورەكانی ناوچەكە،هەرچەندە پەیبردن بەو نـەقش و رۆڵەی كە سۆڤیەتیەكان لەم كارەدا بوویانە،لە تواناداا نیە،بەڵام پێدەچێت كە كوردەكان لـەم كارەدا ختوكەیەكی سۆڤیەتیەكانیان دابێ .

دوو مەسـەلەی سـەرەكی یـەخانگیری سـەرانی كـورد بوو،لەلایەكـەوە نـەبوونی یەكێتیـەكی تـەواو لەلایـەكی دییـەوە دابینكردنـی پشـتیوانی وڵاتێكـی گـەورە.هـەڤركی و دووبـەرەكی وسـاردی نێـوان سەرانی كورد هەرگیز تا ئـەو رادەیـە توند و تیژ نەبوو،لە نێو سەرانی عەشیرەتەكاندا سیانیان لـە سەرپێ بوون بۆ رووبەرووبوونەوەی یەكتری، میر ئەسعەد دیبوكری ، عەبدوڵڵا بایەزیدی مـەنگوری ، قەرەنی ئاغای مامەش.

رێبەرانی سیاسی تر لەوان ، واتە قازی محەمەد و حەمەرەشید ، هەستیان بە زەرورەتـی یـەكبوونی بزووتنـەوەی كوردایـەتی دەكـرد، بەتایبـەتی قـازی محـەمـەد وردە وردە ترسـی ئـەوەی لێدەنیشـت كـە ئەگـەر كوردەكـان زوو فریانەكـەون و ریزەكـانی خۆیـان رێـك نەخـەن، ئـەوا لـە كۆتـایی جەنگدا هێـزە گەورەكان لەوە گرفتارترو ماندوتر دەبن كە بیر لـە چارەنووسـی كـورد بكەنەوە،هـەنگینێ بـە ئاسـانی دەبن بە نێچیری دەوڵەتی ناوەندی.

**١٤- مانۆرەكانی قازی محەمەد:**

رەفتـاری قـازی محەمــەد دەرهــەق بــەو دوو هێــزە گەورەیــەی كــە لــە كوردســتاندان واتــا بەریتانیاوسۆڤیەت "١٥" تا رادەیەك ئاڵۆزە، قازی محەمەد لە راستیدا بەتەمای ئەوە بوو پەیوەنـدی بـە ئینگلیزەكانـەوە بكات،بـە تایبـەتی لـە نیـوەی مـانگی دەدا كـە میوانـداری ئیرواسـی مارشـاڵی بــــەریتانیا لــــە عێــــراق وئۆركــــوتی كونســــوڵی بــــەریتانیا لــــە تــــەورێزی كــــرد. ئینگلیزەكـان زۆ دوودڵ و بـە پـارێزن ، پێیـان وایـە كـە لەوەیـە قـازی محـەمـەد پەیوەنـدی بـە سۆڤیەتەكانەوە هـەبێ ، ئـەم دووانـە تەنانـەت ((داوێـك))ی بـۆ دەنێنەوە،ستایشـی بـەرگری كردنـی روسـەكان لـە سـتالینگراد دەكـەن ، قـازی محـەمـەد بـە پێچـەوانەوە ستایشـی ئینگلیزەكان و شـێوەی رەفتاریـان لەگـەل كـوردی عێراقدا دەكـات ،لـە سـەری دەوات كـە ((تـەنێ بـە پشـتیوانی و هاوكـاری بەریتانیای مەزن بووە كە كوردەكان توانیانە بیر لـە باشـكردنی وەزعـی خۆیـان و سـوود وەرگـرتن لـە ئازادی بكەنەوە)) ئورکوت بە گێرانـەوەی سـەربوری چیانیشینەكانی ئەسكاتلەندا كە بە پشـتیوانی هێـزی بێگانـە –واتـە فەرەنسا– بـەگژ پاشـای ئینگلیـزدا چـوون و سـەرەنجام كارەكـەیان شكسـتی تەواوی هێنا،بە گومانی خۆی زیرەكی كرد .

https://t.me/kurdistanbooks

ئینگلیزەکان دڵنیابوون کە قازی محەمەد بەم مەبەستە خۆی لە ئینگلیزەکان نزیك دەکاتەوە تا رووسەکان نیگەران بکات و ناچاریان بکات تا پشتیوانی لە نەخشەکانی بکەن،قازی کە شاد و بە کەیف لە باکۆ گەرایەوە ، زۆری پێناچێ کە بێ ئومێدی خۆی لە رەفتاری روسەکان دەردەخات و دەیەوێ سەر لەنوێ پەیوەندی وان بە کوردەوە بیراز بکاتەوە .

ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەست دەکەن کە کورد لە کۆبوونەوەی شنۆدا، ویستویانە سوود لە روسەکان وەربگرن ، واتا وایان لێبکەن کە بیانەوێ و نەیانەوێ پشتیوانی لە بزووتنەوەی یەکخستنی کورد و ئۆتۆنۆمی کوردستان بکەن.

لە کاتێکدا مقۆمقۆی پەیدابوونی بزاڤێکی شۆرشگێرانەی کورد، کە لە پێناوی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا دەخەبتێ،بڵاودەبێتەوەو زیاد دەکات ،سۆڤیەتەکان لە ئێرانیەکان بە گومانن ورێگەیان نادەن هێزێکی گرنگ بۆ ئەم دەڤەرە هەستیارە بنێرن. لە هەمان کاتدا ناشیانەوێ خۆیان ئەرکی پۆلیس ببیینن. لەبەر ئەمە داوا لە سەرانی کورد دەکەن کە ئارامی و بەرێوەبردنی ناوچەکە بگرنە ئەستۆ"١٦".

خولاسە.پێناچێت سۆڤیەتەکان زەمینەیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان خۆشکردبێ، بەڵام ترسیان لەوەیە کە ئینگلیزەکان شتی وەها بکەن و بە پێچەوانەوە .

ئێستا وەزع وحاڵی کوردستان هەندێ سەیر دەنوێنێ، یاریدەدەری کونسوڵێکی سۆڤیەتی دوای سەفەرێك لە ناوچەی مەریواندا بە یاریدەدەری کونسوڵی بەریتانی دەڵێ کە ((لەم ناوچەیەدا بە عەمەلی چەند وردە کۆمارێکی کوردی هەیە))و هێزێن ئێرانی بۆ رۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی لە ناو خاکی خۆیدا ((دەبێ چل پەنجا کیلۆمەتر لە رێ لابدات ودوور بکەوێتەوە))

لە باری بژێوییەوە وەزع خراپە،لە کرمانشادا گرانی وقاتی بەرادەیەك بوو،کە کونسوڵیەتی ئینگلیز بەرنامەیەك بۆ دابەشکردنی خواردنی خۆرایی دادەنێ ورۆژانە دووسەد نەفەر نان دەدات.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٣دا هەزار حاڵەتی تیفوس لە شاردا هەبوو،نەخۆشخانەی شار دەبوو دابخرێ ، رۆژانە پازدە کەس لە هەژاری و برسێتیدا دەمرن."١٧"

شار، ئەمرۆ بە سبەی دەسپێرێت ، یەدەکی ئازووقە بەشی یەك رۆژ زیاتر ناکات.وەزعی تەورێز زۆر لەمە باشترنیە ،هەموو یەدەگی گەنم و ئاردی شار بەشی یازدە رۆژی خەڵکەکەی دەکات .

**١٥- دامەزراند نی کۆمەڵە :**

لەم هەلومەرجەدا،ژمارەیەك لە خەڵکی مەهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دادەمەزرێنن ، لەوانە رەحمانی زەبیحی، کە پاشان دەبێت بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، محەمەدی شەرەفی کە بازرگان بوو، قاسم قادری ،مامۆستا بوو ،ئەحمەدی عیلمی فەرمانبەر بوو ،قادری مودەریسی ،حوسەینی فروهەر کە فەرمانبەری شارەوانی بوو ،عەزیزی زەندی کەسایەتیەکی زانا بوو کە دانووی دەگەڵ قازی محەمەددا نەدەکولا، چونکە خۆی لەم مەیدانەدا لە قازی محەمەد  بە شایستەتر ولەپێشتر دەزانی،مەحمەدی یاهو،کاسبکار بوو.

بەڵێ ئەمانە خەڵکانێکی نەتەوەیی بوون و لە چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەلگەی مەهابادەوە، لە وردە بورژواوە بیگرە تا ماڵباتی زۆر هەژارو بێنەوا، هەڵقولاّبوون وسەریان هەڵدابوو، رەحمانی زەبیحی کوڕی پیاوێکی کاسبکاری زۆر هەژار بوو، کە خۆیوهەموو ماڵ‌ومنداڵەکەی لە یەك ژووردا

https://t.me/kurdistanbooks

دەژیان، زەبیحی بەناچاری لە پۆلی سێیەمی ناوەندی وازی لە خوێندن هێنا، چونکە بە هۆش‌وزیرەك بوو هەر زوو ناوبانگی کەوتە سەرزاران وبوو بە مامۆستای منداڵانی ماڵە دەوڵەمەندانی ناوچەکە، ئەو هەژار فێری زمانی کوردی دەکات،کە پاشان لەگەڵ هێمندا بوون بە دوو شاعیری گەورەی هاوچەرخی کورد.هەر هەمان زەبیحی یەکێك بوو لە هەوەڵین نەتەوەییەکانی مەهاباد کە چەشنە پەیوەندییەکی دەگەڵ بزاڤی کوردایەتی لە سلێمانیدا بەر قرارکرد .

دەوری کوردێن نەتەوەیی عێراقی لە دامەزراندنی((کۆمەڵە))دا یەکێکە لە ((نهێنیە)) بچووکەکانی مێژووی بزووتنەوەی کورد.کوردێن ئێرانی هێندە خۆیان بە کوردێنی خۆوە بادەدەن کە رەنگە بە پێچەوانەی هەموو راستیە مێژووییەکانەوە بێ،ئیدیعا دەکەن قەرزباری کوردی عێراق نین .

بەلأم لە راستیدا هەموو شتێك ئەوە دەردەخات کە ئەم بزاڤە سەرەتا بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لەلایەن مەحمود جەودەت لە سلێمانی،دەستی پێکرد کە پاشان گروپی ئەفسەرانی ناسیۆنالستی هیوا.لەوانە میرحاج درێژەیان بەچالاکییەکانی دا.ئایا میرحاج لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەدا کە لە ١٩٤٤/٩/١٦دا لە باغێکی دەرەوەی مەهابادا ئەنجامدرا.بەشداری کرد؟ ئایا ئەو پێشنیازی کرد کە حیزبێکی تازەی نهێنی‌وشانەی نهێنی‌وجیا لە یەکدی دابمەزرێ؟ ئایا بە رەزامەندی ئەو بوو کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بڕیاریاندا کە ئەندامانی تازە بەر لەوەی بێنە ریزی حیزبەوە سوێند بخۆن؟"١٨"

ئایا کۆمەڵە لقێك بوو لە هیوا؟ کوردێن ئەمرۆی عێراق لەم باوەرەدان.بەهەر حاڵ هیواو کۆمەڵە پەیوەندی نزیکیان پێکەوە هەبوو.لە مانگی ١٩٤٤/٣دا محەمەد شەرەفی بۆ دیداری ئەفسەرانی نەتەوەیی هیوا(ئەمین رەواندوزی، عەبدولعەزیزشەمزینی،عزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو) دەچیٚ بۆ کەرکوك وچەند مانگێك لەوە بە دواوە (هەمزە عەبدوڵلا کە لە رێبەرنی چەپی هیوا بوو) ،چەند سەفەرێك بۆ مەهاباد دەکات،لە دوای ئەویش قەدری بەگی نەوەی جەمیل پاشای دیاربەکری لە سوریاوەو مەلا وەهاب لە تورکیاوە بۆ مەهاباد دێن.

کۆمەڵە هەر زوو بە زوو سنووری جوگرافی وکۆمەلأیەتی چەلەنگییەکانی خۆی فراوان دەکات، ئەم رێکخراوە کە لە بنەرەتدا رێکخراوێکی شاری بوو، لە سنوری مەهاباد بوو، لە راستیدا دەنێو سەرانی عەشایەردا، لەناوچەی خوی وبۆکان وسەقزدا، دەکەوێتە ئەندام وەرگرتن، سنوری باشوری بلأوبوونەوەی کۆمەڵە سنورێکی نەبینراوە کە کوردستانی سوننی مەزەبی ئێران لە کوردستانی شیعە مەزەبی ئەم ولأتە جیادەکاتەوە .

بە دەگمەن دوو رێکخراو دەبینرێ کە بە ئەندازەی هەردوو حیزبی هیواو کۆمەڵە لێکدی جیاوازبن هیوا، لە خەڵکی رۆشنبیری شاریی مارکسی خولیا پێك هاتبوو، بەلأم کۆمەڵە بەزۆری لە خەڵکی دەوڵەمەندوپیاوماقول‌وخەڵکی عەشایەر پێك هاتبووکە زۆر مەحافەزەکاربوون وجیهانبینیەکی فیکری تایبەتی وروونیان نەبوو.

جا هیواوکۆمەڵە لە بنج وبناواندا یەك رێکخراو بوون یان نا، ئاسایی بوو کە هەریەك لەم دوو لقەی بزاڤی کوردایەتی بە شێوەی تایبەتی خۆیان پەرەبسەنن.لە ئاخروئۆخر ساڵی ١٩٤٤دا لە هەردوو کوردستانی ئێران‌وعێراقدا وەزعێکی تا رادەیەك نائاسایی لە گۆڕێ بوو.لە مەهابادا خەڵکی لە ١٩٤٣دا پەلاماری شارەوانیان دابوو . حەوت پۆلیسی ئازەریان کوشتبوو وئەوانی دی هەلأتبوون ودوا شوێنەواری دەسەلأتی دەوڵەتی ناوەندییان لە نێو بردبوو،لە ناوچەی بارزانیش مەلامستەفا لە

https://t.me/kurdistanbooks

نزیکەوە موراقەبەی پێگەکانی پێشەوەی سوپای عێراقی دەکرد، بەڵێ ئەم دوو شوێنە دوو تاقیگەی بچووك بوون کە لەوێندەر ناسیۆنالیستانی کورد بە ئازادییەوە شێوە جۆراوجۆرەکانی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆییان دەجەڕباند.ئەوسا کەس خۆی بە زیاتر نەدەزانی ، نوێنەرانی هەموو ناوچە جوگرافیایی وریبازە سیاسیەکانی کوردستان دەهاتن وئەم ئەزمونەیان دەبینی کە ئەنجام دەدراو هەرکەسە و تەگبیر وپێشنیازی خۆی دەکرد.

لەم قۆناغەدا واتا لە مانگی ١٠/١٩٤٤دا"١٩" قازی محەمەد پەیوەندی بە ریزەکانی کۆمەڵەوە دەکات،دوو ساڵ بوو ئەم حیزبە دامەزرابوو بەڵام بەرێوەبەرانی حیزب،بەتایبەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی،ئەو قەناعەتەیان لادروست نە بوو بوو کە داوای بە ئەندامبوونی قازی محەمەد بکەن.کەسایەتی دیاری قازی محەمەد لە مهاباد وترسی(دیکتاتۆریەت)ئەم کارەیان دواخستبوو"٢٠"،و سەیر ئەوەیە کە قازی محەمەد هرگیز بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵنەبژێردرا،بەڵام ترسەکەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەراست دەچوو، قازی محەمەد بەلەز زاڵ بوو بەسەر رێکخراوەکەدا وبەجۆرێ هەڵیدەسوراند لە تۆوایە ئەو سەرۆکیەتی .

لەسەرتای هەیڤی دەی ١٩٤٤دا قازی محەمەد بۆ تاران چوو بوو،سەرۆك وەزیری ئێران دەگەڵ سەرانی دیکەی کوردا بۆ تارانی (دەعوەت کردبوو)."٢١"

قازی محەمەد لەو ماوەیەی کە لە تاران دەبێت دەگەڵ سەرلەشکر حەسەنی ئەرفەعی سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای ئێرندا گفتوگۆی کردبوو، بە گوتەی ئەرفەع،سەدری قازی برای قازی محەمەد کە ئەندامی ئەنجومەنی ئێران بوو، سەیفی قازی ئامۆزای قازی محەمەد ،خۆیان بە میان رەوو(ئاشتیخواز) نیشانداوەو بە هومێد بوونە کە دەوڵەتی ئێران وەزعوحاڵی تایبەتی ئەوان لە بەرچاوبگرێ و، گوتویانە کە((ئامادەن لە پێناوی خۆشگوزەرانی ئێراندا هاوکاری دەگەڵدا بکەن))

قازی محەمەد زۆر(راشکاو) بوو، باسی دەردوئازاری دێرینی گەلی کوردوخراپی بەرێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکانی لەلایەن فەرمانبەرانی بێ تواناوە کردبوو وئاواتی خواستبوو کە دەوڵەت لە ئێستە بەدواوە فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە کوردنشینەکاندا دابنێ،"٢٢"سەرلەشکر ئەرفەع قازی محەمەد بە پیاوێکی((سەخت))تێدەگات، لێ داخوازییەکانی قازی محەمەد هێشتا هەر ئاسایین وتاقە قسەیەك لەمەڕ ئۆتۆنۆمییەوە نییە چجای جیابونەوە.

### ١٦- دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان :

بەڵام ریتمی رەوتی ڕوداوەکان خێرا دەبن،لە ١٦/٨/١٩٤٥دا لە کۆبونەوەیەکی کۆمەڵەدا قازی محەمەد پێشنیازی کرد،ئەم بزوتنەوە نهێنیە بکرێ بەحیزبێکی ئاشکرا بەنێوی((حیزبی دیموکراتی کوردستان)) وبکەوێتە چەلەنگی ئاشکرا."٢٣"

دەوری سۆڤیاتیەکان لە دروستکردنی ئەم حیزبە تازەیەدا کە لە سەر شێوەی(دیموکراتیك)ی شێوازی سۆڤیەتی رێکخرابوو،چ بوو؟کەس نازانێ،هەروەها چ کەسێك زانیاری وردو تەواوی لەمەڕ ئەو هەڵومەرج وبارودۆخە نیە کە بوونە مایەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان تەنانەت مێژوونوسانی سەرەکی کۆماری مەهابادیش،کەسانی وەکو ویلیام ئیگلتن و ئارچیبالد رۆزفولتی(کوڕ) میژوی دامەزراندنی حیزبی دیمرکراتی کوردستان،بەچەند هەفتەیەك دوای مێژووی ناوبراو ،واتە پاش دووەم سەفەری قازی محەمەد بۆ باکۆ لە ١١/١٩٤٥دادەنێن.

https://t.me/kurdistanbooks

شایەدانی ئەم قۆناغە کەمتر خۆ لە باسی دوا ساتەکانی ژیانی کۆمەڵە دەدەن وبە تایبەتی باسی دەوری پیاوانی ئینگلیزدەنێو کۆمەڵەدا کە(بریتی بوون لە کوردێن عێراقی وەکو سەید عەبدوڵلاٰ گەیلانی وعەبدولعەزیز شەمزینی کوڕی ومحەمەد سەدیقی کوڕی تەها ناسراو بە پوشو) دیارە ئەمە بووبووە مایەی ناکۆکی ودووبەرەکی."٢٤"

بەهەر حاڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بەلەز بەرنامەی خۆی لە (بەیاننامەیەك)دا بە ئیمزای سەد کەسێك لە کەسایەتییەکانی کورد وبەم داخوازیانەوە بڵاودەکاتەوە .

- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا.
- بەکارهێنانی زمانی کوردی وەکو زمانی رەسمی.
- دامەزراندنی فەرمانبەر، لە خەڵکی ناوچەکە .
- دانانی یەك یاسا بۆ موڵکداران وجوتیاران"٢٥"
- هاریکاریکردن دەگەڵ بزووتنەوەی ئازربایجاندا.
- چاککردنی وەزعی ئابووری وکۆمەلایەتی کوردستان، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکان، ریفۆرمی کشتوکاڵی و پەرەپێدانی ساغڵەمی وپەروەدەو فێرکردن .

ئەم بەرنامەیە کە لە بناغەدا بەرنامەیەکی نەتەوەییە،چ نیشانەیەکی شۆرشگێری تێدانیەو رەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی حیزبە تازەکەیە.

**١٧- سەفەری دووەم بۆ باکۆ، ئەیلوڵی ١٩٤٥**

قازی محەمەد پاش چوونی بۆ تەورێز وبەشداری کردن لە رێورەسمی دامەزراندانی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان ١٩٤٥/٩/٣ کە لە حیزبی تودەوە دروست بووبوو،هەر لەم مانگی ئەیلولەدا لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی کوردا،لەوانە سەیفی قازی ئامۆزای‌و مەنافی کەریمی، سەفەری دووەمی باکۆ دەکات

هەل ومەرجی ئەم سەفەرە لە هەلومەرجی سەفەری یەکەم جیاوازە،لە ئەیلولی ١٩٤٥دا دووەم جەنگی جیهان تازە کۆتایی هاتبوو،پەیوەندێن هاوپەیمانانی جاران لە خراپی دابوو.بەتایبەتی لە ئێراندا روون بوو کە یەکێتیی سۆڤیەت لە خەیاڵی ئەوەدا نیە کە بە پێی پەیمانی سێ قۆڵی ساڵی ١٩٤٢،کە دای نابوو گەرانەوەی هێزێن هاوپەیمانان ئەوپەڕی تا شەش هەیڤان پاش کۆتایی شەڕ درێژە بکێشێت،هێزەکانی خۆی لە ئێران بکێشێتەوە . لەسەفەری دووەمی قازی محەمەد بۆ باکۆ، هەموو شتێك بەروونی دەخرێتە روو،ئەمجارەیان سەفەرەکە سەفەرێکی(رۆشنبیری) نیە،بەڵکو سەفەرێکی سیاسیە،نوێنەرانی کورد تەنانەت یاداشتنامەیەکیان ئامادەکردبوو وئەوەی لە سۆڤیەتیەکان چاوەنۆردەکرد،بە وردی نووسیبوویان،پشتیوانی کردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد،هاوکاری دارایی وچەك.بەگوێرەی گوتەی ولیام ئیگلتۆنی نووسەری کتێبی کۆماری ساڵی ١٩٤٦ی کوردستان، باقروف لەسەرەتادا بەسەرسامی دەڵێ کە کورد پەلەی چیانە لە دامەزرادنی دەوڵەتی جیا،بەرای ئەو ئازادی کوردستان پەیوەستە(بەسەرکەوتنی خەباتی جەماوەری خەڵکەوە) نەك هەر لە ئێراندا بەڵکو لە تورکیاوعێراقیشدا،وکوردی ئێرانی تا وەدی هاتنی یەکێتیی هەموو میللەتی کورد خۆشحاڵ بن بەوەی کە بەشێك بن لە ئازربایجانی ئۆتۆنۆمی دار،"٢٦" لەراستیدا ئەمە دەقاودەق هەمان سیاسەتە کە پاشان باقروف گرتیە بەر.

https://t.me/kurdistanbooks

بەلاَم قازی محەمەد ونوێنەرانی دیکەی کورد،قەبوڵیان نەبوو کە کوردستان سەر بە ئازربایجان و لەسایەی حوکمی ئەودا بێ،بۆیە گوتەکەی باقروفیان رەفز کرد و وادیارە ئەم رەفز کردنەش جێی خۆی گرت.چونکە باقروف لەکاتێکدا مشتی بەمێزەکەی بەردەمیا دەکێشا پێی گوتن(مادامێکی یەکێتیی سۆڤیەت هەبێ کورد بە ئاواتی بەسەربەخۆیی دەگەن)"٢٧"

دوای ئەم وەرچەخانە تەواوە،باقرۆف بەڵێنی چەك بە کورد دەدات(زرێپۆش وتۆپ ورەشاش)و هەروەها بەڵێنیان دەداتێ کەچەند شوێنێك لە قوتابخانە سوپاییەکانی باکۆ بۆ خوێندکارانی کورد تەرخانبکات.

باقروف باسی هەندێ کۆمەکی دارایش دێنێتە گۆرێ،و بەڵێن دەدات کە کەرەستەی چاپیان بۆبلاَو کردنەوەی رۆژنامە وکتێبی کوردی بۆ دابینبکات وئەم وەعدە دەباتە سەر.

قەرار بوو نوێنەرانی کورد ماوەیەکی زیاتر لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بمێننەوە،تەنانەت لە بەرنامە دا بوو کە سەفەرێکی تەفلیسیش بکەن ،بەلاَم بەهۆی روداوێکی چاوەنۆڕنەکراوەوە سەفەرەکەیان تەواونەکرد.بارزانی کە باقروف بە جاسوسی ئینگلیزی دەزانیێ لەسەر سنور بوو ئامادەبوو بێتە ناو ئێرانەوە،باقروف نوێنەرانی کوردی بۆ ئێران ناردنەوە تاکارێکی وەهابکەن رەوشەکە نەقلیشێتەوە."٢٨"

**١٨- راگەیاندنی کۆمار ١٩٤٦/١/٢٢**

لە ئازربایجاندا ریتمی رەوتی روداوەکان بە گوڕتردەبێت:لە ١٩٤٥/١١/٢٠دا جەعفەر پیشەوەری ئۆتۆنۆمی ئازربایجان رادەگەیەنێ ولە ١٩٤٦/١٢/١٥دا وەکو((سەرۆکی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمیدار))ئەنجومەنی نیشتمانی دەکاتەوە،پێشتر داوای لە قازی محەمەد کردبووکە پێنج نوێنەری حیزبی دیموکرات بۆ ئەنجومەنی نێوبراو بنێرێ.

دوای چەند رۆژێك واتە لە ١٩٤٥/١٢/١٧دا،دوای خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە بەرەو دادگای مەهاباد کە دوا پاشماوەی دەسەلاَتی حکومەتی مەرکەزی بوو،ئالاَی کوردستان،کەبریتیە لەسێ پارچەی ئاسۆیی سەوزوسپی وسور(سوروسپی وسەوز تەواوە) کە هەتاوێکی زەردی دەورەدراو بە دوو گوڵەگەنم لە ناوەندیدایە،لەسەر بینا دەوڵەتیەکانی مەهابادوشنۆونەغەدە هەڵدەکرێ.

بەلاَم لە راستیدا هێشتا هەوداکانی پەیوەندی دەگەڵ تاراندا نەپچڕاون وقازی محەمەد لە هەڤ پەیڤینێکدا دەگەڵ رۆژنامەی(شاهبازی چاپی تاران)دا ئاماژە بۆ بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات ودەڵێ حیزبی نێوبراو کومونیست نیە،بەلاَم لە ناو سیستەمی نەتەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا((ئەو دیموکراسیەتە راستەقینەو ئەو رێکخراوە دەبینێ کە ئەو ئارەزووی دامەزراندنی هەیە)) قازی محەمەد پەیوەندی خۆی بە کوردێن دەرێی ئێرانەوە بە درۆدەخاتەوەو دووپاتی دەکاتەوە کە باوەری بە دەستوری ئێران هەیەو رایدەگەیەنێ کە ئەو(ئەنجومەنی بالاَ)یەی ناوچەی مەهاباد بەرێوەدەبات،پەیوەندی بە دەوڵەتی مەرکەزیەوە هەیە ولە کۆتاییدا دەڵێ: خیانەتکاران بەمەبەستی شاردنەوەی نیازی شومی خۆیان و بۆ ئەوەی ئێمە وێران بکەن،بە زۆر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کوردستان خوازیاری سەربەخۆییە ، دەوڵەت ئەوەندە سەردەکاتە سەر ئازەربایجان وکوردستان و ئەوەندە بە جوداخوازیان تاوانبار دەکات کە سەرەنجام))."٢٩"

https://t.me/kurdistanbooks

له ئاخروئۆخری مانگی ١٢/١٩٤٥دا قازی محەمەد له ڕێگەی عەبدورەحمانی زەبیحییەوە پەیوەندی دەکات بە کونسولی بەریتانیاوە لە تەورێز، مەبەستی ئەم پەیوەندیە ئەوەبوو کە ڕای کونسولی بەریتانیا وەربگیرێ لەمەڕ ئەگەری بەرقەرارکردنی پەیوەندی ڕەسمی دەوڵەتی بەریتانیا دەگەڵ کوردستاندا،پاش ڕاگەیاندنی ئایندەی ئۆتۆنۆمی بەڵام ئینگلیزەکان دیسان ساردییان نیشاندا، وەڵامی کونسولْ(( ئالۆز ودڵ ساردکەرەوە)) بوو."٣٠"

هیچ دیارنیە کە قازی محەمەد لەلایەن ڕووسەکانیشەوە دڵنیاکرابێ، بەڵام لە دوا دیداریدا دەگەڵ نوێنەری سۆڤیەتیدا لە تەورێز بڕیاری دا((ئۆتۆنۆمی کۆماری کوردستان))ڕابگەیەنێ ولە ١٩٤٦/١/٢٢دا لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لە مەیدانی چوارچرای مەهابادو بە ئامادەبوونی مەلا مستەفای بارزانی کە لە ریزی پشت قازی محەمەدەوە وەستا بوو، ئۆتۆنۆمی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.

پاش چەند ڕۆژێك ڕۆژنامەی کوردستان(ژمارەی ١١ شوباتی ١٩٤٦) ناوی وەزیرانی (دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان) ی بەمجۆرە بڵاو کردەوەو.

سەرەك وەزیران :حاجی بابە شێخ .

وەزیری جەنگ : سەیفی قازی .

وەزیری پەروەدە : مەنافی کەریمی

وەزیری ناوخۆ : محەمە ئەمینی موعینی(بازرگان)

وەزیری ساغلەمی : محەمەد ئەیوبیان (دەرمانفرۆش)

وەزیری ڕاوێژکاری : عەبدورەحمان ئیلخانی زادە (موڵکدار)

وەزیری ڕێگا : ئیسماعیل ئیلخانی زادە (موڵکدار)

وەزیری ئابووری : ئەحمەد ئیلاهی

وەزیری پۆستە : کەریم ئەحمەدی

وەزیری بازرگانی مستەفا داودی (بازرگان)

وەزیری دادوەری : مەلا حسێن مەجدی

وەزیری کشتوکاڵ : مەحمود والی زادە (بازرگان)

وەزیری ڕاگەیاندن : سەدیق حەیدەری

لەم حکومەتەدا کە زۆربەی ئەندامانی لە بازرگانان وموڵکداران پێکهاتووە،دەوڵەمەندان پایە و پێگەی باڵاتریان هەیە.

**١٩- سوپای مەهاباد و ((بارزانیەکان)):**

قازی محەمەد کە پەی بەلاوازی(کۆمارە) ساوەکەی خۆی بردبوو خێرا کەوتە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی هێزی بەرگری.

شێخ ئەحمەد،دوای ماوەیەك بە خۆ وشەش سەت جەنگاوەرەوە لە دەوروبەری نەغەدە گیرسایەوە وتا کۆتایی کۆماری مەهاباد هەر لەوێندەر مایەوە.کچی یەکێك لە سەرانی عەشیرەتی قەرەپاپاخی (کە کوردنین بەڵام جلی کوردی لەبەر دەکەن) (١) خواست ((ئەم زانیاریە هەڵەیەو ڕاست نیە- وەرگێڕی کوردی)) وکەم و زۆر تێکەڵی ژیانی سیاسی کۆمار نەبوو .

https://t.me/kurdistanbooks

مەلامستەفا بارزانی کە لە مەهاباد گیرسابووەوە،چەکدارەکانی خۆی کە بە پێی هەندێك مەزندە ١٢٠٠-٢٠٠٠ جەنگاوەر بوون خستە خزمەتی کۆمارەوە، کە بە خۆی بوو بە یەکێك لە چوار جەنەراڵەکەی (٣/١٩٤٦).(٢)

بەڵام قازی محەمەد کە نەیدەویست بە تەواوەتی پابەندی نیازچاکی بارزانیی یان خەڵکانی سەربە عەشیرەتەکانی ناوچەکە بێ، سوپای مەهابادی واتا یەکەمین سوپای رێکوپێکی لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کوردا دامەزراند.ژمارەی ئەندامانی ئەم سوپایە هەر زوو گەییە ١٢٠٠ سەربازوچل دەرەجەدارو ٧٠ ئەفسەر، کە لە شاری مەهاباد ودەوروبەری مەهاباد بە سەربازی گیرابوون.

هەرچەندە بارقرۆف لە ئەیلولی ١٩٤٥دا ولە باکۆ وادە وبەڵێنی گەورەی بە قازی محەمەد دابوو ، بەڵام هاوکاری و کۆمەکی رژێمی سۆڤیەت زۆر کەم بوو، ئەم کۆمەکە بە هەر هەمووی بریتی بوو لە ١٠٠٠٠ تفەنگ ودەمانچە ورەشاشی چیکۆسلۆڤاکی و نزیکی ٢٠ لۆری."٣١"

سۆڤیەتەکان لە ئازاری ١٩٤٦دا سەروان سەلاحەدین کازمۆف یان بۆ مەهاباد نارد، ئەم پیاوە کە لە نێو کوردەکان بە(کاك ئاغا)ناسرابوو، لە سوپای کوردستاندا گەیی بووە پلەی عەقید،لەگەڵ ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لەگەڵ مەلامستەفادا بۆ ئێران هاتبوون،کەوتە سەرپەرشتی و مەشقدادان و راهێنان ورێکخستنی ئەم سوپا نۆباوە، قازی محەمەد هەرچی کردوکۆشا، یارمەتی وهاوکاری سۆڤیەت لەوە تێنەپەری وویڕای ئەو هەواڵانەی کە رۆژنامەوانی رۆژئاوا لەم بارەیەوە بڵاویان دەکردەوە،چ هەواڵێك لەو تۆپ وتانکانەوە نەبوو کە قەرار بوو بێن"٣٢".

**٢٠-قەیرانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان:**

ئەوەی سەیرە ئەمەیە کە نەك تاران بەڵکو تەورێز یەکەمین قەیران لە مەهابادا دروست دەکات.

زۆری پێناچێت کە پێنج نوێنەرەکەی کورد لە ئەنجومەنی نیشتیمانی تەورێزدا بە هەندێ هەنجەت ناگەڕێنەوە بۆ تەورێز، بەمجۆرە نیشانی دەدەن کە مەهاباد سەر بە تەورێز نیە .

لە شوباتی ١٩٤٥دا جەعفەرپیشەوەری،داوا لە قازی محەمەد دەکات بۆ تەورێز بچێت تا روونی بکاتەوە بۆچی لە کاتێکا کە ئازەربایجان تازە ئۆتۆنۆمی راگەیاندووە، ئەو دەوڵەتێکی سەربەخۆی دامەزراندووە، قازی محەمەد بە پیشەوەری دەڵێ: بەرلەوەی ئەم کارە بکات قسەی دەگەڵ بریماکۆفدا(لە ئەفسەرانی سیاسی سۆڤیەت بوو لە تەورێز) کردووەوویریماکۆف بە خۆی لە دوورەوە بەشداری لە ئاهەنگی راگەیاندنی کۆماردا کردووە"٣٣". بەڵام پێکڤە هەڵکردنی ئەم دوو حکومەتە زەحمەت بوو، چونکە هەردوولایان داواکاری یەك سەر زەمین وخاك بوون.

خەڵکی گوندەکانی کوردستانی ئێران، وەکو کوردستانی تورکیاوعێراق کەم و زۆر یەك دەست و یەك نەژادبوون . بەڵام لە نێو شار وباژێرەکاندا وەزع بە جۆرێکی دی بوو. شایەکانی ئێران بە هەنجەت وجیهانبینی سیاسی وکۆمەلایەتیەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەسەلاتی کوردانی سوننە مەزهەب کە سەر بە سوڵتانی عوسمانی بوون، بە بەردەوامی پشتیوانیان لە خەڵکی شیعە مەزەب دەکرد، بە جۆرێ کە بەشی هەرە زۆری جەماوەر ودانیشتوانی شاری خوی (٣٥٠٠٠) کەس و شاپور(١٢٠٠٠) کەس و میاندواو (٨٠٠٠) کەس و رەزاییە(٥٥٠٠٠) کەس.بریتی بوون لە خەڵکی غەیرە کورد، بە تایبەتی ئازەریەکان(واتە شیعەیانی ترکزمان)، ئەمە ئەمە جگە لە خەڵکانی دیان

https://t.me/kurdistanbooks

وجولەکە،بۆ نموونە لە خودی شاری رەزاییەدا کوردەکان بە ئاشکرا کەمینە بوون و لە گەرەکێکی شاردا دەژیان و ژمارەیان بە حاڵ لە ژمارەی جوولەکەکانی شار زۆرتر بوو.

لەبەر ئەمە دەوڵەتی پیشەوەری داوای شارەکان ودەشتە بە پیت وبەرەکەتەکانی دەوروبەری شارەکانی دەکرد وجگە لە بناری چیاکانی سنووری تورکیاوعێراق وناوچەکانی تەنیشت مەهاباد ، باقی شوێنەکانی دیکەی بە کوردستان نەدەزانی.

بەپێچەوانەوە کوردەکان پێیان وابوو کە هەرهەموو ناوچەکانی رۆژئاوای دەریاچەی رەزاییە (ئازەربایجانی رۆژاوا) بەشێکن لە کوردستان.

رەزاییە،کە نوێنەرێکی بە نێوی غەنی خوسرەوی لە کۆماری مەهابادا هەبوو،هەرگیز نەبوو بە بەشێك لە خاکی کوردستان.لە روانگەی سیاسیەوە رەوشەکە هەندێ مایەی سەرسامی بوو،لە نێو ئەو لاوە کوردانەدا کە پێشتر لە((رێکخراوی لاوان))ی حیزبی تودەدا کاریان کردبوو وپاشان بووبوون بە بە شێك لە(( رێکخراوی لاوانی دیموکراتی ئازەربایجان))ئەوانەیان کە نەتەوەیی تربوون لەوانی دی هاتنە ریزی (ریکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان)ەوە. ئەمە لە ئاستی حیزبیشدا روی دابوو، بەمجۆرە لەم شارەدا دوو رێکخراوی لاوان و دووحیزبی دیموکرات هەبوو!

پێکادان لە نێو ئەم رێکخراوانەدا زۆر لەگوین ونزیك بوو.کوردەکان وئازەربایجانیەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە پەنایان بۆ سۆڤیەتەکان برد،لە دیدارێکدا دەگەڵ هاشمۆفی کونسوڵی یەکێتیی سۆڤیەتدا ،مارشال زیرۆ بەهادری کە یەکێك بوو لە سەرانی عەشایەری هەرکی بە شێوازی تایبەتی خۆی سەلماندی کە ((بێگانانی رەزاییە)) کەمترین مافیان بەم شارەوە نیە. کورسیەکی هەڵگرت ولە ناوەندی ئە ژوورەی دانا کە کۆبونەوەکەی تێدا سازدرابوو،لەسەری دانیشتو پاشان لە کونسوڵەکەی سۆڤیەتی پرسی:((ئەم ژووره هی تۆیه، ئایادەتوانم بیێم ولە ناوەراستیدا دانیشم و بڵێم ئەم ژووره هی منه !انا ، کەواتە دیارە نابیٚ)).

بە پێچەوانەی ئەوەوە کە چاوەنۆردەکرا، پیاوماقوڵان وسەرانی ئازەری حەزیان نەدەکرد بە ((کۆماری ئازەربایجانەوە پەیوەست بن.ئەمانە کە لە کرداری((پێشکەوتوخوازانەی)) رێبەرانی تەورێز ترسابوون، بە پیچەوانەوە حەزیاندەکرد سەر بەمەهابادبن، کە موحافەزەکاری رێبەرانی مەهاباد،دڵنیایی و ئاسودەیی زیاتری دەدانیٚ، ئەم داخوازییەیان لە دیدارێکی قازی محەمەد کە بۆ دیداری پیشەوەری دەرۆیی،خستە روو. بەڵام قازی محەمەد بە هەنجەتی((ددان یەشە)) بێدەنگ بوو وچ قسەیەکی نەکرد.ئەم کێشەیەی رەزاییە لەزگبوو کێشەیەکی وەکو کێشەی کەرکوکی لێبکەوێتەوە،لە عێراقیشدا لە پاش ٢٥ ساڵ لەوەدوا کێشەیەکی وەها هاتە پێشیٚ،کە هێشتاش هەر بەو دەقەوە ماوەتەوە، لە هەقیقەتدا یەکێك لە هۆیەکانی ناخۆشی نێوان جەنەراڵ بارزانی و دەوڵەتی بەغدا پاش ئیمزای رێکەوتننامەی ١٩٧٠ هەمان مەسەلەی کەرکوك بوو.

دوای چەند پێکدادانێك لەم رووەوە، تەنانەت قازی محەمەد بەخۆی بۆ دامرکاندنەوەی ناخۆشی نێوان کوردو ئازەرییەکان و بەرقەرارکردنی ئارامی چوو بۆ میاندواو،سۆڤیەتیەکان هەردوو دەوڵەتی کوردستان وئازەربایجانیان ناچارکرد کە دانوستان بکەن وهەردوودەوڵەت لە ١٩٤٦/٤/٢٣دا پەیمانی دۆستایەتی و یەکێتییەکی بیست ساڵەیان ئیمزا کرد.ئەم پەیمانە بریتی بوو لەم خاڵانە :

– دامەزراندنی نوێنەری سیاسی هەردوولا لەنك یەکدی.

https://t.me/kurdistanbooks

– دامەزراندنی فەرمانبەرێن کورد لەو ناوچانەی کە ژمارەی کوردیان تێدا زۆرینەیەو بە پێچەوانەوە دامەزراندنی فەرمانبەرانی ئازەری لەو ناوچانەی کورستاندا کە زۆربەی خەڵکەکەی ئازەرین.

– مۆرکردنی قرێری بازرگانی .

– هاوکاری سوپایی لە حاڵەتی پێویستدا .

– هەر جۆرە دانوستانێك دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێراندا دەبێ بە رەزامەندی و ئیمزای هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بێ.

– پاراستن ودابینکردنی مافی رۆشنبیری و زمانەوانی ئەو میللەتانەی کە لە خاکی هەردوو دەوڵەتی ئیمزاکەری پەیمانەکەدا دەژین.

– هاوکاری نێوان هەردوو لایەنی پەیمانەکە بۆ سەرکوتکردنی ئەو پیلانانەی دژی هەر یەکێك لەوانە دەکرێ."٣٤"

**کاردانەوە هەر زوو دەستی پێکرد:**

دەوڵەتی بەریتانیا لە لەندەن رایگەیاند کە ئەم پەیمانەی نێوان ئەم دوو لایەنەی کە ئەم دانیان پێدا نانێ،رەت دەکاتەوە."٣٥"

تاران سەرسامە ! هەڵبەتە ئەم کاردانەوەیە لەلایەن دەوڵەتێکەوە کە لە نکاودا دەبینێ دوو شاری خۆی وەکو دوو دەوڵەتی سەربەخۆ رەفتار دەکەن، کادانەوەیەکی ئاساییە.

پاشان تاران لەگەڵ جەعفەر پیشەوەری دا کە بە سەرۆکایەتی شاندێکی گەورە دێتە تاران، دەست بە دانوستان دەکات.دوو نوێنەری سەلاحیەتداری تەواوی کوردیش لەم شاندەدان،ئەم گفتوگۆیە کە شازادە موزەفەرفیروزی یاریدەدەری سەرەك وەزیران سەرۆکی شاندی حکومەتی ناوەندی بوو.هەر زوو لەباری سوپاییەوە کۆسپی دێتە رێ و لە ١٩٤٦/٥/١٣ بە مۆلەقی دەمێنێتەوە.پیشەوەری،قەوامسەڵتەنەی سەرەك وەزیرانی ئێران بەوە تاوانباردەکات کە گوایە دەیەوێ رژێمی ئازەربایجان ناچاری(( تەسلیم بوونی بێ قەید ومەرج)) بکات. بەڵام هەردووك لا خۆ لە بڕینی دانوستانەکە دەدزنەوە.!

دوای مانگێك لە ١٩٤٦/٦/٢٢دا ، شازادە موزەفەر فیروزی لەگەڵ یاریدەدرانی وەزارەتی جەنگدا ، سەرلەشکر هیدایەت و سەرلەشکر موحەمەد موقەدەم دا دەچێت بۆ تەورێز.لە ٦/١٥دا رێکەتن نامەیەك مۆردەکرێ،جەعفەرپیشەوەری لەو روانگەیەوە کە ئازەربایجان دەیەوێ لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران بمێنێتەوە، قایل دەبێت کە دەوڵەتی مەکەزی پارێزگاری ئازەربایجان،کە دەبێ لە نێو (رێبەرانی حیزبی دیموکراتی ئازرەبایجاندا بێتە هەلبژاردن،دابمەزرێنێ: دکتۆر سەلامولڵا جاوید ((وەزیری جارانی ناوخۆ)) لە((دەوڵەتی دیموکراتدا)) لەم پۆستە دابمەزرێ.بەمجۆە ئابڕوی تاران دەپارێزرێ،وەزیرانی جاران دەکرێن بە((بەرێوەبەری گشتی)) بەڵام ئەم رێکەوتننامەیە کە چ شتێك لە رەوشی باوی ئازەربایجان ناگۆڕێ، لەلایەن کاربەدەستانی سوپای ئێرانەوە قەبووڵ ناکرێ .

ئەم کارە بەلای رێبەرانی مەهابادەوە خراپترین کار بوو، رێبەرانی تەورێز وتاران بێ راوێژ بەوان وبێ گوێدان بە((کۆماری مەهاباد،رێککەوتبوون،دکتۆر جاوید، سەیفی قازی بە فەرمانداری مەهاباد دامەزراند بوو، وخودی قازی محەمەد لە ((سەرۆکی دەوڵەتی نەتەوەیی)) یەوە کرابوو بە رێبەرێکی سادەی حیزب، واتە کرابوو بە پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان)).

https://t.me/kurdistanbooks

کوردەکان،گوێیان بەم ڕێکەوتننامەیە نەدا،بە جۆرێ ڕەفتاریان دەکرد وەك بڵێی چ ڕێکەوتنێك رووی نەدابێ.خۆلاسە.تەم ومژم باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو.

### ٢١- ئاگر بڕ (٥-٩/١٩٤٦)

لە ١٩٤٦/٤/٢٤دا بارزانیەکان، قوەتێکی سوپایی هەشت سەد سەربازییان لە قاراوای چەند کیلۆمەتری باکووری سەقزدا غافلگیرکرد وزەرەرێکی گەورەیان لێدا. ٢١کەسیان لێ کوشتن، ١٧ کەسیان زامدار کرد وچل کەسیان بە دیل گرت.پاش ئەم سەرکەوتنەی کوردان،سەرلەشکر ڕەزم ئارای سەرپەرشتیاری گشتی سوپای ئێران،لە سەقزدا دەگەڵ شاندێکی نوێنەرانی هاوبەشی کورد وئازەربایجانیدا دەستی بە گفتوگۆکرد.

لە ٣/٥دا سەرلەشکر ڕەزمئارا قرێری ئاگربڕی دەگەڵ کورد وئازەربایجانییەکاندا ئیمزاکردو بە پێی ئەو قرێرە کوردەکان بۆ چەند کیلۆمەتری باکوری جادەی سەقز – سەردەشت،کشانەوە .

کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران لە ١٩٤٦/٥/١٠دا، گرژییەکانی سوککرد ولە ڕاستیدا ئەم کارە وەکو ئیمزا کردنی حوکمی مەرگی کۆماری مەهاباد بوو،دوای ئەم((قرێری ئاگربڕە ناوچەییە)) قۆناغێکی ئارامی لە کوردستادا هاتە ئاراوە کە تا ئەیلولی ساڵی ١٩٤٦ درێژەی کێشا.دوای ئاگربڕی مانگی پێنج،چەند کەسێکی بێگانە،لەوانە ژمارەیەك ئەمەریکایی ویەك فەرەنسی چوون بۆ مەهابادوهەر هەموو کەوتنە ژێر کاریگەری کەسایەتی بە وەری قازی محەمەدەوەو بۆیان دەرکەت کە بۆچی((بۆ هەموو کوردستان بووە بە نموونەی ناسیۆنالیزمی کورد))"٣٦"

### ٢٢- سەرکۆمار قازی محەمەد:

قازی محەمەد کە لە هەیڤی پێنجی ساڵی ١٩٠٠دا لە دایك بووبوو هەنووکە تەمەنی چل وشەش ساڵ بوو،بە پشتیوانی شۆرەت وپایەی خانەوادەیی خۆی وبە زەبری زیرەکی وزرنگی ودەوڵەمەندی فیکری خۆی،زۆر بە چاکی دنیای بچوکی مەهابادوکوردستانی دەوروبەری مەهابادی کۆنترۆل کردبوو.

قازی محەمەد جگە لە زمانی کوردی وفارسی وتورکی وعەرەبی، کەمێك بە ئینگلیزیش قسەی دەکرد ،بەڵام چاك لە ئینگلیزی حاڵی دەبوو، خۆی فێری خوێندنەوەی زمانی ئەلمانی وفەرەنسی و هەندێك روسی کردبوو، کتێبخانەکەی پڕبوو لە کتێب وبەرهەمێن ئەدەبی و مێژوویی بەو زمانانە، تەنانەت هەندێ نمایشنامەی مێژوویی ونیشتیمانیشی نووسیبوون، لەوانە نمایشنامەی سەلاحەدین کە باسی خەباتی کورد دژی سەلیبیەکان دەکات، هەروەها نمایشنامەی (دایکی نیشتیمان) کە باسی چارەنوسی کوردان لە دوای پەیمانی سێ قۆڵی سەعد ئابادی نێوان ئێران و عێراق و تورکیا ١٩٣٧ دەکات. ئەم دوو شانۆنامەیە لە مەهابادا پیشاندران.

قازی محەمەد کە پیاوێکی زۆر بەدین وسادە و بێ فیزو دەعێ بوو نە جگەرەی دەکێشاو نە مەشروبی دەخواردەوە.وێنەکەی خۆی کە لە پشت مێزی کارکرنەکەی وبە دیوارەکەوە لە سەروی نەخشەیەکی جوگرافیایی دنیاوە هەڵواسرابوو،ڕەنگدانەوەی دەقاودەقی خۆی بوون، لەم وێنەیەدا پیاوێکی ڕەنگزەردی سیما زاهیدانەی قژکورتی ڕدێن تۆپ دەبینرێ،کە شتێکی تێدایە کە زۆر کار لە بینەر،دەکات ئەویش پرشنگی نیگایەتی.بێگومان قازی محەمەد ((پیاویك بوو بە بیروباوەڕ، بە

https://t.me/kurdistanbooks

شەهامەت‌وئامادەی فیداکاری بوو،بەلاّم لە پالّ ئەم تایبەتمەندیانەوە،پیاوێکی عاقلّ و میانەرەوش بوو))"٣٧" هەموو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە دیتویانەو تەنانەت ئەو کەسانەش کە ویستویانە لەمەڕ دەسەلاّتی سۆڤیەتەکان بەسەر کۆماری مەهابادا زیادەرەوی بکەن،دەلّێن کە قازی محەمەد نەتەوەییەکی سەرسەخت‌وبە هەلوێست بوو(( ئەولە هەمانکاتدا کە پشتیوانی سۆڤیەتیەکانی قەبولّ کردبوو، بەلاّم هەروەك نەتەوەپەروەرێکی سەرسەخت و بێغەل وغەش مایەوەو نەگۆرا، هەر لەبەر ئەمەش بوو هەموو هاوشاریانی خۆی،جگە لە چەند کەسێکی کەم، بەدووی خۆی دەخست))"٣٨"

قازی محەمەد وێڕای ئاوات‌وئارەزووی (پان کوردی)) خۆی(( چونکە بە ئاشکرا دەیویست مەهاباد لەبری سلێمانی ودیمەشق بکات بە مەلّبەندی بزووتنەوەی کوردایەتی)) لە داخوازییەکانی خۆیدا تارادەیەك میانرەو بوو،ئەوەتا لە١٩٤٦/٦/١دا لە گفتوگۆیەکی دوورو درێژیدا دەگەلّ پەیامنێری ئاژانسی(فرانس پریس)ی فەرەنسیدا دەلّێ: ((ئەگەر فەرمان بدەم ئەو چوار هەزار جەنگاوەرەی کە هەمن هەلّبەتە جگە لە هێزی یەدەگ،بە ٣-٤ رۆژ دەچنە ناو کرمانشاری گرنگترین شاری کوردنشین ومەلّبەندی کۆمپانیای نەتەوە.بەلاّم بۆ رێگرتن لە برا کوژی وخوێن رشتن هەموو هەولّ و توانایەکی خۆم دەخەمە کار.کوردەکان لەم رووەوە هەرگیز دەست پێشکەرنابن))."٣٩"

لە وەلاّمی ئاژانسی دەنگوباسی فرانس پریسی فەرەنسیدا کە داوای لێکرد باسی وەزعی ئێستای کوردستان بەرانبەر بە دەولّەتی مەرکەزی بکات.قازی محەمەد جەختی لەسەر سێ خالّ کرد :

١- ئەگەر دەولّەتی ناوەندی بیەوێ یاسای بەراستی دیموکراتی لە هەموو ولاتدا جێبەجێ بکات و دان بەم یاسایانەی کوردستاندا بنێ،واتە خوێندن بە زمانی کوردی وئۆتۆنۆمی دامودەزگای بەرێوەبردن و سوپای ناوچەیی بە رەسمیەت بناسێ وئیعترافی پێ بکات،ئەوا کوردەکان رازی دەبن،ئێمە بەم چارەسەرە شاددەبین وئامادەین سەر لەنوێ پەیوەندی خۆمان دەگەلّ تاراندا ئاسایی بکەینەوە .

٢-دەولّەتی ناوەندی جارێ ناتوانێت ئەم یاسایانە جێبەجێ بکات.

٣-ئێمە دەمانەوێت تا زووە هەلّبژاردنی ئەنجوومەن ئەنجام بدرێ،بەو مەرجەی کە بەوپەڕی ئازادی و بەدەر لە گۆشاری سوپای ئێران ئەنجام بدرێ.

لە وەلاّمی ئەم پرسیارەدا کە((ئایا ناترسێ پێکدادانی نێوان دەولّەتی ناوەندی و کوردستان،تەدەخولی بێگانانی لێ بکەوێتەوە؟))قازی محەمەد دەلّێ: ((رەوشی کوردستان زۆر جیاوازە لە رەوشتی ئازربایجان.خاکی ئێمە هەرگیز لەلایەن هێزێن سۆڤیەتەوە نەگیراوەو لەزەمانی لاچونی رەزاشای پەهلەوی بەملاوە نە جەندرمەو نە سوپا لە کوردستاندا نەبوونە،لەو سەردەمەوە تا نهو ئێمە بەکردەوە سەربەخۆ بووین.ئێمە هەرگیز تەدەخولی بێگانە لەهەر لایەکەوە بێت قبولّ ناکەین.مەسەلەی کوردستان مەسەلەیەکی ناوخۆییە دەبێت لەنێوان کوردەکان و دەولّەتی ناوەندیدا حەل و فەسلّ بکرێ.))

قازی محەمەد لەم گفتوگۆیەدا ئەوە وەبیردەخاتەوە کە مێژوی گەلی کورد،زۆرجار خەباتی ئەم گەلەی لەپێناوی ئازادیدا بەخۆوە دیتوە،جەخت لەسەر ئەم خالّە دەکات کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم،لەکاتی بەستنی پەیمانی ڤێرسایدا،پرۆژەی دامەزراندنی دەولّەتێکی کوردی لەئارادا بوو،بەلاّم ئەم پرۆژەیە جێبەجێ نەکرا.

https://t.me/kurdistanbooks

قازی محەمەد لەکۆتایی گفتوگۆیەکەدا دەڵێ: ((ئەگەر ئێمە ئەوڕۆ ئەوەندە لەسەر ئۆتۆنۆمی سنورداری ولاٌتی خۆ سورین،ئەمە گوناهەکەی لەئەستۆی دەوڵەتی ناوەندیدایە کە چ کارێکی بۆ پێشکەوتنی ئێمە ئەنجام نەداوە،ئێمە نامانەوێ لاسایی ئەمەریکاییەکان یان روسەکان بکەینەوە،بەلاٌم ئێمە ئەوەش قەبوڵ ناکەین کە لە هەڵومەرجێن حەیواناتی ولاٌتانی شارستانیدا زنەگی بکەین.))"٤٠"

قازی محەمەد هەرگیز بەم رونی وراشکاوییە لەمەڕ بیروبۆچوونی خۆی نە ئاخفیوە،ئەم سەربەخۆیی فکری وئەم ویستەی کە سەر بە فرمانی کەس نەبێ،رەنگە رونکردنەوەیەك بێ بۆ ئەوەی کە بۆچی رۆژاواییان دەستیان بەرویەوە ناوبەچاوی((هاوڕێی))یەکیەتی سۆڤیەتەوە سەیریان کرد،حاڵبوکی سۆڤیەتەکان وێڕای هەموو هەوڵێکیان نەیانتوانی بەگەڵ خۆیانی بخەن و وەکو خۆیانی لێ بکەن.

رەحیمی قازی دەڵێ:((لەباری فیکرییەوە قازی محەمەد نە مارکسی بوو،نە سوسیالیست و نە لیبرالی بوو،قازی محەمەد رێبەری هۆشیاری بزاڤێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی و رێبەری نەتەوەیی کوردی بە هۆش وگۆش بوو))رەحیمی قازی لەسەری دەڕوات((بەلاٌم دیدوبۆچونەکانی رۆژ بە رۆژ لە دیدوبۆچونی مارکسیانە نزیك ونزیکتر دەبوەوەو تا دوا ساتی ژیانی خۆی متمانەیەکی قوڵی بە یەکیەتی سۆڤیەت هەبو))"٤١"

### ٢٣- مەهاباد لەسەردەمی(کۆماری)دا :

کۆماری مەهاباد رواڵەتوسیمایەکی(شادو بە کەیف)ی هەبوو کە سەرنجی هەموو ئەو کەسانەی رادەکێشا،کە لە ماوەی ئەم ئاگربرە درێژەدا،لە هاوینی ١٩٤٦دا سەریان دابوو،بە پێچەوانەی ئازەربایجانی دراوسێیەوە، چ شوێنەوارێکی رژێمی پۆلیسی لە مەهابادا بەدی نەدەکرا. لە ماوەی تەمەنی یازدە مانگەی (کۆمار)دا تەنیا باسی یەك حاڵەتی کوشتن دەکەن کە ئەویش ئەنجامی سەهو وهەڵەی کاربەدەستان بووە.

دەوڵەتی مەهاباد دەستی نەدایە چ کارێکی شۆرشگێڕانەی وەك خۆماڵیکردنی بانقەکان و ریفۆرمی زەوی وزارو دابەشکردنی زەوی وئەو شتانەی کە لە تایبەتمەندییەکانی رژێمی تەورێز بوون،خەڵکی مەهاباد دەیانتوانی بە ئازادی هاتوچۆ بکەن.ئەگەرچی لە ١٩٤٦/٥/١٠بەملاوە رادیۆی هەبوو،بەلاٌم بوردی ئەم رادیۆیە هێندە کەم بوو کە لە سنووری کۆمار هێوەتر نەدەرۆیی و خەڵکی دەیانتوانی بە ئازادی وبە ئاشکرا گوێ لە رادیۆی ولاٌتانی بێگانە بگرن .

لایەنی پەروەردەو فێرکردن یەکێك بوو لەو مەیدانانەی کە قازی محەمەد بایەخێکی فرەی پێدەدا (قازی محەمەد بەخۆی لە ١٩٢٦-١٩٣١) سەرۆکی پەروەدەو فێرکردنی مەهاباد بوو)"٤٢" هەر لە سەرەتای راگەیاندنی کۆمارەوە خوێندن بە زمانی کوردی دەستی پیکرد.لە سەرەتادا مامۆستاکان بابەتی کتێبە دەرسیەکانیان وشە بە وشە لە فارسیەوە دەکرد بە کوردی.کتێبە کوردیەکان لەو بابەتانەوە ئامادەکرابوون کە لە عێراقەوە نێردرابوون،بەلاٌم بە کردەوە سوودیان لێوەرنەگیرا،چونکە تا ئەم کتێبانە چاپ بوون ولە چاپ دەرچوون کۆمار روخا .

https://t.me/kurdistanbooks

هەر لەم سەروبەندەدا شەست لاوی کورد کە خوێندنی سەرەتاییان تەواو کردبوو لە مانگی چواری ساڵی ١٩٤٦دا بۆ فێرگە سوپایی ودەزگا تایبەتی وپسپۆرییەکانی باکۆ نێردران،چەند کەسێك لەمانە هەر لە باکۆ مانەوە.

قازی محەمەد توانی بەو چاپخانەیەی کە روسەکان پێیاندابوو ژمارەیەك رۆژنامە وگۆڤاران چاپ وبلاوبکاتەوە.کوردستان، رۆژنامەی (رەسمی کۆمار) بوو.لە یەکەم بەرپەڕی ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیەدا کە تەقریبەن هەموو رۆژ دەردەچوو،ئەم دەستەواژەیە نووسرابوو:بەناوی یەزدانی گەورە وبێ هاوتا."٤٣"

هەندێ لە بلاوکراوەکانی تری کۆمار،بریتی بوون لەم گۆڤارانە،نیشتیمان کە عەبدورەحمان زەبیحی سەرنووسەری بوو، هەلالە کە گۆڤاری ئافرەتان بوو،گۆڤاری ئەدەبیی هاوار کە شیعری دووشاعیری نەتەوەیی،واتە هێمن(محەمەدەمین شێخ ئەلئیسلامی) وهەژار(عەبدورەحمان شەرەفکەندی) بلاودەکردەوە.

## ٢٤- دوا گفتوگۆ

ئەو دانوستانەی کە لە مانگی شەشدا وەستا بوو، لە مانگی هەشتدا لە تاران دەستی پێکردەوە، قازی محەمەد بە زەمانەتی سەفارەتخانەی سۆڤیەت چوو بۆ تاران .لە کەین وبەینی ئەم دانوستانەدا کە دەگەڵ قەوام وئەلسەڵتەنەی سەرەك وەزیراندا ئەنجامدرا، قازی محەمەد داوای ستانی کوردستانێکی کرد کە لە سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە تا سنورەکانی نێوان سنە وکرمانشا بگرێتەوە کە خودی قازی یەکەم پارێزگاری دەبوو"٤٤"، بە پێی هەندێك ریوایەتان قەوام ئەڵسەڵتنە بەم پێشنیازە قایل بوو، بە مەرجێ کە دکتۆر جاویدی پارێزگاری ئازەربایجانیش قایل ببێ"٤٥" بە پێی هەندێ ریوایەتی دی قەوام ئەڵسەڵتنە بێ چەندوچۆن ئەم پێشنیازەی قەبووڵ کرد.بەلام رووسەکان بەمە رازی نەبوون"٤٦"، بە هەرحاڵ ئەنجام هەر یەك ئەنجامە.قازی محەمەد بێ ئەوەی توانیبێتی چ مافێك بۆ کۆمارەکەی خۆی فەراهەم بکات، بۆ مەهاباد گەرایەوە .

لە ١٩٤٦/٨/٢٠دا شاندێکی ئازەربایجانی بە سەرۆکایەتی شەبستەری سەرۆکی ئەنجومەنی نەتەوەیی(کە پاشان ناویان گۆڕی بۆ ئەنجومەنی((نیشتیمانی))چوو بۆ تاران.شاندی ئازەربایجانی چەند هەفتەیەك لە تاران مایەوەو وێرای هەوڵی شەخسی سادچیکۆفی سەفیری سۆڤیەت لە ئێران، نەیتوانی مەرجەکانی خۆی لەمەڕ چەسپاندنی وەزعی سوپای خەڵکی ئازەربایجان بە شا بسەلمێنێ ئارچیبالد رۆزفلتی(کوڕ) یاریدەدەری پاشکۆی سوپایی سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران، لە ئەیلولی ١٩٤٦دا سەری مەهابادی دا،شاری لە حاڵێکی زۆر ئاساییدا بینی، پاش فراڤینی رەسمی دەگەڵ ئەندامانی دەوڵەتی کوردستاندا، گفتوگۆیەکی دوورودێژو تێروتەسەلی دەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد کرد،لەم گفتوگۆیەدا قازی محەمەد بۆی دەرخست کە کوردستان ولاتێکی ئازادەو کۆماری مەهاباد بوکەڵەی دەستی سۆڤیەتیەکان نیە، لە سەری رۆیی(( ئەگەر وابوایە ئەدی سەربازێن سۆڤیەتی لە کوێندەرن؟))"٤٧" .

**لێ لە راستیدا کار بەرەوکۆتایی دەچوو:**

لە مانگی ١٩٤٦/١٠دا دکتۆر جاویدی پارێزگاری ئازەربایجان دەربارەی گۆرینەوەی ویلایەتی خەمسە بە سەردەشت وتەکاب،دانوستانێك دەگەڵ قەوام ئەلسەڵتنەدا دەکات.(ویلایەتی خەمسە

https://t.me/kurdistanbooks

کەوتووەتــە ســنووری رۆژهــەڵاتی ئازەربایجانــەوەو لەلایــەن ســوپای میللــی ئازەربایجانــەوە داگیرکرابــوو.)سـەرەك وەزیـری ئێـران بـەم پێشنیازە(( ! )) قایلـە بـەڵام شـا و سـوپا دژن. کـاتێ بـە قەواڵەیـەکی ئیمـزا کراوبـە ئیمـزای قـەوام ئەلسـەڵتنە دەچێت بـۆ سـەقز تـا سەرلەشکر هـەمایوونی بدینێ.سەرلەشکر هەمایوونی دەستی پێوەدەنێ و لە کوڵ خۆی دەکاتەوە.

**٢٥-روخانی کۆماری مەهاباد ( ١٩٤٦/١٢/١٧ ):**

ئەو سەردەمو قۆناغە سەیرە پڕ ئاشتی وئارامیەی کە لە مانگی پێنجەوە باڵی بەسەر کۆماردا کێشا بوو،بەلـەز روو لـە کۆتـایی بـوو، لـە ناوەڕاسـتی هـەیڤی ١٩٤٦/١١دا شـا پـاش راوێـژو تـەگبیر دەگـەڵ قەوام ئەلسەڵتنەی سەرەك وەزیران وحەسەن ئەرفـەعی سوپا سالارو وێرای ترسـی سـەرەك وەزیـران لـەوەی کـە روسـەکان پشـتیوانی لـە پیشـەوەری بکـەن، شـا بریـاری دا لەشـکر بنێرێتـە سـەر ئازەربایجان.لـە ١٩٤٦/١١/٢٣دا لـە شـکری سـێ بـێ ئـەوەی توشـی چ مقاوەمـەتێگ بـێ، چووە نێو زنجانی مەرکەزی ویلایەتی خەمسەوە .شا بۆ رێکخستنی هێرشی یەکجارەکی بۆ سەر کۆمارەکانی ئازەربایجـان وکوردسـتان ((مـەهاباد)) بـە خـۆی چـوو بـۆ زنجـان. لەشـکری سـێی ئازەربایجـان و لـە شکری چواری کوردستان ونزیکـەی سـێ هـەزار چەکداری مـەدەنی، واتـە بـە هـەمووی بیسـت هـەزار کەسێك دژی (جوداخوازان) کەوتنە کار .

ئەو هێزانـە بـە کـردەوە رووبـەرووی بەرگرییـەکی ئـەوتۆ نەبوونـەوە .لـە باکوردا، رژێمی پیشـەوەری بەبێ تەقە رووخا، زۆربەی رێبەرانی لە ١٢/١١دا بۆ یەکێتیی سۆڤیەت رایانکرد،لە کاتێکدا جـەماوەر راپەری بوون و هەر((دیموکرات))ێکیـان دەبینـی دەیانکوشـت یـەکێك لـەو کوژراوانـە محەمـەد بیریـای وەزیری پەروەدە بوو کە جەنازەکەیان خستە دووی جێبێك وبە کوچەو شەقامەکانی تـەورێزدا رایـان کێشا.

بەهـەرحاڵ لـە رۆژانـی  پـاش روخـانی کۆمـاری تـەورێزدا ژمـارەی کوژراوان گەییـە ٥٠٠ کەسێك ولـە ١٩٤٦/١٢/١٣دا ودوای پـاش نیوەرۆیـەکی درەنـگ یەکـەمین قـوەتی سـوپایی ئێـران لەگـەڵ سـەرتیپ هاشمیدا چوونە ناو تەورێزەوە.

لە باشووردا، واتـە لـە کوردسـتاندا ، هەندێ کـەس لـە سـوپای میللـی ئازەربایجان چوار رۆژان، لـە ١١-١٩٤٦/١٢/١٧دا لـە گردۆلکـەکانی دەوروبـەری شارۆچکەی شاهیندژ لـە ناوەنـدی رێگـەی نێـوان تەکاب ومیاندواوادا بـەرگرییان کـرد، بـەڵام سـەرەنجام بـەر لـە گەیشـتنی هێـزێن بـارزانی ، هێزەکـانی ئێران بەرگرییەکەیان دامرکاندەوەو شەڕبڕایەوە. پـاش ئـەوە ئیـدی بـە کـردەوە چ شـەڕێك روی نـەدا، بارزانیەکان بۆ مەهاباد گەرانەوەو میانداواو لە ١٩٤٦/١٢/١٣ دا تەسلیم بوو.

لـە ١٢/٥دا قـازی محەمـەد لـە (ئەنجومـەنی جـەنگ)داو بـە بەشـداری دە کـەس لـە رێبـەرانی سیاسـی سوپایی و بە ئامادەبوونی سەدری قازیی برای کە نوێنەری ئەنجومەن بوو، بە درێـژایی ئـەم ماوەیـە رۆڵـی ناوبـژیوانی  لـە نێـوان تـاران ومـەهابادا دیتبـوو، تـوانی بۆچـوونی خـۆی بـە ئامـادەبووان بسەلمێنێ وروژی دوایی بەیاننامەیەك لەمەڕ زەرورەتی بەرگری چەکدارانە دژی هێزەکـانی ئێران لـە مزگـەوتی عـەباس ئاغـا خوێندرایـەوە"٤٩".لـە ١٩٤٦/١٢/١٥ دا ئەسـەدۆف (نوێنـەری بازرگـانی سۆڤیەتی) لـە مـەهاباد نووسینگەی کـاری خـۆی بـە جێهێشـت و چـوو بـۆ کونسولیەتی سـۆڤیەت لـە

https://t.me/kurdistanbooks

ڕەزایە، لە هەمانکاتدا هەوڵی دابوو کاری وڵاتەکە ی سەبارەت بە ((دەست بەردان)) ی تەواو لە کۆمار، بەوە پینە بکات کە یەکێتیی سۆڤیەت لە ئەنجامی شەڕدا (لە توانا کەوتووە)."٥٠"

سەرانی مەهاباد، کە بەچاوی خۆیان روخانی کۆماری تەورێزیان بینی،بۆیان دەرکەوت کە یەکێتیی سۆڤیەت دەستی لێهەڵگرتوون، بڕیاری تەسلیم بوونیان دا . لە ١٩٤٦/١٢/١٦دا قازی محەمەدوسەیفی قازیوحاجی بابە شێخ وچەند کەسێکی دی لەسەرانی مەهاباد چوون بۆ میاندواو تا خۆیان تەسلیمی سەرلەشکر هومایونی بکەن، پاش گفتوگۆیەکی تارادەیەك گەرم دەگەڵ سەرلەشکر هومایۆنیدا، قازی محەمەد مۆلەتی وەرگرت بۆ مەهاباد بگەڕێتەوە، لە وێندەر بۆ دواجار مەلامستەفابارزانی بینی.بارزانی(تکای))لێکرد کەلەگەڵ ئەودا بڕوات ،لێ قازی محەمەد لێ بڕابوو لە پێناوی پاراستنی خەڵکدا لە مەهاباد بمێنێتەوە، بە گوێی بارزانی نەکرد.

لە ١٩٤٦/١٢/١٧دا بەرەسمی شاری تەسلیم بە کاربەدەستانی ئێرانی کرد.دوای چەند رۆژێك هەموو سەرانی کۆمار کە نزیکەی سی کەس بوون گیران.

**٢٦- دادگایی کردنی قازی محەمەد:**

لە سەرەتاکانی مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٤٧دا قازی محەمەد وسەدری برای وسەیفی پسمامی لەدادگایەکی سوپاییدا بەسەرۆکایەتی عەقید پارسی تەباروعەقیدفەیوزی،سەرۆکی سەرکردایەتی سەرلەشکر هومایونی دادگایی کران.دادگایەکە نهێنیٚ بوو،وێرایی ئەوەی کە هاوسەری قازی محەمەد هەوڵی دا بەدانی ١٨ هەزارتومان(بەرانبەر بە ٣٦هەزاردۆلار)دڵی سەرلەشکر هومایونی نەرم بکاتوقازیویاوەرەکانی ببەخشێت.دادگا لە رۆژی ١٩٤٧/١/٢٣دا واتە رێك یەك ساڵ و یەك رۆژ دوای راگەیاندنی کۆمار حوکمی مەرگی بەسەر ئەم سیٚ کەسەدا بڕی.

بەڵام لەم کاتانەدا قەوام ئەڵسەڵتەنەی سەرەك وەزیر سەرگەرمی ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی حەساس بوو دەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا، جێبەجێکردنی حوکمی دادگا پێنج مانگ دواخرا، بەگوتەی هەندێك ژێدەران"٥١"لەم ماوەیەدا چوارجاران قازی محەمەدیان بۆ تاران بردولە تاران((دادگایەکی تایبەتی)) لە رۆژانی ٢٨-١٩٤٧/٣/٣٠دا بەوحوکمەدا چووەوە کە لە دادگای ((مەهاباد))ەوە دەرکرابوو، پاش هەنگیٚ حوکمەکە بەلەز جێبەجیٚ کرا .سەر لەشکر هومایونی هەنگینیٚ لەرەزاییە بوو،لەوێندەرەوە رێبەریوسەرپەرشتی شەڕەکانی دەکرد دژی بارزانییەکان،کە پەیامی ئەنجامدانی مەرگەکەی پێگەیی،ئەو لەرادیۆوە دەستوری خنکاندنی هەرسیٚ قازیەکەی دا ئەم سێیانە لەسپێدەی ١٩٤٧/٣/٣١ لەمەیدانی چوارچرادا،هەمان ئەو مەیدانەی کە قازی محەمەد لە ١٩٤٦/١/٢٢داوبەجلی عەسکەری سۆڤیەتیەوە مژدەی دامەزراندنی کۆماری راگەیاندبوو،لە سێدارە دران.

جەنازەی ئەم سیٚ کەسە هەربۆ وەی ببیٚ بە عیبرەت بۆ ئەوانی دی بەدرێژایی رۆژەکە بەسەر قەنارەوە،هێڵران————————————ەوە.

لە ماوەی چەند رۆژێکدا هەموو شوێنەوارێکی کۆماری کوردیان لە مەهاباد سڕییەوە،ئەو کەسانەی کە لە شۆرشدا بەشداریان کردبوو،بەلەز هەموو قەواڵەو بەڵگەنامە خەتەرەکانی وەکو وێنەو رۆژنامەو ئاڵاو....یان لەنێوبرد،دەوڵەت خوێندنی زمانی کوردی قەدەغە کردوسەربازان هەرهەموو کتێبە کوردییەکانیان لە مەیدانی مەهابادا کەچوبوەوە قاوغە کۆنەکەی جاران،سوتاند.

**٢٧- هۆکارێن روخانی کۆمار:**

https://t.me/kurdistanbooks

((ئەمە شکستی کورد لەبەرانبەر سوپای ئێراندا نەبوو،بەڵکو ئەمە سۆڤیەت بوو کە لە هەنبەر ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا وبەریتانیای مەزندا شکا!))ئەم بۆچوونەی کە بارزانی لە ١٩٤٦/١٢/١١"دا"٥٢" لە بۆکان دەری بڕی نیشانەی ڕۆشنبینی و زیرەکی ئەوە،بەتایبەتی لەم ڕووەوە کەرێبەرانی کۆماری مەهاباد سەبارەت بە هۆکارە نێو دەوڵەتییەکان زۆر نەشارەزایی و بێ ئاگاییان نیشان دا.

قازی محەمەد وسەرانی تری مەهاباد دەبوایە هەر لە نیشانە خەتەرەکانەوە ئەوەیان دەرك بکردایە کە((کۆمارەکەیان))لە مەترسیدایە،یەکەمین وبەرجەستەترین ئەم نیشانانە چۆڵکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە لە ١٩٤٦/٥/١٠دا لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانێکی نێو نەتەوەیی بوو"٥٣"،دووەمین نیشانە،دەرکردنی وەزیرانی((تودە))بوو لە دەوڵەت لە ١٩٤٦/١٠/١٩دا .سێیەمین نیشانە،قسەکانی ڕۆژی ١٩٤٦/١١/٢٧ی جۆرج ئاڵنی سەفیری ئەمەریکابوو لە تاراندا کە دوپاتی کردەوە،دەوڵەتی ئەمەریکا پارێزگاری لە ((سەرانسەری خاك و سەروەری ئێران)) دەکات."٥٤"

جا کۆماری مەهاباد بۆ ئەوەی بیتوانیایە لە دەرێی سایەی سیاسی وسوپایی سۆڤیەتدا بژی،دەبوایە رێبەرەکانی خەڵکانێکی بەورە وبە توانا بوایەن،کە قازی محەمەد وچەند کەسێکی کەمیان نەبێ،ئەوانی دی هیچ ویست و ورەو توانایەکیان نەبوو.

کۆماری مەهاباد وێڕای بچووکی خاکەکەی وکورتی عەمری خۆی،جێیەکی گرنگی لەمێژوی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورداهەیە،ئەمە یەکەمین بزوتنەوەی کوردی بوو کە ((ڕۆشنبیرێك))سەرۆکایەتی دەکرد ونیشانی دا کە کوردەکان ئەگەر دەرفەتیان هەبێ تەنیا ((تالاّنچی))نین،کە پاش زێدرۆییەکەی سمکۆ بە بالاّیاندا بڕا،بەڵکو دەتوانن بناغەی حکومەتێك بەمانای حوکومەت دابڕێژن.

بەڵام کۆماری مەهاباد لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەم ناکامی وشکستەشە کە کوردان بەدرێژایی سی ساڵ لەوەودواش نەیانتوانی بەسەریدا زاڵ بن، ئایا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی خالیسە دەتوانێ بە بێ ئایدولۆژیایەکی دیارو تایبەتی شۆرشێکی ئازادیبەخش بەرێوە ببات ؟

## ٢٨- چارەنووسی هەڤالاّنی بارزانی:

بارزانی، کە هێزەکانی چەکدارو ئامادەبوونو بە دەقی خۆیاەوە مابوونەوە، لە ١٩٤٦/١٢/٢٠دا ،چوو بۆ مەهابادو چاوی بە سەرلەشکر هۆمایونی کەت وپێی گوت کە ئامادەیە بۆ عێراق بگەرێتەوە بە مەرجێ سەفارەتی بەریتانیا زەمانەتی سەلامەتی بکەن(بارزانی کە لە مەهاباد وەدەر کەوت ٣ هەزار تفنگ و ١٢٠ رەشاش و دوو تۆپی لە جبەخانەی کۆمار دەرێنا بوو لە گەڵ خۆی بردبووی.

مەلامستەفا بارزانی، نامەیەکی وەفاداری بە زمانی عەرەبی نووسی و دەگەڵ میر حاج وعیزەت عەبدولعزیزو نوری تەهادا بۆ گفتوگۆ لەمەڕ چارەنووسی خۆی وهەڤاڵەکانی لەگەڵ دەسەلاّدارانی ئێرانی و سیاسەتوانانی سەفارەتی بەریتانیادا بۆ تاران رۆیی .

بارزانی کە لە میوانخانەی ئەفسەران بەرانبەر بە نووسینگەی سوپاسالاری سوپای ئێران . جێی بۆدانرابوو، یەك هەیڤی تەواو لە تاراندا مایەوەو بەر لە گەرانەوەی بۆ مەهاباد لە ١٩٤٧/١/٢٩ دا دیداری دەگەڵ شاوسیاسەتوانانی بەریتانیایی و ئەمەریکاییدا کرد.

https://t.me/kurdistanbooks

بارزانی کە نەیتوانی بوو زەمانەتی پێویست لە ئینگلیزەکان بەدەست بێنێ،رازی بووبوو بەو پێشنیازە ئێرانیەی کە نزیکەی ۱۰۰۰۰ کەسێك لە ئەندامانی عەشیرەتەکەی لە ناوچەی ئەلوەندی نزیك هەمەداندا نیشتەجێ بن.

بەڵام شێخ ئەحمەد کە لە نەغەدە بوو بەم نەخشەیە رازی نەبوو لە دیدارێکی سەرلەشکر هومایونیدا لە۱۹/۲/۹٤۷مەلا مستەفاوشێخ ئەحمەد هومایونیان تێگەیان کە لێبڕاون تەسلیم بە عێراق ببنەوە .

سوپای ئێران بۆ ماوەی مانگێك لە ۱۱/۳ تا ۱۲/٤/۱۹٤۷ کەوە تاقیب و شەڕی هێزی بارزانی لە ناوچە شاخاویەکانی رۆژاوای شنۆ، لە نزیکی سنوری ئێران و عێراق و تورکیا .

هەڤالانی بارزانی لە باری عەسکەریەوە وەکو جەنگاوەری بەدەست وجەربەزە خۆیان نواند. لە ناوەراستی ئازاردا سوپای ئێران ۱۲ کوژراووهەفتا ئەسیری دا ، دوای یەك هەفتەی دیکە دیسان بیست کوژراو ونزیکەی پانزە دیلی دا."٥٥"بەڵام هەڤاڵانی سڤیلی بارزانی–کە چەند هەزار ژن ومناڵێك دەبوون ،پیاوەکانیان لە ژێرگوشاری سەرمای توندی زستانێکی تووش وناناسایی وبۆردومانی ئاسمانیدا بوون– لێبڕان دەگەڵ شێخ ئەحمەدا خۆیان تەسلیم بە حکومەتی عێراق بکەنەوە.

شێخ ئەحمەد پاش وەرگرتنی زەمانەت، لەگەڵ بەشی هەرە زۆری عەشیرەتەکەیدا تەسلیم بوو.دوای چەند رۆژێك واتە لە ۱۳/٤/۱۹٤٦(دەبێ ۱۹٤۷ بێ) بارزانی بەخۆ وقوەتێکی چەند سەد نەفەرییەوە،لە سنوری عێراق پەڕییەوەو بۆ بارزان چوو .

**۲۹–رێپێوانە دوورودرێژەکەی بارزانی بەرەو تاراوگەی یەکێتیی سۆڤییەت:**

رەنگە بارزانی بە تەمابووبێ کە دەوڵەتی عێراق لە ئەنجامدا لێی خۆش بێ ،بەڵام هەر زوو ئەو ئومێدەی سڕدڕایەوە. وێرای هەوڵدانی نوێنەرانی کورد لە (ئەنجومەنی عێراق) ئەو چوار ئەفسەرەی لە گەڵ شێخ ئەحمەدا خۆیان تەسلیم کردبووەوە واتە مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا، محەمەد مەحمود وعیزەت عەبدولعەزیز گیران و لە سێدارە دران (۱۹/٦/۱۹٤۷)

ئیدی تەنێ یەك رێ مابووەوە،ئەویش رێگەی تاراوگە، واتە یەکێتی سۆڤیەت بوو.چونکە ئێرانوترکیا لەبەر هەندێ هۆی دیارو ئاشکرا ،حەزیان لێنەبوو کە وەکو پەنابەر بیگرنە خۆیان.

پێدەچێت بارزانی هەر لەسەرەتای چوونی بۆ ئێران لە ۱۹٤٥دا ، ئەمەی بۆ خۆی دانابێ کە ئەگەر نەیتوانی لە ئێرانا بمێنێتەوە ، ئەوا پەنا وەبەر یەکێتیی سۆڤیەت بەرێ ،لە راستیدا پاش ئەوەی چووە ئێران و یەکەم پەیوەندی دەگەڵ جەنەراڵ لیوبوفدا کرد، هەمزە عەبدوڵڵا بەناوی ئەوەوە نامەیەکی بۆ ستالین نووسی وداوای لێکرد کە رێی بدەن بەمەبەستی بەرگری لە کۆمار، لە ئێراندا بمێنێتەوە و لە حاڵی روخانی کۆماردا پەنا بەرێتە یەکێتیی سۆڤیەت."٥٦"

پاش تێپەربوونی ساڵێك، بارزانی ناچاربوو داواکەی خۆی لە سۆڤیەت دووبارە بکاتەوە،لە ۲۷/٥/۱۹٤۷دا عێراقییەکان ئێرانیەکانیان ئاگادارکردەوە کە بارزانی لە باکوری بارزانەوە لە سنوری تورکیا پەڕیوەتەوە بەرەو ئێران دێت."٥۷"

بەمجۆرە مەلامستەفا بارزانی دەگەڵ ٥۰۰ پیاوی جەنگاوەردا رێپێوانە دوورودرێژەکەی خۆی بەرەو ئاراس وسەرەنجام بەرەو یەکێتیی سۆڤیەت دەست پێکردو ۳٥۰ کیلۆمەتر رێگەی بە چواردە رۆژان بڕی.بارزانی و هەڤاڵەکانی بەزیرەکی و خۆدزینەوە لە شەڕی هێزەکانی ئێران و لە حاڵێکدا کە

https://t.me/kurdistanbooks

بەپێیان سنوری تورکیاو ئێرانیان دەبڕی ، توانیان وردە وردە بگەنە ناوچەی ئارارات هەر کاتێك کە لە نزیکەوە دەکەوتنە ژێر گوشاری هێزی ئێران ،خۆیان بە خاکی تورکیادا دەکرد و پاشان بە دزییەوە ،لە شوێنێکی دییەوە سەریان دەردێنا،(شا کە لەم سەروبەندەدا لە ئەردەبیل بوو بەخۆی دەستوری دا کە هەموو هەوڵێك بۆ دەستگیرکردنی بارزانیەکان بخرێتە کاروهەر ئەفسەرێك لەم رووەوە درێغی بکات بدرێتە دادگای سوپایی) .

بارزانی وهەڤاڵانی لە ١٩٤٧/٦/٩دا دوا شکستیان لە باکوری خوی دا بەسەر سوپای ئێراندا هێنا،یەك هەفتە دواتر لە ئاراس پەرینەوە و بۆ ماوەی یازدە ساڵان لە یەکێتیی سۆڤیەت((دوور لە چاوان )) مانەوە.

٣٠- سەرچاوەو پەراوێزان :

١- نامە گۆرینەوە دەگەڵ رەحیمی قازی ١٩٧٦/٣/١٩، باکۆ

٢- ئینگلیزەکان رێگەیان بە هێزەکانی ئێران دا کە لە دیواندەرەوسەقز،دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی دابنەنەوە، لە حالێکدا کە یەکێك لەسەرانی کورد(حەمە رەشید) کە هاوڵاتی عێراقی بوو تا ساڵی ١٩٤٤ حکومەتێکی نیمچە سەربەخۆی دامەزراندبوو .

٣- نووسراوی رۆژی ١٩٤١/٩/٢٧ی جەنەراڵ ڤیول ،جەنەراڵ کینان وجەنەراڵ سەلیم، و نوسراوی رۆژی ١٩٤١/١٢/٢٥ ی سەرکردایەتی هاوبەش ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٢٧٢٤٤.

٤- نووسراوی رۆژی ١٩٤٢/١/١٧ وەزارەتی دەرەوە ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٣١٨٨

٥-پەیامی تەلەگرافی ١٩٤٤/١٠/٢٢ . ئورکرت ، کونسولی بەریتانیا لە تەورێز، لەسەر بنەمای گوتەکانی خانمی نەرویجی – میس داهل – کە شووی بە پیاوێکی خەڵکی مەهاباد کردبوو ، دەوری تەرجومانی لە ئەستۆ گرتبوو( خانم حەبیبی).

٦-بە گوتەی (کوك) کونسولی بەریتانیا لە تەورێز ١٩٤١/١١/٣٠، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٣١٤٢٦

٧-پزیشکێك و رۆژنامە نووسێك وموسیقارانێك ، دەگەڵ ئەم گروپە دابوون ، نووسراوی کوك ، هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٨-راپۆری رۆژی ١٩٤٢/٥/١٣ی سەرهەنگ فلچر کە راوێژکاری سیاسی بوو لە کرمانشا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٣١٩١.

٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٠-نووسراوی رۆژی ١٩٤١/١٢/٢٠و ئانتونی ئایدنی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلستان . وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا ٣٧١٣١٣٨٨

١١-نووسراوی ئەشیاندا وئالبیرت ئەشپیر((هەڤپەیڤین دەگەڵ هیتلەردا لە وینیسا) ناوەراستی ١٩٤٢/٨، ل ٦٢-٦٣.

https://t.me/kurdistanbooks

١٢-تەلەگرافی ١٩٤٢/١/١٤ی رید پۆلاردی سەفیری بەریتانیا لە تارانێ ،وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٣١٣٨٨، نووسراوی رۆژی ١٩٤٢/١/٢٨ی (کوك)ی کونسولی بەریتانیا لە تەورێز ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٣١٤٢٦.

١٣-لە ناوەندی نیسانی ١٩٤٢دا بێ ،ای، کونیل هوم ، لە تەورێزا دەکرێ بە کونسولی ئەمەریکا ، ئەم پیاوە پسپۆری کاروباری سۆڤیەت و دەوڵەتانی باڵتیکە، بەئاشکرا((سەگی پاسەوانە)) و دەبێ چاودێری کارەکانی رووس بکات ، بەلاّم خەیاڵی خاوەو لە مەسەلەکە دوور و بێ خەبەرە .

١٤-پەیامی تەلەگرافی ئورکرت دەربارەی ئەو دیدارەی کە لە نێوان رۆژانی ١٣،١٥/١٠/١٩٤٢دا کردوویەتی، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٣١٢٩١.

١٥-پەیامی تەلەگرافی کونسولی بەریتانیا لە کرماشان.

١٦-بۆ زانیاری پتر لەمەڕ مێژووی کۆماری مەهاباد، بڕوانە کتێبە نایابەکەی ویلیام ئیگلتۆن، (کۆماری کوردی ١٩٤٦، لەندەن ١٩٦٣) ویلیام ئیگلتۆن کە لە ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٥ بەڕێوەبەری بنکەی رۆشنبیری ئەمەریکا بوو لە کەرکوك‌وپاشان لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦١ کوسنوڵی ئەمەریکا بوو لە تەورێز دیارە، پایەیەکی وەهای هەبووە کە دیدار دەگەڵ زۆر کەسدا بکات کە لە نزیکەوە ئاگایان لە رووداوەکانی ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦-١٩٤٧ بووەو دیتویانە.کتێبەکەی کە تەنیا کتێبە لەم بارەیەوە لە رۆژاوادا بلاّوبووەتەوە، زۆر چاك وبە بەڵگەیە و بێ چەندوچۆن یەکێکە لەو کتێبە زۆر باشانەی کە دەربارەی مەسەلەی کورد نووسراون.

١٧-هەمان سەرچاوە.

١٨-ئەمە بەهەرحاڵ شتێکە کە ویلیام ئیگلتۆ ن وئارچیبالد رۆزفلت دەڵێن : میدل ئیست جرناڵ ١٩٤٧/٧.

رۆزفلت کە لە هەیڤی ١٩٤٤/٧-١٩٤٥/٩یاریدەدەری پاشکۆی عەسکەری بوو لە عێراق و پاشان لە ئێران بوو. یەکێکە لەو ئەوروپاییە زۆر کەمانەی کە لە سەردەمی کۆماری مەهابادا سەردانی ئەم شارەی کردووە،ئەو گوتارەی کە دەربارەی ئەم دیدارە لە گۆڤاری ئیست جرناڵدا بلاّوی کردەوە زۆر بە کەڵکە.

١٩-وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلستان ٣٧١٤٠١٧٣.

٢٠-حەسەن ئەرفەع ، کوردەکان ،ل ٧٥

٢١-مێژووی رەسمی بە گوتەی نووسەرانی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران .

٢٢-نامەی نووسەر بۆ رەحیمی قازی ، باکۆ هەیڤی ١٩٧٦/٣.

٢٣-بە گوتەی ، رۆزفلت، سەیر لەمەدایە کە دەقی ئەم((بەندە))کە تاقە بەندێکە ئاماژە بۆ سیاسەتی کۆمەلاّیەتی حیزبی دیموکرات دەکات لە سەرچاوە جیاوازەکاندا بە شێوەی جیاواز تۆمارکراوە.لە کتێبەکەی ئیگلتۆندا بەم شێوەیە تۆمارکراوە :((دەرامەتی کوردستان دەبێ بۆ خودی ناوچەکە خەرج بکرێ)) لە گۆتارەکەی رۆندودا بەناوی لەسەر زەمینی ئیسلامدا (١٩٤٦ ژمارە ٣٤) دەڵێ دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ((خوازیاری چاوخشاندنەوەن بە پەیوەندی نێوان موڵکداران وجوتیاران))دا، کەچی دکتۆر قاسملو لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی کوردستانی ئێران (١٩٧٦)دەڵێت: دەبێت هاوئاهەنگی وڕێکەتنێك لە نێوان جوتیاران و موڵکداران دا بکرێ بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی دوو لایەنەی نێوانیان))

https://t.me/kurdistanbooks

٢٤-و. ئیگلتۆن ، هەمان سەرچاوە ، حەسەن ئەرفەع ، کوردەکان ،ل ٧٨

٢٥- و ، ئیگلتۆن ، ل ٤٥

٢٦- هەمان سەچاوە ل ٤٦ ئەم ریوایەتەی ئیگلتۆن لەگەڵ ریوایەتی هەمزە عەبدوڵلا یەك ناگرێتەوە (بەشی سێیەم : فەسڵی یەکەم) بەرواڵەت وێنای ئەمەیە کە چ کەسێك هاتنی بارزانی بۆ ئێران پێ خۆش نەبووە .

٢٧- شەهباز ١٩٤٥/١٢/٣١ لە پییر روندوەوە وەرگیراوە، بڕوانە: لەسەر زەمینی ئیسلامدا ١٩٤٦ ژمارە ٣٤، ل ١١٨

٢٨- ویلیام ئیگلتۆن ، ل ٦١-

٢٩- هەمان سەرچاوە .ل ٧٨

٣٠- ویلیام لین وسترمن ، کاروباری دەرەوە ١٩٤٦/٧ ، باسی دانی بیست زرێپۆشی روسی لەسەربازگەی روسی میاندواوە بە هێزەکانی مەهاباد دەکات (گوتارێکی دیکە لەمەڕ ئەم بابەتە لە نیۆرك تایمز).

٣١- ویلیام ئیگلتۆن .ل ٧٤

٣٢- ((بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ١٩٤٦))دا نووسینی پیرروندو، لەسەر زەمینی ئیسلامدا ، ١٩٤٧ ل ١٢٩ کە لە پەیامی رۆژی ١٩٤٦/٥/٤ ی رۆیتەر لە تارانەوە کە لەوێدا کورتەیەك لە گوتاری رادیۆی تەورێز نەقڵ دەکات ، هەروەها بڕوانە ویلیام ئیگلتۆن .ل١٣٠

٣٣- روندو هەمان سەرچاوە ل. ١٣٠

٣٤- ئا. روزڤلت ، میدل ئیست جورناڵ ١٩٤٧

٣٥- هەمان سەرچاوە .

٣٦- ویلیام ئیگلتۆن . ل ,٥٨

٣٧- بە گوتەی ئینگلتۆن ، قازی محمەد نەخشەیەکی بۆ هێرش کردن لە باشوورەوە دانابوو ، کە قەرار بوو دوای چەند رۆژێك، واتە لە ناوەراستی هەیڤی ١٩٤٦/٦ جێبەجێ بکرێ ، قازی محمەد ،مەنافی کەریمی بۆ دەرکردنی فەرمانی هێرشەکە بۆ شەرگە ناردبوو، بەلاّم بە هەوڵی هاشمۆفی کونسوڵی سۆڤیەتی لە رەزاییە ، ئەم بەرنامەیە هەڵوەشایەوە ، ئیگلتنۆ ن ل ,٩٧

٣٨- پەیامی تەلەگرافی ئاژانسی فەرەنسا ، کە لە رامبووە وەری گرتووە ل ١٠٦-,١٠٧

٣٩- رەحیمی قازی نامە بۆ نووسەر ، ١٩٧٦,/٣

٤٠- هەمان سەرچاوە

٤١- رامبۆ، کوردەکان وهەق ، ل١٠٤

٤٢- ئا . روزفلت میدل ئیست جۆرناڵ ١٩٤٧

٤٣- هەمان سەرچاوە.

٤٤- و .ئیگلتۆن ، ل ١٠٦

٤٥- نامە بۆ نووسەر ١٩٧٦/٤

٤٦- حەسەن ئەرفەع ، کوردەکان ل ٩٦

٤٧- و. ئیگلتۆن ، ل ١١٢

٤٨- هەژار ، هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا ، بەغدا ١٩٧٣

https://t.me/kurdistanbooks

٤٩- ڕەحیمی قازی نامە بۆ نووسەر ، ١٩٧٦,/٣

٥٠- و. ئیگلتۆن ، ل ١٤٦

٥١- بۆ زانیاری لەمەڕ ئەم ڕووداوە بڕوانە: ((جەنگی ئازەربایجان)) نووسینی رابرت روسو، لە میدل ئیست جورناڵ ، زستانی ١٩٥٦ و(( بزاڤی کومونیستی دە ئێراندا)) نووسینی جۆرج لنس زوفسکی ، میدل ئیست جورناڵ ،١٩٤٧/١

٥٢- ر . روسو ، میدل ئیست جورناڵ ، ١٩٥٦ ، ل ٢٩

٥٣- و، ئیگلتۆن ، ل ١١٥

٥٤- هەڤپەیڤین دەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا بەغدا ١٩٧٣

٥٥- و ئیگلتۆن ، ل ١٢٨

تێبینی :ئەم زانیارییانە لە ڕێزدار ساڵح مەحموود بارزانی وەرگیراون:(وەرگێڕی کوردی)

{١}ئەم زانیارییە لەمەڕ ژن هێنانی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە خێڵی قەرەپاپاغ دروست نیە ، بەڵکو ئەوەی ژنی لەو خێڵە هێنا سەید ئەحمەدی سەید تەهای نەهرییە ونێوی ژنەکەی مەنیجەخانە و خوشکی دکتۆر بەهمەنی قەرەپاپاغە

{٢} پاش چوونی بارزانی بۆ مەهابادودامەزراندنی کۆماری مەهاباد،ماڵی لە شنۆوە چوو بۆ بە مەهاباد.

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی سێیەم:حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،**
**لەدوای روخانی کۆماری مەهابادەوە،**
**تا شۆڕشی چواردەی تەموزی١٩٥٨ی عێراق.**

پاش روخانی کۆماری مەهاباد وخەنەقاندنی قازییەکان وگرتنی ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان وراکردنی ئەندامانی دیکەی حزب بۆ عێراق، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بەکردەوە هەرەسی هێنا ودامرکایەوە.

**١- کۆمیتەی کومونیستی کوردستان وحزبی دیموکرات:**

لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٨وە هەندێ هەوڵ وتەقەلا بەمەبەستی تازەکردنەوەی رێکخستن دەبینین،لەلایەك ك.ك.ك(کۆمەڵەی کومۆنیستی کوردستان)بەرێبەری رەحیم سوڵتانیان"١"و بەتایبەتی لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی میراتگر ودرێژەدەری رێگەی حیزبی دیموکراتی قازی محەمەد،هەندێك هەوڵی عەمەلی لەم بوارەدا دەدرێ،حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٨دا لەراستیدا لقێکی حیزبی تودە بوو لە کوردستاندا،ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان (مەهاباد)دانیشتووی تاران خۆ بە خۆ دەبونە ئەندامی حزبی تودەو بەپێچەوانەشەوە.
بەڵام وەزع باش نییەو ئەندامانی حزبی تازە، ئەزمونی خەباتی نهێنیان نییە،ئەمن زوو بە زوو رێبەرانی حیزب لەوانە عەزیزی یوسفی ویوسفی دەگرن لە ١٩٤٨وە تاساڵی ١٩٥٢دە زندانیدا بوو.

**٢- حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی موسەدەق دا:**

لەساڵی ١٩٥١دا موسەدەق دەسەڵاتی گرتەدەست،حزبی دیموکراتی کوردستان تارادەیەك سودی لە کەش وهەوای تا رادەیەك ئازادی ئەو سەردەمەی ئێران وەرگرت وبەرێبەری عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان هەندێك بوژایەوەو رەونەقی پەیدا کردەوە."٢"
زۆری پێناچێت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٢دا،وێڕای گوشاری ئەمن وپۆلیس،سادق وەزیری خەڵکی مەهابادوئەندامی حزبی دیموکرات بۆ ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێ ودەبێ بەنوێنەر.
بەڵام شا بەخۆی هەڵبژاردنی ئەو پیاوەی رەفز کردو ئیمام جومعەی تارانیان کە پیاوێکی شیعە مەزەبە و خەڵکی مەهاباد هەرنەیان دەناسی ،لەبری ئەو هەڵبژارد.
پاشان ولە ساڵی ١٩٥٣دا هەراوهەنگامە ناوچەی مەهاباد دەگرێتەوەو لەناوچەی بۆکاندا جوتیاران دژی فیودالْ و موڵکداران ڕادەپەڕن.
لەمانگێن ٥و١٩٥٣/٦دا خۆپیشاندان لە مەهابادا رودەدەن، پۆلیس و خەڵکەکە لێیان دەبێ بە شەڕو لاوێکی خەباتکاری کورد دەکوژرێ ،ژمارەیەکیش دەگیرێن.
لە ١٩٥٣/٨/١٦دا خۆپیشاندانێکی گەورە بۆپشتیوانی موسەدەق لەمهابادا بەرپا دەبێت، هێمنی شاعیر لە دوای روخانی کۆمارەوە تاهەنگێ بۆ یەکەمجار پارچە شیعرێك بۆ خۆپیشاندەران دەخوێنێتەوە.
بۆیادی ئەو خۆپیشاندانە وبۆیادی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن قازی محەمەدەوە لە ١٦/ئابی/١٩٤٥دا،ناوی شەقامی پەهلەوی دەگۆڕن بە شازدەی ئاب.

https://t.me/kurdistanbooks

بەڵام گۆرانکاری سیاسی و لە نکاو یەك بەدوی یەکدا دێت.شا پاش ڕۆیشتن بۆ ڕۆما ولە دوای دژە کودەتایەکی دەستکردی ئەمریکی لە ١٩٥٣/٨/١٩دا سەر لەنوێ جڵەوی دەسەڵات دەگرێتەوە دەست .!سوپا شەوانە گەمارۆی شاری مەهاباد دەدا وخەباتکارانی حزبی دیموکراتی کوردستان هەمدیس بەناچاری ون دەبن و خۆدەشارنەوە.

### ٣- جیابونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە حیزبی تودە:

خەباتگێرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتەما بوون حیزبی تودە شۆڕشێکی چەکدارانە بەرپا بکات،چونکە هیچ کاتێك ڕێکخستنی ئەم حیزبە بەم رادەیە بەهێز نەبوو،نزیکەی ٧٠٠ئەفسەری سوپایی ئەندامی حیزبی تودە بوون وبەکردەوە خۆیان گەیاندبووە هەموو شوێنێك،یەکێك لەسەرانی سەرکردایەتی سوپا وهەروەها ئەفسەرێکی دی کە((دەسەڵاتێکی زۆری درابویێ))بۆسەرکوتکردنی حیزبی تودە ،بۆ ئابادانی مەڵبەندی گەورەی کۆمپانیا نەوتیەکانی وڵات نێردرابوو،لە ئەندامانی حزبی تودە بون!خەڵکی حیزبی تودە تەنانەت گەیی بوونە نووسینگەی تایبەتی پاشایەتیش.
بەڵام هەڵسورێنەرانی حیزبی تودە کە لەئەیلولی ١٩٥٣دا رایانگەیاندبوو کە بەو زوانە راپەرین بەرپا دەبێت، لەئەنجامدا لە خەباتی چەکداران ژێوان بوونەوە.مێژووی ناکۆکی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان وحیزبی تودە کە لە ئەنجامدا لەساڵی ١٩٥٥ بەیەکجارەکی لەیەکدی جیابوونەوە،دەگەڕێننەوە بۆ ئەم سەردەمە،ئەمەش سەردەمێك بوو کە پۆلیسی(ئەمن) ئێران ڕێکخستنی عەسکەری تودەی سەرکوتکرد.پاش ئەوەی پۆلیس توانی بخزێتە ریزەکانی حیزبی تودەوە،حیزبی دیموکراتی کوردستان لێبرا کە هەموو پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی خۆی دەگەڵ حیزبی تودەدا بپچڕێنێ.

### ٤- کۆمیتەکانی مەهاباد و سنە :

لەم قۆناغە ناهەموارو پڕ مەترسییەدا،نەدەکرا یەك ڕێکخراو بۆ هەموو کوردستانی ئێران هەبێ،بەڵکو چەند لیژنە وکۆمیتەی ناوچەیی هەبوون کە لە مەهاباددا لەلایەن عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان وعەبدورەحمان قاسملو و رەحیم سوڵتانیان و کەریم ئاوەیس وعەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)"٣"و لەسنەدا لەلایەن شەریعەتی و کەسانی دییەوە بەرێوە دەبران.
غەنی بلوریان توانی لەساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٥ دا چەند ژمارەیەکی خولی تازەی رۆژنامەی کوردستان کە لە تەورێز چاپ دەبوو،بڵاوبکاتەوە.بەڵام چونکە پۆلیس چاپخانەی نهێنی رۆژنامەکەی کەشفکرد و پێنجەمین ژمارەی کوردستانی(ساڵی ١٩٥٥)کەتایبەت بوو بەساڵیادی دامەزراندنی حزب، گرت.ناچار بوو بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە رابگرێ.

### ٥- کۆمیتەی ناوەندی ساڵی ١٩٥٤

لە ساڵی ١٩٥٤دا هەردوو کۆمیتەی مەهاباد وسنە تێکەڵ دەبن وکۆمیتەیەکی ناوەندی لە هەردوو کۆمیتەی ناڤبری دروستدەکەن .

https://t.me/kurdistanbooks

لە هەیڤی ٥/١٩٥٥دا کۆمیتەی ناوەندی یەکەمین((کۆنفرانس))ی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبەستیّو نزیکەی بیست کەسێك لە ئەندامە چالاکەکانی حیزب لەدووری چەند کیلۆمەتری مەهاباددا لەدەوری یەك کۆدەکاتەوە.

لەم قۆناغەدا زۆربەی خەباتگێرانی چالاکی حیزب بە نهێنی لە گوندەکاندا دەژیان،ژمارەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەچەندین شانەیان لەشارانی گەورەی وەکو سنە و کرماشان هەبوو،دەگەییە چەند هەزار کەسێك.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای گوشار وسەرکوت،بە چاکی جێی خۆی کردبووەوەو لەباری رێکخستنەوە کۆك بوو،لەم قۆناغەدا پەیوەندی نزیکی دەگەڵ حیزبە چەپەکانی عێراقدا،واتە دەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست وحیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا هەبوو،ئەم پەیوەندییە بەرادەیەك بوو کە هەردوو حیزبی ناڤبری لە ململانیّ ئایدۆلۆژیەکانی خۆیاندا،حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەکردە حەکەم.

## ٦- پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران( ١٩٥٦)

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەساڵی(١٩٥٦)دا یەکەمین پرۆگرامی خۆی،بلّیّ یەکەمین(رەشنووس)ی پرۆگرامی خۆی لەدوای بەرنامەی حیزبی دیموکراتی قازی محەمەد بڵاودەکاتەوە .

تۆنی پرۆگرامەکە گۆڕاوە.

نووسەرانی ئەم قەواڵەیە دروشمی ((خەبات دژی ئیمپریالیزم ولەپێناوی حوکمڕانی گەل))دا سەرەتا بەدورودرێژی ئەو((ستەمە نەتەوەییە)) تاوتویّ دەکەن کە لە کوردی ئێران دەکریّ.

((منداڵی کورد هەرلەمنداڵییەوە ناچارە زمانێك فێر بێت کەزمانی زکماکی خۆی نییە،واتە زمانی فارسی.هەموو شتێکی کوردی قەدەغەیە،کاربەدەستانی گەورە هەموو لە تارانەوە دێن،کوردستان ناوچەیەکی عەسکەرییە،سوپا وپۆلیس لە وێندەر دەسەلاّتی بیّ سنووریان دراوەتیّ.))

نووسەرانی بەرنامەکە لەسەرشیکردنەوەی خۆیان بەردەوام دەبن ودەگەنە ئەم ئەنجامگیرییەی کە((نەتەوەی کورد لە ژێر زوڵمی سیّ لایەنەی ئیمپریالیزم ودەوڵەتی فیوداڵ بورژوای ناوەندی و موڵکدارانی گەورەی کوردایە))

رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنن کە((حیسابی گەلانی ئێران بە جیاواز لە حیسابی حوکومەتی ناوەندی))دەزانن ورایدەگەیەنن کە هەم دژی شۆڤینزمی ئێرانین کە دان بە بوونی میللەتی کوردا نانیّ و هەم دژی ئەو کوردە ناسیونالستانەشن کە هەوڵ دەدەن رقی خۆیان لە دەوڵەتی مەرکەزی،بەسەر گەلانی ئێرانیشدا برێژن،پێشنیازی خەباتی هاوبەش دەکەن دژی دام و دەزگای پاشایەتی–فاشیستی((شا))ولەپێناوی دامەزراندنی((کۆمارێکی دیموکراتی ))کە کوردستانی ئێران لە چوار چێوەی ئەو کۆمارەدا ((حوکمی نەتەوەیی))و((ئەنجومەنی نەتەوەیی))خۆی هەبیّ وئەندامانی بەئاشکرا وراستەوخۆ بێنە هەڵبژاردن و ئافرەتیش مافی ڕادانیان دەبیّ،زمانی کوردی دەبیّ بەزمانی رەسمی کوردستان،بەلاّم مافی زمانەوانی کەمینەکانی دیکەش دەپارێزیّ.

https://t.me/kurdistanbooks

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرنامەیەکدا یەکسانی ئافرەت وپیاو دووپات دەکاتەوە ، یەکسانی لە ((مووچەی چوون یەك، هەقدەستی چوون یەك)) یەکسانی لە ئازادییە بنەڕەتیەکاندا ((ئازادی رادەبڕین،ئازادی چاپەمەنی،ئازادی ئاینی))هەروەها حیزب پیشنیازی حکومەتی ((عەلمانی)) دەکات کە سوپا وپۆلیس تێیدا نەمێنێ و((میلیشا))ی گەڵ و((سوپای میللی)) جێی بگرێتەوە.

نووسەرانی بەرنامەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە زنجیرە پێشنیازێکی فرە لایەن کۆتایی بە گوتەکانی خۆیان دێنن لەوانە لە باری پیشەسازییەوە(خۆماڵیی کردنی سەرچاوەکانی ژێر زەمین وجەنگەڵەکان) و لە باری کشتوکاڵییەوە(دابەشکردنی زەوی وزاری فیودالانی گەورەو ((دژمنانی حکومەتی میللی)) بەسەر جوتیارانی هەژاردا) ولەباری نیشتەجێ کردنەوە (ئاکنجی کردنی دەوارنشینان وکۆچەران)و لەباری رۆشنبیری وفەرهەنگییەوە (خوێندنی ئیجباری تا تەمەنی چواردە ساڵی ودامەزراندنی شانۆیەك وئێزگەیەکی رادیۆو زانستگەیەك ودام ودەزگای هەمەجۆری زانستی(سەرانسەر)هەروەها ((حکومەتی نەتەوەیی))(کوردستان) بە پێی دەرفەت یارمەتی کوردی وڵاتانی دراوسێ و خەبات لە پیناوی ئازادی هەموو کوردستان، بدات .

شتێکی بەڵگەنەویستە کە تەنێ لە ساڵی ١٩٧٣دا وپاش هەراوهەنگامە وکێشمەکێش و گۆڕانکارییەکی زۆر ئەوجا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەرەنجام بە رەسمی پشتیوانی لە (خەباتی چەکداری) دژی رژێمی شا دەکات ،بەڵام حیزبی دیموکراتی ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٨ بە ئاشکرا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی - شۆڕشگێرییە و ئەم دوو تایبەتمەندیەش خۆی لە خۆیدا بڤەیە و بەسە بۆ ئەوەی دەزگای سەرکوتکاری بکەوێتە گیانی و بەسەریدا داباریێ .

٧- سەرچاوەو پەراوێزان:

١-کوری مستەفا سوڵتانیانە.

٢-غەنی بلوریان برای وەهاب بلوریانە،یەکێك بوو لە پێنج نوێنەرەکەی مەهاباد لە ئەنجومەنی تەورێز،بروانە و.ئیگلتون ل ٤٢و٦٠.

*- عەزیزی یوسفی مامۆستا بوو.

٣-ئەحمەد تۆفیق پاش ساڵی١٩٦٠دەگاتە پلەی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

https://t.me/kurdistanbooks

## فەسڵی چوارەم:حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە دامەزراندنییەوە( ١٩٤٦ ) تا شۆرشی ساڵی ١٩٥٨

پێشـوازی پارێزئـامێزی قـازی محەمـەد لـە مەلامسـتەفای بـارزانی ودەهـەزار کـوردی هـاورێی بارزانی،هەنـدێك سـاردبوو.قازی محەمـەد هـەوڵی دابوولـە بـارزانی بگەیـەنێ کـە هـاتنی ئـەو هـەموو خەڵکـە بـۆ کوردسـتانی ئێـران کـەخۆی لـە قـات وقری‌و برسـێتی دایـە،زۆر ئاریشـەی لـە چارەسـەر نەهاتوی لێ دەکەوێتەوە.

بـەلأم بـارزانی کـە هێـزێن عێراقـی لـە نزیکـەوە تاقیبیـان دەکـرد وبەدوایـدا دەهـاتن،بێ ئـەوەی کـە چاوەنۆڕی وەڵامی قازی محەمەد بکات یاخود گوێی بداتی لە مانگی ١٩٤٥/١٠دا لە سنوری ئێران دەپەڕێتـەوە.هەڤاڵـەکانی لەگونـدەکانی دەور وبـەری شـنۆ ومـەهاباد بڵاودەبنـەوە.وتوشـی وەزع و حاڵێکی نالەبار دەبن و گرانی وتیفوس وگرانەتێ حەشریان پێدەکات.

کوردەکـانی ئێـرانیش وەکـو کـوردی عێراقـی لـە باسـی پەیوەندییـەکانی قـازی محەمـەد وبارزانیـدا هەندێ پەردەپۆشیان دەکەن. ئەو پەیوەندییانە بە رەسمی چاك و بگرە زۆر چاکیش بوون.بـارزانی تاکۆتایی هەر وەفاداری قازی محەمـەد بـوو حوکم‌ودەسـەڵاتی ئـەوی بـەهێز کـرد.بـەلأم وێـرای هـەموو ئەمانەش،ئـەم دوو پیـاوە هەریەکـەیان بـاوەڕی بـە(پـەیامی مێـژوویی))خـۆی هـەبوو.قوربـانی ((پاوانخوازی))خۆی بوو.بەلأم بابەتی ناتەبایی و ناکۆکیش لەنێوانیاندا کەم نەبوو.

لە شوباتی١٩٤٦دا واتە مانگێك دوای راگەیاندنی کۆمار لەلایـەن قازی محەمـەدەوە (١٩٤٦/١/٢٢)نۆ کوردی عێراقی لەوانە بارزانی وهەمزە عەبدوڵلأ(کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێرانیان بۆ سەرپەرشتی و فریاکەوتنی بارزانیانی دانیشتوانی ئێران))دامەزراند.

هەڵبەتە ئامانجە مرۆڤدۆستەکانی ئەم رێکخراوە تازەیە ئاشکرابوو،بەلأم دامەزرێنـەرانی رێخراوەکـە دەیانویست،بەتایبەتی کە تازە هاتبونە ئێران((ناسنامەی عێراقیەتی))خۆیان بپارێزن.!

قازی محەمەد لە سەرەتادا یارمەتی ئـەم کۆمیتـە تازەیـەی دا،بارەگایـەك و تـاپێکی دانێ،بـەلأم دوای ماوەیەك بەبارزانی وهەمزە عەبدوڵلای گوت:((هەر یەك حیزب هەیە ئێوە دەتوانن لەناو ئەم حیزبـە دا کاربکەن،((بەلأم نەك بەجیا.))"١"

بە ماوەیەکی کەم دوای ئـەم ئاگادارکردنەوەیـە هـەمزە عەبدوڵلأ بـە نامەیـەکی بارزانی یـەوە هـات بـۆ عێراق.لەم نامەیەدا بارزانی داوای ئـەمەی کردبوو کـە رێگەیـەك فەراهـەم بکرێـت تـا هـەمزە عەبدوڵلأ بەمەبەستی گفتوگۆ دەگەڵ دەوڵـەتی عێراقی دەربـارەی گەرانەوەی بارزانی،پەیوەنـدی بـە بابا عـەلی کوڕی شێخ مـەحمودەوە بکات. بـارزانی داوای لـە خـەباتگێرانی کوردی عێراق دەکـرد کـە یارمـەتی هەمزەعەبــدوڵلأ بــدەن بــۆ دامەزرانــدنی((حیزبــی دیمــوکراتی کوردســـتانی عێــراق)).(١)

### ١-گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق:

دەبێ پەیوەندی بارزانی دەگەڵ قازی محەمەد زۆر خراپ بوبێت تا بارزانی بیر لە گەرانەوە بۆ عێراق بکاتەوە،لەکاتێکدا کە((دادگای جەنگی))بەغدا لەمانگی ١٩٤٥/١٢ حوکمی ئیعدامی غیابی بۆ شێخ ئەحمەد و سێ کوردی دی دەرکردبوو.بێگومـان ئەمـە تاکتیـك بـوو پەیوەنـدی نێـوان قازی محەمـەد و بارزانی هیچ کاتێك زۆر (باش) نەبوو،بارزانی نەیدەویست بۆ عێراق بگەرێتەوە، بەلأم وای بۆ دەچوو

https://t.me/kurdistanbooks

کە((ئەگەر قازی محەمەد بزانێ کە خەیاڵێکی وای هەیە پەیوەندییەکانی دەگەڵیا چاك دەکات، هەرواش دەرچوو))"٢"

بەهەرحاڵ تەکتیك بوو یان نا،ئەم دەست پێشخەرییەی بارزانی بووە هۆی ناڕەزایی ڕێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستان(ئێران) لقی سلێمانی.بەتایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد کە بە هیچ جۆرێ حەزی بە گەڕانەوەی بارزانی نەدەکرد،کە(کۆماری مەهابادی لاوازدەکرد)و نامەی بۆقازی محەمەد ناردو داوای لێکرد کارێك بۆ چاککردنی وەزع وحاڵی بارزانیانی دانیشتووی ئێران بکات (کاری وەکو دابەشکردنی ئازوقە وخواردەمەنی)"٣"

بڵاوبونەوەی هەواڵی بەرزبونەوەی پلەی بارزانی بۆجەنەڕاڵی سوپای کۆمار لە ژمارەی سەرەتاکانی ئازاری رۆژنامەی کوردستاندا نیشانەی ئەوەبوو کە مەسەلەکە چارەسەربووە.

**٢- دامەزراندنی حیزبێکی کوردی لەعێراقدا:**

دوەمین بەشی کارەکەی هەمزە عەبدوڵڵا،ئاکام وکاریگەریی گرنگی لە ئایندەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد هەبوو.بارزانی بەوەی کەداوای دامەزراندنی(حیزبی ددیموکراتی کوردستانی)ی تایبەت بە عێراقی کرد،لە راستیدا تەسدیقی ئەو دابەشکردنە دەسکردەی کوردستانی کرد کە بە هێڵێك لەنێوان عێراق وئێراندا ئەنجامدرابوو(کەلەجیاتی سنورەکانی جارانی ئێران و عوسمانی بوو)کۆتایی بە یەکێتیی ئەو بزوتنەوەیە هێنا کە لە گەڵ گەشەکردنی لقی سلێمانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا لە حاڵی گەشەکردندا بوو.

لەسەرەتادا ئەم پێشنیازە لەلایەن برایم ئەحمەدەوە قەبوڵ نەکرا،چەندین ساڵ لەوە دوا مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق رکابەری وهەڤڕکی ئەم دوو پیاوەی بەخۆوە دیت،ئەویش رکابەرییەك کە مەسەلە شەخسییەکان دەوری زۆر گرنگیان تێدا بینی،زیاتریش لەم روەوە کە هەمزە عەبدوڵڵا مێردی خوشکی بایم ئەحمەد بوو وبرایم ئەحمەد مێردی برازای هەمزە عەبدوڵڵا بوو!.

برایم ئەحمەد دەڵێ بەبێ((ئیزنی))قازی محەمەد ناتوانێ ڕێکخراوەکەی هەڵوەشێنێتەوە،و باوەڕی وایە کە((نابێ ئەو خەباتگێڕە کوردانەی کەبەشێوەی جیاو لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا خەبات دەکەن،دابەش بکرێنە سەرکۆمەڵێك لق))چونکە کاری وەها((کۆماری مهاباد لاواز دەکات))"٤"

دەبێت ئیعتراف بەوە بکرێ کە ئەو هەنجەت و بەڵگانەی سی ساڵ لەوەدواتر لەلایەن دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆ پاساوی ئەم کارەیان دەهێنرایەوە تا رادەیەك غەریب دەینواند:بە بۆچوونی ئەم کەسانە هەلو مەرجی ئێران زۆر(جیاواز بوو)لە هەلومەرجی عێراق:لە کوردستانی ئێراندا کۆمارێکی کوردی هەبوو(کە لە ئۆتۆنۆمی زیاتری هەبوو)حاڵبوکی لە عێراقدا((ئێمە دەبوایە لەپێناوی مافێن زۆر سەرەتایی بخەبتین))"٥"

دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق باسی(زەحمەتی پەیوەندی کردن)بە مەهابادیشەوە دەکەن ودەڵێن دەستوری کارکردنیان،یان بەرنامەکانیان بەزەحمەت دەگەییە دەست.
دوا هەنجەتیش ئەمە بوو کە دروشمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (خودموختاری بۆ کوردستان) دەگەڵ وەزعی کوردستانی عێراقدا نەگونجێنرابوو"٦".

https://t.me/kurdistanbooks

هاندەری واقعی بارزانی ونزیکانی بارزانی هەرچیەك بووبیٚ، گومان لەوەدا نیە کە ئەم کارە مشت ومڕ وباس وخواسیٚکی توندی لەناو((شۆرش))دا واتە لە ناو حیزبی کۆمونیستی کوردستانی عیٚراقدا ،کە بەخۆی لەحیزبی هیواوە سەری هەڵدابوو ،نایەوە.هەمزە عەبدوڵلا چوو بۆ بەغدا تا ریٚبەرانی حیزب بدینیٚ،لەئەنجامی کۆنگرەیەکدا ،کەمینەیەکی شۆرش دەگەڵ جەمال و سالح حەیدەری ونافیع یونسدا،پیٚشنیازەکەی بارزانی پەسەند ناکەن ودەچنە ناو حیزبی کۆمونیستی عیٚراقەوەو(لەویٚندەر برایانی حەیدەری ونافیع یونس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەردەچن"٧"لە هەمان کاتدا زۆرینە دەنگ بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیزب و چوونە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان دەدەن.

لەمانگی شەشی ساڵی ١٩٤٦دا هەمزە عەبدوڵلا بە((پیٚشنیازەکانی)) بارزانیەوە لەمەر ریٚکخستن ودامەزراندنی حیزبی تازە،بۆعیٚراق دیٚتەوە،بارزانی بە سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژیٚردریٚ و شیٚخ لەتیفی کوڕی شیٚخ مەحمودو،زیاد محەمەد بەجیٚگری یەکەم ودوەمی سەرۆك هەڵدەبژیٚردریٚن.

**٣- یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عیٚراق (١٦/٨/١٩٤٦):**

لە ١٦/٨/١٩٤٦دا نویٚنەرانی هەموو ریٚکخراوە کوردییەکان دوای قەبوڵکردنی پیٚشنیازەکانی بارزانی،بۆ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عیٚراق بە نهیٚنی لە بەغدا کۆدەبنەوە،بارزانی بە خۆی لە مەهابادەوە هەمزەعەبدوڵلای بەنویٚنەرایەتی خۆی بۆ کۆنگرە ناردووە.

برایم ئەحمەد دەیەویٚ لەکۆنگرەدا بەشداری بکات،بەلام ریٚی نادەن بچیٚتە کۆبونەوەکانی کۆنگرەوە،چونکە نەی ویستبوو،پەیوەندی بەم حیزبە تازەیەوە بکات!(برایم ئەحمەد لە ئازاری ساڵی ١٩٤٧داوپاش روخانی کۆماری مەهاباد،پەیوەندی بەم حیزبەوە کرد.)

لە ئاستی ریٚکخراوەییدا،هەمزە عەبدوڵلا بەسکرتیٚری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عیٚراق هەڵدەبژیٚردریٚ،حیزب لەسەر شیٚوازی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت هاتبووە دامەزراندن.کۆمیتەیەکی ناوەندی هەبوو کە ئەفسەرانی ناسیونالستی وەك میر حاج و عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشنا ونوری ئەحمەد تەها ئەندام بوون تیٚیدا،هەروەها مەکتەبی سیاسی هەبوو کە دەسەلاتی راستەقینە لەدەستی ئەو دابوو،لە مەکتەبی سیاسیدا ناوی هەمزە عەبدوڵلاو جەعفەر عەبدولکەریمان بەر گویٚ دەکەوێ.

بەرنامەی ئەم حیزبە تازەیە بەرنامەی حیزبیٚکی پیٚشکەوتوخواز بوو،ویٚرای خواستیٚن نەتەوەیی خالیسە،(ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیٚراق،خواستی کۆمەلایەتیش بەرچاودەکەون.ریفورمی زەوی و زار،چاکردنی هەلومەرجی زنەگی چینی کریٚکار،ریفۆرمی ئابوری و کۆمەلایەتی( خۆماڵی کردنی ژیٚدەریٚن سروشتی، جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەلات)خۆلاسە حیزبی دیموکراتی کوردستانی عیٚراق هەر لەسەرەتای لەدایك بوونیەوە حیزبیٚکی دژە ئیمپریالیزم و دژی کۆنە پەرستی بوو،لەدامەزراندنی((بەرەی نیشتیمانی))دا دەگەڵ حیزبی عەزیز شەریف و حیزبی دیموکراتی نیشتمانی و حیزبی کۆمونیستی عیٚراقدا بەشداری دەکات.

https://t.me/kurdistanbooks

ڕێکخستنێکی شۆرشگێری و ژێر زەمینیش هەبوو،کە ئەندامەکانی کەم بوون:بەگوتەی هەندێك کەس ژمارەیان ٥٠٠کەس و بەگوتەی هەندێکی دی ژمارەیان ٢٠٠٠ کەس دەبوون"٨".

حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەر زوو دەکەوێتە دەرکردنی رۆژنامەی رزگاری بەزمانی عەرەبی.دیاریکردنی جێ دەستی بارزانی لە تۆمارکردنی بەرنامەی حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق کارێکی زەحمەتە،بەڵام ناچێتە ئەقڵیشەوە ئەوێك کە هەمیشەوتەنانەت لەو ساتانەدا کە زۆر پێویستی بە رۆشنبیرانی هیوا هەبوو ،خۆی لێ دووردەگرتن ،مایەی تەئید بوو بێت.

بەڵام بەهەرحاڵ ئەوەی کە حاشای لێناکرێ ئەوەیە کە حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق،هێشتا هەر ساوابوو کە((هەتیو))کەوت، لە هەیڤی چواری ساڵی ١٩٤٧دا بارزانی چوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت،حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق تا ساڵی ١٩٥٥ نەیتوانی هیچ پەیوەندییەك بەوەوە بکات.

## ٤- حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەبێ بارزانی ( ١٩٤٧-١٩٥٨ )

حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە زادەی دەستپێشخەری بارزانی وئایدۆلۆژیای رۆشنبیرانی مارکسی((شۆرش))بوو لە هەڵومەرجی گۆشاری دولایەنەی سەرکوت و جەنگی ساردا گەشە دەکات.

لەساڵی ١٩٤٦وە،واتە لەو کاتەوە کە دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە بەغدا کۆبوونەوە،ئیدی زەبر و زەنگ و سەرکوتکارییەکی ترسناك نیشتبووە سەر عێراق،ئەو حیزبە چەپانەی کە لە حکومەتە لیبرال ئامێزەکەی تۆفیق سویدیدا مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتبوو ،لەلایەن حکومەتی دوای ئەو ،واتە لەلایەن حکومەتی ئەرشەد ئەلعومەرییەوە قەدەغە کران.رێبەرەکانیان گیران.لە خۆپیشاندانێکی جاماوەریدا لە بەغدا وکەرکوك پۆلیس تەقەی لە خەڵکەکە کرد و ژمارەیەك کوژران و بریندار بوون .

لەمانگی ١٩٤٧/١دا نوری سەعید گەرایەوە سەر حوکم،پۆلیس یوسف سەلمان یوسفی سکرتێری گشتی حزبی کۆمونیستی عێراق وزۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی نێوبراویان لە ناغافڵدا گرت.ئەم ژمارەیە دادگایی کران وحوکمی خەنەقاندن وحەپسی درێژخایەنیان بەسەردا درا."٩"

کوردەکانیش بەشیان لەم سەرکوتکاریە دەبێت لە ١٩٤٧/١١/٩دا ئەو چوار ئەفسەرەی کە لەگەڵ بارزانیدا چووبوون بۆ ئێران،واتە عەقید عیزەت عەبدولعەزیزورائید مستەفاخۆشناو،رەیس خەیروڵڵاعەبدولکەریم وملازم محەمەدمەحمود لە بەغدا لە سێدارە دەدرێن.!

خێزان و خانەوادەی هەڤاڵانی بارزانی کە پاش روخانی کۆماری مەهاباد بۆ عێراق گەرابونەوە و ژمارەیان نزیکەی ٥٠٠٠ ژن و منداڵ و پیربوون،لەئوردوگایەکی نزیکی دیانە حەپس دەکەن،ئەو پیاوە تەندروستانەی(لەش ساغانە)کە لەگەڵ بارزانیدا بۆ یەکێتیی سۆڤیەت نەچوبوون کە نزیکەی هەزار کەسێك دەبوون لە کەرکوك وسلێمانی زیندانی دەکرێن،شێخ ئەحمەدیش زیندانی دەکرێ.!

بەڵام لەساڵی ١٩٤٨دا پێکدادانی زۆر جیدی لەنێوان چەپی عێراق وکاربەدەستانی حکومەتدا روو دەدات،دەوڵەتی تازە بە رێبەری ساڵح جەبر،سەرگەرمی گفتوگۆیە دەربارەی بەستنی پەیمانێکی تازە بە نێوی پەیمانی پورتسمۆس،یەکێك لە خاڵە دیارەکانی ئەم پەیمانە بریتیە لە دامەزراندنی ئەنجومەنی بەرگری هاوبەش لەنێوان عێراق و بەریتانیادا.

https://t.me/kurdistanbooks

بەدرێژایی هەیڤی ١٩٤٨/١ زنجیرەیەك خۆپیشاندانی توند لە بەغدا روودەدات،کە زۆر جار شێوەی شۆرش دەگرنە خۆ،دوا ئەڵقەی ئەم خۆ پیشاندانانە ،خۆپیشاندانی ١٩٤٨/١/٢٧بوو کە بە توندی دامرکێنرایەوە.سێ کەس کوژران و ٣ سەد کەس بریندار بوون،هەر ئەو رۆژە بۆ شەوەکەی حکومەت ئیســـــتیقالەی داوحکومەتەکـــــەی دوای ئــــەو پــــەیمانی پۆرتسموســــی ئیمــــزا نـــەکرد. لــەکاتی جــەنگی ئیســرائیل وعەرەبدا،حکومــەتی عــورفی رایدەگەیــەنرێ و ســەرکوتکاری بــرەو دەســـــەنێ،هەندێك لـــــە ســـــەرانی حزبـــــی دیمـــــوکراتی کوردســـــتانی عێـــــراق بەتۆمەتی((شیوعیەت))دەگیرێن،یەکێك لەوانە ئیبراهیم ئەحمەد دەبێ کە حوکمی دوو ساڵ حەپس دەدرێ،ژمارەیەك پەنا دەبەنە دەرێی وڵات و ژمارەیەکی دی خۆ دەشارنەوە.بەدرێژایی ئەم ماوەیە حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق شان بە شانی حیزبی کۆمونیستی عێراق و هەموو حیزبە پێشـــــــــــــکەوتوخوازەکانی دی خـــــــــــــــەباتی کـــــــــــــــرد.

لەراستیدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق هێندە لە حیزبی کۆمونیستی عێراقەوە نزیك بوو کە بە قەوڵی ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتی ئایندەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق((یەدەکی حیزبی نێوبراو بوو))"١٠"

**٥- بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا:**

مەلامستەفا کە لە مێژبوو سۆڤیەتەکان بەداردەست وجاسوسی ئینگلیزیان دەزانی هەر کە پێی نایە خاکی سۆڤیەتەوە ،لە روانین وبۆچونی رۆژاواییانەوە بوو بە((بووکەڵەی دەستی موسکۆ)) سایرۆس سالزبورگ لە گوتارێکدا لە نیویۆرك تایمز بلاَوی کردۆتەوە کە گوزارشت لە بۆچوونی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەمەڕ چالاکی روسەکان لە رۆژهەڵاتی نزیك دەکات،ئەوە شـەرح وشـرۆڤە دەکـات کـە چـۆن کوردەکـان بیانـەوێ ونەیانـەوێ((تـابووری پێنجـەم))پێـك دەهێنن،((دووپاتی دەکاتەوە))کە بارزانی یارمەتی سۆڤیەتەکانی داوە کە قوتابخانەیەکی تایبەت بە پەروەردەکردنی(عوامل)ی کورد لەنەخچەوانە دروستبکەن وئەم عەوامل وپیاوانە لەوێندەرەوە بۆ عێراق و تورکیا دەنێرن.))"١١"

سەیر ئەوەیە کە هەندێ خەڵکی کوردی ((پەراگەندە))ی ئەوروپاش دەیانەوێ  شاخ و باڵ لەم ((ئەفسانەی جەنەراڵی سوور))ەوە بنەن.ئەگەر قسەی راگەیاندنی ناوەندی  لێکۆڵینەوەی کوردی ، کە لەلایەن کامەران بەدرخانەوە دەردەچێت قبوڵ بکەین کە جەنەراڵ بارزانی بەردەوام وهەموو رۆژێك بۆ ماوەی سەعاتێك لە رادیۆی باکۆوە قسان دەکات ونەتەوەی کورد هاندەدات کە سەبر بکەن وبەڵێنیان دەدەاتی کە سەرەنجام رۆژێ دێ کە خەونی یەکبوونی کورد بێتە دی و رۆژانی خۆشی نزیکن))"١٢"هیچ دیار نیە کەمیر بەدرخان ئەم زانیاریانەی لەکوێوە هێناوە،چونکە ئەو لەو سەروبەندەدا لە پاریس بوو...زۆر گۆشەگیربوو  بەهەرحاڵ ئەم زانیاریانە زیاتر لە درۆدەچن تا لە راستی.

بارزانی هەرکە گەییە یەکێتیی سۆڤیەت لەراستیدا لەگەڵ گەورەترین کەسایەتی ناوچەکەدا،یانی لەگەڵ باقروفی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا کۆماری سۆسیالستی سۆڤیەتی ئازربایجاندا ،کە ناوچەی رۆژاوای دەریاچەی رەزاییەی بەبەشێك لە کۆماری ئازربایجان دەزانی  لێیان بوو بە ناخۆشی.

https://t.me/kurdistanbooks

بارزانی نەیویست بوو ببێ بە ئالەتی دەست وبوکەڵەی باقرۆف:بەلای ئەویشەوە وەکو قازی محەمەد، ئەم ناوچەیە بەشێك بوو لە خاکی کوردستان وزۆری پێ نەچوو کە پەیوەندی نێوان ئەم دووە((باقروف ومەلامستەفا))زۆرخراپ بوو.
دەگێرنەوە لە میواندارییەکدا کە بارزانیش دەعوەت کرابوو،ئەو پێکەکەی خۆی هەڵنەگرت گوتی((من ناخۆمەوە و هیچیش ناخۆم!لەکاتێکدا ٥سەد کورد(واتە هەڤاڵانی ئەو)خەریکە لە برسان دەمرن وچۆن دەتانەوێ من شتێك بخۆم))!ئەم سەربورە دروست بێت یان نا.خۆی لەخۆیدا نیشانەی ساردی پەیوەندی نێوان بارزانی و کاربەدەستانی ناوچەیی یەکێتیی سۆڤیەتە.دوای ماوەیەك بارزانیەکان بەسەر گوندەکانا دابەش دەکەن،سەرەتا لە ئەرمەنستان و پاشان لە ئوزبەکستان،وەکو پەنابەری ئاسایی رەفتاریان دەگەڵ دەکەن نەك وەکو پەنابەری سیاسی.
گوایە بارزانی بۆخۆی هەمیشە لە باری مادی و داراییەوە لە وەزع و حاڵێکی تا رادەیەك باشدا بووە.بەڵام هیچ جۆرە دەورێکی سیاسی نەبوو،ئەگەر((رادیۆی نهێنی))هەردوو حیزبی دیموکراتی ئازربایجان و دیموکراتی کوردستان تا ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٥ هەندێ بەرنامەی بە کوردی بڵاودەکردەوە،ئەوا گومانی تێدا نییە کە بارزانی لەم بەرنامانەداو لە رۆژنامەی ئازربایجاندا کە لاپەرەیەکی بۆ (کوردستان)تەرخان کردبوو،قسەی نەکردووە.
تەنێ دوای مەرگی ستالین ودادگایی کردنی باقروف وەزع و حاڵی کوردێن پەناهەندەی یەکێتیی سۆڤیەت باش دەبێت،بارزانی بە فرۆکە دەچێت بۆ مۆسکۆ وخۆی بە کۆمیتەی ناوەندیدا دەکات و لەوێندەر ماندەگرێ تا سەرەنجام لەلایەن خرۆشۆف و مالینکۆف و مولوتوفەوە پێشوازی دەکرێ.
لە هەوەڵێڕا زۆر بەرەقی رەفتاری دەگەڵ دەکرێ،بەڵام ئەو نارەزایی لەمەڕ ئەم رەفتارە دەربری کە دەگەڵ هەڤاڵەکانیدا دەکرا،و گوتی((ئەو بۆیە داوای پەناهەندەیی لەیەکێتیی سۆڤیەت کردووە، چونکە بەدۆستی گەلی کوردی زانیوە))"١٢"
داوای کرد کە هەموو لاوانی کورد بۆیان هەبێ بچنە قوتابخانەی پسپۆری و قوتابخانەی حیزب،بۆ خۆیوگروپێکی بچکۆلەی کادیران مۆڵەتی وەرگرت کە لە موسکۆ دانیشن،ئەم گروپە لە قوتابخانەکانی مۆسکۆدا دەستیان بە خوێندنی زمانی روسی و زانستێن سیاسی ومارکسیزم کرد.پاش چەند مانگێگ جەلال تاڵەبانی کە بۆ فیستیڤاڵی لاوانی جیهانی ١٩٥٥ چوو بوو بۆ وارشۆ،بە مۆسکۆدا رەت بوو لەوێندەر پەیوەندی بەبارزانیەوە کرد، ئەمە یەکەمین پەیوەندی بارزانی بوو لەگەڵ بزوتنەوەی کوردی عێراقدا لەدوای ساڵی ١٩٤٧وە.
بارزانی کە بە دەرکردنی شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی،لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی زانی،بە تاڵەبانی گوت کەدەبێت پەیوەندی حیزب دەگەڵ ئەو جێگری سەرۆکەی کە بەخۆی لەساڵی ١٩٤٦دا دایانبوو،تازە بکاتەوەو لەسەری رۆیی((ئێوە دەبێت پەیوەندی بەربڵاوتان دەگەڵ خەڵکی دا هەبێ،حزب نابێ رێخراوێکی تەنگ و دەرگا داخراو بێ))!جەلال تاڵەبانی بەبۆنەی فیستیڤاڵی لاوانەوە لە ساڵی ١٩٥٧دا جارێکی دی بۆ مۆسکۆ هات، ئەمە دوەمین و دوا پەیوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو بە ((سەرۆکی))خۆیەوە لەوەتای چوو بووە یەکێتیی سۆڤیت،لەو زەمانەدا هەموو لەوە ئومێدبڕ بوو بوون کە رۆژێ بێت جارێکی دی بارزانی لە عێراقدا ببیننەوە.

https://t.me/kurdistanbooks

**٦- بونیاتنانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق:**

پاش تەنگانەو زەبر و زەنگ وگوشاری سالانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨ و ١٩٤٩ حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە کردەوە بی ڕێبەر بوو،لە ئەیلولی ١٩٥٠ ژمارەیەك لەو کادرانەی کە هێشتا ئازاد بوون هەوڵێکیان بۆ تازەکردنەوەی ڕێکخستنی حیزب دا کە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراقی لێکەوتەوە (ئازاری ١٩٥١)

یەکێك لە کارە باشەکانی ئەم کۆنگرەیە سارێژکردنەوەی کۆنە زامان بوو"١٣" ویەکێکی دیکەش ئەوە بوو بە کودەتایەکی نێوخۆ هەمزە عەبدوڵڵا لابرا وبرایم ئەحمەد بەرزکرایەوەو بوو بە سکرتێری گشتی حیزب ، برایم ئەحمەد دوو مانگان بەر لە کۆنگرە لە زیندان هاتبووە دەرێ .

سێیەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە سالی ١٩٥٣دا لە کەرکوك ساز دەکرێ،نوێنەرانی کۆنگرە بە دانانی ئیبراهیم ئەحمەد وەکو سکرتێری گشتی حیزب قایل دەبن وبەرنامەیەك پەسند دەکەن کە لە ڕادە بەدەر حیزب بەلای چەپدا دەبات،بە بۆچوونی هەندێك تەنانەت چەپتر لە حیزبی کومونیستیش"١٤".حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە خۆی بە حیزبێکی مارکیسی لینینی دادەنا،دەنگ بۆ خەباتی چەکداری دەدات وداوای حکومەت بۆ کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵیدا دەکات،لێ حیزب خەباتی چەکداری دژی کۆنە پەرستی و دژی ئمپریالیزم لە ریزی پێشەوە دادەنێ .

نوری شاوەیس کە لە سەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو"١٥" لە بیرەوەریەکانیدادەڵێ: ((بڕیارمان دابوو بەرژەوەندییەن نەتەوەیی فیدای بەرژەوەندییەکانی کۆمار بکەین، بۆ ئێمە جگە لە ئیمپریالیستان وسوسیالستان چ شتێکی دی نەبوو، ئەوانەی کە لە و بەینەدا بوون خزمەتی بەرژەوەندی ئیمپریالستیان دەکرد)).

بەڵام ناکۆکی و ناتەبایی بۆچوونەکانی ئیبراهیم ئەحمەد وهەمزە عەبدوڵڵا هەر زوو تازە دەبنەوەو سەر هەڵدەدەنەوە، لە سالی ١٩٥٥دا حیزب دەبێ بە دوو بەشەوە:حیزبی دیموکرات بە مانای تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی برایم ئەحمەد، و((بەرەی پێشکەوتن خوان)) بە ڕێبەری هەمزە عوبدوڵڵا.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە لە ١٩٤٦ تاکو نهۆ نەیتوانیوە لەم دووڕیانە دەرباز بێ، ئایا دەبێ ئەولەوییەت بە مەسەلەی نەتەوەیی بدات یان بە مەسەلەی کۆمەلایەتی؟ حیزب کە بەردەوام لەبەر هەڕەشەی داردەستانی حکومەتی دایە،لەم حاڵەتەدا دەبێ لە هەنبەر حیزبی کومەنیستیشدا بەگری لە خۆی بکات، چونکە لە ژێر دەسەڵاتی مارکسیەکاندایە یان لەژێر دەسەڵاتی کەسانی مارکسی مەیلدایە، نازانێ چ شتێك ئەو لەحیزبی کومونیستی عێراق جیادەکاتەوە .

حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق تا دوای دە ساڵیش لە دامەزراندنی هەرگیز ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی نەبووە،لە سالی ١٩٥٥دا ناسۆنالیستان و پێشکەوتنخوزانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەیانەوێ داوەرییەك لەمەڕ ((هەق بوون یان هەق نەبوونی)) ئەوان بکەن و حیزبی نێوبراو(( بە شێوەی سلێمان پێغەمبەر)) حوکمێکی ئاقلانە لەم رووەوە دەدات ، هەردوو مەسەلەی کۆمەلایەتی و نەتەوەیی دەبێ پێکەوە حەل بکرێن و دەبێ هەردووك ڕێکخستن یەك بگرن.هەر لەم قۆناغەدا یەکێك لەم دوو ڕێکخراوە پێشنیازی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نوێنەری حیزبێن کوردی

https://t.me/kurdistanbooks

عیراق وئێران وتورکیا دەکات،سیٚ ساڵان دوای ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عێراق سەرلەنویٚ کار بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی لەو بابەتە دەکەن، کە سەرەنجام وەلا دەنریٚ .

لە ساڵی ١٩٥٦دا هەردوو باڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق سەر لە نویٚ یەك دەگرنەوە و(حیزبی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان) پێك دەهێنن کە هەمزە عەبدوڵلا دەبێت بە سکرتێری گشتی و رۆژنامەیەك بە نێوی خەباتی کوردستان دەردەکات .

### ٧- حیزبی کومونیستی عێراقی و مەسەلەی کورد:

حیزبی کومونیستی عێراقی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٥٦داو لە دووەمین کۆنفرانسی خۆیدا سەرەنجام لەمەڕ مەسەلەی بنەڕەتی، واتا مەسەلەی کورد، لە قەواڵە نامەیەکی تێروتەسەلدا هەڵوێستی خۆی روون دەکاتەوەو هەنگاوی زۆر گرنگ سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەنێت.

لەم قەواڵە نامەیەدا حیزبی کومونیستی عێراق ئەم خاڵە دووپات دەکاتەوە کە((شوێنە عەرەب نشینەکانی عێراق، بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتوون لە خاکی عەرەبی)) بەلاٚم لە نێو ئەم سنوورانەی ئێستای ولاٚتی عێراقدا کە ئیمپریالیزم دروستیکردوون،بەشێك لە خاکی کوردستانیش هەیە،هەنگیٚ لەسەری دەڕوات:

گەلی کوردی عێراق بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی نەتەوەی کوردن،کە حاڵی حاز لە نێوان تورکیا و ئێران وعێراقدا دابەش کراون، نەتەوەی کورد هەر یەك نەتەوەیە، ئەم نەتەوەیە لە راستیدا هەموو بنەماو تایبەتمەندیەکانی نەتەوەی تێدایە، ئەم نەتەوەیە پێکهاتووە لە کۆمەڵە مرۆڤێك کە بە درێژایی مێژوو وبەپێی پێداویستیەکانی مێژوو((پێکهاتووەوشێوەی خۆی وەرگرتووە))ووێڕای تەقسیمبەندی ئیمپریالیستی، لە خاکێکی هاوبەشدا دەژین، یەك زمانی هاوبەش وهەموو ئەو رەگەزوفاکتەرە پێویستانەیان تێدایە کە سوود لە ئابووری نەتەوەیی گشتی وەربگرن وئازادی نەتەوەییان هەبیٚ))

حیزبی کومونیستی عێراقی پاشان دەڵیٚ:خەباتی هاوبەش وشان بە شانی نەتەوەی عەرەب((دەرفەت بۆ کوردیش دەرەخسێنیٚ کە ریٚ بۆ وەدیهێنانی مافێن کورد خۆشبکات و چارەنوسی خۆی بگرێتە دەستی خۆی و مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سەرانسەری کوردستاندا بەدەست بێنیٚ)). "١٦"

بەلاٚم وێرای ئەمەش هەڵوێستی حیزبی کومونیستی عێراق هەر هەندیٚ تەم ومژاوی وئاڵۆز بوو.

حیزبی کومونیستی ئێراقی لە راستیدا لەم قەواڵەنامەیەدا چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە:((حاڵی حازرو لەم هەلومەرجەدا تەنیا یەك رێگەمان لە پێشە :رێگەی خەباتی هاوبەش دەگەل جەماوەری گەلی عەرەبدا دژی ئیمپریالیزم وهاوپەیمانانی ئیمپریالیزم،رێگەی خەباتی هاوبەش لە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبدا،بە مەبەستی ئازاد کردنی جەماوەرێن خەڵکی عێراق بە عەرەب وکوردەوە))

حیزبی کۆمونیستی عێراقی بەم شێوەیە کۆتایی بە قسەکانی دێنیٚ: ((حیزبمان بە تایبەتی لقی کوردستانمان – سوورە لەسەر داواکردنی هەموو مافێن گەلی کوردوچالاکانە کار بۆ وەدەست هێنانی ئەم مافانە دەکات.حیزبمان لە هەمانکاتدا دژی بیرێن جووداخوازانە دەوەستیٚ وریسوا و مەحکومی دەکات ، چونکە تەبیعەتێکی ناسیونالیستانە وتەنگبینانەی هەیە))

https://t.me/kurdistanbooks

ئەم قەواڵەنامەیە،یەکجار گرنگە، هەرگیز لە عێراقدا هیچ حیزبێك بەوڕاشکاویو روونیوبنچڕیە سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەڵوێستگیری نەکردبوو، بەم راشکاوی و روونییە ئیعترافی بە مافی کوردی عێراق نەکردبوو، کە وەکو نەتەوەیەك هەموو مەرجێن مێژوویی وئابووری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیری تێدایە کە بوونی نەتەوەیی ئەو بسەلمێنێ .

بەڵام دووپات کردنەوەی((خەباتی هاوبەش))و نەبوونی راشکاوی سەبارەت بە ئەرك ومەسئولیەتی هەر یەك لەم دووحیزبە لە ئاستی ئەم خەباتە هاوبەشەدا، بە تایبەتی مەسەلەی لە قاودان وریسوا کردن ومەحکوم کردنی ((ناسیۆنالیزمی تەنگبین)) هەوێنی ئەو ناکۆکیانەیە کە ساڵانێکی دوورودرێژ ئەم دوو حیزبە لێکدی جیا دەکاتەوە .

**٨- حیزبی دیموکراتی کوردستان و ( لقی کوردستانی ) حیزبی کۆمونیستی عێراق:**

لە هەیڤی ١٩٥٧/٦داو لە دوای زنجیرە پەیوەندییەك لە نێوان کارگێرانی حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق وبەرپرسانی کوردی(لقی کوردستانی) حیزبی کۆمونیستی عێراق ، لقی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی عێراق بە مەبەستی دابینکردنی یەکێتیی ئۆرگانی هێزە دیموکراتییەکانی کوردستانی عێراق،بڕیاری خۆ هەڵوەشانەوەو یەکگرتن لەگەڵ حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق دەدات ."١٧"

کاردانەوەی حیزبی کۆمونیستی عێراق توندە ،حیزبی کۆمونیست سەرزەنشتی حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق دەکات، لەبەر ئەوەی گوایە((خۆی بە حیزبێکی عێراقی نازانێ)) و((کەوتووەتە سەر رێگەی جوداخوازی))و تەنانەت بزووتنەوەیەکە (( لە سایەی رێبەری ئەمەریکاییەکاندا))! حیزبی دموکراتی کوردستان بەوە تاوانبار دەکات کە((سەربەخۆیی درۆینە، کە لەئەنجامدا دەبێ لە چواچێوەی دا خەبات دژی ئیمپریالیزم بکرێ بۆ وەدەست هێنانی ئازادی تەفزیل دەدات بەسەر ئازادی راستەقینەدا لە عێراقێکی ئازادو سەربەخۆدا ))"١٨" .

حیزبی کۆمونیستی عێراق پاش هەندێ (لقێکی) نوێ لە کوردستاندا دروست دەکات .

**٩- حیزبی دیموکۆاتی کوردستانی عێراق بەر لە شۆرشی١٩٥٨:**

لە ساڵی ١٩٥٨دا پاش ئەوەی سوریاو میسر یەکێتیان کردوکۆماری یەکگرتوی عەرەبی هاتە ئاراوە ،سەران وریبەرانی کورد بە تەمابوون دژی رژێمی شاهنشایی عێراق دەست بە شۆرش بکەن . ئیدی بۆ ئەوەی هاوکاری ناسر وەدەست بێنن پەیوەندی پێوەدەکەن و رێگەیان پێدەدات هەندێ بەرنامان بە زمانی کوردی لە رادیۆی قاهیرەوە بڵاو بکەنەوە .

لە ناوەراستی هەیڤی ئایاری ساڵی ١٩٥٨دا حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان نزیکەی پێنج سەد چەکداری هەبوو کە ئامادەی شەری پارتیزانی بوو لە کوردستاندا، کارگێرانی حیزب لێدەبرێن بۆ دیاری کردنی رۆژی دەست پێکردنی شۆرش لە ١٩٥٨/٧/١٦داو لە کەرکوك کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی بکەن .

بەڵام لە ١٩٥٨/٧/١٤ قاسم ، رژێمی پاشایەتی دەروخێنێ ، ((قاسم نیوەی کارەکەی ئێمەی ئەنجام دا، بۆیە لە کۆبوونەوەکەی خۆمانا لە کەرکوك بڕیارماندا کە پشتیوانی لێبکەین، وشاندێکمان بۆ دەف وی نارد))"١٩" .

https://t.me/kurdistanbooks

**١٠- سەرچاوەی پەراوێزان:**

١- هەمزە عەبدوڵڵا هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،بەغدا,١٩٧٣
٢- نـــوری شـــاوەیس، هەڤپـــەیڤین دەگـــەڵ نووسەردا،ناوپردان،شـــوباتی ١٩٧٥.
٣- ئیـــبراهیم ئەحمـــەد، هەڤپـــەیڤین دەگـــەڵ نووســـەردا، نـــاوپردان، ١٩٧٣/١٠
٤-هەمان سەرچاوە.
٥- هەمزە عەبدوڵڵا،هەمان سەرچاوە.
٦- نوری شاوەیس،هەمان سەرچاوە.
٧- هەمان سەرچاوە.
٨- هەمزە عەبدوڵڵا هەمان سەرچاوە.
٩-و،لاکر،کۆمونیزم و ناسیونالیزم لەرۆژهەڵاتی ناڤیندا.ل١٩٢.
١٠-ئیبراهیم ئەحمەد ،هەمان سەرچاوە.
١١-نیۆیـــــــــــــــــــــۆرك تـــــــــــــــــــایمز٣/٤/١٩٥٠.
١٢-بۆلتنی بنکەی تەحقیقاتی کوردی،ژمارە ١٠/,١٩٥٠
١٣- نوری شاوەیس،هەمان سەرچاوە.
١٤- هەمان سەرچاوە.
١٥- هەمان سەرچاوە.
١٦- ئەم((بەندە))لەدەقی بەڵگەنامەکەی حیزبی کۆمونیستی عێراقدا بەجۆرێکە لە ژمارە ١/٣٠ی گۆڤاری لاوانی گەلدا دوای سێ ساڵ بڵاوبووەتەوە،بەڵام لە گوتارەکەی جەمال حەیدەری دا کە لە گۆڤاری عێراق بڵاوبووەتەوە،ئەم بەندە هەرلابراوە(١٩٥٩/٦/٤).ئەم دەقە فەرەنسییەی لەم کتێبەدا بڵاوبووەتەوە لە ژمارە ١٠ی گۆڤاری رۆژهەڵات١٩٥٩ل١٥١ وەرگیراوە،ئەم دەقە جیاوازی هەیە لەو دەقە نوقستانەی کە عیسمەت شەریف وانلی لە کتێبەکەی خۆیدا کوردستانی عێراق لە بەر پەڕێن ١٤٦و١٤٧دا بڵاوی کردوەوەتەوە.
١٧-عیسمەت شەریف وانلی هەمان سەرچاوە ل١٦٦
١٨-هـــــــــــــــەمان سەرچـــــــــــاوە .
١٩- نـــــــــــوری شـــــــــــاوەیس ،هـــــــــــەمان سەرچـــــــــاوە.

**تێبینی**:ئەم زانیاریانە لە ڕێزدار ساڵح مەحمود بارزانی وەرگیراون:

(١)بـارزانی هـەمزە عەبـدوڵڵای بـۆ عێـراق نـاردەوە تـا تـەگبیری دامەزرانـدنی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان بکات،نەك زەمینە بۆ گەرانەوەی بارزانی خۆش بکات

https://t.me/kurdistanbooks

## فەسڵی پێنجەم:لە شۆڕشی عێراقی ساڵی ١٩٥٨ وە تا شەڕی قاسم

### ١- قۆناغی ئومێد:

(( ئێرە کۆماری عێراقە، ئەمڕۆ ڕۆژی سەرکەوتن وشانازی ئەنگۆیە، دوژمنی خواو ئاغاکەی کوژراون ولە کۆڵانەکاندا کەوتوون)) بێژەری رادیۆی بەغدا کە لە سەعات حەوتی بەیانی ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤دا،راستەوخۆو بە دەنگی بەرز ئەم قسانە لە رادیۆی بەغداوە پەخش دەکاتەوە، چەند سەعاتێك پێش رەوتی ڕووداوەکان کەوتووە،((نوری سەعید)) ((دوژمنی خوا)) نۆکەری ئینگلیز وسیاسەتوانی بێزراوی عێراق، ئەگەر نەڵێین بێزراوی ڕۆژهەلاٚت چەند سەعاتێك لەوە دواتر دەمرێ ، واتا پاش عبدالالەی ئاغای و جێنیشینی پاشایەتی، بەلاٚم لە هەموو لایەکەوە هەق بە بێژەری رادیۆکەیە، راست دەڵێ،بۆ کوردەکان روخانی رژێمی پاشایەتی عێراق ومردنی ئەندامانی ماڵباتی هاشمی کە جگە لە ستەم وسەرکوت وبەدبەختی شتێکی تریان بۆ وان نەهێناوە ((ڕۆژی سەرکەوتن))ە زۆر هیواو ئومێدیان لە لا دەبورژێتەوە .

بۆ سبەینێ کەسایەتیەکی کورد، واتا شێخ خالید نەقشبەندی خەڵکی بامەڕنی لەگەڵ دوو کەسایەتی عەرەبدا ،یەك شیعە ویەك سوننی، دەبن بە ئەندامی(مجلس السيادە:ئەنجومەنی سەروەری)

لە ١٩٥٨/٧/٢٠دا، واتە یەك هەفتە دوای راگەیاندنی کۆمار، حکومەت فەرمانی عەفواتی گشتی دەردەکات وهەموو زیندانیان ونەفی کراوەکان دەگرێتەوەو شێخ ئەحمەد و شێخ لە تیف و گۆرانی شاعیر لە پێشی ئەو کەسانەوە دەبن کە بەر عافواتەکە دەکەن وبەردەبن.

بەلاٚم لەمە گرنگتر مادەی سێی دەستووری عێراقی ١٩٥٨/٧/٢٧ کە دەڵێ: ((کۆمەڵی عێراق لەسەر بناغەی هاوکاری هەموو هاولاٚتیان ولە سەر بناغەی ڕێزگرتنی ماف وئازادی ئەوان ڕۆنراوە، عەرەب و کورد لەم ولاتەدا هاوبەش وشەریکن، دەستوری عێراقی مافی نەتەوەیی ئەوان لە چوار چێوەی ولاٚتی عێراقدا دابین دەکات))"٢"

ئەم یەکسانیەی هەردوو شەریکی عەرەب وکورد لە چوارچێوەی ولاٚتی عێراقدا ،کە بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەملاوە باسکراوە، لە ئارمی رەسمی کۆماردا کە بریتیە لە خەنجەرێکی کوردی وشمشێرێکی عەرەبی و بە شێوەیەکی یەکتر بڕ دانراون، وەکو ڕەمزێك بەرجەستە دەبێت .

### ٢– گەشانەوەو رەونەق پەیدا کردنی چاپەمەنیێن کوردی:

یەکێك لە دەستکەوتە فەورییەکانی شۆڕش کە بۆ کورد یەکجار بە بایەخە ،ئازادی چاپەمەنییە ، هەڵبەتە کوردەکان لە سایەی ڕژێمی پێشوشدا دەیانتوانی ژمارەیەك گۆڤار وڕۆژنامە دەربکەن ، بەلاٚم ئەم بلاٚوکراوانە هەموو ئەدەبی ولێکۆڵینەوەی میژوویی و ئەدەبیو چیرۆك وشیعران بوون ، کەم و زۆر بەلای باسی ڕووداوە سیاسیە هاوچەرخەکاندا نەدەچوون .

هەتاو کە مانگانە بوو لە ساڵی ١٩٥٣ وە لە سلێمانی دەردەچوو وەکو گەلاوێژ، کە دوای شۆڕش هیوا جێی گرتەوەو، ژین گۆڤارێکی دوو هەفتانەبوو.

https://t.me/kurdistanbooks

پاش شۆڕش ،کوردێن سلێمانی جگە لەمانە، پێشکەوتن و شەفەقیان بڵاودەکردەوە، لە کەرکوك گۆڤاری بەیان و رۆژی نوێ بڵاودەبوونەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە نیسانی ۱۹۵۹ بەملاوە رۆژنامەی خەبات دەر دەکات.

لە قۆناغی پرجۆش وخرۆشی دوای روخانی رژێمی پاشایەتی، چاپەمەنیە کوردییەکان بەرێزەوە سەرکەوتنی هاوبەش بەسەر((رژێمی رەشی پاشایەتیونۆکەرانی ئیپریالیزمو کۆیلەیەتی وکۆنەپەرستی))دا باس وبەرجەستە دەکەن و رێزی ((برایەتی کورد و عەرەب)) دەگرن

هەر لەم روانگەیەوە هیوا لە ژمارەی هەیڤی ۱۹۵۸/۱۱دا لە گۆتارێکدا بەنێوی((برایەتی ودۆستایەتی گەلانی عێراق)) بە زمانێك کە بۆنی برا گەورەیی لێدێت، باسی ئەو بەپرسیارێتیانە دەکات کە گەلانی زۆرینەی وەکو کوردوعەرەب دەرهەق بە کەمینەی ئاشوری و تورکمان و ئەرمەنی لە سەریانە. پەیامی ئەم گۆتارە روونە: کوردەکان خۆشحاڵن بەوەی کە پەیمانێکیان دەگەڵ هاوسێ عەرەبەکانیان بەستووە و بە پێی ئەم پەیمانە یەکسانن لە بەرێوەبردنی کاروباری عێراق.

((ناوەرۆك)) یا ئەفسانەی ،برایەتی کورد وعەرەب مایەی رێزو حورمەتە ، ناوچە کورد نشینەکانی عێراق دەبن بە قەڵایەك بۆ بەرگری کردن لە عێراق)). "۳"

### ٣- ناکۆکیەکانی رژێمی تازە:

بەڵام رژێمی تازە لە حەقیقەتدا لە ((ناکۆکی))بەدەر نەبوو، لە نێو((ئەفسەرانی ئازاد))دا کە شۆرشەکەیان رێکخستبوو خەڵکانی زۆر جیازە هەبوون،وەکو جەنەراڵ عبدالکریم قاسم،کە پۆستی سەرەك وەزیرو وەزیری بەرگری بۆ خۆی وەرگرتبوو وسەرهەنگ عەبدوسەلام عارف،کە پۆستی یاریدەدەری سەرەك وەزیرو وەزیری ناوخۆی وەرگرتبوو،جگە لە کومۆنیستەکان هەر هەموو حیزبە جیاوازەکانی عێراق لە دەوڵەتی تازەدا نوێنەری خۆیان هەبوو:بەعس ، سەربەخۆیی،حیزبی دیموکراتی نیشتمانی کامل چادرچی،وحیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق.

ومادەی دووەمی دەستوری کاتی دەیگوت کە:(وڵاتی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب وجیاناکرێتەوە)

((ئەفسەرانی ئازاد)) هەرکە جڵەوی حوکم دەگرنە دەست وئەو مەسەلەیە دێتە ئاراوە کە ئایا پێویستە عێراق بچێتە ناو((کۆماری یەکگرتووی عەربی))یەوە کە چەند هەیڤێك پێشتر، واتە لە شوباتی ۱۹۵۸بە یەکێتیی میسروسوریا چێبووبوو،یان نا؟! ئیدی جیاوازی بیر وبۆچوونیان کەوتە ناو.

عارفی هەوادارو لایەنگری ناسر دەگەڵ بەعسیەکاندا، بە گەرمی لایەنگری ئەم یەکێتیەیە، عارف لە ۱۹۵۸/۷/۱۹دا واتە پێنج رۆژ دوای روخانی رژێمی پاشایەتی، لە دیمەشقداو لە بەردەم هەزاران کەسدا، رایگەیاندبوو وبەڵێنی دابوو کە یەکێتیی کۆمارانی یەکگرتوی عەرەب و عێراق لە داهاتویەکی نزیکدا رادەگەیەنرێ، هەڵبەتە بێ ئەوەی لەم رووەوە تەگبیرێکی بەناسر کردبێ کە دەڵێ((ئەم عارفەش مینا زارۆکان رەفتار دەکات!))

عارف کە دەیویست قاسم بخاتە گێژەنگی ئەو کارەوە کە کردبووی، لە ئابی ۱۹۵۸دا دەکەوێتە گەران بەسەرانسەری عێراقدا وخوتبە لە دوی خوتبە دەدات وبەجۆری خۆی دەنوێنێ لە تۆ وایە

https://t.me/kurdistanbooks

پیاوی هەرە بەهێزی رژێم و ناسری کۆماری تازە پاڕۆکەیەوقاسم لە ناوەرۆکا لە جەنەراڵ ((نەجیب)) یێك زیاتر نیە،( جەنەراڵ نەجیب، رێبەری کودەتای میسر دژی حکومەتی فاروق بوو)

لە مانگەکانی داهاتوودا ،کوردەکان دەیانەوێ سیاسەتی خۆیان دەگەڵ رەوتی خەباتی بە دەست هێنانی دەسەلأت لە عێراقدا، بگونجێنن: سەرەتا دەگەڵ کومونیستەکاندا پشتیوانی لە قاسم دەکەن ،پاشان بەرلەوەی بەخۆیان لەگەڵ قاسمدا تێك بگیرێن، لایەنی قاسم دەگرن ودژی کومونیستەکان دەوەستن .

لە ئابی ١٩٥٨دا لە کوردستان جۆش وخرۆشێك بەدی دەکرێ، تەنانەت هەندێ جار باس، باسی شۆرشە،دوای ئەو هەموو ئۆمێدەی لە ئەنجامی شۆڕشەوە لە دەف کوردان چێدەبێ،هەوڵێن بانگەشەیی وعەرەبچیاتی عارف، کوردەکان نیگەران دەکات، کوردەکان لە خۆیان دەپرسن:((لە حاڵی سەرگرتنی ئەم یەکێتیەدا)) لە ناو ئەم دەریای سی وشەش ملیۆن عەرەبەدا، کە کوردەکان دەبنە قەترە لە دەریا،چی بەسەر کۆمەڵگەی شەریکایەتی هەردوو شەریکی کورد وعەرەب دێت؟

کوردەکان بە یەکێتیی عێراق دەگەڵ کۆماری یەکگرتوی عەرەبدا رازی نابن ولەم رووەوە هاوڕەئی حیزبی کومونیستی عێراقن،حیزبی کومونیستی عێراقیش کە لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە پشتیوانی لێدەکرێ بەم یەکێتیە ،کە بە مانای سرینەوەی ئەو دەبێت لە مەیدانی سیاسەتدا زۆر ناڕازییە.

بەڵام لە ناوەراستی یەلولی ١٩٥٨دا هەڤرکی دەکەوێتە نێوان قاسم وعارف و قاسم سەردەکەوێت و عارف کە لە ١٩٥٨/٩/١٣هەموو پلەوپایەیەکی یاریدەدەری فەرماندەی سوپای عێراقی لێ دەسێنرێتەوەولە ١٩٥٨/١٠/١ دەگیرێ ولە ١٩٥٨/١٠/١٣دا دەکرێ بە سەفیرو بۆ بۆن دەنێردرێ

قاسم کە بەعسیانی نەتەوەیی لە خۆ دوورخستونەتەوە،ئێستا دەبێ پشت بە کومونیستان و هاوپەیمانە کوردەکانیان ببەستێ،رێك لەم سەروبەندەدا جەنەراڵ بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە دەگەرێتەوە .

**٤-گەڕانەوەی جەنەراڵ بارزانی لە تاراوگە :**

جەنەراڵ بارزانی هەر کە بەسەرنگونی دامودەزگای رژێمی پاشایەتی دەزانێ ، بۆ پراگ دەچێت لەوێندەر دەگەڵ میرحاج و ئەسعەد خۆشەویدا لە ئوتیلی حیزب هەوار دەخات، نزیکەی هەیڤەك لە پراگ دەمێنێتەوە، بە گوتەی هەندێك ژێدەران ، روسەکان کە نەیانویستووە سەرنجی خەڵکی بە ئاکنجی بوونی بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت راکێشن، ناردیان بۆ چیکۆسلۆڤاکیا تا لەوێندەرەوە دەربارەی گەڕانەوەی خۆی دەگەڵ کاربەدەستان ودەسەلأتداراندا بکەوێتە گفتوگۆ.بارزانی بروسکەیەك بۆ قاسم دەنێرێ ،وداوای لێدەکات کە رێی بدات بۆ عێراق بگەرێتەوە .

عارف،زۆر دژی گەرانەوەی بارزانی بوو، تەنانەت ئامۆژگاری قاسمی کرد کە لە وەڵامی بروسکەکەیدا تەنێ ئەوەندەی پێ بڵێ:(( برۆ،برۆ)) حیزبی یەکگرتوی کوردستان لە سەرەتاکانی ئەیلولی ١٩٥٨دا شاندێکی تایبەتی لە ئیبراهیم ئەحمەد ،نوری ئەحمەد تەها ،سادق بارزانی (یەکێك لە کوڕانی شێخ بابۆ) وعوبەیدوللا بارزانی (کوری مەلا مستەفا) بۆ دیداری بارزانی بۆ پراگ نارد .

https://t.me/kurdistanbooks

سەرەنجام بەغدا ڕێگەی گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق دەدات و بارزانی پاش هەڵوەستە و لادانێك لە میسر، کە لەو ماوەیەدا ناسر دەبینێ، لە ١٩٥٨/١٠/٦ بە فڕۆکە بۆ بەغدا دەگەڕێتەوەو میناکی سەرۆکی دەوڵەتێك لەلایەن جەماوەرێکی گەورەی بەجۆش وخرۆشەوە پێشوازی دەکرێ .

بارزانی چەند ڕۆژی هەوەڵی گەڕانەوەی لە ئوتێلی سەمیر ئەمیس بەسەر دەبات وپاشان قاسم کۆشکی کوڕی نوری سەعیدی وێدەدات ولە وێندەر ئاکنجی دەبێت .

لە مانگی چواری ١٩٥٩دا کەشتیەکی نەفر هەڵگری سۆڤیەتی بە نێوی گروزیا، هەڤاڵانی بارزانی لە تاراوگە دێنێتەوە، ئەمانە بریتی بوون لە ٤٦٠ پیاوو ١٨٠ ژنی سۆڤیەتی نەژاد، بە تایبەتی قەرغیزی،و ٢٢٥ منداڵ"٨".

**٥- بارزانی کێ بوو ؟**

بارزانی پاش یازدە ساڵان دەربەدەری وەکو قارەمانێکی نیمچە ئەفسانەیی کە لەگەڵ ئینگلیزان و دوو رژێمی پاشایەتی عێراق و ئێران جەنگیوە،دێتەوە بۆ عێراق.

بەڵام جەنەراڵ بارزانی وێرای مانەوەی دوورودرێژی لە یەکێتیی سۆڤیەت هەر وەکو ((ڕۆژهەڵاتیەکی))بە تویکڵ دەمێنێتەوەو ڕێگە لە هەموو شیکردنەوەیەك دەبەستێتەوە. جەنەراڵ بارزانی کەمێك پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق ،چوو بۆ بارزان بۆ دیداری شێخ ئەحمەد ،ئەمە یەکەمین دیداریان بوو پاش یازدە ساڵان لە روخانی کۆماری مەهابادوهێوە.پاش ئەوەی یەکدیان لە ئامێز گرت،شێخ ئەحمەد گوتی:لەمێژە ڕۆیشتوی،نا؟پاش بێدەنگیەکی ٢٠دەقەیی شێخ ئەحمەد لێی پرسی((لە سۆڤیەت بەراز ڕاو دەکەن؟)) (١)

لە ئاستی سیاسیدا زەحمەتە بزانرێ بارزانی لە کوێ بووە.

ئەو کەسانەی کە لە پراگ دیتبویان،ماتوسەرسام بوون،دیار بوو کە بارزانی(لە سۆڤیەت مارکسیزمی خوێندبووومۆتاڵای کردبوو،کەسێکی((پێشکەوتوخوان))بوو.لە قسەو باسی دەگەڵ دۆستانی کوردیدا وشە وزاراوەی (بێگانەی سەر بە مارکسیزمی بە کاردێنا،بەڵام دیار نەبوو کە توانیبێتی ئەو وانانەی لەدوا ساڵانی مانەوەی لە سۆڤیەتدا خوێندبوونی هەرسی کردبن،نوری ئەحمەد تەها کە بۆ دیداری وی چوبووە بەغدا بە سوعبەتەوە دەیگوت:((بارزانی مارکسیزم بەروسی باش دەزانێ بەڵام نازانێ چۆن بەکوردی یان بەعەرەبی بەکاری بێنێ))"٩"

پێدەچێت بارزانی بەخۆی رونبینیەکی ئەوتۆی لەمەر ئەو شتە نەبووبێ کە دەبوایە بیکات.باسی ((مافێن کوردی))دەکرد،بەڵام بەشێوەیەکی گشتی.گومانی تێدانیە کە بارزانی پەیوەندیەکی زۆر نزیکی دەگەڵ سۆڤیەتەکان هەبوو،بارزانی هەر لە سەرەتاوە لایەنگری قاسم ونەیاری عارف بوو ،ئەمەش بێگومان بەقسەی سۆڤیەتەکان بوو ودەستی ئەوانیشی لەپشت بوو.

بەڵام بە چ مەبەستێك؟ئەم خاڵە ئەوەندە ڕوون نییە.

لەم قۆناغەدا واتە لە قۆناغی پاش گەڕانەوەی بۆعێراق،پەیوەندی بارزانی دەگەڵ سۆڤیەتەکان و کۆمونیستیەکان وهەمزە عەبدوڵلادا زۆر نزیك دەبێت:هەمزە عەبدوڵلا دەبیرخانەکەی بەرێوە دەبات،جالەم قۆناغەدا حیزبی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانی عێراق لە ١٩٥٨/١١/١٠دا بە مەبەستی گۆشار بۆ ئەوەی لە دەستوری دایمیدا شەریکایەتی کورد وعەرەب وەکو بەو جۆرەی لە

https://t.me/kurdistanbooks

مادەی سێی دەستوری کاتیدا هاتوە،تۆماربکرێ،پەیمان لەگەڵ حیزبی کۆمونیستی عێراق دەبەستیٚ"١٠".

**٦- پێشنیازی بارزانی سەبارەت بە کۆنگرەی سەرانسەری کوردستان:**

دیسان هەرلەم قۆناغەدا،واتە لە ئاخروئۆخری هەیڤی ١٩٥٨/١١ لە کۆبونەوەیەکدا بە ئامادەبونی هەمزەعەبدوڵا وبرایم ئەحمەدو نوێنەرێ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،بارزانی پێشنیازی ئەوە دەکات کە یەك حیزب بۆ سەرانسەری کوردستان دابمەزرێنیٚ،دەڵێ:((بەلای منەوە سنور نیە))و بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی خۆی بە یەکێك لەو ئێرانیانەی کە لە کۆبونەوەکەدا دەبن دەڵێ کە ببیٚ بە سکرتێری گشتی ئەو حیزبە تازەیە.

کە ئێرانی نێو براو دەڵێ ((من ئێرانم)) بارزانی لە وەڵامدا دەڵیٚ:((تۆ کوردیت))! بەلاّم کوردە ئێرانیەکان خۆ لەم کارە دووردەگرن ، بارزانی کەدەبینیٚ کۆمۆنیستەکانی عێراق و سۆڤیەتەکان و کوردەکانی ئێران دژی ئەم بەرنامەیەن کە خۆ بەخۆ ئەوە دەکات بە رێبەری سەرتاسەری کوردستان،چاوپۆشی لە ئەنجامدانی کارەکە دەکات، لە روانگەی هەڤرکانەوە،لایەنگرانی بارزانی لە رادە بەدەر راسترەون و بەرنامەیەکی روون ودیاریان نیە .

دوای چەند هەفتەیەك، واتە لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٥٨دا دەوڵەتی تورکیا کوردێکی تورکیا کە بەکرێگیراوی حکومەتی تورکیا دەبێت،دەنێرێتە نك بارزانی وداوای چەك وپارەی لێدەکات، بەلاّم بارزانی ئەم تەڵەیە پوچەڵ دەکاتەوەو پێی دەڵیٚ:((برۆ لە ئەمەریکاییەکان، یان لە روسەکان وەربگرە))"١١"

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا بارزانی بە دەسەلاّت وئیحتوبارێکەوە کە لە ئەنجامی هاوکاری و پشتیوانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە بە دەستی هێنا بوو، لە کاتێکدا کە برایم ئەحمەدی ترۆ کردبوو، دەگەڵ هەمزە عەبدوڵلاّ، خەسرەوتۆفیق، نوری شاوەیس، نەژاد عەزیز وحەمید عوسماندا کە هەموو (چەپرەو بوون ) حیزبی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان بەرێوە دەبات."١٢"

جەنەراڵ بارزانی وێرای ئەو تایبەتمەندیانەی کە کەسانێکی بەگلەیی دەیاندایە پاڵ ئەسڵی خێڵەکیانەی ئەو، ئێستا بیٚ چەندوچۆن لە کەسایەتیە((پێشکەوتووخوازەکانی))بەغدایە و بەڵگەی ئەم (پێشکەوتنخوازیە)ش ئەوەیە کە لە کودەتای موسڵدا بە یارمەتی جەنگاوەرانی کورد رژێمی قاسم لە کەوتن دەرباز دەکات.

**٧- کودەتای موسڵ** ( ١٩٥٩/٣/٨ )

لە شوباتی ساڵی ١٩٥٩دا، قاسم کابینەکەی تازە دەکاتەوەو نوێنەرانی راسترەوی عێراق ، واتە لایەنگرانی یەکێتی دەگەڵ کۆماری یەکگرتوی عەرەبی لە کابینەکە وەدەر نابوو.

پاشان خەڵکی بۆیان وەدەردەکەویٚ کە سەرهەنگ عارف لە ١٩٥٩/١١/٥ لە پاش کەشفی پیلانیك لەلایەن دادگایەکی نهێنییەوە دادگایی کراوەو حوکمی مەرگی دراوە."١٣"

لایەنگرانی ناسر هەرزوو کاردانەوە پیشاندەدەن.رۆژی١٩٥٩/٣/٧ خۆپیشاندانێك لە شەقامەکانی موسڵی دووەمین گەورە شاری ولاتی دراوسێی سوریا، بەرپادەبێت .

لە بەیانی رۆژی ١٩٥٩/٣/٨دا عەقید عەبدولوەهاب شەوافی فەرماندەی لەشکری پێنجەمی عێراق لە موسڵ،لە رادێوی موسڵەوە بەیانێکی توند دەخوێنێتەوەو خۆی بەوەوە بادەدات کە ((عێراقی لە

https://t.me/kurdistanbooks

شەڕی دارودەستەی قاسم نەجات دا)) شەواف هەر هەموو ئەو کەسایەتیە چەپانەی گرت کە بۆ بەشداری لە کونگرەی((لایەنگرانی ئاشتی)) (٥-١٩٥٩/٣/٧) هاتبوونە موسڵ وئالای کۆماری یەکگرتوی عەرەبی لەسەر بینای پارێزگادا هەڵواسی وعەرەبی بەدووی (شەممەر) لە دەوروبەری شارەوە دێنە هاوکاری ویارمەتی .

بەڵام حکومەت هەرزوو بارودۆخەکە کۆنترۆڵ دەکات، لەو شەش فڕۆکەیەی کە لە پایەگای موسڵدا پەیوەندیان بە کودەتاچیەکانەوە کردبوو تەنێ دووانیان بۆ بەغدا دەچن،بەڵام هێزی فڕۆکەوانی سەر بە دەوڵەت بارەگای عەقید شەواف بۆردومان دەکەن و شەممەرەکان بڵاوەپێدەکەن .

کودەتاکەی عەقید شەواف زێدەباری ئەوەی کە یارمەتی وپشتیوانی چاوەڕوانکراو بە دەست ناهێنێ، سەرتیب تەبەق چەلی فەرمانەدەی لەشکری دووەم لە کەرکوك بە پێچەوانەی چاوەڕوانی کودەتاچیەکانەوە،لە بری پەیوەندی بە کودەتاچییەکانەوە بکات بروسکەیەکی پشتیوانی بۆ حکومەت دەنێرێ.

بارزانی بێ سێ دوو پەیوەندی بە قاسمەوە دەکات وبەیانی رۆژی ٣/٩ جەنگاوەرانی کوردی هەڤبەندی(هێزێن بەرگری میللی) ئەمە رێکخراوێك بوو کە لە رۆژی دوای کەشفبوونی پیلانی ١٩٥٩/١١/٤دامەزرا بوو، دەچنە ئاقاری موسڵ‌و ئەم دەرفەت ودەلیڤەیە بۆ خۆ دەقۆزنەوە تا تۆڵەی خۆیان لەو مۆڵکدارە فیودالانە بکەنەوە کە پشتیوانییان لە هەڵگەرانەوەکەی شەواف کردووەو هەروەها تۆڵە لە عەشایەری عەرەبی شەممەریش دەکەنەوە .

کودەتاکەی شەواف، بەکوژرانی رێبەرەکەی کە بە برینداری لە خەستەخانە کەوتبوو،هەرەس دێنێ و پوچەڵ دەبێتەوە.موسڵ بۆ ماوەی ٤٨ سەعات لە دەست جەنگاوەرانی کورددا دەبێت ، کە بێ بەزییانە سەرتاسەری شار گەرەك بە گەرەك بە زەبری تفەنگی ئۆتۆماتیکی وچەقۆ لە گومان لێکراوان پاك دەکەنەوە. کودەتاچییەکان کە شەڕی ماڵ بە ماڵ دەکەن، لە کاتێکدا ژمارەیان بۆ ٤٠٠ کەس کەم بۆتەوە، سەرەنجام لە مزگەوتێکدا دەکەونە داوەوەو لە وێندەر لە ماوەیەکی کەم دا هەر هەموویان دەکوژرێن."١٤"

لە هەمان کاتدا لەسەرانسەری دەڤەری موسڵدا جۆرە((شۆرشێکی جوتیاری)) روودەدات: دێهاتیانی کورد بە گژ گەورە موڵکداران‌ودەرەبەگاندا دەچن و ماڵەکانیان دەسوتێنن ولەم بابەتە کارانە .

دەوری گرنگی کوردەکان لە سەرکوتکردنی کودەتای موسڵ، لە نێو خودی شارەکەدا کە خەسرەو تۆفیق رێبەری رێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە وێندەر دەکردو هەروەها لە دەرێی شاردا کە رێگەی پاشەکشەی شەممەرەکانیان بۆ سوریا گرتبوو . شایەنی ئەوە بوو کە کوردەکان بە پارێزەر وپشتیوانی قاسم پێناسە بکات.

ئەم رووداوە دامەزراندنی((بلۆکی قاسم – حیزبی کومونیست – حیزبی دیموکراتی کوردستان)، کە لەو زەمانەدا حوکمڕانی عێراقی دەکرد،دەکات بە کارێکی پیرۆز. خۆلاسە ئەمە قۆناغی مانگی هەنگوینی نێوان حیزبی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان‌وقاسمە کە مۆڵەتی حیزب دەدات لە ١٩٥٩/٤/٤ رۆژنامەی دووەمی بە نێوی خەباتەوە دەربکات.

https://t.me/kurdistanbooks

**٨- نەورۆزی ١٩٥٩ :**

پانزە رۆژ پاش سەرکوتکردنی کودەتای موسڵ، کوردەکان لە سلێمانی ئاهەنگێکی یەکجار گەورە و شکۆدار بەبۆنەی نەرۆزەوە،واتە بەبۆنەی رۆژی یەکەمی ساڵی هەتاویی ئێرانییەوە دەگێرن.شار بە وێنەی گەورەی جەنەراڵ قاسم و بارزانی و(( قارەمانانی نەتەوەیی) وەك شێخ سەعید و شێخ مەحمود دەڕازێتەوە.کوردەکان رێپێوانێکی هەزاران کەسی گەورە بە هاوبەشی رێکخراوی لاوان و جوتیاران و یەکێتی کرێکاران، ساز دەکەن .

لەم خۆپیشاندانەدا، ڕێبەرانی حیزبەکان، وتاری گەرم وگوڕو پڕ جۆش وخرۆشیان لە مەڕ ستایشی جەنەراڵ قاسم و کۆماری عێراق ویەکێتی کورد وعەرەب خوێندەوەو سلاّو دروودیان بۆ نەتەوەی کوردی (( هێشتا بندەست وزوڵملێکراو نارد)) ئەم ئاهەنگە گەورەیە بە نمایشی، نمایشنامەی ئەفسانەی ئێرانی، شۆرشی کاوەی ئاسەنگەر دژی زوحاك کۆتایی هات:ئەم نمایشنامەیە لە سەرسەکۆو کەژاوەی گەرۆك نمایشکرا، لەم نمایشنامەیەدا کاوە رەمزو نیشانەی کورد و زوحاك نیشانەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزو ئەمەریکا و((رەگەز پەرستی)) ناسری بوو .

***٩- بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانی عێراق* ( ١٩٥٩/٥ ):**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێڕاق ،لە ئاخر وئۆخری بەهاری ١٩٥٩دا،بە رێبەری بارزانی و بە مودیریەتی هەمزەعەبدوڵلا ئەوەندە لە وەرگرتنی تێزی ئەنتەرناسیونالیستی ورێبازی شیتەڵکاریانەی حیزبی کومونیستی عێراقی نزیك بوو بووەوە کە هەرگیز جارێکی دی ناگاتە ئەو نزیکییە. ئەو بەیاننامەیەی کە لەلایەن خودی حیزبەوە بلاّو بوەوە بەڵگەی تەواوی ئەم کارەیە:

((حیزبی ئێمە هەمیشە حیزبی خەباتی هاوبەش دژی ئیمپریالیزم وکۆنە پەرستی وفیودالیزم بووە ودەبێت.حیزبمان بەرگری لە بەرژەوەندی خەڵکی عێڕاق ، بە هەموو کەمە نەتەوەییەکانەوەو بەرگری لە بەرژەوەندی چینێن ئەنتی ئیمپریالیست و ئەنتی فیودالیزم کردووەودەکات .

حیزبمان لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا، لە پێناوی دابینکردنی مافی نەتەوەیی و مکوم کردنی یەکێتی دەنێو کوردوعەرەب کە دەست لە نێودەست بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراتییەکەیان وپتەکردنی کۆمار وبوژاندنەوەی ئابووری و کۆمەلایەتی کۆمار کار دەکات و پەیوەندی عەرەب وکوردێن عێراق لەسەر بناعەی ئامانج وچارەنوسی ئەم دوومیللەتە وبرایەتی راستگۆیانە ویەکێتیی ئازادانە لە پێناوی موکوم کردنی سەربەخۆیی و پشتیوانی دیموکراسی رۆنراوە.

جا لەم روانگانەوە حیزبمان دژمنانی عەرەب ودژمنانی ئازادی ویەکێتیی عەرەب، بە دوژمنانی میللەتی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد ودژمنانی خۆی دەزانێ.بیرتەسکانی ناسیۆنالیستی گۆشەگیری نێو کورد، دژمنانی حیزبی ئێمەن، کۆنەپەرستانی ئەنتی دیموکراتی کورد، خراپترین دژمنانی گەلی کورد وحیزبی ئێمەن ))"١٥"

ئێستا کوردەکان سەبارەت بە مافی نەتەوەیی خۆیان زۆر بە پارێزو پەردەپۆشانە قسە دەکەن خەبات، رۆژنامە رەسمیە تازەکەی حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان لە یەکەمین ژمارەی خۆیدا تەنێ داوای((مافی ئیداری و رۆشنبیری بۆ کوردستان )) دەکات"١٦" .

https://t.me/kurdistanbooks

بەلام پچڕانی پەیوەندی نێوان بارزانی وکومونیستەکان،زۆر دوورنیە، ئەم پەیوەندی پچرانە لە زەمانی هەستان وڕابوونی فیوداڵە کوردەکانی ناوچەی رەواندزو لە هەلومەرجێکی زۆر ئالۆز و تەم و مژاویدا روو دەدات.

### ١٠- هەستانی فیوداڵە کوردەکانی ناوچەی رەواندز:

( ٥ /١٩٥٥ ( دەبێ ساڵی ١٩٥٨ بێ )!

چەند هەفتەیەك دوای هەراوکودەتاکەی موسڵ، سەرانی کوردی ناوچەی رەواندزیش لەلای خۆیانەوە لە هەلومەرجێکی تا رادەیەك ئالۆزدا،دەهاروژێن وهەڵدەستن: تاکو ئەمرۆکەش هۆکاری ئەم شۆرش وهەستانە،کە شێخ رەشیدی لۆلان وزاواکەی مەحمود خەلیفە ومەحمود ئاغای زیباری وداود بەگی جاف، یانی دژمنانی تەقلیدی بارزانی لە دەوری یەك خڕکردەوە، بە تەواوی نەزانراوە ، لەم راپەرینەدا شێخ محەمەد سەدیقی کوری سەید تەهاش بەشداری کرد جاران بەینی دەگەڵ بارزانیدا باش بوو، دوور نیە سەرانی کورد،کە پێشتر بەهۆی یاسای ریفرۆمی کشتوکاڵی ٣٠/ یەیلولی/ ١٩٥٨ لە دەوڵەت رەنجا بوون ، نیگەرانی ئەوە بووبن کە کوردستان بەرە بەرە بەرەو ئەوە دەچوو بکەوێتەدەست نیمچە سوپاییانی کومونیست(هێزی بەرگری میللی)، کە ماوەیەك لەوەو بەر لە رووداوەکانی موسڵدا بەدرەفتاریان دەگەڵ ژمارەیەك لە موڵکداران کرد .

ئەم راپەرین و((ئاژاوە))یە بەزویی لەلایەن سوپای عێراقەوەو بە بەشداری پارتیزانانی(یەکێتیی جوتیاران)و لایەنگرانی بارزانی سەرکوتکراوزۆربەی سەرانی شۆرش وچەکدارەکانیان بۆ تورکیا وئێران هەلاتن،(چوار هەزار بۆ تورکیا ودوو هەزار بۆ ئێران) هەلاتن.

لەم سەروبەندەدا بەینی بارزانی وکومونیستەکان تێك دەچێت: بارزانی کە لە کوردستانەوە دێتەوە دەڵێ( کۆمونیستەکان دەیانویست بمکوژن!))... ئایا بەراستی هەوڵی کوشتنی درابوو؟ یان بارزانی لەو رەفتارەی چەکدارانی کومونیست تورەبوو بوو کە لە دێهاتییانی کوردیان دەپرسی:((کوردیت یان کۆمونیست)) ئەمە یەکێکە لە رووداوە نهێنی ئامێزەکانی ژیانی بارزانی ، کە کوردەکان لە خەمی روونکردنەوەیدا نین و باسی ناکەن .

بەلام دوای ماوەیەکی کەم لەوە بەدواوە بارزانی لە هەمزە عەبدوڵلا کە بەرگری لە کۆمونیستەکان دەکرد تورەوزویر بوو.

دوورنیە کە بارزانی لەو دەسەلاتە گەورەیەی کە هەمزە عەبدوڵلا لە ناو((لقی کوردستانی)) حیزبی کۆمونیستی عێراقیدا پەیدای کردبوو،ترسا بێت، چونکە ئەم دەسەلاتە بە رادەیەك بوو کە ((کادرانی حیزبی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان )) ناچار بوون بە شێوەی نیمچە نهێنی بژین! لە سلێمانی وهەولێروکەرکوك جەماوەری خەلکی، سەر بە حیزبی کۆمونیست بوون و پەیرەوی رێنوێنییەکانی حیزبی کومونیستیان دەکرد"١٧".

کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق(جارێکی دی حیزبی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانی عێراق ، ناوی خۆی گۆری و بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق) لەم سەروبەندو لەم هەلومەرجەدا کە نووسەرانی کورد باسی ناکەن ، کرا. گروپی هەمزە عەبدوڵلا بە زەبری هێز لادەبرێن وگروپی نێردراوی بارزانی شوێنی دەگرنەوە، برایم ئەحمەد سەر لە نوێ دەبێتەوە بە سکرتێری گشتی ،و لە ناو مەکتەبی سیاسیشدا لەلایەن جەلال تاڵەبانیەوە کە((گورگی

https://t.me/kurdistanbooks

گەنجی رادیکاڵ))ی حیزبە، پشتیوانی لێدەکرێ وپاشان دەبێت بە زاوای برایم ئەحمەد، هەروەها عمر مستەفا ونوری شاوەیس وعەلی عەبدوڵلا کە بێ چەند و چۆن گوێرایەڵی بارزانین."١٨"

پاش ئەم روداوە، هەندێ کەسی سەر بە باڵی چەپی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە حیزب جیادەبنە وە. دکتۆر مەحمود عوسمان یەکێك دەبێت لەوانە، بەلام لە ساڵی ١٩٦٢ دەگەرێتەوە ناو حیزب و دەبێت بە (( گوێرایەڵ))وهاوکاری نزیکی بارزانی."١٩"

**١١- تێکچوونی بەینی بارزانی و قاسم:**

جەنەراڵ قاسم،سەرەنجام لە ١٩٦٠/١/٦دا مۆڵەتی کارکردنی یاسایی بە سێ حیزب دەدات، حیزبی دیموکراتی نەتەوەیی، حیزبی تازەی دیموکراتی کوردستان، حیزبی کۆمونیست، بەلام نەك حیزبی کۆمونیستی راستەقینە ،کە قاسم دوای هەراوپەشێوییەکانی کەرکوك (١٩٥٩/١/١٤) لەگەڵی تێکی دابوو، بەڵکو ئەو باڵەی کە جیابوو بووەوە،و حیزبی دیموکراتی کوردستان مۆڵەت وەردەگرێ کە بلاوکراوەیەکی نوێ دەربکات : کوردستان .

لێ سەردەمی ئاشقێنی قاسمو کوردان هەر لە هەمان سەروبەندا کۆتایی دێت، وەکو عیسمەت شەریف وانلی مێژوونووسی کورد دەڵێ جەنەراڵ قاسم لە دیدارێکی (دۆستانە) دا لە سەرەتای هەیڤی (١٩٦٠/١)داوا دەکات ((بەپەلە))ئەو مادەیەی دەڵێ یەکێك لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان((بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی عێراقدا))لابرێ."٢١" برایم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق قایل دەبن ئەم ئاماژەیە بۆ ئۆتۆنۆمی لە بەرنامە لابرێ، بەلام کۆنگرەی پێنجەمی حیزب کە لە ٥-١٩٦٠/٥/١٠ بەردەوام بوو ، لەم بارەیەوە سەرزەنشتیان دەکات،مادەی شەشەمی بەرنامەی پەسندکراوی ئەم کۆنگرەیە بڕیاردەدات کە حیزبی یموکراتی کوردستانی عێراق دەبێ (( پتر هەوڵ بۆ مکوم کردنی پەیوەندی برایەتی نێوان میللەتانی کورد وعەرەب وکەمە نەتەوەییەکانی دی بدات)) و (( مافی نەتەوەیی گەلی کورد ودابینکردنی ئۆتۆنۆمی لە چوار چێوەی عێراقی یەکگرتوودا و چەسپاندنی ئەم مافە لە دەستوری هەمیشەییدا بەرەوەپێش بەرێ))

بەلام لەگەڵ ئەمەشدا کەموزۆر پەشێوی هەیە، هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ جۆری پەیوەندی بارزانی دەگەڵ حیزبی دیموکرات و پەیوەندی کوردان دەگەڵ قاسم وکۆمونیستەکان .

قاسم لە مانگی ١٩٦٠/٣دا رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دوای شۆرشی تەمووزی ١٩٥٨ هاتبوونە عێراق،و بە کومۆنیستی دەزانین لە عێراق وەدەریان دەنێ .

یەکێك لەوانە پەیام دەداتە بارزانی(( قاسم گەمەی پێدەکات، پاش ئەوەی کومونیستەکان سەرکوت بکات ، ئەوسا ولەوەختی خۆیدا ئەویش سەرکوت دەکات))

لێ بارزانی لەلای قاسم هیچ شەفاعەتێکیان بۆ ناکات ولێدەگەرێ کە کوردە ئێرانیەکان لە عێراق وەدەر بنێن .

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێنجەمین کۆنگرەی خۆیدا لە مانگی ١٩٦٠/٨ لە کاتێکدا کە بارزانی بە کردەوە لە کۆمونیستەکان دوور کەوتۆتەوە، سروشتی (شۆرشگێری) حیزب وەکو نوینەر((کرێکاران، جوتیاران، فەرمانبەران و پیشەوەران و رۆشنبیرانی شۆرشگێری کوردستان))

https://t.me/kurdistanbooks

دوویـات دەکاتـەوەو((لـە خـەباتی سیاسـی و شـیکردنەوەی کۆمەڵایـەتی خۆیـدا سـوود لـە بنـەما زانستیەکانی مارکسیزم – لینیزم))وەردەگرێت .
بارزانی لە ١٩٦٠/١١/٣دا بۆ بەشداری لە ساڵیادی شۆرشی روسیادا،بۆ مۆسکۆ دەچێت خرۆشۆف لەم دیدارەدا زۆر بەرێزەوە رەفتاری دەگەل دەکات، بارزانی تا ناوەراستی مانگی ١٩٦١/١ بۆ بەغدا ناگەرێتەوەوکەس چ شتێك لەمەڕ ئەوەی دەنێو ئەو وریێبەرانی سۆڤیەتدا ڕویداوە نازانیّ
لەم سەروبەندەدا پەیوەندی بارزانی وقاسم زۆر بە خراپی بەرەو تێك چوون دەچێت .

**١٢- هۆكاری بڕینی پەیوەندی دەگەڵ قاسم دا :**

قاسـم لـە قۆناغـەکانی یەکـەمی حـوکمڕانی خۆیـدا لـە ١٩٥٨/٧/١٤-١٩٥٩/٧/١٤ پشـتی بـە کۆمونیستەکان بە ستبوو، کە زیاد بوونی دەسەڵاتی کۆمەنیستەکان دەبینیّ هەست بە خەتەر دەکات ، ئەوجا بادەداتەوە و پشت (بەڕاست)ی عێراقی دەبەستیّ، یانی پشت بە باڵی راستی حیزبی دیموکراتی گەل وتەنانەت ناسۆنالیستانی عەرەب دەبەستیّ،ئەم دووروویی وئالۆزەییەی کە لە تایبەتمەندیەکانی رژێمی قاسم دەرهەق بە کوردەو لە دژایەتی مادەی ٢و٣ ی دەستوری کاتیدا رەنگی داوەتەوەو بەرجەستە بووە، سەرەنجام لە ١٩٦٠/١١/١٩دا دەکەوێتە روو: لەم رۆژەدا برایم ئەحمەدی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەبەر ئەوەی لەسەرگوتاری رۆژی ١٩٦٠/١١/١٩ی رۆژنامەی خەباتدا ،ئەم ناکۆکیەی دەست نیشان کردووە، بۆ دادگا گاز دەکریّ .
دوای چەند مانگێك ئەم باس ومشتومڕە لە((الثورة))ی ئۆرگانی حکومەتدا دەست پێدەکاتەوە ، رۆژنامەی نێو براو لە گوتارێکدا بە نێوی ((نەتەوەی عەرەب ومەسەلەی کەمە نەتەوەییەکان )) دوپاتی دەکاتەوە کە چارەنووسی((کەمە نەتەوەیی کورد لە عێراق))دا بەندە بە چارەنووسی نەتەوەی عەرەبەوە((دەبیّ ئەم کەمە نەتەوەییە رام بکریّ ورابکێشریّ))"٢٣"
رژێمی قاسم رێبەرانی کورد دەخاتە ژێر گوشار: لە مانگی ١٩٦١/٣دا برایم ئەحمەد بە کوشتنی یەکێك لە فیوداڵانی شەقڵاوە بە نێوی سەدیق میران عوسمان کە لە ساڵی ١٩٦٠دا لە ئەنجامی پێکدادانی یاران و نەیارانی بارزانیدا کوژرا بوو ، تاوانبار دەکریّ .
عومەر مستەفا، کە ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی دەبیّ ،دەگیریّ و بۆ باشورر نەفی دەکریّ
قاسم شان بە شانی ئەم کارانە دەکەوێتە گیانی چاپەمەنی وبڵاڤۆکێن کوردی: کوردستان ، ئازادی، دەنگی کورد، هەتاو یەك لە دوای یەك رادەگیرێن، و خەباتی ئۆرگانی رەسمی حیزبیش لە ئازاری ١٩٦١دا دەکەوێتە نەدیوی.
هەروەها لە هەیڤی ١٩٦١/٣دا جەنەراڵ بارزانی کە چیتر لە بەغدایە هەست بە ئەمینی ناکات بۆ بارزان دەڕوات!تا شەش مانگان لەوەدواش شەڕ دەست پێناکات.بەڵام دەتوانریّ بگوتریّ کە لە هەیڤی ١٩٦١/٣وە بەینی بارزانی و قاسم بە عەمەلی تێکچوو.
وەزع بە ئەندازەیەك خراپە کە لە هەیڤی ١٩٦١/٤دا کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمبونەکی دەکات سەبارەت بەوەی بڕیار بدات کە ئایا پێویستە ((بە خۆی شۆرش رابگەیەنیّ یان بە پێچەوانەوە هەڵوێستێکی دیفاعی وەربگریّ ، تا قاسم بەخۆی پەلاماری بارزان بە تایبەتی یان کوردستان بە گشتی، بدات))"٢٤"

https://t.me/kurdistanbooks

جەلال تاڵەبانی لایەنگری دەست بە جێی شەڕ بوو، بەڵام رای کەمینەی دەگەڵ بوو. لە هاوینی ساڵی ۱۹٦۱دا حیزبی دیموکراتی کوردستان،لە هەیڤێن شەش"۲٥"وحەوتدا"۲٦" دوو جار هەوڵی ئاشت بوونەوە دەدات ، بەڵام قاسم هەردوو هەوڵەکە رەت دەکاتەوە و زۆر بە زیرەکانە و بە هێنانەکایەی مەسەلەی کوێتەوە خۆی لە بابەتەکە دەدزێتەوە .

حکومەت رێگە لە کۆنگرەی ساڵانەی حیزبی دیمورکاتی کوردستان دەگرێ و تەنانەت لە گەرمەی ئاهەنگی سێیەمین ساڵیادی شۆرشی تەمووز لە بەغدا، شەڕی توند لە دەڤەری بارزان دەنێو لایەنگرانی بارزانی ومەحموود ئاغای زێباریدا روو دەدات .

## ۱۳- تەرازنامە و ئەنجامی کاران:

ئەم سێ ساڵە ئاشتییەی کە لە مێژووی کوردا بێ پێشینەیە، یەکجار گرنگە .

هەرچەندە لە روی سیاسیەوە ئالۆزیوپەشێوی زاڵ بوو، باس ومشتومڕ لەسەر وەزعی کوردستانومافی نەتەوەیی گەلی کورد زۆر توند بوو، لەگەڵ ئەمەشدا کوردێن عێراق وێرای تەبیعەتی تاکڕەوانەی حکومەت ودکتاتۆریەتی قاسم، کە رۆژ بە رۆژ توندتر دەبوو ،لەم سێ ساڵەدا ئازادی دەربڕین و کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی تەواویان هەبوو، چاپەمەنی وبڵاوکراوەی کوردی بوژاندنەوەو گەشانەوەورەونەقێکی بێ وێنەیان بەخۆوە بینی. بوونی ژمارەیەك لە رێبەرانی کوردی ئێران لە بەغدا، لەم قۆناغە کورتەی ئاشقێنی نێوان قاسم وکوردان خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی ئەو بایەخەیە کە عێراق لە بزاڤی کوردایەتیدا هەیبووە .

حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە دەرفەتی کارکردنی ئاشکرای بۆرەخسا بوو، توانی خەڵکێکی زۆر بە ئەندام وەربگرێ و رێکخستنێك بنیات بنێ کە سەرانی بەغدا هەرزوو، و بەداخەوە زەبت ورەبتی ئەم رێکخستنەیان جەڕباند .

بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم سێ ساڵەی پاش شۆرشی ۱۹٥۸/۷/۱٤ هاوکاتە دەگەڵ دەرکەوتنی بارزانیدا وەکو رێبەری راستەقینەی نەتەوی کورد: پاش ساڵانی قاڵبوونەوەو کارامە بوون وفێر بوون (ساڵانی ۱۹۲٤- ۱۹۳۱)ویەکەمین نەفی لە عێراقدا (۱۹۳٤-۱۹٤۳)،ساڵانی ئەزموون(۱۹٤۳-۱۹٤۷)وسەرەنجام دووەمین نەفی ودور کەوتنەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت (۱۹٤۷-۱۹٥۸) مەلا مستەفا بارزانی کە تا ئەو زەمانە پارتیزانێك، رێبەری سوپایی گروپێك، رێبەرێکی عەسکری بە بیروبۆچوونی ناسیونالستی ئاشکرا، بەڵام کەم و زۆر تەمومژاوی بوو، دەبێت بە پیاوێکی سیاسەتوان .جڵەوی چارەنووسی گەلی کوردی عێراق دەگرێتە دەست و دەسەڵاتی خۆی بەسەر حیزبێکدا کە خۆی(( سەرەك ودامەزرێنەر))ی بوو دەسەپێنێ ،سەرکێشان لە حیزب وەدەر دەنێ و خۆی وەکو رێبەری نەتەوەیی هەموو کوردێن عێراق بە هەمووان ،بە جەماوەری خەڵك، بە جەنەراڵ قاسم و بە سۆڤیەتەکان دەناسێنیٚ.

بارزانی،زاهیری پێی ناخۆش نەبوو کە رێبەری هەموو کوردان بێ ،بەڵام ئەمەی بۆ نەچووە سەرو ، ئەمە یەکەمین ناکامی ئەو بوو، بەڵام تەنێ ئەمە نەبوو .

جەنەراڵ بارزانی عەیبێکی گەورەی هەیە:نازانێ حیزب چییە!.. و حیزب بە ((هۆوئەوزار)) دەبینێ، بە پێی تواناودەسەلات بیردەکاتەوە، بەڵام بیری(( باسومناقەشە))و((بەشداری))،واتە بە شێوەیەکی سەرەتاییانەش(دیموکراسییەت))وەرناگرێ وحیسابی بۆ ناکات(۲) .

https://t.me/kurdistanbooks

جەنەراڵ بارزانی لە ساڵانی جۆش وخرۆشی شۆرشدا هەرگیز بە راستی دەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستاندا تێکەڵ نابێ وناگونجێ ، کاتێك کە لە سیاسەتی حیزب نارازی دەبێت ، سکرتێری حیزب لادەبات ویەکێکی دی لە جێی ئەو دادەنێ ، پاشان ئەو لە کار لادەبات و یەکەم دەگەرێنێتەوە...بەڵام لەبەر ئەم هۆیە،هەمیشە لەنگییەك لە پەیوەندی نێوان ئەم حیزبە شۆرشگێرە ورێبەرەکەیدا دەبینرێ.هەر ئەمەش هەوێنی قەیرانی ساڵی١٩٦٤وداروخان وهەرەسی یەکجارەکی حیزبە لە ساڵی ١٩٧٥دا.

**١٤- سەرچاوە و پەراوێزان :**

١- لۆمۆند ١٩٥٨/٧/١٥

٢- رژهەلات ١٩٥٨، ژمارە ٧ ،پ روندۆ.(( مەسەلەی کورد لە بەردەم بزاڤێن عەرەبیدا)).

٣-دکتۆر شاکر خەسباك،کوردو مەسەلەی کورد،بەغدا شوباتی ١٩٥٩کە لە روندوەو لە رۆژهەلات ١٩٥٩وە وەریگرتووە ، ژمارە ١٠.

٤- ژیاننامەی عارف نووسینی ئەریك رولو،لۆمۆند ،١٩٦٣/١١/٢٠

٥- رۆژهەلات ١٩٥٨ ، ژمارە ٨ (( بارودۆخ لە عێراق)) دا نووسینی جۆرج کلن.

٦- بزووتەنەوەی نەتەوەیی کورد، و. جوەیدە.

٧- بروانە سیاسەتی سۆڤیەت لە رۆژهەلاتی ناڤیندا لە ١٩٥٥- ١٩٧٥ ل ١١٩، نووسینی هیلن کاردانکوس .

٨- بروانە پەراوێزی ژمارە ٣ل ٣٤٨ی کوردستانی عێراق ، نووسینی عیسمەت شەریف وانلی.

٩- بە گوتەی یەکێك لە بینەران .

١٠- بروانە کتێبەکەی عیسمەت شەریف وانلی، ل ١٦٧

١١- سەرچاوەی نهێنی .

١٢- حەمید عوسمانی سکرتێری گشتی جارانی حیزبی کومونیستی عێراق.

١٣- بۆ زانیاری لەمەڕ ئەم رووداوە، بروانە رۆژهەلات ١٩٥٩،ژمارە ١٢((دادگایی عارف)) نووسینی سیمون جارجی،هەروەها رۆژهەلات ژمارە ٨(( بارودۆخ لە عێراقدا)) نووسینی جۆرج کلن .

١٤-رۆژهەلات ١٩٥٩، ژمارە ٩ (( هەرای موسڵ)).

١٥- لەلایەن یەکێتیی گەلەوە ١٩٥٩/٥/٧ بڵاوبووەتەوە.ر.کوستی وەریگێراوەو لە بەرپەرێن ١٥٩-١٦٠ گۆڤاری رۆژهەلات ،١٩٥٩ بلاوی کردۆتەوە.

١٦- بروانە گوتاری نەرەوان ، لە رۆژهەلاتدا ١٩٥٩، بەرپەرێن ١٥٥-١٥٧

١٧- عیسمەت شەریف وانلی ل ٩١

١٨- عیسمەت شەریف وانلی ، شوێن ورۆژی کۆنگرەکە ناو نابات

١٩- عیسمەت شەریف وانلی ل١١٧

٢٠- ئەم کەسانە سەرکردایەتی حیزبی کومونیستی راستەقینەی عێراقیان دەکرد، سەلام عادل سکرتێری گشتی، عەزیز محەمەد(سکرتێری گشتی لە ساڵی ١٩٧٦)وەو زەکی خەیری، بەڵام ئەو گروپە لادەرەی کە قاسم پشتیوانی لێدەکرد لە لایەن داود سایغەوە رێبەری دەکرا .

٢١- عیسمەت شەریف وانلی ل ٨٨

https://t.me/kurdistanbooks

٢٢- هەمان سەرچاوە ، بەپەڕێن ٩٠-٩١
٢٣-هەمان سەرچاوە ل ٩٤
٢٤- نامەیەکی جەلال تاڵەبانی بۆ عیسمەت شەریف وانلی ل ٩٩
٢٥- بڕوانە کتێبی عیسمەت شەریف وانلی ، ل ٩٥-٩٦ و پەراوێزی ل ٣٤٩
٢٦- هەمان سەرچاوە ل ٩٦-٩٧-٩٨

تێبینی : ئەم زانیارانە لە رێزدار ساڵح مەحمود بارزانی وەرگیراون :(وەرگێڕی کوردی)

(١) بارزانی کە چووە خزمەتی مورشیدی گەورە شێخ ئەحمەدی بارزانی زۆر بە گەرمی یەکتریان لە ئامێزگرت ،حاڵ و ئەحواڵی خۆی و هەموو هەڤالانی پرسی، کێ ماوە، کێ بە رەحمەتی خوا چووە ؟.. پاشان شوکری خوای دەهەندەودلۆڤانی کرد کە هەمووان جارێکی دی لە سایەی مەشایەخان یەکیان گرتەوە ودیتەوە .

(٢) بارزانی، بوونی حیزبی بەلاوە گرنگ ومەبەست بوو و هەمیشە دەیگوت هیچ شۆرشێك بێ حیزبێکی سیاسی سەرناکەوێ..خۆی بەلای کەمەوە بۆخۆی دامەزرێنەری لێژنەی ئازادی بووە ، دامەزرێنەروسەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بوونی حیزبی بەلاوە گرنگ بووە .

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی شەشەم :شەڕی قاسم**

بەمجۆرە ئەو هیوا گەورەیەی کە لە ئەنجامی شۆرشی تەمووزی عێراق وروخانی رژێمی پاشایەتی عێراق پەیدا بوو، هەڵوەری:سێ ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی دەستوری کاتی ١٩٥٨/٧/٢٧،کوردوعەرەب نەیانتوانی بوو قەواڵەوپەیمانێك بۆ پتەوکردنی پەیوەندی خۆیان لە ناو کۆماری عێراقدا ئامادە وتۆمار بکەن.گەنگەشەومشتو مڕ دەنێوان ناسیونالیستانی کوردو عەرەب بەرەو ئەوە دەچوو بە زەبری چەك چارەسەری بکرێ .

لە راستیدا، ئەو شەڕەی کە لە ساڵی ١٩٦١دا دەستی پێکرد و ناو بە ناو بۆ ماوەیەکی کەم نەبێ ، تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو، سەرەنجام چ شتێکی حەل وفەسڵ نەکرد، ئەم شەڕە کە بە مانای وشەی شەڕ، شەڕ بوو. بریتی بوو لە زنجیرە شەڕێکی بچووك کە ناو بە ناو ئاگربڕێکی کەم تا زۆریان بە پێی گۆرانکاری بارودۆخی سیاسی عێراق دەکەوتە بەین، هەڵبەتە ئەم بارودۆخە سیاسیانەش دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو شەڕانە وهەندێ جاریش بارودۆخە سیاسیەکان، دەبوونە مایەی هەڵگیرسانی شەڕەکان .

لە ماوەی ئەم چواردە ساڵە دا، بەلای کەمەوە چوار رژێم ،بە زەبری چوار کودەتای کەمدابێژێك خێناوی، جێی یەکتر دەگرنەوەو لە بەغدایا دێنە سەر حوکم .

سیناریۆی ئەم رووداوە شتێکی ئاسایی وتەقلیدیە: لە دوای هەر کودەتایەك، ئەو گروپە تازەیەی دێتە سەر حوکم، پەیوەندی بە کوردەکانەوە دەکات، کوردەکانیش کە ماندووی شەڕی رژێمی پێشودەبن، ئاگربڕ قبوڵ دەکەن وئەم ئاگربڕە دەرفەتی رێبەرانی تازەی بەغدا دەدات کە دەسەڵاتی خۆیان قایم بکەن .

هەڵبەتە رژێمی تازە هەر کە هەستی کرد ئیدی دەتوانێ لە کورد بێ منەت بێ، بەهەمان سەرسەختی رژێمی پێشو دێتە مەیدان و شەڕ وپێکدادان دەست پێدەکاتەوە .

تەنیا رێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١ توانی، هەرچەندە بە شێوەیەکی نوقستان بوو، بناغەیەکی تازەی ماف و پەیوەندی لە نێوان هەردوو کۆمەڵگەی کوردوعەرەبدا دابرێژێ: بەڵام ئەم رێکەتنامەیەش پووچەڵ بووەوەو دوا بۆیەرێن شەڕ،بە هەرەسی ئەو بزووتنەوەیە شکایەوە کە بارزانی رێبەری بوو .

**١- سەرەتای شەڕ وشۆڕ:**

شەڕ لە هەڵومەرج و بارودۆخێکی هەندێك ئاڵۆزدا دەست پێدەکات"١"، بارزانی لە ئازاری ١٩٦١ دەچێتە بارزان، بەرە بەرە شەڕی نێوان بارزانیان وزێباریان زیاد دەکات تومەز قاسم ژێراو ژێر چەك و پارەیان وێدەدات .

جەنەراڵ بارزانی لە ٧/١٥دا ژمارەیەك چەکدار بۆ تەمبێ کردنی زێباریەکان دەنێرێ، شەڕ وپێکدادان تا ١٩٦١/٧/١٩ بەردەوام دەبێت، شەڕەکە بە شکستی سەرۆکی زێباریەکان کۆتایی دێت و بەناچاری پەنا وەبەر تورکیا دەبات.

لە راستیدا حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رەوتی رووداوەکان دوا دەکەوێ، لە مانگی ئەیلولی ١٩٦١دا کوردستان لە جموجۆڵدا بووە، ژمارەیەك لەسەرانی عەشیرەتەکان بەبێ پرسی حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆ ساز دەدەن ودەکەونە شەڕفرۆشتن بە( یەکەکانی سوپای عێراقی) ئەگەر چی هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەم بۆیەرە روونە، لێ هیچ ئاشکرا نیە

https://t.me/kurdistanbooks

هەڵوێستی بارزانی لەم سەروبەندەدا چی بووە، ئایا ئەو بووەتە مایەی ئەم هەرا وهەنگامەیە ؟ ئایا لێبڕاوە جڵەوی وەزع و حاڵەکە بگرێتە دەست خۆی ، زۆر پرسیاران لەم بابەتەوە هەن کە تاکو ئەمرۆ بێ وەڵام ماونەتەوە .

لە ١٩٦٠/٩/٦دا حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی یادی شەهیدانی خۆپیشاندانەکەی ١٩٣٠/٩/٦ی سلێمانییەوە مانگرتنێکی گشتی ساز دەکات، سێ رۆژان لەوە دوا سوپای عێراقی هێرش دەکاتە سەر عەشیرەتە کوردەکان، لە رۆژی شازدەیەمدا ،(بارزان) یش بەر هێرش و پەلامار دەکەوێ و لە ١٩٦١/١٢/٢٤ جەنەراڵ قاسم لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەوانیدا جاڕی لە دایك بوون و ((هەرەسی)) شۆرشی کوردان و هەڵوەشانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان رادەگەیەنێت"٢"

**٢- هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان:**

لێ حیزبی دیموکراتی کوردستان چەند هەیڤێك دوای رووداوەکە دەکەوێ، رێبەرانی حیزب ، بە تایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا دەمێنێتەوەو درێژە بە گفتوگۆیان دەگەڵ قاسمی دەدەن .

برایم ئەحمەد دوای چەند مانگێك بە ئەریك رولیوی پەیامنێری تایبەتی لوموند دەڵێ"٣":((حیزبی دیموکراتی کوردستان هەنگینێ پێی وانەبوو بتوانی لە بەرانبەر هێزی سوپای عێراقی بوەستێ و مقاوەمەتێکی جیدی پێ بکرێ ، دێهاتییەکان شەڕێکیان بۆ نابووینەوە کە ئێمە پێشوەختە بە دۆڕاومان دەزانێ، بۆیە حیزب لە هەیڤی ١٩٦١/١٢دا ئەوجا بە رەسمی چووە ژێر باری بەرێوەبردنی شەڕەکان))

لە راستیدا حیزبی دیموکراتی کوردستان تا هەیڤی ئازاری ١٩٦٢ بە شێوەیەکی جدی بەشداری شەرەکان ناکات .رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەرگیز دەربارەی ئەم سیاسەتی سەبر و چاوەراونیە ،کە بە هەمووحاڵێك سەیرە، رونکردنەوەیەکیان بڵاونەکردووەتەوە.

ئایا بە تەمابوون کە سوپای عێراق ئەم شۆرشە ،کە لە روانگەی ئەوانەوە ، بێ ئەنجام و ئایندە بوو، تیك بشکێنێ و بەهیوا بوون بەمجۆرە لە شەڕی بارزانی کە رۆژ بە رۆژ پتر دەست و پێی دەگرتن بخەڵسێن ؟ ئایا هۆی ئەم دودڵییوڕاڕاییە، ئەوەبوو کە حیزبی کومونیست بۆ((دابین کردنی داواکارییەکان لە دەرێی چوارچێوەی خەباتی بزاڤی دیموکراتی عێراقدا دژی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی جەنەراڵ قاسم))دژی بەکارهێنانی چەك بوو؟ بێگومان کومونیستەکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە شۆرشی کوردان خێرایی بە کەوتنی قاسم ببخشێت و فریا نەکەون لە چوارچێوەی ((بەرەی نیشتیمانی))دا چارەسەرێك بدۆزنەوەو شوێنی قاسمی پێ پڕبکەنەوە، بۆیە بەم بزاڤەی کە لە باکووری عێراقدا هەڵگیرسابوو ناقایل بوون"٤" .

پێناچێت ئەمە رێکەوتێکی سادە یان ئاسایی بێ کە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تا مانگی ئازاری ١٩٦٢ بە شێوەیەکی جیدی بەشداری شەڕەکانیان نەکرد، چونکە بەراستی حیزبی کومونیست لە مانگی ئازاری ١٩٦٢دا هەڵوێستی خۆی لەمەڕ مەسەلەی کورد دەگۆرێ و دان بەوەدا دەنێ کە((گەلی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە))و هەر بەوەندەوە ناوەستێ و دان بەمافی((جیابوونەوە)) و(( دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆ))دا دەنێ"٥" .

https://t.me/kurdistanbooks

**٣- هەوەڵین تێکشکانێن کورد:**

ئەنجامی هەوەڵین رووبەروو بوونەوەکان، بە رواڵەت دروستی بۆچوونی هەردوو لایەنی شەڕەکان دەسەلمێنێ .لە راستیدا ئاکامی شەڕەکان ودەستکەوتی شەڕەکان بۆ کوردەکان باش نەبوو، لە باشوردا واتە لە پارێزگای سلێمانیدا ،چەکدارانی عەشایەر بەرگەی هێزی عێراقیان نەگرت و خراپ شکان .لە دەڤەری هەولێریش هەر وابوو، لەوێندەر چەند سەد کەسێك بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا ئیسماعیل"٦" دوومانگێك لە بەرانبەر هێزی عێراقیدا وەستان و بەرگریان کرد.جوتیارانی کورد بێ رێبەر ، بێ چەك ، نەیان توانی بەرانبەر بە سوپایەکی زۆر بە هێز ، کە هێزێکی فڕۆکەوانی بەهێز پشتیوانی دەکرد ، مقاوەمەت بکەن.

جەنەراڵ بارزانی کە لەو سەروبەندەدا تەنێ ((٦٦٠)) جەنگاوەری دەگەڵ بوو وئەم جەنگاوەرانەش تەنێ تفەنگی ئاساییان"٧" پێ بوو، بڕیارێکی دلێرانەوبوێرانە دەدات: ناوچەی بارزان کە شێخ ئەحمەد بێ لایەنی ناوچەکەی راگەیاندبوو، بە جێ دێڵی و روو دەکاتە کۆسارەکانی زاخۆ و ئەوپەری رۆژ ئاوای بادینان و زستانی ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٢ لە وێندەر دوور لە خەتەری هێزی فڕۆکەوانی بەسەر دەبات .

لە هەیڤی ١٩٦١/١٢ دا برایم ئەحمەد وهەموو ریبەرانی حیزب دیموکراتی کوردستان کە بۆیان دەردەکەوێ چ ئومێدێکی رێکەوتن دەگەڵ رژێمی قاسمدا نییە ، لە بەغدا هەڵدێن ودەچنە ناوچەی سلێمانی ولە وێندەر بارەگای خۆیان دادەنێن ولە بەهاری ساڵی ١٩٦٢دا لەگەڵ خۆیاندا رێکخستن ودیسپلینێك دەبەنە نێو شۆرشی کورد کە شوێنی لە نێو بزاڤدا تەواو خاڵی بوو .

**٤- حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزی رێکخراوی دەزگای بەرگری:**

پارە کۆکردنەوە"٨"، بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی خەبات،دابینکردنی ئازوقە وخواردەمەنی بۆ خەڵکی، دامەزراندنی دەزگایەکی زانیاری و رێکخراوێکی تایبەت((بۆ کوشتنی خائینان)) ئەمانە ئەو ئەرکە زۆر رووالەتییە هەنووکەییانە بوون کە لە بەردەم رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بوون .

بەڵام ئەرکی بنەرەتی ئەوان دامەزراندنی((لەشکری شۆرشگێری کوردستان))ە،لەشکرێکی بە زەبت و رەبتی ئەوتۆ کە بەرەبەرە جێی خەڵکی عەشایەر بگرێتەوە .ئەم لەشکرە لە دەستە، پەل ولق پیکهاتبوو ولە ٧٥٪ ئەندامانی حیزب دەگرێتە خۆ"٩".دەستە١٠، پەل ٤٠،لق ٥٠ چەکداربوون : مانگانەی هەر پێشمەرگەیەکی سەڵت ٧٥٠ فلس بوو(١٢ فرانکی فەرەنسی )ئەگەر خودان ماڵ و منداڵ بێ سێ دینار ( بەرانبەر بە ٤٥ فرانکی فەرەنسی ) .

زەبت رەبت و سەبر وتوانای جەنگاوەرانی ئەم لەشکرە، کە زۆر بە دیققەت و بەپێی تایبەتمەندی بەدەنی و ئەخلاقی هەڵبژێردرابون هەر زوو کارێکی وا دەکات لەشکری شۆرشگێری کوردستان ببێ بە هێزێکی ئەوتۆ، کە وێرای کەمی چەکدارانی، کەلە ساڵی١٩٦٢دا ژمارەیان لە ٧هەزارکەس تێنەدەپەرێ ، بتوانێ شکستی زۆر گەورە بەسەر سوپای قاسمدا بێنێ .

رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان شان بە شانی دامەزراندنی ئەم دەزگا عەسکەریە دەزگایەکی سیاسیش دادەمەزرێنن کە لە رێگەی شانەی حیزبییەوە هەموو ناوچەکەی دەگرتەوە))"١٠".

https://t.me/kurdistanbooks

ئەم بەشەی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی حیزبدایە ،دابەش دەکریٚ بەسەر پانزە بەشداو، هەر بەشەیان لەلایەن ( کۆمیتەی ناوچەوە ) بەڕێوە دەبریٚ، دیارە ئەم کۆمیتە ناوچەییانە بە شێوەی (( ڕێبەرایەتی بە کۆمەڵ)) دامەزرابوون وهەر یەکێکیان پێك هاتبوو لە یەك بەرپرسی عەسکەری ، رابەرێکی سیاسی، بەرپرسێکی سیاسی، بەرپرسێکی ئیداری، بەرپرسێکی لۆجستیکی"١١" وبەر لەوەی حکومەتێکی ناوچەیی هاتبێتە سەرکار، لە راستیدا حکومەتێك پێك دەهێنن کە حوکم ودەسەڵاتی لە ڕێگەی ((ئەنجومەنی گوندەکانەوە)) دەگاتە بچوکترین گوند .

## ٥- پەیوەندی بارزانی و حیزبی دیموکراتی کوردستان:

بەڵام بنیاتنانی ئەم دەزگا گرینگە لە زەحمەت ودژواری بەدەر نەبوو: دەزگای حیزب و بارەگای رابەرانی حیزب کە بە زۆری لە باشوری کوردستانی عێراقدا جێگیربووبوو ، زۆر لە مەرکەزەوە نزیك نەبوو،چەند بەرەو باکور دەچویت،ئەوەندە دەسەڵاتی حیزب کەمتر دەبووەوە(بارەگای برایم ئەحمەد لە چوارتا وبارەگای جەلال تاڵەبانی لە چەمی رەزان بوو)،بارەگای عومەر مستەفا لە بێتواتە بوو،کە باکوریترین بنکەو پێگەی دەسەڵاتی حیزب بوو.

جەنەراڵ بارزانی حەزی نەدەکرد کەس لەلای ئەو باسی حیزب بکات،بارزانی لە مانگی ١٩٦٢/١٢ کە رۆژنامەوانێك داوای لێکرد باسی دەوری حیزب لە شۆرشدا روون بکاتەوە((بۆپتر سەرنج راکێشانی ئامادە بووان،دەنگی بەرز کردەوەوگوتی:((ئەوەندەی پەیوەندی بە منەوە هەیە،چ حیزبێك لە گۆریٚ نییە!گرنگ گەلی کوردە.ئەگەر سەربکەوین ئەوە گەلی کوردە سەرکەوتوە))"١٢"

دوای چەند مانگێك واتە لە ئازاری ساڵی ١٩٦٣دا بارزانی لە ناوەرۆکا هەموو پەیوەندییەکی خۆی دەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا بڕی و((هەر جاریٚ ناوی حیزب دەهات تورە دەبوو))بەو رادەیەی کە گوتی:((من هەرگیز نە سەرۆکی ئەم حیزبە ساختەیە بووم کە زیانی بۆ ئامانجە شۆرشگێرییەکانمان پتر بووە تا قازانج،نە سەرۆکیم))"١٤"

## ٦- رۆشنبیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

راستە،هەمووشتێك بارزانی لەم رۆشنبیرانە جیادەکردەوە کە حیزبیان بەڕێوە دەبرد.
برایم ئەحمەد کە لە ساڵی ١٩١٣دا لە سلێمانی لەدایك بوو بوو،لەو کاتانەدا کە خوێندکاری ماف بوو لە بەغدا پەیوەندی بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە کردبوو،نامەی کۆتایی خوێندنەکەی (١٩٣٧) کە دەبارەی پەیوەندییەکانی کورد وعەرەب بوو،بووە هۆی ئەوەی لە دادگا بانگ بکریٚ."١٥"

برایم ئەحمەد کە لەساڵی ١٩٣٩دا بەڕێوەبەری گۆڤاری گەلاوێژ بوو،لە ساڵی ١٩٤٦داو بەر لەوەی بێتە ریزی حیزبی دیموکراتی بارزانییەوە، بەرپرسی لقی سلێمانیی حیزبی دیموکراتی قازی محەمەد بوو،کە پەیوەندی بەحیزبی دیموکراتی بارزانییەوە کرد،ئەم کارەی بە نابەدڵی کردوپاشان ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو وبارزانی لە سەر دامەزراندنی حیزبێکی جیا وتایبەت بۆ کوردستانی عێراق وکاتیٚ کە پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە کرد،ئەم حیزبە ئیدی لە ژێر دەسەڵاتی بارزانیدا نەبوو:بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت بوو پاش چوونی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت پەیوەندی حیزب لەگەڵیدا بڕا.

https://t.me/kurdistanbooks

له باری مەعنەوییەوە،ئیبراهیم ئەحمەد کەسێکە خوێنەوار"١٦"، بەڕەوانی قسه بە زمانی کوردی و عەرەبی وفارسی وئینگلیزی دەکات،چەند مانگێك لەوەو دوا،کاتیٚ بۆ بەڕێوەبردنی مقاوەمەتی حیزب بۆ کوردستان دەڕوات،ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە دیداری دەگەڵ دەکەن،له بارەگاکەیدا کە لەناو ئەشکەوتێکدا دەبێت،لەکتێبخانەکەیدا بەرهەمی برتراندڕسل ودۆستوفسکی ومارکس ولنین و باستەرناك و ئێچ سالزبوری و جان پۆل سارتەر،بەریزی یەکەوە دەبینین"١٧"،بەمجۆرە گێڕەنگێکی مەعنەوی ئەوی لە بارزانی جیا دەکرەوە،کە چ کەسێك نەیدیتبوو کتێب بخوێنێتەوە جگە لەو وێنانەی کەداڤید ئادامسونی ڕۆژنامە نووسی بەریتانی گرتبونی وجەنەراڵ بارزانیان لە حاڵێکدا نیشاندەدا کە زۆر بەقوڵی چاپێکی تازەی چوارینەکانی عومەری خەیامی موتالا دەکرد."١٨"

لەباری سیاسیەوە،پێناسەووەسفی برایم ئەحمەد زۆر دژوارە هەر بەهەوڵوتەقەلای ئەو بوو کە((حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو بە حیزبێکی مارکسی-لینینی،هەڤرکێن ڕاستڕەو برایم ئەحمەد بە((کۆمونیستێکی پەنهانی))دەزانن،کە خۆی لە پێستی((دیموکراتێکی لیبرال))دا حەشارداوە."١٩"

بەلای چەپڕەوانیشەوە بابایەکی ناسیونالستە کە زۆر لە عارفەوە نزیکە تا لە قاسم،خالید بەگتاشی سکرتێری حیزبی کۆمونیستی سوریا کە بەخۆی کوردە،لە ئەیلولی ساڵی ١٩٥٨دا لە پراگ دیتبوی و هەنگیٚ دەیوت کە((وەك بەعسییەك قسەی دەکرد))"٢٠".

جەلال تاڵەبانیش ((لە ساڵی ١٩٣٣دا لە کۆیە لەدایك بووە)) لە بەغدایەو لە بەشی ماف خوێندویەتی،بەڵام نەوەی پاش بارزانی و هەمزە عەبدوڵڵا بوو،تاڵەبانی زاوای ئیبراهیم ئەحمەدە. تاڵەبانی هەر زوو وەکو((بێچوە گورگی ڕادیکاڵی حیزب))"٢١"خۆی بەهەمووان ناساند.بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی دەگەڵ بارزانیدا زۆر باش بوو،بارزانی بە چاوی((کوڕی))خۆی سەیری دەکرد. تاڵەبانی کە لایەنگری خەباتی چەکداری بوو،یەکێك بوو لەو گروپە کەمەی ناو کۆمیتەی ناوەندی کەباوەڕیان وابووحیزب دەبوایە هەر لەمانگی چواری ١٩٦١وە دەستی بەشۆڕش بکردایە.لەهەمان کاتدا((تیوریسێنێکی باش وپیاوێکی زۆرجەماوەری))یە"٢٢" و گەشەسەندنی چەلەنگیوکارامەیی پێشمەرگەکانی حیزب تا ڕادەیەك قەرزباری هەوڵوتەقەلاکانی ئەوە.

## ٧- ناکۆکیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی:

بەمجۆرە بزاڤی کوردایەتی لە ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٣دا دووسەری هەیەوئەم ناکۆکیەش بە ئاشکرا لە ئامانجەکانیا دەبینریٚ:شۆڕشی چەکداری،بەشی قەواعیدی حیزبە، ئەم قەواعیدە بناغەیە.شەوانە پێشمەرگەی کورد لەدەوری ئاگر دادەنیشن وسرودی ئەی ڕەقیب دەڵێن:ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان،نایشکێنیٚ دانەری تۆپی زەمان،کەس نەڵیٚ کورد مردووە،کورد زندوە، زندوەو قەت نانەویٚ ئالاکەمان)

بەڵام لەناخی دڵەوە سرودێکی شۆڕشگێڕانەی دیکەش دەڵێن:ئازادی خوای کوردین ئێمە....

ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات هەرچەندە بەلای بارزانیەوە((ڕادیکاڵ))بووبن،بەڵام بە خۆیان لەوە دەترسان کە بکەونە داوی جوتیارانەوە،ئەو جوتیارانەی کە دەیانویست وشەیەلی((شۆڕشی کورد))مانا و چەمکیان هەبیٚ.

https://t.me/kurdistanbooks

برایم ئەحمەد لەلای پەیامنێری تایبەتی لومەند"٢٤" ئیعتراف دەکات:((من لێتی ناشارمەوە کە ئێمە لەوە دەترسین جوتیارەکان لە دەست دەربچن،هەڵبەتە ئێمە وەعد و بەلێنێکی دیاریکراومان نەداونەتێ،بەلاّم زاراوەی ئۆتۆنۆمی لەنك وان رەهەندومەودای بەهەشتێکی زەمینی وەرگرتوە،ئێمە ناتوانین بەم زوانە ئەم بەهەشتەیان نیشان بدەین،نەك بەم زوانە بگرە چەندین ساڵی دیکەش ئەمەمان پێ ناکرێ!))

بەلای جوتیاری کوردەوە مەسەلەی سەرەکی مەسەلەی زەوییە،بەلاّم حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەهەموو((رقێکیەوە لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و مسکێنی))و بەهەموو تاسەیەکەوە بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی زەوی و زار))"٢٥"رای وایە کە لەماوەی شەردا دەگەڵ حکومەتی بەغدایە،بەمەبەستی نە وروژانی سەرانی تەقلیدی کورد،ئەم مەسەلە کۆمەلاّیەتیە دوابخات و بەردێکی بخاتە سەر.

### ٨-مەسەلەی ئۆتۆنۆمی

لە قەواعیدی حیزبدا،دروشمی((کوردستان یان نەمان))بەتەواوی ئامانجی خەباتەکە رۆشن دەکاتەوەو مەبەستی( (سەربەخۆیی))کوردستان دەگەیەنێ.

بەلاّم هەڵویستی ریبەرانی حیزب تا ئەندازەیەك لێڵ بوو: رێبەرانی حیزب کە لەلایەکەوە نەیاندەویست قاسم گیرۆدەی شەرێکی توند دژی کوردەکان بکەن و لەلایەکی دییەوە نەیاندەویست ولاّتانی عەرەب لە خۆیان بتۆرێنن و بڕەنجێنن، لەشەش مانگی یەکەمی شەڕدا خۆیان لە بەکارهێنانی زاراوەی((ئۆتۆنۆمی))دەپاراست کە یەکێك بوو لە بەندەکانی پەیرەو پرۆگرامی حیزب.

لە مانگی چواری ١٩٦٢دا ،خەبات ،ئۆرگانی رەسمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پاش ئەوەی ئەم لایەنە دوپات دەکاتەوە کە بزاڤی کوردێنی بە تەما نیە کوردستانی باشور لە عێراق جیابکاتەوە، ئامانجە سەرەکیەکانی شۆرشی کورد بەرێبەرایەتی رۆڵەی ئەمەکداری عێراق بارزانی قارەمان"٢٧" ، بەم جۆرە دیاری دەکات .

١- کشانەوەی هێزەکانی عێراق بۆ ئۆردوگاکانی بەر لە دەست پێکردنی شەڕوهەڵوەشانەوەوچەك کردنی جاشەکان

٢- ئاوەدان کردنەوەی ناوچە بۆردومان کراوەکان .

٣- ئازاد کردنی زیندانیانییە سیاسییەکان .

٤- لابردنی حوکمی عورفی وکۆتایی هێنان بە قۆناغی رەوتەنی ودابینکردنی ئازادییە دیموکراتیەکان .

٥- دانانی دەستورێکی تازە لەلایەن کۆمیتەکەیەوە کە نوێنەری هەموو هێزە سیاسیەکانی عێراقی تێدا بێ، بەمەبەستی سەقامگیری رژێمێکی شورایی و بەمەبەستی دانی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

٦- ئەنجامدانی ریفۆرمی زەوی وزار لە کوردستاندا بەپێی هەلومەرجی ناوچەکە و بە مەبەستی پتر پشتیوانی کردن لە بەرژەوەندی جوتیاران ، بایەخدان بە باری پیشەسازی لە کوردستاندا ، بەرز کردنەوەی ئاستی ژیان و بژێوی گەلی کوردستان و ... هتد.

https://t.me/kurdistanbooks

زاراوەی((ئۆتۆنۆمی)) سەرەنجام وەکو بەشێکی داخوازییەکانی گەلی کورد بە دیاردەکەوێ ، بەڵام ئەم بەدیارکەوتنە لە کۆتایی بەندی (٥) دا تێکەڵ بە جۆرە پارێزوترس وشەرمنۆکییەکی زۆرە .
حیزبی دیموکراتی کوردستان ،کە سەرەنجام ئەم هەنگاوەی لە بواری داواکردنی ئۆتۆنۆمیدا نا ، ئیدی هەموو شێوازێکی گرتە بەر بۆ ئەوەی قەناعەت بە عەرەبەکان بێنێ —بە عەرەبی بەغداو بەتایبەتی سەرانی قاهیرەو وڵاتانی دیکەی عەرەب—کە شۆرشی کورد،تەنێ لە چوارچێوەی عێراقدایە وحیزبی دیموکراتی کوردستان بزووتنەوەیەکی جوادخوازی نیە ، هەرچەندە حاشا لەوە ناکات کە لە کوردستانی عێراقدا رەوتێکی جوادخوازیش هەیە ."٢٨"
ئەمەش یەکێکە لەلایەنە هەرەسەیرەکانی بزاڤی کوردێنێ کە لەودیمانە و چاوپێکەوتنانەی بارزانی وبرایم ئەحمەد لە ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٣دا دەگەڵ پەیامنێری لوموند ونیویورك تایمز و سەندەی تەلەگرافدا دەیکەن چ ئاماژەیەك بەم مەسەلەیە نایەتە کرن.

**٩- بارزانی و گەمەی دەسەلات:**

دەرکەوتنی جەنەراڵ بارزانی لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا لەم قۆناغەوە دەست پێدەکات: بارزانی کە لە یەکەم شۆرشی خۆیدا (١٩٤٢-١٩٤٥) ولە رووداوەکانی کۆماری مەهابادا ، بە تەواوی لە لایەن رۆژنامەوانی جیهانییەوە فەرامۆش کرابوو، بە ڵێ هەروەها کە لە کاتی پەناهەندەیی ناچاریی لە یەکێتی سۆڤیەت، چاپەمەنی رۆژاوایی ناوی ((جەنەراڵی سووریان)) لێ نابوو، لە ناکاودا ئەم پیاوە بووە مایەی سەرنج و ئاوەردانەوەی گەورەترین رۆژنامەێن ئەوروپا و ئەمەریکا ونێردەوپەیامنێرانی ئەم چاپەمەنییانە لە هەمان کاتدا کە دڵبەندوشیفتەی ئەم(( خانەدانە شۆرشکێرە)) دەبوون ، لە مامەڵە کردنیاندا دەگەڵ وی سەرسامیش دەبوون"٢٩" .
بارزانی هەنگێ تەمەنی شەست ساڵ بوو .
لێ نهۆ دەورانی چالاکییەکانی ئەو چالاکی((پیاوێکی سیاسەتوان بوو))، لە هەڵسوکەوتیا لە رادەبەدەر بە پارێز بوو: دوو شەو لە شوێنێکدا نەدەنووست ، هەمیشە زێرەڤانانێکی لە دەور بوون کە دەهاتن ودەچوون ،بێ ئەوەی کەسێك بەراستی بە جێگایەکەی بزانێ، جگە لە چەند کەسێکی زۆر کەم و ئەمین و ئەمەکدار.
بارزانی بە ئەنقەست پەردەیەکی نهێنیئامێز بەسەر رابردووی خۆیدا دەدات، بێ خۆ شێلو کردن پێت دەڵێ کە ((باپیرانی لە ١٢٠٠ ساڵ))"٣٠"لەوەوپێشەوە رێبەرانی عەشیرەتی بارزان بوونە !
بەڵام سەبارەت بە مانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەت وپەیوەندی دەگەڵ سۆڤیەتەکاندا زار هەڵناهێنێ
بارزانی کە بە زمانی کورد ی وعەرەبی وفارسی و روسی قسەی دەکرد زمانی ئینگلیزی نەدەزانی و ئەم زمانە هەر فێرنەبوو، هەروەها زمانی فەرەنسیش فێر نەبوو،هەمیشە لە رێگای تەرجومانەوە قسەی دەگەڵ ڕۆژنامەوانانی بێگانەدا دەکرد."٣١"
جەنەراڵ بارزانی کە پیاوێکی دەستە بالایە، بە جلی کوردی ئاسایی وبە نیگای زیندوو زیرە ك و چاوانی گەش، لە ژێر برۆی کوردی بژەوە کار لە بەرانبەرەکەی دەکات، وێرای زۆری تەمەنی و تۆزێك قەڵەوی ،هێز و توانایەکی بەدەنی و تاقەتێکی بە گوری پێوە دیارە،هەیکەلی بەجۆرێکە لەتۆ وایە لە بەردێکی یەکپارچە داتاشراوە ، ورەیەکی پۆلایینی هەیە .بەڵام ئەو رۆژنامەوانانەی کە لە ساڵانی یەکەمی شەڕدا (١٩٦٢-١٩٦٣)دەچنە کوردستان و بۆ ماوەیەك،هەندێ جار بۆ دوو رۆژ

https://t.me/kurdistanbooks

لەگەڵ جەنەراڵ بارزانیدا دەمێننەوە بە دیتنی ئەو نیشانە تایبەییەی لە کەسایەتی ئەودا هەیە سەرسام دەبن .

جەنەراڵ بارزانی بە بێ توانایی خۆی لە وەڵامدانەوەی راستەوخۆی ئەو پرسیارانەی کە لێی دەکرێن، هەموو ئەو کەسانەی رووبەرووی دەبنەوە سەرسام دەکات.

پیاوێکی زۆر بە پارێزە، هەمیشە (لە حاڵی بەرگری دا) بووە و هەمیشە دەبێ بەر لە قسە کردن ، بەرانبەرەکەی باش هەڵسەنگێنێ: بە سەعاتان بێ ئەوەی قسەیەك بكات، دادەنیشێ و لەبەر چاوی رۆژنامە نووسانی سەرسام لەم وەزعە چاوەڕوان نەکراوە، بۆ داوی کەو شول دەتاشێ ، هەروەها سورانەوەی بە دەوری باسەکەدا، لە باری زهنییەوە بەرانبەرەکەی زۆر سەرسام دەکات، بە سەعاتان لە ئەسڵی مەبەست دەردەچێت و دێتە سەر هەندێ مەسەلەی دیاری کراوی وەك تەدەخولی نەتەوەیەکگرتووەکان، هاوکاری بەریتانیای مەزن، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا یان فەرەنسا(( ئیدی بە گوێرەی نەژادو قەومیەتی ئەو رۆژنامە نووسەی کە قسەی دەگەڵ ەکات)) یان ئەگەری وەدەست هێنانی چەکی قورس ، ئیدی بەو جۆرە بە دەوری بابەتەکەدا دەسورێتەوە .

پاشان گریمانەیەك دەخاتە روو کە میوانی بێگانە بە ئاسانی نادروستی گریمانەکە دەردەخات ، هەنگینێ دەچێتە سەر بابەتێکی دی، پاش سەعاتێك، دوو سەعاتی دی دێتەوە سەر هەمان بابەت کە لە سەرەتادا خستوویەتی روو، باسەکە لە سفرەوە دەست پێدەکاتەوە .

زۆر بابەت هەبوون کە بارزانی خۆی لێ دەپاراستن،خۆپاراستن: لە باسی ئەم بابەتانە، وەکو باسی پەیوەندیەکانی دەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا، بێگۆمان زادەی دووربینیو هۆشیاری بە پارێزی بوو !

بەڵام بە مەزندەی ئەو رۆژنامەوانانەی کە بەسەعات دەگەڵ بارزانیدا بوون هۆی پارێزی جەنەراڵ بارزانی لە بابەتانی هونەری میناکی ئۆتۆنۆمی خواستی کوردان، یان مەسەلەی ئابوری(( لە ترسی ئەوە بوو کە نابادا لێی نەزانێ و دوچاری هەڵەیەك ببێ لەو رووەوە)) .

ئەگەر هەر جارێ،لە ئەنجامی تاقیبی گفتوگۆوە بابەتێك بێنێتە پێشێ وپێی سەیربێ کە بابەتەکە بووەتە مایەی سەرنج و وروژانی بەرانبەرەکەی، ئیدی وازی لێدێنێ .

لە باسی مەسەلەی ئۆتۆنۆمیدا ،لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٦٢دا رایگەیاند کە سێیەکی دەرامەتی نەوتی عێراق وکورسییەکانی ئەنجومەنی بەغدا دەبێ بدرێت بە کورد. بدرێ بە حکومەتێکی ناوچەیی کە دارایی وفێرکردن وپۆلیس وهێزی بەرگری خۆی هەبێت.تەنێ کاروباری دەرەوەی دەوڵەتە ناوچەییەکە لە دەسەڵاتی دەوڵەتی بەغدا دەبێت،بە باوەڕی ئەو لە کاتی شەڕدا دەبێ دەوڵەتی مەرکەزی بۆ ڤرێ کردنی هێز بەرەوسنوور وتێپەر بوونی ئەم هێزانە بە کوردستاندا،مۆڵەت ((لە دەوڵەتی ناوچەیی)) وەربگرێ"٣٢" .

کاتێ کە دڵنیاکرا کە ئەمە پتر لە سەربەخۆیی دەچێت تا لە ئۆتۆنۆمی،ولێیان پرسی جیاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا چییە،بێدەنگی لێکرد!..

جارێکی دی، کە لەوە نائومێد بووبوو دەگەڵ بەغدایە پێکبێن،گوتی ئەگەر بیەوێ دەتوانێ کوردی عێراق بخاتە سەر ئێران! .بیرێکی سەیر بوو!، بەڵام هەرکە ئەم بۆچوونە بووە مایەی سەرنج ئیدی خۆی لێ بە خاوەن نەکرد"٣٣".

لە گفتوگۆیەکی دیدا دەگەڵ هەمان رۆژنامەنووسدا ئیعتراف دەکات کە نامەیەکی بۆ ئێرانیەکان ناردووەو داوای یارمەتی لێکردوون، بەڵام وەڵامی ئەم نامەیەیان نەداوەتەوە."٣٤"

https://t.me/kurdistanbooks

له راستیدا بارزانی هەرگیز ناتوانێ بەو چاوە سەیری رۆژنامە نووسان بکات کە رۆژنامە نووسن ! لەم قۆناغەدا بە جاسوسیان دەزانێ.... یان بە مامورانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز یان وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسایان دەزانێ، وکاتێ کە دڵنیادەبێ کە نە ئەمیانن ونە ئەویانن حەز دەکات خۆی پرسیاریان لێبکات نەك وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.بەڵام ئەو شتەی کە لە هەموو شتێك پتر میوانانی بێگانە سەرسام دەکات ئەو نائومێدیە زۆرو ماندوویەتییەیە کە چنگیان لێداوە.بە خەمێکی زۆر ئاشکراوە دووبارەی دەکاتەوە:(( کوردان بێ دۆستن)).

راستە جەنەراڵ بارزانی لەم قۆناغەدا جگە لە چەند سەرۆك عەشیرەتێکی هاوپەیمانی وەك هەمزاغای مەنگوڕ، کە نەوەی یەکێك لە یارانی شێخ عوبەیدوڵلایە ((دۆستی)) نین .

سەرهەنگی دووەم عەزیز عەقراوی لەم سەروبەندەدا گوتوویەتی:((جەنەراڵ بارزانی رێبەرێکی گەورەیە، بەڵام سیاسەتوان نییە))"٣٥"

بێگومان ئەمە داوەریەکی یەکجار توندە،بەڵام رۆژنامە نوسێکی رۆژاوایی کە بە هۆشیاری و سەرناسی و تێگەیشتنێکی زۆرەوە پەی بە توخمەکانی پێکهاتەی دەرونی ئەم کەسایەتیە دژوار و ئالۆزە بردووە،بە جۆرە سۆزێکی بەزەیی ئامێزەوە دەڵێ:((جەنەراڵ بارزانی هەرگیز فێرنابێت ئەوەی مایەی داخ بوو ئەمە بوو کە پێدەچوو خۆشی ئەمەی زانیبێ))...هەمان رۆژنامەنووس کەکەوتبووە ژێر کاریگەری((غرور وکبریا))و تارادەیەك ((نەجابەتی))کەسایەتی ئەوەوە ناچار دان بە بوونی((شتێکی وێرانکەر و سەلبی لە سروشتی ئەودا)) دەنێ."٣٦"

تەنیا یەك شت بەلای بارزانی یەوە گرینگ بوو:((دبلۆماسیەت لە ئاستی باڵادا))ئەو کە ماوەیەکی زۆر،تا ساڵی ١٩٤٥ باوەڕی وابوو کە چارەنوسی کورد پەیوەستە بە ئینگلیزەکانەوە،پاشان رەنگە لە ئەنجامی روداوەکانی کۆماری مەهابادەوە بووبێ،بەلای سۆڤیەتدا بایدایەوە. کاتێکیش کە سۆڤیەتەکان دەستبەرداری قازی محەمەد بوون،ئەو قەناعەتەی لەدەف چێبوو کە دەسەڵاتی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە.وەهەوڵی دەدا بەهەر شێوەیەك بووە پشتیوانی دەوڵەتی ناڤبری وەدەست بێنێ،و لەبری ئەوە((سەرەنگونی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم وگۆرینی عێراق بۆهاوپەیمانێکی یەکجارمکومی رۆژاوا،لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بۆ ئەمەریکاییەکان پێشنیاز دەکرد))بارزانی بەجۆرەسادەیی وساویلکەییەکەوە، بە نۆرە جارێ هەرەشە دەکات و جارێك دان رۆدەکات:(( ئەگەر ئەمەریکاییەکان تەنێ بیر لەبەرژەوەندی تورکیا و ئێران بکەنەوە،کە نایانەوێ چ کەسێك یارمەتی مە بدات،ئەوسا رەنگە ئێمەش ناچار بین یارمەتی کۆمونیستیەکان قەبوڵ بکەین....ئەمە خەتەرێکە کە ناکرێ،لە بەرچاونەگیرێ))پاشان لەسەری دەروات:((ئەگەر شەرێك قەومی،پێویستتان بە ئێمە دەبێت،ئەم پێگە ستراتیژییەی کە ئێمە لەسەر رێگەی پێشرەوی هێزێن سۆڤیەت لە قەفقازەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین هەمانە ببینن، ئەوەش فەرامۆش مەکەن کە لە رووی هێزی مونەزەم و نامونەزەمەوە،باشترین جەنگاوەران وسەربازانی رۆژهەڵاتی ناڤینین...دەتوانین بە کەڵکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکابێین،وەکو چۆن حیزبی کۆمونیست بۆ پێشڤەبرنی قازانجێن سۆڤیەت کاردەکات،ئێمەش دەتوانین بە قازانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاربکەین))"٣٧"

دە ساڵێکی خایەند تا ئەم قسە چەورانە سەرنجی ئەمریکاییەکانی راکێشا،ئەویش نەك سەرنجی دەوڵەتی ئەمەریکابەڵکو سەرنجی(SIA)وئەمەش بوو بە مایەی رۆژڕەشی کوردان. لێ بارزانی لە راستیدا پەیوەندی دەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت نەبری بوو.بەپێی هەندێ زانیاریان

https://t.me/kurdistanbooks

سۆڤیەتەکان لەم قۆناغەدا،واتە هاوینی ١٩٦٢ چەندین جار لە ڕێگەی حیزبی کۆمەنیستی عێراق و حیزبی تودەی ئێرانەوە پەیوەندییان پێوە کرد.

سۆڤیەتەکان ئاگاداریان کردەوە کە ئەگەر بزوتنەوەکەی بۆ تورکیا وئێران تەشەنە بدات و بارەگاکەی لە نزیکی سنووری یەکێتیی سۆڤیەتدا دابنێ، دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت هەموو یارمەتیەکی پێویستی لە چەك و تەقەمەنی و پارە وێدەدات،کە بارزانی هەنگێ زۆری پێویست بەو کۆمەکانە هەبوو."٣٨"

ئەگەرچی بارزانی لەم کاتەدا چ وەڵامێکی ئەو پێشنیازەی نەدایەوە،چونکە دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت لەو سەروبەندەدا سەرچاوەی سەرەکی دابین کردنی چەك و پێداویستیە سوپاییەکانی حکومەتی قاسم بوو،لێ دوای روخانی قاسم هەندێ کۆمەکی مادی و مەعنەویی لە دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤییەت وەرگرت.

**١٠- شەڕ و کریا رێن سوپایی:**

بارزانی لە هەیڤی شوباتی ١٩٦٢،لە پەناگاکەی خۆی لە کۆسارەکانی نزیکی زاخۆ،دێتە دەرێ و هێرش دەکاتە سەر مەخفەرێن پۆلیس وبنکە وبارەگاکانی سوپای عێراق، لەم شەڕانەدا سوود لە ئیمکاناتی ناوچەکە، کە بۆ شەڕی پارتیزانی یەکاویەکە ،وەردەگرێ و لەگەلی سپی و گەلی زاویتە زنجیرە سەرکەوتنێك وەدەست دێنێ .

بارزانی لە ئاخروئۆخری مانگی ئازاری ١٩٦٢دا دێتە کۆسارەکانی ئاکرێ.لەم قۆناغەدا دەگەڵ جەنەراڵ عەبودی نوێنەری قاسمدا دیدار دەکات،(٣٩) داخوازیەکانی بارزانی زۆر میانڕەوانەن:زێدەباری ئازادی زندانیانی کورد داوا دەکات کە دەوڵەت خێرا زنجیرە بەرنامەیەکی بوژانەوەی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە کوردستاندا دەست پێبکات و قوتابخانان بکاتەوە و زمانی کوردی ببێ بە زمانی رەسمی ناوچە کورد نشینەکان"٤٠" .

لێ ئەم گفتوگۆیانە سەرناگرێ.شەڕ دەست پێدەکاتەوە.لە ئاخروئۆخری هەیڤی ١٩٦٢/٥دا بارزانی بادینان لە هێزێن عێراقی وبەکرێگیراوان،واتە ئەو جاشانەی کە یارمەتی سوپای عێراقییان دەدا، پاك دەکاتەوە، سەرکردایەتی ناوچەکە بە ئەسعەد خۆشەوی دەسپێرێ،خۆشەوی لە یاوەرانی دێرینەی بارزانی بوو، لەگەڵی چووبوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت. بە خۆی لە زێی گەورە دەپەرێتەوە و دوای گەمارۆیەکی سی وسێ رۆژە"٤١" مەخفەرەکانی حاجی ئۆمەران و رایات دەگرێ و بەمجۆرە جادەی هاملتۆن،کە لە رەواندزەوە دەگاتە سنوری ئێران ولە رووداوەکانی دواتری مێژووی ئەم شۆرشەدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێ،کۆنترۆڵ دەکات .

سوپای عێراق ئیدی تا هەرەسی شۆرشی بارزانی لە ١٩٧٥دا، ناگەرێتەوە ئەم ناوچەیە.بارزانی لە مانگی٧ /١٩٦٢دا چەکدارەکانی شێخ رەشیدی لۆلان بەرەو تورکیاوئێران ڕاودەنێ ودەبێ بە دەسەلاتدارو حوکمڕانی هەموو بەشی باکووری کوردستان، لە زاخۆی سنووری تورکیا وسوریاوە تا دەگاتە سنووری ئێران .

لە هەموو ئەو شەڕوشۆڕانەدا هێزەکانی بارزانی تەنێ دەگەڵ هەندێ یەکەی بچووکی سوپای عێراق و یەکەی پۆلیس و جاشەکاندا رووبەروو بونەوە: ئەم جاشانە سەر بەو عەشیرەتانەن کە دوژمنایەتی

https://t.me/kurdistanbooks

کۆنیان دەگەڵ بارزانیدا هەبوو، وەکو زێباریەکان یا- لە زەمانی شێخ ئەحمەدا- پیاوانی شێخ ڕەشیدی لۆلان و (( برادۆستەکانی)) مەحمود خەلیفە .

لە ساڵی ١٩٦٢دا سوپای عێراق تەنێ چوار لەشکر بوو، قەیرانی کوێت لەشکر ونێویکی ئەم سوپایەی لە باشوری عێراقدا مژول کردبوو، جەنەراڵ قاسم هەوڵدەدات کەمترین قوەتی سوپا لە چیاکانی باکوری کوردستان بهێڵێتەوە .

قوەتە عەسکەریەکان پتر لە باشووری کوردستاندان، واتە لە ناوچەی سلێمانی وشەڕگەی چوارتا خڕبوونەتەوە. بەڵام سوپای عێراق کوردێکی زۆری تێدایە- چواریەك تا سێ یەکی سوپا پێك دێنن- ژمارەی هەڵاتن لە خزمەت زۆرە: بە تایبەتی لەم سەروبەندەدا کە لە شەڕگەی چوارتاوە عەبدولوەهاب ئەتروشی پەیوەندی بە بارزانیەوە دەکات.عەبدولوەهاب ئەفسەرێکی جارانی سوپای عێراقی.لە ساڵی ١٩٣٨دا لە گوندی ئەتروشی سەر بە دهۆك لە دایك بووە. لە ساڵانی ١٩٦٥- ١٩٦٦دا فەرماندەی ناوچەی سلێمانی بوو، لە دوا ساڵەکانی شۆڕشدا دەبێتە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری شۆڕش"٤٢" .

وەکو نێردەوپەیامنێری سەندەی تەلەگراف لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا دەڵێ،سوپای عێراق دەست لە گرتنی کۆسارەکان دەشوات و هەموو جموجۆڵێکی دێتە سەر چالاکی سوپایی-ئەویش بێ باوەڕو بێ ئیمان-لە دەشتەکانداو بە پشتیوانی بەردەوامی هێزی فڕۆکەوانی و بۆردمانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردەکان .

عەزیز عەقراوی لە دەروازەکانی هەولێر، عەلی عەسکەری و جەلال تاڵەبانی لە دەشتی کەرکوك چالاکی دەکەن.دامەزراوەودەزگا نەوتییەکانی عێراق لە دەستڕەسی پیشمەرگە بەدەرنین شارەکانی کەرکوك وهەولێر وسلێمانیو کۆیە بە شەوان لە ژێر دەسەڵاتو حوکمی پێشمەرگەدان.

**١١- کەوتنی قاسم:**

شەڕ،دەگەڵ شۆڕشڤانانی کوردا کە لە هەوەڵەوە سووکە شەڕ بوو، بوو بە زۆنگاوێکی بێ پایانی ئەوتۆ کە ڕێژەیەکی زۆری دەرامەتی عێراقی قوت دەدا – نزیکە لە ٤٠٪ی بودجەی عێراق بۆ سوپا ترخان کرا،- حکومەتی دیکتاتۆریەتی قاسم ڕۆژ بە ڕۆژ پتر لە بەرچاو دەکەوت و نەیارانی زیاتری بۆ پەیدا دەبوو .بە کردەوە زۆربەی هەرە زۆری بیری گشتی عێراقی دژی قاسم بوو: سوپا کە پێی وابوو تفاق وکەرەستەی پێویستی شەڕی کوردانی ناخاتە بەردەست ، کۆڕوئەنجومەنە ناسیونالیستەکانی عەرەب،ناسری و بەعسییەکان.لە نێو بەعسیەکاندا ،ڕێکخراوێك بە نێوی ((ئەفسەرانی ئازاد)) دروست دەبێت وپەیوەندی دەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشی کوردا چێدەکەن ، یەکێتی بەعسیان وکوردەکان شتێکی نا سروشتی بوو، پاشان هەر لایەنێك لەم دوو لایەنە هەر جۆرە ((پەیمان)) یان (( ڕێکەتننامەیەك)) لەم رووەوە بە درۆ دەخاتەوە .

لە ساڵی ١٩٦٢دا جەنەراڵ تاهیر یەحیا سوپاسالاری ئایندەی سوپای حکومەتی بەعسی حەسەن ئەلبەکر(شوباتی/ ٦٣-٦٣/١١) لە ڕێگەی ئەفسەرێکی گەنجی کوردەوە بە ناوی کەریم قەرەنی، پەیوەندی دەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کرد،هەرچەندە کوردەکان لە ناسونالیستانی عەرەب زۆر بە گومان بوون، ئەوجاش ئەم پەیوەندی ودیدارانە چەند هەفتەیەك بەردەوام بوو.

https://t.me/kurdistanbooks

مەبەستی هەنوکەیی بارزانی لە راستیدا(( نەمانی دووپشکەکەی بەغدا))"٤٣" واتە قاسم بوو . ئەگەر بۆ ئەم کارە ناچاربێ دەست دەگەڵ دژمنانی ئایندەی کوردیشدا تێکەڵ بکات، هەر ئەم سیاسەتە بوو کە دوانزە ساڵان لەوەدوا بووە مەرگەساتی شۆرشی نەتەوەیی کورد بە رێبەرایەتی جەنەراڵ بارزانی .

لە ١٩٦٢/٤/٢٨ برایم ئەحمەد سیاسەتی هاوکاری هێزێن نەیاری قاسم قبوڵ دەکات، بەلأم لە نامەیەکی دوورودرێژدا وبەوپەڕی راشکاوی و وردی مەرجەکانی کورد بۆ بەشداری لەم هاوکاریەدا روون دەکاتەوە و مەرجەکان بریتن لە:

(( گەلی کورد هەقی جیابوونەوەی لە عێراق هەیە ، بەلأم نایەوێ ئەم مافە پیادە بکات.بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە بەدحاڵی بوونێك لە ئایندەدا ،پێویستە ئێوە بەر لە هەموو شتێك ئۆتۆنۆمی ناوخۆی کوردستان قەبوڵ بکەن،ئەم بابەتە لە یەکێك لە یەکەمین بەیاننامەکانی حکومەتی شۆرشدا رابگەیەنن))"٤٤" .

برایم ئەحمەد هەر لەم نامەیەدا داوا دەکات کە ((ئەفسەرانی ئازاد)) رازی بن کە ((جەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرەك وەزیر یان حوکمڕانی کوردستان دابنەن ومافی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدار بەو بسپێرن.))"٤٥"

کوردەکان، هەرگیز بە نووسین ئەو بەڵێنەیان پێ نادرێ، بەلأم ئەفسەرانی ئازاد لە هەیڤی ئابی ١٩٦٢دا لە رێگەی فواد عارفەوە،کە یەکێك بوو لە حکومەتەکەی قاسم پاشان بوو بە یەکێك لە حکومەتەکەی حەسەن ئەلبەکریش بە زارەکی ئەم بەڵێنە دەدەن!.

رۆژی هەینی ١٩٦٣/٢/٨،سەعات هەشت ونیوی بەیانی رادیۆی بەغدا لەنکاو بەرنامەکانی دەبڕێ.دوای بێدەنگیەکی چەند ساتی، لە پڕ یەکێك لە مایکرۆفۆنی رادیۆکەوە هاواردەکات:

((دیکتاتۆری خیانەتکار وەکو مشك لە ژێر دارو پەردوی وەزارەتی بەرگریدا تۆپیوە...))"٤٦"

لە راستیدا قاسم هێشتا زیندووە،بەلأم مردنەکەی وەستاوەتە سەر وەخت ولە ئان وساتدایە، قاسم دوای ئەمە بۆ بەدرۆخستنەوەی مردنی خۆی، لە تەلەفزیۆندا دەردەکەوێ و وا خۆی پیشان دەدات کە جەماعەتێکی کەمی خەڵکی بەغدا بۆ تازە کردنەوەی بەلێن و وەفاداری هاتوونەتە لای و بەرێوە پێشوازی کردون، هەوڵ دەدات بەگرییەك رێك بخات،بەلأم شەوی وەزارەتی بەرگری لەلایەن قوەتی زرێی سەربازخانەی رەشیدەوە کە پەیوەندی بە کودەتاچیەکانەوە دەکات گەمارۆ دەدرێ، قاسم کە گەمارۆ دراوە. بە بێهودە هەوڵ دەدات کە خۆی بگەیەنێتە روباری دیجلە،لە سەعاتی شەشی بەیانی شەممەدا تەسلیم دەبێ. دەیبەن بۆ بارەگای رادیۆ ،لە وێندەر لە لایەن ئەو عەبدوسەلام عارفەوە تەحقیقی لەگەڵ دەکرێ و دادگایی دەکرێ،کە قاسم لە ١٩٦١/٧/١٤ دا ئەوی عەفووکردبوو، عارف دەیەوێ تێی بگەیەنێ کە((ئەو سەرۆکی راستەقینەی شۆرشی ١٤/تەمووزی ١٩٥٨)) نەبوو، سەرەنجام قاسم لە بەردەم کامیرای تەلەفزیۆنیدا بە دەستڕێژێك دێتە کوشتن .

## ١٢- ڕاوی کۆمۆنیستان:

روخانی قاسم ،خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی (( ڕاوی کۆمۆنیستان)) بوو، شتی وا تەنانەت لە سەردەمی حکومەتی پاشایەتیشدا لە عێراقدا، رووی نەدابوو .

https://t.me/kurdistanbooks

(( بازوبەند کەسکانی))حەرەس قەومی(میلیشیای بەعسیان)کەوتنە راووشکاری راستەقینەی مرۆڤان،ژمارەیەکی زۆریان گرت، ئەوەندە زۆربوون،ناچاربوون لە سەربازخانەکانی بەغدایەدا، شوێنی تازەیان بۆ بکەنەوە، ژمارەیەکی زۆریشیان لە کۆمۆنیستان هەر لە جێوە بێ دادگایی کوشت کودەتای بەعسیان لە بەغدادیەدا بەلای کەمەوە بووە مایەی مەرگی هەزار کەس و"٤٧" یەك هەفتە کوشتاری کۆمۆنیستان بەردەوام بوو،دوای راگەیاندنی مەنعی تەجەول، سوپا بە تانکەوە رێی هاتوو چۆی گەرەکە(( هەژار نشینەکانی)) بەغدای گرت و ماڵ بە ماڵی تەحەڕی کرد .

ژمارەی گیراوان،کە هەرگیز بە تەواوی دەرناکەوێ ، بە رادەیەك زۆر بوو کە لە وەزارەتخانەی نەوتدا تەنێ دوو فەرمانبەر مابوونەوە، ئەوانی دی لە بەرێوەبەرەوە بیگرە تا دەگاتە دەرگاوان هەموویان هەر گیرابوون"٤٨" .

ژمارەیەك لە خەباتکارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بەو هەنجەتەی کە کۆمۆنیستن گیران .

**١٣- کاردانەوەی کوردان :**

جەنەراڵ بارزانی لە ١٩٦٣/٢/٨دا یەك لایەنە ئاگربڕی راگەیاندبوو و کوردەکان لە حالێکدا کە گوێیان بە رادیۆ نابوو،وبە پەرۆشەوە چاوەڕوانی خوێندنەوەی بەیاننامەی راگەیاندنی ئۆتۆنۆمیان دەکرد.بەلام بەیاننامان یەك لە دوای یەك خوێندرانەوەو چ هەواڵێك لە((خەبەری جادویی ) ئۆتۆنۆمیەوە نەبوو .

هاونیشینانی بارزانی ئیدی بێ تاقەت بوون و گوتیان (( ئەم جارەش کلاومان کرایە سەر !))

**١٤- سەرچاوەو پەراوێزان :**

١- بڕوانە کتێبی کوردستانی عێراق ل ٩٤-١٠٠-١٠١ نووسینی عیسمەت شەریف وانلی.

٢- کوردستانی عێراق بە سەرپەرشتی هێسترەوە II ((پارتیزانەکان)) ئەریك رولۆ.لوموند ١٩٦٣/٤/١١.

٣- هەمان سەرچاوە .

٤- هەمان سەرچاوە IV (( سیاسەتوانانی ئەشکەوت نشین )) ١٤-١٩٦٣/٤/١٥

٥-بڕوانە کتێبی عیسمەت شەریف وانلی ، بەرپەڕێن ١٧٠-١٧٤.

٦-هەمان سەرچاوە ل ١٠١ لە ساڵی ١٩٧٤دا عەبدوڵلا ئیسماعیل یەکێك بوو لە رێبەرانی حیزبی شۆڕشگێڕی کورد ، کە هاوکاری دەگەڵ بەعسدا کرد .

٧- ئەریك رولۆ ،لوموند ،١٩٦٣/٤/١١.

٨- لە ساڵی ١٩٦٢ دا تەنێ لە شاری کەرکوکدا دەهەزار دینار کۆکرایەوە (( ئیبراهیم ئەحمەد )) ناپردان، ١٩٧٣)).

٩- ئەریك رولۆ ،لوموند ، ١٩٦٣/٤/١١

١٠- هەمان سەرچاوە ١٤-١٩٦٣/٤/١٥

١١-هەمان سەرچاوە١٩٦٢/٤/١١.

١٢-دانا ئادامز سمیس ، نیویورك تایمز ١٩٦٢/٩/١١.

١٣-بە پێی پەیرەو و پرۆگرام بە درێژایی تەمەن سەرۆکی حیزب بوو .

https://t.me/kurdistanbooks

١٤-ئەريك رولۆ (( پاتريسينێكی شۆرشگێر )) لوموند ١٩٦٣/٤/١٣.

١٥-ئەريك رولۆ ، هەمان سەرچاوە ١٤-١٩٦٣/٤/١٥.

١٦-عيسمەت شەريف وانلی ،ل،١١٧.

١٧-ئەريك رولۆ ،لوموند ١٩٦٣/٤/١٣.

١٨-سەندەی تەلەگراف١٩٦٣/١٢/٣٠.

١٩-حەسەن ئەرفەع ، كوردەكان ، ل ١٣٦.

٢٠-ژێدەری نهێنی .

٢١-عيسمەت شوريف وانلی ل ١١٧.

٢٢-هەمان سەرچاوە

٢٣-ئەريك رولۆ ( لەگەڵ قاچاخچياندا)) لوموند ١٩٦٣/٤/١٠.

٢٤-هەمان سەرچاوە ١٤-١٩٦٣/٤/١٥

٢٥-هەمان سەرچاوە .

٢٦-عيسمەت شەريف وانلی ل.١٢٠.

٢٧-هەمان سەرچاوە ل ١٢١.

٢٨-بڕوانە ژمارەی ١٩٦٢/١٠/١ی خەبات، كە لە لاپەڕە ١٢٢-١٢٣ی كتێبەكەی عيسمەت شەريف وەريگرتووە .

٢٩-ئەريك رولو ، لوموند ١٩٦٣/٤/١٣.

٣٠-دانا ئادامز سميس . نيويورك تايمز ١٩٦٣/٤/١٣

٣١-جگە لە ئەريك رولو ، كە دەيتوانی بە زمانی عەرەبی گفتوگۆی دەگەڵدا بكات .

٣٢-ديڤيد ئادامسن ، جەنگی كوردستان ، لەندەن ١٩٦٤، ل ١٤٧.

٣٣-هەمان سەرچاوە ل ١٦٦

٣٤-هەمان سەرچاوەل ١٨١

٣٥-هەمان سەرچاوە ل ١٥١

٣٦-هەمان سەرچاوە ل ١٨٦-١٨٧.

٣٧-دانا ئادامز سميس ، نيويورك تايمز ١٦٢/٩/١٠.

٣٨-و . هاول ، يەكێتيی سۆڤيەت و كوردەكان ل ٤١١، هەروەها پەراوێزی ل ٤١٢

٣٩-بە گوتەی دانا ئادامز سميس ئەم ديدارە لە ١٩٦١/١٢/١٧ داو لە سەرسەنگ رووی داوە ، ل ٢٠٧گەشتی نێو جوامێران .

٤٠-جەرجيس فەتحوڵلا ، وەرگێڕی عەرەبی كتێبەكەی دانا ئادامز سميس ، هەڤپەيڤێن دەگەڵ نووسەردا ، حاجی ئۆمەران ، ١٩٧٤.

٤١-د.ئادامس ، جەنگی كوردستان ل ١٩٦، سەربازگەی رايات ١٠٥ سەربازی عێراقی تێدابوو، كە وێرای نە بوونی خۆراك و ئاو بەرەڤانيان كرد.

٤٢-بە گوتەی ديڤيد ئادامس ٧٠ ئەفسەر كە يەكێكيان جەنەراڵ بوو كە لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٦٣دا لە سوپای عێراق هەڵاتبوون ، جەنگی كوردستان ،ل ١١٧

٤٣-ئەريك رولو ، لوموند ١٩٦٣/٣/١٢،

https://t.me/kurdistanbooks

٤٤-هەمان سەرچاوە.

٤٥-عیسمەت شەریف وانلی ، کوردستانی عێراق ل ١٧٥.

٤٦-پەیامی تەلەگرافی ئاژنسی فرانس پریس ١٩٦٣/٢/١٤.

٤٧-هەمان سەرچاوە

٤٨-هەمان سەرچاوە.

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی حەوتەم: پشووی یەکەم ،شوبات - حوزەیران ١٩٦٣**

تاکو ئەمڕۆکەش پەردەیەکی ئەستور بەسەر ئەو هەڵومەرجانەوەیە کە کودەتایی ١٩٦٣/٢/٨ تێدا ئەنجامدراو رۆڵی عەسکەرییەکان ومەدەنیەکان لەو کودەتایەدا چ بوو،چۆن بوەو...ئەندازیارانی ئەسڵی ئەم کودەتایە ،کە زۆر خراپ ئەنجامدرا ،بەعسیەکان بوون((ئەم یاوەران وموریدە عێراقیانەی میشێل عەفلەق کە خەڵکانی هەرزەکاروبێ ئەزموون بوون ولە لای خەڵکی نەناسرابوون،"بۆ بەردەم کامیرا" پێویستایان بە کەسایەتیەک-بە جەنەراڵ نەجیبێک- هەبوو))"١"

ئەمانە خوویان بە خەباتی نهێنیەوە گرتبوو، بەڵام لیاقەتی ئەوەیان نەبوو کە بەم زووییە جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست و ژمارەیەکی زۆر لە رێبەرەکانیان هێشتا لە زینداندا بوون،وایان بیر دەکردەوە، کە ئەگەر عەبدوسەلام عارف بەسەرۆکی حکومەت دابنەن،بەو حەساوەی کە نێوبراو وەکو یەکێك لە قارەمانانی شۆرشی ١٩٥٨/٧/١٤ ناوبانگ وپایەی هەیە،دەرفەتودەلیڤەیەکی چاکتریان بۆ دەرەخسێت کە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە،بۆیە هەرکە رادیۆی بەغدا لە هەمان رۆژی کودەتاکەدا دامەزراندنی(( ئەنجومەنی نەتەوەیی سەرکردایەتی شۆرش)) بە سەرۆکایەتی عەبدوسەلام عارف و بێ ناوهێنانی ئەندامەکانی تری ئەنجوومەنی نێوبراو وبێ ئاماژە کردن بە کوردستان ،رادەگەیەنێ ،لایەنگرانی بارزانی دەیانەوێ دەم ودەست، دەست بە هێرش بکەن و ئەو وەزع وحاڵە پەشێوە بقۆزنەوەو دەست بەسەر شارە گەورەکانی کوردستاندا بە تایبەتی کەرکوك و سلێمانیدا بگرن و لە رژێمی تازەی بکەن بە ئەمری واقع"٢" .

بەڵام بارزانی بە پەیڕەوی ئەو رێبازەی کە لە هەموو تەمەنیدا هەر پابەندی بوو،خۆی لە ((موغامەرە)) نادات و دەیەوێ هەوەڵجار وبەرلەوەی دەست بداتە شەڕێکی تازە، هەموو رێگاکان و شێوازەکانی گفتوگۆ کەشف بکات و بدۆزێتەوە"٣" .

دوای هەفتەیەك حکومەتی تازەی عێراق، کە دوو وەزیری کوردیشی تیدایە.نیازی خۆی سەبارەت بە((چارەسەری ئاشتیانە))ی مەسەلەی کورد، پاش زانینی بۆچوونی خودی کوردەکان ، رادەگەیەنێ.

**١- پەیوەندییە سەرەتاییەکان:**

دوابەدوای ئەم کارە،بارزانی رۆژی ١٩٦٣/٢/١٩ جەلال تاڵەبانی وساڵح یوسفی بۆ تاقیکردنەوەی نیازی حکومەت بۆ بەغدا دەنێرێ.هەوەڵین پەیوەندییەکان یەکجار بە فێڵ و فەندو پڕ لە تەڵەکەبازی دەبن:جەنەراڵ تاهیر یەحیا کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٢دا بەخۆی لە نێوان ((ئەفسەرانی ئازاد))وکوردەکاندا بوو،ونەۆسوپاسالاری سوپایە (( زۆر زۆر عوزردێنێتەوە))و دەڵێت ئەگەر ئەو پەیمانانەی بە کودر دراون جێبەجێ نەکراون،هۆیەکەی ئەمە بووە کە(( لەوکاتە بەملاوە ژمارەیەك لە ناسیونالیستان هاتوونەتە ناو ئەنجومەنەوەو زۆریان کەیف بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا نایەت))."٤"

رێبەرانی بەعسی بەغدا بە زەبری لێهاتوویی و زیرەکیان لە فروفێڵان دا ،لە سەری دەرۆن ودەڵێن نەیاندەتوانی هەر دوای دەسەڵات وەرگرتن بە ((هەراج کردن))ی باکووری عێراق، هەموو ولاتانی عەرەب لە خۆیان بشەمزێنن وپێشنیاز بۆ جەلال تاڵەبانی دەکەن لە گەڵ ئەو شاندە رەسمیەدا کە بۆ گفتوگۆ دەگەڵ سەرۆك ناسر دەچێت بۆ قاهیرە،بڕوات بۆ نك وی- لە ناخی دڵەوەش ئومێدەوارن

https://t.me/kurdistanbooks

ناسر کە لەو سەروبەندەدا بە تەمای یەکخستنی جیهانی عەرەب بوو لە سایەی ڕێبەرایەتی خۆیدا وەکو ئەوان جم‌وجوڵی جوداخوازانەی کوردان ریسواومەحکوم بکات .

## ٢- سەرۆك ناسر و مەسەلەی کورد :

بەڵام گەورەترین سەرسامی بەلای عەرەبێن ئەندامی شاندی عێراقییەوە- واتە بەلای عەلی سالح ئەلسعەدی یاریدەدەری سەرەك وەزیران‌ووەزیری ناوخۆ ،تالیب شەبیب ، وەزیری کاروباری دەرەوە ،جەنەراڵ عەماشی وەزیری جەنگ"٥" ،ئەمە بوو کەسەرەك ناسر(( بە تەواوەتی لایەنی کوردەکانی گرت)) وگوتی:(( چ کەسێك ناتوانێ نکوڵی لە بوونی نەتەوەی کورد بکات.ئەم میللەتە مافی خۆی هەیە، یەکێك لەم مافانەی داواکردنی ئۆتۆنۆمی یە))"٦" ئەوجا بە دوپات کردنەوەی ئەم بابەتەی کە عەرەب ((دوژمنی بە هێزی)) وەکو ئیسرائیلی هەیە ،لەسەری رۆیی(( ئێمە وەختی ئەوەمان نیە کە بە کێشمانەکێشی ناوخۆوە بیکوژین، کوردەکان دەبێ لە چوارچێوەی عێراقدا بە مافی خۆیان بگەن و مافی خۆیان هەبێ، بۆچی لە زاراوەی ئۆتۆنۆمی دەترسن))"٧".

بەڵام بە هەموو راشکاوییەکەوە کە ناسر لەم بارەیەوە نواندی، ئەم هەڵوێستە نیمچە فەرمی بوو، لە هەڵوێستی رەسمیدا دەبوایە ئەوپەڕی پارێزی بەکار ببردایە، هەڵبەتە تەنانەت دوای دەست پێکردنەوەی شەڕیش دەستبەرداری ئەم هەڵوێستە پارێزئامێزە هەر نەبوو .

ناسر لەمە حاڵی بووبوو کە ئەگەر یەکێتی دەگەل عێراق و سوریا سەربگرێ وئەو((ناسر)) قاییل بێ بەوەی ئۆتۆنۆمی بە کوردان بدرێ ئەوا پلەوپایەی خۆی لە ناو عەرەباندا دەخاتە خەتەرەوە ،بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ مەیلی لەسەر ناردنی هێز بۆ شەڕی کوردستانی عێراق نەبوو، ئەویش لە کاتێکدا کە هێزەکانی میسر لە زەلکاوی یەمەن دا چەقی بوون."٨"

شاندی عێراقی لە جەزایریشدا تووشی هەمان سەرسامی دەبێ: سەرۆك بن بلا دەڵێ:(( من بەر لەوەی عەرەب بم مرۆڤم، من ئاگام لەم مەسەلەیە هەیە،ئێمە بەخۆشمان لە پێناوی وڵاتەکەماندا خەباتمان کرد))"٩" بەمجۆرە شۆرشی کوردان‌وشەڕی بەرەی نەتەوەیی ئازادییەخشی جەزائیر لەیك ریزدا دادەنێ.

## ٣- خۆ دزینەوەی عێراقیەکان :

ڕێبەرانی عێراقی گوێیان لە وڵاتانی برا گرت،بەڵام بە قسەیان نەکردن، کە گەڕانەوە بۆ بەغدا سەرلە نوێ کەوتنە بیانوو گرتن ومەسەلەی زەرورەتی (( ئامادەکردنی ڕای گشتی جەماوەری خەڵکی عێراق)) یان هێنایە گۆڕێ وبەمەبەستی خۆدزینەوەو دواخستنی ساتی بڕیاردان هەزارو یەك بیانوو دێننەوەو پێشنیازی جۆراو جۆر دەکەن،جەنەراڵ عەماش پێشنیازدەکات کە کۆنفرانسێکی گشتی بە بەشداری هەموو حیزبەکانی عێراق، بۆ باسی مەسەلەی کورد بگیرێ ، ئەوجا پێشنیازی ئەوە دەکات کە ریفراندۆم سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەنجام بدرێ،پاشان پێنیشاز دەکات رێککەوتننامەیەکی نهێنی بکرێ."١٠"

لە ئاخروئۆخری شوباتی ١٩٦٣(٢٨شوبات )جەنەراڵ بارزانی لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەوانیدا لە قەلادزێ تورە دەبێت و رایدەگەیەنێ فەرمانی بە پێشمەرگەکانی داوە بگەرێنەوە سەنگەرەکانی خۆیان،ولەسەری دەڕوات کە ئامادەیە دەست بە شەڕبکاتەوەو تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی عێراق بە

https://t.me/kurdistanbooks

ئۆتۆنۆمی کوردستان رازی نەبێ،سەربەخۆیی رابگەیەنێ"١١"، هەڵبەتە ئەم هەڕەشانە کاری خۆ دەکەن .

**٤- دیداری کانی ماران:**

ئەگەر چی زۆری نەمابوو، ئەم قەرارە لە دوا ساتەکانی خۆیدا هەڵوەشێتەوە بەڵام سەرەنجام و لە ١٩٦٣/٣/٤دا لە گوندی کانی ماران دیدارێك لە نێوان جەنەراڵ بارزانی وشاندێکی عێراقیدا دەکرێ .شاندە عێراقیەکە بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ تاهیر یەحیا بوو وبریتی بوولە عەقیدێك ، فەرماندەی هێزی فڕۆکەوانی وئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش(ڕەنگە حەردان تکریتی بووبێ)جەنەراڵ فەتاح شاڵی و سێ کەسایەتی کورد، بابا عەلی و فوئاد عارف کە وەزیر بوون ،و حەیدەر سلێمان سەفیری عێراق لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا.

پەیامنێری تایبەتی لوموند، کە لەم دیدارەدا ئامادە بووە، هاتنی شاندە عێراقیەکەی بە هەلیکۆپتر ، وەسف کردووە(( ئەندامانی شاندەکە لە رووتەنێکی کانی ماراندا ولە ناو بازنەی پیشمەرگەی سەراپا چەکداردا کە لە گەشتیارانی خۆشگوزەران دەچوون،بە جل و بەرگی پۆشتە وپەرداخەوە ، قایشی کامیرای رەسم گرتن بە شانا هاتووەخوار))"١٢"

یەکەم بەرخوردیان زۆر ساردبوو.

جەنەراڵ تاهیر یەحیا ئەوەی روونکردەوە کە ئەم شەڕو(( براکوژییە رژێمی قاسم بەسەر کوردو عەرەبیدا سەپاند)) وئەوجا گوتی کورد وعەرەب هەمیشە ((دوو نەتەوەی تەبا)) بوون.

بارزانی بەشێوازە تەمسیلیە تایبەتیەکەی خۆی بەرسڤی دایەوە((من وتۆ هەردووکمان سەر بە تیرەی بەشەرین .. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ناوت تایەرەومن ناوم مستەفایە! ئیدی بێفایدەیە ئەگەر بلێین دوو مرۆڤی تایبەتی نین ،کە هەریەکەو کەسایەتی تایبەتی خۆی نییە))

بە زمانێکی توندتر گوتی(( دیارە هەر رایەکی پێچەوانەی ئەمە بە ناچاری دەبێتە مایەی ململانێی بەردەوام ،گەلی کورد چیتر باوەڕ بەوە ناکەن کە ئاشتی ودۆستایەتی بە قسەی جوان دابین بکرێ ، قاسم زۆری لەم قسانە بۆ کردین ولە هەمان کاتیشدا ژن و منداڵانی کوشتین!))

جەنەراڵ بارزانی پاشان لەسەری دەروات وهەر بەو زمانە دەڵێ: ((من بۆیە لایەنگری و پشیتوانیم لە رژێمی ئەنگۆ نەکردووە، بارێك ورەوان پێت بڵێم ، لەبەر ئەمەیە کە بەغدا خۆی لەوە دزییەوە کە دان بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورددا،لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بنێ،جا ئەم داوایە ئەمڕۆکەش هەمان داوای دوێنێیەولایەنی کەمی داوای ئێمەیە بۆ کۆتایی هێنانی شەڕ!))

ئەوجا جەنەراڵ تاهیر یەحیا داوا دەکات کە گفتوگۆکە لە کۆمیتەیەکی بچووکدا بەردەوام بێ... دوای سێ سەعاتان، کوردەکان وشاندی دەوڵەتی بەغدا بە رووخۆشی وزەوقەوە لێکدی جودا دەبنەوەو ماڵاوایی دەکەن- ئەمە مایەی سەرسامیە،چونکە بارزانی داواو داخوازی زۆر قورسی تەسلیم بە جەنەراڵ تاهیر یەحیا کردووە.

**٥- داخوازیەکانی بارزانی:**

ئەم لیستە بە تایبەتی ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتبوو :

- داننان بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کوردا .

https://t.me/kurdistanbooks

– دانانی ئەنجومەنێکی جێبەجێکردنی تایبەت بە کوردستان، لەگەڵ سەرۆکێکدا کە لە ئەنجومەنێکی کورد،کە ئەندامەکانی لە ریفراندۆمێکی گشتیداو راستەوخۆوبەنهێنی هەڵبژێردرابن، بەرپرسیاربێ.

– دانانی جێگرێکی کورد بۆ سەرۆک کۆمار

– هەرێمی کوردستان باژێرێن سلێمانی وکەرکوك وهەولێر وئەو بەشانەی شارانی موسڵ و دیالە دەگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتیوانیان کوردن .

– دامەزراندنی هێزێکی جەندرمەی کورد .

– دابەشکردنی دەرامەتی نەوت."١٣"

بارزانی بە رێکخستنی ئەم لیستە بۆ یەکەمجار بیروبۆچوون وتێگەیشتنی کوردی لەمەڕ ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی ورد خستە روو، لە شێوەی جۆرە هۆشداریەکدا، تەسلیم بە دەوڵەتی عێراقی کردبوو، بەو مەرجەی ئەگەر ئەم داخوازیەی لە ماوەی سێ رۆژندا وەڵام نەدرێتەوە ئەوا شەڕ دەست پێدەکاتەوە.

دەوڵەتی بەغدا کە سەری لەم زێدەخوازییەی کوردان سوڕدەمێنێ،رایدەگەیەنێ کە ئەم داخوازییانە قابیلی دانوستان نیە، لەرۆژی شەشەمی ئازاری ١٩٦٣دا ، تاڵیب حوسەین شەبیبی وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق ویەکێك لە رێبەرانی باڵی راستی بەعسیان رایدەگەیەنی : ((باسی رەزامەندی لەسەرئۆتۆنۆمی نیە ، تا ئێستا لە زیادە گفتوگۆمان دەگەڵ ئەم ((یاخی )) یەدا، کە تەنانەت لە لایەن خودی کوردەکانیشەوە پشتیوانی لێناکرێ، دانوستانمان کردووە، ئەگەر جەنەراڵ بارزانی نەیەوێ سازشمان لەگەدڵ دا بکات، ئەوا لە ماوەیەکی کەمدا بۆ هەمیشە کۆتایی بە شۆرشەکەی دێنین))"١٤" .

لە بەغدایە کۆڕ وئەنجومەنە نەتەوەییەکانی کورد، بەرانبەر بە بێ دەنگی رەهای ئەنجومەنە حکومەتیەکان دەربارەی ئەو دانوسانە، زۆر بێ تاقەت و حەوسەڵە دەبن.

### ٦– خەیاڵ و گومانان:

بەلام لە رۆژی ١٩٦٣/٣/٩دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی عێراقی((دان بە مافی لامەرکەزی گەلی کوردا دەنێ))! لە روانگەی رۆژنامەوانی جیهانییەوە،کوردەکان سەرکەوتوون، رۆژنامەی لوموند بە مانشێتی درشت دەنوسێت:((بەغدا ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی عێراق دەدات! ))( ١٩٦٣/٣/١٢)

بەڵام لە راستیدا شتەکان روون نین.حکومەتی بەغدا ئەم ((لامەرکەزییە))بە بێ رەزامەندی بارزانی رادەگەیەنێ،بێگومان ئەم بەیاننامەیە بەهیچ جۆرێ داخوازی کوردەکان– کە هێشتا هەر نهێنین– وبەو شێوەیەی کە جەنەراڵ بارزانی لە دیداری ١٩٦٣/٣/٤یدا دەگەڵ جەنەراڵ تاهیر یەحیا داوای کردووە،دابین ناکات.

ئەگەر عەلی ساڵح ئەلسەعدی، یاریدەدەری سەرەك وەزیرانی عێراق لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەوانیدا لە ١٩٦٣/٣/١١ لە دیمەشق بەرگری لە نەخشەوبڕیارەکانی وڵاتەکەی دەکات و دەڵێ کە((کوردەکان لە هەموو بوارەکاندا،جگە لە کاروباری دەرەوەوبەرگری ودارایی کە لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی ناوەندیدا دەبن، ئیدی دام ودەزگای ئیداری تایبەتی خۆیان دەبێ، ئەمە بە واتایەك بەرگرییە لە

https://t.me/kurdistanbooks

سیاسەتی وڵاتی خۆی ولە حەقیقەتدا چ ڕێکەوتنێك لەگەڵ کوردا نەکراوە، چونکە داواکانی بارزانی دەقاودەق لە هەمان بواری دارایی و بەرگریدایە کە دانوستانەکەی ڕاگرتووە.

بارزانی لەلایەن هەندێ کۆڕوکۆمەڵی کوردییەوە گوشاری لێدەکرێ کەدەگەڵ بەغدایە سوڵح بکات ،ئەویش داوای(( کۆنفرانسێکی جەماوەری دەکات))، ئەم کۆنفراسە لە ١٩٦٣/٣/١٨دا لە کۆیە بە بەشداری ٢٥٠ نوێنەر کە ((٢٠٠یان مافی دەنگدانیان دەبێ)) بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان وڕێکخراوە عەسکەریەکان وناوداران وپیاوماقولان وڕۆشنبیرانی کورد ، دەکرێ کۆنفراس لیستێکی تازەی داواکاری ئامادەکات ودەیکات بە یاداشتنامەیەك وبە((یاداشتنامەی ١٩٦٣/٤/٢٤))ناو دەردەکات، ئەوجا شاندێك بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی هەڵدەبژێردرێ و ڕای دەسپێرێ کە دان وستان دەگەڵ حکومەتی بەغدایە بکەن."١٥"

**٧- چاو وڕاوی بەغدا:**

گفتوگۆ سێ قۆلییەکانی(میسروسوریا وعێراق) لە قاهیرە جارەکی دی نیشانی دەدا کە سەرانی بەعسی بەغدا گەمەیەکی دوو لایەنەیان کردووەو هەرگیز نیازومەبەستیان نەبووە بەڕاستی دەگەڵ کوردا ڕێکبکەون.

لە ٨/ئازار /١٩٦٣دا واتە ڕێك مانگێك دوای ڕوخانی قاسم،حیزبی بەعسی سوریا بە زەبری کودەتایەك دەسەڵاتی وەرگرت،هەرچەند ڕۆژێك دوای کودەتایەکە لە قاهیرە گفتوگۆ لەمەڕ یەکخستنی میسر وسوریاو عێراق لە چوارچێوەی یەك کۆماردا بە نێوی(کۆماری یەکگرتوی عەرەبی)) دەستی پێکرد.

سەرەك ناسر پێشنیازدەکات نوینەرانی جەنەراڵ بارزانیش بۆ بەشداری لە دوا قۆناغی گفتوگۆیەکە دەعوەت بکرێن کە قرێر بوو لە ناوەراستی نیساندا لە قاهیرە ئەنجام بدرێ.لێ سەرانی بەغدا دەڵێن پێویست بەم کارە ناکات، چونکە مەسەلەکە ((لە نێو خودی عێراقییەکان))دا حەلوفەسڵ بووە! کەچی لە هەمان کاتدا ڕێبەرانی بەغدا بەو جۆرە پاساو بۆ جێبەجێ نەکردنی داواکاریەکانی بارزانی دێننەوە کە گوایە مەسەلەی کورد لە((چوارچێوەی نیشتیمانی)) دەرچووەو ناسر دژی هەر جۆرە( ئاشتەواییەك کە زیان بە یەکێتیی عەرەب بگەیەنێ دەوەستێ))"١٦".

**٨- خاوبوونەوەی پەیوەندی بارزانی و بەعسییەکان:**

لە ناوەراستی نیسانی ١٩٦٣دا ڕۆژنامەی ترود Troud ئۆرگانی یەکێتیی کرێکارانی یەکێتیی سۆڤیەت باسی ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕ دژی کوردان دەکات"١٧".

لە ڕاستیدا پچڕانی پەیوەندی زۆر دوو نییە:جەلال تاڵەبانی دوای پازدە ڕۆژان یاداشتنامەکەی ١٩٦٣/٤/٢٤ی کوردان لە بەغدا بڵادەکاتەوە- ئەم یاداشتنامەیە وێنەیەکی دەستکاری کراوی ((لیستی ئەو داخوازییانەیە)) کە لە ٣/٤دا درابوون بە جەنەراڵ تاهیر یەحیا و لە کۆنفرانسی کۆیەدا پەسند کرا.

لەم یاداشتنامەیەدا نە وشەی(ئۆتۆنۆمی)و نە وشەی(لامەرکەزی) بەکارنەهاتووەو بەرچاو ناکەوێ لێ داخوازیەکان لە ڕادە بەدەرن.کوردەکان لە ڕاستیدا خوازیاری وڵاتێکی دوو میللەتین لە سەر شێوازی وڵاتانی ئەوروپایی ((وەکو یۆگسلاڤیا،یان تا ئەندازەیەك وەکو سویسرا)).

https://t.me/kurdistanbooks

تاڵەبانی دوای ئەوەی ئەم یاداشتنامەیە بڵاودەکاتەوە-کە هەر بڵاوکرنەوەکە بەخۆی مانای بڕینی پەیوەندی دەگەیەنێ- رایدەگەیەنێ:((ئێمە بۆ گفتوگۆ بۆ بەغدا هاتووین،بەڵام ئەگەر حکومەتی بەغدا چاکنیازی نیشان نەدات، ئەوا هەفتەیەکی دی بۆ باکوور دەگەرێینەوە))"١٨"
لێ تاڵەبانی رۆژی ١٩٦٣/٥/٣١ بە دیدارێکی زۆر دۆستانەی سەرۆك ناسر بۆ میسر دەروات.لێ ناسر چ کارێکی لە دەست نایەت جگە لەوەی دانیشێت وتەماشای هەڵگیرسانەوەی شەڕی بەغدا لەگەل کوردەکاندا بکات .

**٩- سەرچاوە و پەراوێزان :**


١- ئەریك رولو ، لوموند١٩٦٣/١١/٢٠
٢- بڕوانە کتێبی (حیزبی سوسیالیستی بەعسی عەرەبی) نووسینی کەمال جابر ، زانکۆی سیراکۆز ، نیۆیورك ١٩٦٦، نووسەر باسی دیدارێکی خۆی دەگەڵ تاریق عەزیزدا دەکات ،لە شوباتەوە تا ١٩٦٣/١١ کە سەرنووسەری رۆژنامەی الجماهیر بوو، دوای گەرانەوەی بەعس بۆ سەر حوکم بوو بە سەرنووسەری الپورە،لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ تاریق عەزیز بووە وەزیری رۆشنبیری و تا ساڵی ١٩٧٦ لەم پۆستەدا مایەوە.
٣- ئەریك رولو ، لوموند ١٩٦٣/٣/١٢
٤- هەمان سەرچاوە .
٥- ئەندامانی نوێنەرانی کورد ، بریتی بوون لە دوو وەزیر، بابا عەلی و فوئاد عارف .
٦- ئەریك رولو ، لوموند ١٩٦٣/٣/١٢
٧- جەرجیس فەتحوڵلا، هەمان سەرچاوە .
٨- کامیل ئەبو جابر ، حیزبی سوسیالسیتی بەعسی عەرەبی . ل ٧٩
٩- جەرجیس فەتحوڵلا ،هەمان سەرچاوە .
١٠-ئەریك رولو ، لوموند ١٩٦٣/٣/١٢
١١- نیویورك تایمز ١٩٦٣/٣/٢
١٢-ئەریك رولو ، لوموند ١٩٦٣/٣/٨ گوتەکان لەم گوتارەوە وەرگیراون .
١٣-پێرستەکە جەرجیس فەتحوڵلا کردویەتی ، حاجی ئۆمەران ١٩٧٤.

١٤-لوموند ١٩٦٣/٤/١٦.
١٥-هەمان سەرچاوە .
١٦-ئەریك رولو ،(( سەرەك ناسر خۆی لە دەست تێوەردانی جەنگی کوردستان دوور دەگرێ)) لوموند ١٩ /١٩٦٣/٦
١٧ -لوموند ١٩٦٣/٤/١٦
١٨ -هەمان سەرچاوە ١٩/٤/٣٠

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی هەشتەم :شەڕی یەکەمی بەعسیان،(٦-١٢/١٩٦٣):**

ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ ڕادیۆی بەغدا بڵاوی دەکاتەوە کە((ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری داوە دەست بە جێ کریارێن عەسکەری دژی مەلا مستەفا بارزانی دەست پێبکات)).

بەلای کەمەوە نهۆ شتەکان روونن.دەوڵەتی عێراق پاش چوار مانگان گفتوگۆودانوستان و چاووراو وفێڵوفەند وخۆدزینەوە،سەرەنجام لە هەڵگیرسانەوەی شەڕدا دەست پێشکەری کردو بیٚ ئەوەی هەوڵبدات مەسئولیەتی ئەم کارە بخاتە ئەستۆی کوردەکان .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش،وێرای ئەوەی شۆڕشڤانان بە((کۆمەڵێك جوداخواز وفیودالْ و ستەمکار وچەتەوجەردەودژمنی کۆماری عێراق))وەسف دەکات کە لە دەوری بارزانی خربوونەتەوە،لە هەمانکاتدا زنجیرە هەنگاوێکیش،بەڕای خۆی((بۆ دابینکردنی ئاشتی هەمیشەیی لە نێوان کورد وعەرەبدا))"١"دەنیٚ .

**١- پرۆژەی لامەرکەزی ئیداری**

لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە بریتی بوو لە پرۆژەیەکی تازەکردنەوەی رێکخستنی ئیداری، بە دامەزراندنی چەند پارێزگایەك لەلایەن پارێزگارانێکەوە بەڕیوەببرێن کە راستەوخۆ پەیوەست بن بە حکومەتی ناوەندییەوە، کۆمەڵێك فەرمانبەر یارمەتی ئەم پارێزگارانە دەدەن."٢"

کوردستان-لەم پرۆژەیەدا بە هیچ جۆریٚ ناوی نابردریٚ- بەسەر دوو ستاندا دابەش بووە: پارێزگای کەرکوكوپارێزگای سلێمانی،کە باژێرێن سلێمانی و هەولێرو دهۆك،لەگەڵ شارۆچکەکانی زاخۆ و ئامێدی و ئاکریٚ و زێبار دەگرێتەوە.

تاقە دەستکەوتی ئەم پرۆژەیە بۆ کورد، ئەوەیە کە زمانی کوردی لە پارێزگای سلێمانیدا زمانی رەسمی دەبیٚ-پارێزگای کەرکوك لەم حاڵەتە بەدەرە!.

بەڵام لەم پرۆژەیەدا کە پەیوەندی بە سەرانسەری عێراقیەوە دەبیٚ، چ شتێك((کەسایەتی کورد))ی باکووری عێراق لە شوێنەکانی دیکەی کۆمار جیا ناکاتەوە، لە هەموو روویەکەوە روون و ئاشکرایە کە ئەم کارە تەنیا بۆ پروپاگەندەیە ومەبەستی چەواشەکردنی رای گشتی جەماوەری خەڵکی ناوخۆیە.

**٢- سەرەتای ئۆپەراسیۆنی سوپایی:**

لە راستیدا سوپای عێراق لە سەعات پێنجی سپێدەی رۆژی ١٩٦٣/٦/٩دا بەر لەوەی تەنانەت جەنەراڵ بارزانی ئینزارنامەکەی دەوڵەتی عێراقی پێبگات کە داوای لێدەکات لە زەرفی ٢٤ سەعاتدا خۆی تەسلیم بکات، شارانی کەرکوك وهەولێر وسلێمانیدا حکومەتی سوپایی ((ئەحکامی عورفی )) بەرپاکردبوو. سوپای عێراق بە تانك و زرێپۆشەوە گەمارۆی ئەو شارانەی داو کەوتە گرتنی بە کۆمەڵی خەڵکی وتالانکردنی دوکان و موغازەکان وکوشتنی ئەو خەڵکە سڤیلەی کە دەیانویست هەڵێن: بە تایبەتی لە سلێمانیدا چەند سەد کەسێکیان گرت و(٢٧٦) کەسیان کوشت و لە کەناری شاردا خستیاننە گۆڕی بە کۆمەڵەوە"٣"

https://t.me/kurdistanbooks

**٣- شەڕی بەعسیان:**

ئەو شەڕە قورسەی کە سەرانی بەغدا لە مانگی شەشەوە تا مانگی یازدەی ١٩٦٣هەڵیان گیرساند(( یەکەمین شەڕی بەعسیان بوو))

هەرچەندە کە عارف لە مانگی شوباتەوە خۆی کردبوو بە مارشاڵ، بەڵام لەو سەروبەندەدا سەرۆکی وڵات بوو.

بەڵام لەو سەروبەندەدا هەر بەناو سەرۆکی حکومەت بوو. هەموو کاروبارە گرنگەکان لە دەستی بەعسییەکاندابوو:وەزارەتی بەرگری(عەماش)!وەزارەتی ناوخۆ(حازم جواد) هێزی فڕۆکەوانی((حەردان تکریتی)) بوو ،ئەمە جگە لە سەرۆك وەزیران کە (حەسەن ئەلبەکر))... ئیدوارد ساب کە یەکێکە لە باشترین چاودێرانی بویەرو ڕووداوەکانی ڕۆژهەلأتی ناڤین،هەر بەوەوە ناوەستیٚ ودەنوسێت :(( لە سوپا ودام دەزگا دەوڵەتیەکانی عێراقدا تەنانەت تاقە یەك پۆستی گرنگ نییە کە بەعیسەکان داگیریان نەکردبیٚ)) ودەڵیٚ( تەنانەت یەك سەرباز نییە کە ئەندامی بەعسی نەبێت))"٤"

وێڕای ئەمەش مارشال عارف،کە هەڵبەتە خودان ئەقڵێکی سیاسی گەورە نەبوو، لەم شەڕدا کە بەناوی ئەوەوە دەکرا بەشدار وبەرپرسیار بوو. بەڵام بەلای ئەوەوە مەسەلەی کورد لەم قسەو قسەلۆکانەدا بەرجەستە دەبوو کە(( کوردەکان عەرەبن)) و((چەتە ڕێگرەکانی بارزانی بە ئاسانی ڕاودەنرێن))."٥"

شەڕێکی توندی بیٚ پێشینە :

بەعس ،کە پێویستی بە کارێکی نمایشی هەبوو، تا خۆی لەبەر چاوی سەرەك ناسر بنوێنیٚو وای دەربخات کە تاقە لایەنە شایستەی ئەوە بیٚ گفتوگۆی دەگەڵ بکریٚ، بە دڕندەیی وتوندییەکی وەها پەلاماری کوردەکانی دا کە تا ئەو دەمە لە مێژووی شەڕێن کورد وعەرەبدا وێنەی نەبوو .

پیاوانی سوپای عێراق ، کە پێیان وابوو قاسم (عەوداڵی سەرکەوتن) بە سەر کوردەکاندا نەبوو ، وتەنیا دەیویست(سوپا لە بەغدا دوور بخاتەوە) دڵنیا بوون کە بە چەك وهێزی بەشەریی پێویست ((لە زەرفی یەك حەوتودا شۆرشی کورد لە ناو دەبرێت!))"٦" هەر بۆیەش هێرشێکی توندیان دژی کوردان دەست پێکرد،لەم هێرشەدا تازە ترین وکوشندەترین چەکیان بەکارهێنا:ناپاڵم ، بۆمباری سوتێنەر ، بۆردومانی یەك لە دوای یەك ، زرێپۆش، تۆپخانەی قورس و ... هتد .

بەعسیان لە پاڵ ئەم هێرشەدا، بڕیاریاندا کە خەلاتێکی سەد هەزار دیناری(واتە یەك ملیون ونیو فرانکی فەرەنسی)دە قەبەڵی سەری بارزانی بکەن ، لە ملی(شۆرش بدەن) ودەستیان بە گرتن و ئەشکەنجەدان وکوشتاری بەرنامەداری ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد.ساڵح یوسفی کە بەمەبەستی پەیگیری گفتوگۆکان لە بەغدایە مابۆوە، گرتیان و بۆ ماوەی چەندین هەیڤ لە زینداندا ئەشکەنجەیان دا."٧"

**٤- سیاسەتی عەرەباندنی (هەندیٚ بەشی کوردستان):**

بەڵام تازەگەری وداهێنانی بەعس،بریتییە لە عەرەباندنی بەردەوامی بەرنامەداری ناوچە کوردنشینەکان،بەعس پاشان کە لە ساڵی ١٩٦٨دا هاتە سەر حوکم جارێکی دی بایداوە سەر هەمان سیاسەتی عەرەباندن،هەر لە هەوەڵێڕا ، سوپا دانیشتوانی کوردی لە ناوچە ستراتیژیەکان ، واتا لە ناوچە سنوریو بە نەوتەکان وەدەردەنیٚ،گوندێن کورد بۆردومان دەکات و دەسوتینیٚ و بە

https://t.me/kurdistanbooks

بۆلدۆزەر تەختی دەکات"٨"،بەمجۆرە تەنێ لە ناوچەی کەرکوکدا نزیکەی چل هەزار کورد لە ماڵ و گوندی خۆ وەدەردەنرێن! لە دەشتی هەولێریش سیاسەتی((عەرەباندن) بەپێی بەرنامە پەیرەو دەکرێ .

## ٥- شەڕێن سوپایی

هێزەکانی عێراق هاوکات هێرش دەکەنە سەر باکور (بادینان) کە بە دەستی بارزانیەوە بوو، هەروەها ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێر حوکمودەسەڵاتی پارتی دیموکراتدا بوو ،(ناوەندو باشور) دەست بە سێ هێرش دەکات.سەبارەت بەم شەڕانە زانیاریەکی ئەوتۆ دزە ناکات، بەڵام هەمووان دەزانن کە لە بادیناندا ،بارزانی وەکو پێشەی جارانی ڕێگەی هێزەکانی عێراقی دا، زاخۆ و ئاکرێ و ئامێدی بگرن. هەر کاتێ کە گوشار زیاتر دەبوو ،مەیدانی چۆڵ دەکرد وپەنای وەبەر کۆسارەکان دەبرد.

لە ئابی ١٩٦٣دا سوپای عێراق گەیی بووە زێبار وناوچەی بارزانی لە (٨/١) دا گرتبوو وبارزانی وەکو ساڵی ١٩٣٢ بۆ چیاکانی باکوری بارزان ،بەرەو سنوری تورکیا ڕاونرابوو، بەڵام هێزە دەوڵەتیەکان تین وتاوو جۆش وخرۆشەکەی هەوەڵجاریان لە دەست دابوو وهێزەکانی بارزانی بە دەقی خۆیانەوە مابوونەوە.

لە شەڕگەکانی دیکەش شەڕەکان بە دڵی هێزی عێراق نەبوو: لە شەڕگەی ڕەواندز فەوجێکی تەواو لە گەڵی عەلی بەگدا، کە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك وتا ناوەراستی مانگی ئاب، مەیدانێکی سامناکی شەڕ بوو ، کەوتە داوەوە.پێشمەرگەی کورد ، کە بەدەست هێرشی فرۆکەوە حاڵیان شڕ بوو،سەرەنجام دەستێکی باشیان لە هێزەکانی عێراق وەشاند، زەرەروزیانێکی زۆریان لێدان ، ڕێگەی هاتوچۆیان لێبڕین ئەوجا پاشەکشێیان کرد .

لە باشووردا،کوردەکان لە ٦/١٧دا دامەزراوەکانی نەوتی جەنبوور ولە ٦/٢٢ دا دام ودەزگای نەوتی کەرکوك دەتەقێننەوە.بەڵام پێشمەرگەی کوردان خۆیان لە بەر ئەو هێزە گەورەیە ناگرن ، کە سەرکردایەتی سوپای عێراق خستبوویە مەیدانی شەڕەوە،ناچار پاشەکشە دەکەن.هێزەکانی عێراق لە هەیڤی نۆدا بارەگای جەلال تاڵەبانی(کە هەنگێ لە ئەوروپا بوو) لە چەمی ڕێزان دەگرن و لە مانگی یازدەدا بە ناچاری چۆلی دەکەنەوە"٩" .

مارشاڵ عارف لە ١٩٦٣/٧/١٤دا ،واتە مانگێك دوای دەست پێکردنی شەڕ، لە گوتەیەکیدا ، بە بۆنەی پێنجەمین ساڵیادی شۆرشی تەموزی ١٩٥٨، رایگەیاند کە هێزێن عێراق(( حاڵی حازر بەشێکی گەورەی ناوچەکەیان لە یاخیان پاك کردۆتەوە))"١٠" بەڵام حەقیقەت ئەمەیە کە جەنگی بەعسیان بۆ سوپای عێراق ((ئەو گەشتو گوزارە)) نەبوو کە جەنەراڵ عامەش و جەنەراڵ حەردان تکریتی بەڵێنیان دابوو.

## ٦- بەشداری سوریا لە شەڕدا:

لە روانگەی سوپاییەوە،خاڵی هەرە دیاروبەرجەستەی ئەم یەکەم شەڕەی بەعسییان ،بەشداری کردنی سوپای سوریا بوو لە شەرەکاندا دژی کورد: بەشداری هێزێن سوریا لە مەیدانەکانی شەڕدا دژی کوردەکان کە لە سەرەتادا لەلایەن بەغداوە حاشای لێدەکرا،لە ١٩٦٣/١٠/٢٢داو دوای ئەوەی مارشاڵ عارف سەری ناوچەی زاخۆی دا ، بە رەسمی کەشف بوو.ئەم قوەتە بریتی بوو لە تیپی

https://t.me/kurdistanbooks

یەرموك کە بۆخۆی لە شەڕگەی ئیسرائیلدا بوو، بریتی بوو لە نزیکەی سێ هەزار سەرباز بە زرێپۆش و تۆپخانەوە .بەشداری ئەم هێزە لە باری جوگرافیاییەوە تەنیا ناوچەی زاخۆ و دهۆکی دەگرتەوە وماوەی مانەوەکەشی کەم بوو.چونکە روخانی بەعسیەکان لە هەیڤی یازدەی ١٩٦٣دا ، ئەم هێزەی ناچارکرد بەلەز عێراق بە جێ بێڵێ.

لە باری سوپاییەوە بەشداری سوریا هاوتای سەرکەوتن نەبوو و کوردەکان زیانی گەورەیان لە یەکەکانی سوریا دا.بەڵام لە باری دەروونیەوە ئەم بەشداریە((جەزرەبەیەکی گەورەبوو بۆ جەنگاوەرانی کورد ، چونکە ئەوەی دەگەیاند کە ولاتێکی دیکەش دژیانە ))"١١" .

بە هەرحاڵ ، ئەمە یەکەم جارودواجار بوو کە هێزێن بێگانە بەشداری سەرکوتکردنی شۆرشی کوردی عێراقی کرد .

**٧- هەڵوێستی ناسر:**

کە شەڕ لە کوردستانی عێراقدا هەڵدەگیرسێتەوە ،چاپەمەنی ورۆژنامەوانی میسر زۆر واقع بینانە رەفتار دەکەن،راگەیاندنەکانی هەردولایەنی کوردی و بەعسی بێ چ شرۆڤە و لێکدانەوەو سەرنجێك بڵاو دەکەنەوە .

لە راستیدا سەرۆك ناسر کە دەرۆژ بەر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ،بە گەرمی پێشوازی لە جەلال تالەبانی کردبوو،هەڵبەتە بەبێ لە ئەستۆ گرتنی هیچ جۆرە پەیمان و بەڵێنێك.پاش دەست پێکردنەوەی شەڕ ئیدی نەیدەتوانی هەڵوێستگیری بکات- هەر چەندە وا باو بوو کە لایەنگری چارەسەری مەسەلەکە،لە رێگەی گفتوگۆوە بوو.

دوای تێکشکانی شۆرشی ١٩٦٢/٥/٨ی لایەنگرانی ناسر لە حەلەب وشکستی پیلانی ٤/٢٥ ی لایەنگرانی ناسر لە بەغدا، ئیدی بەینی ناسر وبەعس رووەو تێکچون چوو، ناسر کە هەستی کرد بەعسیانی عێراق وسوریا دەستیان داوەتە (مانۆرێکی لادەرانە) نەیدەتوانی لەم رووەوە دەست پێشکەری بکات وپەیوەندییەکان ببڕێ وبە ((هاوکاری دژمنانی نەتەوەی عەرەب)) لە قەڵەم بدرێ."١٣"

بەڵام دوای چەند هەیڤەك،پاش شکستی پیلانی ناسر لە دیمەشق (١٩٦٣/٧/١٨) ئیدی پەیوەندی نێوان ناسرو بەعسییان پچڕا ورادیۆی(دەنگی عەرەب)کە لە قاهیرەوە بەرنامەی پەخش دەکرد کەوتە دژایەتی کردنی بەعسییان و(گەلی موسوڵمانی سوریا وعێراقی هاندەدا کە دژی میشیل عەفلەقی کافر ڕابن)"١٤" وحیزبەکەی کە بە تەمابوو کوفر وبێدینی لەسەر زەمینی ئیسلامدا بڵاوبکەنەوە ،ترۆ بکەن))"١٥"

بەڵام لەم شەڕی راگەیاندنەدا چ باسێکی چارەنووسی کورد نەبوو.

**٨- مامەڵەی وڵاتانی رۆژاوا دەگەڵ مەسەلەکەدا:**

وڵاتانی رۆژاوا بە ژنەوتنی روخانی قاسم،کە رژێمەکەی لە روانگەی ئەوانەوە رژێمێکی کۆمونیستی بوو،ئاهوسێبورییەکیان پێدا هاتەوە،ئەم خۆشحاڵی وسێبورییە بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ولە بەریتانیای مەزندا،پاش گوتەکانی رۆژی ١٩٦٣/٢/١٦ی حازم جەواد بەئاشکرا هەست

https://t.me/kurdistanbooks

پێدەکرا:حازم جەواد لە قسەکانی خۆیدا گوتی دەوڵەتی تازە((رێزی ئەو قەراردادانە دەگرێ کە دەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکاندا مۆرکراوە))."١٦"

هەرکە یەکێتیی سۆڤیەت بانگەشەی راگەیاندن دژی عێراق توند دەکات بەریتانیای مەزن وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەلەز رایدەگەیەنن کە ئامادەن جێی ئەو پربکەنەوە.لە ئاستی دیبلۆماسیدا،سیاسەتوانانی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٣دا ئاسانکاری بۆ گفتوگۆ لەمەڕ رێکەوتنێکی جەنتلمانانەی نێوان عێراق وتورکیاوئێران دەکەنوبەپێی ئەم رێکەوتنە تورکیاوئێران بەڵێن دەدەن کە((زۆر بەجیدی))هەوڵ بۆ((گۆشەگیرکردنی کورد))بدەن....هەردوابەدوای ئەم رێکەوتنە ژمارەیەك لە خوێندکارانی کوردی عێراق لە تورکیادا دەگیرێن ولە ئێرانیشدا چاودێری سەر مەرزەکان توند دەکرێ."١٧"

**٩- هەڵوێستگیری یەکێتیی سۆڤیەت:**

بەڵام لە باری سیاسی ودیبلۆماسیەوە،گرنگترین رووداوی ئەم یەکەم شەڕی بەعسیە دژی کوردان ،بێگومان هەڵوێستگیری دیارو ئاشکرای یەکێتیی سۆڤیەتە بە قازانجی بزاڤی گەلی کورد بەرێبەرایەتی جەنەراڵ بارزانی ...

رەوتی پەرەسەندنی ئەم سیاسەتەی یەکێتیی سۆڤیەت کە لە سەردەمی قاسمدا لەسەر بناغەی سەبروچاوەڕوانی رۆنرابوو ، لە سێ قۆناغدا گەلاڵە بوو وشێوەوقاڵبی خۆی وەرگرت:

لە سەرەتادا ،مۆسکۆ کە رووبەرووی راووشکاری راستەقینەی کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا بووەوە، لەگەڵ رژێمی عێراقدا تێکیدا: ،رادیۆی مۆسکۆ لە ١٩٦٣/٢/١٤دا هەواڵەکانی ئاژانسە رۆژاواییەکان بلاودەکاتەوەو(( نیگەرانی))ڕای گشتی خەڵکی سۆڤیەت لە هەنبەر ئەم((کارە سامناکانە))ی کە دژی ((هێزە دیموکراتییەکانی عێراق))ئەنجام دەدرێن، دەردەبڕێ"١٨".بۆ سبەینێ رۆژنامەی(الجماهیر)ی نیمچە رەسمی بەعسی عێراق کە تارق عەزیز بەرپرس و بەرێوەبەری نووسینی بوو،بەو ئومێدەی کە نەیەڵێ پەیوەندی مۆسکۆ دەگەڵ عێراقدا بپچڕێ ، رایدەگەیەنێ:((تیر بارانکردنی کۆمۆنیستەکان رێگر نییە لەبەردەم ئەمەی کە ئێمە پەیوەندی باشمان دەگەڵ مۆسکۆدا هەبێ!)) دەبێ ئەوە بزانرێ کە دژایەتی کۆمونیستانی ئیدەخۆن دژایەتیەکی ئایدولۆژی نییە.))"١٩"

مۆسکۆ هەر زوو دێتە وەڵام: لە ١٩٦٣/٢/١٦ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی سۆڤیەت (( حکومەتی ترس وخوێنین وئەو کاری سەرکوتکارییەی لە عێراقدا ئەنجام دەدەرێ،ریسواو مەحکوم دەکات)) لە روانگەی ئەم بیروباوەڕەوە کە((ئەم سیاسەتی چەتەگەریانەی کوشتاری باشترین رۆڵەێن عێراق،ئاکامەکەی هەر شکستە))"٢٠"

جاری دووەم:پاش تێکچوونی پەیوەندی دەگەڵ بەغدایە،مۆسکۆ بەقازانجی بارزانی هەڵوێسگیری دەکات"٢١"،مەسەلەکە لێرەوە دەست پێدەکا کە بزووتنەوەی کوردایەتی((لە جەوهەروکرۆکدا بزاڤێکی دیموکراتییە))وقاسم بەوە تاوانبار دەکات کە(بێ چ هۆیەك هەوڵ دەدا) ((رێبەرانی دلێر ))ی ئەم بزاڤە (( بە نۆکەر وداردەستانی ئیمپریالیزم )) بە دنیا بناسێنێت"٢٢"

پراڤدا ،لە ١٩٦٣/٥/٦و لە گوتارێکی درێژدا، هەنگاوێکی دی بە رێگەی هاودڵی وهاوسۆزی دەگەڵ کوردانـدا دەنـێ ، بەڵام هێشتا هەر لایەنی پارێزکاریی بەرنادات:(( بە پێی ئەو زانیاریانەی لە چاپەمەنی فەرهەنگیدا! بلاوبونەتەوە) کوردەکان خوازیاری ئەوەن کە مافی دامەزراندنی دەوڵەت

https://t.me/kurdistanbooks

وپەرلەمانی تایبەتی خۆیان هەبێ کە رەنگدانەوەودەنگدانەوەی ویست وخواستی گەلی کورد بێ و لە چوارچێوەی عێراقدا کار بکات. لە حاڵی حازردا کوردستانی عێراق لە باری ئابوورییەوە یەکێکە لە پاشکەوتووترین ناوچەکانی وڵات، بۆیە ئاساییە کوردەکان سووربن لەسەر پەرەپێدانی پیشەسازی وکشتوکاڵی و ریگەوبان وگواستنەوەو سووربن لەسەر ئەوەی پشکێکی دادوەرانە لە دەرامەتی نەوت بۆ هەرێمی ئۆتۆنۆمی کە دەوڵەمەترین کانگای نەوت کەوتۆتە خاکی کوردستانەوە،بۆئەو مەبەستە تەرخان بکرێ."٢٣"

کە لە ١٩٦٣/٦/١٠دا شەڕ دەستی پێکردەوە، ئیدی یەکێتیی سۆڤیەت بەڕاشکاویو بێ پێچ و پەنایان دەوڵەتی بەغدا بەوە تاوانباردەکات کەتەنێ بەومەبەستە دانوستانی دەگەڵ کوردان کردووە تا((لە باری سوپاییەوە باشتر خۆی ئامادە بکات))ودەوڵەتی ناڤبری بەوە تاوانباردەکات کە لە رەفتاردا ((لاسایی هیتلەرییەکان)) دەکاتەوە."٢٤"

لە ١٩٦٣/٧/٣دا کۆماری گەلی مەگۆلستان، داوا لە سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە مەسەلەی((کورد کوژی لە عێراقدا)بخاتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی ئایندەی ئەنجومەنی گشتییەوە .

## یاداشتنامەی ١٩٦٣/٧/٩ی یەکێتیی سۆڤیەت:

گرۆمیکۆی وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت لە ٧/٩دا یاداشتنامەیەك دەداتە سەفیری عێراق و ئاگاداری دەکاتەوە کە(( رووداوەکانی باکووری عێراق رێگە بۆ دەست تێوەردانی وڵاتان لە کاروباری عێراق خۆش دەکات ورایدەگەیەنێ کە(ئەو سەرکوتکاریە خوێناویەی دژی کوردان بەکار دەهێنرێ،تەنێ وڵاتی عێراق لاواز دەکات .وهێزێن ئیمپریالیستی سوود لەم روداوانە وەردەگرن و ئەمەش زیان بە سەربەخۆیی عێراق دەگەیەنێ و لەوەی پتر چ ئەنجامێکی دی نابێ))"٢٥"

گرومیکۆ، لە هەمان رۆژدا یاداشنامەیەکی دی بە سەفیرانی ئێران و تورکیاوسوریا دەدات: لەم یاداشتانامەیەدا دوای ئەوەی ئاماژە بە((کوشتاری خوێناوی) کوردان دەکرێ ،دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت دەری دەخات کە(( هەندەك وڵاتان،بە تایبەتی ئێران وتورکیا وسوریا کەوتوونەتە دەست وەردان لەو رووداوانەی کە لە باکوری عێراقدا روودەدەن وتەنانەت هەندێك هەنگاویان لەو رووەوە ناوە کە لایەنی سوپاییان هەیە))سۆڤیەت پێی وایە کە ئەم سیاسەتەی وڵاتانی (سەنتۆ) ئاقیبەت و ئاکامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە))"٢٦" .

## مەترسی تەدەخولی سۆڤیەت :

لە ١٩٦٣/٧/٩دا نیکۆلای فدرینکو، نوێنەری هەمیشەیی یەکێتیی سۆڤیەت لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش،لەو((زوڵم زۆروسەرکوتکاریەی لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە لە باکووری ئەو ولاتەدا ئەنجامدەدرێ))ولە((تەدەخولی وڵاتانی بێگانە))ی ئاگاداردەکاتەوەولە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە((رەنگە بۆ کۆتایی هێنان بەو وەزع وحاڵەو رێگەگرتن لە تەدەخولی بێگانان پێویست بەوە بکات کە داوای کۆبونەوەی ئەنجومەن بکرێ))و تەنانەت هەڕەشەی ئەگەری تەدەخولی یەك لایەنەی یەکێتی سۆڤیەت لە وڵاتانی رۆژاوایی دەکات ودەڵێت :(( بەردەوامبوونی تەدەخولی بێگانە لەم رووداوانە،دەشێت هەموو ولاتێك ناچار

https://t.me/kurdistanbooks

بکات، بۆ کۆتایی هێنان بەم تەدەخولانە وبە مەبەستی بەرگری لە ئاسایشی خۆی،هەنگاوی عەمەلی بنێ!))"٢٧".

**بادانەوەی یەکێتی سۆڤیەت :**

بەڵام یەکێتیی سۆڤیەت لە هەنبەر کاردانەوەی وڵاتانی عەرەبیدا،بە پەلە لەو هەڵوێستگیریانەی خۆی کە بەقازانجی مەسەلەی کورد نواندبووی،ژێوان بووەوەو هەرەشەکەی خۆی کە بەتەمابوو مەسەلەی کورد لە ئەنجومەنی ئاسایشدا بخاتە روو نەبردە سەر.کۆماری میللی مەنگولیاش داواکەی خۆی دەربارەی دانانی مەسەلەی کورد لە بەرنامەی کاری کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش،بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکان کێشایەوەو ئەویش بایداوە!.

ئەم بادانەوە کوتوپڕە هەرگیز روون نەکراوەتەوە: بە گوتەی هەندێك ژێدەران،دەوڵەتی عێراق بە یەکێتیی سۆڤیەتی راگەیاند کە ئەگەر مەسەلەی کورد لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس بکات، ئەوا زۆربەی وڵاتانی عەرەب پەیوەندی خۆیانی دەگەڵدا دەبڕن"٢٨" .

مۆسکۆ بە خۆیشی لەوە دەترسا کە نەبادا عێراق لێبڕێ پشتیوانی وڵاتانی دی، بەتایبەتی چین ، بەدەست بێنێ!.

هەروەها دوورنییە،هۆی ئەم بادانەوە کوتوپڕەی سۆڤیەت رەفتاری خودی بارزانی بووبێ ، کە ئامادەی قەبوڵکردنی هەموو مەرجە پێشنیازکراوەکانی یەکێتیی سۆڤیەت نەبوو.

**١٠- لە دەسەلآت کەوتنی بەعسییان :**

لە سەرەتای هەیڤی یازدەی ١٩٦٣دا شەر گەیی بووە بن بەست!بەفروزستان بەڕێوە بوو وبەو زووانە ئەنجامدانی هەر جۆرە ئۆپەراسیونێکی دەوەستاند،لە هەمان کاتدا تالیب حسێن شەبیبی وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق لە لەندەن و لە کۆبونەوەیەکی تایبەتیدا گوتی:ئێمە چۆن دەتوانین ئەوەی کە کوردەکان داوای دەکەن وێیان بدەین؟رێك وەکو ئەوە وایە کە بمانەوێ وڵاتێکی سەربەخۆیان بۆدابمەزرێنین،ئەمە نابێت بە وڵاتێکی فیدراڵ."٢٩"

لەم کاتانەدا چ چارەسەرێکی سیاسی یان سوپایی،لە بەرچاو نەبوو. رێك لەم وەزع وحاڵەدا بوو کە هەمدیس کودەتاییەك ئەنجام دراو وەزع و حاڵی سیاسی لە عێراقدا ژێر وژور بوو.!

لە مانگی ١٩٦٣/١٠ بەملاوە بەعسی عێراق لە ئەنجامی کێشەیەکدا کە باڵی چەپی بەعسی بە رێبەرایەتی عەلی ساڵح ئەلسعدی یاریدەدەری سەرەك وەزیران ونەیاری ناسر رووبەڕوی باڵی راستی بەعس بە رێبەرایەتی تالیب شەبیب و حازم جوادی وەزیری ناوخۆ کردبووەوە، دووچاری ناکۆکی و دوو بەرەکییەکی توندبوو.ساڵح ئەلسعدی لایەنگری سۆسیالستاندنی خێرای ئابووری عێراق بوو تاڵیب شەبیب وحازم جەواد بە ((کۆمونیست))یان دەزانی.

لە کۆنگرەی حیزبی بەعسدا کە لە لایەن نەیارانی ئەلسعدیەوە سازدرابوو،ولە ١٩٦٣/١٠/١١دا ئەنجامدرا السعدی دەنگی پێویستی نەهێناو بەفڕۆکە رەوانەی ئەسپانیا کرا.دوای چل‌وهەشت سەعاتان لایەنگرانی السعدی ڕژانە نێو شەقامەکانی بەغدا وفڕۆکەکانی سوپای عێراق کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمارو،وەزارەتی بەرگرییان بۆردومان کرد، لەسەر داوای رادیۆی بەغدا((سەرکردایەتی نەتەوەیی))بەعس لە ١٠/١٤دا هاتنە بەغدا ،میشیل عەفلەقی دامەزرێنەری

https://t.me/kurdistanbooks

حیزبی بەعس وجەنەراڵ ئەمین ئەلحافیزی سەرۆکی ئەنجومەنی شۆرشی سوریا وجەنەراڵ ساڵح جەدیدی سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای سوریا هەوڵیاندا قەیرانی نێوان هەر دوو باڵی ناکۆکی حیزبی بەعسی عێراقی چارەسەر بکەن، بۆیە هەر بەم مەبەستە رێبەرایەتی حیزب وبەرێوەبردنی کاروباری عێراقیان"!" تا هەڵبژاردنی(( سەرکردایەتیەکی ناوچەیی)) گرتە ئەستۆی خۆیان .

ئەم گروپەش،هەستان بە دوورخستنەوەی تالیب شەبیب و ژمارەیەك لە لایەنگرانی،بەم ئومێدەی بەم کارە جۆرە هاوسەنگیەك لە نێوان هەردوو گروپی هەڤرکدا چێ ببێ."٣٠"

لە راستیدا عەفلەق وئەلحافز بەم کارە حیزبی بەعسیان بەتەواوەتی لە رێبەرایەتی داماڵیو ئیدی رێگە لە بەردەم سوپاییاندا تەخت بوو بۆ وەی حوکم بگرنە دەست.

رۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ رادیۆی بەغدا لە سەعات شەش وچل دەقیقەی سپێدەدا بەرنامەکانی خۆی بڕی ورایگەیاند کە سوپا بە سەرکردایەتی مارشاڵ عارف جڵەوی حوکمی گرتووەتە دەست. بۆ ماوەی یەك ساڵی تەواو هەموو دەسەڵاتێکی سوپایی ودەوڵەتی بە عارف سپێردرا"٣١". رێبەرانی بەعسی سوریا کە لە سپێدەی ٢/١٨ دا گیرابوون تا سبەینێ ، واتە تا دوای دامرکانەوەی هەموو بەرگرییەك دەرهەق بە کودەتاکەی عارف، ئازاد نەکران.

حیزبی بەعس، پاش تێپەربوونی قۆناغێکی دە مانگی لە حوکمڕانی،کە ماوەیەکی ئەوەندە درەخشانیش نەبوو،هەرەسی هێنا:هەندێ لە (میانرەوان) پەیوەندیان بە رژێمی عارفەوە کرد ، جەنەراڵ تاهیر یەحیا بوو بە سەرەك وەزیران ،جەنەراڵ حەردان تکریتی بوو بە وەزیری بەرگری ، هەشت وەزیری کابینەی پێشوو لە حکومەتی تازەدا مانەوە.لە کاتێکدا کە((توندرەوەکان)) کە لە بەرەی دژدا مانەوە، یان وڵاتیان جێهێشت یان خۆیان شاردەوە، بێ ئەوەی توانیبێتیان مەسەلەی کورد (یەك لایی) بکەنەوە.

چاپەمەنیەکانی ئەو دەمەی ئێران باسی هەندێك بانگەشەیان کرد کە گوایە دوای لە کارکەوتنی بەعسیانی توندڕەو، کوردەکان لە بەرەکانی موسڵ وخانەقیندا ،دەستیان بە هێرشێکی گشتی کرد ، بەڵام هاتنی زووبە زوی زستان هەموو هێرشەکانی پەکخست ودوای پەیامەکەی ١٩٦٣/١١/٢٨ی"٣٢" عارف بۆ کوردان ، ئیدی پەیوەندی نهێنی وژێراوژێر لە نێوان دەوڵەت و جەنەراڵ بارزانیدا چێ بوو.

**١١- سەرچاوە و پەراوێزان :**

١- لوموند ١٩٦٣/٦/١١.

٢- بۆ زانیاری تەواو لەمەڕ دەقەکە ،بڕوانە عسیمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق ل ٣٧٢-٣٧٥,

٣- خەبات ، ژمارە ٤٩٦ ٦ .١٩٦٣ لە لاپەرە ١٩٦ی کتێبەکەی عسیمەت شەریف وانلی وەریگرتووە .

٤- لوموند ، ١٩٦٣/٦/١٨

٥- لوموند ، ١٩٦٣/٢/٢٠

٦- ئەریك رولو ، لوموند ١٩٦٣/٤/١٦

٧- عسیمەت شەریف وانلی ل ١٩٧

https://t.me/kurdistanbooks

٨- دەیلی تەلەگراف ، ١٩٦٣/٦/١٩

٩- دەیڤید ئادامسن،جەنگی کوردستان،ل١١٧

١٠- لوموند ، ١٩٦٣/٧/١٦

١١- عەبدولوەهاب ئەتروشی ، هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا ، ناوپردان ، شوباتی ١٩٧٥

١٢- ئەریك رولو ((سەرەك ناسر،خۆی لە دەستوەردان لە شەڕی کوردستان دور دەگرێ)) لوموند ١٩٦٣/٦/١٩

١٣- هەمان سەرچاوە.

١٤- میشێل عەفلەق ی دامەزرێنەری بەعس،دیانە

١٥- لوموند ١٩٦٣/١١/٢٠.

١٦- هەمان سەرچاوە . ١٧-١٩٦٣/٢/١٨

١٧- دیڤێد ئادامسن ، ل ١٦٤ ناوی سەرچاوەکەی نەبردووە .

١٨- لوموند ١٩٦٣/٢/١٦

١٩- هەمان سەرچاوە ١٩٦٣/٢/١٩

٢٠- هەمان سەرچاوە

٢١- بەڵام یارمەتیەکانی سۆڤیەت تا هەیڤی حەوت هەر بەردەوام بوو .

٢٢- پڕاڤدا،١٩٦٣/٢/٢٣، لە کتێبی سۆڤیەتوکوردەکان،ل ٤١٢-٤١٥ نووسینی:هاول وەریگرتوە.

٢٣-پراڤد١٩٦٣/٥/٦،وەرگێرانی گوتارەکە لە ژمارە٢٦ی ساڵی ١٩٦٣دا،ل١٧٠-١٧٣ بڵاوکراوەتەوە.

٢٤- ئاژانسی دەنگوباسی تاس،لوموند،١٩٦٣/٦/١٨

٢٥- لوموند،١٩٦٣/٧/١١.

٢٦- هەمان سەرچاوە.

٢٧- واشنگتون پۆست،١٩٦٣/٧/١١ لە و .هاوڵ وە ل٤٢٢-٤٢٣ وەرگیراوە.

٢٨- و.هاوڵ.ل٤٢٤ نەقلی گوتەکانی سەرهەنگ محەمەد کشمو،پاشکۆی عەسکەری سەفارەتخانەی عێراق لە واشنگتون.

٢٩- دیڤید ئادامسن،جەنگی کوردستان،ل١٩٧

٣٠- بروانە کتێبەکەی کامیل ئەبوجابر(حیزبی سۆسیالستی بەعسی عەرەبی)ل٨٢-٨٣

٣١- لوموند،١٩٦٣/٧/١١.

٣٢- رۆژهەڵات، ١٩٦٣/١١/٣٠

## فەسڵی نۆیەم: پشووی دووەم (١٩٦٤/٢-١٩٦٥/٤)

### قەیرانی ساڵی ١٩٦٤

https://t.me/kurdistanbooks

**١- ئاگر بڕی ١٩٦٤/٢/١٠**

**بەناوی خوای دەهەندە و دلۆڤان**

**برایان**

((**قسەی راست کەلامی خوای هەموو عالەمە کە لە کتێبەکەی خۆیدا دەفەرموێ**: یاایهاالذین أمنو اتقوا الله حق تقاته و لا تموتن الا وانتم مسلمون ، واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا واذكروا نعمة الله عليكم اذ كنتم اعداء فألف بين قلوبكم فاصبحتم بنعمته اخوانا.))

**ئەم بانگەوازە سەیرەی ١٩٦٤/٢/١٠ ی جەنەراڵ بارزانی بۆ (برایانی) کورد کە یەکسەر ئەو ئاگربڕە رەچاو بکەن ،کە ئەو بەپێی رێکەوتننامەیەك دەگەڵ مارشاڵ عارفدا رایگەیاندوە،بەو جۆرە دەست پێدەکات."١"**

**ئەم بانگەوازە ئەگەرچی سەبارەت بە ئامارە بۆ خوای موسلمانان زۆر روون و رەوان و ئاشکرا بوو بەڵام دەربارەی چارەنووسی کوردستان ،زۆر ئالۆز وناروون بوو.بارزانی هەر ئەوەندەی راگەیاندبوو کە پاش (شەڕێن برا کوژی) دەوڵەتی عێراق هەنگاوی شایستە (( بۆ بوژانەوەی ژیان وسەقامگیری ئەمن وئاسایش لە ناوچەکەدا دەنێ وپێکەوە کار بۆ ئەوە دەکەین کە زەمینەیەکی لە بار بۆ راگەیاندنی مافی نەتەوەیی هاوولاتیانی کورد ،لە چوار چێوەی عێراقێکی یەکگرتودا ،خۆش بکەین)). لەم پەیامەدا نە وشەی (ئۆتۆنۆمی) ونە وشەی (کوردستان) بەکار نەهێنراوە، لەگەڵ ئەمەشدا پاش ئامارەیەکی ئالۆز بە ((مافی نەتەوەیی هاولاتیانی کورد)) داوا لە جەماوەر دەکات کە ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن و بەم گوتەیە کە((خوا پشتیوانی بڕیار ونیازی ئێمەیە)) کۆتایی بە پەیامەکە دێنێ! .**

**هەر لە هەمان رۆژدا سەرۆك عارف لە بەیاننامەیەکی فەرمی دوورودرێژدا دەربارەی ئاگربڕ ،ئەم خالانەی راگەیاند:**

- **داننان بە مافی نەتەوەیی برایانی کوردا.ئەم مافە لە دەستوری کاتیدا تۆمار دەکرێ .**
- **عەفواتی گشتی وئازادکردنی هەموو زیندانیان.**
- **گەراندنەوەی دام ودەزگای ئیداری بۆ ناوچەکانی باکوور .**
- **گەراندنەوەی فەرمانبەرانی دەرکراو بۆ سەر کار .**
- **لابردنی گەمارۆی سەر بازرگانی بەروبوومی خۆراکی،لە ناوچەکانی باکور**
- **ئاوەدانکردنەوەی دەم ودەست و بەلەزی باکور .**
- **قەرەبوکردنەوەی ئەو مولکدارانەی کە زەوی وزارەکانیان کەوتووەتە ژێر ئاوی بەنداوەکان .**
- **گەراندنەوەی ئەمن وئاسایش .**

**ئەم بڕیارەی بارزانی کە لە ئەنجامی پەیوەندی کردنی نهێنی ئەو وعارفەوە درابوو-هەڵبەتە چ شتێك لەمەڕ ئەم پەیوەندیانەوە نەزانراوە-"٢"، گەورەترین قەیرانی ناو بزاڤی کوردی لە رۆژی سەرهەڵدانییەوە تا ئەوکاتە لێکەوتەوەو ئەم قەیرانە بە درێژا بۆ بارزانیش کوشندە بوو.**

**جەنەراڵ بارزانی ورێبەرانی حیزبی دیموکرات هەر لە سەرەتای گەرانەوەی بارزانییەوە، لە ساڵی ١٩٥٨لە سۆڤیەت نەیانتوانی بوو پەیوەندی ئاسایی لە بەینی خۆیاندا بەرقەرار بکەن. دوای تێکچوونی بەینی بارزانی وقاسم، ئەم پەیوەندییانە زۆر بە خێرایی بەرەو خراپی چوون و کار گەییە ئەوەی کە هەموو ئەو رۆژنامەوانانەی کە لە ساڵانی ١٩٦٢و ١٩٦٣دا"٣" بەکاری رۆژنامەوانی**

https://t.me/kurdistanbooks

دەچوونە کوردستان، باسی ئەم قەیرانەیان دەکرد،کە ژێراوژێر بە شێوەکی پەنامەکی دەنێو ڕێبەرانی حیزبوجەنەراڵ بارزانیدا لە حاڵی دروستبووندا بوو، هەرچەندە ( چ حاڵەتێکی هێرشی) لە نێوان لایەنگرانی حیزبدا نەبوو،بگرە لە خۆیان دەپرسی لەوەیە (ژێراوژێر ) لەگەڵ دەوڵەتی بەغدایەدا کەین وبەینێکیان هەبێ."٤"

دوای ئەوەی بارزانی لە ١٩٦٤/٢/١٠دا ئاگربڕ ڕادەگەیەنێ، قەیرانەکە ئاشکرا دەبێ وشەڕی نێوخۆ هەڕەشە لە کوردستان دەکات! .

**٢- بیانوی بارزانی بۆ ( ڕاگەیاندنی ئاگر بڕ )**

بە بۆچوونی بارزانی،ماندوویەتی جەماوەری کورد، خۆی لە خۆیدا بەڵگەی دروستیو هەقانیەتی- هەڵبەتە بەلای خودی ئەوەوە-ئاگربڕ بوو .بارزانی بە هەمان شێوە وشێوازی نمایشی خۆی بۆ پاکانەی ئەم بڕیارە ئەم حیکایەتەی دەگێڕایەوە:

(( جارێك لە دیلێك کە بە درەختێکەوە بەسترابوو و دەم بێنێکیان لە زاری کردبوو،دەپرسن چ ئارەزوویەکت هەیە،وتی: لەم درەختەم بکەنەوە و بمبەن لەو درەختەم ،کە سی شەقاوێك هێوەترە ببستەنەوە))پاشان ئەم دیلە کە بینی نیگابانەکانی ئەم داوا بێ سوودەیان پێ سەیرەوهیچ حیکمەتێکی تیا نابینن گوتی:(( بۆیە ئەم داوایەم کرد تا بتوانم سی شەقاوێك بڕۆم )).

هەڵبەتە لەم حیکایەتەدا دیلەکە کوردەو سێ شەقاوەکە ماوەی ئەو ئاگربڕەیە کە لە نێوان کوردان و بەغدادا بە درێژا ئەنجام دەرێ"٥" .

بە گوتەی مێژوونووسی کورد، عیسمەت شەریف وانلی، بارزانی زۆر جار ئەم فرمۆلە کورتەی دووبار دەکردەوە:((لە سەرەتادا لەشکری ئێمە لەسەر خەڵکی دەژیا، پاش دوو ساڵان شەڕ( وەزع بە جۆرێ گۆڕا) کە خەڵکی لەسەر لەشکر دەژیان.))"٦"

ئەم دوو خاڵە ،ئەم دوو فرمۆلە ،ئەم دوو ڕێسایە ،بۆ بارزانی هەردووکیان نیشانەی یەك چەمك بوون: دوای دوو ساڵان شەڕ، بەتایبەتی دوای ئەو وێرانکاریانەی کە لە شەڕی یەکەمی بەعسیان کەوتنەوە،خەڵکی کورد ئیدی توانای بەردەوامیان لەسەر شەڕ نەما.ڕۆژنامەوانێك ،کە دوای ئاگربڕی ١٩٦٤/٢بە مانگێك سەری کوردستانی دا لە وێندەر جگە لە (کاولکاریو وێرانی) چ شتێکی دی نەدی بوو دەڵێ: هەمو گوندەکانی کەناری جادەو ڕێگا سەرەکیەکانی سلێمانی بۆردومان کرابوون و بە ناپاڵم سوتێنرابوون وبوو بوو بە خاك وخۆڵەمێش (( هەلاّتوان لە کەپری پەرپوتی بە گەڵاو چیلکە داپۆشراو دەژین، لەماوەی ٥ هەیڤاندا سێ هەزار گوند وێران بوون! دانیشتوانی سەدان گوند لە گوندەکانی خۆیان دەرکراون))"٧"

هەڵبەتە بیانوو بەڵگەی زاتیش بۆ ئەم ئاگربڕە هەبوون:ماندویەتی ونائومێدی ... و لەوەیە شتێکی نە گوتەنیش هەبێ: ڕێکەوتننامەی ئاگربڕ دەگەڵ عارفدا،لەوەیە لە حەقیقەتدا کارێك بووبێ دژی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات.قسە سەیرەکانی جەنەراڵ عارف بە ڕواڵەت پشتیوانییە لەم بۆچوونە.(( لێ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە دەوری بارزانیان گرتووە- ئەمانە شەڕفرۆشن، جاسوسودارەدەستی ئیمپریالیزمن.بارزانی وەکو ئێمە دەیەوێ ئەم حیزبە سەرکوتبکات!))"٨".

**٣- جیابوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بارزانی:**

https://t.me/kurdistanbooks

رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە باوەڕیان وابوو دەوڵەتی عێراق پاش کودەتایی هەیڤی ۱۹٦۳/۱۱ لە باری سیاسی وسوپاییەوە لاواز بووە ،خوازیاری ئەوە بوون کە شەڕ توندتر بکرێ ،تابتوانرێ لە پێگەی قوەتەوە دانوستان دەگەڵ دەوڵەتدا بکرێ. ئەم ژمارەیەی کە سەریان لە رازیبوونی بارزانی بە ئاگربڕ سورمابوو،بێ ئەوەی ئۆتۆنۆمی یان لامەرکەزی لەلایەن دەوڵەتەوە رابگەیەنرێ،هیڤیخازبوون بەلای کەمەوە رێکەوتننامەکەی عارف و بارزانی هەندێك خاڵی(نهێنی) تیابێ ،جەلال تاڵەبانی تەنانەت لە کۆنفراسێکی چاپەمەنیدا کە بارزانی لە ۱۹٦٤/۲/۲۲دا لە رانیە ئەنجامی دەدات،بەشداری دەکات ، بێ ئەوەی کەمترین نیشانەی نارەزایی دەربڕێ .

بەڵام دوا بە دوای راپۆری پەیامنێری رویتەر لەمەڕ ئەوەی بارزانی لەم کۆنفرانسەدا ئاماژەی بۆ((هەندێ رێکەوتنی نهێنی))کردووە،بارزانی لە ۱۹٦٤/۳/۳بوونی رێکەوتنی لەو بابەتە بەدرۆ دەخاتەوە."۹"

لێ بە گوتەی رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هۆی ئەم جیابوونەوەیە هەڵوێستگیری بارزانی بوو دەربارەی چارەنووسی لەشکری کورد.بارزانی لە بروسکەیەکی دورودرێژدا لە ۱۹٦٤/۳/۲ داوا لە (سەرانی حیزب) دەکات کە((هێزێن دەوڵەتی پێوەن ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەنگۆ بگرن)) با هێزێن حیزب هەقیان بەسەرەوە نەبێ و بکشێنەوە بۆشوێنی دی.لە بروسکەکەدا لە سەری دەروات:(( هەرجۆرە پێکدادانێکی نێوان ئێوەوهێزێن دەوڵەتی ،پێکدادانی چەکدارانەی لە نێوان ئێوەو ئێمەدا لێ دەکەوێتەوە))"۱۰"

کە ئەم بروسکە هەرەشە ئامێزە وەردەگرن، شەش ئەندامی مەکتەبی سیاسی وکۆمیتەی ناوەندی حیزب لە قەلادزێ دەگەڵ جەنەراڵ بارزانیدا دیدار دەکەن.

هەمدیس بەگوتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان،جەنەراڵ بارزانی لەم دیدارەدا (سەرسەختی)کرد ودڵنیای کردن کە دەبێ گوێڕایەڵی((رابەر))و((نوێنەری نەتەوی کورد) و((فەرماندەی گشتی هێزەکان)) و(( سەرۆکی حیزب)بن- لە کاتێکدا کە پیشتر بە هەموو ئەو کەسانەی کە دەهاتنە نك وی،رادەگەیاند کە چ پەیوەندیەکی بەم حیزبەوە نیە!.

لەئاخرئۆخری هەیڤی سێدا،پاش کۆنگرەیەکی سوپایی کە هەموو سەرانی سوپایی کورد،تیایدا بەشدار دەبن بارزانی عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری لە پۆستەکانیان لادەبات وعەقید عەزیز عەقراوی ونوری مەعروف لە جێی ئەوان دادەنێ"۱۱".

**٤- کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کرودستان(٤-۱۹٦٤/٤/۹):**

سەرانی حیزب پاش فەشەلی دیدارەکەیان دەگەڵ بارزانیدا، لەوقەناعەتەوە کە بارزانی دەیەوێ (شۆرشی کورد لە نێو بەرێ)بڕیاری گرتنی(کۆنفرانسی)حیزب دەدەن،ئەم کۆنفرانسە بە بەشداری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وکۆمیتەی ناوەندی ونوێنەرانی ریکخستنە حیزبی و لەشکرییەکان، بۆ بڕیار وەرگرتن لەمەڕ هەڵوێستی بارزانی پاش راگەیاندنی ئاگربڕ، لە بارەگای شارۆچکەی ماوەتدا دەبەسترێ .

سەرەنجام حیزبی دیموکراتی کرودستان لە بەیاننامەیەکی شازدە لاپەرەییداوبە ناونیشانی ((ئایا رێکەوتنی عارف – بارزانی پەیمانی ئاشتیە یان تەسلیم بوون)) هەڵویستی خۆی دەردەبڕێ ، ئەم

https://t.me/kurdistanbooks

بەیاننامەیە لە ١٩٦٤/٤/١٩دا بڵاودەکاتەوە (لە راستیدا ئەم قەواڵەیە بە تیراژی زۆر کەم‌و سنووردار بڵاوبووەوە)

حیزب،لەم بەیاننامەیەدا ،جەنەراڵ بارزانی بەمە تاوانبار دەکات کە :

– بێ ئەوەی دەوڵەتی ناوەندی دانی بە هیچ مافێکی بنەرەتی گەلی کوردا نابێت ،پەیمانی ئاگربڕی دەگەڵدا بەستووە

– لە ئەندازە بەدەر متمانەی بە دەوڵەت کردووە .

– ئاسانکاری زۆری بۆ گەرانەوەی سوپا و دام و دەزگای ئیداری عێراق بۆ کوردستان کردووەو لە هەمان کاتدا هەوڵیداوە حیزب و هێزە چەکدارەکانی حیزب لە ناو بەرێ .

– بۆ کۆتایی هێنان بە شۆرشی کورد ،بە کردەوە دەگەڵ دەوڵەتدا یەکی گرتووە.

بەیاننامەکەی حیزبی دیموکرات دوای ئەو ئەنجامگیرییەی کە بارزانی لە حاڵی حازردا گەورەترین هەڕەشەوخەتەرە بۆ شۆرشی کورد،دەڵێ:((ئەرکی بنچڕی حیزب ئەمەیە کە بە ئومێدی دەست هەڵگرتنی بارزانی لەم رەفتارە، بەهەموو شێوەو توانایەکیەوە، رووبەرووی ئەم سیاسەتە ببێتەوە))..."١٢"

دوای کۆنفرانسی ماوەت شاندێك لە لایەن حیزبەوە راسپێردرا کە بڕوات بۆ لای بارزانی و دەقی نیوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیەی پێ رابگەیەنێ.بارزانی وەڵامی دانەوە کە کۆنفراسی ماوەت یاسایی نەبووە ،چونکە بێ ئامادەبوونی رابەری حیزب بەستراوە، پێشنیازی کرد کە لە ماوەی یەك مانگدا کۆنگرەی حیزب لە قەلادزێ بگیرێ ،بەڵام مەکتەبی سیاسی حیزب قایل نەبوو، بەم کۆنگرەیەی کە(( لە سایەی چەکدارانی بارزانی دەگیرا)).

لە ئاخروئۆخری مانگی شەشدا ،شاندێکی دیکەی حیزب لە برایم ئەحمەد وعەلی عەبدوڵڵا (ئەندامانی مەکتەبی سیاسی) وعەزیز شەمزینی (نەوەی سیناتۆر عبدولقادروکاندیدی ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی) لە هەوڵێکی ئاشتیانەدا،بۆ قەلادزە بۆلای بارزانی چوو"١٣".

**٥– دیداری بارزانی – تاهیر یەحیا (سەرەتاکانی ١٩٦٤/٦):**

لەم کاتەدا بارزانی چاوەنۆری هاتنی جەنەراڵ تاهیر یەحیای سەرەك وەزیرانی عێراق بوو . جەنەراڵ بارزانی شان‌و شەپیلك داکەوتوو،شەکەت وسیما ماندوو، هەرگیز تا ئەم رادەیە نائومێد نەبووە،کار گەییە ئەمەی کە گوتی:((من ئیدی بۆ هەمیشە عێراق بە جێدێلم،ئیدی ماندوو بووم))"١٤"

زۆر بەدڵتەنگی‌ونارەحەتی باسی تەنیایی‌و((بیکەسی)) کوردانی دەکرد،کە نەك هەر عێراق دژیەتی، بەڵکو تورکیاو ئێرانیش دژین.جەنەراڵ دیگول خۆی لە ئاستی داواکاریەکانی کەڕ کردووە ،ئەمریکاییەکان و ئینگلیزەکان لەبەر بەرژەوندیە نەوتییەکانی خۆیان پشتیوانی لە عێراق دەکەن ، تەنانەت سۆڤیەتەکانیش دەستیان لێ بەرداوە!.

بێگومان دەنێو شۆرشیشدا هەستی بە جیاوازی وناکۆکی دەگەڵ سەرانی حیزبدا دەکرد:عەلی عەبدوڵڵاوبرایم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی لە راستیدا چووبوون تا بەشداری لەم دیدارەی بارزانی و سەرەك وەزیرانی عێراقدا بکەن ، بەڵام بارزانی عەلی عەبدوڵڵاو برایم ئەحمەد پشتگوێ دەخات‌و رووی قسان دەکاتە تاڵەبانی، ئەوەش بە زمانێکی توند... ."١٥"

https://t.me/kurdistanbooks

لەم هەلو مەرجەدا((شاندی بارزانی بە نزیکەی ٢٠ ترومبێلی جێبەوە کە بەم تەرتیبە بوو:شێخ لەتیف و ساڵح یوسفی، عەزیز عەقراوی( کە ئەو دەمە ((بەرپرسی حیمایەی)) بارزانی بوو) و دەگەڵ ژمارەیەك لە سەرانی عەشایەر دەگەنە دیدارگەی خەلەکانی نزیکی رانیە.دوای گفتوگۆیەکی یەك سەعاتی،بارزانی کە لە نیازی دەوڵەت حاڵی بوو،بە دەم گوتنی ئەم قسەیەوە:((چاکە بەرێزان:ئێستا دەبێ دەگەڵ نوێنەرانی گەلدا گفتوگۆ بفەرموون))ئاماژە بۆ سەرانی حیزب دەکات وکۆبوونەوەکە بە جێ دیڵێت.

زمان وتۆنی ئەم گفتوگۆیە خێراو بە شێوەیەکی مەترسیدار گۆڕاو توندبوو، نوێنەرانی دەوڵەت جگە لە یەکێکیان، دکتۆر فەلوجی، بەرێوەبەری ئیدارەی چاپەمەنیانی وەزارەتی دەرەوە، هەموویان سوپایین ،لەم باوڕەدا بوون کە مەسەلە سیاسیەکان((حەل و فەسل)) بووە،نەهۆ تاقە شتێك کە ماوە((سڕینەوەونە هێشتنی نیشانەوشوێنەوارەکانی شەڕە)

سەرانی حیزب گفتوگۆیەکە بەرەو باسی پرەنسیپیان رادەکێشن ودەیانەوێ پێناسەیەکی وردو دیارکراو لەمەڕ ئۆتۆنۆمی ئیداری،کە کوردستان بەتەمایەتی،بەدەستەوە بدرێ.لەم کاتەدا سەرەك وەزیران دەئاڵۆزێ و دەڵێ (( بێ کردنەوەی دەرگای جیابوونەوە، ناکرێ باکوری عێراق بە هیچ ناوێکی دیکە پێناسە بکرێ ))"١٦"

سەرەك وەزیران لە قسەکانیدا داوای هەڵوەشانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات، جەنەراڵ هانی خەماسی سەرۆکی ئیدارەی دووەمی سوپا، داوا دەکات ئەفسەرانی کومونیست یان ئەو ئەفسەرە (پێشکەتوخوزانەی)ی کە پاش روخانی قاسم پەنایان وەبەر کوردستان بردوە بە دەوڵەت تەسلیم بکرێنەوە!.

کاتێ سەرانی حیزبی دیموکرات پێشنیازی عەفواتی گشتی دەکەن، سەرەك وەزیران بە توندی ئەم پێشنیازە رەت دەکاتەوە!

پاشان سەرەك وەزیران پێشنیازی ئەوە دەکات کە مەسەلەکە تا هەڵبژاردنی پەرلەمان لە زەرفی... سێ ساڵاندا دووا بخرێت وبەردێکی لەسەر دابنرێ! هەرچەند گفتوگۆیەکە تا درەنگانی شەو دەخایەنێ، هەردووك لا بێ ئەوەی لە بۆچوونی یەکتر نزیك بووبنەوە، لێکدی جیا دەبنەوە .

دکتۆر فەلوجی، بە شێوازی تایبەتی خۆی بۆچوونی دەوڵەت لەمەڕ هەڵویستی کوردان،بەم شێوەیە خۆلاسە دەکات:((کوردەکان دەیانەوێت هەموو تایبەتمەندیەکانی سەربەخۆییان هەبێ بەلام لە هەموو سەریەشەیەکیشی بە دوور بن.))"١٧"

### ٦- پچرینی پەیوەندی لەگەڵ حیزبدا :

بارزانی کە بەکردەوە لەگەڵ دەوڵەتدا تێکی داوە،پەیوەندی دەگەڵ سەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیشدا دەپچرێ.

سەرانی حیزب لە راستیدا بەوە قایل بووبوون کە کۆنگرەی حیزب لە ٦/٢٥دا ((بە چاودێری کۆمیسیۆنێکی بێلایەن))"١٨"بگیرێ،بەلام بارزانی لە نکاولە هەڵومەرجێکی وەهادا،کە چ کەسێك زانیارییەکی دروستی دەربارەی نییە،دەستوری گرتنی عەلی عەبدوڵلا وعەزیز شەمزینی دەدات،بەلام برایم ئەحمەد دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە بارەگای حیزب. لە سەرەتاکانی مانگی ١٩٦٤/١دا جەنەراڵ بارزانی شەشەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رانیەو بە بەشداری نزیکەی نۆسەد نوێنەرو بێ ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ومەکتەبی سیاسی

https://t.me/kurdistanbooks

حیزب،کە ئەم کارەی بارزانی بە((کودەتا))ناوبردوە،دەکاتەوە"١٩".کۆنگرەی رانیە چواردە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بە تۆمەتی((چالاکی وچەلەنگی جوداخوازی و کەچرەوی وخەراپەکاری))لە حیزب دەردەکات ومەکتەبێکی سیاسی تازە لە پێنج ئەندام هەڵدەبژێرێ:لەوانە حەبیب محەمەد کەریم ،سکرتێری گشتی حیزب، ودکتۆر مەحمود عوسمان.

مەکتەبی سیاسی حیزب بە رێبەرایەتی برایم ئەحمەد لە وەڵامی ئەم کۆنگرەیەدا بارزانی ((بە کەسایەتیەکی خێڵەکی)) وەسف دەکات و رادیۆی حیزب داوا لە هێزی پێشمەرگە دەکات کە دژی ((سەرکردایەتی))تازەی حیزب راپەرن!دیارە بەم کارەی برایم ئەحمەد هەموو پەیوەندییەك دەبرێت.

لەباری سوپاییەوە نایەکسانی هێزەکان دیار بوو،لە راستیدا وێرای داوای ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی لە هێزی پیشمەرگەی حیزب، ژمارەیەکی کەم لە هێزی پێشمەرگە پەیوەندییان پێوەکردن کە ژمارەیان لە هەزار کەس تێنەدەپەڕی،لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگەی سەر بە بارزانی خۆی لە ١٥ تا ٢٥ هەزار پێشمەرگە دەدا."٢٠"

لە ناوەراستی ١٩٦٤/٧ هێزێن سەر بە جەنەراڵ بارزانی، بەسەرکردایەتی عوبەیدوڵلای کوڕی ، چوونە ناوچەیەکەوە کە تا ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی حیزبدا بوو و هێرشیان کردە سەر بارەگای ماوەت . یەکەمین شەڕ لە رۆژی ٧/١٧ دا روویدا،کە کوژراوێك و چەند بریندارێکی لێکەتەوە.

**٧- برایم ئەحمەد لە ئێران دا :**

سەرانی مەکتەبی سیاسی((جەماعەتی برایم ئەحمەد))( جەلال تاڵەبانی ،عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری ،حیملی عەلی شەریف) بۆ خۆ پاراستن لە تەشەنەکردنی شەڕ یان لەوەیە لە رووی ناچاریەوە بووبێ، پەنایان وەبەر ئێران برد.حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە بێ رابەر مابووەوە ،چونکە دوو ئەندامی دیکەی مەکتەبی سیاسی (عەلی عەبدوڵلا و عەزیز شەمزینی) لە زیندانی بارزانیدا بوون و یەکێکی دیکەیان کە نوری شاوەیس بوو لە ئینگلتەرا بوو.

پاشان جەلال تاڵەبانی دووپاتی دەکردوە کە پێشتر هەرگیز پەیوەندی بە نوێنەرانی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ئێرانیەوە نەبووە، بەڵام هەر کە ئێرانیەکان ئەندامانی ئەم حیزبەیان کە ساواك ((لەو دیوی سنورەوە بە نیگەرانییەوە چاودێری کاروکردەوەکانی دەکردن وبە کۆمۆنیست))ی دەزانین،قەبوڵ کرد، ئەمە خۆی لە خۆیدا لە گومان وسەرسوڕمان بە دەرنەبوو.

مەگەر ئێمەش ببین بە هاوپاساوی و بڵێین کە ئەم کارەی ئێران((زیاتر زادەی دژمنایەتی ئێران دەرهەق بە بەغدا وقاهیرە بوو تازادەی خۆشەویستی کوردان بێ))"٢٢".

بە هەرحاڵ مەسەلەکە هەر چۆنیك بوو، تاڵەبانی بەمەبەستی گفتوگۆ دەربارەی چارەنووسی خۆی و هاورێکانی دەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانیدا،چوو بۆ تاران. سەرەنجام هاورێکانی لە هەمەداندا جێگیر بوون،جەنەراڵ بارزانی دژی هاتنی هێزی ئێرانی بۆ کوردستانی عێراق و(( پشتیوانیان )) لەلایەنگرانی تاڵەبانی وەستاو نارەزایی دا بە ئێران .

سەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ولایەنگرانیان تادەست پێکردنەوەی شەڕ لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵی ١٩٦٥دا،لە ئێران مانەوە،لەو ساڵەدا مۆڵەتیان وەرگرت کە بگەرێنەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی.کە گەڕانەوە کوردستان،بارزانی جەلال تاڵەبانی وعومەر مستەفا وعەلی عەسکەری وحیملی عەلی شەریفی دەست بەسەرکرد"٢٣" .

https://t.me/kurdistanbooks

**٨- ئاقیبەت و شوێنەوارێن قەیرانی ١٩٦٤:**

پچرانی پەیوەندی بارزانی دەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات وچوونی ئەم جماعەتە بۆ ئێران ، ئاقیبەت وشوێنەوارێکی زۆری بەسەر بزوتنەوەی کوردایەتیەوە بەجێ هێشت .

لە باری فیکرییەوە، جەماعەتی برایم ئەحمەد- تاڵەبانی بێگومان باشترین ڕۆشنبیرانی کوردیان لە خۆ خرکردبووەوە.دوای ئەم قەیرانە کە((لەگەل سیاسەتوانانی ئەشکەوتنشین))دا هاتە ئاراوە ، بارزانی کەوتە ناو هاوکارانێکەوە کە پتر لەبەر وەفاداری وپابەندیان بە شەخسی خۆیەوە،نەك لەبەر توانا و شایستەیی فیکری و مەعنەوییان،هەڵی بژارد بوون:لەمە بەدواوە،واتە لە ساڵی ١٩٦٤ بەملاوە ئیدی دەنێو حیزبدا جێگەیەك بۆ هزر ڤانان وکەسانی خودان هزری سەربەخۆ نەما،تا ساڵی ١٩٧٠ و بەتایبەتی ساڵی ١٩٧٤ کە ڕۆشنبیرانی کورد بە کۆمەڵ پەیوەندی بە شۆرشی بارزانیەوە دەکەن، بارزانی چ جۆرە جێیەکی بۆ ئەم جۆرە کەسانە نابێ و چ جێیەکیش بەم جۆرە کەسانە نادات .

بارزانی هەرگیز نابێ بە دیکتاتۆر،بەڵام دە ساڵان لەوە دواتر، واتە لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٥دا هەموو بڕیاروقرێرە گرنگەکان بە نهێنی ولەلایەن ژمارەیەکی زۆر کەمەوە، لە حەقیقەتدا لەلایەن گروپێکی سێ کەسییەوە دەدرێن،کە بریتییە لە شەخسی بارزانی وئیدریس ومەسعود.ئیدی کەس نیە زاتی ئەوە بکات لە قسەی بارزانی دەربچێت-و لە کاتی روخانی شۆڕشدا کەس نابێ جێی ئەو بگرێتەوە. وێڕای ئەوەش مەسئولیەتی جەماعەتی برایم ئەحمەدیش کەم نیە:تاکو ئەمڕۆکەش هۆ وسۆنگە و فاکتەرێن پچرینی پەیوەندییان دەگەڵ بارزانیداو ئەو هەڵومەرج وبارووداۆخەی کە ئەم ڕووداوانەیان لێکەوتەوە بە دروستی دیار نیە،بەڵام شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئەم جەماعەتە بایەخ ودەسەڵاتی بارزانییان دەنێو شۆرشدا زۆر بەکەم نەگرت بوو،وەکو چۆن گۆشەگیری دواتریان وهەڵسوکەوتەکانی سەرەتایان دەگەڵ بارزانی، وپەنا بردنە بەرئێرانیان ئەمەی نیشان دا.

پاشان،ڕێبەرانی حیزب لە ساڵی ١٩٦٤دا هەمان هەڵەیان کرد ،کە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠دا کردیان:بە سەرسەختی و بادانەوەی خۆیان زەمینەیان بۆ تەسلیم بوونی بارزانی خۆش کرد .

**٩- توند بوونی مامەڵەی بارزانی دەگەڵ بەغدادا :**

ئەگەر چی یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان عێراق بریتی بوو لە پچرانی پەیوەندی بارزانی دەگەڵ دامودەزگای ڕێبەرایەتی کۆنی حیزبدا، لەهەمان کاتدا نیشانەی ئاڵۆزبوونی بە ینی بارزانی وبەغداشە: بارزانی ڕێگە لە گەڕانەوەی دامو دەزگای ئیداری حکومەت بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان دەگرێ و لێدەبڕێ بە یاداشتنامەیەك داوای ئۆتۆنۆمی بکات .

هەر لەم کۆنگرەیەدایە کە هەرجۆرە ئاماژەیەکی ڕاستەخۆ بە مارکیسزم-لینینزم لە پرۆگرام وبەرنامەی حیزب لادەبرێ .

بارزانی و مەکتەبی سیاسی تازە،پاشماوەی ساڵی ١٩٦٤ بۆ دامەزراندنی هەندێ دامودەزگایان تەرخان دەکەن کە لە باری پراتیکییەوە هەرێمی کوردستان بگۆڕێ بۆ هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیدار وەك:

https://t.me/kurdistanbooks

– دامەزراندنی ئەنجومەنێکی شۆڕشگێری و( پەرلەمانێك)لە پەنجا ئەندام.

– دامەزراندنی مەکتەبێکی جێبەجێ کردن ، یانی لە راستیدا کابینەی وەزیران .

جەلال تاڵەبانی وهەڤاڵانی ئەم دوو دامەزراوەیە بە چاوی ( تۆماری ئەحوال) تەماشا دەکەن"٢٥"

**١٠- قەڵا و حەساری کوردستان :**

لەم قۆناغەدایە – واتە لە ساڵی ١٩٦٤دا– جەنەراڵ بارزانی حوکم ودەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەیەکدا دەچەسپێنێ کە تا هەرەسی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، بەدەستیەوە دەمێنێ.ئەم ناوچەیە کەپشتی بە سنوورەکانی ئێران وتورکیاوەیە لە ڕۆژهەلاٚتەوە تا خانەقینی سەر سنووری ئێران و لە ڕۆژاواوە تا زاخۆی سەر سنووری تورکیاوسوریا درێژەی هەیە ،تێکڕای ڕووبەرەکەی نزیکەی سی وپێنج هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە،ولە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتوە: ناوچەی بادینان،کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەسعەد خۆشەوی دایە ، بارزانی بارەگای خۆی لە بەشی ڕۆژهەلاٚتدا ،واتە لە نزیکی جادەی هاملتۆن داناوە.

هیچ شارێکی گەورەی کوردی واتە سلێمانی، کەرکوك، ئاکرێ،دهۆك وزاخۆ،لە نێو ئەم حەسارەدا نیە،بەڵام نزیکەی نیوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان،واتە نزیکەی یەك ملێون کەس"٢٦" لەم ناوچەیەدا کە لە ژێر حوکم وفەرمانی نەتەوەپەروەرانی کوردا یە،دەژین .

بەکردەوە هەموو سنوری نێوان عێراق وتورکیاو پتر لە سێ یەکی سنووری عێراق وئێران لە دەستی دەوڵەتی بەغدایە دەرچووە .

بارزانی لە نێو ئەم((قەڵایەدا)) دەسەڵاتی ڕەهاو بێ چەندوچۆنە: سنووری دەسەڵاتی زۆر لە دەسەڵاتی سەرەك وەزیرانێکی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیدار پترە .

لە حەقیقەتدا بارزانی سوڵتانی بێ تەختوتاجی کوردستانی عێراقە.لە سەردەمی نیمچە ئەفسانەیی بەدرخان بەملاوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەرگیز پایە وبناغەیەکی جوگرافیایی... وستراتیژی وەهای نەبووە.

**١١- سەرچاوە و پەراوێزان :**

١–وەرگێرانی س.گانتز((ژان پی یروینو)) ڕۆژهەڵات ١٩٦٥،٢٣/٣٣

٢– لە دیداری سەرانی عەرەبدا،١٩٦٤/١،سەرەك ناسر،گۆشاری لە عارف کرد کە بۆ چارەی مەسەلەی کورد،بە مەبەستی ئەوەی کە سوپای عێراق بە کێشەی ناوخۆوە مژول نەبێ،لەگەڵ کوردەکاندا ڕێك بکەوێ.(لوموند،١٩٦٤/٢/١٢)

٣– دانا ئادامز سمیس،لە نیویۆرك تایمزوسەفەری نێو جوامێراندا،دیڤید ئادامسن،سەندەی تەلەگراف،جەنگی کوردستان،ئەریك رولو،لوموَد.

٤– دیڤیدئادامسن،جەنگی کوردستان، ل١٦٢

٥–ئەم بابەتە لە نامەکەی س.کانتز ژ.پ وینودا دەربارەی بزاڤی کورد،باسکراوە:ڕۆژهەلاٚت١٩٦٥

٦– عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٢٠

٧– ئەریك رولو((هەڵوەستەیەك لە کوردستانی عێراقدا))لوموند،١٩٦٤/٧/٧

٨– هەڤپەیڤینی سەرۆك عارف دەگەڵ ئەریك رولودا،لوموند،١٩٦٤,/٦/١٣

https://t.me/kurdistanbooks

٩- عیسمەت شەریف وانلی دەقی یەکێك لەم((ڕێکەوتنە نهێنیانەی))لە کتێبەکەی خۆیدا تۆمار کردوە،ل٢١٨-٢٢٠

١٠- جەنەراڵ پی یرونیو،بەیاننامەی ١٩٦٤/٤/١٠حیزبی دیموکراتی کوردستانی دەربارەی ئاگربڕ لە نامەکەی خۆیدا تۆمارکردووە،ڕۆژهەڵات ١٩٦٥

١١- عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٢٢

١٢- ژ.پ.وینو ڕۆژهەڵات ١٩٦٥

١٣- عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٢٣

١٤-ئەریك ڕولو،لوموند،١٩٦٤/٧/٧

١٥-هەمان سەرچاوە،١٩٦٤/٧/٨

١٦-ئەم زانیاریانە لە گوتارێکی ئەریك ڕولووە کە لەم دیدارە ئامادە بوون،وەرگیراوە،لوموند،١٩٦٤/٧/٨

١٧-هەمان سەرچاوە

١٨- عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٢٣

١٩-ژ.پ.وینو هەمان سەرچاوە،ل١٠٥

٢٠-هەمان سەرچاوە.

٢١-بەگوتەی ژ.پ.وینو،ڕۆژهەڵات،ل١٠٦،عیسمەت شەریف وانلی ژمارەی کوژراوەکان بە ١٢ کەس دادەنێ،ل٢٢٣

٢٢-ڕۆژهەڵات ١٩٦٥ل١٠٧

٢٣- عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٢٤

٢٤-ناوی گوتارێکی ئەریك ڕولویە.

٢٥-بۆ زانیاری لە مەڕ چۆنیەتی ئەم بنەمایانە بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٣٢-٢٤٠

٢٦-هەمان سەرچاوە،٢٤٩

**فەسڵی دەیەم :شەڕی عارف:(١٩٦٥/٤-١٩٦٦/٦) :**

ئایا شەڕی مارشال عارف دژی جەنەراڵ بارزانی،لە حەقیقەتدا شکستی ڕێکەوتننامەیەك بوو،یان تەنێ کۆتایی هاتنی سەردەمێکی دوورودرێژی ئاڵۆزی و سەرگەردانی بوو؟چونکە ئەو هەلومەرج وبارودۆخەی کە ئاگربڕی ساڵی ١٩٦٤ی تێدا ئەنجامدرا،هەل ومەرجێکی نهێنی بوو،تانهۆژی نهێنیەکانی ئاشکرانییە،ناتوانرێ لەم ڕووەوە چ داوەرییەك بکرێ.
بەڵام بەر لە دەست پێکردنەوەی شەر،جۆرە ساردییەك لە پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و دەوڵەتی

https://t.me/kurdistanbooks

ناوەندیدا دەبینین،کە ئاڵ و گۆڕی یاداشتنامەودەرکردن و بڵاوکردنەوەی بەلاغ و بەیان و هەرەشە کردن لە تایبەتمەندییەکانێتی.

لە ١٩٦٤/١٠/١١دا جەنەراڵ بارزانی یاداشتنامەیەك بە دەوڵەتی عێراق دەدات،کە نوسخەیەکی تری یاداشتنامەکەی ١٩٦٣/٤/٢٤یە،لەگەڵ ئەم جیاوازیەدا کە داوا لە دەوڵەت دەکات((لە دەستوری عێراقدا دان بە مافی کوردان لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی))بنرێ.لەم یاداشتنامەیەدا مادەیەك هەیە سەبارەت بە سوپا،کە زۆر قورسە،بارزانی داوا لە دەوڵەت دەکات کە یەکە جەنگاوەرییەکانی کورد((بەهەمان شێوەی خۆیان))بمێننەوە تا((دامەزراندنی ئەنجومەنی ویلایەت))(لە سیستەمی ئیداری عوسمانیدا ویلایەتی موسڵ شارانی سلێمانی وهەولێرو کەرکوکی دەگرتەوە،لێرەدا نووسەر مەبەستی لەم جۆرە تەقسیم بەندییە ئیدارییەیە.وەرگێڕی فارسی)کە ئەوساکە دەکرێن بە حەرەسی سنووری منەزەم و ژمارەیان لە بیست هەزار کەس تێناپەرێ."١"

لە هەیڤی ١٩٦٤/١٢دا لە ناوچەی چەمچەماڵ کە لە ژێر دەسەلاتی پێشمەرگەی کوردایەو سوپای عێراق پێوەیە بیگرێ ،هەروەها لە دەربەندیخان و لە خانەقیندا هەندێ شەڕ وپێکدادان لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا روودەدەن.بەلاّم ئەم شەڕوپێکدادانانە هێشتا شەڕی ڕاستی نین بەلاّم لە ١٩٦٥/١دا عەبدولحەمید سوبحی،وەزیری ناوخۆی سەرەك عارف رایدەگەیەنێ کە تا لەشکری کورد هەڵنەوەشێتەوەو چەکەکانی تەسلیم بە دەسەلاّتدارانی حکومەت نەکرێتەوە ، دەوڵەتی عێراق ئامادەی گفتوگۆ نیە! هەروەها دەڵێ عێراق بە تەما نییە ئۆتۆنۆمی((نە لە ئێستاداو نە لە ئایندەدا)) بە کورد بدات"٢" .

ئێستا ئیدی پچڕانی پەیوەندی زۆر دوور نییە .

**١- سەرەتای شەڕ :**

سەرکوتکردنی هەراوهەنگامەکانی سلێمانی لە ١٩٦٥/٤/٢وبەکارهێنانی زرێپۆش بۆ ئەم مەبەستە،کە کوشتنی نزیکەی شەست کەس وبریندار بوونی نزیکەی سەد کەسی لێدەکەوێتەوە ، لە راستیدا راگەیاندنی شەڕی عارفە دژی کوردان.دوا بە دوای ئەم کارە سوپای عێراق دەست بە هێرشێکی گشتی دەکات،بەم نیازە کە هێڵی بەرگری کوردەکان بشکێنێ و بگاتە سنوورەکانی ئێران وتورکیا .

دەوڵەتی عێراق سانسۆرێکی زۆر توندی خستبووە سەر ئەم کارە سوپاییانە وتا چەند هەفتەیەك هەر حاشای لێدەکرد، بە ڕادەیەك کە جارێك رۆژنامە وانێکی لەسەر ئەوەی کە بروسکەیەکی پێ گەیی بوو وشەی (کوردی) تێدا بەکارهاتبوو، بۆ دەزگای ئاسایشی سوپایی بانگ کرد."٤".تەنیا جەنازەی ئەو ئەفسەرانەیان بۆ باشور دەبردەوە کە لە کوردستاندا دەکوژران وداوایان لە کەسوکاریان دەکرد کە بەوپەڕی کرێو پارێزەوە بیاننێژن.

بە کردەوە هەموو سوپای عێراق ٤٠-٥٠ هەزار سەرباز بە پشتیوانی فڕۆکەی مێك وهانتەرەوە لە کوردستاندا، لەشەڕدا بوون .

توندی وبەربلاّوی لە تایبەتمەندییەکانی شەڕەکانی عارفە.کوردەکان چەکی قورسیان دەست دەکەوێ وشەڕی بەرەیی زیاتر جێی شەڕی پارتیزانی دەگرێتەوە:نەو کۆمەکێن ئێران دەستی پێکردبوو!.

https://t.me/kurdistanbooks

له سەرەتادا هێزەکانی عێراق روو دەکەنە هەندێ ناوچەی دیاریکراو: چوارتا،پێنجوێن و قەلادزێ دەگـرن .شـەڕی زۆر قـورس بـۆ مـاوەی چـەندین هەفتـە لـە ناوچـەی هـەولێر وزنجـیرە چـیای سەفین،بەردەوام دەبێت .

بەڵام لە پایزی ١٩٦٥دا کوردەکان دەست بە هێرش دەکەن،پەلاماری رێگەوبان وتەداروکاتی سوپای عێراق کە ئیستا لـە رادەبـەدەر درێژبووە، دەدەن وگـەلێك لـە ناوچـە داگیرکراوەکان،لەوانە چوارتاو سەفین دەگرنەوە .

بۆ یەکەمجار لە مێژووی شەڕەکانی عێراق دەگەڵ بارزانیدا،هاتنی زستان نابێتە مایـەی وەسـتانی شـەڕ: لـە راسـتیدا لـە بەرەبـەری هـاتنی سـاڵی نـوێی زاینـی(١٩٦٠)دا،سـوپای عێـراق لەبـەرەی پێنجوێنەوە دەست بە هێرش دەکات وشەڕ تا شوبات بەردەوام دەبێ.

دوای لابردنی بەعسییەکان لە دەسەلات، سێ حکومەت دوا بە دوای یەك دێنە سەر کار: لە ئـەیلولی ١٩٦٥دا پیـاوێکی مـەدەنی دەبـێ بـە سـەرۆکی حکومـەت:دکتـۆر بـەزازی مافنـاس.بـەڵام لـە راسـتیدا حوکم بە دەستی سوپاییەکانەوەیە،وجەنەراڵ عوقیەلی وەزیری بەرگرییە کە پیاوێکی توندرەوی دژە کوردە.

٢- پەیوەندی بارزانی دەگەڵ ئێراندا:

جەنەراڵ بارزانی،لەم قۆناغـەدا بڕیـارێکی گـرنگ دەدات، کـە بـۆ ئاینـدەی شـۆرشـی کـورد، بڕیـارێکی کوشندەیە: پەیوەندی دەگەڵ رژێمی ئێراندا تازە دەکاتەوە.

بارزانی هەمیشە بەینی دەگەڵ خێڵە کوردەکانی ئەو دیوی سنووردا خۆش بوو:هـەر لـە کۆنـەوە لـە هەیڤی هەشتی ١٩٤٥وە چەند سەد پێشمەرگەیەکی کوردی ئێران هاتنە هانای بارزانیەوەو بە گـەلی کـەوتبوون ودژی هێـزێن عێراقـی خـەبتی بـوون.هـەنگێ کـەمی مـابوو ئـەم رووداوە قـەیرانێکی نێودەوڵەتی"٥" لێبکەوێتەوە.

لـە سـاڵی ١٩٦٢وە ،هاوکـاری کـوردێن ئێـران بـۆ بـارزانی بایـەخێکی پـتر وەردەگرێ،بـەڵام نـەۆ ئـەم کۆمەکە جۆرێکی دییە: کوردەکان لەو خاڵـە سنووریانەوە کە کۆنترۆڵی سوپای عێراقی بەسـەرەوە نیە،یارمەتی خۆیان دەگەیەننە بارزانی،ئەم یارمەتییانـە دەکەنـە کارێك کـە بارزانی وێـڕای گـەمارۆی ئابووری حکومـەتی بەغـدا لەسـەر کوردسـتانی عێراق،بتـوانێ درێـژە بـە بـەرگری وبـەرەڤانی خـۆی بدات.

خۆراك،پۆشـاك ،پـارە ،چـەك وتەقەمەنی"٦"،لەلایـەن خـەڵکی ئاسـاییەوە،بەڵام زیـاتر بـە ئەنـدامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، بۆ بارزانی دەنێردرێ.

ئـەوەی راسـتی بـێ جەنـەراڵ بـارزانی لـە هـاوینی سـاڵی ١٩٦٢وە،تـۆڕێکی بـە رێبـەری عەبـدوڵڵا ئیسحاقی کە زیاتر بە ئەحمەد تۆفیق ناسراوەو لە سەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە ،لە ئختیاردا دەبێ.هەر هەمان تۆڕە کە کاری هێنانی ئەو رۆژنامەوانانەی کە لە ئـاخروئۆخری سـاڵی ١٩٦٢ وە دێنـە کوردسـتان ویەکەمین راپـۆری خۆیـان لەمـەڕ شـۆڕشـی کـورد ئامـادە دەکەن،دەگرێتـە ئەستۆ"٧".

پەیوەندی بارزانی دەگەڵ کوردێن ئێراندا لە ساڵی ١٩٦٢وە تا ساڵی ١٩٦٤ ویێ بە پیی تەشـەنە کردنی شەڕ،پەرەدەسێنێ ژمارەیەك لە سەرانی عەشایەری کوردی ئێران،لە کوردستانی عێراقدا و لە

https://t.me/kurdistanbooks

پاڵ بارەگای جەنەراڵ بارزانیدا،بارەگا دادەنێن وجێگیردەبن.بەڵام ئەم پەیوەندیانە پەیوەندی شەخسی وتایبەتین...ئەوکۆمەکانەی دەنێردران لەلایەن ئەوکوردانەوەیە کە هاوسۆزیی وپەیوەندییەکیان دەگەڵ شۆڕشدا هەیە.

٣- بارزانی و شا...

بارزانی،دوای قەیران وتەنگژەی ساڵی ١٩٦٤ئەوە بوو سەبارەت بە جەماعەتی برایم ئەحمەد ،بۆ یەکەمجار پەیوەندی بە حکومەتی ئێرانەوە کرد"٨"، هەرەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر یارمەتی (( ئەوناڕازیانە))ی کە لە هەمەداندا خۆیان پەنا دابوو، بدەن.ئەوا تۆڵە دەکاتەوە .

خویا نییە ئەم ((پەیوەندیە سەلبیە)) کەی ولە چ هەلومەرجێکدا گۆڕاو بوو بە((پەیوەندی ئیجابی))! شا،پەی بەوەبرد کە جەماعەتی برایم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی لە ئاستی ئەو شۆڕشەدا کە بارزانی رێبەری بوو، سەنگ وبایەخێکی ئەوتۆیان نیە، لەم بوارەدا واقیعبینییەکی زۆر زیاتری لە سەرانی عێراقی نیشاندا،کە تا ساڵی ١٩٧٠چارەنوسی خۆیان بەچارەنووسی ئەم (نارازییانەوە) بەست.

فاکتەرێکی دی کە بێگومان کاری کردە سەر بڕیاردانی شا کە کۆمەکی جەنەراڵ بارزانی بکات، ئەو یارمەتیە فراوانە بوو کە کوردێن ئێران پێشکەش بە شۆڕشی کوردی عێراقیان دەکرد: ئاشکرا بوو کە باشترین رێگە بۆ کۆنترۆل کردنی ئەم یارمەتیە،ئەوەبوو کە شا بە خۆی سەرپەرشتی بکات و جڵەوی بگرێتە دەست.

لە مانگی پێنجی ١٩٦٥وە پەیامنێرانی تایبەتی رۆژنامە جیهانییەکان،رۆژ بە رۆژ چەکی نویٚ ، چەکی(( قورسی)) زیاتر لە کوردستاندا دەبینن.

لە پایزی ساڵی ١٩٦٥دا یارمەتی شا بۆ بارزانی،دەبێت بە یەکێك لەومەسەلانەی کە شا حوسەینی شای ئوردن لە سەفەرە تایبەتیەکەی خۆیدا بۆ تاران،بە مەبەسی چارەسەرکردنی، باسی دەکات(سەفەرەکە لە ٢٥-٢٨/٩/١٩٦٥ی خایاند"١٠".

زۆری پێناچێت کە دنیای عەرەب کاردانەوە،دژی کورد وئێرانیەکان نیشان دەدەن،حکومەتی میسر لە ئاخروئۆخری هەیڤی دەدا ،دوای سەفەری دکتۆر بەزازی سەرەك وەزیری عێراق بۆ میسر ، شەوکەت عەقراوی نوێنەری بارزانی لە قاهیرە دەردەکەن.

٤- یەکەمین رووداوێن نێوان ئێران و عێراق :

ئەو کێشماکێشەی کە لە ناوەراستی هەیڤی ١٩٦٥/١١وە کەوتبووە نێوان عێراق وئێرانەوە، لەمانگی ١٩٦٦/١دا،کاتیٚ سەفیری ئێران لە بەغدایە،داوا لە دەوڵەتی عێراق دەکات((زیاتر ئاگای لە سنوری خۆی بێت))"١١" ئاشکرادەبێت : کوردەکان لە قوڵی پێنجوینەوە بە سەرکرایەتی عەزیز عەقراوی هێرش دەکەن ودوای شەرێکی توندی سیٚ رۆژە زەرەروزیانێکی قورس لە سوپای عێراق دەدەن و دوای گرتنی (قەڵای)پێنجوین سیٚ ئەفسەر وچل ویەك سەربازی عێراقی دەکوژن.

https://t.me/kurdistanbooks

جەنەراڵ عوقەیلی وەزیری بەرگری عێراق (ئومێد) دەخوازێت کە دەوڵەتی ئێران سنوورەکانی لە رووی شۆرشڤانانی کورد دابخات،چونکە (ئەم کەلێنە سنوریانە.... زۆربەی پێویستیەکانی کوردان لە رووی داراییوبەشەرییەوە دابین دەکەن)وبەشێوەیەکی ناراستەوخۆ((هەندێ دەسەڵاتی بێگانان بەوە تاوانباردەکات کە کوردەکان هاندەدەن تا ئیسرائیلێکی تازە لە باکوری عێراقدا دابمەزرێن))"١٢"

دەوڵەتی عێراق لە ١٩٦٦/١/٤دا بەرەسمی نارەزایی خۆی سەبارەت بە((پشتیوانی مادی و مەعنەوی))ی ئێران لە کوردەکان،دەردەبڕێ.

عەدنان پاچەچی وەزیری دەرەوەی عێراق، یاداشتنامەیەك دەدات بە کارداری سەفارەتخانەی ئێران لەم یاداشتنامەیەدا ئێران بەوە تاوانبار دەکات کە((رێگەی ئاژاوەچی و یاخیانی داوە تا لەناو خاکی ئێرانەوە سەنگەری هێزەکانی عێراق)) بەتایبەتی لە ١/٢دا تۆپباران بکەن،هەر لەم یاداشتنامەیەدا وەزیری دەرەوەی عێراق،ئێران بەوە تاوانبار دەکات کە ((ئەوزاری جەنگی گرنگی ، بە تایبەتی هاوەن و تۆپ و مینی دژە تانكو نارنجۆکی دە ئیختیاری یاخیان ناوە))"١٣".

بەڵام وەزیری دەرەوەی عێراق هەر بەوەندەوە ناوەستێ:((هەمان رۆژ سەفیرانی ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا وبەریتانیای مەزن وفەرەنسا بۆ دیوانی وەزارەتی دەرەوە بانگدەکات تا لە بۆچوونی ولاّتی خۆی دەربارەی ئەو قەیرانەی کە کەوتۆتە بەینی عێراق ئێرانەوە، ئاگاداریان بکاتەوە.دوای چەند رۆژێك جەنەراڵ عەبدولرەحمان عارفی برای سەرۆك کۆمار عبدولسەلام عارف سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا،ئەمیر عەباس هوەیدای سەرۆك وەزیرانی ئێران بە((پیلانگێری)) دژی عێراق تاوانبار دەکات ،چونکە لە سەرەتای هەیڤی ١٩٦٥/١١دا دیدارێکی دەگەڵ بارزانی کردبوو."١٤"

هەڵبەتە زۆرکەس ئەوخاڵە فەرامۆش دەکەن،کە لە زستانی ١٩٦٥ – ١٩٦٦وە ئیدی زەمینەیەکی نێونەتەوەیی ئەوتۆ خۆش بووبوو کە دە ساڵی ئایندەی شۆرشی کوردی بە جۆرێ ئاراستە کرد کە بووە مایەی هەرەسی شۆرش .

**٥- سەرچاوەێن دابینکردنی چەك:**

جگە لە ئێران زانیاری لەمەڕ ئەو کەناڵانەی بمانگەیەنێتە ئەو ولاّتانەی کە چەکیان بە بارزانی دەدا،یەجگار کەمە .

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوەڵی هەیڤی ١٩٦٦/١دا پۆلیسی ئەڵمان لەساربروکدا،چوار هاووڵاتی ئەڵمانیای رۆژاوایان بە چەند لۆریەکەوە کە لە چیکۆسلۆڤاکیادا تۆمارکرابوون گرت چونکە تفەنگی ئۆتۆماتێکیان لە چیکۆسلۆڤاکیاوە بۆ جەنگاوەرانی کورد بارکرد بوو.ئەم چەکانە کە لە چیکوسلۆفاکیا کڕدرابوون قەراربوو لە ئەستەمولەوە رەتبکرێن...بەڵام پۆلیسی ئەلمان ئەوە روون ناکاتەوە کە ئایە ئەم راسپاردەیە تایبەتی بووە یان رەسمی"١٥".

**٦- پەیوەندی کردنی جەماعەتی تاڵەبانی بە دەوڵەتەوە:**

https://t.me/kurdistanbooks

لە هەیڤی ١٩٦٦/١دا عومەر مستەفاوعەلی عەسکەری‌وحیملی شەریف،لە مەرز ئامدیوو دەبن خۆ لەو گوندەی سەر رێگەی گەرانەوە لە ئێران،کە بووبوو بە بارەگای بارزانی، دەبوێرن(( هاوینی ١٩٦٥))و پەیوەندی بەحکومەتی عێراقەوە دەکەن."١٦"

زۆری پێناچێت کە شان بە شانی سوپای عێراق تاقمە بە کرێ گیراوێکی تازە لە مەیدانی شەڕدا دەردەکەون:((جاشانی١٩٦٦))بەلام ئەمجارەیان ئەم جاشانە خەلکانی عەشایەر نین کە دەولەتی عێراقی سوودی لە رکابەریان دژی بارزانی وەرگرتبێ- ئەمجارە ئەم جاشانە رۆشنبیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانن.

برایم ئەحمەدو جەلال تالەبانی وعەلی عسکەری وحیملی شەریف وعومەردەبابە بە بیانوی ((زرگار کردنی شۆرشی کورد لە سەرکرایەتی خێلەکی‌وپاشکەوتوو(ئەمە لایەنی کەمی ئەو شتەیە کە لە بلاوکراوەکەی خۆیاندا بە نێوی النور،بلاوی دەکەنەوە) نزیکەی دوو هەزارکەسێك ساز دەدەن حکومەتی عێرا ق پارەوچەکی پێویستیان بۆ دابیندەکات،ئەم جەماعەتە لە شەڕی عێراق لەگەڵ بارزانیدا تا ساڵی ١٩٧٠ رۆلێکی تا رادەیەك گرنگ دەبینن.

ئەم رەفتارە کە دەرککردن‌وتێگەیشتنی بۆ کەسێکی رۆژاوایی دژوارە،لە راستیدا ئەنجامی ئەم هەڤرکیە شەخسییەیە کە سکرتێری گشتی جارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی رووبەرووی سەرۆکی بیست ساڵەی حیزب کردەوە-واتە دەگەرێتەو بۆ سەردەمی مەهاباد،بۆ ئەو دەمەی کە بارزانی هەمزە عەبدوللای بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان(جیا لە حیزبی قازی محەمەد)بۆ عێراق ناردەوە.

٧- **شەڕی هندرێن**(١٩٦٦/٦،٥):

شەڕی هندرێن فەسلێکی تازە لە مێژووی کوردستان دەکاتەوە:لە راستیدا کوردەکان و عێراقیەکان بۆ یەکەمین جار بۆ چەندین هەفتە شەڕی بەرەیی دەگەڵ یەکتری دەکەن وخەلکانێکی زۆر دێننە مەیدانی شەڕەوە: دوو لەشکری تەواو لە سوپای عێراق بە پشتیوانی تۆپخانە وهێزی فڕۆکەوانی وبەکرێگیراوانی جەماعەتی برایم ئەحمەد.

ئەم شەرە لەسەر گرتنی چیای هندرێنە(٢٨٧٥مەتر لە دەریاوە بەرزە)کە لە گەڵ چیای زۆزکدا زالە بەسەر هەموو ئەو رێگایانەدا کە دەچنەوە سەرجادەی هاملتۆن.

لە ٤/١٣دا مارشاڵ عارف لە رووداوی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەردا مرد ودوای چەند رۆژێك لە مردنی وی،هێزێن عێراقی دەست بە هێرش دەکەن‌ودکارن یەکێك لە لوتکەکانی هندرێن بگرن . بۆ ماوەی دە رۆژان هێرش ودژەهێرش پەیتا پەیتاو بە توندیەکی بێ وێنەوە بەردەوام دەبێت.لە ١٩٦٦/٥/١٢دا هێزەکانی عێراق پاش دژە هێرشێکی کوردان بەوپەڕی پەشێوی‌وسەرگەردانیەوە مەیدان چۆڵ دەکەن،رنیە موریەی رۆژنامەوانی فەرەنسی کە بە خۆی شایەدی ئەم شەڕە بووە ، چۆنیەتی ئەم شەڕە مێژووییەی بە دورودرێژی نووسیوە."١٧"

تەرازنامەی شەڕی هندرێن بۆ سوپای عێراق کارەساتێکە بۆ خۆی: چەند سەد کوژراو بەرانبەر بە شەست کوژراوی کورد."١٨" لەمەش گرنگترین ئەمەیە کە قوەتەکانی عێرا ق لە مەیدان هەلاتوون وچەك تفاق‌وتەقەمەنییەکی زۆریان لە دوای خۆ بە جێ هێشتووە:چوار تۆپی جەوەلی، چوار هاوەنی قورس، شەش رەشاشی قورس وسەدان تفەنگ"١٩".

https://t.me/kurdistanbooks

٨- **ریكەتنی ١٩٦٦/٦/٢٩:**

بەغدا ئەم ساتە بۆ ڕاگەیاندنی(( تێشكانی)) شۆرشی كوردومردنی ئیدریس بارزانی هەڵدەبژێری.بەلام لەهەمان كاتدا ژێراوژێر دەگەڵ بارزانیدا دەكەوێتە گفتوگۆ:لە ١٩٦٦/٦/١٣دا شاندێكی كورد بە سەرۆكایەتی حەبیب كەریمی سكرتێری گشتی تازەی حیزبی دیموكراتی كوردستان وئەندامیەتی ساڵح یوسفی ومحسین دزەیی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی،بۆ بەغدایە دەچێت ولەلایەن جەنەراڵ عەبدورەحمان عارفەوە،كە لە بری براكەی بووە بەسەرۆك كۆمار، پێشوازی دەكرێ."٢٠"

گفتوگۆیەكە بە شێوەیەكی غەریب دەست پێدەكات.حەبیب كەریم دەڵێ:(( لەگەڵ جەنەراڵ عارفدا ،كە كەسایەتیەكی لاواز بوو،جگە لە هەندێ گفتوگۆی گشتی چ قسەیەكی دیمان نەكرد... . بۆچی لەگەڵ یەكدا شەڕ دەكەین؟ ئێمە هەردوو لامان موسوڵمانین، موسوڵمان برانە،ئیدی كورد بن یان عەرەب! ئێمە چ ناكۆكیەكمان لە بەیندا نیە!))

گفتوگۆی راستەقینە دەگەڵ عەبدورەحمان بەزازی سەرەك وەزیراندا دەستی پێكرد،كە لە زانستگەی ماف،لە بەغدایە،مامۆستای حەبیب كەریم بوو.گفتوگۆیەكە لە كەش و هەوایەكی گەرم ودۆستانەدا"!" ئەنجام درا.

پاشان نوێنەرانی بارزانی داوا لە دكتۆر بەزاز دەكەن كە بەرەسمی ئۆتۆنۆمی كوردان رابگەیەنێ،بەلام دكتۆر بەزاز رازی نابێت ودەڵێت سوپا بەمە رازی نابێت وپەناوەبەر قوەت دەبات... ولە ١٩٦٦/٦/٢٩دا دوای چەند جارێك هاتووچوو لەبەینی بارەگای بارزانی و بەغدایەدا سەرەك وەزیرانی عێراق لە تەلەفزیۆنی عێراقەوە ئاشتی وریكەوتن بەگوێرەی داننان بە((مافی نەتەوەیی كوردان)) لە سەر بناغەی لامەركەزی رادەگەیەنێ.

رێكەوتننامەی بەزاز ١٢ خاڵی گرتبووەخۆ لەوانە: هەڵبژاردنی ئەنجومەن ودەركردنی عەفواتی گشتی و بەكارهێنانی زمانی كوردی بە شێوەی رەسمی وهێشتنەوەی هێزی پێشمەرگە وەكو ((هێزێكی دەوڵەت )) تا ئاسایی بوونەوەی ژیان و گوزەران لە ولاتدا."٢١"

لە خاڵە نهێنیەكانی پاشكۆی ئەم رێكەتننامەیەدا،سەرەك وەزیر ئەوەی لە ئەستۆ گرتبوو كە حیزبی دیموكراتی كوردستان بكات بە حیزبێكی قانونی،زیندانیانی سیاسی ئازاد بكات و لە دەوروبەری دهۆك لە بادیناندا،ستانێك((لیوایەك))دروست بكات"٢٢".

كوردەكان جارێكی دیكەوپاش چواردە هەیڤان شەڕو وەدەستهێنانی سەركەوتنێكی گەورە بەشتێكی كەمتر لە ئۆتۆنۆمی،كە لە بەرنامەی حیزبەكەیاندا وەكو ئامانجی سەرەكی خەبات دیاری كرابوو،رازی بوون و سوڵحیان كرد! .

حەبیب كەریم ماوەیەك لەوە دوا دەڵێت:((وەزعمان باش نەبوو.چەك وتەقەمەنیمان نەبوو، و پاش چواردە مانگان شەڕی قورس،تەواو ماندوو بووبووین و توانامان لەبەر بڕا بوو))"٢٣"

چاردە ساڵ دواتر ئەندامێكی دیكەی مەكتەبی سیاسی،واتە دكتۆر مەحمود عوسمانیش كە ئەودەمە بە((وەزیری دەرەوی بارزانی دەژمێردرا)) ویستی بەم قسانە پاساو بۆ كرداری بارزانی لەم بارەیەوە بێنێتەوە:(( دەمانتوانی بەپشتیوانی ئەم سەركەوتنە بێ پێشینەیە،داوای دەستكەوتی زیاتر لە بەغدایە بكەین،بەلام بەهەرحاڵ سیاسەت هونەری مومكیناتە، ئێمە پێمان باشتربوو رێگەی بەرەبەرە بەرەو ئامانج بگرینە بەر))"٢٤"

https://t.me/kurdistanbooks

جارێکی دیکە کوردەکان، کە شەڕیان بردبووەوە ئاشتیان دەدۆڕاند.

**٩- سەرچاوەو پەراوێزان :**

١- فەجری نویٚ،یەکێکە لە گۆڤارەکانی بەغدا،١٩٦٥/٢/١١،لە عیسمەت شەریف وانلیەوە وەرگیراوە،ل٢٥٨

٢- گۆڤاری المحرری لوبنانی لە کتێبەکەی عیسمەت شەریفەوە((مێژووی شۆرشی نەتەوەی کورد))رۆژهەڵات١٩٦٥،٣٢،٣٣

٣- هەمان سەرچاوە.

٤- پیتەر منسفیلد،سەندەی تایمز،١٩٦٥/٥/١٦

٥- بروانە کتێبەکەی عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٦٠

٦- چەك وتەقەمەنی لە ئەفسەرانی ئێران دەکڕدران.

٧- دانا ئادامز سیمس،١٩٦٢/٨ودیڤید ئادامس،١٩٦٢/١٠

٨-جگە لە نامەکانی بارزانی کە وەڵام نەدرابونەوە.دیڤید ئادامسن ئاماژە بۆ ئەم نامانانە دەکات.

٩- پیتر منسفیلد،((کوردەکان،جەنگ بە چەکی تازە))سەندەی تایمز،١٩٦٥/٥/١٦

١٠- لوموند، ١٩٦٥/٩/٣٠

١١- هەمان سەرچاوە،١٩٦٥/١١/١٧

١٢- هەڤپەیڤینی جەنەراڵ عوقەیلی دەگەڵ المناردا،١٩٦٦/١/٣،لە لوموندەوە،وەرگیراوە،١٩٦٦/١/٥

١٣- پەیامی تەلەگرافی١٩٦٦/١/١٥ی ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا،لوموند،١٩٦٦/١/٦

١٤- جەواد عەلامیر،پەیامنێری لوموند،لە تاران ١٩٦٦/١/١٥

١٥- لوموند،١٩٦٦/١/٢٥

١٦- بە گوتەی عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٦٤

١٧- ر.موریە، کوردستان یان نەمان،ل١٧٥-١٨٥

١٨- حەبیب کەریم،هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا، ناوپردان،شوباتی ١٩٧٥

١٩- راپۆری عەبدوڵلا پشدەری بۆ عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٦٦

٢٠- هە ڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا، ناوپردان ،شوباتی ١٩٧٥

٢١- هەمان سەرچاوە.

٢٢- بۆ زانیاری تەواو لەمەڕ دەقی تەواوی رێکەوتنامەکە بڕوانە عیسمەت شەریف وانلی ل٣٧٩-٣٨٠

٢٣- هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،ناوپردان،شوباتی ١٩٧٥

٢٤- هەمان سەرچاوە.

**فەسڵی یازدەیەم: پشوی سێیەم:١٩٦٦/٦-١٩٦٩/١**

**١- جەنەراڵ عارف و مەسەلەی کورد:**

https://t.me/kurdistanbooks

جەنەراڵ عەبدورەحمان عارف کە پیاوێکی بە ئاوەز نەبوو،ڕێگەی پێشڤەچوونی بیٚ ڕەونەق و جیلوەی خۆی لە دوای روخانی قاسم بڕی بوو:ئەو کە((دوای روخانی قاسم))پلەی جەنەراڵی وەرگرتبوو، لە ١٩٦٣/١١/١٧لە کوردەتای دژە بەعسیدا بەخۆی و قوەتە زرێپۆشەکەیەوە رۆڵێکی گرنگ و بنجبڕی بینی... .لە دوای ئەوە گەییە پلەی یاردەدەری سەرکردایەتی سوپا،ئەوجا بوو بە فەرماندەی لەشکر(١٩٦٤)و پاشان بوو بە بریکاری سەرکردایەتی سوپاو برایەکەی نەیتوانی وەکو سەرۆکی سەرکرایەتی سوپا بەسەرسوپای عێراقدا پیسەپێنیٚ، هەمووپێشکەوتن و پێشڤەچوونێکی لە سۆنەگەوسایەی برایەکەیەوە بوو:سەرانی سوپای عێراقی کە لە ئەنجامی مەرگی لەناکاوی عارفدا غافڵگیربوو بوون ولە نێو خۆیاندا زۆر ناکۆك وناتەبا بوون سەرەنجام هەموو رازی بوون کە ئەم کەسایەتیە (( گاڵتەجارە)) لە جێی ئەو دابنریٚ .

لە ١٩٦٦/٦/٢٩ واتە چوارهەیڤان پاشی ئاگربڕ،جەنەراڵ عارف لە ١٩٦٦/١٠/٢٨ لە ئۆردوگای دووریانی (مەفرەق))رەواندزدا"١" دیداری دەگەڵ جەنەراڵ بارزانیدا کرد.یەکێك لە نوکەتە عەنتیکەکانی ئەم دیدارە ئەوە بوو کە عارف قورئانێکی بە دیاری دا بە بارزانی، و بارزانیش ئەو تۆپانەی لە شەڕی هندرێندا لە سوپای عێراقی گرت بوون دایەوە بەو"٢".

بەڵام جگە لە ئازادکردنی ژمارەیەك لە زیندانیانی سیاسی کوردو وەگرتنەوەی هەندیٚ سەروەت و سامانی دەست بەسەرگیراو ودەرکردنی رۆژنامەیەك(بە زمانی عەرەبی)بە نێوی التاخی بە سەرپەرشتی ساڵح یوسفی و ئیدی رێکەوتنەکی بەزاز بوو بە مەرەکەبی سەر کاغەزو پەیوەندیەکانی سەر لەنویٚ بەرەو تێکچوون چوو.

لە هەوەڵی هەیڤی ١٩٦٦/١١دا جەنەراڵ عارف پاش سەردانێکی یەك هەفتەیی بۆ باکور بەهەمان گەشبینی ئاسایی خۆیەوە رایگەیاند:((مەسەلەی کورد کۆتایی هاتووە...جەنەراڵ بارزانی بەراشکاوی پیٚی گوتین کە خوازیاری ئۆتۆنۆمی کوردستان نیە دژی هەرجۆرە جوداخوازییەکە.))"٣"

لیٚ چەند رۆژێك دوای کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە١٥-١٩٦٦/١١/٢١ لە گەڵاڵە گیراومەکتەبێکی سیاسی پێنج کەسی هەڵبژێردراو بریتی بوون لە : ((حەبیب کەریم، سکرتێری گشتی، مەحمود عوسمان ، نوری شاوەیس ،عەلی عەبدوڵڵا و، ساڵح یوسفی ،کە هەرهەموویان گوێرایەڵ وسەربەفەرمانی بارزانی بوون،ئەم کۆنگرەیە دەسەڵاتی بارزانی چەسپاند.جەنەراڵ بارزانی یاداشتنامەیەکی هەڕەشە ئامێزی دا بە جەنەراڵ عارف و ناجی تاڵیبی سەرەك وەزیرانی عێراق. جەنەراڵ بارزانی لەم یاداشتانامەیەدا ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە بەردەوامی چالاکی ئەو نارازیو نەیارانەی کە لەلایەن هەندیٚ نوێنەرانی دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێن.نیشانەی ئەوەیە کە شەڕ بە کردەوە کۆتایی نەهاتووەو دەوڵەتی بەوە تاوانبار کرد کە دەیەویٚ وڵات بخاتە گێژەنێکی شەڕی ناوخۆوەو داوای دەکرد فەوری ((کۆمیتەیەکی باڵا)) بۆ ئەو مەبەستە دروست بکریٚ"٤"... .

ئەمە بەمانای پچڕینی پەیوەندی نیە،بەڵام سەرەتای ((فشە سوڵحێکە)) کە تا بەهاری ساڵی ١٩٦٩درێژە دەکێشێت...وێڕای زنجیرەیەك شەڕوپێکادان،کەچی سەرنجی گشتی لەسەر مەسەلەی کوردان لادەچێت ودەکەوێتە سەر مەسەلەی کێشەی عەرەب وجوولەکە،لە پاش شەڕی شەش

https://t.me/kurdistanbooks

ڕۆژە(حوزیرانی ١٩٦٧) بە چەند مانگێ بەعس دەگەڕێتەوە سەرکارودەسەلاَت،کە تا ئەمڕۆکەش( ١٩٧٨) هێشتا هەر لەسەرحوکمە.

**٢- بارزانیو شەڕی شەش ڕۆژە:**

لە حاڵی حازردا ناتوانرێ بە دروستی ئەوە دیاری بکرێ کە جەنەراڵ بارزانی وجوولەکان لە کەیەوە پەیوەندیان پێکەوە هەبووە، لێ لە بویەرەکانی شەڕی شەش ڕۆژەدا( ١٩٦٧/٦)دا جەنەراڵ بارزانی بە ئاشکرا لەدەرەوەی بازنەی کێشەکەدا مایەوە،وکاتێ جەنەراڵ عارف داوای لێکرد کە ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی بۆ شەڕی جوولەکە بنێرێ،بەرسڤی دایەوە:((شەش ساڵە دەگەڵ ئێمەدا شەڕدەکەی و دەتەوێ قربخەیتە گەلی کورد،چۆن چاوەنۆڕی ئەوەی کە من یارمەتیتان بدەم ؟))وەختێ عارف پێدادەگرێ کە بارزانی بەلای کەمەوە هێزێکی ڕەمزی بۆ بەغدا بنێرێ بارزانی دەڵی:((من وەکو چون باوەڕم بە ئەفسانە نیە باوەڕم بە ڕەمزیش نیە!))."٥"

ئەم بێ موبالاتیە سەبارەت بە شتێك کە بەلای عەرەبەوە مەسەلەیەکی بنەرەتییە، خۆی لە خۆیدا سەرەتای ئەو جوداییەیە کە لە بەینی بارزانی ورژێمدا توند دەبێت.لەباری تیێوریەوە، ئەو ناوچە شاخاویانەی باکوری عێراق ،کە بارزانی تێدا جێگربووە،هەمیشە بەبەشێك لە کۆماری عێراق حەساو دەکرێ، بەلاّم بارزانی پاش ئەوەی لە ماوەی چەندین ساڵدا بۆ خۆی لە ناوچەکەدا جۆرە نەزمو نیزامێکی لەدەرێی حوکم ودەسەلاّتی بەغدایە دامەزراند بوو، وردە وردە بە شێوازێکی هەست پێنەکراو، بەرەودیبلۆماسیەتی سەربەخۆیی هەنگاو دەنێ .

ساڵح یوسفی ڕاشکاوانەتر لە بارزانی رایدەگەیەنێ:((ئێمە دژی هەر جۆرە زێدەگاڤیەکین،لێ لایەنگری مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەموو میللەتانین)) بەم جۆرە هاوبەستەگی کوردان بۆ جوولەکە لە شەڕا دژی عەرەب تەئید دەکات.

لە بواری پراکتیکیدا،جگە لە سەردانی نوێنەرانی جەنەراڵ بارزانی بۆ ئیسرائیل،چ شتێك لەمەڕ ئەو کۆمەکانەی کە ئیسرائیل توانیبێتی پێشکەش بە بارزانی بکات،دزەی نەکردووەتە دەرێ.

**٣- بەهای یارمەتیەکانی شا:**

لە ماوەی ئەم ((فشە سوڵحەدا)) کە چەند مانگ درێژە دەکێشێت.بارزانی پەیوەندی خۆی دەگەڵ شادا پتەودەکات وشا یارمەتی گرنگ وگرنکتری دەداتێ .

لێ دەبێ تا ساڵی ١٩٦٧ سەبر بکرێ تا ئەوە بزانرێ کە ئەم یارمەتیانە بە چ نرخ وبەهایەك پێك دێت:لە مانگی ١٩٦٧/٥دا دەستەیەك لە جەنگاوەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران((لە خاکی عێراقەوە))بۆ ناو ئێران دەگەڕێنەوە تا لەوێندەر((بنکەی پارتیزانی))دابمەزرێنن،سامی (محەمەد مەحمود عەبدورەحمان) ی نوێنەری کۆمیتەی تەنفیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق ،سێ ڕێگە بۆ ئەو کوردانەی کە لایەنگیری شەڕی چەکدارین دژی رژێمی شا،دادەنێ: یان لە بەغدا وەمێنن،یان بێنە کوردستانی عێراقەوە،یان بۆ ئێران بگەڕێنەوە،بەلاّم لەم حاڵەدا هەموو پەیوەندیەکییان دەگەڵ بارزانیدا بپڕن."٦"

دوای چەند هەیڤێك،واتە لە مانگی ١٩٦٨/١٠دا دکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێ:((ئێمە دەست لە کاروباری ئێرانو تورکیا وەرنادەین و تاران وئەنقەرە باش دەزانن کە ئەگەرسەکێشی بکەنو

https://t.me/kurdistanbooks

پەلامارمان بدەن،ئەوا دەتوانین لە نێو کوردی ئەو وڵاتانەدا شۆڕش هەڵگیرسێنین)).‌"٧"((وەزیری دەرەوە))ی جەنەراڵ بارزانی لە ژێر ئەم ((نیمچە حەقیقەتەدا)) درۆیەکی گەورە دەشارێتەوە.

بارزانی لە بری ئەم کۆمەکانەی ئێران،بەڵێن دەدا کە ڕێگە لە هەڵگیرسانی شۆڕش لە کوردستانی ئێراندا بگرێ،وبارزانی بۆ دابینکردنی ئەم مەبەستە دژی ئەو کوردە ئێرانیانەی کە زات وجورئەتی ئەوەیان هەبێ کە لەم حوکمە دەربچن،تەنانەت پەنا وەبەر چەك دەبات.

بارزانی تاسەر پابەندی ئەم بەڵێنە دەبێت:لە هەیڤی ٤-٥/١٩٦٨دا سلێمانی موعینی ئەندامی ((کۆمیتەی شۆڕشگێری)) ** وخەلیل شەوباش دەگرێ ودەیانکوژێت وجەنازەکانیان تەحویلی دەسەڵاتدارانی ئێران دەداتەوە"٨".

## ٤- لابردنی جەنەراڵ عەبد ورەحمان عارف:

ڕژێمی جەنەراڵ عارف کە نەیتوانی بوو مەسەلەی کورد چارەسەر بکات،وپاش شکستی حوزەیرانی١٩٦٧تەواو بێ ئیحتیوبار بووبوو،لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٦٧دا،بە سەرهەڵدانی دەستەیەکی پارتیزانی کاسترۆیی لە زۆنگاوەکانی باشوردا،لە جاران لاوازتربوو."٩"

کە جەنەراڵ عارف لە هەیڤی ٥/١٩٦٨دا جارێکی دی درێژەپێدانی((قۆناغی ڕەوتەنی)) ڕاگەیاندوئەنجامدانی هەڵبژرادنی بۆساڵی ١٩٧٠دواخست-کە ئەم دوو خاڵە بەپێی ڕێکەتننامەکەی بەزاز دەبوایە لە ساڵی ١٩٦٦دا ئەنجام درابان- بەم کارە لە ڕاستیدا چارەنوسی خۆی دیاری کرد .

ئەوە بوو پاش کودەتایەکی((سپی)) لە ١٩٦٨/٧/١٧دا کە لەلایەن دوو کەس لە هاوکارانی نزیکی خۆیەوە- جەنەراڵ عەبود، فەرماندەی گاردی سەرۆکایەتی کۆمار وعەقید نایفی سەرۆکی ئیدارەی دووەمی سوپا وسەربەڕێکخراوی ئەفسەرانی ناسیۆنالیست- ڕێکخرابوو،لە فڕۆکەیەکیان ناو بۆ لەندەنیان نارد.

جەنەراڵ حەسەن ئەلبەکری سەرەك وەزیرانی جارانی مارشاڵ عارف لە ساڵی ١٩٦٧دا،بوو بە سەرکۆماروعەقید نایف بوو بە سەرەك وەزیران.

لە ١٩٦٨/٧/٣٠دا،دوای کودەتای دووەم،عەقید نایفیش نەفی کراوجەنەراڵ حەسەن ئەلبەکر هەموو دەسەڵاتێکی گرتە دەست وحکومەتێکی دامەزراند کە جەنەراڵ حەردان تکریتی بوو بە وەزیری بەرگری و جەنەراڵ عەماش بوو بە وەزیری ناوخۆ.بەعس،دوای شکستە حەیابەرەکەی ساڵی ١٩٦٣یان بە پێنج ساڵ ، هاتەوە سەرکارو لەسەر حوکم مانەوە.

## ٥- کورد و بەعس:

گەرانەوەی بەعسیان بۆ سەر حوکم،نیشانەی ڕووداوێکی شوم بوو بۆ کوردان:لە نێو هەموو ئەو ڕژێمانەی کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی هاشمی بەملاوە یەك لە دووی یەك هاتنە سەر حوکم،بێگومان بەعس سەرسەخترین وخوێن ڕێژ ترین،دژمنی کورد بوون .

هەڵبەتە جەنەراڵ بارزانی لە((قەڵا وحەساری کوردستانە)وە لەم بارەیەوە غافڵ نەبوو،بارزانی دوای چەند هەفتەیەك گوتی:((ئێمە ئەوانە کە وادەنوێنن،بەرپەرێکی تازە لە نێوانماندا هەڵدەدەنەوە،چاك دەناسین.لە ساڵی ١٩٦٣دا جەنەراڵ تکریتی نزیکەی ٣٠٠٠ گوندی بۆردومان کردین،جەنەراڵ

https://t.me/kurdistanbooks

عەماش باسی((گەشتی)) سوپای عێراقی لە باکوردا دەکرد.ئەمڕۆکەش هەموو خەمێکیان ئەوەیە کە جێ پێی ڕژێمەکەیان قایم بکەن))"١٠".

پەیوەندی بەینی کوردوحکومەتی بەغدا،سروشت و تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی هەیە کە ئەقلیەتی غەیرە ڕۆژهەلاتی و مەنتقی بە ئاسانی هەرسی ناکات،ڕێك وەکو ئەو پەیوەندیانەیە کە لە ساڵی ١٩٧١دا وپاش ئێمزای ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ومانگی هەنگوین لەگەل بەعسیاندا دەیبینین"١١"

لە لایەکەوە لە باکوری عێراقدا هەر کە شەو دادێ چ جۆرە هاتوچۆیەك نامێنێ و ((سنووری)) واقیعی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بارزانی لە باقی ناوچەکانی عێراق جیا دەکاتەوە(ناوچەکانی ئەو بەری ڕەواندن).

کەچی لە باری تیۆرییەوە،بەرنامە دوانزە مادەییەکەی حوزەیرانی١٩٦٦وەکوقەواڵە وبەڵگەنامەیەك بناغەیە بۆ پەیوەندییەکانی دەوڵەت وجەنەراڵ بارزانی:دەوڵەت بێ هیچ بنج و بناوانێك،لافی ئەوە لێدەدا کە ئەم دوانزە مادەیە جێبەجێ کراون.بەڵام کوردەکان گوێ بەم شتانە نادەن.

هەر لەم کەین وبەینەدا حکومەتی عێراق ڕۆژنامەوانانی بێگانە بۆ دیداری جەنەراڵ بارزانی دەنێرێ،بەڵام بارزانی ئەم دیدارانە دەقۆزێتەوە بۆ هێرشکردنە سەر ڕژێمی بەغدا.

جەنەراڵ بارزانی لە بەغدایەش ڕۆژنامەی(التاخی) بە سەرپەرشتی ساڵح یوسفی دەخزمەتدایە کە لە نێو هەموو بڵاوکراوەکانی عێراقدا ، تاقە بڵاکراوەیەکە کە زات دەکات دەربارەی مەسەلەێن ڕۆژ- هەموو ئەو مەسەلانەی بە عێراق و بە کوردەوە پەیوەست بوون،هەڵوێستگیری بکات.

جەنەراڵ حەسەن ئەلبکر دوو وەزیری کورد- ئیحسان شێرزاد وموحسین دزەیی کە سەر بە بارزانی بوون،لە کابینەکەی خۆیدا دادەنێ،بەڵام لە هەمان کاتدا یارمەتییەکی چاك دەخاتە بەر دەستی نارازییانی دەستەوبەستەی برایم ئەحمەد وتاڵەبانی،کە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە خۆیان بە نێوی النور بڵاو دەکەنەوە، کە لە ڕووی هونەریەوە"١٢" باشترین بڵاوکراوەی عێراقیەوهەموو ڕۆژێك هێرش دەکاتە سەر بارزانی وبە((خێڵەکی))و(( فیودال))ودواردەستی ئیمپریالیزم ناوی دەبات .

لەو مانگانەدا کە لە دوای ئەو وەزع وحاڵانەوە دێن،ئەمجارەیان زیاتر ئەم جەماعەتەی(( النور )) دەبنە مایە فیتنەوئاژاوەو پێکادانەکان،کە ئەمێستا ژمارەیان خۆی لە ٢٠٠٠ کەسێك دەدات و بەشی هەرە زۆریان لەو((بەکرێگیراوانەن))کە لەبەرخاتری چواردەدینار مانگانە لە دەوریان خڕ بوونەتەوەو سەد و پەنجا کەسێك لەمانە کوردی ئێرانین.

کاربەدەستانی بەغدا خۆ لە پچڕینی پەیوەندی دەپارێزن ودەیانەوێ وەزعەکە بەوە ڕابگرن کە ((سەگ بەربدەنە سەگ وخۆیان لە دوورەوە تەماشا بکەن)) وا مەزندە دەبەن کە بتوانن بە بێ تەدەخولی ڕاستەوخۆ بزووتنەوەی کورد لە نێو بەرن"١٣" .

شان بە شانی ئەم کارە،حکومەتی عێراق هەندێ شتان بۆ((لادەران)) دەکات:زانستگەیەك لە سلێمانی و،ئەکادیمیایەکی کوردی(کۆڕی زانیاری)لەبەغدایە دادەمەزرێنێ.هەڵبەتە ئەم شتە کەم خەتەرانە لەگەڵ تاقمێکدا دەکات کە بەبێ کۆمەکی ئەو خۆ بە پێوە ناگرن.بەڵام بۆ حکومەتی بەغدایە ،لە حاڵی بڕینی پەیوەندی دەگەڵ بارزانیدا دەرفەتی بۆ دەرەخسێنێ لافی ئەوە لێبدا کە

https://t.me/kurdistanbooks

مافی کوردان دراوەو لایەنگرانی بارزانی بە ڕێگر وچەتەو((داردەستانی ئیمپریالیزم وزایونیزم)) تۆمەتبار بکات.

**یارمەتیەکانی ئێران :**

جەنەراڵ بارزانی کە دەکەوێتە نیمچە گەمارۆی ئابورییەوەودڵنیا دەبێت کە کاربەدەستانی بەغدا ((بە تەما نین هیچ جۆرە مافێکی نەتەوەیی بە گەلی کورد بدەن)) پەیوەندییەکانی خۆی دەگەڵ ئێراندا پتەودەکات.کاتێ کە لە هەیڤی ١٩٦٩/١دا شەڕ دەست پێدەکاتەوە،کوردەکان لە حاڵێکی وادا دەبن کە هەرگیز کۆمەك وهاوکاری وا فراوانیان لە هیچ ولاتێکەوە وەرنەگرتبوو.

پێشمەرگەی کورد لەمە بەدواوە بوون بە خودانی چەکی قورس،واتە بوون بە خودانی هاوەن و رەشاشی قورس وتۆپ و چەند چەکێکی فڕۆکە شکێن- وزۆری پێناچێت کە سوپای ئێران راستەخۆو شان بە شانی کوردەکان دێتە مەیدانی شەڕ.

**٦- سەرچاوە و پەراوێزان :**


١-پەیامی تەلەگراف فەرەنسا ،لۆمۆند،٣٠-١٩٦٦/١٠/٣١

٢-عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٦٩

٣-لوموند،١٩٦٦/١١/١٣

٤-هەما سەرچاوە،١٩٦٦/١٢/٢٩

٥-ئەریك رولو،((وزنە کوردستان))لوموند،١٩٦٨/١٠/١٢

٦-هەڤپەیڤین دەگەڵ یەکێك لە ڕێبەرانی شۆرش لە بەغدایە،١٩٧٣

٧-ئەریك رولو،لوموند،١٩٦٨/١٠/١٢

٨-کاروانی شەهیدان،کەریمی حیسامی،ل٧٥-٧٩

٩-((عەزیز الحاج))ی سکرتێری گشتی حیزبی شیوعی عێراق، ڕێبەری باڵی قیادەی مەرکەزی بوو.عەزیز محەمەد ڕێبەری لیژنەی مەرکەزی سەر بە سۆڤیەت بوو.

١٠-ئەریك رولو،لوموند،١٩٦٨/١٠/١٢

١١- هەمان سەرچاوە.

١٢-عیسمەت شەریف وانلی،ل٢٧٥

١٣- هەمان سەرچاوە.

١٤-لوموند،١٩٦٨/١٠/١٢


**فەسلی دوانزیەم: شەڕی دووەمی بەعسییان : ( بە هاری ١٩٦٩- ١٩٧٠/٣ ):**

https://t.me/kurdistanbooks

پاش ئەو((فشە سولّحەی)) کە لە ئەنجامی ئاگربڕی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەرقەراربوو، حالّەتێکی ((نیمچەشەڕونیمچە ئاشتی)) هاتە ئاراوە.ئەم حالّەتی ((نە شەڕو نە ئاشتیە)) ناو بە ناو شەڕو سووکە شەڕی تێدەکەوت وروّژ بە روّژ بەرەو زیاتر دەچوو بە تایبەتی کە هێزەکانی عێراق بە ئاشکرا پشتیوانی لە(جاشەکانی ١٩٦٦)واتە لە تاقمی (النور) دەکرد...بوّیە ناتوانرێ مێژوویەکی دیاریکراو بوّ سەرەتای شەڕی دووەمی بەعسیان دیاری بکرێ،بە تایبەتی کە لە کوردستاندا قوّناغێکی((دوواخستن))ی هەندێك دوورودرێژ هەیە کە ساتەکانی بڕیاردان وئەنجامدانی بڕیارەکان لێکدی جیادەکاتەوە .

١- هێرشی کەرکوك ١/٣/١٩٦٩:

لە راستیدا لەسەرەتای هەیڤی دوانزەی ١٩٦٨دا سەرانی کورد لێدەبڕێن هێرش بکەنە سەر دام ودەزگا نەوتیەکانی کوّمپانیای نەوتی عێراق.ئەم بڕیارە لە کوّبونەوەیەکی گەرموگوڕی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی حیزبدا دەدرێ،کە جەنەرالّ بارزانی دژی ئەم هێرشە دەبێت،بەلاّم کەمینەی دەنگی دەگەلّدا دەبێت."١"

سەرەنجام رابەرانی کورد بڕیاردەدەن دامودەزگای ((کوّمپانیای نەوتی عێراق)) بتەقێننەوە ، بەلاّم رادەی خەسارەتەکە لە سنوورێکی دیاریکراودابێ.هەلّبەتە مەبەست لە هێرش بوّ سەر کەرکوك وویّرانکردنی دامودەزگا نەوتیەکان نیە،بەلّکو گەیاندنی پەیامێکە:تا کاربەدەستانی بەغدا بزانن کە ئەگەر هەر سووربن لەسەر ئەوەی بەپارەی نەوت چەك بکڕن، سەرچاوەی دەرامەتەکەیان - کە لەو سەرو بەندەدا مانگانە دەگەییە دە ملیوّن دوّلار-دەکەوێتە خەتەرەوە... هەلّبەتە رووی ئەم پەیامە لە کاربەدەستانی(کوّمپانیای نەوتی عێراق)یشە،کە کوّنسرسیومێکی نێو نەتەوەییە."٢"

دوای شناسایی سەرەتایی ناوچەکە لە ١٩٦٨/١٢/٢٦دا سامی- محەمەد مەحمود عەبدورەحمان کە لە مانگی ئابی ١٩٦٤دا بووبە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی- دەکرێ بە فەرماندەی ئەم چالاکیە. ئەویش لە ١٩٦٩/٢/٢٣دا قوەتێکی دووسەد نەفەری بە سەد هێستروشەش هاوەن ودوو سەد گوللە هاوەنەوە دەبا بوّ شوێنی چالاکیەکە.

ئەم قوەتە،هێلّەکانی عێراق دەبڕن ولە سەعات هەشت و٤٧دەقیقەی شەوی یەکەمی مانگی ٣ دا،یەکەمین گوللە هاوەن دەگرنە دەزگاکانی((کوّمپانیای نەوتی عێراقی)) لە نیو بابا-ی (( New baba)) باکوری روّژئاوای کەرکوك و دوای هاویشتنی کەمتر لە سەد گوللە هاوەن،قوەتەکە بە ئاسانی بوّ باکور گەڕانەوە .

زەرەرو زیانەکان زوّر بوو، بە دوو ملیوّن دوّلار مەزندە دەکرا،وکوّمپانیای نەوتی عێراقی ناچارکرد بوّ ماوەی یەك مانگی تەواو بەرهەمهێنانی خوّی بە رادەی ٧٠٪کەم بکاتەوەو بەمجوّرە زیانی کوّمپانیای نەوتی عێراق گەییە دە ملّیوّن دوّلار."٣"

دەولّەت لە بەغدایە،بێدەنگی تەواوی لەم هێرشە کردو هەوالّەکە بلاّو نە بووەوە،تا((کوّمپانیای نەوتی عێراقی)) لەم بارەیەوە نامەیەکی نەنارد.

بەلاّم وێرای چەند هێرشێکی دی بوّ سەر بوّریە نەوتەکانی کوّمپانیای نەوت،ئومێدی سامی بەوەی کە بەریتانیای مەزن و ولاّتە خودان بەرژەوەندیەکانی دی بە نیگەرانی بدینێ وسەرنجیان بوّ مەسەلەی کورد رابکێشێت، پوچەلّ بووەوە."٤"

https://t.me/kurdistanbooks

**٢- هێرشی بەهاری ساڵی ١٩٦٩:**

چەند هەفتەیەك دوای هێرشی كوردان بۆسەر كەركوك،دەوڵەتی عێراق چوار لەشكری گەورەی دژی كوردان خستە شەرێكی زۆر بەربلاوەوەو بۆ ماوەی چەند مانگێك شەڕێكی توند وپشت گوێ خراو لەلایەن جیهانەوە،هێڵەی بە كوردستان كرد:دەوڵەتی عێراق لەم هێرشە بەهارەیەدا سانسۆرێكی توندی خستە سەر ئەو هەواڵانەی لە باكوری عێراقەوە دەهاتن .

**٣- كێشمانە كێشی نێوان ئێران و عێراق:**

بەلام هێرشەكانی عێراق بۆ سەر كوردان،لە ئەنجامی ئەو رووداوانەی لە كێشەی بەینی ئێران وعێراق كەوتنەوە،و لە شەش ساڵی ئایندەدا شەڕەكانی كوردستانیان خستە ژێرەوە،بە سنووورداری مانەوە.

لە ناوەراستی مانگی یەكی ١٩٦٩دا دەوڵەتی ئێران((مافی مێژوویی))ئێرانی لە دوورگەی بەحرێن هێنایە گۆڕێ ولە هەمان كاتدا سەرانی بەعسیانی بەغدایە،كەوتنە لاف وگەزافی ئەوەی كە هەردوو رەخێن كەنداوی فارس هی عەرەب وعەرەبین.پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات زۆر بە زوویی تێكچوو،لە ١٩/٤دا دەوڵە تی ئێران،پەیمانی ساڵی ١٩٣٧ی كە سنوری نێوان ئێران وعێراقی لە رەخی رۆژهەلاتی شەتی عەرەبدا دیاری كردبوو،هەڵوەشاندەوە"٥".دەوڵەتی عێراق لە وەلامی ئەم كارەدا هەندێ هێزی لە سەر سنووری ئێران،لە نێوان خانەقین وئابادان مۆڵ داوكێشەكەی گەیاندە رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان.

**٤- سێكووچكەی ئێران – عێراق – كوردستان:**

بەمجۆرە سێكوچكەیەك چێبوو،كە پاشان كێشەی كورد لە عێراقا كەوتە ناوییەوە: رژێمی تاران كە دەیوست دەسەلات بەسەر ناوچەی كەنداوی فارسدا بگرێ،ئامادەبوو جگە لە شەڕی ئاشكرا پەنا وەبەر هەر كارێكی دی ببات لە پێناوی روخانی رژێمی بەعسی بەغدا یان لاواز كردنی رژێمی ناڤبری، رژێمی بەعسیش لەو وەتر.

لە هەردووك بەری كێشەی كەنداوی فارسدا،دووكیشەی دی بوون بە مەیدانی ململانێی ئەم دووە:یەكێكیان شەڕی كوردستان و ئەوی تریان شەڕی زەفار بوو.

شەڕی كوردستان لە هی زەفار نزیكتر بوو، تایبەتمەندیەكی دیكەشی بۆ شای ئێران هەبوو، ئەویش ئەوە بوو كە دەیتوانی راستەخۆ قورتمی رژێمی بەغدا بگرێ و لە پەلوپۆی بخات: شەڕی كوردستان لە ساڵی ١٩٦١ وە تا ١٩٦٩ بۆ رژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق یەك ملیار دۆلاری تێچوو بوو...ئەمە جگە لەوەی زەمینەی بۆ روخانی هەندێ لەو رژێمانە هەموار وخۆشكرد بوو .

باشترین رێگە بۆ لاوازكردنی بەعس كە هەم لە باری نەفەرەوەو هەم لە باری پارەوە كەمی تێ دەچوو وكەمتر مایەی ناو زڕان بوو،یارمەتی دانی بەردەوامبوونی شەڕی كوردستان، بە دانی هەندێ كۆمەك وهاوكاری بە جەنەراڵ بارزانی بوو .

https://t.me/kurdistanbooks

بارزانی باش لە مەبەستی شا حاڵی دەبوو- بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٢دا ئەم حاڵی بوونەی بە چاکی نیشان دا- بەڵام وا تێدەفکری کە دەتوانێ هەڤرکی تاران وبەغدایە بەقازانج وبەرۆژەوەندی کورد بقۆزێتەوە .

لەگەل ئەوەشدا بارزانی هەڵەیەکی گەورەی کرد کە هاوکاری شای بە بەها ونرخێك قەبوڵ کرد کە شا بەسەریا سەپاند: پاراستنی ئارامی لە کوردستانی ئێراندا بە هەر نرخێ بێ-ئەوشتەی کە سەرانی کوردی ئێران ئامادە نەبوون قەبوڵی بکەن.

جەنەراڵ بارزانی کە لە ساڵی ١٩٤٦دا بە دامەزراندنی حیزبێکی جیا لە حیزبی دیموکراتی قازی محەمەد مەسئولیەتی پارچە پارچە کردنی بزووتنەوەی کوردی کەوتبووە ئەستۆ،پاش بیست ساڵان هەمان هەڵەی دووبارە کردوە!بەڵام جەنەراڵ بارزانی ئەمجارەیان بە تەئیدکردنی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە هێزە گەورەکان بەسەر کوردستانیاندا سەپاندبوو،لە راستیدا لقە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی رووبەرووی یەك دانا.

٥- گروپی وە فاداران:

جەنەراڵ بارزانی توانی لە ساڵی ١٩٦٩وە گروپێکی وەفادار وپابەند بە خۆی پەیدا بکات ولە رێگەی ئەوانەوە تا هەرەسی یەکجارەکی شۆرش لە ئازاری ١٩٧٥دا،حوکمڕانی کوردستان بکات .

جگە لەو پێنج کەسەی کە لە ١٩٦٦دا کرابوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی واتە(حەبیب کەریم ،دکتۆر مەحمود عوسمان ،ساڵح یوسفی ،نوری شاوێس وعەلی عەبدوڵڵا) سامی وعەزیز عەقراویش کران بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

بەڵام ئەم ئەندامانە لە رووی سەنگ و بایەخەوە زۆر نا یەکسان بوون- ((کۆنەکان)) ساڵح یوسفی و نوری شاوەس و عەلی عەبدوڵڵا- دەورێکی کەمیان هەبوو .

جگە لە دکتۆر مەحمود عوسمان،کە لە ساڵی ١٩٥٥وە ئەندامێکی چالاکی حیزب بوو،وئەو زەمانە یەکێك بوو لە باڵی چەپی حیزب،ئەوانەی کە ئێستا لە سەرکردایەتیدا حەساویان بۆ دەکرا و بارزانی گوێی لە قسەیان دەگرت(( تازەکان)) بوون کە بروسکە ئاسا پلەکانی بەرزبونەوەیان بڕی.

سامی کە نێوی ڕاستەقینەی(محەمەد مەحمود عەبدورەحمان)ە لە سالی ١٩٣٩دا لە دەڤەری ژەنگار لە دایك بووە،دوای خوێندنی ئەندازە لە مانچسترودرێژە پێدانی خوێندنی ئابووری لە لەندەن، کە لە ریزەکانی حیزبدا کاری کردبوو، لە ساڵی ١٩٦٣دا پەیوەندی بە بارزانیەوە کرد.سەرەتا لە رادیۆی کوردستان دەستبەکاربوو. پاشان وەکو زۆربەی ئەو خوێندکارە کوردانە کە لە هەندەران گەرابوونەوە،وەکو تەرجومان ورێنوێنی رۆژنامەوانان دەست بەکاربوو- لەم پۆستەدا بوو کە رێنوێنی((لوردکیل براکن)) ی لە یەکەم سەفەریدا بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٦٦دا کرد.دوای سێ ساڵان بوو بە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ومەکتەبی سیاسی.سامی یەکێکە لە هاوکارە هەرە نزیکەکانی بارزانی.لە کوڕەکانی بترازێ، لە هەمووکەسێکی دی نزیکترە لە بارزانی .

سامی کە بووە بە ئەنتی کۆمونیستێکی سەرسەخت،لە دوای ساڵی ١٩٧٠وە لە شۆڕشی کوردا دەورێکی گرنگ دەگێرێ.لە قۆناغی ئاگربڕی ساڵانی١٩٧٠-١٩٧٤دا دەبێ بە وەزیری کاروباری باکور لە کابینەی حکومەتی عێراقدا ولە دوا ساڵانی شۆڕشی بارزانیدا بە کردەوە((سەرەك وەزیر))ی کوردستان بوو.

https://t.me/kurdistanbooks

حەبیب کەریم لە کوردە فەیلیەکانی بەغدایەو، لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٨(باب وباپیرانی کوردی لورستانی ئێران بوون و لە بەغدایە ئاکنجی بووبوون).حەبیب کەریم،بە پێچەوانەی جەعفەر عەبدولکەریمی برایەوە،کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ یەکێك بوو لە سەرانی باڵی چەپی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق،پیاوێکی((ئیدیۆلۆگ)) نییە.حەبیب مافناسەولە زانستگەی بەغدایە خوێندوویەتی. ،لە ساڵی ١٩٦٤داو لە شەشەمین کۆنگرەی حیزبدا- لەو کۆنگرەیەدا کە بارزانی جڵەوی حیزبی گرتە دەست- بە سکرتێری گشتی هاتە هەڵبژاردن.کارگێڕێکی چاکەو لە دوای ساڵی ١٩٦٤وە زامەکانی حیزبی سارێژکرد.

بەڵام ئەو دوو کەسەی لە رێبەرایەتی شۆڕشی کوردا رۆڵی هەرە گرنگ دەبینن: دوو کورە لاوەکەی بارزانی:ئیدریس ومەسعودن.

ئیدریس کە لە ساڵی١٩٤٤دا لە بارزان و لە داکێکی شیهانی(تیرەی هەڤبەندی بارزانی)هاتووەتە دنیا،لە ساڵی ١٩٦٢وە وەکو سکرتێری بابی دەست بەکاربوو.بەڵام دوای ساڵی ١٩٦٦دەستی بە بینینی رۆڵی گرینگ کرد:لە گەڵ عەبدوڵڵا پشدەری لە شەڕی هندرێندا((هەیڤی٥/١٩٦٦)) سەرکردایەتی هێزەکانی کوردی کرد.

لەمە بەدواوە زۆر بە خێرایی دەرکەت وبەرز بووەوە:لە ساڵی ١٩٦٨دا،لەگەڵ مەسعودی برایدا، بە کردەوە،نەك بە هەق وبەگوێرەی شایستەیی شەخسی،دەبێ بە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجومەنی سەرکرایەتی شۆرشی کورد.دوای ماوەیەکی دیکە بە هەمان شێوە، دەبێ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب و لە ساڵی ١٩٧٣ بەملاوە لە گەڵ بابی و برایەکەیدا بە عەمەلی جڵەوی بڕیاردان دەگرێتە دەست.

ئیدریس بارزانی کە سیمایەکی کەمێك خەمینی هەیە،پێناچێت نە لە رووی هێزێ بەدەنییەوە ونە لە رووی بەهێزی کەسایەتیەوە چووبێتەوە سەر بابی.ئیدریس بارزانی کە تەبیعەتێکی شەرمنانەی هەیە،پاشان لە ئەنجامی تێکەڵ بوون وهەڵس وکەوتی لەگەڵ بێگاناندا(بە تایبەتی لەگەڵ رۆژنامەوانان)ولەو قۆناغەدا کە زمانی ئینگلیزی ئەوەندە فێربووبتوانی دەگەڵ ئەواندا تێکەلاو ببێ(١٩٧٤)باشتر بوو،و توانی رووبە روویان ببێتەوەو تەنانەت هەندێ جاران بە باشی باس وخواسیان دەگەڵدا بکات.بەڵام لەم رووەوە چووبووەوە سەر بابی کە بەوچاوە بروانێتە رۆنامەوانان کە نێردراوی تایبەتی ولاتەکانیان بن .

مەسعود کە لە ساڵی ١٩٤٦دا لە هاوسەری دووەمی جەنەراڵ بارزانی هاتبووە دنیایە،سەرەتاو پاش رۆیشتنی بابی بۆ تاراوگەی یەکێتیی سۆڤیەت لە نێو عەشیرەتەکەی دایکیدا(کە کیژی مەحمود ئاغای زێباری بوو)گەورە بوو.لە ٧-٨ ساڵیدا پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو کە لە نێو کەس و کاری خۆیدا، واتا لە نێو بارزانیەکاندا بژی!.

ئەویش وەکو ئیدریسی برای،لە ساڵی ١٩٦٨وە بەشداری کۆبونەوەکانی مەکتەبی تەنفیزی دەکرد،بەڵام تا ساڵی ١٩٧٠ رۆلێکی بەراستی گرنگی نەبوو.لە دوا قۆناغەکانی شەڕدا( ١٩٧٤-١٩٧٥) لەگەل ئیدریسدا بە شداری ڕێبەری کردنی شەڕەکان دەکات وسەرپەرشتی دەزگای ((پاراستن)) دەکات.

ئیدریس ومەسعود وێڕای هەموو سوخەت وخەسڵەتێکی خۆیان- واتە بوێری لە رادەبەدەرو دڵسۆزیان سەبارەت بە دۆزو رێبازی کورد-بێگومان لە بەرزبوونەوەو بە دیارکەوتنی بروسکە

https://t.me/kurdistanbooks

ئاساییاندا، قەرزاربارى ئەم حەقیقەتەن کە کوڕانى بارزانین.ئەم دووە کە شەهادەیان نەبوو،وجگە لەچەند مەئموریەتێکى کورتى دیبلۆماسى بۆ ئەوروپا وڕۆژهەلاتى ناڤین،یارەنگە بۆ ولاتە یەکگرتوەکانى ئەمەریکا، ئیدى بە کردەوە بە دنیاى دەرەوە نا ئاشنابوون وبێگومان ئەو شایستەیى ولیهاتوویەیان نەبوو بتوانن لەگەڵ ئەو دیبلۆماتکارودەڵەتڕانانەدا کە لەم ساڵە چارەنووس سازانەدا گەمەیان بەچارەنووسى گەلى کورد دەکرد،واتە شاى ئێران وسەدام حوسێن و... دکتۆر هنرى کیسنجەردا رووبە روو ببنەوە!.

### ٦- هێرشى هاوینى ١٩٦٩:

سوپاى عێراق،لە ناوەراستى ئابى ١٩٦٩دا پاش هێنانەوەى ئەو یەکەو قوەتانەى کە بۆ سنوورى ئێرانى ناردبوون ومۆڵدانیان لە کوردستان،دەست بە هێرش بۆ سەر کوردەکان دەکات .

هەر لە زاخۆوە،کە دەکەوێتە ئەوپەڕى رۆژاوەوە، تا پێنجوێنى سەر سنوورى ئێران ،هەر هەموو شەڕگەکانى کورد،دەکەونە بەر بۆردمانى فرۆکەوتۆپبارانى تۆپخانەکانى عێراق.لە دەڤەرى بادینانداا شەڕى یەکجار توند،لە ناوچەى زاخۆ وئاکرێ روودەدەن.

سەعدون غیدانى ئەندامى ئەنجومەنى سەرکرادیەتى شۆرش،وجەنەراڵ عەماشى یاریدەدرى سەرەك وەزیران ووەزیرى ناوخۆ بە خۆیان سەر پەرشتى وبەرێوەبرنى شەرەکان دەگرنە ئەستۆ.لێ سوپاى عێراق،وێڕاى بەدەستهێنانى هەندێك سەرکەوتنى ناوچەیى،ناتوانن خەتى بەرگرى کوردان بشکێنن.

ئەم شەڕە رووداوى خوێناوى بەگەڵ کەوت: لە ناوەراستى ئابى ١٩٦٩دا سەربازانى سوپاى عێراق لە گوندى داکانى سەربە شارۆچکەى شێخانى باکورى رۆژاواى ئاکرێ، ٦٧ ژن و منداڵ کە پەنایان وەبەر ئەشکەوتێك بردبوو ، قانگدەدەن و هەموویان دەخنکێنن.

لە ١٩٦٩/٩/١٦دا لە گوندى سورەیاى شەش سەعاتە رێى زاخۆدا ،ئەفسەرێکى عێراقى هەموو پیاوانى گوند لە باخێکدا کۆدەکاتەوە: دێهاتیەکان وا خەیاڵ دەکەن کە دەیەوێ قسەیان بۆ بکات لێ ئەفسەرەکە لە ناکاودا دەست دەداتە کلاشینکۆفەکەى ولەگەڵ سەربازەکانیدا خەڵکەکە بەر دەستڕێژان دەدا:لەم رووداوەدا پەنجا وسێ کەس کوژران و ژمارەیەکى نادیارش بریندار دەبن .

سوپاى عێراق،بە حوکمى بالادەستى چەکییەوە هەندێك سەرکەتن بەدەست دێنێ ،لە ئاخرو وئۆخرى ئەیلولى ١٩٦٩دا شارۆچکەى کۆیە دەگرێتەوە، بەلام مەبەستى هێرشەکەى کەگەیشتن بە سنووروکۆنترۆل کردنى بوو نایەتە دى وسەرناگرێ.

### ٧- تەدەخولى ئێران (( ئەیلولى ١٩٦٩)):

ئەم هێرشە بێ وێنەیەى سوپاى عێراق،بە تەواوى هێزى پێشمەرگە تەنگەتاو دەکات، و جەنەراڵ بارزانى داواى کۆمەکى پتر لە ئێران دەکات:بۆ یەکەمین جار قوەتى ئێرانى بە مەبەستى یارمەتیدانى کوردان، دێنە ناو کوردستانەوە .

لە ناوەراستى ئەیلولى ١٩٦٩دا تەلەفزیۆنى عێراق، دەستەیەکى لەو((سەربازە ئێرانیانەى)) کە لە خاکى عێراقدا یەخسیر بوو بوون نیشان دا."٧"

دەوڵەتى عێراق کە ئێستا بەربلاوى یارمەتى ئێرانى بۆ کوردەکان دەبینێ،هەوڵ دەدات قەناعەت بە ئێران بکات کە ئەم یارمەتیانە ببڕێ.شاندێکى عێراقى بەوپەڕى نهێنى دەچێ بۆ تاران و لەوێندەر چاویان بە ئەمیر عەباس هوەیداى سەرەك وەزیرانى ئێران دەکەوێ.عێراقیەکان لەم دیدارەدا گوتیان

https://t.me/kurdistanbooks

كە((ئامادەن هەر جۆرە ئیمتیازێك بدەن،بەمەرجێ دەوڵەتی ئێران سنووری خۆی دابخات))...هوەیدا پاشان بەو كەسەی كە دیداری دەگەڵ كردبوو، گوت:((من پێم گوتن،ئێمە ناتوانین سنوور دابخەین...دەبێ ئێوە سنووردابخەن،ئەگەر دەتوانن))"٨"

## ٨- گفتوگۆ:

سەرانی بەعس لە مانگی حەوتی ١٩٦٩ بەملاوە لە رێگەی خوێندكارانی كوردی ئاكنجی بەغداوە،پەیوەندیان دەگەڵ حیزبی دیموكراتی كوردستاندا، كردبوو،بەڵام لە ئەیولی ١٩٦٩دا بوو كە یەكەمین پەیوەندی جیدی كرا:سەرتیپ تاریقی فەرماندەی هێزەكانی عێراق لە بەرەی رەواندز ، چوو بۆ دیداری بارزانی لە ناوپردان‌ورایگەیاند كە دەوڵەت ئامادەیە گفتوگۆ دەربارەی گەییشتن بە رێكەوتنێك بكات .

لێ لە حەقیقەتدا تێشكانی هێرشەكەی پاییزی سوپای عێراق ومەترسی تەدەخولی زیاتری ئێران سەرانی عێراقی ناچاركرد كە بڕیاری گفتوگۆیەكی جدی بدەن.پاش دیداری نیمچە رەسمی عەزیز شەریفی سەرۆكی بزووتنەوەی ئاشتی عێراق لە سەرەتای مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٦٩دا، ئەوجا یەكەمین پەیوەندی رەسمی لە ١٢/١٩دا دەستی پێكرد.بەعسیەكان سمیر عەزیز نەجمی ئەندامی سەركردایەتی نەتەوەیی وبەپرسی سوپایی دەگەڵ فۆئاد عارفدا بۆ ناپردان نارد .

نوێنەری بەعس پاش گفتوگۆیەكی تەسەل دەگەڵ جەنەراڵ بارزانی وئیدریس ومەسعود ودارا تۆفیق ودكتۆر مەحمود عوسمان وسامی دا،بە روویەكی خۆشی(زۆر دۆستانە)وە گوتی دەوڵەت كەیفی لەوەیە كە كۆتایی بەم شەڕە بهێنێ ولەسەری رۆیی:(( ئێمە دەزانین كە كورد بۆچی شەڕ دەكەن...ئەنگۆش حیزبێكی پێشكەوتووخوازن))! جەنەراڵ بارزانی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ كە حیزبی دیموكراتیش كەیفی لە گفتوگۆیە،دارا تۆفیقی،كە پاشان بوو بە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی،لەگەڵ سەمیر عەزیزدا بۆ بەغدا نارد.

هەڵبەتە هەندێ گروپی بەعسی وسوپا دژی هەر جۆرە گفتوگۆیەك بوون،لەلایەكی دیكەشەوە دەبوایە بەهەرنرخێك بووە نەیەڵن تاقمی برایم ئەحمە وتاڵەبانی پەی بەم كەین‌وبەینە ببەن، جا بۆئەوەی هیچ خەبەر ودەنگۆیەك لەم بارەیەوە دزە نەكات، دارا تۆفیق پێنج رۆژی مانەوەكەی لە بەغدایە((لە ٢١/تا ١٩٦٩/١٢/٢٥)) وەكو زیندانیەك لە كۆشكی سەرۆكایەتی كۆماریدا بەسەربرد.

## ٩- رۆڵی سەدام حوسێن:

ئەم گفتوگۆیە سەرەتاییانەی نێوان كوردوبەعسیان پاڵپشتی((بەرزبوونەوەی))سەدام حسەین بوو بە زنجیرە پۆستەكانی دەزگای دەوڵەتدا.لە راستیدا دار تۆفیق یەكەم دیداری دەگەڵ ئەودا كرد:هەر لە سەرەتاوە سەدام حسێن دەری خست كە سوورە لەسەر ئەوەی لەم بوارەدا رێكەوتنێك بەدەست بێنێ.بەڵام لە هەمانكاتدا بە رونی ئەوەی لە نوێنەری بارزانی گەیاند كە كوردەكان نابێت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات پشت بە هێزێن سیاسی دیكە ببەستن:سەدام حسێن لەلای دارا تۆفیق ئەو پیلانەی كە دژی ریكخرابوو وبە خۆی پۆچەڵی كردبووەوە،باسكرد.سەدام لە حەقیقەتدا پاش ئەوەی هەندێ پیاوی خۆی ژێراوژوێر خستنە نێو پیلانگێرەكانەوە لە مانگی یەكی ساڵی ١٩٧٠ گرتنی وپتر لە حەفتا كەسی،كە زۆربەیان سوپایی بوون،لێ لە سێدارە دان.

https://t.me/kurdistanbooks

هەروەهاسەدام حسێن لە١٩٦٩/١٢/٢١داپاش وتوێژێكی كورت دەگەڵ حەسەن البكردا،سەرۆكایەتی یەكەمین كۆبونەوەی((گروپی كاری))گرتە ئەستۆ كە زۆربەی رێبەرانی بەعس تێیدا بەشدار بوون:ئەم گروپە بریتی بوون لە جە نەراڵ عەماش،مرتەزا حەدیسی ئەندامی ئەنجومەنی شۆرش ،عیزەت مستەفا،سەعدون غیدان،عەبدوڵڵا سەلوم سامەرایی و ژمارەكی دیكە لە بەرپرسان.

لەم كۆبونەوەیەدا سێ بابەتی سەرەكی خرانە بەرباس ولێكۆڵینەوە:ماڤی نەتەوەیی كورد،پێویستی دیاریكردنی سنوری كوردستان،و مەسەلەی پەیوەندی دەگەڵ ئێراندا.

سەبارەت بە دوا بابەت سەدام حسێن بە وەڵامی دارا تۆفیق قایل بوو:دارا تۆفیق گوتی كورد هاتوون كۆتایی بە پەیوەندی خۆیان دەگەڵ ئێراندا بهێنن،وهەموو پەیوەندییەكیان دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا بێ.

دارا تۆفیق پاش چوونی بۆ بەیروت ودیتنی میشێل عەفلەقی دامەزرێنەری بەعس، بەم قەناعەتەوە بۆ ناوپردان گەرایەوە كە بەعس دەیەوێ ئۆتۆنۆمی بە كوردان بدات و جەنەراڵ بارزانی دەبێ ئەم ئۆتۆنۆمیەی لە بەعس بوێت"١٠".

سەدام حسێن پاش ئەوەی بیروبۆچونی خۆی لە مەر ئەم رێكەوتنە ئیحتیمالیە گەڵاڵە كرد،لە بەغدایە ولە ئاخروئۆخری مانگی ١٩٦٩/١٢دا نزیكەی ٦٠٠ئەفسەری سوپایی خركردەوە تا لەمەر ئەو گفتوگۆیانەیان ئاگادار بكاتەوە كە لە گۆرێ بوو،وپێی راگەیاندن:((ئەوانەی كە شەر دەكەن تەنێ دەستە و تاقمێكی یاخی نین.))

سەدام حسێن بە زمانێكی روون ورەوان گوتی كە دەبێت سوپا گوێرایەڵی قەرار و بریاری دەوڵەت بێت:وەكو چۆن لابردنی حەردان تكریتی ودورخستنەوەی بۆ كوێت نیشانی دا،ئاشكرا بوو كە هەموو فەرماندەكانی سوپا چاوەنۆری شتێكی وەها نەبوون.(حەردان تكریتی پاش دورخستنەوەی بە چەند هەفتەیەك لە كوێت كوژرا).

لەوە بەدواوە ئیدی دیدارەكان دوبارە بوونەوە:لە ١٩٦٩/١٢/٣١ شاندێكی گرنگ بۆ ناوپردان چوو.كە بەعسیەكان بریتی بوون لە:حەردان تكریتی و عەبدولخالق سامەرایی و تاریق عەزیز، لەگەڵ دوو كەسایەتی سەربەخۆدا كە بریتی بوون لە: عەزیز شەریف و فوئاد عارف ،كە یەكەمیان زۆر لە كومونیستەكان نزیكە.پاش چەند رۆژێكی دی شاندێكی كورد بۆ بەغدایە چوو كە پێكهاتبوو لە دكتۆر مەحمود عوسمان،سامی،نوری شاوەیس،دارا تۆفیق،نافیز جەلال،موحسین دزەیی،ساڵح یوسفی،ئیدریس ومەسعودیش چەند سەفەرێكی كورتیان بۆ بەغدایە كرد. لەهەمانكاتدا كە هەموو شاندی كورد هێشتا لە بەغدایە بوون،سەدام حسێن چوو بۆ ناوپردان تا دیدارێكی دورودرێژ دەگەڵ جەنەراڵ بارزانی ئەنجام بدات.

هەردوو لایەن سورن لەسەر ئەوەی بگەنە رێكەوتنێكی پایەدار وبەردەوام،دەقی رێكەوتنامەكە،وشە بە وشە،بەند بە بەند خرایە بەر باس وگفتوگۆ.یەكێك لەو كوردانەی كە بە خۆی بەشداری ئەو گفتوگۆیانەی كردبوو پاشان گێرایەوە((هەندێك جار دوو رۆژان بە باسی یەك خاڵەوە یان بەچۆنیەتی دارشتنی یەك دەستەواژەوە دەبووین))."١١"

https://t.me/kurdistanbooks

کۆسپی سەرەکی لە بەردەم هەردووك شاندی بەعسی و کوردا،مەسەلەی دیاریکردنی سنووری جوگرافیایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو.

بەلای کوردەکانەوە ئۆتۆنۆمی بێ خاك،بێ سنووری دیارو ئاشکرا،چ مانا وچەمکێکی نەبوو!.

بەلام بە پێچەوانەوە وەکو چۆن لە رۆژنامەی الثورةدا بلاودەکرایەوە بەلای بەعسیەکانەوە ((ناسیونالیزمی کورد پێویستی بە دامەزراندنی هەرێمێکی تایبەتی نەبوو،تا کوردەکان لە چوارچێوەیدا مافی نەتەوەیی خۆیان پیادەبکەن))...گرینگ ئەمە بوو لە سایەی کاروچالاکی ((مەدەنی وسیاسایی))دا کە بەگیانێکی دیموکراتییەوە مومارەسە دەکرێن بتوانن ئەم((مافانە نەك هەر لە هەولێروسلێمانیدا واتە(لە کوردستاندا) پیادە بکەن، بەلکو لە بەغداولە بەسرەش سودی لێوەربگرن))."١٢"

لە راستیدا رێبەرانی بەعس ئامادەبوون هەرێمێك بۆ کوردان دیاریبکەن،وەکو چۆن ئینگلیزەکان لە سالی ١٩١٩و١٩٢٤دا ئەمەیان دەگەل شێخ مەحمودا کردبوو،ئەوانیش لاریان لەوە نەبوو پارێزگاکانی هەولێر وسلێمانی ودهۆکیان بدەنێ.

**گیروگرفتی کارەکە کەرکوك بوو.!**

لە هەوەلی ئازاری سالی ١٩٧٠دا چ کارێك سەری نەگرتبوو،بە گوتەی دکتۆر مەحمودعوسمان رێبەرانی بەعس لە هەولی ئەوەدا بوون ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوك وهەموو ناوچە نەوتییەکان لە کوردستان دابڕن.

لێ لە ١٩٧٠/٣/١٠دا،دوای سێ هەیڤان گفت وگۆ ،لە نکاو جەنەرال بارزانی و سەدام حسێن لە قوتابخانە بچووکەکەی ناوپردانـدا پێشنووسی رێکەوتنامەیەکیان کە بە رێکەوتنامەی ((یازدەی ئازاری سالی ١٩٧٠))نێوی دەرکرد،ئیمزا کرد.

**١٠- رێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١:**

مادەی بنەرەتی وسەرەکی ئەم رێکەوتننامە پازدە مادەییە،بێگومان مادەی چواردەمیەتی کە بریتیە لە داننان بە ئۆتۆنۆمی گەلی کورد لە چواچێوەی شارە کوردەکان وهەموو ئەو شوێنانەی کە بەپێی سەرژمێرییەك کە لە ئایندەدا ئەنجام دەدرێ، زۆربەی دانیشتوانیان کوردن)).

باقی خالە گرینگەکانی ڕیکەوتننامەکە بریتین لە قاییل بوون بەوەی کە زمانی کوردی وەکو زمانی رەسمی خوێندن(لەگەل زمانی عەرەبی))دا لەو ناوچانەدا بەکاربێت کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن،دامەزراندنی کوردەکان بەبێ چ جیاوازی کردنێك لە دام ودەزگا حکومەتی و لەشکرییەکاندا،تەرخانکردنی بەشێکی((دادوەرانە))لە داهاتی ئاوەدان کردنەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکان، دامەزراندنی کوردێك بە جێگری سەرەك کۆمار،بەشداری کورد بە گوێرەی رێژەی خۆیان لە عێراقدا،لە ئەنجومەنی یاسا دانان."١٣"

بۆ یەکەمین جار لە پەیمانی سیڤەر بەم لاوەو پاش دەسالان شەڕ کە ناوەناوە ئاگربڕو رێکەوتنی درۆینەی تێدەکەوت،بەشێك لە گەلی کورد ئۆتۆنۆمیان وەرگرت،ئەمجارەیان ئەمە بەلێنێك نەبوو کە دەسەلاتێکی مردەلەی لە حالی گیانەللادا دابێتی،بەلکو قەرارێك بوو کە لە ئەنجامی باس وگفتوگۆی نێوان دەولەتێك وشۆرشی نەتەوەیی کوردەوە هاتبووە دی.

https://t.me/kurdistanbooks

دارا تۆفیق کە بەخۆی یەکێك بوو لە سەرانی بزاڤی کوردی عێراق-چەند رۆژێك دوای هەرەسی یەکجارەکی شۆرشەکەی جەنەراڵ بارزانی-دەربارەی ئەم رێکەوتنامەیە گوتی:رۆژی ١٩٧٠/٣/١١بوو بە خۆشترین رۆژی مێژوی عێراق:لە یازدەی ئازاردا خەڵکی لە هەموو شوێنێکی عێراق بەبێ چ پێشەکیەك لە شادیاندا کەوتنە سەما وهەڵپەرکێ)).

لێ مەخابن ئەمجارەش ئەو ئومێدە گەورەیەی کە لە رێکەوتنی١٩٧٠/٣/١١وە هاتبووە دی،هەرەسی هێناوخۆشی وشادی کوردان تەمەن کورت بوو.

**١١- سەرچاوەو پەراوێزان:**

١-بڕوانە گوتارەکەی لورد کیل براکن،لە سەندەی تایمز، رۆژی ١٩٦٩/٥/١١ بەناوی((هێرشبەران بۆ سەر کۆمپانیای نەوت))کە زۆربەی ئەو زانیاریانەی خوارەوە لەو گوتارە وەرگیراوە.

٢-لەم کاتەدا دەوڵەتی بەریتانیا تەنیا١١/٦٪وئەمەریکا وفەرەنسا٢٣/٥٪وهۆڵەندە٢٥/١٤٪یان هەبوو.

٣-نیۆیۆرك تایمز،١٩٦٩/٣/٣٠ لەم سەردەمەدا دەرامەتی نەوت بە پێی رێسای پەنجا بە پەنجا دابەش دەکرا.

٤- سەندەی تایمز رۆژی ١٩٦٩/٥/١١

٥-عەیبی گەورەی ئەم پەیمانە کە میراتی ((ئیمپرالیزمی بەریتانیا))بوو لە روانگەی شاوە ئەمە بوو کە کەشتیە جەنگیەکان نەیاندەتوانی بەبێ رەزامەندی هەردوولا رەت بن وبەپێی مادەیەکی دی،کە زۆر گرنگ نەبوو،بەڵام هەندێ سوکایەتی تێدا بوو،ئەوەبوو کە کەشتیوانانی هەر کەشتییەك لە شەتاوی عەرەبەوە رەت دەبوو،عێراقی بوو.

٦-بەگوتەی جەنەراڵ عوقەیلی وەزیری جەنگی عارف،لە ئەریك رولۆوە وەرگیراوە،بڕوانە لوموند،ژمارە نۆ مانگی ١٩٦٨/١٠

٧-((نیو یۆرك تایمز))١٩٦٩/٩/١٥

٨-سەرچاوەیەکی نهێنی.

٩-سەدام حسێن لە ساڵی ١٩٣٧دا لە تکریت لە دایك بووە.

١٠-هەڤپەیڤین دەگەڵ دارا تۆفیق دا،دەربەند،شوباتی ١٩٧٥

١١-هەمان شوێن،دەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسماندا.

١٢-ئاژانسی فەرەنسا،لوموند،١٩٧٠,/٢/١٩

١٣-نامەیەك بۆ عیسمەت شەریف وانلی ل٣٤١

**فەسڵی سێزدەیەم :ئاگر بڕی دێژ خایەن** :( ئازاری ١٩٧٠ ئازای ١٩٧٤):

رێکەوتننامەی١٩٧٠/٣/١١نوقوستانییەکی بنەڕەتی هەبوو:دەم‌ودەست جێبەجێ نەکرا.

https://t.me/kurdistanbooks

دیاریکردنی سنوری هەرێمی ئۆتۆنۆمی بەئەنجامدانی سەرژمێریەك سپێردرابوو،کە دەبوایە ئەو ناوچانە دیاری بکات کە زۆربەی دانیشتوانیان کورد بوون:بە پێی یەکێك لە خاڵە نهێنیەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە قرێر بوو ئەو سەرژمێریە لە زەرفی شەش مانگدا ئەنجام بدریێ

لێ،ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١سەبارەت بە ڕێکخستنی بونیادی سیاسی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و چۆنیەتی پەیوەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە دەوڵەتی ناوەندییەوە،بە تەواوی بێدەنگ بوو:بە پێی ماددەیەکی نهێنی دیکەی هەمان ڕێکەوتننامە دەبوایە ئەم مەسەلەیە لە ماوەی ئەوپەڕەکەی چوار ساڵاندا چارەسەر بکرایە!.((لیژنەیەکی باڵا))کە لە سەرەتادا بە سەرۆکایەتی مورتەزا حەدیسی بوو بۆ جێبەجێ کردنی مادە جیاوازەکانی ڕێکەوتننامەکە دامەزرێنرا.

مرۆڤ تێناناگا،کوردەکان کە لە هەموو کەس پتر شارەزاوئاشنای بێ باریودەم دەمییەتی مجێزی سیاسە تی عێراق بوون چۆن بەوە قاییل بوون ڕێکەوتننامەیەك ئیمزابکەن کە سنوورەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی رانەدەگەیاندودیاری نەدەکرد!ئەم هەڵەیە زیاتر لەم ڕووەوە مایەی داخە کە لە بەهاری ساڵی ١٩٧٠دا سەرانی بەغدا بە خۆیان مەجبوری ڕێکەوتن بوونو ئامادەبوون هەموو جۆرە ئیمتیازێکی لە پێناودا بدەن.

ئیبراهیم ئەحمەد کە لە وەزعوحاڵێکی باشترا بوو بۆ تێگەیشتنوهەڵسەنگاندنی ورەی بەعیسەکان،دەڵێ:((بەعسیەکان بە تەواوی ماندوو بووبوون،من ئەمە دەزانم... وبارزانی دەیتوانی زۆر لەمانە پتر داوا بکات))"١"

جەنەراڵ بارزانی پاشان بۆ پاساوی ئەم کارە دەڵێ:(( حکومەت سوور بوو لەسەر ئەم چوار ساڵە! ئەمەی کردبوو بەمەرجی بنەرەتی ڕێکەوتنەکە.ئەگەر بەم ماوەیە قاییل نەبوایەین ڕێکەوتننامەکەی ئیمزا نەدەکرد.... دەیگوت ئەم ماوەیە بۆ ئەوەیە کە فریابکەوێ ناوچەکە ئاوەدان بکاتەوە، سەرژمێری ئەنجام بدات و لەم بابەتە بیانوانە..بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆ لە بەین بردنی بزاڤی کورد بوو،ئەوان دەیانزانی.ئێمەش دەمانزانی. بەڵام لەسەر پێ وئامادە بووین بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانیان لە پێناوی لە بەینبردنی شۆڕشی کورد.وئاشتی بۆ ئێمە لە هەر شتێکی دی گرنگتر بوو))."٢"

**١- سەرەتا و جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکە:**

دوای ئیمزای ڕێکەوتنامەکە کەش وهەوایەکی شادی وخۆشی ئامێزی ئەوتۆ هاتە ئاراوە کەس باوەری نەدەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم ڕێکەوتنامەیە کۆسپ وتەگەرەی تێبکەوێ:سەرانی بەغدایە بەگوێرەی بەڵێنەکانی خۆیان کاریان کرد ، زیندانیانی سیاسیان ئازادکرد وعەفواتیان بۆ هەموو کوردەکان چ عەسکەریو چ ئەهلی دەرکرد،فەرمانبەرانی کورد گەرانەوە سەر کاروفەرمانیان، سێ کەسی کورد بە پارێزگاری هەولێرودهۆكوسلێمانی دامەزرێنرانوپێنج وەزیری کورد خرانە کابینەی حکومەتەوە"٣"

حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق مۆڵەتی وەرگرت کە سەرلەنوێ چالاکی خۆی بکات و ڕۆژنامەی التاخی سەرلەنوێ بەسەرپەرشتی دارا تۆفیق دەرچووەوە.دەوڵەتی عێراق بیست ملێون دیناری(بەرانبەر بە شەش سەد ملێون دۆلار) بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوری عێراق تەرخان کردو

https://t.me/kurdistanbooks

کارەکان بەلەز دەستپێکران.لە ئەنجامدا بەعیسەکان چەکدارە بە کرێگیراوەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیان هەڵوەشاندەوە"٤".

٢- یەکەمین پەڵە هەور:

لە هەیڤی تەموزی ساڵی ١٩٧٠وە واتە لەوکاتەوە کە هەشتەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەلاڵە بەسترا (١-٧٠/٧/١٠) کەیف وخۆشی رەوییەوەو جۆرە نا ئۆمێدیەك جێی گرتبووەوە. وهەڵبژاردنی یەکەمین کورد بۆ جێگری سەرکۆمار کە لە رێکەوتنی یازدەی ئازاردا قرێری لە سەردرابوو،یەکەمین دەمبۆڵەی نێوان کوردوبەعیسان بوو: بەعسیەکان دەیانویست کە کورد جەنەراڵ بارزانی یان بەلای کەمەوە ئیدریسی کوڕی بۆ ئەم پۆستە کاندید بکەن...بەلام کۆنگرەی گەلاڵە سکرتێری گشتی حیزب،واتە حەبیب کەریمی هەڵبژراد.سەرانی بەعس بە بیانووی ئێرانی نەژادبوونی حەبیب کەریمەوە،هەڵبژرادنی ئەویان بە جۆرە((هاندانێك)) دەزانی و لە هەیڤی ئەیلولدا رەفزیان کرد.

بەلام ئەوەی تەگەرەی بنەرەتی خستووەتە بەردەم جێبەجێ کردنی رێکەوتننامەکە،دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمیە.لە هەیڤی ١٩٧٠/١٠دا کاربەدەستانی بەغدا لێدەبڕێن جێبەجێ کردنی ئەو سەرژمێرییەی کە قەراربوو ناکۆکی وجیاوازیەکان-بە تایبەتی چارەنووسی کەرکوك- یەك لایی بکاتەوە،بۆ بەهاری ساڵی١٩٧١دوابخەن.

لە ئاخروئۆخری ساڵدا(١٩٧٠/١٢/١٧) لە هەڵ ومەرجێکی ئاڵۆزدا لە بەغدایە هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی دەدەرێ .

یەکەمین ساڵیادی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١نیشانەی کۆتایی ئەم قۆناغەیە.لە بەغدایەو پاش رێپێوانێك تا مەیدانی ئازادی ،شبل العیثمی یاردەدەری سکرتێری گشتی بەعس ، ومورتەزا الحدیسی سەرۆکی کۆمیتەی ئاشتی وجەنەراڵ عەماشی یاریدەدەری سەرکۆمار، گوتاری پڕ جۆش وخرۆش لە یادی ئەنجامدانی رێکەوتننامەکەدا دەدەن.

عەماش لە گوتەکانی خۆیدا دووپاتی دەکاتەوە کە ئەم رێکەوتننامەیە شتێکی((یەکجارەکییە))وهەر کەسێك بیەوێ کۆسپ بخاتە رێگەی ئەنجامدان وجێبەجێ کردنی((پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ))"٥"

بەلام لە لایەن کوردانەوە، چ کەسایەتیەکی گەورە بۆ بەشداری ئەو خۆپیشاندان ورێپێوانە بۆ بەغدا نەهاتووە،و ساڵح یوسفی وەزیری داد بە ناچاری بەو بۆنەیەوە وتەیەك لەمەڕ((یەکێتیی نەتەوەیی لەسەر بنەمای متمانەکردن بە یەکدی))دەدات.لێ لە راستیدا قسەی دڵی وقسەی زمانی یەك نیە.

پاشان رێبەرانی بەعس لێدەبڕێن، کە سەرژمێریەکە بۆ رۆژگارێکی نادیاردوابخەن ولەسەر بنەمای سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ رێکەتننامەی ١١ی ئازار جێبەجێ بکەن! .

جەنەراڵ بارزانی لە هەڤپەیڤینە فەرمیەکانی خۆیداوبۆ ئەوەی وەزعەکە تێك نەچێت،بە نەرمی قسە دەکات ولە باسی زەرورەتی((رەخساندنی کەش وهەواری دۆستانەومتمانە بەیەکدی )) دەرناچێت.بەلام لە قسەوکۆڕە تایبەتییەکانی خۆیدا توندی پتر نیشاندەدات:((دەساڵان لە ڕای ئۆتۆنۆمیدا خەبتین،ئەگەر پێویست بکات پێنج ساڵیش لە پێناوی کەرکوکدا دەجەنگین))"٦"

٣- قەیرانی ١٩٧١:

https://t.me/kurdistanbooks

لە مانگی ٣-١٩٧١/١١زنجیرە ڕووداوێکی گرنگ وگرنگتر پەیوەندییەکانی نێوان بەغداوجەنەراڵ بارزانی دیاری دەکات:لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەم وەزع وحاڵە لە قۆناغی بێ متمانەییەوە دەگاتە قۆناغی نیمچە بڕینی پەیوەندی.

***مەسەلەی کوردە ئێرانی نەژادەکان لە عێراقدا:***

کاربەدەستانی عێراق چەندین هەیڤ بوو کە سیاسەتی((عەرەباندنی)) ناوچە کوردنشینەکانیان گرتبووە بەرولەم ناوچانەدا،بەتایبەتی لە ناوچە ستراتیژیەکانی وەکو دەوروبەری کەرکوك و ژەنگار ، دەستیان دابووە دروستکرنی موهاجیرنشینانی عەرەبی.

لەلایەکی دییەوە کوردەکانی عێراق خوازیاری ئەوەبوون کە مافی هاوولاٚتییەت بەکوردە((نا عێراقیەکان))بدرێ، کە زۆربەیان لەو کوردە ئێرانیانە بوون کە لە عێراقدا دەژیان.لە مانگی پێنجی ١٩٧١دا مشتومڕێکی توند لەم بارەیەوە دەکەوێتە بەینی ڕۆژنامەی الجمهوریەی ئۆرگانی دەوڵەتی عێراق ورۆژنامەی التاخی.التاخی دەڵێ دەوڵەتی عێراق بەڵێنی داوە کە مافی هاولاٚتییەت بەم کوردانە بدات،کە ژمارەیان ١٠٠٠٠٠ کەسە،الجمهوریە لە وەلاٚمدا داوا لە ڕێبەرانی کورد دەکات قەواڵەو بەڵگەنامەی ئەم بەڵێنە نیشان بدات، لە سەری دەروات ودەڵێ بەهەر حەساوێ بیگری، ژمارەی ئەم کوردانە لە ١٥٠٠٠کەس پترنیە!"٧"

سەرەنجام دەوڵەتی عێراق،بە شێوازی تایبەتی خۆی،بە وەدەرنانی چل هەزار کوردی فەیلی لە هەیڤی ١٩٧١/١٢دا کۆتایی بەم قەرقەشەیە دێنێ.

***ڕووداوەکانی بارزان( ناوەڕاستی تەموزی ١٩٧١):***

لە هەفتەی دووەمی تەموزدا،سەرکردایەتی سوپای عێراق قوەتێکی زۆر لە دەڤەری بارزان خڕ دەکاتەوە:یەك تیپ بە پشتیوانی تۆپخانەوزرێپۆشەوە.بارزانی لە ٧/١١دا سەرانی کورد بەمەبەستی((تاوتوێ کرنی وەزعەکە))بانگدەکات.بەلاٚم سەرەك حەسەن ئەلبکر بەخۆی تێدەکەوێ و هەوڵ دەدات وەزعەکە ئارام بکاتەوە،بۆیە بارگرژییەکە بە خێرایی دادەمرکێتەوە:لە ڕاستیدا شەڕ لە ئانوساتا بووکە جڵەوی هەڵگیرسانەوەی دەگیرێت.

***هەوڵی تیرۆر کردنی بارزانی (١٩٧١/٩/٢٩):***

بەلاٚم بێ چەندوچۆن ئەوەی بووە سەرەتای دوورکەوتنەوەی بارزانی لە سەرانی بەغدا،ئەو هەوڵە تیرۆرکاریەیە کە لە ٩/٢٩دا دەرهەق بە خودی ئەودەکرێ کە بارزانی بە شێوەیەکی پەرجووئاسا لێی دەخەلەسێ.نۆ مەلابە بیانووی هەمووارکردنی کاری نزیکخستنەوەی دەوڵەتی ناوەندیو کوردان ،بە دوو ئۆتۆمبێل لە بەغداوە دێنە دیدەنی بارزانی.لە بەغدایە((چەند میکرۆفۆنێکیان)) بە مەبەستی تۆمارکرنی قسەکانیان دەگەڵ بارزانیدا وێدەدەن تا لەبەر پشتێنەکانیاندا وەیشێرن. بەلاٚم لە ڕاستیدا ئەوەی خستبویانە بەر پشتێنەکانیان دینامێت بوو، کە یەکێك لە شۆفێرکان لە دوورەوە تەقاندیەوە.هەموومەلاکان کوژران،جەنەراڵ بارزانی بەهۆی یەکێك لە گاردەکانیەوە کە لەوکاتەدا فنجانێك قاوەی بۆ دادەنا وبەردەمی گرتبوو،لەمەرگ دەربازبوو.دکتۆر مەحمود عوسمانیش کە لەم کۆبوونەوەیە بەشداربوو لە خەتەر خەلەسی.

ئەمە بەلای کەمەوە ئەو شتەیە کە کوردەکان چەند هەیڤ لەوەدوا لەکاتی پێشاندانی ئەو ژوور یان((هۆڵەی)) کە بارزانی لە حاجی ئۆمەران،عادەتەن پێشوازی میوانانی خۆی تیا دەکرد بۆ خەڵکی و میوانانیان دەگێرایەوە:هێشتا شوێنەواری تەقینەوەیەکی توند لە نێو ئەم هۆلەدا بەرچاو

https://t.me/kurdistanbooks

دەکەوت، وریێنویێنەکان هەندێ پارچەی خوێناوی جلو بەرگیان،کە بەبن میچەکەوە نووسا بوو ، پیشانی بینەران دەدا.

بەڵی،پاش شەرەتەقەیەکی کەم شۆفێرەکان کوژران،کوردەکان برێ دینامیتیان کە لە ئۆتۆمبێلەکاندا قایم کرابوو،دۆزییەوە.

جەنەراڵ حەسەن البکری سەرکۆمار دەمودەست بروسکەیەکی بۆ جەنەراڵ بارزانی ناردو پیرۆزبایی ئەوەی لێکرد کە بەسەلامەتی لەو رووداوە دەرچووە.لێ بارزانی دڵنیابوو کە ئەم تیرۆرکاییە کاری رێبەرانی بەعس بووە.هەڵبەتە بەغدا حاشای لەوە کرد کە بە هیچ جۆرێ دەستی لەم کارەدا بووبێ،لێ لە مانگی ١٩٧٣/٧دا، پاش تێکشکانی ((پیلانەکە))ی نازم گزاری بەرێوەبەری گشتی دەزگای ئەمنی عێراق،رێبەرانی بەغدایە بە شێوەیەکی نیمچە رەسمی گوتیان کە ئەو تیرۆرکاریەکەی رێکخستووە....بێ ئەوەی دیاری بکەن کە دەستوری سازدانی کارەکە کێ دابووی .

پاش ئەم رووداوە ئیدی جەنەراڵ بارزانی باوەری بە مەسەلەی ((تازە کردنەوەی متمانە)) یان ((دانوستان)) نامێنێ.لەمە بەدواوە ئیدی نەك لە بەغدا،بەڵکو لە تاران وواشنگتۆندا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد دەگەرێ.کە لە ناوەراستی هەیڤی١٩٧٣/١١دا سەرەك حەسەن ئەلبکر پیشنیازی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان وهەموو(( هێزێن نەتەوەیی ونیشتیمانپەروەرو پێشکەوتنخوان)) کرد کە لە((یەك بەرەدا)) کۆ ببنەوە ،جەنەراڵ بارزانی ئەم پێشنیازەی رەتکردەوەوگوتی ناتوانێ ((متمانە بە کەسانێك بکات کە لە هەر رەوشتێك بەدەرن.دەردی کارەکە لەمەدایە کە ئەمانە خاوەنی قسەی خۆی نین!))

### ٤- شای ئێران و رێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١:

ئەگەرچی نووکە ناتوانرێ ئەوە دیاری بکرێ کە جەنەراڵ بارزانی کەنگێ سەرلەنوێ پەیوەندی بە شای ئێرانەوە کردەوە،لێ گومان لەوەدا نیە کە پاش ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ١٩٧٠/٣/١١ بە تەواوی پەیوەندی دەگەڵ شادا برا.

یەکێك لەو کەسانەی کە لەو زەمانەدا لە بەینی ئەو وشادا بوو،دەڵێ :((شا تورە بوو)) رێکەوتنی نێوان کوردان وبەعسیان لە راستیدا بۆ شای ئێران بەومانایە بوو کە عێراق بە توانایەکی زیاتر لە هەر زەمانێکی دی لە شەر دەربازبووەو ئەمەش هەرەشە لە دەسەلات و بالادەستی ئەو لە هەموو ناوچەی کەنداودا دەکات. ئەم رێکەوتنە بەمانای سەرهەڵدانی دەمودەستی شۆرش بوو لە کوردستانی ئێراندا،ئەو شۆرشەی کە ئیدی جەنەراڵ بارزانی مەجبور نەبوو رێی لێبگرێ.

لێ کاتێ نوێنەرانی شا دێن ولە بارزانی دەپرسن:((ئایا دەیەوێ ببێ بە عەرەب؟!))بارزانی کە پێشتر رایگەیاندبوو هەرگیز لەگەڵ بەعسدا ریك ناکەوێ،وەلامی دایەوە:((شەرمەندەم ،لێ تەنانەت منداڵەکانیشم پێم دەڵێن:(( ئێستا کە ئۆتۆنۆمیمان هەیە ئیدی بۆچی دەجەنگین؟))

### ٥- دوا میانچیاتی سۆڤیەت :

لە گینە،دوای ئیمزای پەیمانی عێراق وسۆڤیەت (١٩٧٣/٤/٨) کە شای ئێران لە بوونی دەسەلاتی شۆڤیەت لە ناوچەکە نیگەران بووە، سەر لەنوێ پەیوەندی دەگەڵ بارزانیدا کردبێتەوە .

https://t.me/kurdistanbooks

له حه‌قیقه‌تدا جه‌نه‌راڵ بارزانی له هه‌یڤی دوودا،له ناوپردان پێشوازی له شاندێكی روسی به‌سه‌رۆكایه‌تی (ئیم.رۆمانسیڤ)ی ئه‌ندامی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی حیزبی كۆمونیستی سۆڤیه‌تی كردبوو.له‌م دیداره‌دا كه له كه‌شوهه‌وایه‌كی زۆر دۆستانه‌دا كرا،سۆڤیه‌تیه‌كان داوایان له جه‌نه‌راڵ بارزانی كرد،كه رابردوو ژێربه‌رێ‌ولاپه‌ره‌یه‌كی تازه بۆ په‌یوه‌ندیه‌كانی ده‌گه‌ڵ به‌غدادا بكاته‌وه .

جه‌نه‌راڵ بارزانی كه به‌چاكی به زمانی رووسی قسان ده‌كات به هه‌مان راشكاوی خۆی وه‌لامی دایه‌وه:((سه‌دام حوسێن سه‌رپا به گو له‌وتاوه! بۆیه یارمه‌تی ئێوه‌ی ده‌وێ، تا خۆی پاك وخاوێن بكاته‌وه.ئه‌گه‌ر ده‌تانه‌وێ كۆمه‌كی پێبكه‌ن،ئه‌وا بۆ ئه‌م كاره پێ مه‌خه‌نه سه‌رشانی میلله‌تی كورد ، وه‌كو تایوان!((ئه‌و ده‌مه نیكسۆن له په‌كین بوو)).

بارزانی داوای له سۆڤیه‌تیه‌كان كرد كه به‌رله به‌ستنی هه‌ر جۆره په‌یمانێك ده‌گه‌ڵ رژێمی به‌عسدا ، راوێژو ته‌گبیر ده‌گه‌ڵ هه‌موو رێكخراوه سیاسییه‌كانی عێراقدا بكه‌ن.

دوای چه‌ند هه‌فته‌یه‌ك كاسیگین به ره‌سمی سه‌فه‌ری عێراقی كردوله رێگه‌ی رادیۆه بوو كه رێبه‌رانی كورد به به‌ستنی په‌یمانی دۆستایه‌تی عێراق‌وسۆڤیه‌تیان زانی. محه‌مه‌د مه‌حمود عه‌بدوره‌حمان(سامی)ی ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی حیزبی دیموكرات‌و وه‌زیری كاروباری باكور ، به‌فه‌رمانی بارزانی داوای له كاسیگین كرد كه بیدێنێ‌ویاداشتنامه‌یه‌كی له‌مه‌ڕ وه‌زع‌وحاڵی وه‌خت،به كاسیگین دا. كاسیگین قه‌وڵی دایێ كه ده‌گه‌ڵ رێبه‌رانی عێراقدا مه‌سه‌له‌ی كورد باس بكات،داوای له كورده‌كان كرد كه شاندێك به سه‌رۆكایه‌تی حه‌بیب كه‌ریمی سكرتێری گشتی حیزب بۆ یه‌كێتیی شۆڤیه‌ت بنێرن.

لێ كاسیگین،له گفتوگۆكانیا ده‌گه‌ڵ كاربه‌ده‌ستانی عێراقدا،مه‌سه‌له‌ی كوردی باس نه‌كردو سه‌فه‌ری شاندی كوردیش بۆ سۆڤیه‌ت به گوته‌ی كورده‌كان،به‌هۆی((بارودۆخ))ی عێراقه‌وه بۆ ئاینده‌یه‌كی نادیار دواخرا.

له راستیدا،پاش نائومێد بوون له سۆڤیه‌ت ئیدی چ كه‌س و چ شوێنێك نه‌مابوو كه كورده‌كان رووی تێبكه‌ن.جگه له شای ئێران‌و ولاته‌یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكا! .

### ٦- رێكه‌وتن ده‌گه‌ڵ(سیا- CIA)و شا دا:

به‌لای كورده‌كانه‌وه به‌رژه‌وه‌ندی دوولایه‌نه‌ی له‌مه باشتر نه‌بوو:ئێران به نیگه‌رانییه‌وه ده‌یبینی یه‌كێتیی سۆڤیه‌ت په‌یمانی دۆستایه‌تی ده‌گه‌ڵ عێراقدا به‌ستووه:شاهه‌نشا كه بۆ خۆی له باكوره‌وه سنوورێكی دورودرێژی ده‌گه‌ڵ سۆڤیه‌تدا هه‌بوو،ئێستاش له‌پرێكا ده‌یبینی كه سۆڤیه‌ته‌كان له قوڵی رۆژاواوه،واته له عێراقدا جێ پێیه‌كیان دۆزیوه‌ته‌وه‌و پێگه‌یه‌كیان له كه‌نداو ی فارسدا- ئه‌م شاده‌ماری ژیانه‌ی ئێران- به ده‌ست هیناوه"١١".

ئه‌مریكاییه‌كان كه كاندیدی گرتنه‌وه‌ی جێی ئینگلیزه‌كان بوون له كه‌نداوی فارسدا"١٢"،بۆ لاواز كردنی رژێمی به‌غدا هه‌مان ئه‌نگێزه‌وپاساویان هه‌بوو، به‌لام بۆ پشتیوانی بزوتنه‌وه‌یه‌كی دژ به عێراق ،هۆ وفاكته‌روپاساوی تایبه‌تی دیكه‌ش هه‌بوو:كورده‌كان به به‌ستنه‌وه‌ی به‌شێكی گه‌وره‌ی سوپای عێراق له كۆساره‌كانی باكوردا،ده‌یانكرده كارێك كه عێراق نه‌توانێ به‌شداری له كێشمه كێشی عه‌ره‌ب‌وئیسرائیلدا بكات.

https://t.me/kurdistanbooks

جگە لەو تۆزە زانیارییەی کە دزەی کردبوو، کردبویە کارێك کە گۆڤاری((دەنگی گوند))بتوانێ ((راپۆری پایك))لەمەڕ چالاکی وچەلەنگیەکانی(سیا)"١٣"بڵاوبکاتەوە،ئیدی چ شتێك لەمەڕ دەستی (سیا) لە رەوتی شۆڕشی کورداندا نەزانراوە،ئەمە یەکێکە لەو کارە هەرە نهێنیانەی کە ((سیا)) سازی داوە.

لە راستیدا ((سیا)) پێشتر، واتە پێش ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ٣/١١/ ١٩٧٠لە بەرنامەیدا بوو کە لە شەڕی دووەمی بەعسیاندا دژی کورد،کۆمەکی جەنەراڵ بارزانی بکات.بەڵام ناچار بوو لە بەردەم گوشاری سەفیری وەختی ئەمەریکا لە تاران کە دژی هەر جۆرە تەدەخولێکی ئەمەریکا بوو کە ببێتە مایەی(( بەردەوام بوونی شۆڕشی کورد و کەڵکەڵەی جیابوونەوەیان لە لا دروست بکات و ئەگەری دەرفەت بۆ سۆڤیەتیەکان برەخسێنێ کە سەریەشەودژواری بۆ((باقی هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا))"١٤"دروست بکات،چاو لە بەرنامەی کۆمەکی کوردان بپۆشێت.

((سیا)) لە هەیڤی ١٩٧١/٨ومانگی ١٩٧٢/٥دا لە نوێ دەست بەکاردەبیتەوە.بەڵام پێشنیازەکەی سیاجارێکی دی،پاش لێکۆڵینەوەی دۆسیەی کارەکە،لەلایەن دکتۆرهێنری کیسنجەر، شیرەتکاری نیکسۆن لە کاروباری ئاسایشی نەتەوەییدا رەتدەکرێتەوە.

پاش مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی نێوان عێراق وسۆڤیەت،کیسنجەر رای گۆڕی،وسەرەك نیکسۆن پاش دیدارێکی((تایبەتی))دەگەڵ شادا- لە ٣٠ یان ١٩٧٢/٥/٣١ لێبڕا نەخشەکەی ((سیا))پەسند بکات،ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی جەنەراڵ بارزانی بتوانێ لە ماوەی هەیڤی ١٩٧٣/٨ وە تا ساڵی ١٩٧٥ سوود لە کۆمەکی شازدە ملیۆن دۆلاری ئەمەریکا وەربگرێ.

چەند هەفتەیەك پێشتر شا لە دیدارێکی تایبەتیدا"١٥" دەگەڵ بارزانیدا ئاشت بووەوەو کۆمەکێکی وەهای کوردەکانی کرد کە ١٦ ملیۆن دۆلارەکەی سیا لە چاویا((زۆر کەم))بوو.

لێ بارزانی هەرگیز باوەری بە شا نەبوو ولە نیازومەبەستەکانی بە گومان بوو- لێ هاتنە پیشەوەی (سیا)لای ئەو جۆرە(زامنێك) بوو: بەرای ئەو هاتنە پێشەوەی ئەمەریکا رێگەی لەوە دەگرت کە شا ئەمرۆ دەگەڵی بێ و سبەینێ دەستی لێبەربدات.

لە راستیدا جەنەراڵ بارزانی بۆ بەدبەختی خۆی وبێ بەختی میللەتی کورد وای بیردەکردەوە کە یارمەتی وەرگرتن لە سیا بە مانای دان پێدانانێکی نیمچە رەسمیە بە شۆڕشی کوردا لەلایەن دەوڵەتی ئەمەریکاوە-کەوا نەبوو.

تەنیا سێ چوار کەس لە رێبەرانی کورد پەیوەندییان دەگەڵ نوێنەرانی((سیا))دا هەبوو: کوڕانی بارزانی،واتا ئیدریس ومەسعود،سامی(محەمەد مەحمود عەبدورەحمان) ئیدریس ومەسعود ئەزموونێکیان لەبواری دیبلۆماسیدا نەبوو،وتەنیا سامی بوو کە لەوەی ئاگادار کردەوە کە بە پێی پێناسە دەوڵەتیەکان ئەمەریکا مەسئولیەتی چالاکیەکانی دەزگایەکی زانیاری وەکو سیا هەڵناگرێتوپابەندی نابێ.

بەڵام بارزانی کوێرانە متمانەی بە ئەمەریکا هەبوو- (( متمانەی بە هیچ زلهێزێکی دیکە نەبوو)) بارزانی بەخۆی ئەمەی بە زۆربەی ئەو ئەمەریکاییانە گوتبوو کە گفتوگۆیان لەگەڵیدا بووبوو، گوتبووی کە((ئەگەر شۆڕش سەربکەوێ ئامادەیە ببێ بە ویلایەتی پەنجاو یەکەمینی ئەمەریکا))"١٧"

https://t.me/kurdistanbooks

جا لێرەدایە کە مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ:تۆ بڵێی جەنەراڵ بارزانی لە دیداریدا دەگەڵ هنری کسینجەردا وادە وبەڵێنی رەسمی تری وەنەگرتبێ ؟
جەنەراڵ بارزانی،زۆر ستایشی وەزیری دەرەوەی ئایندەی ئەمەریکای دەکرد ، تەنانەت جارێ سێ ئۆرتەی بە دیاری دایێ وکە ژنیشی هێنا گەردانەیەکی زێڕومرواری بە دیاری دایە هاوسەرەکەی"١٨" لە حاڵێکدا کە هیچ پێویستییەك بە پیشکەشکردنی ئەو جۆرە دیاریانە بە ئەو یان بە سەرەك نیسکون یان وەزیری دەرەوە، ویلیام رۆجرز نەبوو"١٩" .
بە گوێرەی هەواڵی رادیۆی((دەنگی کوردستان)) بارزانی لە هەیڤی ١٩٧٤/١٠جارێکی دیولە تاراندا دیداری دەگەڵ کیسنجەردا کرد"٢٠"،لەم کەین وبەینەدا بارزانی لە حەقیقەتدا بوو بە قوربانییەکی((میکا ڤیلیزم))ی شیرەتکارەکەی سەرۆك نیکسۆن.

٧- تێکچونی پەیوەندییەکانی بارزانی و بەغدایە :

لەسەر داوای شا،سەرۆك نیکسۆن وکیسنجەر نهێنیکارەیەکی زۆریان کرد کە پەیوەندی بارزانی و ئەمریکییەکان دزە نەکاو نەچێتە دەرێ: سەرەك نیکسون لە ناوەراستی تەمووزی ساڵی ١٩٧٢دا ، جۆن کونالیی کۆنە وەزیری دارایی خۆی بۆ تاران نارد تا شا ئاگادار بکاتەوە کە ئەمریکا لێبڕاوە نەخشەکەی (سیا) پەسند بکات.وەزارەتی دەرەوە کە دژی ئەم کارە بوو،پێدەچێت لە پرۆسەکەدا نەبووبێ."٢١"
شای ئێرانیش زۆر بە پارێزەوە پەیوەندی دەگەڵ بارزانیدا دەکرد.ئەو سەردەمە لە ئێراندا کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی – سەر بە ئەمەریکا نەبوو. بەڵام وێڕای ئەم هەموو نهێنیکاریە سەرانی بەغدا هەرزوو بۆنی هەندێ شتیان کرد،ولە ئاخروئۆخری تەمووزی ساڵی ١٩٧٢دا رۆژنامە الثورةی ئۆرگانی بەعسی بەغدا،بارزانی بەوە تاوانبار کرد کە چەکی قورس ورادیۆیەکی تازەی لە ئێران وەرگرتووە،چەندین ئۆردوگای لە ئێراندا کردۆتەوە بۆ مەشقدادانی ئەو هێزە کوردانەی کە (( پرۆپاگەندەی روخانی حکومەت و دەسەڵاتی نیشتیمانی بڵادەکەنەوە))."٢٢"
کوردەکان هێشتا پێنج (٥) وەزیریان لە کابینەی حکومەتدا هەبوو،بەڵام پاش هەوڵێکی دیکەی تیرۆرکاریانە دژی جەنەراڵ بارزانی لە ١٩٧٢/٧/١٥دا"٢٣" هەرچەندە کۆمەڵێك نامەویاداشتنامە لەو بارەیەوە لە نێوان هەردووك لادا گۆڕدرایەوە،پەیوەندییەکان بە عەمەلی پچڕان.
لە ١٩٧٢/٧/٣١دا مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان یاداشتنامەیەکی یازدە خاڵی بە بەعس دەداو لەو یاداشتنامەیەدا((کاربەدەستانی باڵای وەزارتی ناوخۆو بەرێوەبەرایەتی ئەمنی عێراق))بەوە تاوانباردەکات کە ئەوان هەردوو هەوڵەکەی تیروری بارزانیان سازداوە، دووپاتی دەکاتەوە کە لە رێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١ بەملاوە هەرگیز بەینی حیزبی دیموکرات و بەعس ئەوەندە خراپ نەبووەو رایدەگەیەنێ کە وەزع وحاڵەکە((لە تەقینەوەدایە))وئەگەر سەرانی عێراق (کە مەکتەبی سیاسی حیزب بەوەی تاوانبارکردون کە سیاسەتێکی فزونکاریان گرتۆتەبەر) رێبازێکی جیاواز لە رابردوو نەگرنەبەر،ئەوا حیزب ناچارە((بەرەڤانی بکات))"٢٤"
پاش ئاڵوگۆڕی زنجیرە یاداشتنامەیەکی((نهێنی)) لە نێوان کاربەدەستانی بەعس (١٩٧٢/٩/٢٣) وحیزبی دیموکراتی کوردستان(١٩٧٣/١٠/٢٨)شەڕەکە ئاشکرادەبێت و رۆژنامەی الثورة(ئەندامانی باڵای) حیزبی دیموکراتی کوردستان بەوە تاوانبار دەکات کە((زانیاری سوپایی لەمەڕ سوپای

https://t.me/kurdistanbooks

عێراق دەدەن بە کاربەدەستانی ئێرانی وئەفسەرێکی پێناوی(رابیت)ئیسرائیلی))ولەسەری دەڕوات کە پەیوەندی بەینی((شۆڕشی چەکدارانەی کورد وسەرانی کۆنەپەرستی ئێران تەگەرەی هەرە جددیە لە ڕێی یەکێتیی هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەعسدا))"٢٥"

### ٨- فشە ئاشتی ساڵی ١٩٧٣:

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٣دا عێراق بە عەمەلی بووە بە دوو لەتەوە: سنورێکی نادیار ((کوردستانی ئازاد))(کوردستانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگەکانی جەنەراڵ بارزانی)بە کردەوە لە بەشەکانی دیکەی ولات جیادەکاتەوە،ئەگەر کەسێك بیەوێ وبتوانێ لە بەغداوە بۆ کوردستان بڕوات،بە درێژایی رێگەی کەرکوك وهەولێر توشی چەندین بازگەوخاڵی پشکنین دەبێت وداوای ناسنامەی لێدەکرێ وئۆتۆمبێلیان تەفتیش دەکرێن.پارێزگاری هەولێر کوردێکە بە نێوی عەبدولوەهاب ئەتروشی کە لە ساڵی ١٩٦٢وە پەیوەندی بە بارزانیەوە کردووە،بەلام دەسەلاتی بەسەر((دەزگای ئەمنی))ناوچەکەدا هێندە کارتۆنی وڕواڵەتیە کە حسێن شیروانی سەرۆکی پۆلیسی هەولێر، کە ئەویش کورد بوو، بە رۆژی روناك لە شاری بەغدا رفێنراو لە سەرەتای ١٩٧٣دا جەنازەکەی بە شێواوی درایەوە بە کەسوکارەکەی.

بەینی بەغداوجەنەراڵ بارزانی هەرگیز هێندە خراپ نەبووە،وەکو حەبیب کەریمی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات دەڵێ پەیوەندی بەینی حیزبی دیموکرات وبەعس کە بە درێژایی ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام روو لە خراپی بوو،سەرەنجام(( گەییە سفر)). "٢٦"بەڕای سەرانی حیزبی دیموکرات،مەبەستی سەرەکی سەدام حسێن ((کوشتنی بارزانی وجێبەجێ کردنی بەیاننامەی ١٩٧٠/٣/١١ بوو لەگەڵ تاقمێکدا کە بە دڵی بەعس بن)) کوردەکان هەمووساتێ چاوەنۆری هێرشی سوپایی عێراقن،لێ هێشتا گفتوگۆ نەبراوە.

عەبدولخالق سامەڕایی تیوریسێنی بەعسی عێراق بۆ چارەسەری ئەم قەیرانەی کە کەوتبووە بەینی هەردوولا ومتمانەیانی بەیەکدی لەق کردبوو،بۆ سڕینەوەی بەدگومانی((ئەو کەسانەی کە وا دەزانن سەدام حسێن لە پشت کەسانێکەوەیە کە دەیانەوێ حوکم ودەسەلاتی بارزانی لە بەین بەرن)) پێشنیاز دەکات کە دیدارێك لە نێوان سەراندا ئەنجامبدرێت ویەکێك لە کوڕانی بارزانی بە مەبەستی زەمینە خۆشکردن بۆ سەفەری سەدام بۆ ناوپردان،بچێتە بەغدا .

هەڵبەتە پاش ئەو هەوڵەی کە لە هەیڤی ١٩٧٠/١٢ولە بەغدایە بۆ تیرۆرکردنی ئیدریس درا، ناردنەوەی ئەو بۆ بەغدایە لە ئارادا نەبوو،بۆیە ئەمجارەیان مەسعود دەڕوات تا زەمینە بۆ سەفەرەکەی سەدام خۆش بکات. "٢٧"

لە کوردستاندا چ شتێك لەمەڕ رێکەوتنی نێوان بارزانی وئێران وسیا دزە ناکات، بەلام لە ناو مەکتەبی سیاسی وکۆمیتەی ناوەندی حیزبدا جۆرە جوداییەك بەرچاودەکەوێ:ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەم دوو ئۆرگانە- کە پێدەچێ چ شتێکیان لەم بارەیەوە نەزانیبێ- هێشتا پێیان وابوو کە دەکرێ لە رێگەی دانوستانەوە بگەنە چارەسەرێك،کەچی هێندێکی دی (لەوانە دکتۆر مەحمود عوسمان) بە هیچ جۆرێ لەگەڵ سازشدا نەبوون .

لە ناوەراستی هەیڤی١٩٧٣/٦دا جەنەراڵ بارزانی هەڤپەیڤینێکی سەیردەگەل پەیامنێری واشنگتۆن پۆستدا ئەنجام دەداولەو هەڤپەیڤینەدا داوا لە ئەمریکا دەکات((بە شێوەیەکی سیاسی ئینسانی،یان

https://t.me/kurdistanbooks

سوپایی ئاشکرا یان نهێنی)) پارێزگاری لە گەلی کورد بکات!لەم هەڤپەیڤینەدا بارزانی لەسەری دەروات:((ئێمە ئامادەین ئەگەر ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەم گۆڕگانەمان بپارێزێ وپشتیوانیمان بکات ئەوا لەم دەڤەرەدا بە گوێرەی سیاسەتی ئەو کار دەکەین.ئەگەر بە باشی پشتیوانیمان لێبکرێ دەتوانین ناوچە نەوتیەکانی کەرکوك بخەینە ژێر دەستی خۆمان و ئیمتیازی نەوتەکە بدەین بە کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان.ئەم دەڤەرە هی ئێمەیە،ئەم خۆماڵی کردنی نەوتە(خۆماڵی کرنی(( کۆمپانیای نەوتی عێراق)) لە ١٩٧٢/٦/١دا) کارێك بوو کە دژی ئێمەی کورد کرا.))!

جەنەراڵ بارزانی لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت کە ئامادەیە هاوکاری وکۆمەکی ئەمەریکا((لە رێگەی ئێران یان ئیسرائیلەوە وەربگرێ.بەلام هەڵبەتە کۆمەکی راستەخۆ بێ باشترە))"٢٨"

دیارە ئیدی باسی سەفەری مەسعود بۆ بەغدایەو دیداری سەران،باسێکی زیادو بێهودە بوو.

**٩- بەرەی نیشتیمانی (١٩٧٣/٧):**

دامەزراندی((بەرەی نیشتیمانی)) لە ١٩٧٣/٧/١٧دا کە تەنیا بریتی بوو لە حیزبی بەعس و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، دوای ئەوەی کە پارتی نەچووە ناوی،خۆی لە خۆیدا قۆناغێکی تازەی تێکچوونی یەکجارەکی پەیوەندییەکانی بەینی بارزانی وبەغدایە.

کوردەکان لە یاداشتنامەیەکدا مەرجەکانی خۆیان بۆ چوونە نێو بەرەی نیشتیمانی دیاری کرد کە بریتی بوون لە:

- رێکەوتنەکەی جاران لەمەڕ ئۆتۆنۆمی .
- رێکەوتنەکەی جاران لەمەڕ شێوازی دیارکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی .
- دانی رۆڵی ڕاستەقینە لە بەرێوەبردنی کاروباراندا بە هەموو حیزبە بەشدارەکانی ناو بەرەی نیشتیمانی(حیزبی کۆمونیستی عێراق و حیزبی دیموکراتی کوردستان)تادامودەزگای حکومەت بە تەنێ لەدەستی بەعسدا نە بێ .

-وسەرەنجام، بە مەبەستی گێرانەوەی دیموکراسیەتی راستەقینە بۆ ولات،ریفراندۆمی ئازاد و گشتی،لەماوەی ئەوپەڕی ساڵێکدا دوای پەیوەندی کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەرەی نیشتیمانییەوە ئەنجام بدرێ .

دکتۆر مەحمود عوسمان هەست وبۆچونی کوردان لەمەڕ بەرەی نیشتیمانی ناڤبری بەم شێوەیە بە روونی دەردەبڕێ:(( سێ ساڵ و نیوە لە حکومەتدا بەشدارین وچ شتێك ئەنجام نەدراوە.بۆیە ئێمە ناتوانین بچینە ریزی رێکخراوێکی تازەوە))"٢٩"

بەلام دامەزراندنی بەرەی نیشتیمانی بۆ کوردەکان ئاقیبەت وئەنجامی گرنگی هەبوو: پەیوەندیان دەگەڵ کۆمونیستەکاندا دەپچڕێ.چەند مانگێك لەوە دوا پەیوەندی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان وحیزبی کومونیستی عێراق بە رادەیەك تێك دەچێت و دەشێوێ کە شەڕو پێکادانی چەکدارانە لە نێوان کۆمونیستە کوردەکان وپارتیەکاندا روو دەدات.لەمە بە دواوە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەواوەتی گۆشەگیر دەبێت.

https://t.me/kurdistanbooks

**١٠- جەنەراڵ بارزانی وشەڕی عەرەبو ئیسرائیل (١٩٧٣/١٠):**

میسریوسورییەکان لە (١٩٧٣/١٠/٦)هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل وئەمە بووە مایەی ئەوەی بۆ شەش مانگێك هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستاندا دوابکەوێ: بەلای کەمەوە ئەمە بیرو بۆچوونی سەرانی کورد بوو، کە باوەڕیان وابوو ئەگەر شەڕی ئیسرائیل نەبوایە ئەوا سەرانی بەغدا هەڵبژاردەترین لەشکری خۆیان بۆ سەر کوردستان دەنارد"٣٠" .

لە ١٩٧٣/٩/١٨بەملاوە،ژمارەی شەڕەکانی سەرانسەری کوردستان زیادی کردبوو، دوو فەوجی سوپای عێراق لە ئەلقوش وشێخاندا هێرشیان کردبووە سەر هێزی پێشمەرگەو لە ١٩٧٣/١٠/١٣ دا سوپای عێراق هێرشی کردبووە سەر هێزەکانی جەنەراڵ بارزانی لە((دەربەندیخان))ی رۆژهەڵاتی کوردستان ولەوێندەر دەریان پەڕاندبوون وپاشان ئەو شوێنەیان چۆڵ کردبووەوە.

داوا لە مەکتەبی سیاسی حیزب کرا کە کۆبوونەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکە بکات، کە شەڕی رەمەزان دەستی پێکرد:جەنەراڵ بارزانی دەمودەس((کارتی هاوبەستەگی دەگەڵ وڵاتانی عەرەبدا دژی ئیسرائیل خستە کار))و فەرمانی بە هەموو هێزەکانی خۆی دا کە خۆ لەشەڕی سوپای عێراق دووربگرنو لە رێگەی عەزیز شەریفی وەزیری راوێژکارو براوەی خەڵاتی ئاشتی لینینەوە نامەیەکی بۆ جەنەراڵ حەسەن ئەلبکر نارد وپێشنیازی کرد( دان وستانێك) ئەنجام بدرێو رایگەیاند کە ئامادەیە بۆئەو مەبەستە شاندێك بۆ بەغدا بنێرێ یان پێشوازی هەر شاندێك بکات کە بەغدا بیەوێ بۆ نك وی بنێرێ"٣١".

بەڵام سەرۆك بەکر چ وەڵامێکی ئەم پێشنیازەی نەدایەوە.

لێ لە راستیدا، جەنەراڵ بارزانی لە هەمانکاتدا کە دوو دیبلۆماتکاری سۆڤیەتی بۆ دیداری ئەو چووبوونە حاجی ئۆمەران تا داوای لێبکەن چ چەرمەسەرییەك بۆ عێراق چێنەکات، لە ١٠/١٥دا لە نامەیەکدا کە زانیارییەکی دروست لەمەڕ نێوەرۆکەکەی لەدەستدا نیە،پرسیاری لە کیسنجەر کرد چۆنە هێرشێکی سەرانسەری بکاتە سەر سەنگەرەکانی سوپای عێراق!

بەڵام وەکو لە((راپۆری پایك))دا بە دیاردەکەوێ سەرۆك نیکسۆنش وەکو کیسنجەرو-شای ئێران زیاد لە هەر شتێك حەزی دەکرد ئەو بارودۆخ و رەوشەی هەیە وەکو خۆی بمێنێوئەم وەرەمە شێرپەنجەییە لە((جەستە عێراق))دا بمێنێ تا قورتمی رژێم بگرێ،وهیچ یەکێك لەوانە خوازیاری سەرکەوتنی کوردەکان و بە دەستهێنانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە نەبوو"٣٢".

کیسنجەر لە ١٩٧٣/١٠/١٦دا،واتە نۆ رۆژ دوای دەستپێکردنی شەڕی عەرەبوجولەکە، دەستوری دا کە وەڵامی بارزانی بدەنەوەو بڵێن کە ئەو(کیسنجەر)ئەو هێرشە سەرتاسەریەی کە بارزانی پێشنیازی کردوە بە مەسڵەحەت نازانێ،لە حالێکدا بەگوتەی ئامادەکارانی((راپۆری پایك)) ئەگەر ئەو هێرشە بکرایە ئەگەری هەر جۆرە سەرکەوتنێکی هەبوو.

**١١- پرۆژە و پێشنیازی پەیوەست بە دەستوری بنەڕەتی:**

ئەگەر شەڕی جولەکەوعەرەب هەڵنەگیرسابایە،ئەوا سوپای عێراق بە هەموو ئەگەرێك لەسەرەتای هەیڤی ١٩٧٣/١٠دا هێرشی دەکردە سەر کوردەکان.

ئەگەر کیسنجەر بە مەسڵەحەتی زانیبا ورازی بوایە،بێگومان بارزانی پاش چەند رۆژێك لە هەڵگیرسانی شەڕی عەرەب وجولەکە ،هێزی پێشمەرگەی وەگەڕدەخست وپەلاماری سەنگەرەکانی

https://t.me/kurdistanbooks

سوپای عێرقی دەدا.بەهەرحاڵ لە مەسەلەی ئۆتۆنۆمیدا بەڵێنی ئەوە درابوو کە کوردەکان بۆیان هەیە زانستگەیەك بە زمانی کوردی بکەنەوە.

بەلاَم وێڕای هەموو ئەمانە دەبیّ ئەوە بگوتریّ کە ئەو پڕۆژەیەی کە پارتی لەمەڕ تۆمارکردنی دەستوری هەمیشەیی خستبویە روو مایەی سەرنج بوو،چونکە ئەو پرۆژەیە مەسەلەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ئاستێکی تێروتەسەلتر وردتر لەوەی کە تا نهۆ شۆڕشی کورد داوای کردبوو، دەخاتە روو.

ئەم قەواڵە تێروتەسەلە کە بە ئاشکرا داوا دەکات((بەشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە دەرامەتوبودجەی گشتی ولاّتدا دەگەڵ رێژەی دانیشتوانی ناوچەی نێوبراودا گونجاو بیّ)) لە راستیدا پێشنیازی دامەزراندنی دامودەزگایەکی جێبەجیّ کردنویاسادانان بۆ کوردستان دەکات،ئەویش بە دامەرزاندنی:

- ئەنجومەنێکی ناوچەیی،کە دەسەلاّتێکی فرەی هەبیّ لە پەسند کردنی بودجەوبەرنامەدانان و دانانی یاسایێن ناوچەیی.
- ئەنجومەنێکی جێبەجیّ کردن لە (١٤) وەزیر وبە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی جێبە جیّ کردن،کە بە خۆی لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرابیّ .
- دادگای بالاّی دەستوری بنەرەتی .

سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجیّ کرن،کە سەرکۆمار بە فرمانێکی کۆماری ئەرکەکانی پەسندبکات، خۆ بە خۆ دەبێت بە یاریدەدەری سەرۆك وەزیری کۆماری عێراق.

کەموکوڕی سەرەکی ئەم بڵگەنامەیە،کە پەیوەندی نێوان دەسەلاّتی ناوەندی وناوچەیی بە وردی و تێروتەسەلی شرۆڤەدەکات ئەمەیە کە کەم وزۆر باسی پەیوەندی نێوان دەسەلاّتی ناوەندی و ناوچە عەرەب نشینەکانی ولاّت ناکات یان ئیبهامی بەینی دەسەلاّتی ناوەندیوناوچە عەرەبییەکان وەکو حەقیقەتی حاشا هەڵنەگر قبولّ دەکات.

بیّ ئەوەی بمانەویّ سەراپای ئەم پرۆژەیە لەسەری تا بنی بخەینە بەر لێکۆلینەوە ئەوندە دەڵێین کە پڕۆژەی کوردەکان داوای دام ودەزگایەکی یاسادانان وجێبەجیّ کردنی ئەوتۆی دەکرد کە تەنیا لە چوارچێوەی ولاتێکی فیدراڵدا دەشیاولە چوارچێوەی هیچ رژێمێکی دیکەدا ئیمکانی نەبوو.

هەروەها بیّ ئەوەی بچینە ناو وردەکاری پڕۆژەی حیزبی کومونیست وبەعس لە مبارەیەوە ، پێویستە بڵێین پڕۆژەی بەعسیان- چەندیش بە تول وتەفسیل بوو- ،زۆر لەم پرۆژەیە(( دواکەوتوتر))بوو،بە تایبەتی لەم رووەوە کە دەیگوت سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی(جێبەجیّ کرن) لەلایەن سەرۆك کۆماری عێراقیەوە هەڵدەبژێردریّ نەك لەلایەن گەلی کوردەوە.ئەمە جگە لەوەی کە پڕۆژەی بەعس وشەی((وەزیری)) بەکار نەدێناو تەنیا بە دە ئەمینداریێتی قاییل بوو، کە هەر یەکێکیان ئەمیندارێکی گشتی ناوچەیی هەبیّ.

بەلاَم لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوە بوو کە پرۆژەکەی بەعس لە پێشەکییەکەی خۆیدا دەیگوت دەبیّ پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (سلێمانی یان هەولێر یان دهۆك بیّ)و کەرکوکی لەم حەساوە دەردەکرد!

ئەمە بۆ جەنەراڵ بارزانی،خۆی لە خۆیدا بە مانای ڕاگەیاندنی جەنگ بوو.

https://t.me/kurdistanbooks

**١٢- کوردستان لە نێوان ئۆتۆنۆمی، سەربەخۆیی... نەماندا:**

لە پاییزی ساڵی ١٩٧٣دا، بێ ئەوەی چ شتێك لەمەڕ کۆمەکی شاو(سیا)بۆ بارزانی دزەی کردبێ،ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوانەی لە کوردستاندا روویان دابوو سەرنجی هەر بینەرێکی نائاگاشی رادەکێشا.

لە باری سوپاییەوە، تۆڕێکی بەرگری دژە هەوایی گرنگ لە دەوروبەری بارەگای جەنەراڵ بارزانی لە ناوپردان و قەسرێ و نزیکی حاجی ئۆمەران دامەزرایێنرا بوو.

پتر لە هەزار کورد-لە سەربازی سادەودەرەجەدارو ئەفسەر-کە نەیان توانی بوولە ریزی سوپای عێراقدا وەمێنن،پەیوەندیان بە جەنەراڵ بارزانیەوە کردبوو.

لە دەوروبەری بارزانیدا لە((حەسارو قەڵای کوردستان))دا گەلێك سیمای تازە دەبینران: هەندێك لەمانە لاوانی خوێندکاری زانستگایی بوون کە لە ئەوروپا دەیانخوێندو بە پێچەوانەی باقی کۆششکارانی کوردەوە،لەبەر خاتری ئاکنجی بوون لە بەغدا پشتیان نەکردبووە کۆسارەکان.

بەڵام گۆرانکاری بەرچاو، گۆرانگاری سیاسی بوون:لە راستیدا سەرانی کورد ئەوئارامی وهێمنییەی جارانیان وەلانابوو.سەرسەختی وسەرکێشیەکی ئەوتۆیان دەنواند کە دەشێت بگوترێت سەیر بوو!

گێچی مەبەستوتەماکان بە ئاشکرا بەرزبوو بووەوە.ئامانجی جەنەراڵ بارزانی وئەوانی دی لە شەڕ، ئیدی وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی نەبوو.

عێراقیەکان یەکەم کەس بوون لە مەیدانی تاوانبارکردنی بارزانی بە پەروەردەکردن و بڵاوکردنەوەی((بیری جوداخوازانە،وشەی سەربەخۆیی کوردستانیان بەکاربرد. لێ کوردەکان تا ماوەیەکی دوورودرێژ، بەهەرحاڵ لە گفتوگۆیاندا دەگەڵ فەرەنگیاندا،خۆیان لەباسی سەربەخۆیی دەپاراست.ئیستا ئەم قۆناغە لە نکاودا هاتبوو بەسەرا.هەڵبەتە مەنتقی کوردەکان زۆر جوان وناسك بوو.حەبیب کەریمی سکرتێری گشتی پارتی دەڵێت:((سەربەخۆیی بەرەنجامی ئاسایی و سروشتی مێژووی هەموو میللەتانە)) ولەسەری دەڕوات((بزاڤی نەتەوەیی گەشە دەکات.بڕوانە جەزایرییەکان، لە سەرەتادا داوای سەربەخۆییان نەدەکرد، تەنێ خوازیاری یەکسانی و وەدەست هێنانی مافی سیاسی راستەقینە بوون. لە مەیدانی خەباتدایە کە بەرەی ئازادیخوازی جەزائیر داواکانی زیاتر دەکات وسەرەنجام داوای سەربەخۆیی دەکات. ئێمەی کوردیش لە سەرەتادا چیمان دەویست؟ مافی قسە کردن و فێربوون بە زمانی زکماکی خۆمان، رێزگرتن لە کەسایەتیمان.ئەمەیان پێ ڕەوا نەبینین ،ئەوجا داوای ئۆتۆنۆمیمان کرد وخەباتمان لە پێناویدا کرد،نوکەش لە بەرانبەر رەفتاری دەم دەمیانەی سەرانی بەعس و لەبەرانبەر رووداوانی وەکو دەسیسەکەی نازم گزاردا"٣٤" ناچارین بۆ پاراستنی مافەکانمان داوای ئۆتۆنۆمی بکەین، داواکانی ئێمە لەمەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام ئەگەر ئەمەشمان پێ ڕەوا نەبینرێ وئەگەر شەڕێکی دیکە هەڵگیرسێتەوە.هەنگینێ چاو دەبڕینە سەربەخۆیی)).

حەبیب کەریم لە کۆتایی پەیڤی خۆیدا دەڵێ:((رەوت ورەورەوەی رووداوەکان بۆ هەموو میللەتان هەر ئەمەیە ،نەوەسایە؟)) لەسەری دەڕوات:(( پێویستە ئەم خاڵە رەچاوبکرێ کە خۆویستی و دوورەپەرێزی رژێمە عەرەبییە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا کردیانە کارێ کە ئێمە داوا کانمان زیاتر بکەین))"٣٥"

https://t.me/kurdistanbooks

جەنەراڵ بارزانی هیچ نەگۆڕاوە، لە ساڵی ١٩٧٣شدا وەکو ١٩٦٢ لەسەر هەمان بیروباوەڕە کە ئەو ڕۆژنامە نووسانەی کە دێنە کوردستان، نوێنەرونێردراوی وڵاتەکانی خۆیانن،بەشی یەکەمی گفتوگۆ هەمیشە لە کەش وهەواو ژینگەیەکی تارادەیەك غەریب وناموٚدا ئەنجام دەدریٚو جەنەراڵ بارزانی هەمیشە بەبیٚ سەبرییەوە چاوەنۆڕە بەرانبەرەکەی پشتیوانی لە هیواوئاواتەکانی بکات.وکاتیٚ سەرەنجام ناچار دەبیٚ مل بدات بۆ ئەوەی کە یاڕۆی بەرانبەری((تەنیٚ ڕۆژنامەنووسەو هیچی دی)) هەنگینیٚ لە ڕێگەی ئەوەوە نامەیەك بۆ وڵاتەکەی ئەو دەنێریٚ.

جەنەراڵ بارزانی دەڵیٚ(( ئێمە ئامادەین پەیوەندیمان دەگەڵ فەرەنسادا هەبیٚ.وڵاتو خاکی ئێمە دەوڵەمەندە.ئەگەر دەوڵەتی فەرەنسا کەسێك بنێریٚ دەتوانین سەبارەت بە هەندیٚ شتان.بۆ نموونە سەبارەت بە مەی کە ئایا ئۆتۆنۆمی بەسە . یان دەربارەی سەربەخۆیی فیعلی! قسە بکەین)).

لەوپەڕی نارەحەتی تەرجومانەکەیدا(دکتۆر مەحمود عوسمان،کە ئەم شتانە بە کۆمەڵە مەسەلەیەکی((خەیاڵی))وەسف دەکات) جەنەراڵ بارزانی نەیتوانی خۆی بگریٚ و ئەم قسانە نەکات کە پێویستە بە کەسێکی دیبلۆمات بگوتریٚ:((سەرزەمینی کوردستان لە رووی سەرچاوانی نەوتەوە دەوڵەمەندە.ئەمە خاکی ئێمەیە،هی ئێمەیە، ئێمە بە گرتنی ئەو خاکە مافی چ کەسێك داگیر ناکەین.ماڵی خۆمانە...)) جەنەراڵ بارزانی ئەوجا لەسەر ڕۆیی و(( ئەگەر ناردنی نەوتەکەمان لە ڕێگەی سوریاو عێراقەوە مەیسەر نەبیٚ، گرنگ نیە ئێمە هەمیشە دەتوانین ڕێگەیەك بۆ بۆری نەوتەکەمان بدۆزینەوە.ئەگەر کۆمەکێکی باش بکرێین دەتوانین چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە وەدۆزین!))

جەنەراڵ بارزانیش وەکو ڕێبەرانی ناسیونالیستی ئەسەتەمبوڵیٚ پەنجا ساڵ لەمەوەبەر،دەیەویٚ سەربەخۆیی کوردستان بەو((سەروەتوسامانە))سەودا بکات کە دەکەوێتە بەر دەستی-واتە ئەگەر ڕۆژێك کوردستان سەربەخۆ ببیٚ!

جەنەراڵ بارزانیش وەکو هەمان ڕێبەرانی ساڵانی دەیەی بیست،سەبارەت بە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی،کە یەکجار ئارەزووی دەکات،بێدەسەلاتی دەنوێنیٚ:لە هەیڤی ١٩٧٣/١٠دا لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا بەراستی بە ئۆتۆنۆمی قاییل دەبێت،لە حاڵێکدا هەنوکە کوردستانی ئازادکراو بە فیعلی سەربەخۆیی هەیە ،دەڵێت:(( ئەمە ئێمە نین کە بڕیار دەدەین،ئەم بڕیاردانە دەربارەی ئەوەی کە هەمانە لە دەستی ئێمەدا نیە.... ئەم پرسیارە دەبیٚ لە زلهێزەکان بکریٚ: بۆچی کوردیان بەم حاڵەوە هێشتۆتەوە؟))

ئەم وەڵامە کە بۆ ئەوکات نامەفهوم بوو،ئێستا ئاشکرایە:((بارزانی خۆی لە حاڵەتی وابەستەیی تەوادا دەبینیەوە:لە باری دەروونیەوە بەتەما بوو زلهێزەکان سەربەخۆیی(بدەنیٚ) لە باری سوپایی مادیوداراییەوە ئەوەندە پایەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووکە ئیدی سەربەخۆیی راوبۆچوونی لە دەست دابوو.

لیٚ ئەوسا کە چ کەسێك ئاگاداری ئەو مەسەلەوکێشانە نەبوو کە بارزانی دەگەڵ ئەمریکایی و ئێرانیەکاندا هەی بوو. چ کەسێك نەیدەزانی کە لە کاتی شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی عەرەب و جولەکەدا، کیسنجەر ڕازی نەبووە بارزانی هێرش بەرێتە سەرسوپای عێراق....ئەوەی کە لە بەرچاو بوو وهەمووان دەیانبینی کۆمەکەکانی ئێران بوو.

https://t.me/kurdistanbooks

تەنانەت لە بەغداش خەڵكانێك لە خۆیان دەپرسی ئایا دەشێت شای ئێران بەڕاستی بیەوێ كۆمەكی بارزانی بكات تا سەرەتا سەربەخۆیی وەربگرێ وپاشان بە هەردوو كوردستانی عێراق و ئێران كوردستانێكی گەورە دروست بكات، وئەوسا بیخاتە ژێر ركێف و سایەی خۆی؟- هەر لە ئێستاوە زاراوەی (كورددادش)یان بۆ ئەم وڵاتە تازەیە دارشتبوو(كوردادش لەسەر وەزنی بەنگلادش) چ كەسێك لەو سەروبەندەدا نەیدەزانی كە ئەم گومان ومەزندەیە لەمەڕ مەبەست ونیازی شا تەنێ خەیاڵ پلاوەو هیچی دی!.

### ١٣- هووەیدا و مەسەلەی كورد:

سەرانی ئێران لە قسە رەسمیەكانی خۆیاندا زۆریان پارێز دەكرد.كاتێ لە ئەمیر عەباس هووەیدای سەرەك وەزیری ئێرانیان پرسی پەیوەندی ئێران دەگەڵ جەنەراڵ بارزانیدا چۆنە، لە وەڵامی مەبەستە سەرەكیەكە هەڵهات وگوتی:

((تەمەشا،كوردەكان.یەكەمین ئێرانیانن كە هاتوونەتە دەشتی ئێران.ئێمە ئەوان بە نەتەوەیەكی جیاواز نازانین ،ئێرانین.هەمووان دەڵێن ئێران بارزانی چەكدار كردووە.من پێم وانیە بارزانی پێویستی بەوە بێت كە ئێران چەكی بداتێ،خودی سوپای عێراق لە مەیدانەكانی شەڕدا ئەوەندەی چەك وتەقەمەنی بەجێهێشتووە كە بارزانی پێویستی بە چەك وتەقەمەنی كەسی دی نەبێت.ئەمە جگە لەوەی ئەو دەتوانێت بە ئاسانی لە دۆستە عێراقیەكانی لە ناوچەكانی دیدا چەك وتەقەمەنی وەربگرێ:لە رێگەی شەتی عەرەبەوە،ئێمە لەم بارەیەوە هەندێ شت دەزانین))"٣٦"

سەرەك وەزیری ئێران ئەوجا لەسەری دەڕوات:

((بەڵام خۆ ئێمە ناتوانین چارەنووسی كوردان پشتگوێ بخەین.ئەمانە.من ناتوانم بڵێم كە ئێرانین،ئەوساكە دەڵێن كە ئێمە چاوی تەماحمان بریوەتە ئەو دیوی سنور!،نا، هەرگیز. ئێمە پێمان خۆشە ئەوان لەودیوی سنور بن!ئەوەی كە دەیانەوێت لەوێندەر بۆیان مەیسەر بێ.بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە یەك نەژادین،ئەگەر وشەی نەژاد شتێك بگەیەنێ.تۆ تەمەشا،گوتنی ئەم قسەیە قورسە:لە دیوێكی سنوردا،ئێرە ئێرانە ،ئەودیوەكەی دی، ئەوێندەر عێراقە!بڕوانە لێرە پسمامان نیشتە جێن،لەو دیو پسمامان،هاتوچۆ لە نێوان هەردوو دیودا هەیە))

سەرانی ئێرانی هەرگیز بەئاشكرا لەمەی پتر خۆیان گیرۆدەی چارەنوسی (پسمامێن) كوردی خۆ ناكەن.لێ وەكو دیارە ئەم كارە هۆی نیگەرانی جەنەراڵ بارزانی نییە.لەوەیە وابیربكاتەوە كە((زەمانەتی))تری هەن.

### ١٤- لە فشە ئاشتیەوە تا شەر:

لە مانگی ١٩٧٣/١٠دا بەینی بەغدا وجەنەراڵ بارزانی بەتەواوی تێك چووبوو،سەرانی بەعس لێبرابوون كە بەرنامەی ئۆتۆنۆمی خۆیان بەرەزامەندی یان بێ رەزامەندی ئەو كوردانەی لە دەوری بارزانی خربووبوونەوە جێبەجێ بكەن.

سەدام،دوای رێكخستنی پرۆژەی ((دەستوری))بنچی ناوچەی ئوتونومی لە ١٩٧٣/١٠/١٧دا،لە گەرمەی شەڕی عەرەب وجولەكەدا،پرۆژەی نێوبراوی خستە بەردەستی كۆڕێكی چەند سەد كەسی لە خەڵكانی((پێشكەوتوخوان))كە چەند كەسایەتییەكی سەربەخۆی كوردیشیان تێدا بوو.

https://t.me/kurdistanbooks

بەلای سەرانی پارتییەوە ئەم کارە جۆرە تەحەداوشەڕخوازییەك بوو.
بەلای سەدام حسێنەوە پارتی نوێنەری هەموو کورد نەبوو- ئەمەش قسەیەکی دۆغری بوو.لێ سەدام پاش ئەوەی کە بەم شێوەیە خەڵکی کورد لە پارتی ولە بزاڤی کوردێنی بە رێبەرایەتی جەنەراڵ بارزانی جیا دەکاتەوە،زۆر زوو دەگاتە ئەم ئەنجامگیریەی کە جەنەراڵ بارزانی نەك هەر نوێنەری گەلی کورد نیە،بەڵکو((دوژمنی))گەلی کوردە-کە دیارە ئەمە قسەیەکی نادروستە.
وێرای ئەوەی کە((جاشەکانی٦٦))(برایم ئەحمەدوتاڵەبانی)لەساڵی ١٩٦٦-١٩٧٠دا نەیانتوانی کار لە بیروبۆچونی بەشێکی فرەی گەلی کورد بکەن،کەچی سەرانی بەعس هەوڵدەدەن سەرلە نوێ دوو بەرەکی بخەنە ناو بزاڤی کوردێنیەوە.

## ١٥- کورتە مێژوویەکی پچڕانی پەیوەندییەکان:

بەر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ، سێ مانگێك بە دان‌وستانەوە برایە سەروپاش ئەوە شەڕ بەناچاری دەستی پێکرد .
(بەرەی نیشتیمانی)) لە ١٩٧٣/١٢/١٢دا پرۆژەی دەستووری بنەرەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کە لەلایەن بەعسیەوە ئامادەکرابوو بە رەسمی دا بە پارتی.
لە سەرەتای هەیڤی ١٩٧٤/١دا شاندێکی کورد بۆ بەغدا دەچێت‌ومانگێکی تەواو لە بەغدایە دەمێنێتەوەو،هەڵبەتە هەندێ بەین‌وناوبڕ بەهۆی چوونەوە بۆ بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران‌و گەڕانەوە بۆ بەغدایە دەکەوێتە گفتوگۆکانەوە.
ئەندامانی ئەم شاندە کە بە سەرۆکایەتی حەبیب کەریمی سکرتێری پارتییە بریتین لە((سامی)) نوری شاوەیس ، ساڵح یوسفی ، دارا تۆفیق و ئیحسان شێرازاد.
سەدام حوسێن سەرۆکی شاندی (بەرەی نیشتیمانییە)
لە سەرەتادا هەر شاندێك راوبۆچوونی خۆی دەردەبڕێ، پاشان هەردوو شاند پێکەوە ئەو مەسەلە گرنگانەی کە لەسەری ناکۆکن، لیستبەندی دەکەن :

- دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
- مەسەلەی هێزێن پێشمەرگە.
- مەسەلەی چاودێری سنوور لەلایەن کوردانەوە .
- پەیوەندی کورد دەگەڵ ئێراندا .
- بەشداری کردنی کورد لە (بەرەی نیشتیمانی دا)

ئەوەی سەیرە حەبیب کەریم، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان،لە سەرەتادا تارادەیەك گەشبین بوو: ئەوەی وەبیران دێنایەوە کە((دان وستانەکانی رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ش لە سەرەتادا دژوار بوو.))
رێبەرانی بەعس،جیا لە هەر باری سەرنجێکی دی،بە هەڵبژاردنی حەبیب کەریم بە سەرۆکی شاندی کورد ناڕەحەت بوون.لە ساڵی ١٩٧٠شدا،لەبەر ئەوەی بە ڕەچەڵەك ئێرانی بوو،رەفزیان کردبوو کە ببێ بە یاریدەدەری سەرکۆماری عێراق .
سەدام حوسێن، لە یەکێك لە دوا کۆبوونەوەکاندا جلەوی لەدەست بەرداولە سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی پرسی:(( تۆ نوێنەری کێی؟)) وەلامی حەبیب کەریمیش زۆر توند بوو:(( من نوێنەری ئەو هێزەم کەتۆی ناچارکرد چەندین جار بێیتە چیا)).

https://t.me/kurdistanbooks

لێ دوای تێپەڕبوونی پازدە رۆژان ئیدی حەبیب کەریم رەشبینی خۆی لەمەڕ دانوستانەکە نەشاردەوە.

لە کۆتایی هەیڤی یەکدا کوردەکان وبەعسیەکان لێبڕان کە لە هەیڤی دودا دیدارێکی دیکە بکەن . ئێستا رەوشەکە زۆر گرژبوو،ژمارەیەك لە کوردەکان بەرەبەرە گەرابوونەوە بۆچیا.حەبیب ونوینەرانی کورد لە رۆژی دیاریکراوی مانگی دوودا نەچوونەوە بۆ بەغدایە وفوئاد عارف و ئیسحان شێرازاد،دوو کەسایەتی ((سەربەخۆی)) کورد بوون لەبری ئەوان چوون.

بەلای سەدام حوسێنەوە ،نەهاتنی حەبیب کەریم وئەوانی تر بۆ بەغدا خۆی لە خۆیدا نیشانەی بڕینی گفتوگۆیەکە بوو،بارگرژییەکەش روو لە زیادبوون دەچوو.

١٦- دوا هەوڵی ئیدریس لە بەغدایە :

دارا تۆفیق لە ١٩٧٤/٣/٥دا،بە نامەیەکی بارزانیەوە بۆ سەدام حوسێن دێت بۆ بەغدا : بارزانی لەم نامەیەدا دەنووسێت:((دەبێ رێگە لە خراپتربوونی رەوشەکە بگیردرێ،دەبێ دانوستانی جیدی بێتە کرن ....))

سەدام حوسێن لە ٣/٧دا وەڵام دەداتەوەو((سەرسامی خۆی لەمەڕ نەچوونی شاندی کورد بۆ کۆبوونەوەی مانگی شوبات،دەردەبڕێ)) ولەسەری دەروات((هەمیشە چاوەنۆڕە کە بارزانی یەکێك لە کوڕەکانی خۆی بنێرێ ))

ئیحسان شێرزادیش،نامە بۆ بارزانی دەنێرێ وداوای لێدەکات کە ئیدریس یان مەسعود بنێرێ. شێرزاد دەڵێ:((ئەمە فیداکارییەکە،بەڵام ئێوە لە ژیانی خۆتاندا فیداکاری زۆرتان کردووە. ئەمە بۆ ئایندە باشە!))

ئەوساخەتێکی تەلەگرافی راستەخۆ بەغدای بە بارەگای جەنەراڵ بارزانییەوە گرێدەدا.بارزانی داوای لە بەغدایە کرد کە فڕۆکەیەك بۆ رەواندز بنرێن وبۆ سبەینی واتە١٩٧٤/٣/٨ سەعات پێنجی پاش نیوەرۆ ئیدریس بارزانی لە تەك شاندێکی گرنگی کوردیدا کە هەموو وەزیرە کوردەکان و دارا تۆفیق وئیحسان شێرازادوفۆئاد عارفی لەگەڵ بووگەییە بەغدایە. بەڵام شوێنی کەسایەتیەکی بەرجەستە خاڵی بوو:حەبیب کەریم.

نوێنەرانی کورد لە کۆشکی((میوانانی رەسمی))دا جێگیربوون ودەم ودەست دان وستان دەستی پێکرد.

کوڕەکان وبەعیسەکان پێکەوەوبە هاوبەشی مەسەلەکانیان خاڵبەندی کرد:

١- باس وگفتوگۆ لەمەڕ رێکەوتنە سیاسییە بنەڕەتیەکان بەمەبەستی ئەوەی هەردوولا،بەعس و کورد بگەنە ستراتیژییەکی هاوبەش:پشتیوانی کردنی کورد لە عەرەب وفەلەستین ومافی عەرەب لە کەنداوی فارس وپشتیوانی کردنی عەرەب لە کورد نەك هەر لە عێراقدا بەڵکۆ لە تورکیا وئێرانیش!

٢-دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، باسکردنی کێشەکانی کەرکوك وژەنگار وخانەقین (سەبارەت بە کەرکوك هەشت جۆرە چارەسە خرایە بەر باس و لێکۆلینەوە).

٣- بارودۆخی حقوقی ویاسایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی،دامەزراندنی ئەنجومەنێك ،دیاری کردنی ئەو رێژە دەرامەتەی کە پێویستە بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری بکرێ،مەسەلەی دەستووری ئەساسی

شەوی هەمان رۆژ (٣/٨) سەعات هەشت ،ئیدریس وسەدام پێکەوە دانیشن وکەوتنە گفتوگۆ، لەم دیدارە تایبەتیەدا ئیدرریس گوتی:((کە کوردەکان ئامادەن،ئەگەر رێکەوتنێکی تەواو بەدەست

https://t.me/kurdistanbooks

بێ،هەموو پردەکانی پشتەوە دەگەڵ ئێراندا بروخێنن))وداوای کرد کە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ڕێکەوتنێکی بەو ئاوایە دەرفەتی چەند ڕۆژێکی بدرێتێ.

دەربارەی کەرکوک،ئیدریس بە سەدام حوسێنی گوت((ئەگەر ئێوە یەك هەنگاو بینە پیشەوە، ئێمەش دێینە پیشەوە.))

سەدام پێی دەڵێ هەر سبەینێ داوای کۆنگرەی نائاسایی حیزبی بەعس دەکات.

**١٧- ئینزار:**

ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٩ ئیدریس بارزانی گەشبینی خۆی دەردەبڕێ:وای بۆدەچێت سەدام حوسێن پێشنیازەکانی ئەوموڵتەخوازی چەند ڕۆژەی ئەو قەبوڵ دەکات.

بەڵام نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ((غانم عەبدولجەلیل))ی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی عێراق و بەر پرسی کاروباری کوردستان دێتە دیداری ئیدریس ودەڵێت :

-((ئەگەر دەتانەوێ گۆرانکارییەك لەم پرۆژەیەی ئێمەدا بکەن دەبێ بەر لە سەعات دوانزەی ڕۆژی ٣/١١ ئەم کارە بکەن!

- لە ٣/١١ بە دواوە پازدە ڕۆژتان هەیە تا پێشنیازەکانتان لەمەڕ دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بخەنە ڕوو،بەمەرجێ کە لەم ماوەیەدا دەست نەدەنە هیچ جۆرە کارێك.

- دەبارەی کەرکوك دەبێ یەکێك لەم دوو پێشنیازە هەڵبژێرن:یان ناوچەی کەرکوك لە لایەن دامو دەزگایەکی هاوبەشەوە بەڕێوەببرێ‌ولە سایەی حوکمودەسەلاٌتی دەوڵەتی مەرکەزیدابێ یان ستانی کەرکوك دابەش بکرێ ودوو قەزای بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی وئەوی دی بۆ دەوڵەتی ناوەندی بێ!))

ئیدریس یەکسەر دەڵێ:((بەڵام ئەمە ئینزارە!))وکاتێ مەسەلەی سەرژمێری دێنێتە گۆڕێ، عەبدولجەلیل دەڵێت:((هەرگیز دەگەڵ ئەنگۆدا سەرژمێری ئەنجام نادرێت!))وکە ئیدریس دڵنیای دەکات کە سەرژمێری((لە یاسادا))بڕیاری لێدراوە( یاسای ١٩٧٠/٣/١١) غانم عەبدولجەلیل دووپاتی دەکاتەوە:(( بەڵام لەگەڵ ئێوەدا نا!))

ئیدریس سەیر دەکات کە ئیدی چ کارێکی لە بەغدایە نیە،و بە غانم عەبدولجەلیل دەڵێ:((ئێمە پێشنیازەکانی ئەنگۆ دەبەینەوە بۆ جەنەراڵ بارزانی،بڕیار بە دەستی ئەوە،ئەگەر وەڵام ئیجابی بێ دەگەڕێینەوە))

شاندی نوێنەری کورد بەرەو ڕەواندز وەرێدەکەوێ‌و ڕادەسپێرن کە بۆ سەعات چواری دوای نیوەڕۆی سەبەینێ فڕۆکەیان بۆ ئامادە بکەن.

**١٨- دوا پێشنیازەکانی بارزانی:**

لە ١٩٧٤/٣/١٠،دوای پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ فڕۆکەکە بە دارا تۆفیق وئیحسان شێرزادەوە دەگەڕێتەوە: ئەم دووانە هەندێ پێشنیازی بارزانییان دەربارەی ڕەوشی کەرکوك پێ دەبێ.کە دەمو دەست لە ڕێگەی غانم عەبدولجەلیل وە دەیگەیەننە دەست سەدام حوسێن

پێشنیازەکەی بارزانی سێ چارەسەری جیاوازی لە خۆگرتووە:

https://t.me/kurdistanbooks

– ستانی کەرکوك وەکو خۆی وبیٚ دەستکاری بمیٚنیٚتەوەو لەلایەن دام‌ودەزگایەکی هاوبەشەوە بەڕیٚوەببڕیٚ کەسەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بیٚ.

– ئەگەر دەوڵەت بەم چارەسەرە رازی بیٚ لەوحاڵەدا بارزانیش بیٚ چەندوچۆن ئەو پرۆژەی ئۆتۆنۆمی یەی لەلایەن دەوڵەتەوە پیٚشنیازکراوە قبوڵ دەکات .

– ستانی کەرکوك بکریٚت بە دووبەشەوە:

حەویجەو قەرەتەپە بەدەست دەوڵەتی ناوەندییەوە بیٚ‌وئەوی تری،لە گەڵ شاری کەرکوکدا سەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بیٚ.

– ستانی کەرکوك بەو شیٚوەیەی سەرێرا دابەشبکریٚ، بەڵام بۆ شاری کەرکوك وەزع وحالیٚکی تایبەتی لەبەرچاو بگیریٚ.لەم حالەدا دەبیٚ ئەم گۆرانکارییە لەو پرۆژەیاسای ئۆتۆنۆمیەدا جیٚ بکریٚتەوە کە لەلایەن پارتیەوە پیٚشنیازکراوە.

سەعات دەی شەو غانم عەبدولجەلیل تەلەفۆن بۆ دارا تۆفیق دەکات ودەڵیٚت:((پیٚشنیازەکانی پارتی بەوردودرشتیەوە لەلایەن((بەرەوە رەفزکراوە))بەڵام دەڵیٚ حەزدەکات ئەو ببینیٚ،دارا تۆفیق لە نیوەشەودا بە نائومیٚدی لەم دوا دیدارە دیٚتە دەریٚ.

بۆ سبەینیٚ،واتە ١٩٧٤/٣/١١دارا تۆفیق بە ئۆتۆمبیٚل بەرەو باکور وەرێدەکەویٚ.ئەمە کۆتایی دان وستانەکان و پچڕانی پەیوەندکانە.

کەسایەتیانی سەربەخۆی کورد،خەڵکانی میناکی فوئاد عارف هەوڵدەدەن لە ریٚگەی پیٚشنیازکردنی فرمۆلانی مامناوەندییەوە هەلویٚستی پارتی‌و بەعەس لەمەڕ مەسەلەی کەرکوك لیٚکدی نزیك بکەنەوە.

لە ١٩٧٤/٣/٢٠ فەتاح شالی کە کەسایەتییەکی دیکەی کوردی سەربەخۆیە،دیٚتە بەغدایە تا رایگەیەنیٚ کە جەنەراڵ بارزانی دابەشکردنی کەرکوك لە نیٚوان ناوچەی ئۆتۆنۆمی ودەوڵەتی ناوەندیدا،کە لەلایەن ئیدارەیەکی هاوبەش لە نویٚنەرانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ودەوڵەتی ناوەندییەوە بەڕیٚوە ببڕیٚ،قەبوڵ دەکات..بەڵام بەعسیەکان دەڵیٚن ئەم پیٚشنیازە شتیٚکی تازەی تیٚدا نیە.ئەمە کۆتایی یەکجارەکی رووداوەکەیە!

### ١٩– بەرپرسیاریٚتیەکان:

هیٚشتا زووەو ناتوانریٚ مەسئولیەتی پچڕاندنی دان‌وستان‌ودەستپیٚکردنەوەی شەڕ بە شیٚوەیەکی بنجڕ دەستۆی لایەك لەو دوولایە بخریٚ.

لیٚ هەموو کوردیٚن سەربە بالی چەپی حیزبی دیموکراتی کوردستان،کە یەکجاردژی یەکیٚتی‌وهاوپەیمانی دەگەڵ ئیٚران بوون وبە جددی لایەنگری یەکیٚتی‌وهاوپەیمانی دەگەڵ بەعسیان بوون وباوەڕیان وابوو کە یەکیٚتییەکی لەو جۆرە دەرفەت بۆ عیٚراق دەرەخسیٚنیٚ ببیٚ بە هیٚزیٚکی پیشکەتووخوازی بە دلی وان،لە بەهاری سالی ١٩٧٤دا هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە سەدام حسیٚن وهەموو ریبەرانی تری بەعس ریٚکەوتنیان مەبەست نەبووە.

جەنەراڵ بارزانی چاوی بری بووە کەرکوك وبە هیچ جۆریٚ ئامادەنەبوو دەست بەرداری بیٚ،وبە بۆچوونی ئەوان سەدام حوسیٚن لەم بارەیەوە خوازیاری ریٚکەوتن نەبوو.سەدام حوسیٚن لە

https://t.me/kurdistanbooks

١٩٧٤/٣/١١لەو کۆبوونەوەیەدا کە پرۆژەیاسای ئۆتۆنۆمیەپێشنیازکراوەکەی بەعسی تێدا خرایە روو،بۆچوونی خۆی لەمەڕ دوو خاڵەناکۆکەکەی نێوان کوردو بەعسیان خستە روو.
بە بۆچونی سەدام حوسێن،دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێوستە بە رەچاوکردنی ئەم خالأنەی خوارەوە ئەنجام بدرێ:
((ئەم سنوورە بەپێی رێژەی چڕی دانیشتوانی ئەو شوێنانە دیاری بکرێ کە دەکەونە ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە،خالّی سەرەکی لە دیاریکردنی سنووری ناوچەیی ئەمەیە،بە مەرجێك کە ناوچەکە وەکو بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی ولأت وسەرزەمینی نیشتیمانی بمێنێتەوە.))
لە سەری دەروات:
(( ئێمە نامانەوێ کە دیاریکردنی سنووری ناوچەکە وەکو جیابوونەوەی یەکجارەکی یان گۆشەگیری وابێ،شتی واهی مانای جیاکردنەوەی کوردەکان لە کۆمەڵگەی عێراق و گۆشەگیرکردنیانە لە ناوچەیەکی تەسکدا. ئێمە ئۆتۆنۆمی بەو مانایە وەرناگرین کە بریتی بێ لە دوور خستنەوەی عێراقیانی غەیرە کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی:ئێمە ئۆتۆنۆمی بە((پەیوەندی تەواو )) دەزانین،بەلأم لە ناوچەیەکی دیاریکراو کە لەوسنوورەدا مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەسەلأتداریێتی عێراقدا بەڕێوە ببڕێ.))
وتەکانی یاریدەدەری سەرکۆماری عێراق ، زۆر گرنگە و ئەم بۆچونە لای پیاو دروست دەکات کە بە قەولی کوردەکان بە دەستێك دەیدات وبە دەستەکەی تر وەریدەگرێتەوە.
سەدام حوسێن پاشان لە سەری دەڕوات:((شتێکی ئاشکرایە کە ناکرێ دوای یەك بە یەکی ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی کە ئۆتۆنۆمی دەیگرێتەوە بکەوی‌و بە زۆر بیانکەی بە بەشێك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ..))لە راستیدا دەیەوێ بڵێ کە((ناوچە تێکەلاوەکان)) بە تایبەتی کەرکوك – نابنە بە شێك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
مرۆڤ واخەیاڵ دەکات کە بۆ پەنجا ساڵ لەوەو پێش گەراوەتەوە،واتە بۆ ئەوسەردەمە گەڕاوەتەوە کە ویلسن ونۆئیل لەسەر سنووری گروپە نەتەوەییەکان مشتومڕیان بوو.
سەدام حوسێن،سەبارەت بە دابەشکردنی دەرامەتی عێراق بەپێی رێژەی دانیشتوان‌ودیاریکرنی بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەسەر ئەو بنەمایە،باوەری وایە کە ئەم((ئەم پێشنیازە نە دەگەڵ ئۆتۆنۆمیداو نە دەگەڵ یەکێتیی گەلدا،تێکناکاتەوەو ناگونجێت!))"٣٩"
کەواتە تێگەیشتنی سەرانی بەعس لەمەڕ((ئۆتۆنۆمی)) چ بوو؟ لە راستیدا هەرچەندە هەمووان زاراوەی((ئۆتۆنۆمیان))بەکاردێنا،لێ وادیار بوو هەرگیز بیریان لە((سنووری لامەرکەزییەکی سادەی ئیداری)) هێوەتر نەدەرۆیی.
ئەمانە هەرگیز بەتەما نەبوون وەکو شەریك‌وبەجۆرێکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ کوردا بکەن، وەیانویست دەسەلأت بە هەموو شێوەیەکی وتا سەروبێ چەند وچوون لە دەستی خۆیاندا بێ.
بە پێی گوتەی شایەدانی کورد، بە درێژایی دوا قۆناغەکانی دان‌وستانەکانی هەیڤی ١- ١٩٧٤/٣رێبەرانی بەعس،بە تایبەتی سەدام حوسێن((بێ منەتی‌وسەرسەختی‌وخۆپەسندییان)) نواندووە.
سەدام حوسێن وباقی رێبەرانی عێراق پاش خۆماڵی کردنی((کۆمپانیای نەوتی عێراق)) وایان بیر دەکردەوە کە ئیدی چ شتێك و چ کەسێك ناتوانێ لە بەرانبەریان بوەستێ.

https://t.me/kurdistanbooks

هەرگیز ئەوەندە زەنگین وپارەدار نەبوون .( نرخی نەوت بوو بوو بە چوار بە رامبەری جاران!)

لە ئاستی سیاسی ودیبلۆماسییدا،بەعسیەکان بە حیساباتی خۆیان دەیانتوانی کوردەکان گۆشەگیربکەن:یەکێتیی سۆڤیەت دەست بەرداریان بووبووحیزبی کۆمونیستی عێراقیش چوو بووە بەرەی نیشتیمانییەوە.

دەکرا بە هەوڵێکی بانگەشەیی زیرەکانە لە رۆژاواشدا((بسەلمێنرێ))کە رێبەرانی بەغدا بەڵێنی خۆیان بردووەتە سەرئۆتۆنۆمیان بە کوردان داوە، لێ بارزانی قەبوڵی نەکردووە.

کێ دەچوو تا خۆی لە لێکۆڵینەوەی وردەکارییە قانونیوحقوقیەکانی پەیوەست بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی غەرق بکات؟وسەرەنجام دەبێ ئەوە بگوترێت کە ئەم قسەیە راست نیە کە چونکە بارزانی هەم وابەستەی شا وهەم وابەستەی((سیا)) بوو، ئیدی نەیدەویست یا نەیدەتوانی دەگەڵ بەعسیاندا پێك بێت.نا،بارزانی دەمێ بوو لە وەزع و پێگەی خۆی لە بەرانبەر یارمەتیەکانی شا و لەساڵی ١٩٧٣ بەملاوە لە بەرانبەر کۆمەکەکانی سیا حاڵی بوو بوو. وەکو هەژاری شاعیری کورد دەڵێ:((بارزانی دەرهەق بە گەلی کورد وەکو دەروێشێك وابوو، دەروێش بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەودەخولێتەوە تا سەرەنجام کەسێك بدۆزێتەوە کە بۆ بە هەشت رێنوینی بکات.))"٤٠"

ئەگەر بەعس، زەمانەتی تەواوی بە بارزانی دابووایە، بارزانی دەیتوانی لە دوا ساتدا هەموو پردەکانی پشتەوەی دەگەڵ ئێران و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بە هەمان بێ موبالاتی وخوێنساردی بروخێنێ کە ئەم دووە پاشان پەیوەندییەکانی خۆیان دەگەڵ ئەودا برێ.

٢٠- سەرچاوەو پەراوێزان :


١- هەڤپەیڤینێك دەگەڵ نووسەردا، ناپردان ١٩٧٣

٢- هەمان سەرچاوە ، حاجی ئۆمەران ، مانگی ١٩٧٣/١٠

٣- (( سامی )) ئیحسان شێرزاد ، نوری شاوەیس ، ساڵح یوسفی ،نافیز .

٤- پاش ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١برایم ئەحمەد داوای لە سەرانی بەعس کرد بەشی سێ هەیڤان پارەی وێدەن تا بڕوات بۆ ئێران .

٥- دەیلی ئەستار ، بەیروت ، ١٩٧١/١١/١٢ .

٦- ((عێراق:بۆنی توندی نەوت)) کریس کوچیرا ، ئەفریقای جەوان ١٩٧١,/٧/١٣

٧-دەیلی ئەستار،بەیروت١٩٧١/١٠/١٠

٨-هەڤپەیڤین دەگەڵ ((لۆرێنت-لیژۆر-Lejour-Lorient))بەلژیکی ئازاد،١٩٧١/١١/١٩

٩-سەرچاوەیەکی نهێنی.

١٠-((لەبەرەی ناوخۆی عێراقدا))کریس کۆچیرا،ئەفریقای جەوان١٩٧٢/٩/٩

١١-بروانە هەڤپەیڤینی ئەمیر عەباس هوەیدا،سەرۆك وەزیری ئێران دەگەڵ کریس کۆچیرا،ئێکس پرس١٩٧٣/٤/٨

١٢-بروانە((کەنداوی فارس،کەنداوێکی ئەمریکایە؟))نووسینی کریس کۆچیرا،لافرانس کاتولیك،١٩٧٢/١١/٣

١٣-دەنگی گوندی،نیویۆرك ١٩٧٦/٢/١٦

١٤-هەواڵ و رادیۆی پایك،نووسراوی٤٥٩

https://t.me/kurdistanbooks

١٥-بەگوتەی سەرچاوە کوردییەکان،ژمارەی ئەم دیدارە تایبەتییانە بەلای کەمەوە ٣-٤جار بوو.

١٦-راپۆری پایك،دەنگی گوندی.

١٧-راپۆری پایك،نوسراوی٤٦٢

١٨-هەمان سەرچاوە.

١٩-راستە.و.راجرز کە لەساڵی ١٩٧٣دا لەسەر کار نەمابوو،هەمیشە نارەزایی خۆی دەربارەی هەرجۆرە،((سەرکێشی و ئاژاوەیەك لە کوردستاندا))دەربری بوو.

٢٠-ئاژانسی دەنگوباسی رویتەر،دەیلی ئەستار،١٩٧٥/١/١٠ئەم هەواڵە لەلایەن دەزگا رەسمیەکانی ئەمریکاوە بەدرۆ خرایەوە.

٢١-راپۆری پایك نووسراوی،٤٦٦

٢٢-ئاژانسی رویتەر،دەیلی ئەستار،١٩٧٢/٧/٢٦

٢٣-بروانە گوتاری(میکاڤیلی،بەعس وکوردەکان) نووسینی کریس کۆچیرا،کە لە ئەفریقای جەوانی رۆژی ١٩٧٣/٧/٢١ دا بلاوکراوەتەوە.

٢٤-دەیلی ئەستار١٩٧٢/٨/١٣

٢٥-رویتەر،دەیلی ئەستار١٩٧٢/١١/٣

٢٦-دیمانە دەگەڵ نووسەردا،ناوپردان،١٩٧٣/٤

٢٧-بروانە گوتاری((لە خەبات بۆ ئوتونومییەوە تا کەڵکەڵەی سەربەخۆیی))کە لە لۆمۆند دیپلۆماتیکی ١٩٧٤/٤دا بلاوبووەتەوە.

٢٨-هەڤپەیڤینی جەنەراڵ بارزانی دەگەڵ جیم هوگلاند،واشنگتۆن پۆست،ئینتەر ناشینال هیرالد تریبۆن ١٩٧٣/٦/٢٢

٢٩-((لە ئوتونومییەوە تا کەڵکەڵەی سەربەخۆیی))کریس کۆچیرا.

٣٠-هەمان سەرچاوە.

٣١-هەمان سەرچاوە،ئەم زانیاریانە لەلایەن حەبیب کەریم ودکتۆر مەحمودەوە دراون بە نووسەر،ناوپردان ١٩٧٣/١٠

٣٢-راپۆری پایك نووسراوی٤٦٥

٣٣-بڕوانە لوموند دیپلۆماتیك،ژمارەی مانگی،١٩٧٤/٤

٣٤-بەگوێرەی گوتەی بەرپرسانی رەسمی،نازم گزار ویستی لە ١٩٧٤/٦/٢٠دا دەسەڵات بگرێتە دەست وهەموو ئەو رێبەرانە لەناوبەرێت کە چووبوون بۆ فرۆکەخانە بۆ پێشوازی حەسەن بەکر(بەکر لە سەفەرێکی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات دەهاتەوە)،نازم گزار،پاش شکستی ئەم پیلانەوپاش ئەوەی کە حەماد شەهابی وەزیری جەنگی کوشت وسەعدون غیدانی وەزیری ناوخۆی زامدارکرد،گیراو لە دادگایەکدا بە سەرۆکایەتی عیزەت دووری دادگایی کراو حوکمی ئیعدام درا،بروانە ژمارەکانی رۆژانی ٢١،٢٠،١٩٧٣/٧/١٩ی لوموند،گوتارێکی ئەریك رولو بەناوی((وڵاتێك لە سایەی پیلاندا)

٣٥-کریس کۆچیرا((لە خەبات بۆ ئوتونومییەوە تا کەڵکەڵەی سەربەخۆیی)ئەم دیمانەیە لە مانگی ١٩٧٣/١٠دا ئەنجام دراوە.

https://t.me/kurdistanbooks

٣٦-هەڤپەیڤینێ سەرەك وەزیری ئێران دەگەڵ كریس كۆچیرادا،١٩٧٣/٣كە لە ژمارەی ١٩٧٤/٣/١٠ی دەیلی ئەستاردا بلاو بوەتەوە.

٣٧-دكتۆر مەحمود عوسمان،ناوپردان ١٩٧٣/١٠

٣٨-لەوكەسایيەتیە كوردانەوە وەرگیراوە كە لەم گفتوگۆیەدا بەشدار بوون.

٣٩-سەدام حسێن دەربارەی مەسەلەكانی رۆژ،الثورة،بەغدا.

٤٠-بروانە لوموند دیپلۆماتیك،١٩٧٤/٤

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی چواردەیەم: شەڕی سێیەمی بەعسییان: (٣/١٩٧٤-٣/١٩٧٥):**

ڕێبەرانی بەغدا بە متمانەی تەواو بە سەرکەوتنی خۆیان کەوتنە دامەزراندنی دام ودەزگاکانی ناوچەی ئۆتونومی، دوای چەند هەفتەیەك وایان نواند کە مەلامستەفا بارزانییان لە زۆرینەی جەماوەری گەلی کورد دابڕیوە.

وەکو ساڵانی ١٩٦٣و١٩٦٩سانسۆرێکی توندیان خستە سەر هەواڵ وباسی ئەو شەڕە توندو تیژەی لە باکوردا حەشری دەکرد.

لە ١٩٧٤/٣/٢٦دا لە کۆتایی ئەومۆڵەتە چواردە ڕۆژییەی سەدام حسێن دابوی،ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش عەفواتێکی گشتی بۆ هەموو ئەو کوردانە دەرکرد کە لە زەرفی یەك مانگدا لە باکور بگەڕێنەوە.

لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٧٤دا کابینەی تازەی حکومەت هەموار کرایەوەو پێنج((کەسایەتی کوردی وەفاداری))(بەعس) لە جێی ئەو پێنج وەزیرەی کە لە هەیڤی شوباتدا چوبوونەوە بۆ کوردستان،خرانە ئەم کابینەیەوە.

**١- (هاودەستان)ی کورد:**

یەکێك لە وەزیرە تازەکان عوبەیدوڵڵا بارزانی،کوری جەنەراڵ بارزانیە.خیانەت ڕەگەزێکی نەگۆڕی مێژووی کوردە-لە ئەمیر بەدرخانەوە بیگرە کە یەزدانشێری برازای خیانەتی لێکرد تا شێخ سەعید(١٩٢٥)وسەید ڕەزا(١٩٣٧)،بەڵام مرۆڤ بە زەحمەت لەوە دەگات کە چۆن کوڕی قارەمانێکی نەتەوەیی دەتوانێ دژی بابی خۆی بوەستێ و بداتە پاڵ خراپترین دوژمنانی ئەو.

سەدام حسێن بەمجۆرەپاساوی ئەم بابەتە دەداتەوە:((وەفاداری و خۆشەویستی وڵات پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ماڵبات وعەشیرەتەوە نیە! لە هەڵبژاردنی سیاسیدا،کوڕ دەتوانێت بە پێچەوانەی بابیەوە بێت.))"١"

لێ گرێ کوێرەی کارەکە لەمەدایە کە عوبەیدوڵڵا زۆر لە بابی ((خێڵەکی))ترە.عوبەیدوڵڵا لە ساڵی١٩٢٧هاتووەتە دنیایە.کاتێ کە بابی بۆ غەریبی بۆ سۆڤیەت ڕۆیی،ئەو بیست ساڵان بوو وەختێ بابی گەڕاییەوە،تەمەنی سی وهەندێك ساڵ بوو.....لەبەر ئەمە کاتێك کە بارزانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی لە عێراق گرتە دەست لەیەکدی بێگانە بوون.،لەساڵانی یەکەمی شەڕدا،بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٤دا،عوبەیدوڵڵا شان بە شانی بابی ڕۆڵێکی دیاری لە ئەستۆ بوو.

بەڵام بێگومان بۆ ئەم پیاوە تەواوە،بوون لە پایەوپێگەی کوڕی کەسێکی وەکو بارزانیدا،ئەم ((دێوە پیرۆزە))بە زەبروسەرکێش وخۆسەرە،پێگە و پایەکی زۆر دژوار بوو.

لەم بارەیەوە ئەم خاڵە مایەی سەرنجە کە ئەو کوڕانەی بارزانی کە زۆر لێوەی نزیکن و هاوکاری دەکەن- واتە ئیدریس مەسعود- لە ڕاستیدا کەسانێکن کە دەکرێ بەوەچەی دووەمی کوڕانی مەلا مستەفا بژمێردرێن:جیاوازی تەمەنیان ئەوەندە زۆرە کە دەکرێ لە جێی نەوەکانی بارزانی بن.بۆ ئەم دوو لاوە کە سەرەتا سکرتێری بابیان بوون وپاشان بوون بە یاریدەدەری،هەرگیز مەسەلەی یاخی بوون بەرانبەر بە دەسەڵاتی بابێك کە بە ڕۆشتنی خەمبار بوون و بەگەڕانەوی شاد بوون،لە گۆڕێ نەبووە.

https://t.me/kurdistanbooks

یەکێکی دی لە ((هاودەستانی))ساڵی ١٩٧٤ عەزیز عەقراوییە،کە پیاوێکی تورەوتوندە تەبیعەتە وپێشتر دەگەڵ بارزانی وهەموو ڕێبەرانی حیزبدا تێکگیرابوو"٢"،بەڵام بەوەندە وازی لە شۆڕش هێنابووودانیشتبو، بەهەرحاڵ لەناوچە((ئازاد کراوەکانی کوردستان))دامابووەوە. پەیوەندی کردنی ئەم ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کە جەنەراڵ بارزانی بە دکتاتۆریەت تاوانبار دەکات،بێگومان بۆ پروپاگەندەی بەعس سەرکەوتنێکی گەورەیە،بەعس لە دەرێی وڵاتدا ئەوپەڕی سودی لێوەردەگرێ.
سێ وەزیری تازەی دی بریتین لە هاشم عە قراوی"٣"و دوو کەسایەتی پلە دووەم:عەبدوڵڵا ئیسماعیل"٤"وعەبدوڵسەتارتاهیرشەریف،کە حیزبی شۆڕشگێری کوردیان دامەزراند،کە ڕێکخراوێکی کارتۆنیەو چووە نێو((بەرەی نیشتیمانی))
دامەزراندنی ئەم پێنج وەزیرە((هاودەستە))ی حکومەت نیشانەی پچڕانی یەکجارەکی پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی وسەدام حسێن بوو.سەدام حسێن چەند ڕۆژێك لەوە دواتر ڕایگەیاند کە بارزانی چ چارێکی نەماوە جگە لەوەی تا زۆردرەنگ نەبووە ئاڵای سپی هەڵبکات)).(هێمن)ی شاعیری کورد ئەم وەڵامە جوانەی ئەو گوتەیەی دایەوە:((لە کوێ دەتوانرێ پەڕۆی سپی بۆ دوملیۆن وپێنج سەدهەزار کورد پەیدا بکرێ؟))

**٢- شەڕی سوپایی:**

لە ناوەراستی شوباتی ساڵی ١٩٧٤دا زنجیرە شەرە تۆپێك لە نێوان ئێران وعێراقدا ڕوویداو بووە مایەی کوشتنی دوو سەد کەسێك لە هەردوولا، بەمە شەڕ دەست پێدەکاتەوە.
ولە ناوەراستی هەیڤی ١٩٧٤/٣دا،بەچەند ڕۆژێك پاش ئەوەی کە((دەوڵەتی عێراق یەکلایەنە ئوتونومی کوردستانی))ڕاگەیاند شەری ڕاستەقینە،بەتایبەتی لە دەڤەری زاخۆی نزیکی سنووری تورکیا"٥" دەستی پێکرد بوو.
لە٨/٤/١٩٧٤دا،سەدام حسێن لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانیدا لە بەغدایە گوتی:((ئێمە ڕایدەگەیەنین کە لە حاڵی حازردا چ کریار و شەڕێکی سوپایی لە گۆڕێ نییە.))
نیوەی ئەم گوتەیە دروست بوو:سوپای عێراق تا یەك مانگ هەر لە حاڵی بەرگریدا بوو: ٥-٦ ئۆردوگای سوپایی عێراق لە ناوجەرگەی کوردستاندا دابڕابوون،بەتایبەتی ئۆردوگای زاخۆو ڕەواندز،کە بەتەواوی لە سەربازخانەکانی کەرکوك وموسڵ دابڕابوون.
ئەم ئۆردوگایانە بۆ ماوەی چەندین هەفتە بە هەلیکۆپتەر ئازوقە وخواردنیان بۆ دەبرا،لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی سوپای عێراق خۆی بۆ پەلاماردانی کوردەکان سازدەداوئەم هێرش و پەلامارە بە چەند ڕۆژێك دوای قسەکانی سەدام حسێن بە عەمەلی دەستی پێکرد.

**٣- هێرشی بەهارە(١٩٧٤/٤):**

فەرماندەکانی سوپای عێراق بەهەمان گەشبینی باوی خۆیانەوە پێیان وابوو کە لە ماوەی شەش مانگێکدا شەڕ تەواو دەبێ و بە خۆشحاڵیەوە ڕایاندەگەیاند کە ((لە مانگی نۆدا لە گەڵاڵە فراڤین دەخۆین.))
هێرشی قوەتی زرێپۆشی عێڕاق بەمەبەستی شکاندنی ئابلوقەی سەر ئۆردوگای زاخۆ (کە هەزار نەفەری تێدا بوو) لە ١٩٧٤/٤/١٥دا دەست پێدەکات.تانکەکانی عێراق بێ چ کۆسپ و تەگەرەیەك لە دەشتی موسڵ دا پێشڕەوی دەکەن ،بەڵام لە دەوروبەری ١٩٧٤/٤/٢٥دا کە دەگەنە کۆسارەکان، لە

https://t.me/kurdistanbooks

پازده کیلۆمەتری زاخۆدا،پێشمەرگەی کورد بە فەرماندەیی عیسا سوار، ڕێیان لێدەگرن،لەهەمان کاتدا ئۆردوگای زاخۆ بەر هاوەنان دەدەن"٦".عێراقیەکان لە ئەنجامدا لە ١٩٧٤/٥/٨دا دوای دوو هەفتە شەڕی قورس لە دوو قۆڵەوە، کۆنترۆڵی زاخۆ دەکەن."٧"

بەڵام سوپای عێراق لەم هێرشە بە هارەیەدا پتر سوود لە هێزی فڕۆکەوانی وەردەگرێ و(مەڵبەندی خڕبوونەوەی) هێزەکانی کورد و بارەگای جەنەراڵ بارزانی لە ناوپردان بە بەردەوامی دەکوتێ .

بۆ یەکەمین جار فڕۆکەی تۆپ هاوێژی تۆپۆلوف ٢٢، کە زیاتر پێدەچوو لەلایەن فڕۆکەوانانی سۆڤیەتیەوە لێ بخوردرێن ، لە ئاسمانی کوردستاندا بە دیاردەکەون.

لە ١٩٧٤/٤/٢٤دا هێزی فڕۆکەوانی عێراق، شاری قەڵادزێ کە لە حاڵی ئاساییدا دە هەزار کەسێك دەبێت وئێستا بە هۆی پەیوەندی کردنی خەڵکی بە شۆڕشەوە(بە تایبەتی خوێندکارانی زانستگەی سلێمانی) بووبوو بە دوو بەرانبەر، بۆردومان دەکات .

هێزی پیشمەرگە کە تەنێ یەك دۆشکەیان هەبوو بۆ بەرگری کردن لە شار، بە نائۆمێدی دەڕواننە بۆردومان کردنی شار لەلایەن دوو فڕۆکەی (سوخۆ)وە.ئەنجام:چواریەکی شار وێران دەبێ و ١٣٠ کەس دەکوژرێن."٨"

دوای دوو رۆژی دی ،واتە لە ١٩٧٤/٤/٢٦دا فڕۆکەکانی عێراق شارۆچکەی هەڵەبجە بۆردومان دەکەن و ٤٣ کەس دەکوژن،و لە ١٩٧٤/٤/٢٩دا پردی گەلاڵە بۆردومان دەکرێ و ٢٩ کەس دەکوژرێن و دەکەونە ژێر داروپەردوی پردەکەوە"٩".

بە درێژایی مانگی ٥و١٩٧٤/٦فڕۆکەکانی عێراق بەردەوام کوردستان بۆردومان دەکەن. لە هەمان کاتدا سوپای عێراق درێژە بە عەرەباندنی ناوچە هەستیارەکانی ژەنگار وکەرکوك وخانەقین دەدات:گوندە کوردنشینەکان بە بلدۆزەر تەختی زەوی دەکات و کۆمیسیۆنی((زەوی و زار))قۆچانی مۆڵکایەتی بە جووتیارانی کورد نادات و بە بەردەوامی زەوی و زاری جووتیارانی کورد بە عەرەبەکان دەدات.

٤- **هێرشی هاوینە** (٧-١٩٧٤/٨):

لە مانگی حەوتداوپاش چەند مانگێك لە خۆ ئامادەکردن وبانگکردنی مەوالیدی جیاوازی سەربازی،ئەوجا فەرماندەکانی سوپای عێراق دەست بە هێرش بۆ سەر(حەساروقەڵای) کوردستان دەکەن.مەبەستی سوپای عێراقی دیارە: کە تانك وزرێپۆشان بۆ ڕەواندزوقەڵادزێ دەنێرن،دەیانەوێ کوردستان بکەن بە سێ بەشەوە،چونکە پێیان وابوو کە ئەگەر کوردەکان لێکدی دابڕێنران هەنگینی زوو دێنە شکاندن وبەرگرییان پێناکرێ .

ئەوهێزەی کە سوپای عێراق بۆ ئەم هێرشە کۆی کردووەتەوە زۆر سامناکە: سەدان تانکی تی٥٤وتی٥٥وتی٦٢-تەنێ لەشەڕی ڕەواندزدا ١١٥ تانك بەشدارن-وچەندین لەشکر"١٠"بە پشتیوانی هێزی فڕۆکەوانییەوەو فڕۆکەی میك ١٧،میك ٢١،ودوای ماوەیەك میکی ٢٣، بە فڕۆکەوانانی سۆڤیەتی یان هیندیەوە،و تۆپۆلۆفی ١٧ و ٢٢....

کوردەکان لە هەنبەر ئەم هێزە چرە زرێپۆشەدا،بە کردەوە دەسەوستان و بێ دیفاعن:جگە لە بازوکای بچووك وچەند ئارپی جی ٢ و ئارپی جی ٧ چ چەکێکی دیکەیان نییە((شەرێ تانك ، بە ئارپی جی٢ ،لە دەشتی کراوەدا، جۆرە خۆکوژییەکە ،چونکە ئارپی جی بە دەست دەبێ لە

https://t.me/kurdistanbooks

دووری سەد،دوو سەد مەتری هەدەفەکەوە تەقە بکات ، ئاڕ پی جی٧ هەندێ چاکترە،دەکرێ بەم چەکە لە دووری ٥٠٠ مەترییەوە تەقە لە تانك بکرێت)) بەڵام بەرپرسانی شەڕگەی ڕەواندز تەنیا پێنج ئاڕ پی جی ٧یان لەلایە!.

درز دەکەوێتە بەرەی دیفاعی کوردەکان:لە ١٩٧٤/٨/١٩ دا سوپای عێراق قەلادزێ دەگرێ و لە ١٩٧٤/٨/٢٢دا ڕەواندز کە بە تەواوی چۆڵ کرابوو،وتەنێ چەند خێزانێکی کومونیستی هاوپەیمان وهاوکاری بەعس نەبێ، چ کەسێکی دی لە شاردا نەمابوو.دەگرێ."١١"

بەڵام سەرکەوتنی عێراقیەکان لە نیمچە سەرکەوتن زیاتر نییە:سوپای عێراق بەگرتنی قەڵادزە بەم خەتی لۆجستی سوپایی وهاتوچۆی خۆی لە ناوچەیەکی زۆر سەخت وناهەموارو دووردرێژی خەتەرناكو لە بارا بۆ چالاکی وپەلاماری پێشمەرگەی کورد دەکاتەوە،ئەمە جگە لەوەی کە لە شەڕگەی ڕەواندزدا هێشتا چیای هەندرێن و زۆزگ هەر بەدەست کوردەوە بوون.

### ٥- پەیوەندی کردنی جەماوەری کورد بە بارزانیەوە:

شەڕی کورستان زووبە زوو ڕەهەند ومەودایەکی ئەوتۆ بە خۆوە دەگرێ کە تەنانەت لە خراپترین قۆناغی جەنگ و شەڕەکانی پێشوی بەعسدا وێنەی نەبووە!

بە پێچەوانەی بانگەشەی بەعسیانەوە کە دەڵێن بارزانی لە میللەتی کورد دابڕاوە، ڕێك لەم کاتانەدایە کە زۆربەی جەماوەری خەڵکی کورد، بە تایبەتی خوێندکاران ومامۆستایانی زانکۆ و ئەندازیاران وپزیشکان- بە کورتیەکەی هەموو خوێندەوارانی کوردی شارە گەورەکانی عێراقی وەك بەغدا وکەرکوك وسلێمانی وموسڵ- پەیوەندی پێوە دەکەن. ئەم خوێنەوارانە لە هەمان کاتدا کە جەنەراڵ بارزانی بە(فیوداڵ)دەزانن ، ئەوجا بە چاوی قارەمانێکەوە سەیری دەکەن.

زانستگەی سلێمانی لە بەهاری ١٩٧٤دا بە ٤٢٥ خوێندکارەوە لە کۆی ٦٠٠ خوێندکار لەگەڵ هەموو مامۆستاکانی و کادیرە هونەری و ئیداریەکانی زانستگەی نێوبراودا یەکپارچە پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە دەکەن. ئەمانە هەوەڵجار دەچنە قەلادزێ وپاشان دەچن بۆ دۆڵی چۆمان. هەموو قۆتابیانی خانەی مامۆستایانی دهۆکیش بە مامۆستاکانیانەوە پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد،هەروەها ٥٠٠ قوتابی خانەی مامۆستایانی هەولێریش .

هەروەها ١٦٠٠ مامۆستاوفێرکارو ٢٥٠ دەرسکارو ٢٥٠ ئەندازیارو ١١٠پزیشكونزیکەی ١٠٠٠ خوێندکار(جگە لە خوێندکارانی زانستگەی سلێمانی)"١٢"پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد.

خوێندکاران،بەتایبەتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا تا روخان وهەرەسی یەکجارەکی شۆڕش دەسبەرداری خوێندن دەبن ودێنەوە بۆ کوردستان وپەیوەندی بە جەنەراڵ بارزانییەوە دەکەن ،بە رادەیەك زۆرن کە دەزگای ئیداری شۆڕش لە دامەزراندنیان لە ناو شۆرشدا تووشی دژواری زۆر دەبێ .

ئەم کەسانە،ئەم کوڕوکیژە خوێندکارانە،سەر بە ڕەوت وڕێبازی سیاسی جیاوازن،جا چ خەباتکاری مارکسی بن-کە ئەمانە لە راستیدا ژمارەیان کەمە- یان موحافزکاری بورژاوا بن، چ لە بەغداو لەندەن ومیونیخ ویان بوخارست بن واز لە خوێندن دەهێنن ودێن تا ((بەرگری وبەرەڤانی لە مافی گەلی کورد بکەن.))

https://t.me/kurdistanbooks

زۆری پێناچێت کە((دەرکراوەکان))ش دێنە سەر ئەم ژمارەیە،ئەم دەرکراوانە بریتین لەوخێزانانەی کە یەکێکیان- مێرد،کوڕ،برا- یان بوون بە پێشمەرگەی بارزانی.

لێ ئەگەرچی ژمارەی ئەم ((دەرکراوە سیاسیانە))کەم بوو ولە چەند هەزار کەسێك تێنەدەپەرین ، بەڵام ژمارەی ئەو پەناهەندانەی کە بەتایبەتی دوای هێرشی سوپای عێراق لە مانگەکانی ٧ و ٨ دا لە ترسی شەڕ هەڵاتبوون یان لە لایەن عێراقیەکانەوە لەو ناوچانەی کە((سیاسەتی عەرەباندن)) دەیگرتنەوە ،وەدەرنرابوون زۆر زوو لە سەدان هەزار تێدەپەڕێت.

دوای ماوەیەك ،هاتنی پەناهەندانی بێنەواودەسکورت بۆ دۆڵی چۆمان، کە لە ڕێگەی هامیلتۆن‌و حاجی ئۆمەران‌وسنوری ئێرانەوە دەگەنە وێندەر، کێشەی یەکجاردژواری بۆ سەرانی کورد دروستکرد:وەزعی ژێرخانی بزاڤی کوردێنی هەر ئەوەندە بوو کە بتوانێ پێداویستیە بنەڕەتییەکانی هێزی پێشمەرگە ودام ودەزگای ئیداری دابینبکات..

بەمجۆرە لە کۆتایی نیسانی ١٩٧٤دا جەنەراڵ بارزانی ناچاربوو داوا لە شا بکات کە جێی ژمارەیەك لە پەناهەندەی کورد لە خاکی ئێراندا بکاتەوە:لە ئاخروئۆخری ئەیلولی ١٩٧٤دا نزیکەی سەدودە هەزار پەناهەندەی کورد لە ئۆردوگاکانی ئێراندا گیرسابوونەوەو باری دام و دەزگای ئیداری کوردستان تەواو سووك بوو بوو....بەڵام دیار بوو کە ئەم پەناهەندانە بۆ شا شێوەی بارمتەیان وەرگرتبوو.

لە هەیڤێن ٩ و ١٠/١٩٧٤هەموو ڕۆژێ ژمارەیەك خێزانی پەناهەندە دەگەنە سنوور- واتە دەگەنە حاجی ئۆمەران- ئەمانە دەبوایە چەند ڕۆژێك‌و هەندێ جاران چەند هەفتەیەك لەو دەرودەشتە دا کە نزیکەی ١٧٠٠مەتر لە رووی دەریاوە بەرزبوو، لە نێو باروبنەی سووکی خۆدا وەمێنن تا بگوازرێنەوە بۆ ئەو دیوی سنوور، بۆ یەکێك لە ئۆردوگاکانی شێر وخورشیدی سوور.

زۆربەی ئەمانە، خەڵکی ئەو گوندانە بوون کە گوندەکانیان بە تۆپباران یان بۆردومانی فڕۆکە وێران بوو بوو. ئەوانی دی خەڵکی شارۆچکانی وەك ڕەواندز وئاکرێ و دهۆك وڕانییە بوون، کە تاك و تەرا خەڵکیان تێدا مابوون.

ئەمانە دوای ئەوەی ماوەیەك لە نێو ئەشکەوت‌ودارستانانی کۆسارەکانی دەوروبەردا خۆیان حەشاردابوو،کە زانی بوویان لە ئێراندا ئۆردوگا کراونەتەوە ئیدی بەرەو سنوور وەڕێ کەوتبوون: لە ترسی فڕۆکەی عێراقی کە بەر دەسرێژی ڕەشاشیان دەدان، بەشەوان ڕێیان کردبوو،بەختەوەر دەبوون ئەگەر قاترێکیان چنگ کەوتبا،باروبنە یان منداڵەکانیان لێ باربکردایە.ئەوانەی کە لە گوندە نزیکەکانەوە دەهاتن دە ڕۆژ بەرێوە دەبوون، بەڵام ئەوانی دی، بەتایبەتی ئەوانەی لە باکوری ڕۆژاوای کوردستانەوە،واتە لە بادینانەوە دەهاتن سێ مانگان بە ڕێوەدەبوون تا بگەنە حاجی ئۆمەران!

### ٦- هێرشی پایزە ( ٩-١٠/١٩٧٤):

وێڕای سەرکەتنەکانی قەلادزێ(٨/١٩) و ڕەواندز(٨/٢٢)خویا بوو کە سەدام حوسێن وەکو لە کاتی دەستپێکی هێرشەکەی بەهاردا، بەڵێنی بە فەرماندەکانی سوپای عێراق دابوو، لە ٩/١٥دا فراڤێن لە گەلاڵە ناخوات.

https://t.me/kurdistanbooks

لەمپەرێکی بە قوەت رێگەی گەیشتنە بارەگای بارزانی لە ناوپردان وگەلاڵە وحاجی ئۆمەران، گرتبوو:ئەم لەمپەرە سروشتیە لە نزیکی رەواندزبووبریتی بوو لە چیاکانی زۆزك(٢٢٠٠)م وهندرێن(٢٨٧٥)م لە زارکی جادەی هاملتۆندا بوو،کە رەگی ژیانی شۆڕشی کوردی پێك دێنا و بارەگای بارزانی بەسنوری ئێرانەوە دەبەست.پێشتر ولە ساڵی ١٩٦٦دا،گەورەترین شەڕی مێژووی شەڕەکانی کوردستان لە چیای هندرێندا کرابوو( بڕوانە فەسڵی دەیەم لە هەمان بەش).

سەرکرایەتی سوپای عێراق لە سەرەتاکانی ئەیلولی ١٩٧٤دا کە دەیبینی هەمووی چەند مانگێك ماوە بۆ زستان وهەرکە زستان بێت ئیدی رێگاوبانەکان بە کەڵکی تێپەڕبوونی هێزی زرێپۆش نامێنیٚ وکریارێن هێزی فڕۆکەوانیش تا رادەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە.دەستی دایە هێرشێك کە بەگوێرەی قەوارەی هێزە بەشدارەکانی ئەم هێرشە بە تەمابوو هێرشی یەکجارەکی وچارەنووساز بێت:لەم هێرشەدا ٣٠٠ تانك و١٢ فەوج هوویتزر ویەك فەوجی تۆپخانەی ئۆتۆماتیکی پانهارد و ٣٠ هەزار سەربازی پیادە وهێزی هەوایی بەشداری بوون"١٣".

زنجیرە شەڕێکی یەك لە دوای یەك لە گەرووی عومەر ئاغا وبەرایيەکانی زنجیرە چیای زۆزگدا رووی دا:ئەمە تاقە شەڕگەیەك بوو کە کەمی رێژەیی نشێوی ریگەکەی ئیمکانی بە سوپای عێراق دەدا، بە ئومێدی سەرکەوتن هێزی پیادە بخاتە شەڕەوە.

لە ١٩٧٤/٩/١٠دا یەکەمین شەڕ لەم شەڕگەیەدا رووی دا، عێراقیەکان ١٣٠ تانکیان هێنایە ئەم شەڕەوە،دوای ئەمە لە ٩/١٢وئەوجا لە ٩/١٤ چەند شەڕێکی دی روویدا،پاشان لە شەوانی ٢٧ و ١٩٧٤/٩/٢٨دا شەڕێکی(مێژوویی) رویدا،کە مەسعود بارزانی وای دەگێڕێتەوە:((بەدرێژایی شەو سەنگەرەکانی ئێمە لە ژێر تۆپبارانی توندی تۆپخانەوبۆردومانی قورسی هێزی فڕۆکەوانیدا بوو. لیٚ هێرشی راستی لە سەعات سێی سپێدەدا دەستی پێکرد:سەرکردایەتی باڵای سوپای عێراق چ درێغییەکی لە بەکارهێنانی چەکدا نەکردبوو، دەستی بە تەقەمەنیەوە نەگرتبوو:یەك لە شکری تەواوی پیادە، تیپی ٥ و ٢٩ی((هێزی تایبەت)) بە پشتیوانی دەیان تانکەوە کە لە نزیکی نزیکەوە تەقەیان لە هێزەکانی ئێمە کە لە چیادا سەنگەریان گرتبوو،دەکرد.

لە بەرانبەرئەم هێرشە گەورەیەدا،ئارایشی هێزەکانی تێکچوو!لیٚ ئێمە تۆزێك بەر لە سەعات پێنجی سپێدە، پێش ئەوەی کە هێزێن عێراق فریا بکەون پەنایەك بگرن و سەنگەرەکانی خۆیان قایم بکەن دەستمان بە دژە هێرش کرد.))

مەسعود بارزانی لەدرێژەی قسەکانیادەڵیٚ: ((ئێستا هەردوولامان تەقەمەنیمان تەواو بوو بوو.... بە نارنجۆك کەوتینە شەڕ...پاشانیش دەمانویست بە چەکی سپی بکەوینە شەڕی دەستە ویەخە! لەم کاتەدا بووپێیان وەهەڵاتنەوە نا.بەلای کەمەوە ٥٠٠ کوژراو ٥ تانکیان لە مەیدانی شەڕەکەدا بە جێهێشت. لە هێزی پێشمەرگەش تەنیٚ ٨ کەس شەهیدو ٢ کەس بریندار بووبوون))

مەسعود کە لە غیابی ئیدریسی برایدا( کە پێدەچوو بۆ ئێران یان دوورتر سەفەری کردبیٚ) راستەخۆ سەرکردایەتی شەڕەکەی کەوتبووە ئەستۆ"١٤"، لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵیٚ:((ئەمە گەورەترین شکستی سوپای عێراقیە.))

ئەم شەڕە لە دوو روانگەوە مێژووییە،چونکە بە چەند رۆژێك لەوەدوا سوپای عێراق،سەنگەری کوردەکانی تەفروتونا کردو لە ١٩٧٤/١٠/٣دا گرتنی چیای زۆزکی ڕاگەیاند.هەڵبەتە دۆڵی

https://t.me/kurdistanbooks

چۆمان وناوپردان هەموو کوردستان نەبوو،بەڵام ئەم هەواڵە بۆ کوردەکان وەکو ڕاگەیاندنی کۆتایی مەسەلەکە بوو.

**٧- دامەزراندنی ((دەزگاکانی)) ئۆتۆنۆمی:**

دەوڵەتی بەغدایە لە دوا هەفتەکانی هێرشی پایزەی سوپای عێراقیدا،دام ودەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دامەزراند: لە ١٩٧٤/٩/٢٤دا هاشم عەقراوی کرا بە سەرۆکی(ئەنجومەنی جێبەجێ کردن)ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی-ئەندامەکانی دیکەی ئەنجومەن هێشتا دانەمەزرابوون"!" لە ١٩٧٤/١٠/٥دا دەوڵەت لە مەراسیمێکی ڕەسمیدا یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سازدا.

دەوڵەت تەخسیری لە بەکارهێنانی هیچ ئەوزاروکەناڵێك نەکردبوو وبەم بۆنەیەوە،نزیکەی سەد ڕۆژنامەنووسی بانگهێشت کردبوو،عوبەیدوڵلا بارزانی بەم ڕۆژنامەنووسانەی گوت کە ((جگە لە تاقمە کۆنەپەرست وفیوداڵێك چ کەسێکی دی لە چیادا نیە))...لێ دەگەڵ هەمووئەمەشدا ڕۆژنامەوانە بێگانەکان گوتیان،وێڕای دروشمی ڕازاوەو پرستایش بۆ سەدام حوسێن وسەرەك ئەلبەکر ومەحکوم کردنی ئێران و ئیمپریالیزمو زایونیزم بەسەر دەرودیواریانەوە، جەماوەری خەڵك زۆر ساردوسڕ بوون و لە(ئاهەنگی شادومانی)دا بەشداریان نەبوو"١٥".کوردەکان نەهەقیان نەبوو:چونکە ئەم ئاهەنگ ونمایشەی هەولێر چارەنووسی ئەوانی دیاری نەکرد، بەڵکو چارەنووس وقەدەری کورد بەندبوو بەو شەڕانەوە کە لە هەمان کاتدا لە چیاوکۆسارێن کوردستاندا گەرم بوو....وهەموو شەوێك لە هەموو ماڵێکدا خەڵکی ماڵەکان هەوڵیان دەدا وێڕای خشە خشی توندی ڕادیۆیی، گوێیان لە بەرنامەکانی (ڕادیۆی دەنگی کوردستان) بێ.

**٨- دوا ((ڕۆژانی خۆشی)) شۆڕشی جەنەراڵ بارزانی:**

پایزی ساڵی١٩٧٤ دەکاتە لوتکەی دەسەلاتی جەنەراڵ بارزانی.دەسەلاتی جەنەراڵ بارزانی بەسەر ڕووبەرێکی ٣٥٠٠٠هەزارکیلۆمەتری چوارگۆشە ویەك ملیۆن نەفەریدا(جگە لە پەنابەرەکان)دەسەلاتێکی بێ هەڤڕك وڕەهایە.ئەم گوتەیەی عەلی عەبدوڵلا(وەزیری دارایی) دروستە کە جارێك لەژێر درەختێکدا جەماعەتێك لە دەوری خڕدەبنەوە،ئاماژە بۆ وەزارەتخانەکەی دەکات و بە تۆنێکی تەنزئامێزەوە پێیان دەڵێ:((ئەمە ئۆتۆنۆمی نییە،ئەمە سەربەخۆییە!)) وەزارەتخانەکەی بریتی بوو لە چوار پێنج کولبەیەکی لە گڵ ودار کە لە کەناری کەندێکدا، لە چەند سەت مەتری گوندی دەربەند دروست کرابوون).

ئەم قسەیە دروستە.بەڵام ناوبە ناو کەدەنگی دورە تۆپ لە قوڵی ڕەواندزەوە دەگاتە گوێ،دەڵێی بۆ ئەوەیە بیری بخاتەوە کە سنوور زۆر دوور نیە، بەڵام کوردستان لە حاڵی سەربەخۆییدا دەژی.

**٩- کابینەی حکومەتی کوردستان:**

سەرانی کورد بە بێدەنگی وبێ بۆقی وکەڕەناحکومەتێکیان لە ٩ وەزارەتخانە دروست کردووەو کاروباری خۆیانی پێ بەریوەدەبەن:لە گوتاری ڕەسمیاندا دەگەڵ ڕۆژنامەوانانی بێگانەدا، ئەمانە ناویان وەزارەتخانە نییە،بەڵکو ئیدارەن وبەرپرسەکانیان(بەرێوەبەرن)،بەڵام کوردەکان لە بەینی

https://t.me/kurdistanbooks

خۆیاندا(دەرهەق بەم دام و دەزگایانە)جگە لە زاراوەی(وەزیرو)و(وەزارەت)چ وشەیەکی دی بەکار نابەن.

سامی(محەمەد مەحمود عەبدورەحمان)هەم سەرۆکی حکومەتەوهەم وەزیری دەرەوەی حکومەتی کوردیشە.

وەزیرەکانی دی ئەمانەن:دکتۆر مەحمود عوسمان (وەزیری تەندروستی، کە کاروباری دەرێش دەکات)، عەلی عەبدوللا(دارایی)، دارا تۆفیق(راگەیاندن‌وفێرکردن)، سالح یوسفی(داد)، نوری شاوەیس(کاروباری گشتی)،موحسین دزەیی( ناوخۆ) و سەدیق ئەمین(کاروباری پەنابەران).

وەزارەتی بەرگری کە پۆستێکی هەستیارە لە دەست یەك کەسدا نییە، بەڵکو لەلایەن(مەکتەبێکی عەسکەرییەوە)بەڕێوە دەبرێ کە عەبدولوەهاب ئەتروشی بەرپرسی مەکتەبەکەیە،لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا.

ئەوبودجەیەی کە بۆ حکومەتی کوردستان تەرخان کراوە بودجەیەکی بەرچاوییە: هەژدە ملیۆن دیناری عێراقی(بەرانبەر بە ٥٥ملیۆن دۆلار) بۆ ماوەی شەش مانگان ( ٤-٩/١٩٧٤) لە حەقیقەتدا ئەوەندەی ئەو بودجە ساڵانەیە بووکە بۆ وەزارەتی کاروباری باکوری عێراق تەرخان کراوە."١٦"

کاری دەزگائیداریەکانی کورد،لەم دوا رۆژە خۆشانەی کوردستانی ئازادا،زۆر کار لە بینەردەکا: (وەزارەتخانە) کانی کوردستان بە درێژایی جادەی هامیلتۆن،لە حاجی ئۆمەرانەوە تا ناوپردان، یەك لە دوای یەك بەریز هاتوون .

شارۆچکەی حاجی ئۆمەران،کە دوا گوندی عێراقی پێش سنووری ئێرانە،بووە بە ((پایتەختی )) کوردستان: زۆربەی سەرانی حکومەت لێرە نیشتەجێن:ئەمانە لە خانووی دوور لە هەر ئەوزارێکی ئیسراحەت‌وئاسایش‌ولە کەنار ئەو دۆکانچە دارینانەدا دەژین کە پڕن لە کاڵای ئێرانی.

جەنەراڵ بارزانی،کە خانەوادەکەی،واتە ژن و منداڵە بچوکەکانی بۆ ئێران ناردووە، بە خۆی لە شاخە بەرزەکانی دیار حاجی ئۆمەران دەژی ،بێگومان بەهۆی نزیکی لە سنووری ئێرانەوە، لە هێرش‌وپەلاماری رۆژانەی فڕۆکەی عێراقی پارێزراوە.بارەگا‌ونووسینگەکانی مەسعود‌وئیدریس چەند سەد مەترێك لە خوارترەوە بوون:ئەم بارەگایانە لە خانووی تازە بابەتی جوانی مۆدی هاوچەرخدان،کە(مەڵبەندی گەشت و گوزاری) عێراق لە ماوەی ئاگربڕی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤دا دروستی کردبوون،لە تەنیشت بارەگاکانی ئەوانەوە،پایەگایەك هەیە بۆحەوانەوەی پیشمەرگە تەرخان کراوەو چەکی فڕۆکە شکێنی باشی بە سەرەوەیەو پەناگای باشی هەیە کە تەلی دڕکاویان بە دەوردا کێشاوە.

ئەم تۆپە فڕۆکە شکێنانە کە بێگومان تازەترین چەك بوون لە کوردستاندا، ئێوارەی رۆژی ١٩٧٥/٣/٦ جارێکی دی بۆ ئێران دەبرێنەوە .

هەر لەو نزیکانەو لە نێو دۆڵەکەدا خێوەتەکانی وەزارەتی پەروەدە وفێرکردن دەبینرێن، ئەم وەزارەتە باشترین وپڕکارترین دەزگای حکومەتی کوردستانە،ئەم دەزگایە کە پەناگەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەیە کە پەیوەندیان بە شۆڕشی جەنەراڵ بارزانیەوە کردووە، هەرچەندە لە وەزع و حاڵێکی وەکو پشوی هاوینەدایە، بەڵام زۆر بە جدی کاردەکات: ئیمکانیات هەمیشە کەمە، ئەم مامۆستایانەی جارانی زانکۆ یان ئەو کەسانەی لە وەزارەتخانەکاندا بەرپرس‌و بەڕێوەبەر بوون،

https://t.me/kurdistanbooks

ئێستا لە ژێر خێوەتاندا دەژین، هەموومۆبیلەو کەلوپەلی نوسینگەکانیان بریتیە لە مێزێکی ئاسن و یەك دوو کورسی و چەند بۆکس فایلێك.

بەلام دارا تۆفیق، وەزیری راگەیاندن رۆژنامەنووسێکی ئەزموونداره(لە سالی ١٩٧٠- ١٩٧٤دا سەرنووسەری رۆژنامەی التاخی بوو).

بۆ یەکەمجار جەنەرال بارزانی دەبیٚ بە خاوەنی دەزگایەکی چاپەمەنی زۆر کاراوچالاك، ئەم دەزگایە بەشێکی تایبەت بە وەرگێرانی هەبوو،کە دەرفەتی ئەوەی بۆ دەرەخساند چاو بە رۆژنامە بیانیەکانا بخشێنیٚ.هەروەها بە شێکی تایبەت بە بۆلتەنی(انصات) هەبوو کە هەوالی رادیۆکانی جیهانی دەگرت،دەستەیەکی زۆرگرینگی نووسەرانی هەبوو بۆ رێکخستن وبەرێوەبردنی بەرنامەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان بە زمانانی عەرەبی و کوردی.... هەروەها بۆ نووسین و بەرێوەبردنی بلاڤۆکێن هەمە جۆری وەزارەتخانەکە.

دەزگای پەروەردەش یەکجار چالاکە:سەرانی کورد سورن لەسەر ئەوەی کارێکی وەها بکەن کە ئەو کیژوکوڕە خوێندکارانەی زانکۆ کە پەیوەندیان بە شۆرشەوە کردبوو لە(کوردستانی ئازاد کراودا) درێژە بە خوێندنی خۆ بدەن.

((نووسینگەی سەرەك وەزیران)) چەند کیلۆمەترێك لە خوارترە.(( نووسینگەی سەرەك وەزیران )) بریتیە لە چەند خانویەکی گلی قەدپالەکانی دەوروبەری دەربەند ،شوێنی کاری(وەزیرانی) دارایی و دادە.

بەلام لە کۆتایی داوێنی حاجی ئۆمەرانەوە،تۆزێك هێوەی چوار ریانی گەلالە،(مەکتەبی عەسکەری ومەکتەبی سیاسی) بەرچاو دەکەون،کە هەمیشە لەبەر هێرش و پەلاماری ئاسمانیدان.

بێگومان سەرکردایەتی سوپای عێراق، ئاگای لە هەموو وردو درشتێکی هەلکەوتی ئەم شوێنەیە- ژمارەی جاسوسان زۆرە،ئەمە جگە لەوەی بەرپرسانی عێراقی بەر لە تێکچوونی نێوانیان دەگەل کوردا،چەندین جار هاتوونەتە ناوپردان وحاجی ئۆمەران.هەرچەندە کوردەکان کەمتر هۆکاری خۆپاراستنیان لە بەردەست بوو،لیٚ هێزی هەوایی عێراقی هەرگیز ناتوانیٚ ئەم بنکە بەرەڤانییە، ئەم شادەمارەی مقاوەمەتی کوردان وێران بکات- توپولوفی ٢٢ی بۆمباهاوێژ کە لە بەرزاییەکی زۆرەوە ئەللا خوایی،بۆبەکانیان هەلدەرشت لە چیاکان دەکەوتنەوەوفرۆکەکانی دیکەش بەدەگمەن نیشانیان دەپێکا ، لەم بەینەدا تەنیٚ پردەکانی جادەی هاملتۆن جار جار بەدەکەوتن .

لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٤دا دام و دەزگاکانی کورد بەچاکی کاری خۆیان دەکرد:رۆژنامەنووسێك کە لەو سەروبەندە سەری کوردستانی داوە، شایەتی بۆ ئەو حالەتە دەدات:ئەم رۆژنامەنووسە لە تاران دابەزی بوو، لە تاران، شەفیق قەزاز، نوێنەری کوردان، پەیوەندی پێوە کردو بۆ ورمێی برد و لە وێندەر بە کاربەدەستانی ساواکی سپارد.

پاش ئەوەی کە بەتەکسیەك گەییە سنوری عێراق، دەزگای پاراستنی کوردەکان وەریان گرت وبۆ قەسری سەلامیان برد، قەسەری چی! ناوی زلو دێی وێران، خانوویەکی پەرپووت بوو.

دیدارەکان بە زوویی دەستیان پیکرد، قەرارەکان زۆر بە ووردی رەچاوکران،لە زەرفی چەند رۆژێکدا(رێگەیەکی دیاریکراو)بڕدرا.رۆژنامەوانی ناڤبری پاش دیداری دەگەل زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی(سامی ،دکتۆر مەحمود عوسمان ،حەبیب کەریم و... هیتد)وهەرسیٚ بارزانی( جەنەرال و ئیدریس و مەسعود)وسەردانێکی زیندان ونەخۆشخانە وسەفەرێکی شەرگەی رەواندز

https://t.me/kurdistanbooks

بەو باوەڕەوە لە کوردستان گەرایەوە کە شەڕی کوردستان وێڕای نەبوونی چەکی قورس وفرۆکە شکێن وچەکی دژە تانك، سەد ساڵ درێژە دەکێشێت.

**١٠- ڕوی دووەمی دراوەکە:**

لێ دۆڵی چۆمان و ڕێگەی حاجی ئۆمەران بۆ ناوپردان لە ڕاستیدا((شانزالیزە))ی کوردستان بوو: وەزع ورەوشی ئەم ناوچە تەسکە،زۆر لە وەزع وحاڵی کوردستانی ئازادکراو نە دەچوو.

**١١- بیافرایەکی دی ؟**

لە پایزی ساڵی ١٩٧٤دا،بەتایبەتی لە بادینان وەزع زۆر باش نەبوو.ئەم ناوچەیە کە لە زاخۆی سەرسنووری سوریاوتورکیاوە تا بارزان درێژەی هەیە،لە هەیڤی هەشت بەملاوە گەمارۆی ئابووری تەواوی لەسەربوو:لە باشوررەوە،سوپای عێراق نەیدەهێشت ئازووقەوخواردەمەنی بۆ باکور بڕوات.

لە باکوورەوە،سوپای تورکیا سنووری داخستبوو وتەنانەت شەوانیش بلاجکتۆری لە قاچاغە ڕێیەکاندا پێدەکرد.

ئەو تاقە ڕێگەیەش کە لە دۆڵی چۆمانەوە،بە مێرگە سووردا دەچووەوە بادینان، لە ژێر تۆپبارانی تۆپخانەی عێراقدا بوو چ سوودێکی لێ وەرنەدەگیرا.

لە مانگی ئابی ١٩٧٤دا سەرانی کورد کە پەیان بە خراپی بارودۆخەکە برد،دەستووری دروستکردنی ڕێگەیەکی دیکەیان دا:ئەم ڕێگەیە کە بۆخۆی شاکارێکی هونەرییە،ولە زەرفی چەند هەفتەیەکدا بە بلدۆزەر لە شاخدا کردیانەوە،کردیە کارێك ڕێبوار دەیتوانی بە ئاسانی-یا تەقریبەن بە ئاسانی-بگاتە بادینان،چونکە ئەم ڕێگەیە لە ملەیەکەوە دەڕۆیی کە لە خاڵە دیدەوانییەکانی عێراقەوە نەدەبینراو، لەبەر بۆردومانی فڕۆکە،تەنیا بەشەو هاتوو چۆی لێوە دەکرا.

بەڵام بەرپرسانی کورد لە جیاتی ئەوەی ئازوقەی پێویست بەقافڵەی لۆریان بگەیەننە بادینان،ئەم کارەیان بە خەڵکی سپارد،چونکە پێشتر لۆریەکان لەیەلان سوپاییانەوە دەستیان بەسەرا گیرابوو.

لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٧٤دا وەزع و حاڵەکە زۆرخەمناك بوو، لە شارۆچکەیەکی وەکو سەرسەنگدا نرخی ئازووقەوخۆراك بەشێوەیەکی ترسناك سەرکەوت بوو:شەکر لە سەدا سێ سەد(لە چاومانکی سێدا) چای ٢٠٠٪ وبرنج ٤٠٠٪ وئارد ٥٠٠٪ بەرز بووبووەوە- خۆ ئاردوبرنج دەگمەن بوون!.

نرخی نەوت،کە دێهاتیانی کورد بۆ چێشت لێنان بەکاری دێنن بووبوو بە هەشت بەرانبەری جاران ونرخی بەنزین شەش قات زیادی کردبوو.

مەلەك چەکوی سەرۆکی(کۆمیتەی باڵای مەسیحیانی کوردستان) دەیگوت:((بەرزبوونەوەی نرخ بە جۆرێکە کە خەملاندنی ڕادەی کۆمەکی پێویست بۆ مانگەکانی داهاتوو لە تواناداا نییە))لەسەری دەرۆیی:((ماوەیەکی دی پێ بچێت ئیدی پارەش دادنادات....تاقە چارەسەر ئەوەیە کە تا دەکرێ ئازووقە و خۆراکی زیاتر بۆ ئەم ناوچەیە بهێنرێ.))"١٨"

کەمی بەنزین هێندەی دی وەزعەکەی خرا دەکرد- سەرانی کورد بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی خەڵکی بادینان وبەو مەبەستەی کەس لە خۆیان نەرەنجێنن ونەتۆرێنن،ڕێگەیان بە قاچاغچیان دا

https://t.me/kurdistanbooks

ئەو کارە بکەن وئەوانیش لە سایەی بەرەکەتی بازاڕی ڕەش‌وئیستیغلالی برسیەتی خەڵکەکە پارەیەکی مۆڵ پێکەوە بنەن.

ئەحمەد شاڵی (( پارێزگار))ی کوردی بادینان، کە نوێنەری دەسەڵاتی((ناوخۆ))ی حکومەتی کوردی بوو لە بادینان، چ شتێکی دەئیختیاردا نەبوو،بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو وەزعەخەمناك و نالەبارە،تەنانەت بە زەحمەت ئەوەندەی بەنزین هەبوو کە خۆی لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی دی بڕوات،مانگانە دوودیناری دەدایە هەر پەناهەندەیەکی ناونووسراو(هاوتای ٣٠فرانکی فەرەنسی): ژمارەی ئەم پەناهەندانە نزیکە ٢٠ هەزار کەس بوون،جگە لەو خێزانانەی کە پیاوەکانیان پێشمەرگە بوون‌وکاریان بۆشۆرش دەکرد. ژمارەی ئەم خێزانانە نزیکەی چوارهەزار بوو.

لێ ئەو دانی بەوەدا دەنا کە ژمارەی راستەقینەی پەناهەندەکان نازانێ و بە مەزندەی ئەو سەد تا سەدو پەنجا هەزار کەسێك دەبوون.

شارۆچکەیەکی وەکو سەرسەنگ کە مەڵبەندێکی گەشتیاریی بە نێوبانگە و ژمارەی دانیشتوانی لە حاڵی ئاسایدا ٢-٣ هەزار کەس بوو، دوو هەزار خێزانی پەناهەندەی دهۆکی وزاخۆیی و ئاکرەیی داڵدە دەدا.

ژمارەیەکی دیکەی پەنابەران لە گوندە دیاننشین‌وموسڵمان نشینەکانی دۆڵی سەرسەنگ و ئامێدی دا بڵاوبوو بوونەوە.

بەڵام جگە لەم پەناهەندە سەرژمێرکراونە،لە سەرانسەری دەڤەری بادیناندا خەڵکی دیکەش هەبوون کە لە هەرشوێنێك ڕێکەوتبا-لە ژێردارودرەختان،لەپەناتاودڕان،لەبناری گردۆلکان،ولەنێو ئەشکەوتاندا دەژیان.

ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەی عێراقی بەرەو باکوور ڕۆیشتبون،ڕۆیشتبوون تا زیاتر لە سنوری تورکیا نزیك بن، بەو هیوایەی ئەم نزیکییە لە هێرشی هێزی فڕۆکەوانی عێراقیان بپارێزێ.

جگە لەم پەنابەرانە،هەندێ خێزانیش هەبوون کە گیرۆدەی وەزع وحاڵێکی ناخۆش‌وناهەموار بوو بوون:ئەمانە ئەو خێزانانە بوون کە پیاوەکانیان یان یەکێك لە کورەکانیان بەر لە دەست پێکردنەوەی شەڕ لە بەغدایە یان کەرکوك کاریان دەکردومانگانە پارەیان بۆ خێزانەکانیان دەناردەوە.هەندێك لەو خەڵکانە خۆیان گەیاندبووە(کوردستانی ئازادکراو)وپەیوەندیان بە شۆرشەوە کردبوو،بەڵام ژمارەیەکی زۆریان هێشتا لە بەغدایە مابوونەوەو لە ژن‌ومنداڵەکانیان دابڕابوون و وەزعو حاڵی ژن ومنداڵەکانیان زۆر خەمناك بوو.

خێزانی ئەو کادرە کۆمونیستانەش کە بەخۆیان بۆ باشور هەڵاتبون،وخێزانەکانیان لە باکور بە جێهێشتبو،دەبێ لە هەمان خانەدا دابنرێ. وەزع و حاڵی ئەم خێزانانەش خۆزیای پێ نەخوازرا!

ئەحمەد شاڵی لە مانگی ١٩٧٤/٨دا ٣٣ هەزار دیناری(دەکاتە سەد هەزار دۆلار) وەکو یارمەتی بەسەر پەنابەرانی دەڤەری بادیناندا دابەش کرد"١٩".ئەم بڕە پارەیە کە لە چاو بودجەی... کوردستاندا پارەیەکی زۆر کەمە،ڕادەی خەمساردی‌وبێ موبالاتی سەرانی کورد لەم بوارەدا نیشان دەدا! .

ئەسعەد خۆشەوی،کە یەکێك بوو لە یاوەرانی جەنەراڵ بارزانی بۆ ڕوسیاوجێی متمانەی تەواوی بارزانی بوو،ولە ساڵی ١٩٦٢ بەملاوە دەسەڵاتداری دەڤەرەکە بوو! بەڵام وەکو خۆی دەیگوت هیچ

https://t.me/kurdistanbooks

شتێکی دە ئیختیاردا نەبوو:بێ تۆپخانە،بێ تۆپی فڕۆکە شکێن، بێ چەکی تانك شکێن،جگە لە بازوکایەکی ٤ و ٥ چ شتێکی دی نەبوو. چ کارێکی لە دەست نەدەهات ئەوە نەبێ چاوەنۆڕ بێ، بەو ئۆمێدەی کە هێزی پێشمەرگە سەنگەرێت خۆ بپارێزن.

لەسەرەتای پایزی١٩٧٤دا وەزع وحاڵێکی(کافکایی)باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا بوو:فەرماندەیەکی عەسکەری‌وپارێزگارێك،لە چوارچێوەی دیکۆرێکی سەیردا:ئەسعەد خۆشەوی لە ئەشکەوتێکدا نزیك بامەڕنێ،وئەحمەد شاڵی لە خێوەتێکداولە ژێر درەختێکدا- هەردوکیان بەناو گەورەوپڕ دەسەڵات،بەڵام بە کردەوە دەسەوسان‌وداماو.

ڕێگەوبانان لەبەر بێ بەنزینی‌ولە ترسی بۆردومانی فڕۆکە چۆڵ هۆڵ بوو لە هاتووچۆ،رووت لە هەر کوێ دەکرد تاپۆی قاتی وبرسێتی بوو!.

وێڕای هەموو ئەمانەش دەسەڵاتی بارزانی بە سەر بادینان‌دا ڕەها و بێ هەڤرکە- هەر کەسێك زاتی هەیە با بچێت بۆ ئەوێندەر و بەخۆی دروستی یان نادروستی ئەم قسەیە تاقیب بکات.

دوای چەند هەفتەیەك،لە نیوەی دووەمی هەیڤی یازدەدا،یەکەمین بەفرباری وڕێگەکەی نێوان بادینان دۆڵی چۆمان گیرا.

چارەوچارەنووسی ئەم دەیان هەزار مشەخت وئاوارانەی کە زۆربەیان لەم زستانە تووشەی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ی کوردستاندا تەنیا ئاسمانیان هەبوو بە خویانیدا بدەن چ بوو؟هیچ یەکێك لەوانەی کە دەربازبوون‌وماون تا نهۆ ئەم چیرۆکەی نەگێراوەتەوە،یەکێك لە بینەرانی ئەم ڕووداوانە دکتۆر ئالکسەندەری پزشکی هۆڵەندی بووکە هەرگیز نەیتوانی ئەزموونەکانی خۆی بگێڕێتەوە:دوای شکستی شۆڕشی کورد کاربەدەستانی عێراقی گرتیان‌وبە تۆمەتی ئەوەی کە بە رەچەڵەك جولەکە بوو لە سێدارەیان دا.

دیار نیە بۆچی جەنەراڵ بارزانی ئەم ٥٠٠٠٠٠وبە ئاوارەکانەوە ٧٠٠٠٠٠کەسەی خەڵکی بادینانی دایە دەست قەدەروچارەنووسی خۆیانەوە،بە تایبەتی کە ئەو بە خۆی بادینی بوو، هەر لە بادینانەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٢دا خەباتی سەرکەوتوانەی خۆی دەست پێکرد؟

ڕاستە لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٤دا کوردەکان لە شەڕگەی رەواندزدا،کە دوای چەند هەفتەیەك تێکشکا،گیرۆدەو سەرقاڵی شەری زۆر سەخت بوون...بەڵام بێگومان گرفت وکێشەی ڕاستەقینە لە ناو خودی شۆڕشی کوردا بوو.

## ١٢- بێ توانایی شۆڕشی کورد:

ئەگەر چی ئەوسا دەست نیشان کردنی رەوتی روداوەکان ئاسان نەبوو، لێ ئاشکرا بوو کە عەیب لە خودی بونیادی شۆڕشی کوردا بوو:هەر هەموو بڕیارەکان لەسەرێراو لەلایەن جەنەراڵ بارزانیەوە دەدران.جەنەراڵ بارزانی کە پیروهەفتا ساڵە بوو،لە ترسی ئەوەی نەوەك هەوڵێکی دیکە بۆ تیرۆرکردنی بدرێ ئیدی بە ئاشکرا دەرنەدەکەوت ولە بارەگاکەی خۆی لە حاجی ئۆمەران نەدەهاتە دەرێ، مەگەر سەفەری... تارانی لە بەر بووایە!

ئەو بە خۆی دەیگوت:((من پیرم،ئیدی بۆ جەبهە ناڕۆم.... ،لێرەولەسەر ئەم کورسیە ،کاتی خۆم بە خوێندنەوەو ناردنی بروسکان دەقەتێنم))"٢٠"

https://t.me/kurdistanbooks

بارزانی کە لە واقیع ورووداوەکان دابڕابوو،کەناڵی زانیارییەکانی کەسانێکی زۆر کەم بوون کە دەستیان دەگەییە ئەو یان نزیکانی ئەو:ئیدریس ومەسعود، کە کاروباری سوپایی وئاسایش هەموو وەختێکی گرتبوون.سامی زۆربەی کات لە سەفەری هەندەران بوو،دکتۆر مەحمود عوسمان کاتی خۆی لە نێوان پزیشك وکاروبای مەکتەبی سیاسیدا ،دابەش کردبوو، حەبیب کەریم، لەوان کەمتر،کە وەختی خۆی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی سکرتێری حیزب تەرخان کردبوو.

ئەندامەکانی دیکەی مەکتەبی سیاسی تەقریبەن بارزانیان نە دەبینی،خۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەوانیش کەمتر.

پارتی ئیدی وەکو حیزبێکی سیاسی نەمابوو:دەزگایەکی ئیداری بوو کە وەکو هەر دەزگایەکی ئیداری ئاسایی کاری دەکرد:دەبووایە ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکات کە لە سەرێڕا دەدران. رێکخراوی قوتابیان ولاوانی کوردیش، تەنیا رێکخراوی رواڵەتی بوون.

هۆی هەر هەموو ئەم شتانە تەنیا یەك شت بوو:لە کوردستانی ئازاد کراوی بارزانیدا، لە هیچ بوارو ئاستێکدا باس وموناقەشەو هەڵسەنگاندن لە گۆڕێدا نەبوو .

هاوپەیمانی دەگەڵ ئێراندا،کە تا هەیڤی۱۹۷٤/۹نهێنی وژێراو ژێر بوو،و پاش مانگی ۱۹۷٤/۱۰ ئیدی شتێکی ئاشکرا بوو،وهەروەها هاتنی سوپای ئێران بۆ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی جەنەراڵ بارزانی،بێگومان هۆی سەرەکی ئەو دکتاتۆریەتە بوو کە لەو قۆناغەدا لە تایبەتمەندیەکانی ((رژێمی))جەنەراڵ بارزانی بوو.

ئەم هاوپەیمانیە نا بەدڵەی جەنەراڵ بارزانی دەگەڵ شای ئێراندا، کە لە روانگەی زۆر کەسەوە جێگەی رەخنەوئیراد بوو،هەندێکیش رەخنەی توندیان لێدەگرت، شێرپەنجەیەك بوو کە لە ناوەوە شۆرشی کوردی دەپوکاندەوەو دەتواندەوە:ئەم هاوپەیمانییە کە لەسەربناغەی نهێنیەك رۆانرابوو،وئەم نهێنیە هێشا ئاشکرا نە بووبوو،بووبووە باعیسی ئەوەی ئەو خەڵکە کەمانەی لەو زەمانەدا لە نهێنییەکە ئاگادار بوون،بڕیارەکانی خۆیان بێ چ روونکردنەوەوپاساوێك پیادە بکەن.

لەمەش خراتر ئەم هاوپەیمانییە دەگەڵ شادا((تابو)) یەك بوو لەوگۆڕە:هەموو دەیانزانی کە رێکەوتنێك لە گۆڕێدایە،بەلام دەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بابەتێك بوو کە نەدەبوو بە هیچ جۆرێ قسەیەکی دەرباره بکرێ.

بەلام ئەمە تاقە هۆی کارەکە نەبوو:رێبەران لە هیچ ئاستوبوارێکدا رێگەیان بەوجەماوەرە خوێنەوارورۆشنبیرانەی کە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو، نەدا کە بە شێوەیەکی کاریگەر لە شۆرشدا بەشداری بکەن:(( سوود لە تواناو بەهرەی گەنج وتازە وەرنەدەگیرا)) ئەم قسەیە بەردەوام بەسەرزاری کادران وقوتابیان وخوێندکاران ودەرچوانەوە بوو.... کەم دابێژێك سوود لەو ۱۱۰پزیشکەی کە پەیوەندیان بە شۆرشەوە کردبوو، وەردەگیرا ،بەلام ئەو ۲۵۰ ئەندازیارەی کە پەیوەندیان بە شۆرشەوە کردبوو، گلەییان لەوە بوو کە کاری پلە دوویان پێدەسپێرن .

خوێندکاران لەبری ئەوەی بخرێنە ریزەکانی لەشکری چەکدارو لە بواری بێتەل وتۆپخانە و پسپۆرییەکانی دیکەدا سودیان لێ وەربگیری،کە بەخۆیان خوازیاری کارکردن لەو بوارانەدا بوون، خرابوونە ئۆردوگای هاوینەی قوتابیانەوە یان لە نوسینگەکاندا دامەزرێنرابوون.

https://t.me/kurdistanbooks

سەرانی وەکو داراتۆفیق پشتیوانیان لەم بڕیارە دەکردودەیان گوت کە پێگەیاندنی خوێندکارێکی زانکۆ یان تەکنۆکرات چەندین ساڵی دەوێت،و راست نیە خوێندکارێکی وەها بۆ شەڕگە بنێردیٚ و ژیانی بخرێتە خەتەرەوە.

بەلاٚم ئەمە حاڵی ئەفسەرانی هەلاٚتوو لە سوپای عێراقیش بوو:، تەنانەت سوود لە تاقە یەکێك لەوانە لە((مەکتەبە عەسکەریەکان))یان کارە فەرماندەییەکاندا وەرنەگیرا،یان تاقە پۆستێکی گرنگی سوپایی بە کەسێکیان نەسپێردرا!لە راستیدا سەرانی تەقلیدی عەشایەر حەزیان نەدەکرد (( خوێنەواران )) لە یەکەکانی خۆیاندا ببینن. یەکێك لەم خوێنەوارانە دەڵێت:(( لیٚمان دەترسن... ئاخر ئێمە دەمانەویٚ وەزع وحاڵەکە بگۆڕێن))

ئەو کەسانەی کە لە ساڵی ١٩٧٤دا ئیدارەی شەڕیان دژی باشترین لەشکرێن عێراقی،ئەو لەشکرانەی کەلەلایەن راوێژکارانی رووسی وهیندیەوە یارمەتی دەدران،بە ڕێوە دەبرد هەر هەمان ئەو کەسانە بوون کە ١٣ ساڵ لەوەپێش لەلایەن جەنەراڵ بارزانیەوە بۆ رێبەری کرنی شەڕی پارتیزانی هەڵبژێردرابوون،ئەم هەڵبژاردنە زیاتر لەسەر بنەمای گوێرایەڵی و وەفاداریان بۆ خودی بارزانی بوو:ئەسعد خۆشەوی(سەرانسەری بادینان)،عەلی خەلیل(بەرەی دهۆك)، عەبدوڵلاٚ پشدەری (باڵەك)وگەلێکی دیکەش((کە بە حاڵ خوێندن ونوسینیان دەزانی))-ئەمە قسەی ئەو خوێندەوارانە بوو کە تارمایی لەشکر بوون و دوای قەرەباڵغی کەوتبوون وئەم قسەیە زادەی داخ ونائومێدی بوو.

راستە،ئەم کەسانە کە بە هەر حاڵ نەیاندەتوانی نەخشەیەکی جەنگی بخوێننەوەودابڕێژن،تا ئابی ١٩٧٤ بە عەمەلی لە کوردستاندا نەناسرابوون!.

خۆلاسە ناکۆکی نێوان جەنگاوەران-گوندییان وجوتیاران-وخوێنەواران-کە زۆربەیان خەڵکی شارن،گەییوەتە ئەو پەڕی.ئەم خەڵکە خوێنەوارە، کە لە پشت شەڕگەوە،لە دۆڵی چۆمان،لە بنکەکاندا دانراون،بە کردەوە بەشداری خەباتی چەکداری نین،بەمجۆرە رێبەرانی کورد ئەم دەرفەتە مێژوییەیان لە دەستی خۆیان دا کە خەڵکانی هەمە جۆری میللەتی کورد لە بۆتەی جەنگ وخەباتا تێکەڵ وقاڵ بکەن!

راستە،لە هەموو بەرخوادان و شۆرشێکی رزگاریخوازی نەتەوەییدا بیٚ متمانەیی و بگرە تەوس و توانجیش دەرهەق بەو کەسانەی کە هەندێك درەنگتر هاتوونەتە ریزی شۆرشەوە بەرچاو کەوتووە.

گروپانی دڵسۆزلە یاوەرانی ((مێژوویی)) لە دەوری جەنەراڵ بارزانی هەبوون:یاوەرانی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ئەوجا یاوەرانی دوورە ولاٚتی لە یەکێتیی شۆڤیەت، و یاوەرانی سەرەتاکانی شۆڕش، ئەمانە بە چاوی گومانەوە دەیانڕوانییە ئەو کەسانەی کە تا ساڵی ١٩٧٤ نەهاتبوونە ریزی شۆڕشەوە، هەڵبەتە ژمارەیەك هەلپەرستیش هەبوون.بەلاٚم رەفتارومامەڵەی جەنەراڵ بارزانی ودەروبەرەکەی باری سەرنج و تێبینیانی دی هەڵدەگرت:جەنەراڵ بارزانی پاش ناکۆکی و جیابوونەوەی لە((هیوا)) لە ساڵی ١٩٤٣، مخابن هەرگیز نەیتوانی دەگەڵ خوێنەوارانداودەگەڵ حیزبێکدا کە شایستەی ئەم ناوە -ناوی حزب- بیٚ هاوکاری بکات.

https://t.me/kurdistanbooks

**١٣- دەوری ئێران:**

هێزەکانی عێراق لە ١٩٧٤/١٠/٣دا زۆزکیان گرت، وەزعی(کوردستانی ئازاد کراو) زۆر زوو پەشێواوسەرانی کورد-جەنەراڵ بارزانی، ئیدریس ومەسعود،عەبدولوەهاب ئەتروشی بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری-لێپران داوا لە ئێران بکەن بێتە ناوەوەو نەیەڵێ بەرەی رەواندز هەرەس بێنێ.

ئێرانیەکان بە زۆری تۆپخانەیان نارد: لە کاتێکدا کە بە تۆپی ١٧٥ ملم دوورهاوێژ لە نێو خاکی ئێرانەوە پشتیوانیان لە هێزی پێشمەرگە دەکرد، ژمارەیەك یەکەی تۆپخانەی قورسیان ناردە ناوخاکی کوردستان.ئەم یەکانە لەوێندەر سەنگەریان گرت:تا دوا هەفتەکانی مانگی شوباتی ١٩٧٥یەك فەوجی تۆپخانەی ئێران( ١٢ تۆپی ١٥٥ ملم وچوار سەد نەفەر) لە نزیکی بارەگای ئیدریس بارزانی لە قەسرێ سەنگەری گرتبوو،دوو تۆپخانەی دیکەش(بە شەش تۆپ) وەکو یەدەگ لە دەربەندولە ژێر پەنجەرەکانی(بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوە)دانرابوون .

ئێرانیەکان ئێستا بەکردەوە لەلای بێگانان،واتە لای ئەو پزیشكوپەرستاوروژنامەنووسە بێگانانەی کە لە کوردستاندا بوون،هیچ هەوڵێکیان بۆ وەشێرتنی تەدەخولی خۆیان نەدەدا:تەنیا ئەوەندەیان دەکرد کە عەلامەتونیشانەی سێ رەنگی سەر کڵاوەکانی خۆیانو قەد لۆری و جێبەکانیان قۆر بدەن تا دیار نەبێ.

هەروەها تۆپخانەی ئێران هەموو شەوێ بۆ چوونە نزیکی جەبهە دەهاتنە خاکی کوردستانی عێراقەوە:لە بولێڵی ئێواراندا،دەوروبەری سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ، وێڕای تەنگی ڕێگاوبان، هات وچۆیەکی چڕ بە جادەی هاملتۆندا دەبینرا:دوا بە دوای کامیۆنی تەقەمەنیوسەرباز هەڵگر، ئیدی ئەو لۆریانە دەهاتن کە تۆپیان رادەکێشا وئەوجا جێبی فەرماندەیی ... رۆژنامە نووسێکی فەرەنسەوی لە بانیژەی ئوتێلی دەربەندەوە،کە مەڵبەندوبنکەی چاپوبڵاوکردنەوە بوو، لە ماوەی نیو سەعاتدا،دوانزە ئۆتۆمبێلودوانزە تۆپی دیتبوو."٢١"

لەسەرەتادا ئەو هێزە ئێرانیانەی کە لە کوردستاندا کاریان دەکرد ئەوەندە کاریگەر نەبوون: نیشانیان نەدەپێکا،وسەربازانی ئێرانی لە فڕۆکەی عێراقی دەترسان،بە تایبەتی پاش ئەوەی کە چەند کەسێکیان (لە هێرشێکی هەواییدا) کوژران.(بەڵام دواتر ڕاهاتنوشەڕی باشیان کرد)"٢٢"

ئێرانییەکان،بە موشەکی زەوی بە ئاسمان،هێزی بەرگری هەوایی کوردیان بەهێزکرد.لە ئاخرو ئۆخری شوباتی ١٩٧٤دا چەکی تانك شکێنی لە دوورەوە ئاراستە کراو لە کوردستاندا پەیدابوو. سەرانی سوپای عێراق سەرەنجام ناچار بوون دان بەوەدا بنەن کە شەڕ لە زستانیشدا بەردەوام دەبێت،بۆیە سەرکردایەتی سوپا بە پەلە ١٥٠٠٠٠ دەستە جلی زستانەی لە هند دایە رادان."٢٣"

لێ ئێرانیەکان وێڕای ئەوەی کارێکی وەهایان کرد کە کوردەکان بتوانن هێرشی سوپای عێراق تێك بشکێنن، تاکۆتایی هەر بە ((چکە چك)) چەك و تەقەمەنیان وێدەدان.

بۆ ئەمە بوو کە باشتر کۆنترۆڵیان بکەن ؟ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی پاشان ئەم وەڵامە ترسناکەی ئەو پرسیارەی دایەوە:(( ئاه ،نە،چونکە دەیانزانی کە لە مەیل ورەزای ئەوان دەرناچین! )).

ئیتر؟...

https://t.me/kurdistanbooks

**١٤- بایەخ و باجی کۆمەکی ئێران:**

شتێکی بەڵگە نەویست بوو کە ئەم کۆمەکە زۆرەی ئیران بێ بەرانبەر نەبوو،لە شوباتی ١٩٧٥دا کوردەکان پاش ناخۆشی وزەحمەتێکی زۆر توانی بوویان وەزعی جەبهە و بەرەکان بیرازبکەنەوەو جێگیری بکەن: بە گوێرەی گوتەی ئیدریس بارزانی، لە شەرگەی رەواندزدا سەربازانی عێراقی لایەکی کێوی زۆزکیان بەدەستەوە بوو ولایەکەی دیکەی بە دەستی هێزی پێشمەرگەوە بوو .

ئیدریس بارزانی پێی وابوو کە ئەم وەزعە دڵخۆشکەر نەبوو :(( هەندێ هێڵی پەیوەندێین ئێمە لە بەرسێرەی ئەواندایە... ئەمە تەحەمول ناکرێ! دەبێ یەکێکمان بڕوا، یان ئەوان یان ئێمە !))"٢٤"

لێ لە روانگەی سیاسیەوە ،شەری کوردان بێ ئەنجام بوو، هەندێ لە کوردەکان، کە ژمارەیەکیان لە بارزانییەوە نزیک بوون، بەرە بەرە ئیعترافیان بەمە دەکرد..کەش‌وهەوای دەوروبەر تێك چوو بوو:ئێستا ئەو زەمانە نەمابوو کە ریبواریك لە بەغداوە دەهات،بارسووك‌وسەر سەلامەت بە ئاسانی پێی دەنایە (کوردستانی ئازاد کراو))ەوەو بای باڵی خۆیدا دەدا.ئێستا هەر هەمووان لە یەکتر بە گومان بوون.

رۆژنامەوانان نەیاندەتوانی بەبێ (رێنوین) ئەم جێ و ئەو جێ بکەن،یان بەبێ تەرجومانی تایبەتی دەزگای پاراستن پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە،ئیدی هەر کێیەك بوایە،بکەن.

سەرانی کورد کە ناچار بووبوون بە یارمەتی ئێران شەڕی بەعسیان بکەن، سەرەنجام بەخۆیان گەیشتنە ئەم قەناعەتەی کە لە بەرێوەبەردنی کاروباری خۆیاندا شێوازی((دەزگا ئەمنیەکان)) ی ئێران بەکاربێنن...بەڵام ئەم خاڵە روون بوو کە سەرانی کورد ئیدی خاوەن ڕاو بڕیاری خۆیان نەبوون:کوردەکان پاش یازدە مانگ بەرگری‌وبەرەڤانی لە بەرانبەر سوپای عێراق،دەبوایە بڕیارێك بدەن:راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، یان دەوڵەتی کاتی، یان سەربەخۆیی:دەبوایە سەرکەوتنە سوپاییەکانی خۆیان—لە راستیدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بوو—بکردایە بە ئامیان‌و هەوێنی سیاسەت:بەڵام ئەم بڕیارەی  کە لە پایزی ١٩٧٤وە چاوەنۆڕدەکرا، هەر نەدراونەدرا.

ئیدریس بارزانی دەیوسیت بەم قسەیە(( قسە چییە؟ گرنگ دەسەڵاتە! دەسەڵاتی بەرپرسانی ئیدارەکانی ئێمە زۆر لە دەسەڵاتی وەزیران زیاترە!)) پاساو بۆ سیاسەتی سەرانی کورد بێنێتەوە و بەرگری لێبکات."٢٥"

بەڵام رێبەرەکانی دیکەی کورد راشکاوتر بوون،دکتۆر مەحمود عوسمان لە کۆتایی شوباتی ١٩٧٥لە بەرسڤی ئەم پرسیارەدا  گوتی:(( ئەمرۆ شای ئێران دژی ئۆتۆنۆمی نییە،لە گەڵیشی نییە!لەم ڕووەوە دڵی پێ خۆش ناکرێ))"٢٦"

ئاشکرایە کە سەرانی کورد دەربارەی مانا وچەمکی ئەم شەڕە بێ ئاکامە پرسیاریان لە خۆ دەکرد.

دکتۆر مەحمود عوسمان کە لە ساڵی ١٩٦٢وەوە دەگەڵ باڵی راستی پارتیدابوو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ: ((ئێمە خوێنی گەلی کورد لە پێناوی خۆشی شا دا نارێژین!)) چەند رۆژێك بەر لە رێکەوتننامەی جەزائیر بەینی شای ئێران وسەرانی کورد تێك چووبوو.

کوردێك کە لە رووی پلە وپایەوە لە دکتۆر مەحمود عوسمان، بچوکتر بوو،وهەستی بە ئازادییەکی پتری دەربڕین دەکرد،بە نائومێدی‌و کەسەرێکی زۆرەوە دەیگوت:(( ئێمە بۆ کەسێکی دی شەڕ دەکەین‌و هیچمان لەمە دست ناکەوێ! کوردستان وێران بووە، وەزع وحاڵی پەنابەران زۆر خراپە،بەڵام لە دان‌وستانی داهاتوودا((مافی)) کەمتر لە ساڵی ١٩٧٠ بەدەست دێنین.... .

https://t.me/kurdistanbooks

درێژە کێشانی شەڕ دەوڵەتی بەغدای لاواز کرد، ئێمەشی لاواز کرد، لەم بەینەدا براوەی گەورە شایە!))

قسە لەمە رونتر نابێ.

دوای چەند رۆژێك ئەو ڕیکەوتنەی کە لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێندا لە جەزائیرمۆرکرا کۆتایی بە شۆرشی بارزانی و هەموو خەونەکانی سەربەخۆیی کوردستان هێنا.

١٥- سەرچاوەو پەراوێزان :

١-هەڤپەیڤینی رۆژنامەوانی ١٩٧٤/٤/٨

٢-بروانە کتێبی(( کوردستانی عێراق))عیسمەت شەریف وانلی ل١٣٠-١٣١

٣-هاشم عەقراوی لە ساڵی ١٩٢٦لەدایك بووە،پەیمانگای مامۆستایانی بەغدای تەواوکردووە،لە ساڵی ١٩٥٩دا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو.

٤-عەبدوڵڵا ئیسماعیل،کە لە ساڵی١٩٢٧دا لە هەولێر لە دایکبووە،یەکێك بوو لە هەوە لێن کەسانێك کە لە ساڵی١٩٦١چەکیان هەڵگرت،ئەم ژمارەیە لەلایەن سوپای عێراقەوە سەرکوتکران،بروانە کتێبەکەی وانلی ل ١٠٠-١٠١.

٥-لوموند،رۆژی ١٩٧٤, /٣/١٦

٦- رویتەر، دەیلی ئەستار،رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٥

٧- لوموندی رۆژی ١٩٧٤/٣/١١ کە راپوری((دەنگی کوردستانی))بلاوکردۆتەوە.

٨- ((ڕێپێوانی دورودرێژی کوردان))ئولیڤەر پوستیل وێنە،لوموند ١٩٧٤/٧/١٠

٩-ئەم هەواڵە لە بوڵتنی دەزگای پاراستنەوە وەرگیراوە.

١٠-بە گوتەی مەسعود بارزانی عێراقیەکان ئەم هێزانەیان لە شەڕگەی کوردستاندا مۆڵ دابوو،لەشکرێن ٦، ٤، ٢، ١ بە(تەواوەتی)لەشکرێن٥، ٣،پێنج بەتالیۆنی هێزی تایبەت وهەموو یەکەکانی کوماندو،واتە تێکرای ٨٠هەزار نەفەر،واتە نزیکەی٩٠٪ سوپای عێراق،بروانە گوتاری رۆژی ١٩٧٥/١/٩کوتیدین دوپاری،بەناوی((پێشمەرگە نەخشەکانی بەغدا پوچەڵ دەکەنەوە)).

١١-دەیلی ئەستار،١٩٧٤/٨/٢٧،ئەنتەرناشیناڵ هیرالد تریبیون،ئەسوشیتید پرس،١٩٧٤/٨/٢٨

١٢-بروانە گوتاری((جەنگی سەد ساڵە لە عێراقدا))نووسینی کریس کۆچیرا،کە لە کوتیدین دوپاری رۆژی ١٩٧٥/١/١٠دا بلاوبووەتەوە.

١٣-ژمارەکان لە مەسعود بارزانی وەرگیراون،بروانە ژمارەی رۆژی ١٩٧٥/١/٩ کوتیدین دوپاری.

١٤-ئەم بابەتە لە حاجی ئۆمەران بۆ نووسەر باسکراوە،١٩٧٤,/٩/٢٨

١٥-((بەغدا سورە لەسەر ئەوەی بەر لە هاتنی زستان شۆرشی کوردان لە ناوبەرێ))ژ.پ.مرسیە،فیگارۆ،ژمارەی رۆژی ١٩٧٤/١٠/١٤.

١٦-عیسمەت شەریف وانلی رووبەری هەموو کوردستان بە ٧٠٠٠٠٠کم چوارگۆشە دادەنێ،ل٢٤٨

١٧-ژمارەکان لە عەلی عەبدوڵا وەرگیراون،دوا بودجەی ساڵانەی وەزارەتی کاروباری باکور ١٩ ملیۆن دیناری عێراقی،واتە ١٢٪هەموو بودجەی عێراق بوو.

١٨-هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،سەرسەنگ،١٩٧٤/٩

١٩-هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،ئامێدی،١٩٧٤/٩

https://t.me/kurdistanbooks

٢٠- هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،حاجی ئۆمەران،١٩٧٤/٩
٢١-نووسەر،کۆتایی شوباتی ١٩٧٥
٢٢-ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان.
٢٣-واشنگتۆن پۆست،١٩٧٤/١١/١٧
٢٤- هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا، حاجی ئۆمەران،شوباتی ١٩٧٥
٢٥-هەمان سەرچاوە.
٢٦- هەڤپەیڤین دەگەڵ نوسەردا، دەربەند،شوباتی ١٩٧٥

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی پازدەیەم :ڕێکەوتننامەی جەزائیر( ١٩٧٥/٣/٦ ) و هەرەسی یەکجارەکی :**

لە مانگی ١٩٧٣/١٠دا ڕێبەرانی کورد کە لە چیاوە پەیگیری ڕووداوە دبلۆماسییەکانی شەڕی عەرەب وئیسرائیلیان دەکرد،بە دیتنی پێشوازیی گەرمی برجنێڤ لە کیسنجەر لە مۆسکۆدا، بە سەرسوڕمانەوە گوتیان(( ئێمە نامانەوێ ئەمانە یەکدی لە ئامێز بگرن.حەزمان دەکرد یەکتریان بەر شاپان بدابوایە!))

سەبارەت بە ئێران وعێراقیش عەینی شت بوو:تا بەینی عێراق وئێران خراپتر دەبوو سەرانی کورد خۆشحاڵتردەبوون، وهەرکە باسی نزیك بوونەوەی ئەم دووانە دەهاتە پێشێ غەمبار دەبوون.

بەڵام ئەو جۆرە نزیکبوونەوەیەیان بە مەحاڵ دەزانی:ئەمانە کە تورەبوونی شایان لە دوای مۆر کردنی ڕێکەوتنامەی ١٩٧٠/٣/١١ وەبیر دێنایەوە دەیانگوت مەحاڵە شا ڕۆژێ لە ڕۆژان دەگەڵ سەرانی بەعسدا ڕێك بکەوێ ((ئەمە جێی باس وگفتوگۆ نییە))"١"

لێ لە حەقیقەتدا،شای ئێران لە هەیڤی ١٩٧٢/١٠ بەملاوە لە ڕێگەی وەزیرێکی دەرەوەی وڵاتێکی جیهانی سێیەمەوە- کە بێگومان تورکیایە-دەوڵەتی عێراقی تێگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی ناڤبری قبوڵ بکات پەیمانی ساڵی١٩٣٧دەربارەی شەتی عەرەب، کە ئێران سێ ساڵان لەوەوبەر یەك لایەنە بەتاڵی کردبووەوە، بە ئاشکرا بە تاڵ بکاتەوە، ئەویش(شا) ئامادەیە کارێکی وابکات ئاشتی باڵ سەر دەڤەرەکەدا بکێشێت."٢"

((سیا)) لەم کین وبەینە ئاگادار بوو، بەڵام کوردەکان لەم واریقاتە بێ خەبەر بوون.بەڵام وێڕای ئەمەش هەندێ هێماوئامارەی نیگەرانی ئەنگێز هەبوون کە دەبووایە کوردەکانی، کە پێشتر بوو بوون بە قوربانی ئاشتی بەعس وسۆڤیەتەکان (بە شێوەی تایوان) لەوە حاڵی بکردایە کە ڕێکەوتنی نێوان شا وسەدام کارێکی مەحاڵ نییە.

کە پەیوەندی دیبلۆماسی بەینی عێراق وئێران دەسی پێکردەوە، لە دووەم ڕۆژی هێرشی ڕەمەزان ( مەبەست هێرشی سوپای میسرە لە ١٩٧٣/١٠) بەملاوە، وەزیرانی دەرەوەی بەغداو تاران هەر تاو ناتاوێ لە ئەستەمبوڵ دیداریان دەکرد،و لە هەمان کاتدا هەندێ پەیوەندی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجام دەدرا.ڕاستە ئەم دیدارانە شتێکی لێ شین نەدەبوو، بەڵام هەر دیدارەکان بۆ خۆیان نیشانەومایەی نیگەرانی بوون.

لە هەیڤی ١٩٧٤/١٠دا ئەمیر عەباس هوەیدای سەرەك وەزیرانی ئێران لە هەڤپەیڤینێکی دوورو درێژدا،کە تایبەت بوو بە مەسەلەی کوردان لە هەڵویستەکانی جارانی بایدایەوەو زیاتر تاکیدی لە سەر((دابی مرۆڤدۆستانەی ئێران بوو،کە نەیدەتوانی دەرگایماڵەکەی لە ڕووی کەسانێك کە لە ترساو لە برساولە تاو بۆردومان هەڵدێن دابخات.))

سەرەك وەزیری ئێران لەم هەڤپەیڤینەدا خۆی لە چوونە ناو قەڵەمرەوی سیاسەت دوورە پەرێز دەگری.بەدەم حاشاکردنەوە لە هەرجۆرە کۆمەککردنێکی کوردان دەڵێ: ((ئێمە دەست ناخەینە کاروباری نێوخۆی عێراق.ئەمە چیرۆکێکە عێراقیەکان کە خەریکە لەبەرکوردان هەڵدێن و شکست دێنن،دروستیان کردوەو ڕەنگ ورتوشیان کردووە.بەرای من ئەم مەسەلەیە پەیویستە بە عێراقەوە.بێ هیچ شك وگۆمانێك کوردەکان مافی خۆیان هەیەوناتوانن ئەوە قوبوڵ بکەن کە عێراقیەکان وەکو هاوڵاتی پلە دوو ڕەفتاریان دەگەڵ بکەن.))

https://t.me/kurdistanbooks

كە لێی دەپرسن کەواتە کێ یارمەتی کوردان دەدات، سەرەك وەزیری ئێران دەڵێ: (( کێ ؟ رەنگە (( سیا)). یان دەزگای هەواڵگری فەرەنسی.))"٣"

لە کۆتایی مانگی١٢/١٩٧٤دا شای ئێران چاوپێکەوتنێکی دەگەڵ رۆژنامەی(السیاسە)ی کوەیتیدا کرد کە زۆر لە دیمانەکەی هوەیدا پتر مایەی نائومێدیو نیگەرانی بوو.شای ئێران عێراقی بەمە تاوانبارکرد کە:((راستگۆیانە کاری بەو رێکەوتنە نەکردوە))کە لە ئەستەمبوڵ لەسەری رێك کەوتوونوگوتی ئەو کوردەکان((هان نادا))کە داوای سەربەخۆیی بکەن،و لەسەری رۆیی:((ئەوان تەنیا خوازیاری ئۆتۆنۆمیەکی سنووردارن لە چوار چێوەی عێراقدا، نەك لە دەریی عێراقدا))"٤".

لەم کاتەدا هەندێ رووداوی جددی سنووریی،ئێرانوعێراقی گەیاندە ئاستانەی جەنگ: فرۆکەیەکی توپولیفی١٧ویەکێکی سۆخوی بە موشەکی ئێرانی،لە سنووری ئێران خرانە خوارەوە"٥"

چەند رۆژێك لەوەپاش شا لە ڤینا رایگەیاند کە مەسەلەی دانی((چەکی هجومی)) بە کوردان لە گۆڕێ نیە ،چونکە ئەو بە خۆی ((لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نییە))."٧"

جگە لەم شتانە نیشانەیەکی تری رەوشورەفتاری زۆر تەمومژاویونادیاری پایەدارانی ئێرانی دەبوایە سەرانی کوردی نیگەران بکردایە.لە هەیڤی شەشدا دەوڵەتی ئێران داوای لە((کۆمیتەی نێو نەتەوەیی خاچی سوور))و((لیژنەی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە پەنابەران)) کرد نوێنەری خۆیان بۆ سەردانی ئۆردوگای پەنابەرانی کوردی عێراقی بۆ ئێران بنێرن.

ئەم نوێنەرانە لە کۆتایی سەردانەکەیاندا لە کاربەدەستانی ئێرانیان پرسی ئایا پێویستیان بە کۆمەك هەیە؟ وەڵامی ئێران:نەخێر.بوو.

نوێنەرانی نێوبراو پاشان داوایان لە دەوڵەتی ئێران کرد کە مۆڵەتی نوێنەرانی خاچی سوور بدات لە ئێرانەوە بۆ کوردستانی عێراق بڕۆنوکۆمەکەکانی خاچی سور لەم رێگەیەوە بۆ زەرەرمەندانی شەڕ بنێردرێ،بەڵام دەوڵەتی ئێران خۆی دزییەوەو ئەم مۆڵەتەی نەدان.

لە هەمان کاتدا سەرەك وەزیرانی ئێران لەگەڵ تاکید کردنەوی ئەوەدا کە دەوڵەتی ئێران تا نهۆ ٨٠ ملیۆن دۆلاری لەم ١١٢٠٠٠کوردە عێراقییە پەناهەندانە خەرج کردوە(١٠/١٩٧٤) رایگەیاند کە((پێویستە ئەوە بلێم کە لەم خەمساردی وبێ موبالاتیەی رێکخراوێکی وەك(خاچی سووری جیهانی) یان(( کۆمیتەی باڵای پەناهەندانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان،دەرهەق بەم مەسەلەیە خەمباروسەرسامین.))

سەرەك وەزیرانی ئێران لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە دەقاودەق چاوەروانی چیە لەورێکخراوە جیهانیە،گوتی:((دەبوایە بهاتنایەوئەو پەناهەندانەیان بدیبوایە! چونکە بەپێی پرۆگرامی خۆیان لەسەریانە بێنومەسەلەکە تاوتوێ بکەن....ئاخر ئەم خەڵکە هەردەبێ رۆژێك بۆ ماڵی خۆیان بگەرێنەوە))"٧"

لە راستیدا مەبەستی ئێرانیەکان لە هاتنی نوێنەری رێکخراوێن نێو نەتەوەییوسەردانیان بۆ ئۆردوگای پەناهەندەکان((جۆرە بانگەشەوپروپاگەندەیەك بوو.))ئەوە بوو پاش وەرگرتنی مۆڵەتی ترانزێت لەلایەن خاچی سوری سویدیەوە(٢٤/١٠/١٩٧٤)ئەوجا خاچی سووری جیهانی ئەم مۆلەتەی وەرگرت."٨"

https://t.me/kurdistanbooks

زۆر زەحمەتە تەسەور بكرێ كە جەنەراڵ بارزانی ودەوروبەرەكەی بە تەواوی لەم كەین وبەینانە بێ خەبەر بووبن-بە تایبەتی هەڵوێستی شا دژ بە راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی لە چوار چێوەی عێراقدا،دەبوایە ئەو بەدگومانیەی كە جەنەراڵ بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧وە لە شای هەبوو ، زیاتر وتوندتر بكردایە!

رەنگە جەنەراڵ بارزانی ئومێدی بە بەڵینەكانی ئەمریكا بووبێ،ونەی دەزانی كە((سیا)) بە هەمان بێ شەرمی وبێ هەستی شای ئێرانەوە((تەنیا وەكو هۆ وئەوزاروئاڵەتێك بۆلاوازكردنی بونیادو توانای سەركێشی نێونەتەوەیی عێراق )) دەیڕوانیە ئەو."٩"

بە هەر حاڵ لە ١٩٧٥/٢/٢٠سەفیری میسر لە بەیروت بە نوێنەری بارزانی راگەیاند كە سەرۆك سادات حەز دەكات نوینەری جەنەراڵ بارزانی بدینێ.

دوای چڵ وهەشت سەعاتان سامی لە پڕ لە كوردستانەوە بۆ تاران رۆیی و(جەنەراڵ بارزانیش لە ١٩٧٥/٢/٢٦دا بۆ تاران چوو)لەوێندەرەوە بۆ قاهیرە چوو،ولەوێ دیداری دەگەڵ سەرەك سادات و هەیكەلدا كرد(هەڵبەتە لە ٢/٢٨)دا .

سەرۆك سادات لەم دیدارەدا بە سامی گوت كە لە جەزائیردا رێكەوتنێك لە بەینی ئێران وعێراقدا دەكرێ و ئەم رێكەوتنە پەیوەندی بە كوردیشەوە دەبێت.

لێ سەرۆك سادات لەسەری رۆیی كە وێرای ئەمەش شا((بە رەڤانی لە كوردان دەكات)). سامی لە گفتوگۆیەكدا دەگەڵ هەیكەل بە زمانێكی بنجبڕ گوتی:((رێكەوتنی بەینی شاوسەدام هەرچییەك بێ،ئەگەر پێویست بكابە ساڵان درێژە بە شەڕ دەدەین و تەسلیم نابین.))"١٠"

### ١- دەوری سەرەك سادات و بۆمد یەن:

لەبەر ئەوەی هەوڵەكانی یەكەمی زەمینە خۆشكردن بۆ رێكەتنی جەزائیر زۆر نهێنی بوون،بۆیە زەحمەتە ئەوە بزانرێ كە یەكەم هەنگاو بۆ ئەم ئاشتیە سەیرە كێ نای- سەرۆك سادات، سەرۆك بۆمدیەن، یان مەلیك حوسێنی پاشای ئوردن ؟

ئەگەرچی دەوری سادات لەم روداوەدا گرنگ بوو،بەلاّم (زەمانەتی) ئەو لە روانگەی شاوە كە خوازیاری زەمانەتی رێبەرێكی عەرەبی((توند))ی وەكو بۆمدیەن بووكافی نەدەهاتە بەرچاو.

مەبەستی سەرۆك سادات روون بوو:عەرەب نەیاندەتوانی لە گەڵ رووبەرووبوونەوەی ئیسرائیلدا ، جەبهەی دووەم لە خۆیان بكەنەوە، ئیدی ئەو بەرەیە بەرەی كوردستان با یان بەرەی زەفار فەرقی نەدەكرد.مەلیك حوسێنیش هەر هەمان مەبەستی هەبوو.

پرۆژەكەی بۆمدیەن لەمە بەرینتر بوو:لە باری جوگرافیاییەوە هەوڵی دەدا دەسەلاّتی هەردوو زلهێزەكە-ولاّتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ویەكێتیی سۆڤیەت-لە كەنداوی فارس ودەریای ناڤین كەم بكاتەوە، جا بۆ وەدیهاتنی ئەم ئاواتە دەبوایە كۆتایی بە شەڕی كوردستان كە زۆر بەلەزو بە جۆرێكی ترسناك گەشەی دەسەند، بهێنرێ.

لە مەیدانی نەوتدا،ئاشت كردنەوەی ئێران وعێراق لەلایەن جەزایرەوە، قازانجێكی زۆری تێدا بوو:شای ئێران وەكو جەزائیریەكان هەڵوێستی زۆر توندی لە بواری نەوتدا وەگرتبوو،وبەتوندی رەخنەی لەمەلیك فەیسەڵی پاشای سعودییە دەگرت،بەرادەیەك كە تەنانەت جارێكیان وتی:((ئەگەر

https://t.me/kurdistanbooks

فەیسەڵ ویەمانی- وزیری نەوتی ئەوسای عەرەبستانی سعودی-دەیانەوێ دیاری بدەنە ئەمریکا،دەتوانن چەکیان(صك)بدەنێ!بەڵام ئێمە ناتوانین ڕێی کاری وا بەخۆ بدەین))"١١"

بەمجۆرە سەرۆك بۆمدیەن بە ئومێدبوو بەو ناوبژیوانیەی خۆی عێراق بگەڕێنێتەوە بۆ ئۆپێك و بەرەی((تصدی))بەسێ کۆچکەی جەزایر-بەغدا-تاران بەهێز بکات.

هەروەها لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە بەگوتەی هەندێك کەسان ،سەرۆك بۆمدیەن پێی خراپ نەبوو بەشداری لە وەدەرنانی سۆڤیەتەکان لە کەنداوی فارس بکات وبەمە چاوێك لە ئەمریکاییەکان دابگرێ.

یەکەم پەیوەندی لەم بوارەدا،لەپەراوێزی کۆنفرانسی سەران لە (ڕەبات)ئەنجام دەدرێ،(١٩٧٤/١٠/٢٦):بەگوتەی جەزایریەکان یەکەم هەنگاویان لەم بوارەدا ئەوە بوو لە سەدام حوسێنیان پرسی:((ئایا ئامادەیە لەگەڵ شای ئێراندا دابنشێت؟))

سەرەك بۆمدیەن کە وەڵامی ئەرێتی لە یاریدەدەری سەرکۆماری عێراقی زانی، ئیدی درێژەی بە هەوڵو((دەم تاقیکردنەوە))کانی خۆی دا- هەڵبەتە لە ئاستی باڵادا.

شای ئێران لە ١٩٧٥/١/٦دا بە دیدارێکی فەرمی سێ ڕۆژە چووە عەمان.لە ٢/٨دا چووە قاهیرە و لەوێندەربە گەرمی پێشوازی لێکرا، بە تایبەتی کە بەر لە هاتنی بۆ میسر بەڵێنی قەرزێکی یەك ملیار دۆلاری بە وڵاتی نێوبراو دابوو."١٢"

ئەم هەوڵوتەگبیروراوێژانە تا کۆنگرەی سەرانی ئۆپێك بەردەوام بوو،پێشڤەچوونی کارەکە هێندە ڕەزایەت بخش بوو کە دەرفەتی بە سەرۆك سادات دا بەر لە بەستنی کۆنگرەی سەران،کوردەکان لە سازش وڕێکەوتنەکەی ئایندە ئاگادار بکاتەوە.

**٢- کۆنگرەی سەرانی ئۆپێك و ڕێکەوتنی ( ١٩٧٥/٣/٦ ):**

کۆبوونەوەی سەرانی ئۆپێك لە ١٩٧٥/٣/٤لە پایتەخی جەزائیر دەرفەتی بۆ سەرۆك بۆمدیەن ڕەخساند کە شاوسەدام پێك بگەینێ. هەموو شەوێك دوای کۆبونەوەی ئۆپێك ،شاو((پیاوی بە هێز))ی عێراق پێکەوە دادانیشتن وتا سپێدە بە جۆرێکی تایبەتی گفتوگۆیان دەگەڵ یەکدی دەکرد. یەکەمین شەوی ئەم شەونخونیە مێژوویانە، گفتوگۆیەکی دووقۆڵی وراستە خۆ بوو((بۆ ڕێ خۆش کردن.))

سەرەك بۆمدیەن لە دووەم شەودا بەشداری کرد:گفتوگۆکان بە زمانی فەرەنسی بوو،یەکێك لە هاوکارە نزیکەکانی سەرۆك بۆمدیەن بۆ سەدامی دەکرد بە عەرەبی.

سەرەك بۆمدیەن هەستی کرد کە سەدام حوسێن پیاوێکی((زۆر واقیع بینە))ودەزانێ کە بەهای شەڕی کوردستان(کە بە گوتەی عێراقیەکان بریتیە لە کوژرانی ١٠٠٠٠کەس لە ساڵێکداونزیکەی چوارملیار دۆلار خەرجی) ئەوەندە هەیە کە ئەگەر بیەوێ ئەم بڕە پارەیە بۆ پەرەسەندن و ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخان بکات بە خێرایی(زامەکان) سارێژ بکاتەوە.

بەڵام سەبارەت بە پەیوەندیەکانی عێراق دەگەڵ مۆسکۆدا- یاریدەدەری سەرکۆماری عێراق قەناعەتی بە بەرانبەرەکانی خۆی کرد کە ئەمە زادەی گۆشە گیری عێراق بووە .

شای ئێرانیش دەمێك بوو(لە نیسانی١٩٧٢وە،واتە لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی عێراق و یەکێتیی سۆڤیەتەوە) دەیوەست یەکێتیی سۆڤیەت لە دەڤەرەکە وەدەرنێ.

https://t.me/kurdistanbooks

شای ئێران زۆر چاك دەیزانی كە پشتیوانی لە كوردان بۆ ئەو لە راستیدا ئاگربازییە:لە ئێراندا پێنج ملیۆن كورد هەبوون،كە هیچ جۆرە مافێكیان نەبوو،هەر ئەوەبوو كە بە ئێرانیانی باش دەژمێردران! ئەم گەلە لە قوتابخانەكاندا بە زمانی زكماكی خۆیان نەیاندەخوێندو لێیان قەدەغە بوو(هەر تاو ناتاوەش مامۆستایانی كوردیان بۆ ناوچەكانی دیكەی ئێران دەگواستەوە) بلاْوكراوە و چاپەمەنی بە زمانی كوردی یاساغ بوو،نەتەوەپەروەرانی كورد بەشیان هەر ئازاروئەشكەنجە بوو.

شا بە كردنەوەی سنووری نێوان كوردستانی عێراق وكوردستانی ئێران،كارێكی كردبوو كە ئەنجاموئاقیبەتێكی نادیاری هەبوو:مانگانە هەزاران پێشمەرگە بۆ بەسەربردنی مۆڵەتی دوو سێ رۆژەی خۆیان بۆ لای خێزانەكانیان لە ئێران،كە لە ئۆردوگای پەناهەندەكانی ورمێ وكرمانشادا دەژیان،دەهاتن.

ئەو چیرۆكانەی كەم ئەم پێشمەرگانە دەیانگێراوە چ كارێكی دەكردە سەر زەین وهزری كوردێن ئێران ؟

شا،كە هەمیشە ئاگای لەمە بوو، لە سەفەرەكەی دا بۆ فەرەنسا لە حوزەیرانی ١٩٧٤دا رایگەیاند :(( ئەگەر بەلوعەكە بگرمەوە هەموو شتێك تەواو دەبێت!))"١٤"

جا ئێستا وەختی ئەوە هاتبوو كە شا((بەلوعەكە بگرێتەوە!))

پاش شەوێكی دیكەی شەونخونی،كە بە دانیشتن لە دەوری خوانی بەیانی كۆتایی هات،سەرەك بۆمدیەن لە كۆتایی كۆبوونەوەی سەرانی ئۆپیكدا رایگەیاند كە:(( رێكەوتنێكی تەواو بە مەبەستی كۆتایی هێنان بە ناكۆكیەكانی بەینی هەرتك ولاْتی برا كراوە))شاوسەدام لە بەرچاوی سەرانی واق ورماوی ولاْتاندا یەكتریان لە ئامێز گرت.

ئێستا ئەو زەمانە بەسەر چووبوو كە سەرەك ناسر شای ئێرانی بە ((موسوڵمانی ئازیزو تاقانەی ئیسرائیل))ناودەبرد.

### ٣- خاڵە رەسمیەكانی رێكەوتنی ئازاری (١٩٧٥):

رێكەوتننامەی جەزائیر بە رەسمی چواردادە بوو كە ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆ:

- دیاری كردنی سنوری زەمینی لە نێوان ئێران و عێراق بە پێی قەواڵەنامەكانی ساڵی ١٩١٣ی قەستەنتەنیە وكارەكانی كۆمیتەی ساڵی ١٩١٤
- دیاری كردنی سنووری ئاویی، بە پێی خەتی ناوەراستی شەتەكە .
- چاودێری توندو(كاریگەری)ی سنوورەكان بە مەبەستی نەهێشتنی دزەكردنی ((خەرابكاران))
- ئەم خاڵانە،بناغەیەكی گشت گیرن وهەر لادانێك لێیان،روحی ئەم رێكەوتننامەیە دەخاتە خەتەرەوە."١٦"

### ٤- خاڵە نهێنیەكانی رێكەوتننامەكە:

رێكەوتنی جەزایر لە راستیدا رێكەوتنێكی سادەی سنووری نەبوو، بەڵكو رێكەوتنێكی بنەرەتی وستراتژی بوو،وئەگەر بە تەواوی جێبەجێ بكرایە ئاكاموكارگەرییەكی درێژخایەنی لە ناوچەی كەنداوی فارسدا دەبوو.

https://t.me/kurdistanbooks

ڕێبەرانی بەعس بە ئیعتیراف کردن بەهێڵی سنووری کۆمیتەکانی سنووری ساڵانی ١٩١٣-١٩١٤ نەك هەر مەسەلەی شەتی عەرەبیان حەل وفەسل کرد،بەڵکو چاویان لە مافی مێژوویی عارەب لە خۆزستان(یان ئەوان گۆتەنی لە عەرەبستان)وکلکەی باکوری کەنداوی فارسیش پۆشی بوو،هەربۆیەش چاپەمەنی وبڵاوکراوەکانی دیمەشق بەلەز بەزمانی توند لەم رووەوە سەرزەنشتیان کردن .

بەڵام ڕێکەوتننامەی جەزایر خاڵێکی تایبەتی تێدایە کە نابێ وڵاتانی کەنداوی فارس بکرێن بە داشە هارەی گەمەی زلهێزان ،بە پشتیوانی لە کێشە ناوچەییەکان: بەم پێیە ئێران دەستەبەرداری کوردەکان دەبوو.

عێراقیش لەلایەن خۆیەوە پابەند دەبوو کە هەر جۆرە پشتیوانیەك لە ڕێکخراوە دژە ئێرانیەکان کە بەغدا مەڵبەندیان بوو-بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-وشۆرشڤانانی زەفار بېرێ.

**٥- کورد لە بەرانبەر ڕێکەوتنی ١٩٧٥/٣/٦:**

کوردەکان هەواڵی ڕێکەوتنی جەزائیریان لە رادیۆوە ژنەوت،بەڵام نەك لە رادیۆی(دەنگی کوردستان)ەوە کە تاقە وشەیەکی لەم بارەیەوە نەگوت، بەڵکو لە بی بی سی،لە دەنگی ئەمریکا، لە رادیۆی قاهیرە، رادیۆی ئیسرئیل ورادیۆی بەغدا!

تەنێ چەند کەسێك لە خەڵکانی نزیکی سەرانی کورد لە شەوی ٣/٥دا لەم رووداوە ئاگادار بوون:ئیدی بۆ کوردەکانی دیکە،بە تایبەتی بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە شەڕگەکانی زاخۆو رەواندزوقەڵادزەدا دەجەنگین، هەروەها بۆ پەناهەندەکان وفەرمانبەرانی((وەزارەت خانە))کانی دۆڵی چۆمان،ئەم هەواڵە وەکو بۆمبا دەنگی دایەوە.

بەڵام کاردانەوە دەرهەق بەم هەواڵە لە شەڕگەو پشت شەڕگە جیاوازە.لە شەڕگەکاندای هێزی پیشمەرگە،هەرچەند سەریان لەم کارە سوڕمابوو،بە هیچ جۆرێ باوەڕناکەن کە هەموو شتێك کۆتایی هاتبێ، بەهیوان لە ڕێگەی شاوە ئەم ڕێکەوتنە، ڕێکەوتنێکی دیکەی لە نێوان جەنەراڵ بارزانی و بەغدایە بەدوادا بێ.

ئەگەر بەراستیش سنور دابخرێت،ئەوان(پێشمەرگە)بەلای کەمەوە بۆئەوەی بیسەلمێنن کە دەتوانن بە بێ کۆمەکی ئێرانیش بەرگە بگرن درێژە بە شەڕ دەدەن!

لە پشت شەرگەوە، لە دۆلی چۆمان هەرەس،هەرەسی تەواو بوو....ژمارەیەك خوێندکاری زانکۆ کە چەند مانگێگ یان چەند هەفتەیەك بوو پەیوەندییان بە شۆرشی کوردە کردبوو، لە نائومێدیدا لێبڕان خۆ کوژی بکەن، ناچار تەفنگەکانیان لێ سەندن.

ئاشکرایە کە بۆچی وەها ورەیان بەرداوە: هەمان شەوی ٣/٦، ئێرانیەکان ئەو تۆپخانەوفڕۆکە شکێنانەیان،کە بۆ بەرگری لە بارەگای جەنەراڵ بارزانی لە حاجی ئۆمەران، هێنرابون ،کۆکردەوەو بردیانەوە بۆ ئێران.

ئەم خەڵکە کە دەیانبینی لۆرییە ئێرانیەکان بە جادەی هاملتۆندا پشت لە شەڕگە بەرەو ئێران دەرۆیشتنەوە، ئیدی حاڵی دەبن کە ڕێکەوتنی ٣/٦ ئاکامی کوشندەی بۆ شۆڕشی کورد دەبێت.

بۆ سبەینێ، واتە ١٩٧٥/٣/٧ هێزی فڕۆکەوانی عێراق کە هیچ ترسێکی لە تۆپی فرۆکەشکێن وموشەکی ئێرانی نەبوو،سەرانسەری دۆڵێ چۆمانی لە گەلاڵەوە بیگرە تا ناوپردان و

https://t.me/kurdistanbooks

دەربەند ونزیکی حدودی کرد بە مەیدانی هێرش وپەلاماری بەردەوام و بۆردومان وگوللەبارانی خۆی.ناوچەکە پەشێوە،پەشێوی بە رادەیەکە کە کاتێ تەرجومانێکی رێنوێنی رۆژنامەوانێکی بێگانە، لە شەڕگەیەکی دورەوە بۆ دەربەند دەگەڕێتەوە، تەماشا دەکات مەڵبەندی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەو هەموو(وەزارەتخانەکان) چۆڵ وهۆڵن،بەنی بەشەری تیا نییە:کادرە ئیدرایەکانی پشت بەرە هەموو پەنایان بردووەتە ئێران.

لە هەمان کاتدا سوپای عێراق دەستی بە هێرشێکی گشتی کرد. تەنیا لە شەرگەی رەواندزدا یەك لەشکرونیوی بە پشتیوانی نزیکەی ٢٠٠ تانکەوە دژی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان خستە گەڕ.عێراقیەکان(رەنگە ئێرانییەکانیش) کەمترین گومانیان لەوە نەبوو کە ئەم شەرگەیە تێك دەشکێت وهەرەس دێنێت و یەکەمین یەکەی سوپای عێراق لە زەرفی ٤٨ سەعاتدا دەگاتە سنووری ئێران.

لێ هێزی پشمەرگە بەوپەڕی سەرسەختی و ورەبەرزییەوە شەڕیان کرد،وبەرگەیان گرت،و زەرەرو زیانێکی زۆریان لە سوپای عێراق دا"١٧". رێك هەفتەیەك دوای رێکەوتنی جەزایر،دەوڵەتی عێراق رایگەیاند کە کریارێن سوپایی لە کوردستاندا رادەگرێ:ئەم ئاگربڕە کە لە سەر داوای شای ئێران بوو، بڕیار بوو تا کۆتایی مانگ بەردەوام بێ ودەرفەت بە کوردەکان بدات خۆیان ساغ بکەنەوە، یان پەنا وەبەر ئێران بەرن و ببنە پەنابەر یان بۆ عێراق بگەرێنەوەو تەسلیم بن.

### ٦- جەنەراڵ بارزانی و رێکەوتنی ٣/٦:

سەرانی کورد تا کۆتایی ئەو واقیعەیان پێ قەبوڵ نەدەکرا،بەوە دڵی خۆیان خۆش دەکرد کە ئەمریکیەکان لەلای شا بە قازانجی ئەوان ناوبژیوانی دەکات.

جەنەراڵ بارزانی کە لە ١٩٧٥/٢/٢٦دا بۆ تاران چوو بوو تا دوا هەوڵی خۆی لەگەڵ شادا بدات، بێ ئەوەی لەلایەن شاوە پێشوازی بکرێ بۆ کوردستان گەرایەوە.بەڵام پێیان وتبوو کە رێکەوتنێك دەبێت و ئەم رێکەوتنە بە قازانجی کورد دەبێت .

بەڵام لە١٩٧٥/٣/٥دا، شەوی پێش راگەیاندنی رێکەوتنی جەزایر،یەکێك لە ئەفسەرانی ساواکی ئێران ،هاتە نك وی‌و بە((زمانێکی توندوچاوەنۆڕ نەکراو)) پێی گوت کە((سنوور دادەخرێ و رێگەی هیچ جۆرە هاتووچۆیەك نادرێ.نابێ چیتر چاوەنۆڕی کۆمەك (لە ئێران)بکات.دەبێ مەرجەکانی عێراق قەبوڵ بکات هێزی پێشمەرگە رێگە نادرێت پەنا وەبەر(ئێران) بەرن، مەگەر بە شێوەی گروپی بچوك وپاش ئەوەی چەکەکانیان تەسلیم بە ئێران بکەن."١٩"

بارزانی ودەوروبەرەکەی هێشتا هەر بە تەمابوون،کە رێکەوتنی جەزایر((هەندێ شتی بۆ کوردانیش)) تێدا دەبێ، بەڵام دوای ئەوەی سوپای عێراق لە ١٩٧٥/٣/٧دەستی بە هێرش کرد، ناچار ئەم دوا خەیاڵاتەیان لە سەری خۆ دەرکردو لە ١٩٧٥/٣/١٠دا نامەیەکی نائومێدانەیان بۆ ((سیا)) لە تاران نارد:

((سەرگەردانی وپەشێوی باڵی بەسەر جەماوەروهێزی ئێمەدا کێشاوە.خەتەرێکی بێ پێشینە هەڕەشە لە چارەنووسی گەلی ئێمە دەکات.ئێمە لە بەردەم هەڕەشەی نابوودی تەواوداین.ئەم شتانە هەموو نادیارو بێ پاساوە.ئێمە روو دەکەینە دەوڵەتی ئەمەریکا و ئێوەو داواتان لێدەکەین کە بە پێی بەڵێنەکانی خۆتان بکەن وفریابکەون ومەیەڵن ها وپەیمانەکەتان تیا بچێ،وگیانی جەنەراڵ

https://t.me/kurdistanbooks

بارزانی وکاروبـاری خێزانـەکانمان بپارێزن، وچارەسـەرێکی ئابرومەندانـە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە بدۆزنەوە.))"٢٠"

هەر هەمان ڕۆژ جەنەراڵ بارزانی نامەیەکی بۆ کیسنجەر نووسی:((وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەرانبەر بە گەلی ئێمە کە بۆ پێشڤەچوونی سیاسەتی وڵاتی ئەنگۆ گیرۆدەی ئەم ڕووداوە بووە، بەرعۆدەیی ئەخلاقی و سیاسی دەئەستۆدایە،وداوای لێکرد لەم بوارەدا چەند هەنگاوێ بنێ:

– بەر لە هێرشی سوپای عێراق بگرێ ودەرگای دانوسان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك (کە رواڵەت بپارێزێ) بکاتەوە.

– لەم ساتە مێژوویی و خەمناکەدا،بەمەبەستی کۆمەك کردنی گەلی کورد، گوشار بخاتە سەر ئێران ،تا بەلای کەمەوە خەڵك(ولەشکری ئێمە) بتوانن،بەلای کەمەوە تا ئەو دەمەی مەسەلەکەمان لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی گشتیدا چارەسەر دەکرێ، درێژە بە شەڕی پارتیزانی خۆ بدەن."٢١"

کیسنجەر هەرگیز وەڵامی ئەم نامەیەی بارزانی نەدایەوە.

**٧– دوا ڕۆژەکانی شۆڕشی کورد:**

پاش ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لە ١٩٧٥/٣/١٣دا ، هەموو سەرانی سوپایی کورد و زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزب سووربوون لە سەر ئەوەی کە وێڕای بڕانی کۆمەکی ئێران،درێژە بە شەڕبدەن.

بۆ درێژە پێدانی شەڕ نەخشەیەك دانرا:بەپێی ئەم نەخشەیە دەبوایە ژمارەی هێزی پیشمەرگە بەرادەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە ،لایەنی هەرەزۆر ١٤–١٥ هەزار کەس بهێڵرێتەوە. گەنجەکان بە پێشمەرگایەتی بمێننەوەو ئەوانی دی بچنەوە ماڵی خۆیان.عەماری ئازووقە دروست بکرێ، سەرکردایەتی شۆڕش وئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە پێنج ناوچەی جیاوازدا بڵاوببنەوە ، جەنەراڵ بارزانی لە((باڵەك)) جێگیر ببێ.

لە ١٩٧٥/٣/١٦دا لە کۆبوونەوەیەکدا لە گەلاڵە،بە ئامادەبوونی هەموو سەرانی سوپایی و فەرماندەیی هێزو بەتالیۆنەکان، جەنەراڵ بارزانی نەخشەی هێرشێکی لە شەڕگەی ڕواندز پەسند کرد:بڕیاردرا هەمو پێشمەرگەکانی ئەم بەرەیە، بەشداری ئەم هێرشە بکەن،سەرکردایەتی لەشکری کوردستان ئامادەبوو ٢٠٠٠ پێشمەرگە فیدابکات،بەو هیوایە کە باقی هێزی پێشمەرگە سەنگەری عێراقیەکان بکوتن و ڕابماڵن وتا((گەلی عەلی بەگ))پێشرەوی بکەن."٢٢"

**٨– هەرەسهێنانی شۆڕش:**

بەڵام هەر هەموو ئەم پرۆژەوبەرنامانە هەر زوو شێوەی خەونێکی پەریشانیان لە خۆ گرت:لە ١٩٧٥/٣/١٥بە پێی ڕێکەوتنی جەزایر،وەزارەتی دەرەوەی ئێران وعێراق(عەباسعەلی خەلعەتبەری وسەعدون حەمادی)لە تاران وبەسەرۆکایەتی بوتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی جەزایر پێکەوە کۆبوونەوە.

وەزیرانی نێوبراو پاش ٤٨ سەعات گفتوگۆ،دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێی کردنی ڕێکەتنامەکە گەییشتنە ڕێکەوتی یەکجارەکی:لە ١٩٧٥/٣/١٧ دا قەواڵەیەکیان ئیمزاکرد کە بە پێی ئەو قەواڵەیە

https://t.me/kurdistanbooks

بڕیاری دامەزراندنی سێ کۆمیتەومۆڵەتدانی چالاکی((٥٠)) ئەفسەری جەزایری لە هەردوو دیوی سنوردا درا.

لە ١٩٧٥/٣/١٨دا،ئەندامانی مەکتەبی سیاسیوکۆمیتەی ناوەندی پارتی، لە کۆبوونەوەیەکی تریاندا لێبڕان کە دەست لە شەڕ هەڵگرن.

دەست کێشانەوەی جەنەراڵ بارزانی لەشەڕ هێشتا یەکێکە لە نهێنیە گەورەکانی دوا ساتەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد.گەورەیی تەمەنو ماندوو بوون رونکەرەوەوپاساوی هەموو شتێك نیە:((دەست بەردار بوونی ئێران))یش وەڵامی هەموو لایەنێکی ئەو نهێنیە نیە.

بە گوێرەی هەندێك ریوایەتان، پاش کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە لە تاران،ئەفسەرێکی گەورەی ئێران هاتە نك بارزانی وهەڕەشەی کرد کە ئەگەر درێژە بەشەڕی سوپای عێراق بدات،سوپای ئێران دەستەوئەژنۆ دانانیشێت..حەمید بەرواری کە یەکێك بوو لە فەرماندەکانی لەشکری کوردستان، لە روونکردنەوەیەکیدا بۆ رۆژنامەوانێك، دروستی ئەو واریقاتەی سەرێ دەسەڵمێنێ :نێوبراو بەو رۆژنامەوانە بێگانەیەی گوت:((ئێستا ئەگەر شەڕ بکەین،دەبێ نەك لەگەڵ یەك دەوڵەتدا ،بەڵکو لەگەڵ چەندین دەوڵەتدا شەڕ بکەین)).

بە گوتەی هەندێك ژێدەرانی دی،جەنەراڵ بارزانی دوای رێکەوتنی ٣/٦ بۆتاران گەرایەوەو پاش ٢-٣ رۆژ،کە لە نیشیمەنگەکەیدا ،بە عەمەلی دەست بە سەر بوو، شا پێشوازی کرد.

شا بانگی کردبوو وداوای لێکردبوو کە دەست لە شەڕ هەڵگرێ،ودوای ئینزار پێشنیازی کردبوو کە ببێ بە پەناهەندەی ئێرانوگوتبووی:((١٢ساڵان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا مایتەوە،وەرە ئێرەو دوو سێ سالیش لە ئێراندا بژی)) .

یەکێك لەو رۆژاواییە دەگمەنانەی کە هەفتەیەك دوای رێکەوتنی جەزایر دیداری دەگەڵ بارزانیدا کرد(ئەمە دەمانێ بووکە جەنەراڵ بارزانی لە کوردستان بوو،وئازادانە قسەی دەکرد)ئەو رۆژنامەوانە بەم جۆرە وەسفی دەکات (( پیرەمێردێکی موو سپی بوو کە زامێکی قوڵ بە روحیەوە بوو.دوو سەعاتی تەواو قسەی لەمەڕ ئەو( خیانەتە) کرد کە دەرهەق بەو کرابوو. بەڵام خۆی بە بەزیووشکست خواردوو نەدەزانی!

بارزانی بە خۆی باوەڕی بە درێژەپێدانی شۆرش هەبوو،بەڵام ئەمەشی لەبەر چاوبوو کە خەڵکی مەدەنی(بەتایبەتی خەڵکی بادینان) ئیدی ئەو توانایەیان نەبوو کە دوای بکەون.

دەیگوت کە ئامادەیە دەم ودەست لەگەڵ بەغدایە بکەوێتە گفتوگۆوئەو دانوستانە دەست پێبکاتەوە کە یەك ساڵ لەمەوبەر بڕا بوو."٢٣"

((هەیکەل))ش یەکێك بوو لەوانەی دەرفەتی بۆ هەڵکەوت کە چەند هەفتەیەك لەوەدوا، واتە لە سەرەتاکانی مانگی ١٩٧٥/٥دا لە تاران بارزانی بدینێ و لێبڕا بچێتە بنج وبناوانی ئەو فاکتەرو هۆیانەی بوونە مایەی دەست کێشانەوەی بارزانی لە جەنگ.

جەنەراڵ بارزانی- کە نهۆبە عەمەلی بارمتەیەکە لە دەستی شاداولە ئازادی رەفتاروگوتار مەحرومە، وەڵامی دەداتەوە:((تەنانەت ئەگەر سنوورەکانیشیان دابخستایە من هەر لەگەڵ درێژەپێدانی شۆرشدا بووم، بەڵام وام بە چاك زانی کە لەوەی پتر نەبمە مایەی رشتنی خوێنی گەلی کورد وعێراق))!

https://t.me/kurdistanbooks

لەسەری دەروات:((من تەسلیم نەبوومە))(!).پێم باشتر بوو جارێ بە شێوەیەکی کاتی شۆرش رابگرم))"٢٤".

ژمارەیەك لە فەرماندە عەسكەریەكان نەیاندەویست دەست لە شەڕهەڵگرن.بەتایبەتی ئەسعەد خۆشەوی کە سەرپێچی لە فەرمانەکانی جەنەراڵ بارزانی کردوگوتی:(( ئەنگۆش دەست هەڵگرن من بەخۆم ئەوەندەم چەك وتەقەمەنی هەیە کە تا دوو ساڵی دی درێژە بە شۆرش بدەم!))

لێ بارزانی بروسکەیەکی دی بۆ ناردوئەمری پێکرد کە بە خۆی وخێزانەکەیەوە بۆ حاجی ئۆمەران بروات.

هەندێ لە فەرماندە عەسكەرییەکان وڕێبەرانی حیزب ماوەیەك، تا (٣/٢٤) ش هەر لە بیری ئەمەدا بوون کە شۆڕشی پارتیزانی لە دەڤەری پێنجوێندا هەڵگیرسێنن،بەڵام کە قەیرانی ساڵی١٩٦٤یان وەبیر هاتەوە کەسیان زاتی نەکرد مل بداتە ئەو کارە.

### ٩- هەڵاتنی بە کۆمەڵ:

کۆتایی رووداوەکە نزیك دەبووەوە....رێبەران،رێگەی حاجی ئۆمەران و سنوری ئێرانیان گرتە بەر.لە بادینانـدا کە دووری رێگە کردبوویە کارێك کە جەماوەری خەڵك وپەنابەران بەزوویی نەگەنە داڵدەیەکی ئێران،هەندێ کاری خەمین رویدا.

ئەوەبوو کە عیسا سواری ئامیر بەتالیۆن کاتێ ویستی هەڤاڵەکانی خۆی بەجێ بهێڵێ بەدەستی ئەوان هاتە کوشتن.

لەسەرانسەری دۆڵی چۆماندا،هەرهەمووان،رێبەرانی خۆیان بەخیانەتکاردەزانی:لەم دوا رۆژانەی مانگی ئازاردا،بەر لە هاتنی رۆژی١/٧٥/٤(کە کۆتایی ئاگربڕ بوو)کە رۆژێکی چارەنووسساز بوو((ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسی حیزب،یان یەکێك لە کوڕانی بارزانی زاتیان بکردایەو لەسەر رێگەی چۆمان وحاجی ئۆمەران بەدیاربکەوتایە،دەموەدەست دەکوژرا))ئەمە یەکێك لەو شایەتحاڵانە دەیگێڕێتەوە کە بە چاوی خۆی ئەو دیمەنە سامناکانەی دیتووە کە لە دوا ساتەکانی ژیانی ((قەڵای کوردستان))دا روویان دەدا.

دوادانیشتوانی گەڵاڵەوچۆمان وەدەربەند،بەنزینیان بە ماڵ ودوکانەکانیاندا کرد وئاگریان پێوە نان،لەکاتێکدا لە بێ دەسەڵاتی ونائومێدیدا دەگریان،وەدەنگی دەسدرێژی تفەنگ ورەشاش سەرانسەری دۆڵەکەی پڕ کردبوو- پێشمەرگە ئەم تەقانەیان دەکرد، دەیانویست بەر لەوەی تفەنگەکەیان بشکێنن وئاودیوی ئێران بن، تەقەمەنیەکانیان تەواو بکەن.

لە ١٩٧٥/٣/٢٠دا رەشید سندی، کە یەکێك بوو لە فەرماندە عەسكەرییەکانی بارزانی، فەرمانی ڕاگرتنی شەڕی (لەلایەن بارزانیەوە) قەبوڵ کرد.لە بیست ویەکی ئازاری ١٩٧٥دا رادیۆی (دەنگی کوردستان) بێ هیچ روونکردنەوەیەك بەرنامەکانی خۆی راگرت.

لە ١٩٧٥/٣/٣٠ بەشەو، جەنەراڵ بارزانی کە لە ٣/٢٢وە لە رێگەی کەناڵێن دیبلۆماسیەوە داوای پەنابەری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا"٢٥"کردبوو، بۆ دواجار لە حاجی ئۆمەرانەوە لە سنور پەرییەوە.

جەنەراڵ بارزانی نزیکەی(٣٠)سی ساڵ دوای قازی محەمەد،سەرۆکی کۆماری تەمەن کورتی مەهاباد،کە هەر خۆی بۆیە قازی بە خیانەت تاوانبارکردبوو کە بێ هیچ شەڕێك ١٠٠٠٠ تفەنگی تەحویلی ئێران دابوو،ئەمیش دەستی لەو شۆڕشە هەڵگرت کە لە پێناوی وەدەست هێنانی(مافی

https://t.me/kurdistanbooks

گەلی کورددا) هەڵی گیرساندبوو،پاش ئەوەی چل ساڵی تەمەنی خۆی لە قەبەڵی ئەم خەباتە چەکدارییە کرد،دیسان ڕێی تاراوگەی گرتە بەر،و پشتی لە دام ودەزگایەك کرد کە لە سەردەمی ((ئەفسانە ئاسا))ی میر بەدرخان بەملاوە بە هێزترین(حکومەت)ی کورد بوو.

**١٠- کۆتایی:**

دوای چەند هەفتەیەك، دوا گروپی ڕێبەری کوردی وەفاداری بارزانیت لە ئۆردوگای نەغەدەی نزیکی مەهاباد دەبینی.

هیچ مسیبەتباروکارەساتدیدەیەك بە ئەندازەی ئەمانە گوناح ومایەی بەزەیی نەبوو.

چەند خێوەتێکی قەراغ شارۆچکەی نەغەدە شوێنی مەکتەبوبارەگای سەرانی کورد بوو:ئیدریس، مەسعود،سامی، عەلی عەبدوڵلا .. مەسعود کە حەزی نەدەکرد کەوتن و بەدبەختی خۆی نیشان بدات، خۆی لە دیداری خەڵکی دەدزییەوە.

سامی لە تفاقی نوسینگە تەنیا یەك مێزی بچووکی هەبوو،لە ژێر خیوەتێکدا، لەگەڵ دوو کورسی وبۆکس فایلێکی نیمچە کراوە-ی بەتاڵیش بەسەر میزەکەیەوەبوو.بە دیتنی سیمای((سەرەك وەزیران))ی کوردستان،زەحمەت بوو تەسەور بکرێ کە ئەم پیاوە شان وشەپلیك داتەکیوە،ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە وچرچەڵەیەی کە لە بەر چاوت بوو،چەند هەفتەیەك پێشتر توانیێتی بەسەنگ و هێزی سی هەزار پێشمەرگەی لەشکری کوردستان-یەکێك لە باشترین سوپاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین-لەگەڵ شای ئێران و سەرۆك سادات وکیسنجەردا دانیشتبێ وگفتوگۆی کردبێ.

سامی هیچی پێنەبوو بیلێ.هەر ئەوەندەی بۆ دەگوترا کە((شۆڕشی چەکداریی کورد تەواو بووە.... ولە ڕوانگەی سیاسیەوە کاری ئەم گروپە لە ڕێبەرانی کورد تەواو))

ئەم کەسایەتیە کە ئەندازیاری هاوپەیمانی دەگەڵ(سیا)دابوو بە داخ وکەسەرەوە لەسەری ڕۆیی: ((کەسێکی زۆر لە ئێران گەورەتر سۆزوبەڵێنانی ئاشکرای دابووینێ،وپەیمانشکێنی کرد))"٢٦"

بەڵام وێڕای ترس ونیگەرانی(سیا)کوردەکان تا کۆتایی لەسەر بەڵێنی خۆیان مانەوەو چ شتێکیان لەمەڕ نەخشی ئەمریکا کەشف نەکرد.

لە ئۆردوگای نەغەدەدا،کادرانی ڕژێمی بارزانی، هەموو خەمباروبێکار، لەم خێوەتەوە بۆ ئەو خێوەت دەگەڕان:فەرەنسۆ، فەرمانداری جارانی گەلاڵە،عەلی عەبدوڵلا، وەزیری دارایی جاران، شوان شاخەوان، بەرپرسی مەکتەبی ئاوەدانکردنەوەی دێهاتان و زۆری دیکە.

بەڵام بێگومان لە هەمووان نائۆمێدتر خوێندکارانی زانکۆ بوون کە بە نیگەرانی وپەشێوی لە خۆیان دەپرسی کیڤە بچن؟

ژمارەیەکیش پێشتر بڕیاری خۆیان دابوو،وەکو ساڵح یوسفی، کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی جەزایردا،لە ڕەواندز خۆی تەسلیمی کاربەدەستانی عێراقی کرد...هەندێکی دی،کە بەو ئۆتومبێلانەی کە ساواك دە ئختیاری نابوون،لە تاران دەسوڕانەوە،دوای ماوەیەکی کەم بە پاسپۆرتی عێراقی بۆ بەیرووت ڕۆیشتن.

بەڵام بۆ زۆربەی ئەو خوێندکارانەی کە لە عێراق یان لە ئەوروپادا دەستیان لە خوێندنی زانکۆ هەڵگرتبووپەیوەندیان بە بارزانیەوە کردبوو، وەزعەکە یەکجار بەزەیی ئەنگێزبوو:بەلای ئەمانەوە مەسەلەی سوود وەرگرتن لەو عەفواتەی کە دەوڵەتی عێراق دەری کردبوو،وئەنجومەنی

https://t.me/kurdistanbooks

سەرکرایەتی شۆڕش لە ١٩٧٥/٤/٣٠دا بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژی دی درێژی کردبووەوە،تا ئەوانەی دەیانەوێ سوودی لێوەربگرن، بتوانن بۆ عێراق بڕۆنەوە، لە ئارادا نەبوو."٢٧"

سەرباری زەمانەتەکانی سەدام حوسێن،گەلێك لەوانە ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەگەر بۆ عێراق بگەرێنەوە ئازادی خۆیان لە دەست بدەن وزۆریشیان نیگەرانی گیانی خۆیان بوون.سەدام حوسێن لە سەفەرێکی رەسمی خۆیدا بۆ تاران(٢٩/٤-١/٥/١٩٧٥) رایگەیاند کە تەنیا((چوار کەس هەقی گەرانەوەیان بۆ عێراق نیە:جەنەراڵ بارزانی،ئیدریس ،مەسعود ،ومحەمەد خالید (یەکێکە لە دوو کوڕەکەی شێخ ئەحمەد). ئەوانی دی هەر کێیەك هەن و هەر خەتاو تاوانێکیان کردووە، هیچ شتێکیان لەگەڵدا ناکرێ: کەسیش لەسەر تاوانێك کە لە داهاتوودا دەکرێ پێشوەختە قەساس ناکرێ))"٢٨"

پاش خیانەتی شا، مانەوەی ئەم هەموو خوێندکارە لە ئێراندا، یانی لە وڵاتێکدا کە زمانەکەیان نەدەزانی ولە رژێمەکەی بێزاربوون،جێگەی باس نەبوو.

ئەم خوێندکارانە کە زۆریان بێ پەساپۆرت بوون،نا ئومێدانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون بگەنە پاریس یان لەندەن،بەڵام دەرگاوانانی سەفارەتخانەکان دەستوریان پێدرابوو(نەیەڵن،بێنە سنووری سەفارەتخانەکان) ئەم خەڵکە تەنانەت نەیاندەتوانی کونسوڵیش بدینن....سەرەنجام وڵاتانی بچووکی وەکو هۆڵەنداوسوید ونەمسا رێزی یاسا ورێسای پەناهەندەییان گرت،و هەریەکەیان چەند سەد کوردێکیان وەرگرت،و ئیستاش وەری دەگرن.

بەلای جەماوەرێکی زۆری پەنابەرەکانەوە، مەسەلەی گەرانەوە بۆ عێراق یان مانەوە لە ئێرانداو پەرتەوازە بوون لەم وڵاتەدا ،بە هیچ جۆرێ لە ئارادا نەبوو..لە مانگی ١٩٧٥/١٠دەیان هەزار پەنابەری کورد کە هێشتا ئامادەنەبوو بوون بۆ عێراق بگەرێنەوە، لە زۆر ئۆردوگایاندا شەڕ لە نێوان مامورانی ساواك وپەنابەرەکاندا قەوما! .

بەڵام جەنەراڵ بارزانی کە بۆ ماوەیەك لە مانگی٩ و ١٩٧٥/١٠ بە رەزامەندی وپشتیوانی(سیا) لە ئەمریکادا مایەوە، لە نیشیمەنگەکەی خۆیدا لە کەرەجی نزیکی تاراندا، لە ژێر چاودێریدا بوو.

لە سەرەتای هەیڤی ١٩٧٥/٥رۆژنامەیەکی ئێرانی دیمانەیەکی دەگەڵ بارزانیدا ئەنجام داو وێنەیەکی ئەم پێشەوا کوردەی بەجلی ئەوروپاییەوە بڵاوکردەوە.بارزانی لەم دیمانەیەدا رایدەگەیەنێ کە شۆرش((تەواو بووەوهەرگیز سەر هەڵناداتەوە))ولە سەری دەروات کە:((درێژە پێدانی جەنگ بێهودە)) بوو."٢٩"

شابە بڵاوکردنەوەی ئەم قسە شێوێنراوانە یان درۆیانە، لە کاتێکدا کە جەنەراڵ بارزانی لە کەمترین مافی هەر کوردێك- واتە لە مافی پۆشینی جلی نەتەوەیی خۆی- مەحروم کردبوو دەیویست بە شێوازی تایبەتی خۆی خاڵی کۆتایی بۆ سەربوری کوردستان دابنێ.

بەڵام هەر لە هەمان کاتدا جەنەراڵ بارزانی لە دیدارێکی تایبەتی خۆیدا دەگەڵ هەیکەل، کە بە بێ ئامادەبوونی شایەتوچاودێری بێگانە ئەنجامدرا،توانی دوا پەیامی خۆی بە جیهانیان رابگەیەنێ:((دەوری شەخسی من تەواوبووە....بەڵام کۆتایی هێنان بە ژیانی نەتەوەی کورد مەحاڵە. رێبەرانی دیکە لە باوەشی نەتەوەی کوردا سەرهەڵدەدەنو ڕادەبن.))"٣٠"

https://t.me/kurdistanbooks

**١١- سەرچاوەو پەراوێزان:**

١-دکتۆر مەحمود عوسمان،شوباتی ١٩٧٥

٢-راپۆری پایك نووسراوی ٤٦٦

٣-هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،١٩٧٤/١٠/٣ زاهیدان.

٤-رویتەر، دەیلی ئەستار،١٩٧٤/١٢/٢٨

٥-بروانە فیگارۆ ژمارەی رۆژی ١٩٧٤/١٢/١٧و واشنگتۆن پۆست ١٩٧٤/١٢/١٧

٦-لوموند،١٩٧٥/١/١٦

٧-هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،١٩٧٤/١٠/٣

٨-سەرەنجام خاچی سوری سوید ١٣٠٠٠هەزار پەتۆو ٣٥تۆن جل وبەرگ وداودەرمان و ئامێری نەشتەرگەری بۆ کوردانی عێراق نارد،کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوریش ١/٥تۆن دەرمانی نارد،پاشماوەی کۆمەکەکانی ئەم کۆمیتەیە کە لەوانە١٠ تۆن گۆشت و٥ ئەمبولانس بوو،دوای مۆرکردنی رێکەوتننامەی جەزایر گەییە تاران.

٩- راپۆری پایك نووسراوی ٤٦٦

١٠-دیمانەی بارزانی دەگەڵ هەیکەلدا،کە لە النوری بەیروتی ١٩٧٥/٩/١٢و گۆڤاری ئوزگورلوکی تورکیا بلاّوبووەتەوە.

١١-سەرچاوەیەکی دیبلۆماسی تاران

١٢-سەرگوتاری لوموند،١٩٧٥/١/١٠ دەربارەی نزیك بوونەوەی لە نوێی ولاّتانی عەرەب و ئێران.

١٣-واشنگتون پۆست ،١٩٧٥/٣/٧

١٤-بروانە ژمارەی رۆژی ١/١٢کوتیدین دوپاری،گوتاری کریس کۆچیرا.

١٥-اخبارالیوم،لەالاحرارەوە وەریگرتووە،بروانە کتێبی حیزب سۆسیالستی بەعسی عەرەبی،ل٢١ نووسینی کامیل ئەبو جابر.

١٦-بۆزانیاری لەمەر دەقی ئەم بەڵگەنامەیە بروانە راپۆری ئاژانسی فەرەنسا لە لوموندی رۆژی ١٩٧٥/٣/٨و دەیلی ئەستار ١٩٧٥/٣/٧

١٧-بەگوتەی ئیدریس بارزانی ٣٠٠کوژراو،١٨ زرێپۆش و ٣فرۆکە.

١٨-بروانە لوموند ١٩٧٥/٣/١٥و دەیلی ئەستار ١٩٧٥/٣/١٤

١٩- راپۆری پایك، نووسراوی ٤٦٣

٢٠- راپۆری پایك، نووسراوی ٤٦٩

٢١- راپۆری پایك، نووسراوی ٤٧٠

٢٢-لە روانگەی سەرچاوە ئاگادارەکانی کوردەوە دەبێت ئەم بابەتە بە وریایی و پارێزەوە وەربگیرێ،جەنەراڵ بارزانی هەمیشە لەم بارەیەوە دورەپەرێزی دەکرد،بەتایبەتی کاتێك کە خەتەر رووی لە خەڵکانی خودی ئەو دەکرد.

٢٣-سەرچاوەیەکی نهێنی.

٢٤- دیمانەی بارزانی دەگەڵ هەیکەلدا،ئوزگورلوك.

٢٥-پەیامی تەلەگرافی جیم هوگلاند،پەیامنێری واشنگتۆن پۆست.ئینتەر ناشیناڵ هیرالد تریبۆن، ١٩٧٥,/٣/٢٤

https://t.me/kurdistanbooks

٢٦- هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،لە نەغەدە،١٩٧٥/٤/٢٦.

٢٧-ئاژانسی رویتەر، دەیلی ئەستار ،١٩٧٥,/٥/١

٢٨-کۆنفرانسێکی تایبەتی رۆژنامەوانی،١٩٧٥/٥/١ لە تاران.

٢٩-کەیهان ئینتەر ناشیناڵ،تاران ١٩٧٥/٥/٤

٣٠-دیمانە دەگەڵ هەیکەلدا، ئوزگورلوك.

https://t.me/kurdistanbooks

## بەشی چوارەم:تەرازنامەو چاوەنداز

### فەسلی یەکەم:بزاڤی کورد لە تورکیا ١٩٥٨-١٩٧٥

لە سالأنی دوورودرێژی شۆڕشی بارزانی لە ڕای وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی-یان سەربەخۆیی (١٩٦١- ١٩٧٥)کوردستانی عێراق بە جۆرێ پێشەوەی شانۆکەی گرتووە،پیاو بێ مەیل نییە کە ئەوەی لە کوردستانی تورکیا و ئێراندا روو دەدات فەرامۆش بکات: راستە ئەم دوو بەشە شایەتی قۆناغێکی دوورودرێژی هەڵکشان وداکشانی شۆرش بوونە، کە دەکرێ لەچەند لاپەڕەیەکدا بە کورتی وپوختی بەرجەستە بکرێ.

لە ئازاری ١٩٧٥، دوای ڕێکەوتنی جەزایر وهەرەسی شۆڕشی جەنەراڵ بارزانی، وەزع وحاڵی کوردستانی عێراقیش هەمان خراپی و پەشێوی بەشەکانی دیکەی کوردستانی گرتە خۆ و بزاڤی نەتەوەیی کورد، کە غەمگینترین ساتەکانی مێژووی خۆی دەگوزەراند، وەکو جاران بە رووی هەر جۆرە ئاسۆیەکدا کراوەتەوە .

***

پاش سەرکوتکردنی خوێناوی شۆڕشی دەرسیم،بە نزیکەی بیست ساڵێك ئەوجا هەندێ هەوڵ کۆشش بۆ بوژاندنەوە و کۆکردنەوەی هێز،لە کوردستانی تورکیادا پەیدا بوو.موسا عەنتەرو جانب یولدورم، لە خوێنەواران و رۆشینبیرانی دیاربەکر،لە ساڵی ١٩٥٨دا هەفتەنامەیەك بەنێوی ئیللەری یورت دەردەکەن،کە بایەخ بە مەسەلە ناوچەییەکان دەدات.لە هەمان کاتدا خوێنەوارانی کوردی ئەستەمبوڵ وئەنکەرە لە نا و رێکخراوە رۆشنبیرییەکاندا کۆدەبنەوە.

کاریگەری رووداوەکانی عێراق،بە تایبەتی پاش ساڵی١٩٦٢وەدەستپێکردنی شەڕ لە نێوان بارزانی وقاسمدا، لە سەر ئەم چالاکیانەی کوردێن تورکیا چەندوچۆن هەڵناگرێ.

کوردی تورکیا ژێراوژێر یارمەتی بارزانی دەدن وبارزانی هەر زوو لەلای ئەوان وێنەی قارەمانی نەتەوەیی وەردەگرێ.

سەرکوتکاری یەکسەرو بێ درەنگ دەگاتە سەر ئەم جموجوڵە:لە هەیڤی ١٩٥٩/١١دا چلٚونۆ رۆشنبیرو خوێنەواری کورد دەگیرێن وبەتۆمەتی ئەنجامدانی چالاکی جوادخوازانە لە ئەنکەرە دادگایی دەکرێن.ئەمانە کە بە((پیلانگێری بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی)) تاوانبارن،هەموو حوکمی حەپسی درێژخایەن دەدرێن، بەلأم دوای کودەتا عەسکەریەکەی ١٩٦٠/٥/٢٧ ئازاد دەکرێن."١"

((جەنەراڵ گوڕسەڵ))ی سەرکۆماری تازە، لایەنگری(( زەبروزەنگە))، و بە رۆژنامەوانێکی سوێدی دەڵێت:((ئەگەر ئەم(کێویانە)ئەم ریفۆرم ناپەزێرانە نەحەوێنەوە سوپا لە تۆپبارانی شارو گوندەکانیان ناپرینگێتەوەو حەمامی خوێنێکی وەهایان بۆ دەداخات کە خۆیان و خاکیانی تێدا غەرق دەکات))"٢"

بەلأم عیسمەت ئینونوی سەرەك وەزیران لەگەڵ کاری وەهادا نەبوو، کوردەکان لە زەمانی حوکم ڕانی ئەم سەرەك وەزیرەدا کە((لایەنگری پاراستنی رواڵەتی دیموکراسی بوو)) تۆزە ئازادیەکیان پێ

https://t.me/kurdistanbooks

بڕا:بڵاوکراوەی کوردی ڕێدران، بەڵام پاشان داخران.خوێنکارانی کورد دەیانتوانی شانۆنامەی فولکلۆری لەسەر شانۆ نمایش بکەن.

دەوروبەری ساڵی ١٩٦٣ سێ ڕێکخراوی سیاسی، نەتەوەپەروەروخوێنەوارانی کورد لە دەوری یەك خڕدەکەنەوە.

**١- حیزبی دیموکراتی کوردستان تورکیا:**

دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیامافناسێك بوو بە ناوی فایق بوجاك، خەڵکی ئۆرفە ونوێنەری ئەنجومەنی تورکیا بوو، ئەم حیزبە ڕێکخراوێکی تەواو نەتەوەییەو زۆر لە ژێر کاریگەری ناسیونالیستانی کوردی سوریادایە. ئەم ڕێکخراوە،پیشەوەران و ڕۆشنبیران و خوێنەواران وپیاوماقوڵانی گوندەکانی کوردستانی لە خۆدەگرت وخڕدەکردەوە،لە حاڵێکدا پاشینانی ڕێبەرانی ساڵانی دەیەی بیستەکان وگەورەموڵکداران بەلای ڕژێمدا دایانکێشا و پەیوەندیان بە حیزبی((تورکیای نوێ)) وە کردو بەگەڵ عەزیز ئۆغلو،نوێنەری دیاربەکر کەوتن، کە لە ساڵی ١٩٦٣دا بوو بە وەزیری ساغڵەمی وتەندروستی.

**٢- کوردەکان و حیزبی کرێکارانی تورکیا:**

لە تورکیاشدا وەکو عێراق حیزبی کومونیست لە نێو تێکۆشەرانی ناسیونالیستی کوردا دەسەڵاتێکی فرەی هەیە ،بۆیە خەڵکێکی زۆری پێشکەوتووی کورد،بە تایبەتی خوێنەواران، لە ساڵی ١٩٦٣ بەملاوە لە نێو حیزبی کرێکارانی تورکیادا چالاکی دەکەن.

حیزبی کرێکارانی تورکیا لە سەرەتادا هەڵوێستێکی زۆر خراپی لەمەڕ مەسەلەی کورد هەبوو- لە ساڵی ١٩٦٧دا سەرۆکی ئەم حیزبە،محەمەد عەلی ئایبار،کە بەخۆی ترکە،لە ستۆکهۆلم ولە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا ڕایگەیاند کە((مەسەلەی کورد لە تورکیادا نییە!))لە ساڵی ١٩٦٦وە کوردەکان گەیینە ئەم قەناعەتەی کە یان لە ناوحیزبی کرێکارانی تورکیادا ڕێکخراوێن ئۆتۆنۆمیدار بۆ خۆ دامەزرێنن یان بە جیا چالاکی خۆیان بکەن....

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٦٥دا پانزە پالێوراوی حیزبی کرێکارانی تورکیا،کە چواریان کورد بوون، بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەن دەرچوون،یەکێك لەو پازدە کەسە دکتۆر تارق ئەکینجی نوێنەری دیاربکر بوو، کە پاشان لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٦٩دا بوو بە سکرتێری گشتی حیزبی کرێکارانی تورکیا.لە ساڵی ١٩٦٩دا، محەمەد عەلی ئەسلان کە کوردەو لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٦٩دا گەیپە ڕێبەریی حیزبی کرێکارانی تورکیا،لە ئەنکەرەدا مانگنامەیەکی بە هەردوو زمانی ( کوردی و تورکی)بە ناوی((یەنی ئاکوچ))دەرکرد ولەوێدا بۆ یەکەمین جار لە گۆڤارێکی مۆڵەتدراودا مەسەلەی مافی نەتەوەیی گەلی کوردی باسکرد.

ئەم گۆڤارە دوای ژمارە((٤))ی داخرا.

**٣- قەیرانی ١٩٦٧:**

ژمارەی گۆڤارێن جووت زمانەی ترکی-کوردی زیاد دەکات:دیجلە،فورات،ودەنگیش هەر یەکەیان دوای چەند ژمارەیەك دادەخرێن.موسا عەنتەر واژەنامەیەکی کوری-ترکی بڵاودەکاتەوە،هەروەها نووسەرێکی دیکە بە نێوی محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان(دانەری لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەلایەتی-

https://t.me/kurdistanbooks

ئابوری لەمەڕ کوردستان) "٣"چاپێکی کوردی-ترکی مەموزین کە بەرهەمێکی کلاسیکی بەناوبانگی ئەدەبیاتی کوردیە بڵاوەدەکاتەوە.ئەم دووە هەر زوو دەگیرێن.

لە مانگی ١٩٦٧/١دا حکومەتی سلێمان دەمیریل بە پەسندکردنی قەرارێك((هێنان و بڵاوکردنەوەی هەر بەرهەم و بابەتێکی(کاسێت وبڵاڤۆکی کوردی)لە دەرەوە ئامادەکراو بە هەموو شێوەیەك قەدەغە دەکات))."٤"

دوای چەند مانگێك گۆڤاری(ئۆتکین)ی پان تۆرانی،کە پێشتر، لە نیسانی ١٩٦٧دا گۆتارێکی پڕ لە هێرشی دژی کوردان بلاکردبووەوە،دیسان لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا دەست بە کاردەبێتەوەو لە گوتارێکدا بە نێوی(لورەی کوردانی سوور))(!) دێتەوە مەیدان.

نووسەری گوتارەکە پەت دەپچرێ ،وبەزمانێکی توندوزبری وەها کە قسەکانی سەرانی تورکیای سالانی بیست وەبیر دێنێتەوە(بڕوانە فەسڵی چوارەم لە بەشی دووەم)دەنوسێت:((ئەگەر دەیانەوێت بە زمانە سەرەتاییەکەیان کە پتر لە٤-٥هەزار وشەی نیە، قسان بکەن،ئەگەر دەیانەوێت دەوڵەتێك بۆ خۆیان دامەزرێنن و بەردەوام بن لەسەر بلاوکردنەوەی بلاڤۆکەکانیان،با بڕۆن بۆ جێیەکی دیکە.

لەوانەیە،(لە شارەکانی خۆیاندا)لە سەداسەد زۆرینەبن.بەلام خەودیتنیان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکەوە لە خاکی تورکیادا، وەکو خەون دیتنی یۆنانییەکانە بە دامەرزاندنی بیزانسەوە، وەکو خەون دیتنی ئەرمەنیەکانە بە دامەزراندنی ئەرمەنستانی گەورەوە... بۆکوێیان دەوێ با بڕۆن، بۆ ئێران ،بۆ پاکستان، بۆ هیند، بۆ لای بارزانی!با بڕۆن داوا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بکەن کە لە ئەفەریقا(!) شوێنێکیان بۆ بدۆزێتەوە.ئەنگۆ لە خزمەتی ناسیۆنالزمی کوردان. زمانی جیاو قوتابخانەی ئەلاحەدەوبەرنامەی رادیۆیی وچاپەمەنی و بلاوکراوەی تایبەت بە خۆتان،لە ئێمە دەوێ.بۆ دامەزراندنی حکومەتی خۆتان کۆبونەوەی نهێنی دەکەن،بارزانی بە رێبەری خۆتان دەزانن، لە تورکیاوە چەکی بۆ دەنێرن،ولە کۆڕوکۆبوونەوە تایبەتیەکانتاندا،شیعری کوردی بۆ منداڵەکانتان دەخوێننەوە)).

نووسەری گوتار لە کۆتایی قسەکانیا دەڵێ:((ئەو رۆژەی کە بۆ پارچە پارچە کردنی تورکیا ، شۆرش بکەن دەبینن کە ئیمە چین! دەبینین!))"٥"

کوردەکان دەمودەست کاردانەوە نیشان دەدەن.لە بەیاننامەیەکدا بەناونیشانی:((باشە،وەرنە مەیدان،تا بزانین کێ کێ ڕاودەنێ)) ئەنجومەنی قورتابیان وخوێندکارانی ١٩ شاری کورد،لەوانە بینگول وبەتلیس و ئەلعەزیز وجەزیرەودیاربەکر وئەرزەرۆم و وان و ئۆرفە وموش وسەڤەرەك، لە نووسەری ئۆتیکن دێنە دەنگو پێی دەڵێن:(( تۆ دەتەوێ ئێمە بۆ شەڕی براکوژی رایکێشیت و ولات لە گۆمی خوێندا غەرق بکەیت وبیکەیت بە مەیدانی جەنگ. زۆر چاکە، فەرموو ئەوە عەرزو ئەوە گەز، وەرە مەیدان، تا ببینین کێ کێ لە ولات ڕاودەنێ.))"٦"

لە سەرداوای ئەنجومەنانی خوێندکاران لە رۆژی١٩٦٧/٨/٣خۆپیشاندنێکی بەربلاو لە سەرانسەری کوردستاندا بەرپاکرا.لەم خۆپیشاندانانەدا، لە سیلڤاندا پتر لە دەهەزار کەس و لە دیاربەکر پتر لە ٢٥٠٠٠ کەس بە شداریان کرد.

ئەم خۆپیشاندانانە لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردی تورکیادا بایەخێکی زۆر گرینگ ودیاری هەیە،چونکە کوردێن تورکیا پاش تێپەربوونی سی سالان بۆ یەکەمجار زاتیان کردبوو لە هەنبەر حکومەتی تورکیادا هێزنوێنی بکەن و داوای هاتنە مەیدانی لێبکەن.

https://t.me/kurdistanbooks

ئیدی شەپۆلێکی سەرکوتکاری بەسەر کوردستاندا دادەباریٚ:بەماوەیەکی کەم دوای ئەم خۆپیشاندانانە،فایق بوجاك،نوینەری ئۆرفەودامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ،لە وەزعوحاڵێکی ئاڵۆزو تەم ومژاویدا بە دەستی مامورانی میتی تورکیا دەکوژریٚ،ومستەفا بوجاکی پسمامی،کە رۆشنبیرونوێنەری جارانی ئەنجومەن بوو،بە ناچاری پەنا وەبەر هەندەران دەبات."٧"

پۆلیسی تورکیا،لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨دا هەموو رێبەرە گەورەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، کە سەعید ئالچی یەکێکیان دەبیٚ، دەگریٚ و پاشان ئازادیان دەکات.

٤- دووبەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (١٩٦٩):

حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە ساڵی١٩٦٩دەبیٚ بە دوو بەشی هەڤڕکەوە، گروپێکیان بە سەرۆکایەتی سەعید ئالچی یە کە نوێنەری جارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی سوریایە ، گروپەکەی دی بە سەرۆکایەتی پزشکێکە بە نێوی دکتۆر شڤان، لەگەڵ دوو رێکخراوی دیدا ، کە لە ساڵی ١٩٦٨دا دامەزراون یەك دەگریٚت:(( پارتیا دیموکراتی کوردستانی ترکیاو کۆمەلا ئازادی)).

دکتۆرشڤان،کە لە ساڵی ١٩٦٩وە لە کوردستانی عێراقدا خەریکی کاری پزیشکی دەبیٚ، بە گوتەی هەندێك ژێدەرێن کوردی لە وێندەر بنکەیەکی دە ئیختیاردا بوو بۆ مەشقدانی لایەنگرەکانی خۆی کە ژمارەیان ٤٠٠ تا ٥٠٠ کەسێك بوو.

دژایەتی نێوان ئەم دوو گروپە رەقیبەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا زۆر زوو دەگۆرێت وسەعید ئالچی لە هەلومەرجێکی ئالۆزدا دەکوژرێت-بە گوتەی هەندێك،لە لایەن پیاوانی دکتۆر شڤانەوە کوژراوە. دکتۆر شڤانیش لەلایەن پیشمەرگەکانی بارزانییەوە دەگیریٚ و لە دادگاییەکدا بە سەرۆکایەتی حەبیب کەریم، سکرتیری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق،دادگایی دەکریٚ و ئیعدام دەکریٚ.

٥- بنکە رۆشنبیرییە شۆڕشگێڕییەکانی (رۆژهەلات):

لە ئاخروئۆخری ساڵی١٩٦٨وسەرەتاکانی ساڵ ١٩٦٩دا، کە هێشتا خۆپیشاندانەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا بەر دەوام بوون،ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابیو خوێندکارە زانکۆییە کوردانەی کە تا ئەو دەمە لە حیزبی کرێکارانی تورکیادا کاریان دەکرد، لەم حیزبە، کە بەرەسمی ئیعترافی بە مەسەلەی کورد نەدەکردو خۆی لە گێلی دەدا،جیابوونەوە،وهەموو ئەو قوتابیوخوێنکارە کوردانەی کە سەرەتا لە ناو حیزبی کرێکارانی تورکیادا پەیوەندیان پێکەوە پەیدا کردبوو، لە فیدراسیۆنێکدا بە ناونیشانی:((بنکە رۆشنبیرییە شۆڕشگێرەکانی رۆژهەلات))(دوورینجی دوگو کولتور اجاك لری : د.د.ك.او.)لە دەوری یەك گردبوونەوە.

٦- کریارێن کۆماند ۆیی:

دەولەتی تورکیا کە لە ڕاپەرینی نەتەوەیی کورد وپەرەسەندنی خێرای ئەو راپەرینە لە دوای رێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١ودانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی عێراق تۆقی بوو،لە ژێرگوشاری سوپادا کەوتە کاری کۆماندۆیی دژی کوردان.

https://t.me/kurdistanbooks

یەکێك لەم کارە کۆماندۆییانە لە ۱۹۷۰/٤/۱۸دا لە سلیڤان ئەنجام درا:شەوێ دوو هەزار کۆماندۆ،لە هێزی تایبەت و جەندرمە، بە ۲۰۰ لۆری و شەش هەلیکۆپتەرەوە شاریان گەمارۆدا. کۆماندۆکان بەرەبەیان چوونە نێو شارەوە و بە بیانوی پشکنینەوە، هەموو ماڵەکانیان تالان کرد... هەموو پیاوانی شاریان،ڕێك ۳۱٤٤(؟) کەسیان لە دەرێی شار خرکردەوە و بەد رەفتاریان دەگەڵ کردن:((سەربازەکان دارکاریان دەکردن وجنێویان دەدانێ وهاواریان بەسەردا دەکردن:((کوردانی سەگ،جاسوسانی بارزانی! کوا چەکەکانتان لە کوێ شاردووەتەوە!))

چەندین کاری کۆماندۆیی دیکەی لەو بابەتە لە ساڵانی ۱۹۷۰ و ۱۹۷۱ لە ژمارەیەك شارۆچکەی کوردستاندا،بە تایبەتی بینگول و باتمان وتاتوان و گەلەك لە گوندەکاندا ئەنجام دران.

لە مانگی ۱۹۷۰/۱۰دا نزیکەی ۳۰ کەس لە رۆشنبیرانی کوردی وەکو دکتۆر تارق ئاکنجی، جانب یولدرم، موسا عەنتەر ومحەمەدەمین بوز ئەرسەلان گیران و پاش چەند رۆژێك ئازاد کران، هەر لەو دەمەدا پۆلیس ژمارەیەك لە خوێندکارانی سەر بە((بنکە رۆشنبیرییە شۆڕشگێڕییەکانی رۆژهەڵاتیان گرت.))

**۷- حیزبی کرێکارانی تورکیا و مەسەلەی کورد:**

حیزبی کرێکارانی تورکیاش وەکو حیزبی کومونیستی عێراق سەرەنجام لە ژێر گوشاری رووداوەکاندا ناچار بووسەبارەت بە مەسەلەی کورد،بە هەڵوێستەکانی خۆیدا بچێتەوە.

لە ئاخروئۆخری ساڵی۱۹٦۹دا محەمەد عەلی ئەسلان،کە کوردە، لە جێی محەمەد عەلی ئایبار کە تورك بوو،بۆ رێبەری حیزبی کرێکارانی تورکیا هەڵدەبژێردرێ، هەر لە هەمان ساڵدا سکرتێری گشتیی تازە،سابان ئیریك،کە ترکە جێی دکتۆر تارق ئەکینجی دەگرێتەوە.

لە چوارەمین کۆنگرەی حیزبی کرێکارانی تورکیادا(۲۹-۱۹۷۱/۱۰/۳۱)رابەری تازەی حیزب بەیاننامەیەك دەربارەی مەسەلەی کورد دەردەکات و ئەم خاڵانە پەسند دەکات:

- ((میللەتی کورد لە رۆژهەتی(ولاتدا)هەیە (ئەمە حەقیقەتێکە،بەڵام لەلایەن ئەو بەرپرسانەوە کە سوورن لەسەر ئەوەی کوردەکان بە (کێوی) وکوردستانی تورکیا بە((رۆژهەلات)) ناوببرێن، حاشای لێ دەکرێ !

بەیاننامەکەی حیزبی کریکارانی تورکیا لەسەری دەروات:

((هەر لەسەرەتاوە رژێمی فاشیستی چینی زاڵ، سیاسەتی سەرکوتکاری وتۆقاندن وتواندنەوەی دەرهەق بە گەلی کورد گرتەبەروئەم سیاسەتە بە قۆناغ وبە شێوەی جیاوازی عەمەلیاتی خوێناوی پیادە کراوەو دەرکەوتووە))"۹"

بەڵام حیزبی کرێکارانی تورکیا هەرچەندە هەنگاوێکی زۆر گرنگی لە ئاستی ئیعتیراف کردن بە بزاڤی نەتەوەیی کوردا نا، بەڵام نەگەییە ئەو ئاستەی کە ئیعتیراف بە مافی دیاری کردنی چارەنووس یان ئۆتۆنۆمی ئەم گەلە بکات-چ جای مافی جیابوونەوە-ولەم هەڵوێستەدا کە سەبارەت بە مەسەلەکە وەری گرت بۆ نموونە لە چاو ئەو هەڵوێستەی کە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق هەشت ساڵان پێش ئەوە وەری گرتبوو،لە پاش بوو.

لەم بەیاننامەیەدا هیچ قسەیەك دەربارەی((کوردستان))و((مافی نەتەوەیی)) گەلی کورد لە ئارادا نییە،ئەوەی باسکراوە خەباتی ئەم گەلەیە((لە پێناوی وەدەستهێنانی ئارمانج ومافی دیموکراتی))

https://t.me/kurdistanbooks

خۆیدا،ئەمەش خەباتێکە کە(( لەگەڵ خەبات لە پێناوی ئەنجامدانی شۆڕشی سۆسیالیستیدا بە ڕێبەرایەتی چینی کرێکاروحیزبە پێشرەوەکەی،واتە حیزبی ئێمە لە شەپۆلێکی یەکگرتوی شۆڕشگێریدا یەکدی تەواو دەکەن ))"١٠"

ئەم بەیاننامەیە وێڕای کەم وکوڕیەکانی قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی بزاڤی کوردایەتی لە تورکیا نیشاندەدات:بۆ یەکەمین جار حیزبێکی قانونی دان بە بوونی گەلی کوردا دەنێت وباسی ((ئارمانجەکانی)) دێنێتە ئاراوە وبە تایبەتی یەکێتی نێوان ڕەوتی چەپی کوردو ڕەوتی چەپی ترک ڕادەگەیەنێ .

٨- سەرکوتکاری پاش کودەتای ١٩٧١:

پاش کۆدەتا عەسکەریەکەی١٩٧١/٣/١٢تورکیا،هەموو ڕێکخراوە چەپەکان هەڵدەوەشێنرێنەوە:حیزبی کریکارانی تورکیا( لە ١٩٧١/٧) و ڕێکخراوی لاوانی شۆڕشگێری تورکیا وبنکە ڕۆشنبیرییە شۆڕشگێڕییەکانی ڕۆژهەڵات.

هەندێ ڕێکخراوی نهێنی- وەك((سوپای ئازادیبەخشی گەلی تورکیا)) و((بەرەی ئۆتۆنۆمی خوان)) وبزاڤی ماویزمی((شەفەق))درێژە بە خەباتی خۆ دەدەن،وهەندێ جاریش کاری ڕاستەخۆ ئەنجام دەدەن(ڕفاندنی کۆنسولی ئیسرائیل و کادرێن هونەری ئەمەریکایی) .

بەڵام سوپا گۆشاری خۆی زیاد دەکات.

وەزیری تازەی ناوخۆ بە بیانووی ئەوەی کە کوردەکان دەیانەوێت بە پشتیوانی بارزانی"١١"((وڵات بکەن بە دوو پارچەوە))سەدان کەس لە خەباتکارانی کورد دەگرێت وبە دادگایان دەسپێرێت- ئەم خەباتکارانە سەر بە بنکە ڕۆشنبیرییە شۆڕشگێریەکانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا وحیزبی کریکارانی تورکیان .

بە هاتنە سەرکاری حکومەتی ئەجەویت( ١٩٧٣/١٠ - ١٩٧٤/٩)ڕژێم بە ئاشکرا ڕووەو ئازادی دەچێت: لە ١٩٧٤/٧/٨دا هەر هەموو سەرانی کورد عەغو دەکرێن و گەلێك لە خەباتکارانی سەر بە ڕێکخراوانی باهۆز وهەڤرا بۆ تورکیا دەگەڕێنەوە.

بەڵام لە باری پراکتیکیەوە وەزع و حاڵەکە دیارنیە، سەرانی کوردی تورکیا لە خۆیان دەپرسن ئایا باشتر وایە لە ناو یەکێك لەو حیزبانەدا کە هەن درێژە بە چالاکی خۆبدەن یان حیزبێکی چەپی گەورە بۆ خۆیان دابمەزرێنن و بە شێوەیەکی نهێنی کار بکەن.

٩- سەرچاوەو پەراوێزان :

١- شەش کەس لەم گروپە لە مانگی ١٩٦٥/٩ سەر لە نوێ دادگایی دەکرێنەوە.بروانە لوموند ژمارەی ڕۆژی ١٩٦٥/٩/٢٦.

٢- داگنس تی هنر،ستوکهوڵم،١٩٦٠/١١/١١ کە لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی نەتەوەیی کوردستان لە تورکیا،هورە،٣٠١٩٧١ نووسینی عیسمەت شەریف وانلی،هەروەها لوموند دیپلۆماتیك ١٩٧١/٨گوتاری((کوردستان خاکی پارچە پارچە کراو)نووسینی ژ.پ.وینو.

٣- بروانە لوموند دیپلۆماتیك ١٩٧١/٨ گوتاری((کوردستان خاکی پارچە پارچە کراو)) نووسینی ژ.پ.وینو.

https://t.me/kurdistanbooks

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- بروانە کتێبی کوردستانی عێراق ل ٢٩٨-٢٩٩ نووسینی عیسمەت شەریف وانلی.

٦- هەمان سەرچاوە ل٣٠٠-٣٠١

٧- عیسمەت شەریف وانلی، لێکۆڵینەوەی مەسەلەی نەتەوەیی کوردستانی تورکیا.

٨- بەلاغی مانگی ١٩٧٠/٤ی رێکخراوی بنکەی رۆشنبیری شۆرشگێر (د.د.ك.او) کە لە لاپەرەی ٤٧ی لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کوردی تورکیا،نووسینی وانلی وەرگیراوە.

٩- لە ژ.پ وینو وەرگیراوە،لوموند دیپلۆماتیك،١٩٧١,/٨

١٠- هەمان سەرچاوە.

١١- عیسمەت شەریف وانلی،لێکۆڵینەوەی..ل٦٥

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی دووەم:حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٩٥٨ تا ١٩٧٦**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوای شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ی عێراق وگەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق،سەردەمانێکی دوورودرێژی کپی وبێدەنگی تێدەپەڕێنێ،ئەم کپی و خامۆشییە زادەی گوشارو سەرکوتی (ساواک)و سیاسەتی جەنەراڵ بارزانیە!.

لە راستیدا دوای گەڕانەوەی جەنەراڵ بارزانی لە ١٩٥٨/١٠دا لە یەکێتی سۆڤیەت ، ژمارەیەک لە سەرانی کوردی ئێران خێرا بەمەبەستی(هاوئاهەنگاندنی)سیاسەتی خۆیان دەگەڵ ئەودا ،چوونە بەغدا. لە سەرەتادا هەموو شتێك باش وخۆش بوو،و بارزانی تەنانەت پێشنیازی کرد کە یەکێك لەوان ببێ بە سکرتێری گشتی یەك حیزب بۆ ئێران وعێراق....

بەڵام هەر لە هەمانکاتدا ساواکی ئێران ژمارەیەك لە سەرانی حیزبی دیموکراتی گرت، کە یەکێك لەوانە عەزیز یوسفی و پاشان غەنی بلوریان بوو،کە هەردووکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون وهێشتاش (١٩٧٦) هەر لە زیندان دان.(عەزیز لە ١٩٧٧دا ئازاد بوو لە ١٩٧٨ دا مرد ، غەنی بلوریان لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئازاد بوو، شەریعەتی بەر لەوان ئازاد بوو بوو )

ساڵی دواتر واتە لە ساڵی ١٩٥٩دا ساواك تۆڕەکەی خۆی کۆدەکاتەوە:راوێکی چاکە :رەنگە لە ئاکامی خیانەتێك بووبێ، ٢٥٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات دەگرێت، کە یەکێك لەوانە شەریعەتی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو .

لەبەر ئەمە لە ئاخروئۆخری ١٩٥٩دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە باری پراکتیکەوە بێ سەرکردایەتیە:سەرانی حیزب یان لە زیدان دان یان لە بەغدایە! بەڵام تەنانەت ئەمانەش بە سەلامەتی دەرناچن:دوای تێکچونی بەینی قاسم وکومونیستەکان لە بەغدا دەردەکرێن(بڕوانە فەسڵی پێنجەمی بەشی سێیەم) و ناچار پەنا دەبەنە بەر سوریا ولوبنان یا ئەوروپا.

**١- بادانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەلای راستدا :**

**(کۆنگرەی دووەم ١٩٦٤)**

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێستا لەو رێبەرە شۆڕشگێڕانەی کە بەرنامە پێشکەوتوخوازەکەی ساڵی ١٩٥٦یان بۆ دانابوو مەحرومە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە لە لایەکەوە گرفتاری چەپی هەواداری کۆمۆنیزم بوو لەلایەکی دیکەوە گرفتاری راستی میتا نەتەوەیی بوو، لە ساڵی ١٩٥٩دا وپاش سەردەمانێك لە چەپخوازی توند،لە ژێر کاریگەری جەنەراڵ بارزانیدا بەلای راستدا بایدایەوە،و لە ساڵی ١٩٦٠داو بەکاریگەری عەبدوڵڵا ئیسحاقی((ئەحمەد تۆفیق)) بەراستدا وەرچەرخایەوە.

عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەی مەهاباد ولە ئەندامە لاوەکانی بوو زۆر لە بارزانیەوە نزیك بوو،و لە ساڵی ١٩٦٢دا بەرپرسی تۆڕی پشتیوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتێك بوو،کە بارزانی لەو دیوی سنوور دەستی پێکردبوو.

عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە بوو بوو بە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ دا،لە گوندی سونێی نزیکی قەلادزێی عێراق داوای بەستنی کۆنگرەی دووەمی حیزبی کرد: کۆنگرە لە هەڵومەرجێکی تارادەیەك نادیاروئاڵۆزدا ئەنجام درا- ژمارەیەك لە نوێنەران بە زۆر لە بەشداری

https://t.me/kurdistanbooks

کۆنگره مەحروم کران.بەڵام سەرانی وەکو سلیمان وعەبدوڵڵا موعینی کە لە ساڵی ١٩٦٧دا دەبن بە ئەندامی(کۆمیتەی شۆڕشگێڕ) لە کۆنگرەکەدا بەشداریان کرد.کۆنگره بە هەوڵی عەبدوڵڵا ئیسحاقی، قازی محەمەدی بە تۆمەتی((خیانەت)) وپێشکەوتوخوازانی کۆمیتەی ناوەندی ساڵی ١٩٥٤ی بە تۆمەتی((کەچڕەوی)) مەحکوم کرد.

٢- **شۆڕشی** ١٩٦٧-١٩٦٨:

بەڵام قەیرانی راستی پاش ساڵی١٩٦٤و کاتێ رووی دا کە جەنەراڵ بارزانی دوای سوود وەرگرتن لە کۆمەکی تایبەتی گەلی کوردستانی ئێران،پەیوەندی دەگەڵ حکومەتی ئێراندا بەست و دەوڵەتی ئێران کۆمەکی زۆر گرنگی خستە بەر دەست- وبەڵێنی ئەویش لە جیاتی ئەو کۆمەکانە ئەوە بوو کە ئارامی تەواو لە کوردستانی ئێراندا بەر قەرار بێ.

ئەنجامدانی ئەم بەڵێنە بۆ جەنەراڵ بارزانی پتر لەم رووەوە ئاسان بوو کە ئەو سەردەمە بە هۆی عەبدوڵڵا ئیسحاقیەوە چاوەدێری تەواوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکرد.

بەڵام بارزانی لە ساڵی ١٩٦٦دا متمانەی لە عەبدوڵڵا ئیسحاقی سەندەوەو(بەعسیەکان عەبدوڵڵا ئیسحاقیان گرت ودوای ماوەیەك ئازادیان کرد)لە خۆی دوور خستەوەو بۆ دەڤەری بادینانی نارد.

دوای ماوەیەك‌ولە ساڵی ١٩٦٧دا چەند کەسێك لە کادرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دژی سیاسەتی(هاوکاری) عەبدوڵڵا ئیسحاقی بوون((کۆمیتەی شۆڕشگێریان))دامەزراند، کە ئەندامە سەرەکیەکانی بریتی بوون لە سلێمان وعەبدوڵڵا موعینی(کوڕانی وەزیری ناوخۆی کۆماری مەهاباد)ومحەمەد ئەمین رەوەندو عەبدورەحمان قاسملو(کە ئەو دەمە لە ئەوروپا بوو)، جەنەراڵ بارزانی کە لە مانگی ١٩٦٧/٥بەم گروپەی کە سیاسەتێکی سەربەخۆیان گرتبووە بەر زانی،لە رێگەی((سامی)) یەوە ئاگاداری کردنەوە کە:(( یان لە بەغدا دەمێننەوەو واز لە هەموو چالاکیەکانتان دێنن، یان بۆ کوردستانی ئێران دەچنەوەو هەموو پەیوەندیەکانتان دەگەڵ ئێمەدا دەبڕن.))

ئەوسا ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێر لێبڕان بۆ ئێران بڕۆن .

((شۆڕشگێران))دەگەڵ لایەنگرانی خۆدا کە تێکڕا نزیکەی سەد جەنگاوەرێك بوون، بە دوو دەستە بۆ ئێران چوون: دەستەی یەکەم لە ئاخروئۆخری مانگی ١٩٦٧/٣دا ودەستەی دووەم لە ١٩٦٧/٦دا رۆیشتن.

چالاکی‌وبزوتنەوەکەی ئەم گروپە کە پتر لە سێ گۆشەی مەهاباد- بانە - سەردەشتدا بوو، لە زەرفی چەند مانگێکدا بە مەرگی زۆربەی ئەندامانی گروپەکە کۆتایی هات.لە کۆی یازدە ئەندامی ((کۆمیتەی شۆڕشگێر)) پێنج کەسیان کوژران، لەوانە شەریف زادە (١٩٦٨/٥/٢)مەلا ئەحمەدی شەڵماشی ناسراو بە ئاوارە( ١٦٨/٥/١٠)وعەبدوڵڵا موعینی(١٩٦٨/٦)و دووکەسی دیکەیان دەسگیر کران.

راستە بە دەگمەن شۆڕشێك دەبینرێ کە بەم جۆرە خراپ سازدرابێ: هەر هەموو چەك وتفاقی ئەم گروپە بریتی بوو لە نزیکەی چوار کلاشینکۆف، دوو تفەنگی ئۆتۆماتیکی وهەشتاوپێنج تفەنگی کۆنە!ئەم گرۆپە جگە لەوەی پشتیوانی ناوخۆییان نەبوو، هەر زووش روبەرووی کەمی تەقەمەنی

https://t.me/kurdistanbooks

بونـەوەو ئـەو هەڵـە گەورەیەشـیان کـرد کـە مەیـدانی کـاری خۆیـان لـە ناوچـەیەکی زۆر بچـوۆکدا هێشتەوەو ئەمەش زەمینەی بۆ سوپای ئێران خۆش کرد کە بە ئاسانی بەسەریاندا بدات .

دوای هەموو ئەمانەش،جەنەراڵ بارزانی کە پەیوەندی ئەوانی دەگەڵ کوردستانی عێراقدا بڕی بوو ((خۆش خزمەت))ی خۆی گەیاندە رادەیەك کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨دا سلێمانی موعینی کە لە سەفەرێکی ئەورپا گەرابووەوە کوشتو جەنازەکەی دا بە کاربەدەستانی ئێران تا لە مەهابادا بۆ خەڵکی نمایش بکەن.

((بەهای))کۆمەکی شا(بۆ بارزانی)ئێستا مەعلوم بوو.

### ٣- کۆنفراسی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (١٩٦٩):

لە ساڵی ١٩٦٩دا لە کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کە لە لایەن هێمن وژمارەیەکی تری پاشماوەی کادرانی حیزبەوە، لە کوردستانی عێراقدا سازدرابوو عەبدوڵلا ئیسحاقی کە ئەو کات بە تەواوەتی لە بەرچاوی بارزانی کەوتبوو لە حیزب دەرکرا.دەرکردنی عەبدوڵلا ئیسحاقی نیشانەی بادانەوەیەکی تازەی حیزبە بە لای چەپدا.

### ٤- لە کۆنفراسی سێیەمەوە (١٩٧١/٦)، تا کۆنگرەی سێیەم (ئەیلولی ١٩٧٣):

دوای رێکەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١، دیسان بەغدا بوو بە مەڵبەندی کوردان: چ کۆسپێك لە رێگەی گەرانەوەی سەرانی پیشکەوتوخوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سوریا ولوبنان و ئەورووپا نەبوو. ئەمانە لە ساڵی ١٩٦٠وە بە ناچاری چوو بوونە ئەو وڵاتانە. لە کۆتایی مانگی ١٩٧٠/٣دا((کۆمیتەیەکی ناوەندی کاتی)) تازە راسپێردرا کە پەیرەو وپرۆگرامێکی تازە بۆ حیزب ئامادە بکات:ئەم پەیرەو و پرۆگرامە تازەیە لە سێیەمین کۆنفرانسی حزبدا ( ١٩٧١/٦) پەسند کرا. هەر لەم کۆنفرانسەشدا بوو کە سەرکردایەتی تازەی حیزب هەڵبژێردرا:واتا کۆمیتەی ناوەندیو مەکتەبی سیاسی،وعەبدورەحمان قاسملو بوو بە سکرتێری گشتی. قاسملو یەکێك بوو لە دەرکراوەکانی ساڵی ١٩٦٤.

بەڵێ،دوای قۆناغی دوورودرێژی ساڵانی ١٩٦٠-١٩٧٠ ئیدی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەڕابووەوە سەر هەڵوێستە پێشکەوتووخوازەکانی جارانی خۆی. ئەم وەرچەرخانە تازەیە بەرەو چەپ،لەلایەن کۆنگرەی سێیەمی حیزبەوە پەسندکرا(٢٢-١٩٧٣/٩/٢٦). کۆنگرە رای لەسەر خەباتی چەکدارانە بە هاوکاری رێکخراوە شۆڕشگێرەکانی دی،دژی شا دا:رەنگە بشێت بەرنامەی ئەم خەباتە لە دروشمی(( خەبات لە پیناوی ریفۆرمی بنەڕەتی،دیموکراسی بۆ ئێران،ومافی نەتەوەیی گەلی کورد) بەرجەستە بکرێ .

### ٥- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە نێوان رکابەری ئێران و عێراقدا:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەسوود وەرگرتن لەم پایەگایەی پشت بەرەوە،واتە عێراق، توانی تا رادەیەکی باش خۆی رێك بخاتەوەو بە هێز بکات-بە کۆمەکی حکومەتی بەغدا! دیارە بۆ

https://t.me/kurdistanbooks

دەوڵەتی عێراق کە زۆر سوورە لەسەر زەبردان لە رژێمی(( کۆنەپەرستی فراوانخوازی)) شا، کە یەکەمین دەستە سەربازی خۆی لە نیسانی ۱۹۷۳دا بۆ زەفار ناردووە، بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەوپێگەوجەماوەرەوە کە لە خاکی ئێراندا هەی بوو ئالەتوئەوزارێکی نموونەیی بوو.

لە مانگەکانی پچڕانی پەیوەندی نیمچە رەسمیورەسمی بەینی بارزانی وبەغدایە،لە روانگەی سەرانی کوردستانی ئێرانەوە هاوکاریوهاوپەیمانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حکومەتی بەغدایە دژی رژیمی شا، ئاساییە:مەگەر ئەم دەوڵەتە پیشکەوتووخوازو دژە ئیمپریالیستە لەم دواییانەدا – بۆیەکەم جار لە مێژوودا– ئۆتۆنۆمی بە کوردەکانی خۆی نەدا؟

کۆمەکی بەغدا بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەرگیز بەو کۆمەکەدا ناگات کە شا بە بارزانی دەکات– ئیدی، پیاوەتی بە بوونەوە دەکرێ!

بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەهاری ساڵی ۱۹۷۳وە نوسینگەیەکی گرنگ لە بەغدایە دەکاتەوە، هەندێ کۆمەکی مادی ولۆجیستی لە حکومەتی عێراق وەردەگرێت،کە هەردولا زۆر بە جدی دەیشارنەوە.

بەم جۆرە هاوپەیمانی دووقۆڵی نێوان بەعس وحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرانبەر هاوپەیمانی شا وبارزانیدا دێتە ئاراوە.

**ئەمە تراژیدیای تەواوەتی کوردە .**

هەردوو بزوتنەوەی کوردی ئێران وعێراق بوون بە هاوپەیمانی دوو حکومەت کە لە ولاتەکانی خۆیاندا خراپترین دژمنانی هاونەژادانی ئەوانن((کوردان))، و لە راستیدا دژمنانی میللەتی کوردن . ئەم دوو حیزبە لە بری ئەوەی بە هەڤڕا بخەبتن، کەوتونەتە دژمنایەتی کرنی یەکدی.

**٦- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پاش ۱۹۷٤/۳/۱۱:**

دەست پێکردنەوەی شەڕی بەعس وبارزانی پاش ۱۹۷٤/۳/۱۱،رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەخاتە سەر دوو ریان:بەعس زۆریان لێدەکات کە لە رۆژنامەی((کورستان))، ئۆرگانی حیزبدا، بارزانی مەحکوم بکەن، وحیزب قەبوڵ ناکات.بەعسیەکان کۆمەکیان لێ دەبڕن وژمارەیەك لەو سەرکردانەی حیزب کە نیشتەجێی بەغدایەن دیسان دەبێ شوێنێکی دی بۆ خۆ وەدۆزن.

سیاسەتی شا، لە ئێراندا رەنگوەدەنگێکی زۆری دایەوە:دێهاتیانی کورد یەکەم کەس بوون کەوتنە ستایشی رەفتاری شا دەرهەق بە کوردەکانی عێراق. دیهاتیەکی گوندێکی سنووری ئێران لە شوباتی۱۹۷٥دا گوتی:(( پێشتر،ئێمە وبەتایبەتی خەڵکی مەهاباد هیچ درێغییەکمان لەوە نەدەکردەوە کە کێشە وگرفتان بۆ حکومەتی شا بنەینەوە."۲" بەڵام لەوساوە کە کۆمەکی بارزانی دەکات مەسەلەکە فەرقی کردووە!))ولەسەری رۆیی:((تەنانەت ماڵباتی قازی محەمەد گوتویەتی: ((بە دیتنی ئەم کارانەی کە دەرهەق بە پەنابەرانی کوردی دەکات، ئیمە لەوە دەیبورین کە دەرهەق بە ماڵباتی ئێمەی کردووە)).

دیاربوو کە بەرە بەرە،بەرەکە لە ژێر پێی سەرانی کوردی ئێران دەردەهێنرا.

https://t.me/kurdistanbooks

**٧- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پاش ڕێکەوتنی ٦/٣/ ١٩٧٥:**

ڕێکەوتنی ٦ی ئازار کردیە کارێك کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران نەتوانیٚ هیچ جۆرە چالاکیەك لە ناو خاکی عێراقەوە دژی ئێران ئەنجام بدات.

بەڵام دەشێت بگوترێت کە ئەم ڕێکەوتنە بەلای کەمەوە یەك ئەنجامی باشی هەبوو:ئەم ئاشتیە سەیروسەمەرەیەی هەردوو ڕژێمی بەغداوتاران لەسەرجەنازەی گەلی کورد، کۆتایی بەو یەکێتی و هاوپەیمانیە نا ئاساییە هێنا کە بزوتنەوەی کوردێنی تێی کەتبوو.

سەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی مانگی ١٩٧٦/٥دا تەرازنامەو هەڵسەنگاندنێکیان لەمەڕ ڕێکەوتنی٦/٣/١٩٧٥ئەنجامداو سیاسەتێکی نوێیان بۆچالاکی و چەلەنگیەکانی حیزب ئامادەو تۆمار کرد.

**٨- سەرچاوەو پەراوێزان :**

١-عەزیز یوسفی لە ساڵی ١٩٧٧دا لە زیندان بوو، لە ٦/٦/١٩٧٩ دا لە تاران وەفاتی کرد ، ریٚ و رەسمی بە خاکسپاردنەکەی لە ٩/٦/١٩٧٩ لە مەهابادا بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورەی ئەوتۆ کە هەزاران کەس بەشداریان تێدا کرد.

٢- هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا، لە کوردستانی ئێران ، شوباتی ١٩٧٥

https://t.me/kurdistanbooks

**فەسڵی سێیەم :وەزعی عێراق لە ساڵی ١٩٧٦دا :**

لە عێراقدا، پاش ڕێکەوتنی جەزایر پەشێوی لە لوتکەدایە:دەوڵەت بەرواڵەت بەردەوامە لە سەر جێبەجێ کردنی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی خۆی،وهەولێری کردووە بە پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی:((حیزبی تازەی دیموکراتی کوردستانی عێراق)) لە ٥/١٩٧٦دا((نۆیەم گۆنکرەی خۆی)) دەبەستێ.لەم کۆنگرەیەدا ساڵح حەیدەری"١"،ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەم پێناسەیەی ((شۆرشی ئێمە))دەکات:((شۆڕشێکی ناسیونالیستیە،کە لە پێناوی ئازادی ویەکێتیی نەتەوەی عەرەبدا دەخەبتێ)) !

مرۆڤ دەکەوێتە گومانەوە کە نەبادا بە لنگەوقوچی کۆنگرەکەی وەرگرتبێ!

ئەگەر کار بەدەستانی عێراق بیانتوانیبایە لە سیاسەتی خۆیاندا هەندێك کارامە بن ورابردوویان فەرامۆش بکرایەورێگەی ئەو پەنابەرانەیان بدایە، کە بڕیاریان دابوو بۆ وڵات بگەرێنەوە، جێگەی شایستەی خۆیان لەناو کۆمەڵدا وەربگرنەوە،لەوە بوو بیانتوانیبایە ئەو پەڕی سوود لەو خەڵکە وەربگرن کە دام ودەزگای سەرکردایەتی جارانی شۆرشیان– واتە دام ودەزگای بارزان – بە تەواوی لەبەر چاوو کەتبوو: زۆربەی ئەو کوردە عێراقیانەی کە دەستیان لە ئۆتۆنۆمی کوردستان شت بوو ،دووچاری نائۆمێدی بوو بوون، دەکرا بە ئاسانی بهێنرێنە مەیدانی هاوکاری کردن دەگەڵ دەسەلاتی عێراقیدا، هەڵبەتە ئەگەر کاربەدەستانی عێراقی سیاسەتی(( باوەشی کراوەیان))پیادە کردبایە .

**١- دەزگای سەرکوتکاری وگوشار:**

لێ سەرانی بەعسی بەغدا جارێکی دیکەش سیاسەتی سەرکوتکاریان گرتەبەر:سەرانی بەعس پاش ئەوەی خەڵکە گەڕاوەکەیان ناچارکرد پرسنامەی دوورودرێژ دەربارەی کاروچالاکی جارانی خۆیان پڕبکەنەوە،کە ئەو پرسنامەیەی وەبیر دێنایەوە کە ئەندامانی حیزبی کومونیستی چیکوسلۆڤاکیا دوای ((بەهاری)) پراگ ناچار بە پڕکردنەوەی کران،هەموو کادرانی جارانی شۆرشیان بۆ باشوور– بۆ کوت ، عەممارە، ناسریە– دوورخستەوە:ئەم دوورخراوانە لە وێندەر بوون بە فەرمانبەری شارەوانی ودارستانەوان(بۆ نموونە هەمزە عەبدوڵلا، هەرچەندە پەیوەندی بە هێزی بارزانیەوە نەکردبوو).

زانکۆی سلێمانی لە باری پراتیکیەوە بە داخراوحەسا و بوو:هەموو مامۆستایەکانی لە ژێر گوشارو سەرکوتکاریدا بوون.

کۆڕی زانیاری کورد هەر بەناو مابوو، لە خانەی داخراودا بوو.

لەلایەکی ترەوە، بەعس پرۆسەی ((عەرەباندنی)) ناوچەکانی کەرکوك و ژەنگار وشێخان و زاخۆی توندتر کردبوو،ودەستە دەستە خەڵکی گوندە کوردەکانی بۆ باشوور رادەگوێزاوعەرەبی لە شوێندا نیشتەجێ دەکردن .

بە کورتی گوشارو زەبروزەنگ بە رادەیەکە کە هەر لە ئیستاوە کودرەکان سەریان بەرزکردووەتەوەو بە ئومێد و هیواوە دەڕواننە چیا.خەڵکی نەفرەت لە بارزانی ناکەنودیسان باس باسی شەڕی پارتیزانیە .

بەلام لە باری سیاسیەوە،وەزعەکە زۆر ئاڵۆزو پەشێوە:دارودەستەی جاران لە بەرچاوی خوێندەواران وڕۆشنبیران هیچ سەنگوئیحتوبارێکیان نییە،و جەلال تاڵەبانی کە لە دیمەشقدا

https://t.me/kurdistanbooks

پەنای گرتووە ،هەوڵ دەدات ئەو تێکۆشەرانەی کە ئامادەی کاری راستەخۆن ،لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە.

نوێنەرانی سێ بزاڤ:((بزووتنەوەی سوسیالستی کوردستان))،(( کۆمەڵەی مارکسی– لینینی کوردستان))و((هێڵی گشتی)) لە کۆنگرەیەکدا((لە ٨/٣١/ تا ٩/١٢)) لە ناوچەی برادۆست بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی، لێبڕان لە رێکخراوێکدا بە نێوی ((یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان)) یەك بگرن.ئەم رێکخراوە کۆمیتەیەکی ناوەندی و مەکتەبێکی سیاسی هەڵبژاردو جەلال تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی هەڵبژارد وبەرنامەی شۆڕشی تازەی داڕشت.

لەلایەکی دیکەوە پاش قۆناغێکی درێژ لە نائومێدی،سەرانی جارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق،بە تایبەت سامی، ئومێدی سەرلەنوێ کۆکردنەوەی پاشماوەکانی شۆڕش و دامەزراندنی حیزبێکی تازەیان لە دەست نەدا.لە بەهاری ساڵی ١٩٧٦بەملاوە سامی هەوڵدەدات کادرانی پەنابەری ئەوروپا لە((پارتی دیموکراتی کوردستان– سەرکردایەتی کاتی))دا کۆبکاتەوە ،دکتۆر مەحمود عوسمانیش بە دامەزراندنی((پارتی دیموکراتی کوردستان– لێژنەی ئامادەکار)) بە تەمایە هێزێکی سێیەم دروست بکات.

بزوتنەوەی کوردەکانی عێراق زۆر لەگێن بوو لە ئاکامی ململانێی نێوان یاران و نەیارانی بارزانی ،لەسەر وەدەست هێنانی دەسەلات، هەر لە نێو باڵ و لا باڵە راست وچەپەکانی خۆیدا ببێ بە چەند پارچەیەکەوە.

## ٢- دوا وتە :

هێشتا زووە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی دروست لەمەڕ کارەکانی بارزانی بە دەستەوە بدرێ،بە تایبەتی کە ئەمڕۆکە ئەوەی پتر سەرنجی پیاو رادەکێشێت لایەنە سلبیەکانی کاری ویە، بەتایبەتی دەست کێشانەوەی یەکجارەکی ئەو لە خەباتە،تا لایەنە ئیجابیەکانی ئەو خەباتەی کە چل ساڵ درێژەی پێ داوە.

بەڵام هەر داوەریەکیش لەمەڕ جەنەراڵ بارزانی بکرێ ، دەبێ گوتەێن دوو کەسایەتی زۆر جیاواز لە یەکتری، وەك قەدری جانی شاعیر،خەڵکی کوردستانی تورکیا، وسکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرچاو بگیرێ .

### شاعیر دەپرسێت :

سەرداری کوردان،بارزانی
بارزانی...بارزانی،
د جەنگا وڵات دە،
د مەیدانا خەبات دە،
پەهلەوان ...
قەهرەمان...
توئی
بوئی

https://t.me/kurdistanbooks

هیمی کوردستان...

تو هیمی کوردستان،

چیتر

بێتر

ل جەوانی

بارزانی...بارزانی...

***

بارزانی..بارزانی....

کی

ڤی

ناڤی

نزانی؟

هەرکەس دیت،

هەرکەس بهیست،

ل رۆژهلات...

رۆژ هلاتا ناڤین...

زڤستان و هاڤین

کێ دکه دنگ؟کێ دکه خەبات؟

ل همبەر جەند دەولەتان،

ئو دژمنێ مللەتان،

چەند دەولەتێن ئیستعمار،

کێ بویه کلم؟کێ بویه بار

***

عەسکەرێن نوری سەعید،

کو دگەل جورجان خلیت،

دخەبتن...

دپرپتن...

نکارن ڤی مێری،

ڤی شێری،

بێخن داڤێ...

لەشکرێن تورك و ئێران

بالافرێن روما‌ن

هیچ تو هاڤل نەکران..

تشتەك حاسل نەکران..

دیسا ل سەرچیان

https://t.me/kurdistanbooks

دیسا ل ناڤ مەیدان
دەنگ دکە،
جەنگ دکە،
بارزانی...بارزانی...
***
ئوردو،ئوردو شکاندن
هزار چنبر قەتاندن..
مینا بروسك وئەوران،
ل هەرجە..ل هەردران،
دچرسە ددە دەنگ
مینا داوەت دچە جەنگ
سینوران دچرینە....
ئاورویان د درینە....
گاڤا ژی رە بو جراخە
ب پردا داژو ئیراق!
د دەسەر دلێ تورکان،
دچە باکورێ کروات...
دبە تیر..دبە کڤان...
خوە درێژ دکە ئیران.
ئەو عەجەمێن ئەسرار کێش
ئەفیونکێش...
ب قلیونا خوە دگرن
دکەفن تایا مرن
و دبێژن!
دیسا کرنە خویانی
هات روخستن:بارزانی
***
ئەی برادەرێ عەجەم
ئیخوان عرب الاشم
ئەی دموقرات تورك قارتسن
برادەر ئیخوان یولداسن
ئەم هەڤال و جیرانین
دوژمن ئەمریکانن...
ئینگلیزن...ئینگلیز
ژن نها ژێ رەمەبن لیر.

https://t.me/kurdistanbooks

سەرداریێ مە:بارزانی
گران هەرکەس بزانی
سەرداریێ ئازادی یە...
ناڤداریێ ئابادی یە...
رابن هون ژی ب لڤن
لدورا وی ب چڤن..
بێژن بژی بارزانی!
خلاسکارانیێ ئینسانی!
**(قەدری جان)**

رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەیڤی ١٩٧٣/١٠دا قسەیەکی زۆر جوانی دەربارەی کاری سیاسی بارزانی کردووە:((ئەوەی کە خوێنەواران تێی نەگەیشتون،ئەوەی سیاسەتوانان تێی نەگەیشتون، ئەوەی کە من بە خۆم لە هەندێ کاتدا لێی حاڵی نەبوومە ئەمەیە کە بارزانی تاقە کەسێکە کە توانیویەتی ئەم کوردە رەش‌ورووتەی کە لە گوندەکانیاندا دەیان بینین- ئەم خەڵکە نەخوێنەوار وپاشکەوتوە-بەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی شۆرشی نەتەوەیی کورد بخات و یەکیان بخات))"٢"
ئەم داوەریە کە لە لایەن رۆشنفکرێك ویەکێك لە رێبەرانی چەپی شۆڕشگێری کوردەوە ئەنجام دراوە سەنگ وبایەخێکی فرەی هەیە، هەر چەندە ئەم داوەرییە یەك ساڵ و هەندێ بەر لە رێکەوتنی جەزایر کراوەو خاوەنی ئەم قسانە پاشان- لە دوا رووداوەکان بەملاوە- بەم داوەرییەی خۆیدا چووەتەوە .
ئێستا کە بارزانی لە مەیدان نەماوە، حیزبە سیاسیەکانی کورد دەتوانن رۆڵی خۆیان بگێڕن- ئەو دەورو رۆڵەی کە لە دامەزراندنی یەکەمین حزبی کوردییەوە بەر لە دووەم جەنگی جیهانی"٣" هەرگیز نەیان توانیوە بیدینن، دەتوانن دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی رووداوەکانی رابردووبکەن‌و لێی رامێنن‌و پەندی لێوەربگرن.

**٣- ئەو دەرس وپەندانەی کە دەبێ لە شکستی بارزانییەوە وەربگیرێن:**
رژێمی((کوردستانی ئازادکراو))ی جەنەراڵ بارزانی بە هەمووکاڵ وکرچی وکەم وکوڕی‌و بێ تواناییەکانی خۆیەوە((سەرمەشق و نموونەیەکە))زۆر زیاتر لە کۆماری بچووك وتەمەن کورتی مەهاباد،کە چ سنوورێکی دیاری کراوی نەبوو وبە بێ تاقە تەقەیەك هەرەسی هێنا.لێکۆلینەوە لە وەزع وحاڵی ئەم ((قەڵا وحەساری کوردە)) کە کوردەکان پتر لە دە ساڵان وێڕای هێرش و پەلاماری قورس، کاروباری خۆیان تێدا بەرێوە برد،دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ کاردانەوەی کوردەکان یان هەندێك لە سەرانی کورد سەبارەت بەو خەونانەی کە تەقریبەن هاتبوونە دی، واتە بەرانبەر بە دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆی کورد، بدینین و شی بکەینەوە.
لەلایەکی دیکەوە داستانی جەنەراڵ بارزانی تەنیا پەیوەندی بە کوردی عێراقەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە هەموو کوردەوەیە، جا کوردی تورکیا بێت یان کوردی هەر شوێنێکی دیکە بێ و

https://t.me/kurdistanbooks

رێبەرەکانیان خەون بەو رۆژەوە دەبینن کە بتوانن ((بنکەیەکی)) شۆڕشگێری تەنانەت دە جاران بچوکتر لە((حەسارو قەڵاکەی)) جەنەراڵ بارزانیان بە دەستەوە بێ.

٤- گرێی جەنگی قەڵایی:

بمانەوێ ونەمانەوێ خاڵ وئەنجامێك بەرۆکی زەین دەگرێ:وەکو دیڤید ئادامسن لە ساڵی ١٩٦٢دا دەری بریوە پێشمەرگەکانی بارزانی بە تایبەتی وکوردان بە گشتی، هەرچەندە زۆر چاك دەزانن لە چیادا چۆن دژی ئەو دوژمنەی کە لە پێدەوشتەوە دەست بە هێرش دەکات، بجەنگن، جگە لەم شەڕە((دیفاعییە)) شارەزای هیچ شەڕێکی دیکە نین و رێی سوود وەرگرتن لە سەرکەوتن نازانن.

کوردەکان کە بە دەست عوقدەیەکەوە دەناڵێنن کە لەوەیە بشێت ناوی ((عوقدەی شەڕی قەڵایی)) لێ بنرێ،کورد لە خاك و چیاکانی خۆیان بترازێ لە شوێنانی دیدا شەڕ نازانن.لە بواری پراتیکیدا هەرگیز شەڕیان نەکێشاوەتە ناو جەرگەی عێراقەوە:لە کاتێکا کە تۆپباران وویرانکاری وبرسێتی خەڵکی کوردی لە پەلوپۆ دەخست ونەفەسی لەبەر دەبڕی، لە بەغدایە خەڵکی چ ئاگایەکیان لە شەڕنەبوو.هەڵەی گەورەی بەرپرسانی((حەسارى کوردان)) پەیڕەو کردنی شەڕ ((کلاسیك))ی بوو.هیچ شۆڕشێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی ناتوانێ لە یەك بەرەی نەگۆڕدا رووبەرووی سوپایەکی هاوچەرخی خاوەن تانك و تۆپخانەی قورس و فڕۆکە بوەستێ ((مەگەر شۆڕشیش هەمان چەکی هەبێ)). سووربوونی ئەم (قەڵا) دێو ئاسایە لەسەربەرگری کردن لە سنوورو کەلێنانی خۆی، بە شێوەی وەهم ئامێزی جەنگاوەرانی عەسروزەمانێکی دی ، هەڵەیەکی دیکە بوو کە ئەنجامی خراپ و قورسی لێکەوتەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە جەنەراڵ بارزانی بە کۆمەڵگەی کوردیەوە کە سێ یەك یا چواریەکی هەموو کۆمەڵگەی عێراقی پێکدەهێنا،دەیتوانی جەنگێکی شۆڕشگێرانە لە سەرانسەری عێراقدا وەگەڕ بخات وتانك لە بەرانبەریدا دەسەوسان بێ و هیچ کارێکی لە دەست نەیەت.

پاساوی جەنەراڵ بارزانی بۆ بەرپانەکردنی شۆڕش لە شوێنەکانی دیکەی ولاتدا یان پەنا نەبردن بۆ خەباتی تروریستی ئەمە بوو کە:((ئێمە دژی خەباتی تیرورستی بەشێوازی فەلەستینیەکانین و لەگەڵ کوشتنی خەڵکانی مەدەنیدا نین))"٤" راستە جەنەراڵ بارزانی دەرك وتێگەیشتنێکی یەکجار ((زیرەکانەوقارەمانانەی)) لەمەڕ جەنگ هەبوو، بەڵام بەم حاڵەشەوە مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت کە ئاخۆ لەبەر ئەوە خۆی لە جەنگی((نوێ)) دورەپەرێز گرتوە ترساوە نەوەك لە کۆنترۆڵ ودەسەڵاتی خۆی دەربچێت ؟

هەروەها پیاو ئەم پرسیارەش لە خۆی دەکات:بۆچی هێزی پێشمەرگە هێرشیان نەکردە سەر دام و دەزگاکانی نەوتی کەرکوك؟ئایا وەکو یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێت شای ئێران،کە پالاوگەی نەوتی ئەبادانی هەمیشە لەبەر سێرەو هەرەشەی تۆپخانەی عێراقدابوو،بارزانی لەم کارە مەنع کربوو؟یان بارزانی بەخۆی ترسی ئەوەی هەبوو کە بەم کارە ولاتانی رۆژاوا لە خۆی بتۆرێنێ ؟

یان لەبەر ئەمەبوو کە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك زۆر بە چاکی پاسەوانی دەکرا ؟

https://t.me/kurdistanbooks

**٥- سنوورەکانی بزاڤی نەتەوەیی کورد :**

لە کاتێکدا جەنەراڵ بارزانی تەنێ کوردستانی عێراقی کردبوو بە مەیدانی خەباتی خۆی ، ئەوانەی پاش ئەویش، واتە ئەو ڕێبەرانەی سەرکردایەتی بزاڤی کوردستانی عێراق و تورکیا و ...یان گرتبوە دست، هەمانکاری ئەو دووبارە دەکەنەوەو تەنێ بەشی کوردستانی خۆیان دەکەن بە مەیدانی چالاکی و خەبات: یەکێك لە ڕێبەرانی کورد لە کتێبەکەیدا بە نێو ی((کوردستانی ئێران)) دەنوسێت :(( دیارە کە هەڵو مەرجێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی چونیەك)) لە سەرانسەری پارچەکانی کوردستاندا هەیە و ئەمەش(( لایەن و حاڵەتێکی هاوبەشیان))پێ دەبەخشێت. بەلاَم لەسەری دەروات:(( بەلاَم نابێ زێدەڕۆیی دەربارەی ئەم لایەنە هاوبەشانە بکرێ))و دووپاتی دەکاتەوە کە تەنێ(( هێڵی سنووری))کوردێن تورکیا و ئێران و عێراق، کە دەیان ساڵە لە ژێر کاریگەری دەسەلاَتی جیاوازی ئەو ولاَتانەدان کە پێوەیان لکێنراون((لە یەکدی))جودا ناکاتەوە.

ئەگەر کوردەکان ئەم پەیوەندییانەی نێوان ستەمکاران وستەمکێشان وەکو حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر قەبوڵ بکەن ئەوا لە ئێستەوە نیوەی شەڕەکەیان دۆڕاندووە.

دەبێ لەم بارەیەوە زۆر بە وردی موتالاَی ئەو لێکۆلینەوەیە بکرێت کە لوران رینیە – Laurent Rainet

دەربارەی ناکامی و فەشەلەکانی بزاڤی نەتەوەیی چیك کردوویەتی،وهەروەها دەبێ ئەو شیکرنەوەو لێکدانەوەیەش لەمەڕ((دا نەبڕان لە دەسەلاَت و هێزی ئازادیبەخش))و((گەڕان بەدوای پشت وپشتیوان))دا کە نەتەوەپەروەرانی چیکی بە شکان داوە بە وردی بخوێنرێتەوە"٥"

شتێکی بەڵگە نەویستە کە جەنەراڵ بارزانی لە((ستەمکاران))دابڕا بوو،وقسەکانی کاتێ کە رایگەیاند هەرگیز دانوستان دەگەڵ بەعسیاندا ناکات"٦"هەندێ لەو وەزیرانەی کە بە تەواوی خۆیان لەبەغدا دانەبڕی بوو،پەشۆکاند((ئەوانە ئەمڕۆ لە کوێن ؟))لێ بارزانی هەمیشە عەودالی ((پشتیوان))بوو.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەدەوری جەنەراڵ بازرنی گردبوو بوونەوە،وەکو سەرانی کوردی سالاَنی دەیەی بیستی قەستەنتەنیە کە((پێ یەکیان لە ناو دامودەزگای عوسمانلییاندا هەبوو)) بە تەواوەتی لە بەغدایە دانەبڕابوون، ئەوەتا یەکێك لەوانەی پەیوەندیان بە بارزانیەوە کردبوو،کە لە نێو پەیوەندیکەرانی سالاَنی ١٩٧٤–١٩٧٥دا یەکێك بوو لە خەڵکە زۆر بێ غەل وغەشەکان و لە هەموان کەمتر هەلپەرست بوو، لەم بوارەدا وبە ئامارژە بۆ کۆتایی شەڕدەیگوت:((ئەگەر حکومەت هەموو موچەکانم بۆ حیساب بکاتەوە،ئەوا فلان شت بۆ خۆم دەکرم..... ))

ئەم پیاوە کە جلی پیشمەرگایەتی لەبەر بوو وکلاشینکۆفێکی لە شان کردبوو،تاماوەیەك لەوەبەر لە بەغدایە بوو،یا هێشتا هەر لەوێندەرە.

بەلای سەرانی حیزبە شۆڕشگێرەکانی کوردەوە، مەسەلەکە شتێکی ترە.لە ئاستی ئایدولۆژیدا، کورد حەز دەکەن دەگەڵ باقی بزوتنەوە شۆرشگێرییەکانی((ولاتی))خۆیاندا هاوپەیمان بن– بۆ نموونە لە ئێراندا،دەگەڵ ریکخراوە شۆرشگێرەکان وهەندێك بەشی((بەرەی نیشتیمانی))، درێژەدەرانی رێگەی موسەدەق.

لە ئاستی ستراتیژیدا،سەرانی کورد هەمیشە لەوە ترساون کە ئەگەر بەرنامەیەکی ستراتیژیان هەبێ و دەست لەسەر (لایەنی زۆری) مافی خۆ دابگرن، ئەو ولاَتانەی دیکە کە کەمینەی کوردیان تێدا دەژی لە خۆ بهاروژێنن– بۆ نموونە ،تورکیا و عێراق دژی کوردی ئێران.کورد بە تەمابوونە و

https://t.me/kurdistanbooks

تا ئەمرۆش هەر بەتەمان کە بە هەڵگرتنی دروشمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی سنووری هەر وڵاتێك لەو وڵاتانە،بەلای کەمەوە لە خۆیانیان نەوڕوژێنن.

مرۆڤ تێناگات کوردەکان چۆن وا تەسەور دەکەن کە حکومەتانی ئەم وڵاتانە لەم جۆرە مانۆرانە تێنەگەن؟ئەوەی کە ئەوحکومەتانە نیگەران دەکات دروشم نیە،بەڵکو هێزی حەقیقی و راستەقینەی بزوتنەوە نەتەوەییەکانە.

بەڵام ئەمڕۆ شۆڕشی کوردایەتی ئەگەر بیەوێ شانسی سەرکەوتنی هەبێ،نابێ خۆی بە خاکی یەك پارچەی کوردستانەوە ببەستێتەوە، جا ئیدی ئەو پارچەیە کوردستانی تورکیابێ،یان کوردستانی عێراق ...

ئاشکرایە لەمە بەدواوە کوردەکان ناتوانن چاوەنۆری کۆمەکی دەرەکی بن وناشبێ بە ئۆمێدی ئەم بابەتە کۆمەکە بن:قەتیس کردنی خەبات((لە یەك ستان))ی کوردستاندا، دەکاتە بە پیرەوە چوونی شکست وناکامی.....کوردەکان کە نهو بیر لە وڵات دەکەنەوە دەبێ داواکاری((وڵاتێك)) بن کە شایستەی ئەم ناوە بێ،وهەموو هێزوسامانی کۆمەڵانی پارچە جیاوازەکانی کوردستان ئاوێتەی یەکتر بکات.

هەڵبەتە مەبەستی ئەم قسەیە ئەوە نیە کە ئیستەرەم لە سبەینێوە شۆرشێکی سەرانسەری بەرپا بکرێ ،چونکە وەها کارێك زۆر لەگینە جگە لە بانگەواز بۆ کوشتارێکی گشتی هیچی تری لێ شین نەبێ."٧"

بەڵام تەنێ بە کۆکردنەوەوهاوئاهەنگاندنی هەموو هێزوتواناکان، لە ناو یەك بزاڤ و شۆرشدا و بەر لەوەش سڕینەوەی بیروبیرکرنەوەی ناوچەگەریانەوئەم زەینیەتەی کە کەمە کەمە سنوورە دەسکردەکان قەبوڵ دەکات،دەرفەت ودەلیڤەی ئەوەیان دەبێت کە میللەتی خۆیان لە پەیام ومەسئولیەت بار بکەن.

ئەندریە مالرۆ قسەیەکی خۆشی لەمەر ئۆتۆنۆمیخوازان هەیە:((بە بۆچونی من ئوتونومی خوازان،شتانێکن کە بەشێك لە سەردەم وزەمانی ئێمە پێك دەهێنن.بەڵام.دەلێی دەنگی زەنگوڵەی لیبۆك دێت!بریتونەکان bretons،باسکەکان baskues،کۆرسەکانcorse (ناوی کوردەکان نابات)لێرەدایە کە لێبۆکەکانی شەکسپیر لەسەر شانۆ دەردەکەون!))"٨"

کەس ناتوانێت چارەنوسی میللەتێك لە جیاتی ئەو دیاری بکات.کوردەکان لەسەریانە بیسەلمێنن کە نایانەوێ ببن بە((لیبۆك وشێتەکانی شەکسپیر))،وبیسەلمێنن کە مەحاڵە((بتوانرێت ژیانی ١٥ملیۆن کورد لە ناوچەیەکی بە بایەخی وەکو رۆژهەڵاتی ناڤین))دا پشت گوێ بخرێ وبە هەند وەرنەگیرێ ولە خانەی نەبواندا دابنرێ.

سەرەنجامیش ئەمەیە کە ((مەسەلەی کورد دەبێت بە مەسەلەی ساڵانی دەیەی هەشتاکان))."٩"

****

***تێبینی** : لەوە یە قسەکەی ئاندریە مالرۆ ئاماژەیەك بێ بۆ هاملێت و ئوتیلۆو لیر:هاملێت رەمزی بیرکردنەوەوڕامانی بێ کردەوەیە، وئوتیللو رەمزی کردەوەی بێ بیرکردنەوەیە،ولیر دنیا لە روانگەیەکی تەنگەوە دەبینێ،یان دور نیە مەبەستی مالرۆ ئەمە بێت کە ((ئوتونومی خوازان))بەشێك نین لە ئەکتەرانی ئەسڵی و لە ئەسڵی گەمەکە و تەنێ بۆ تەنەوعو سەرگەمی تەماشاڤانان دێنە سەر*

https://t.me/kurdistanbooks

*شانۆ یان دەهێنرێنە سەر شانۆ،لەوەیە هەر لەبەر ئەمەش بێ کە نووسەر وشەی chose یان(شت)ی بۆ بەکار دەبات،تا لەو رێگەیەوە هیچبوونیان بە خوێنەر رابگەیەنێ. (ا.ی. وەرگێری فارسی.)*

**حەمەکەریم عارف–هەولێر**

**٢٠٠٠/٥**

**٦- سەرچاوەو پەراوێزان:**

**١- لە((چالاکان))ی پێشووی((شۆرش))(حیزبی کۆمونیستی کوردستانی عێراق)وپاشان بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق،بروانە ل٥٢٣(؟)**

**٢- بڕوانە دیمانەی سالح حەیدەری لە بەغداد ئوبزێرڤەر،لەگەڵ راپۆراتی((کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان))بەغداد ئوبزێرڤەر٢/٦/١٩٧٦،**

**٣- هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا، ،بەغدا،١٠/,١٩٧٣**

**٤- ئەم حیزبانە لەراستیدا یەکەمین حیزبی کورد بوون،چونکە((ئەو حیزبانەی کە یەکسەر لە پێش و پاش جەنگی جیهانی یەکەم لە قەستەنتەنیە دامەزران،زیاتر لەیانە وکۆمەڵە دەچوون تا حیزب.))**

**٥-جەنگی کوردستان ل١١٧،نووسینی دیڤید ئادامسن.**

**٦- هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،١٠/١٩٧٣،حاجی ئۆمەران.**

**٧- لوران رینە ،پاش بەهاری پراگ،پاریس،١٩٧٦بەتایبەتی بروانە ل١٩٧-,٢٨٣**

**٨- هەڤپەیڤین دەگەڵ نووسەردا،٩/١٩٧٤**

**٩- رێکخراوێکی مارکسیە،کە لە بەرنامەی خۆیدا دانی بە مافی ئوتونومی هەموو گەلانی ئێراندا ناوە.**

**١٠-ئاندریە مالرۆ،چیرۆکی ابسرواتور،ژمارە٥٧٢ی رۆژی ٢٧/١٠/١٩٧٥**

**١١- برایم ئەحمەد،ناوپردان ١٠/١٩٧٣.**

**ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بەکوردی:**

**جنبش ملی کرد**

**نوشتە :کریس کوچرا**

**ترجمە :ابراهیم یونسی.**

**چاپ اول:١٣٧٣( ١٩٩٤ )**

**موسسە انتشارات نگاە-تهران**

https://t.me/kurdistanbooks

## حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

* جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

https://t.me/kurdistanbooks

١٠-شكست، رۆمان، ئەلكساندەر فەدايەف، چاپی شاخ (راە كارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاومالَەكان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گولاَن
١٢ - بێناسنامەكان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەكەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە ولاَت، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەكەم٢٠٠٠ دەزگای گولاَن
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، كازانتزاكیس، چاپی یەكەم ٢٠٠٣ كتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆكەكانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ كتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆركی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی كە ونبووم (كۆمەلَە چیرۆكی بیانی) چاپی یەكەم،٢٠٠٦
١٩- جیَ پیَ (كۆمەلَە چیرۆكی فارسی) چاپی یەكەم ٢٠٠٦،نووسەرانی كەركوك
٢٠- زندە خەون، كۆمەلَە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موكریانی
٢١- چیرۆكستان ،كۆمەلێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی كەركوك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ١،٢٠٠٥
٢٣-دیداری چیرۆكڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی كە بوو بە گورگ ،چ١،٢٠٠٨نووسەرانی كەركوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر كامۆ

---

٢٦- مەسەلەی كورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەلَەكی كورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، د. كوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ كەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەكەم ٢٠٠٦
٣٠- كورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،كریس كۆچرا،چاپی چوارەم ٢٠٠٧
٣١ -كورد لە ئینسكلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەكەم ١٩٩٨
٣٢- چینی كۆن، چ١(          )دەزگای موكریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەكداری هەم تاكتیكە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، پاول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەكان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەكەكەی مالَتا، شانۆنامە،كریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ
٣٩- بەد حالَی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولاَم حسەینی ساعیدی)

https://t.me/kurdistanbooks

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ١،٢٠٠٤،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ١،٢٠٠٦دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

https://t.me/kurdistanbooks

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- ڕێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ١،٢٠٠٧
٧٥- دەربارەی ڕۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-ڕۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە ڕەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

* لە ڕاپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...